هەرێمی کوردستان - عێراق
پەرلەمانی
کوردستان - عێراق

پرۆتۆکۆلەکان

61

سالّی/ 2010 – بەرگی شەست ویەك

چاپی یەکەم/ سالّی 2010

پێڕیست

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (10) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2010/11/2 ل 5

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (11) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2010/11/3 ل 115

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (12) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2010/11/8 ل 259

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (13) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2010/11/9 ل 333

ئەم پرۆژە یاسایە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراوە، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە واژووییان کردووە لەسەر ئەم پێشنیارە:

1- **د.سەروەر عبدالرحمن.**

2- **گەشە دارا جلال.**

3- **کەیلی اکرم مەنتك.**

4- **د. تارا عبدالرزاق محمد.**

5- **بکر کریم محمد (ئاسۆ).**

6- **خلیل عثمان حمدامین.**

7- **ئاواز عبدالواحد.**

8-**صبیحە احمد مصطفی.**

9- **بێریڤان سەرهەنگ.**

10- **عبدالسلام بەرواری.**

11- **سالم تۆما کاکۆ.**

12- **محمد احمد علی(شارەزووری).**

ئەم پرۆژە یاسایە لە شازدە ماددە پێکهاتووە، لەگەڵ هۆکاری دەرکردنی یاسایەکە، داوا لە سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەین، ئیحالەی لیژنەکانی تاتبەتمەندو ئەندامانی پەرلەمانی بەڕێزی بکات، زۆر سوپاس.

بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:

ئەم پرۆژە یاسایە تەحویل دەکەین بۆ لیژنەی یاسایی و سەرجەم ئەندام پەرلەمانتارەکان، فەرموون بۆ خاڵێکی تر.

بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

خاڵی حەوتەم لە بەرنامەی کار/ خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیاری یاسای هەژمار کردنی پلەی زانستی بۆ هەلگرانی بڕوانامەی (ماستەرو دکتۆرا) کە لە دەرەوەی وەزارەتی خوێندنی بالاّدا خزمەت دەکەن.

ئەم پرۆژە یاسایە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراوە، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە واژووییان کردووە لەسەر ئەم پێشنیارە:

1- **د.سەروەر عبدالرحمن عمر.**

2- **گەشە دارا جلال.**

3- **عماد محمد حسین.**

4- **عمر حمد امین خدر(نورەدینی).**

5- **شڤان احمد عبدالقادر.**

6- محمد احمد علی (شارەزووری).

7- خلیل عثمان حمدامین.

8- کەیلی اکرم مەنتك.

9- د. تارا عبدالرزاق.

10- بێریڤان سەرهەنگ.

11- ئامینە ذکری سعید.

12- زکیە سید صالح.

ئەم پرۆژە یاسایە لە شەش ماددە پێکهاتووە، ، داوا لە سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەین، رەوانەی لیژنەکانی تاتبەتمەندو ئەندامانی پەرلەمانی بەڕێز بکات، زۆر سوپاس.

بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:

ئەم پرۆژە یاسایە تحویل دەکەین بۆ لیژنەی یاسایی و لیژنەی دارایی و لیژنەی خوێندنی بالاّو توێژینەوەی زانستی و سەرجەم ئەندام پەرلەمانتارەکان، فەرموون بۆ خالّێکی تر.

بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

خالّی هەشتەمی بەرنامەی کار/ خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیاری یاسای مافەکانی کەمئەندامان و خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان لە هەرێمی کوردستان – عێراق.

ئەم پرۆژە یاسایە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراوە، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە واژوویان کردووە لەسەر ئەم پێشنیارە:

1- گەشە دارا جلال.

2- د.سەروەر عبدالرحمن عمر.

3- سالار محمود مراد.

4- محمد احمد علی(شارەزووری).

5- عمر حمد امین خدر(نورەدینی).

6- سۆزان شهاب نوری.

7- د.رفیق صابر قادر.

8- شەونم محمد غریب.

9- ئاواز عبدالواحد.

10- صبیحە احمد مصطفی.

11- بێریڤان سەرهەنگ.

12- د. تارا عبدالرزاق.

هەرێمی کوردستان - عێراق
پەرلەمانی
کوردستان - عێراق

پڕۆتۆکۆڵەکان

75

سالّی/ 2011 – بەرگی حەفتاو پێنج

چاپی یەکەم/ سالّی 2012

پێڕیست

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (19) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2011/12/26 ل 5

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (20) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2011/12/27 ل 65

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (21) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2011/12/28 ل 109

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (22) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – پێنج شەممە 2011/12/29 ل 249

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (23) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – شەممە 2011/12/31 ل 343

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (20)

سێ شەممە رێکەوتی 2011/12/27

کاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی سێ شەممە رێکەوتی 2011/12/27 پەرلەمانی کوردستان - عێراق بە سەرۆکایەتی بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی) سەرۆکی پەرلەمان و, بە ئامادەبوونی

بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبدالله سکرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژمارە (20)ی خولی سێیەم, ساڵی (2011) ی خۆی بەست.

بەرنامەی کار:

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی ماددە (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموارکراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق, دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری درا دانیشتنی ژمارەی (20)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کات (11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی سێ شەممە رێکەوتی 2011/12/27 دا بەم شێوەیە بێت:

1- گفتوگۆ کردنی ئەم پێشنیارە یاساییانەی خوارەوە:

أ- پێشنیاری یاسای مافەکانی کەم ئەندامان و خاوەن پێداویستیە تایبەتەکان لە هەرێمی کوردستان.

ب- پێشنیاری یاسای گرنگیدان بە کەمئەندامان و خاوەن پێداویستیە تایبەتەکان.

ج- پێشنیاری یاسای چاودێری کردن و شیاندنی خاوەن پێداویستیە تایبەتەکان لە هەرێمی کوردستان.

د- پێشنیاری یاسای مافەکانی کورتە بالاکان لە هەرێمی کوردستان.

هـ- پێشنیاری یاسای تایبەت بە کورتە بالاکان لە هەرێمی کوردستان.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.

بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتنەکەمان دەکەینەوە، خولی سێیەمی هەڵبژاردن، ساڵی سێیەم، خولی گرێدانی یەکەم، ژمارەی دانیشتن (20)، رۆژی دانیشتن 2011/12/27، بەرنامەی کار:

بەپێی حوکمەکانی بڕگەی (1)ی ماددەی (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار کراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (20)ی ئاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆ، بەڵام دواکەوت بۆ کاتژمێر (11:30)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی سێ شەممە رێکەوتی 2011/12/27 بەم شێوەیە بێت:

1- گفتوگۆ کردنی ئەم پێشنیارە یاساییانەی خوارەوە:

أ- پێشنیاری یاسای مافەکانی کەم ئەندامان و خاوەن پێداویستیە تایبەتەکان لە هەرێمی کوردستان.

ب- پێشنیاری یاسای گرنگیدان بە کەمئەندامان و خاوەن پێداویستیە تایبەتەکان.

ج- پێشنیاری یاسای چاودێری کردن و شیاندنی خاوەن پێداویستیە تایبەتەکان لە هەرێمی کوردستان.

د- پێشنیاری یاسای مافەکانی کورتە بالاکان لە هەرێمی کوردستان.

هـ- پێشنیاری یاسای تایبەت بە کورتە بالاکان لە هەرێمی کوردستان.

بەخێرهاتنی رێزدار ئاسۆس خان وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی و بەڕێز کاك سەعد رێکخەری نێوان پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین، زۆر بەخێرهاتن، ئێستا داوا لە لیژنەی یاسایی و

لیژنەی دارایی و لیژنەی کۆمەلایەتی دەکەین کەرەم بکەن بۆ شوێنی خۆیان، فەرموون لیژنەی یاسایی کەرەم بکەن.

بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.

سەرەتا لیژنەی یاسایی و لیژنەکانی تری پەرلەمانی کوردستان پشتگیری لە هەر پرۆژە یاسایەك دەکات کە لە بەرژەوەندی کەمئەندام و خاوەن پێداویستیە تایبەتەکان بێت و، لەبەر گرنگی بابەتەکە پێنج پرۆژە پێشکەشی پەرلەمان کراوەتەوە، یەکیان لەلایەن حکومەتەوە، چوارشیان لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە، ئێمە هەرسێ لیژنە لەسەر مەنصەینە، وا بە باشی دەزانین دەرفەتێکمان بدرێتێ، بۆ ئەوەی راپۆرتێکی هاوبەش پێشکەش بکەین و، سوود وەرگرین لە کات، بەتایبەتی خولی پەرلەمان لە تەواو بوون دایە، سەری سالێش نزیك بۆتەوە، هەتا بتوانین لە ماوەیەکی نزیکدا یاساکە دەربکەین بۆ بەرژەوەندی ئەو شەریحانەی لە کوردستاندا هەیە، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

رەئیتان لیژنەی دارایی و ئابووری.

بەڕێز د.ئاراس حسین محمود:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

لەڕاستیدا ئەو ئەرکەی کەوا لەلایەن بەڕێزتانەوە دەربارەی ئەو پرۆژە یاسایانە بۆ لیژنەی دارایی و ئابووری، بەنیسبەت لیژنەی دارایی و ئابوورییەوە، تەنها یەك نووسراوی بۆ هاتووە، کە پرۆژە یاسایەکی لەگەڵدایە، ئەو پرۆژە یاسایەی کە بە نووسراوی ژمارە (ك849) لە 2010/11/10 دەربارەی دەقی پرۆژە یاسای مافەکانی کەمئەندامان و خاوەن پێداویستیە تایبەتەکان لە هەرێمی کوردستان- عێراق هاتووە بۆ ئێمە، کە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان پێشنیار کراوە لە دانیشتنی ژمارە (12)ی رۆژی دوو شەممەی رێکەوتی 2010/11/8، لەکاتی خۆیدا ئێمە راپۆرتمان لەسەر ئەو پرۆژە یاسایە نووسیوە، چوار پرۆژە یاسایەکەی تر کە بەڕێز کاك عەونی ئیشارەتی پێدا، لەڕاستیدا بەشێوەیەکی فەرمی ئاراستەی ئێمە نەکراوە، تەنها راپۆرت ئێمە هەمان بێت لەسەر ئەو پرۆژە یاسایە کە ئێستا ئاماژەم پێدا، لەبەر ئەوە من پشتگیری لە بۆچوونەکەی کاك عەونی دەکەم لە لیژنەی یاسایی، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

راستە پرۆژەیەك كە ئەوە ئیلتیزامی ماددی زۆری تیا هەبوو تەحویلی لیژنەكەتان كرا، ئەوانی تر پەیوەندی بە كاروباری كۆمەلایەتی و لیژنەی یاساییش بۆ داڕشتنەوەی لە رووی یاسایی ئاراستەیان كراوە، كاك عبدالسلام لیژنەی كۆمەلایەتی رەئی ئێوە.

بەڕێز عبدالسلام مصطفی صدیق:

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.

زۆر سوپاس، بەڕاستی لیژنەی ئێمە راپۆرتمان نووسیوە دەربارەی هەر پێنج پرۆژە یاسا، كاتی خۆی هەستمان دەكرد هەندێك لێرەو لەوێ یاساكان موتەكامل نینە، پاش گەیشتنی پرۆژەی حكومەت، ئێمەش پێمان باش بوو لەگەڵ لیژنەی یاسایی بەتایبەتی، لیژنەی داراییش هەبێت، پێكەوە دانیشین لە یەك یاسا هەوڵ بدەین، ئەوەی مەبەستە بۆ خزمەت كردنی كێشەی خەڵك یاسایەكی رێك و پێك دەربكەین، بۆیە ئێمە ئەو پێشنیارە پەسند دەكەین، سەرەڕای ئەوەش هەر خوشك و برایانی ئەندامانی پەرلەمانی بەڕێز بزانن ئیشكالیات هەر دەمێنێت، ئایا یاساكە بۆ معەوەقین بێت، یان بۆ خاوەن پێداویستیە تایبەتەكان بێت؟ هەندێك تۆێژی تر هەیە یاسای تایبەتی بۆ هەبوو، ئایا بخۆێنینەوە ئەو یاسایە، یان نا؟ بۆیە منیش تەسەور دەكەم ئەم كۆبوونەوە موشتەرەكە زۆر گرنگە بە راپۆرتێكی هاوبەش دێین، بەڵكو تەواوی بكەین و پەسندی دەكەین، سوپاس.

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:

نەك پرۆژەكان دەكرێتە یەك پرۆژە، پرۆژەكان هەر بۆ خۆیان پرۆژەن، بەڵام ئەو لیژنانە دەتوانن راپۆرتی هاوبەشتان هەبێت، كاك كاردۆ نوقتەی نیزامی هەیە، فەرموو.

بەڕێز كاردۆ محمد پیرداود:

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.

پێموایە هەندێك پرۆژە بۆ تۆێژێكە، یەعنی ئەهمیەتێكی گەورەی هەیە لە رێكخستنی مافیان بە یاسا، دوو ساڵە پێشكەش كراوە، یەعنی ئەمە جێگای پرسیارە لیژنەكان تاكو ئێستا نەمانتوانی بێت ئەم پرۆژانە رێك بخەین، ئەوە سەرەڕای ئەوەش لێرە ئێمە دەتوانین ئێستا موناقەشەی بكەین، بۆ ئەوەی بڵێین راپۆرتە موشتەرەكەو یەكخستنیان بیدەینەوە لیژنەكان بە موشتەرەكی راپۆرتی كۆتایی بنووسن سەبارەت بەوە، چونكە دواخستنی، ئێمە لەبەردەم كۆتایی هێنانی وەرزی ئەم خولەین، دوو مانگی تر لە یادی خۆیان یەكێك لە گلەییەكانیان بێ بەش كردنی مافیان و بەرپرسیاریەتی پەرلەمان لەبەرامبەر خاوەن پێداویستیەكان دەرنەچوونی ئەو یاسایەو كەمتەرخەمی ئێمەیە، سوپاس.

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:

زۆر سوپاس، كاك عەونی موداخەلەی هەیە، فەرموو.

بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

ئێمە نەمانویستووە دوا بخرێت بۆ پاش پشووی پەرلەمان، هەرچەند سەعاتێك دەرفەتمان بدەنێ، ئێمە دەتوانین راپۆرتێکی هاوبەش پێشکەش بکەین و کەموکورتیەکان چارەسەر بکەین، هەر ئەگەر ئیمکان بوو ئەمڕۆ یاساکە تەواو بکەین، بەس چوار، پێنج سەعات دەرفەتمان بدەنێ، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سۆزان خان فەرموو.

بەڕێز سۆزان شهاب نوری:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

جارێکی تر دێینەوە سەر ئەوەی کە چەند یاسایەك پێشکەش دەکرێت بۆ یەك مەبەست، ئاساییە، مافی ئەندام پەرلەمانە بەپێی ئەو تێڕوانینەی خۆی ئەو یاسایە، بەڵام لە هەمان کاتدا حکومەتیش یاسایەکی ناردووە بۆ هەمان مەبەست، دواخستنەکە، ئێمە لەکاتێکدا لەگەڵیدا دەبین تەئجیلەکە لە ئەمڕۆ تێپەڕ نەکات، هەتاوەکو سەعات (5)ی ئێوارە دانیشتنەکە دەست پێ بکاتەوە، بە مەرجێك راپۆرتێکی موشتەرەك دروست ببێت، ئەمڕۆ ئەندامان رای خۆیان بدەن لەسەر ئەو راپۆرتە موشتەرەکەو لە جەلسەی داهاتوودا دەنگ بدەین لەسەر ئەو راپۆرتە کۆتاییە، بەڵام تەئجیل بکەین بۆ دوای خول، بەڕاستی ناکرێت تەنها ئەمڕۆ تاوەکو سەعات (5)ی ئێوارە، یاخود (6)ی ئێوارەو، جەنابی وەزیریش دەبێت ئاگادار بێت، چونکە پێموایە ئەمڕۆ ئاگادار کراوەتەوە، هەر پێش جەلسەکە، نوسخەی راپۆرتەکەشی لەلا نییە، ئەوەی لیژنەی یاسایی نووسیویەتی، جارێکی تر دەگەڕێمەوە سەر ئەوەی کە بڵێم ئێمە یاساکانمان لە پەرلەمانی کوردستان کە پێشکەش دەکرێت، پێویستە رای لیژنەی موختەس بە هەند وەربگیرێت لە پێشدا، دوای ئەوە لیژنەی یاسایی کاروبارەکانی یاسایی خۆی ڕێك بخات لەسەر ئەو یاسایە، بەڵام دەبینین هەموو جارێك هەمان کێشەمان تووش دەبێتەوە، راپۆرتی لیژنەی یاسایی عەرزو ئاسمانی فەرقە لەگەڵ لیژنەی موختەس، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

زۆر سوپاس، بەنیسبەت حکومەت، ئێمە ئاگادارمان کردۆتەوە، راپۆرتەکە خوێندنەوەی بۆ کراوە، نوسخە بۆیان چووە، لە لیژنەکان دانیشتوونە، ئەوە ڕێکخەری نێوان حکومەت و پەرلەمان تەشریفیان لێرەیە، بەرنامەی کار ئەمە هی ئەمڕۆ نییە دامانا ببێتن، لە جەلسەکانی پێشەوە، پێش ئەوەی بانگی وەزیریش بکەین ئەو بەرنامەیە هەبووە، دەبێت حازری خۆیان هەبێت، راستە، رەنگە سوء فەهمێك هەبێتن، کاك عومەر عبدالعزیز کەرەم بکە.

بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاءالدین:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

نازانم ئەم گرفتە هەموو جار بۆ دووبارە دەبێتەوە، ئێستا ئێمە ئەوەی حکومەت (11) مانگە نێردراوە بۆ پەرلەمان، ئەوەی پێشتیریشیان خاوەن پێداویستیە تایبەتەکان سالّ و نیوێکە ناردراوە، یەعنی مانیع چیە ئەم لیژنە بەڕێزانە مانگی وا ناکەن راپۆرتی لیژنە بێنن، بۆ لەناو هۆڵی پەرلەمان هەموو جار ئەمە دووبارە دەبێتەوە، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

کاك ئاراس فەرموو.

بەڕێز د.ئاراس حسین محمود:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.

حەز دەکەم ئاماژە بە خاڵێك بدەم، دەربارەی ئەو نووسراوەی بۆ ئێمە هاتووە، تەنها یەك پرۆژە یاسامان بۆ هاتووە، پێشتر ئاماژەم پێدا بە ژمارەی (ك849) لە 2010/11/10، دواتر لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری بە کۆنووسی ژمارە (44) لە 2011/1/16 راپۆرتی خۆی نووسیوە بەبێ هیچ جۆرە دواکەوتنێك، تەنها.....

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

ئێستا کاك دکتۆر ئاراس لەسەر ئەوەیە، ئەم بەڕێزانە داوایان کرد چەند سەعاتێك دوا بخرێت، موشکیلەکە ئەوەیە، ئێستا موناقەشەی راپۆرتەکە ناکەین، جەنابت گوتت لەگەڵین، وا نییە؟ بەڕێزان، دانیشتنەکە دوا دەخەین بۆ سەعات (5:30)ی ئەمڕۆی ئێوارە، ئەمڕۆش بەردەوام دەبین لەسەر موناقەشە، تەواوی دەکەین، تاکو سەعات (5:30) ئێوارە، داوا لە هەرسێ لیژنەی موشتەرەك دەکەین لەگەڵ جەنابی وەزیر پێکەوە کێشەکانتان تەواو بکەن، تکایە جاری تر شت مەهێنەوە بۆ ناو قاعە، پێش ئەوەی بێتە ئێرە چارەسەری بکرێت، خوا ئاگادارتان بێت.

دانیشتنی دووەم

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.

بەناوی گەلی کوردستان، بەردەوام دەبین لەسەر دانیشتنی ژمارە (20)، کە ئەمڕۆ پێش نیوەڕۆ بوو، لەبەر ئیش و کاری لیژنە پەیوەندیدارەکان، کە داوایان کرد بوو دوامانخست، ئێستا کارەکانیان تەواو کرد، بۆیە تاکو ئێستا ئینتیزارمان کرد، دووبارە بەخێرهاتنی ڕێزداران ئاسۆس نجیب و کاك سەعد دەکەین، زۆر بەخێرهاتن، داوا لە لیژنەی یاسایی و دارایی و کۆمەلایەتی دەکەین کەرەم بکەن بۆ شوێنی خۆیان، فەرموون لیژنەی یاسایی کەرەم بکەن.

بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.

ئێمە هەرسێ لیژنەی کاروباری یاسایی و لیژنەی کۆمەلایەتی و لیژنەی دارایی و ئابووری پەرلەمانی کوردستان کۆبوونەوەیەکی هاوبەشمان ئەنجامدا، بە ئامادە بوونی ڕێزدار وەزیری کارو کاروباری کۆمەلایەتی هەرێمی کوردستان، لە ئەنجامی گفتوگۆیەکی تێرو تەسەل توانیمان ڕاپۆرتێکی هاوبەش ئامادە بکەین، ئێستا بە زمانی عەرەبی بۆتان دەخوێنمەوە:

الى/ رئاسة برلمان كوردستان - العراق

م/ تقرير مشترك

عقدت اللجان الشؤون القانونية، ولجنة الشؤون الاجتماعية والعائلة والطفل، ولجنة المالية والاقتصاد اجتماعاً مشتركاً بتأريخ 7/بەفرانبار/2711 كوردي المصادف ليوم 2011/12/27 ميلادي، لدراسة مشاريع القوانين الخمس، وكالآتي:

1- مشروع قانون (الاهتمام بالمعوقين واصحاب الاحتياجات الخاصة) المقدم من قبل العدد القانوني لأعضاء البرلمان والمحال الى اللجان بعد القراءة الاولى له في جلسة البرلمان رقم (7) في 2010/5/5.

2- مشروع قانون (رعاية المعاقين في اقليم كوردستان - العراق) المقدم من قبل مجلس الوزراء الى برلمان كوردستان بالكتاب المرقم (15984) في 2010/12/28 والمحال الى اللجان بعد القراءة الاولى له في البرلمان بجلسته الاعتيادية رقم (4) في 2011/10/3.

3- مشروع قانون خاص بـ(قصار القامة) المقدم من قبل العدد القانوني لأعضاء البرلمان والمحال الى اللجان بعد القراءة الاولى له في البرلمان بجلسته رقم (21) في 2011/6/29.

4- مشروع قانون (حقوق قصاري القامة) المقدم من قبل العدد القانوني لاعضاء البرلمان والمحال الى اللجان بعد القراءة الاولى له في البرلمان بجلسته رقم (21) في 2011/6/29.

5- مشروع قانون (حقوق المعوقين وذوي الاحتياجات الخاصة في إلاقليم) والمقدم من قبل العدد القانوني لأعضاء البرلمان، والمحال الى اللجان بعد القراءة الاولى له في الجلسة رقم (12) في 2010/11/8.

وبعد دراسة المشاريع نقترح مايلي:

اولاً: دمج المشاريع الخمسة في مشروع واحد، وجعل المشروع المقدم من قبل مجلس الوزراء اساساً للمناقشة مع الاستفادة من الافكار الواردة في المشاريع الاخرى المشار اليها.

ثانياً: هناك رأيان بشأن العنوان:

الرأي الاول: تقترح تسمية القانون بـ(قانون حقوق وامتيازات ذوي الاحتياجات الخاصة)، نظراً لأن المشاريع الخمسة تتضمن حماية حقوق ذوي الاحتياجات الخاصة ومنحهم امتيازات.

الرأي الثاني: (قانون حقوق وامتيازات المعاقين في إقليم كوردستان).

ثالثاً: بالنسبة لـ(المادة الاولى) من المشروع نقترح ان تتضمن المادة الاولى تعريف بعض المصطلحات والتعابير ذات الصلة المباشرة بالقانون، وكالآتي:

يقصد بالمصطلحات والتعابير الآتية المعاني المبينة ازائها لأغراض هذا القانون:

1- الاقليم: إقليم كوردستان - العراق.

2- الوزارة: وزارة العمل والشؤون الاجتماعية في الاقليم.

3- الوزير: وزير العمل والشؤون الاجتماعية في الاقليم.

4- المجلس: مجلس رعاية وتأهيل المعاقين في الاقليم.

5- الرئيس: رئيس مجلس رعاية وتأهيل المعاقين في الاقليم.

6- المعاق: هو الشخص المصاب بعجز دائم كلي أو جزئي خلقي أو غير خلقي وبشكل مستقر، في أي من حواسه أو قدراته الجسدية او النفسية او العقلية الى مدى يحد من الاداء الوظيفي لعضو أو اكثر من أعضاء جسمه مما يحول دون تلبية متطلبات حياته العادية.

7- بطاقة المعاق: هي الهوية الشخصية الخاصة التي تعرف المعاق وتصدر عن الوزارة، والتي تخوّل حاملها التمتع بالحقوق والامتيازات التي تمنحها القوانين والانظمة والتعليمات.

8- التأهيل: مجموعة الخدمات الطبية والتربوية والتعليمية والاجتماعية والمهنية والنفسية وتأمين الوسائل لتسهيل الوصول اليها لغرض تمكين المعاقين من ممارسة حياتهم بأستقلالية ومساعدتهم على الاندماج بالمجتمع.

9- مراكز التأهيل: هي المراكز التي يتم فيها أيواء المعاقين الذين لا يجدون من يرعاهم المصابين بالاعاقات الشديدة وتأهيلهم وتشغيلهم فيها حسب قدراتهم.

رابعاً:- بالنسبة لـ(المادة الثانية) نؤيد ما ورد في المشروع المقدم من قبل مجلس الوزراء، بالشكل الآتي:

يهدف هذا القانون الى:

أولاً: تعزيز وحماية وكفالة جميع الاشخاص المعاقين وضمان تمتعهم، على قدم المساواة مع الآخرين بجميع حقوق الانسان والحريات الاساسية وتعزيز احترام كرامتهم المتأصلة.

ثانياً: احترام كرامة المعاقين واستقلالهم الذاتي بما في ذلك حرية تقرير خياراتهم بأنفسهم واستقلاليتهم.

ثالثاً: إحترام القدرات المتطورة للأطفال ذوي الاعاقة وإحترام حقهم في الحفاظ على هويتهم.

خامساً: بالنسبة لـ(المادة الثالثة): هناك رأيان، احدهما يرى حذف المادة والآخر يرى الابقاء عليها:

يصنف المعاقون:

أولاً: حسب طبيعة العوق الى صنفين:

1- المعاقون بدنياً.

2- المعاقون عقلياً.

ثانياً: حسب قدراتهم على العمل كلياً:

1- المعاقون غير القادرين على العمل كلياً.

2- المعاقون غير القادرين على العمل جزئياً.

الفصل الثاني

(مجلس رعاية وتأهيل المعاقين)

سادساً: بالنسبة لـ(المادة الرابعة): نقترح مايلي:

يشكل مجلس لرعاية وتأهيل المعاقين في الإقليم، ويتولى إقرار مايتعلق بشؤونهم، ويترأسه الوزير، ويكون بعضوية ما يأتي:

أولاً: مدير عام الرعاية والتنمية الاجتماعية في محافظات الاقليم.

ثانياً: ممثلين عن الوزارات الآتية:

1- التعليم العالي والبحث العلمي.

2- التربية.

3- الصحة.

4- الثقافة والشباب.

ثالثاً: للوزير دعوة ممثل عن جمعيات المعاقين لحضور اجتماعات المجلس.

رابعاً: للوزير دعوة اي خبير من داخل الوزارة او خارجها للمشاركة في اجتماعات المجلس.

سابعاً:- بالنسبة لـ(المادة الخامسة)، نقترح الصياغة التالية لمهام المجلس:

أولاً: يتولى المجلس المهام الآتية:

1- مناقشة و وضع الاستراتيجيات وإقرار السياسات النموذجية المتكاملة وتهيئة البيئة المناسبة للأشخاص المعاقين.

2- تحديد الاجراءات و وضع التوصيات لتوفير الرعاية والتأهيل للمعاقين.

3- إقرار برامج خاصة للتوعية الاجتماعية بالحقوق ومساواة الأشخاص المعاقين مع الآخرين.

ثانياً: يجتمع المجلس مرة واحدة في الأقل كل شهرين وللوزير دعوته للأجتماع عند الاقتضاء.

ثالثاً: يتولى موظف حاصل على شهادة جامعية تنظيم أعمال المجلس ومتابعة أعمالها.

رابعاً: يتم انشاء صندوق لرعاية وتأهيل اشخاص المعاقين وتخصص لها ميزانية ضمن ميزانية الوزارة، وتضاف اليها التبرعات والاموال الموصى بها للمجلس او اية ايرادات اخرى. ويتم تنظيم ذلك بنظام.

ثامناً: بالنسبة لـ(المادة السادسة)، نقترح الابقاء على المادة كما هي، وبالشكل التالي:

" تتخذ الحكومة الاجراءات اللازمة لرعاية المعاقين داخل أسرهم، أو توفير دور الأيواء المناسبة لهم ".

بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

تاسعاً: بالنسبة لـ(المادة السابعة)، نقترح ما يلي:

تخصص الحكومة مبلغاً شهرياً خاصاً لكل معاق بغض النظر عن أي مصدر آخر للدخل، ويحتسب على النحو الآتي:

أولاً: المعاق الذي بلغت درجة عجزه (65٪) فأكثر يستحق مبلغاً يعادل الحد الادنى لراتب الموظف في الاقليم.

ثانياً: المعاق الذي تتراوح درجة عجزه بين (35٪ - 64٪) يستحق مبلغاً ويحتسب كالآتي:

$$\frac{\text{راتب الحد الادنى للموظف} \times \text{درجة العجز}}{65}$$

عاشراً: بالنسبة لـ(المادة الثامنة)، نؤيد المادة بالشكل الآتي:

استثناءً من احكام قانون الخدمة المدنية ونظام الاجازات، تستحق الموظفة المعاقة، اجازة خاصة براتب تام لا تحتسب من اجازاتها الاخرى، اذا كانت حاملاً، واوصت اللجنة الطبية المختصة ان حالتها تتطلب ذلك.

حادي عشر: بالنسبة لـ(المادة التاسعة)، نؤيد المادة:

المادة (9): التفرغ لرعاية المعاق

كل شخص تفرغ أو قام أو التزم برعاية المعاق الذي لا يستطيع تلبية متطلبات حياته العادية والذي يحتاج لمن يلازمه لقضاء حاجاته بشكل مستمر، يحق له الاستفادة من تعويض التفرغ، وكالآتي:

أولاً: اذا كان للمتفرغ راتباً من الحكومة:

1- يمنح اجازة براتب تام ويستحق العلاوات والترفيعات وكافة الحقوق التي يستحقها اسوة بأقرانه من الموظفين.

2- إضافة لما ورد في الفقرة السابقة، يصرف له راتباً يعادل الحد الادنى لراتب الغموظف في الإقليم، لرعاية المعاقين.

ثانياً: اذا لم يكن للمتفرغ راتب من الحكومة، يمنح راتباً يعادل الحد الادنى لراتب الموظف في الاقليم لرعاية معاق واحد، وراتباً يعادل نسبة (150٪) للحد الادنى لراتب موظف في الاقليم لرعاية معاقين إثنين.

ثالثاً: لا يجوز ان يتفرغ أي شخص لرعاية أكثر من معاقين إثنين في الوقت نفسه، وتتكفل الحكومة بضمان توفير الرعاية للمعاقين الذين ليس لهم من يرعاهم.

رابعاً: تجدد إجازة التفرغ سنوياً.

الفرع الثاني

حق المعاق في التربية والتعليم

ثاني عشر: بالنسبة لـ(المادة العاشرة)، نؤيد ما ورد في المشروع، بالشكل الآتي:

لكل شخص معاق الحق في التعليم وذلك بضمان حصوله على فرص متكافئة للالتحاق بالمؤسسات التربوية والتعليمية بكافة مراحلها بما فيها الدراسات العليا وتسهيل استمراره بها، ولا يمكن ان تحول الاعاقة دون انتسابه او دخوله الى اية مؤسسة تربوية او تعليمية رسمية او خاصة.

ثالث عشر: بالنسبة لـ(المادة الحادية عشرة)، نقترح الغاء الفقرة (2) من المادة، واعادة صياغة المادة بالشكل الآتي بعد تغيير تسلسل الفقرات:

على الحكومة:

1- تأمين سبل تعليمية مناسبة وخاصة لذوي الاحتياجات الخاصة حسب اعاقاتهم وحاجاتهم وتوفير كافة المستلزمات الدراسية وتنظيم كافة الامور المتعلقة بتعليمهم والتي تسمح لكل تلميذ معاق من الالتحاق ومواكبة البرامج التعليمية اسوة باقرانه من التلاميذ.

2- الاهتمام بتربية الاطفال من ذوي الاحتياجات الخاصة في مرحلة الطفولة المبكرة.

بەڕێز د.ئاراس حسين محمود:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

الفرع الثالث

التأهيــل والعمـــل

رابع عشر: بالنسبة لـ(المادة الثانية عشرة)، نؤيد المادة، وبالشكل الآتي:

يكفل القانون للمعاق حقه في العمل كسائر أفراد المجتمع وتأهيله ومساعدته للدخول في سوق العمل ضمن مبدأ المساواة وتكافؤ الفرص.

خامس عشر: بالنسبة لـ(المادة الثالثة عشرة)، نقترح حذف الفقرة (ثانياً) من المادة والاكتفاء بالفقرة (أولاً)، وكالآتي:

تلتزم الحكومة بتخصيص وظائف في القطاع العام لذوي الاحتياجات الخاصة بنسبة لاتقل عن (5٪) من مجموع عدد الوظائف وذلك بعد تأهيلهم.

سادس عشر: بالنسبة لـ(المادة الرابعة عشرة)، نؤيد المادة كما هي:

تتولى الوزارة بالتنسيق مع الجهات المعنية تأهيل المعاقين والالتحاق بمراكز التأهيل المهني وفتح ورش محمية او مؤسسات تشغيلية ومتابعة عملهم ضمن الادارات التابعة لها.

سابع عشر: بالنسبة لـ(المادة الخامسة عشرة)، نقترح الغاء المادة.

الفرع الرابع

حق المعاق في التنقــل والبـيـئـة المؤهـلــة

ثامن عشر: بالنسبة للمواد (المادة السادسة عشرة والمادة السابعة عشرة)، نقترح دمج المادتين، وبالصياغة الآتية:

للمعاق الحق بالتمتع ببيئة مناسبة لتسهيل تنقله وتعمل الحكومة بالتنسيق والقطاع الخاص على تهيئة هذه البيئة وتوفير التسهيلات لتمكينهم من استخدام وسائل المواصلات العامة.

تاسع عشر: بالنسبة لـ(المادة الثامنة عشرة)، نؤيد المادة بالشكل الآتي:

تتولى الحكومة إلزام الجهات الرسمية وغير الرسمية التقيد بالشروط والمواصفات العالمية والفنية والهندسية والمعمارية الواجب توافرها في الابنية والمنشآت والمرافق العامة والخاصة، القديمة منها والجديدة التي يحتاجها الاشخاص من ذوي الاحتياجات الخاصة.

عشرون: بالنسبة لـ(المادة التاسعة عشرة)، نؤيد المادة كما هي:

على دوائر المرور إدخال علامات الحركة والمرور لذوي الاحتياجات الخاصة ضمن إمتحان منح الاجازة للسائقين.

الفرع الخامس: تقترح اللجنة حذف عبارة (حق المعاق) في عنوان الفرع الخامس.

الفرع الخامس

الرعاية والخدمات الصحية

حادي والعشرون: بالنسبة لـ(المادة العشرون)، نؤيد المادة، بالشكل الآتي:

تتكفل الحكومة ضمان حصول المعاق على الخدمات الصحية مجاناً وتقديم التسهيلات اللازمة له اذا ما تطلبت حالته الصحية معالجته خارج الاقليم.

ثاني والعشرون: بالنسبة لـ(المادة الحادية والعشرون)، نؤيد المادة كما هي:

تعمل الحكومة على تقديم الخدمات الوقائية والعلاجية وتطوير خدمات الكشف المبكر والتي تهدف الى تقليل نسبة الاعاقة في المجتمع.

ثالث والعشرون: بالنسبة لـ(المادة الثانية والعشرون)، تؤيد اللجان المادة كما هي:

تعمـل الحكومـة علـى تـوفير الاجهـزة التأهيليـة والتعويضـية والادوات الطبيـة اللازمـة وتـأمين التكنولوجيـا الحديثة لمساعدة المعاقين.

بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

الفرع السادس

حق المعاق في الريـــاضة والترويح

رابع والعشرون: بالنسبة لـ(المادة الثالثة والعشرون)، تؤيد اللجان المادة، وكالآتي:

تعمل الحكومة على توفير فرص الرياضة للمعاقين ومساعدتهم لممارسة الرياضة التي تلائمهم، وذلك بملائمة الملاعب والقاعات والمخيمات والنوادي ومرافقها لحالة المعاق، وتزويدها بالادوات والمستلزمات الضرورية.

خامس والعشرون: بالنسبة لـ(المادة الرابعة والعشرون)، تؤيد اللجان المادة، وكالآتي:

على الحكومة دعم مشاركة ذوي الاحتياجات الخاصة في البرامج الرياضية الوطنية والدولية.

سادس والعشرون: بالنسبة لـ(المادة الخامسة والعشرون)، نقترح حذف العبارة الاخيرة من المادة، وبالشكل الآتي:

يُعفى المعاقون من اجور دخولهم الى الاماكن الرياضية والثقافية والترفيهية والاثرية (الحكومية).

بالنسبة لعنوان (الفرع السابع): تقترح اللجنة حذف كلمة (بالمعاق) في عنوان الفرع:

الفرع السابع

احكام ضريبية خاصة

سابع والعشرون: بالنسبة لـ(المادة السادسة والعشرون)، نقترح الغاء هذه المادة.

ثامن والعشرون:- بالنسبة لـ(المادة السابعة والعشرون): نقترح الغاء هذه المادة.

الفصل الرابع

(أحكام عقابية)

تاسع والعشرون: بالنسبة لـ(المادة الثامنة والعشرون)، نقترح الغاء هذه المادة.

ثلاثون: بالنسبة لـ(المادة التاسعة والعشرون)، نؤيد المادة كما هي:

يعاقب بالحبس مدة لاتزيد على ثلاثة اشهر وبغرامة لا تتجاوز (250.000) مائتان وخمسون الف دينار او بأحدى هاتين العقوبتين كل شخص يلتزم برعاية المعاق اياً كان مصدر هذا الالتزام، ويهمل في القيام بواجباته او في إتخاذ مايلزم لتنفيذ هذه الواجبات.

وتكون العقوبة الحبس مدة لاتزيد على سنة وبغرامة لاتتجاوز (1.000.000) مليون دينار او بأحدى هاتين العقوبتين اذا ترتب على هذا الاهمال إلحاق ضرر بالمعاق.

الفصل الخامس

(أحكام ختـامية)

حادي والثلاثون:- بالنسبة لـ(المادة الثلاثون)، تؤيد اللجان المادة بالشكل الآتي:

اولاً: على الوزارة توعية المواطنين بحقوق المعاقين والعمل على تقديم العون اللازم لهم وحسن معاملتهم واندماجهم في المجتمع.

ثانياً:- للوزارة وبالتنسيق مع الوزارات المختصة تقديم الخدمات والتسهيلات والحوافز للمعاقين.

ثاني والثلاثون:- بالنسبة لـ(المادة الواحدة وثلاثون)، تؤيد اللجان المادة:

تمثل الحقوق والامتيازات الواردة في هذا القانون، الحد الادنى لما يتمتع به ذوي الاحتياجات الخاصة من حقوق في الاقليم.

ثالث والثلاثون:- بالنسبة لـ(المادة الثانية والثلاثون)، نقترح حذف الفقرة (أولاً) والاكتفاء بالفقرة ثانياً، وكالآتي:

المادة (32):

على الوزير إصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون.

رابع والثلاثون: بالنسبة لـ(المادة الثالثة والثلاثون)، نقترح اعادة صياغة المادة بالشكل الآتي:

على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون.

خامس والثلاثون: بالنسبة لـ(المادة الرابعة والثلاثون)، تؤيد اللجان المادة:

لايعمل باي نص يتعارض مع مباديء واحكام هذا القانون.

سادس والثلاثون: بالنسبة لـ(المادة الخامسة والثلاثون)، تؤيد اللجان المادة:

ينفذ هذا القانون اعتباراً من تأريخ نشره في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

"الاسباب الموجبة"

لاتخاذ التدابير اللازمة لمساعدة المعاقين للاندماج النفسي والبيئي في المجتمع وتوفير فرص الرعاية والحماية والتدريب والتأهيل والعمل على ازالة الحواجز الجسدية والاجتماعية والتي ادت الى حرمانهم من الحقوق والحريات. ومنحهم امتيازات مادية ومعنوية اضافية وانسجاماً مع التشريعات المتعلقة بالمعاقين الصادرة عن الجمعية العامة للأمم المتحدة، ومن اجل تغيير المفاهيم ونظرة المجتمع الخاطئة الى شريحة من شرائح المجتمع، فقد شرع هذا القانون.

راجين التفضل بالاطلاع وعرض التقرير المشترك على البرلمان للمناقشة وابداء الرأي المناسب بصدده. مع التقدير....

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

بەڕێزان، ئێستا بۆ ئەسڵی ئەو مەشروعەی کە وەرتانگرتووە، ماددە بە ماددە، بۆ ئەوەی گشت ئەندامە بەڕێزەکان رەئی خۆیان لەسەری بدەن، نوقتەی نیزامیت هەیە؟ فەرموو.

بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

یەك ئیشکالیەت هەیە، لێرەش ئیشارەت کراوە، ناوی یاساکە، ئەگەر بەڕێزتان موافق بن، ڕێگا بدەن ئەوە موناقەشە بکەین، یانیش رەئیتان ماددە بە ماددە بێت، کەیفی خۆتانە، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

بە تەئکید لەناوەوە دێینە خوارێ، فەرموو سۆزان خان.

بەڕێز سۆزان شهاب نورى:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

دەبێت لە ئەوەڵەوە دەنگ بدەین لەسەر ئەوەی کە ئەم ڕاپۆرتە ببێتە ئەساس، یاخود نا، چونکە پێنج مەشروع بووە کە تەقدیم کراوە، ئەوە بکرێتە ئەساس، بۆ ئەوەی ئێمە موناقەشاتمان لەسەر ئەو ڕاپۆرتە بێت، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

كاك عبدالرحمن فەرموو.

بەڕێز عبدالرحمن حسين ابابكر:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بەڕاستی ئەگەر بە کوردیش پێمان بدەن باشە، ئەوە تەنیا بە عەرەبیە، پێمان باشە بە کوردیش بێت، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

زۆر سوپاس، كاك حەمە سەعدی فەرموو.

بەڕێز حەمە سعيد حمه علی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

من پێموایە کورتە بالاّو کەمئەندام لە یەك جیاوازن، کورتە بالاّ کەمئەندام نییە، ئەوە یەك.

دووەم/ ئەمە ناوەڕۆك و ماددەکان و بڕگەکانی ئەم راپۆرتەی کە داڕێژراوە هەمووی بۆ کەمئەندامە، واتا کورتە بالاّ ناگرێتەوە، بۆیە پێموایە ئەو سێ پرۆژەیەی کەتایبەتە بە کەمئەندام ئەو سێ پرۆژەیە بکەین بە یەك پرۆژەو، ئەمە بکەین بە ئەساس، دواتر پرۆژەیەکی تر ئامادە بکرێت بۆ کورتە بالاّو، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، كاك دکتۆر احمد فەرموو.

بەڕێز د.احمد ابراهيم علی(وەرتی):

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

لە راپۆرتەکە دیارە پرۆژەی حکومەتی کردووە بە ئەساس، بۆیە پێموایە لە موناقەشە کردندا پرۆژەی حکومەت بکرێتە ئەساس، لەبەر ئەوەی هەندێك مادده لیژنەی هاوبەش تەئیدی کردووەو وەکو خۆی هێشتوویەتیەوەو نەیهێناوەتە ناو راپۆرتەکە، بۆیە پێموایە پرۆژەکەی حکومەت بکرێت بە ئەساس و دواتر موناقەشە بەو شێوەیە بەردەوام بێت، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، كاك کاردۆ فەرموو.

بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

من پێموایە لەبەر ئەوەی ئەمە پێنج پرۆژەیەو کراوەتە یەك پرۆژە، بە ئیعتیماد لەسەر پرۆژەی حکومەت، بۆیە ئەگەر بمانەوێت بیکەینە ئەساس، پێویستە لە پەرلەمان پەسندی بکەین، ئەمە خاڵێکیان.

خاڵێکی تریش، ئەوەیە ئەگەر قسە لەسەر ناوەکە بێت، وەکو ئەو هەڤاڵە باسی کرد، ئەمە خۆی پێنج پرۆژەیە کە پەیوەندی بە کورتە بالاّیە، ئیعتیماد لەسەر پرۆژەی حکومەت کراوە، کراوە بە یەك پرۆژەی

ئەساسی، لەبەر ئەوە ئەگەر بێتە سەر موناقەشە کردن من ناوەکە بە ئەساس دەبینم، چونکە پێموایە ناوی خاوەن پێداویستیە تایبەتەکان تەعبیرێکی راست و دروستتر لە پێداویستیەکان و، ناوەرۆك و ئەسبابی موجیبەی ئەم یاسایە بیخوێنەوە، بۆ هەموو کەمئەندامێکە بە کورتە بالاشەوە، بۆیە ئەبێ یاسایەك بێت گشتگیر بێت بۆ هەموو لایەك بێت، پێموایە باشترە لەوەی کە پارچە پارچەی بکەین، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

زۆر سوپاس، کاك برهان فەرموو.

بەڕێز برهان رشید حسن:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بەڕاستی وەکو رەئی خۆم ئەم پرۆژەیە زۆر بێ عەیبەو بەبێ عەیبی لێژنەی قانونی ئامادەی کردووە، یەعنی دەربارەی ئەوەی ئیحتیاجاتی ذەوی حاجە پێویستی تایبەتی، بەڕاستی ئەمڕۆ موستەڵەحی شائیع لە دنیادا خاوەن پێداویستی تایبەتیە، لەبەر ئەوەی موستەڵەحێکی شمولیترە لە معەوەق، هەمووی دەگرێتەوە تالاسیما، پیرو پەککەوتە دەگرێتەوە، بۆیە پێویستە ئەو عینوانەی یەکەمی خۆی بمێنێت.

دووەم/ ئەگەر وەکو خۆی نەمێنێت بە معەوەق، ئەوە دەبێت پەرلەمان سالێکی تر، تاوەکو یاسایەکی تر دەردەکات، بەڕاستی کاتی پەرلەمان خەلەلێکی تری کە دەکرێت چاك بکرێت لە ماددەکانی تردا تەنها معەوەق دەڵێت ئەم شتانە شمول دەکات، دەبێت ئەو معەوەقە ئیزافەی خاوەن پێداویستیە تایبەتەکان بکرێت و، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سۆزان خان فەرموو.

بەڕێز سۆزان شهاب نوری:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

وابزانم لە ناوەرۆکی بابەتەکە دەرچووین، بێین موناقەشە لەسەر عینوان بکەین، لە پێشدا دەبێت ئێمە یەکێك لە پرۆژەکان بکەینە ئەساس، یاخود دەنگ بدەین بۆ ئەم راپۆرتە، ئیتر ئەوەی حکومەت ناردوویەتی بکرێت بە ئەساس، لەبەر ئەوەی وەجهەت نەزەری حکومەتیشی تیایەو، ئەو راپۆرتەش پالپشتی بێت، ئەوە حەل بوو.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

زۆر سوپاس بۆ گشت ئێوەی بەڕێز، ئێستا کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەو پرۆژەیەی حکومەت ببێتە ئەساس، تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، لەناو لیژنە بووە بە ئەساس، بەڵام پێنج مەشروع تەقدیمی پەرلەمان کراوەو خوێندنەوەی بۆ کراوەو، تەحویلی لیژنەکان کراوە، ئێستا با رەئی بەڕێزان وەربگرین، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ یەك کەس لەگەڵدا نییە، بەزۆرینەی دەنگ پەسند کرا، ئێستا پرۆژەکەی حکومەت بووە ئەساس، ئێستا لەناوی پرۆژەکەوە دێین، ئەمڕۆ بە کەیفی خۆتان موناقەشە دەکەن، چونکە

تەصویت ناکرێت، تاکو ئەو شوێنەی دەچین هەر بەڕێزێك کە ناوی دەنووسێت و کات تەحدید دەکەین، چونکە ئەگەر تەحدید نەکەین زۆر دەڕوات، هەر بەڕێزێك بۆی هەیە سێ دەقیقە قسە بکات، ئێستا ئەوانەی دەیانەوێت لەسەر ناوی پرۆژەکە قسە بکەن، ناویان دەنووسین، لەلای دکتۆر ئەحمەدەوە دەست پێ دەکەین، چونکە نوقتەی نیزامیەکەی بەیانی لەبیرم چوو وەرم نەگرت، کەرەم بکە، فەرموو، ئەم رێزادارانە دەیانەوێت مواخەلە بکەن، رێزداران (د.احمد وەرتی، هاژە سلیمان، ئەڤین عمر، سۆزان شهاب، برهان رشید، کاردۆ محمد، ئاشتی عزیز، پەیمان عبدالکریم، رێباز فتاح، پەیام احمد، پەروین عبدالرحمن، جمال طاهر، بەفرین حسین، ژیان عمر، سالار محمود، سمیرە عبدالله، شڤان احمد، شلێر محی الدین، سیویل عثمان، شێرزاد عبدالحافظ، هاوڕاز خۆشناو، ناسك تۆفیق، فاضل بەشارەتی، دلێر محمود)، کەسی تر ماوە قسە بکات؟ عبدالسلام بەرواری، پێش ئەوەی بچینە ناو موناقەشەکە، ڕەئی ڕێزدار وەزیری کاروباری کۆمەلایەتی، کاك د.حسنیش ناوی ئەنووسین، فەرموو.

بەڕێز ئاسۆس نجیب/ وەزیری کارو کاروباری کۆمەلایەتی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

من سەرەتا ئەمەوێ سوپاستان بکەم، لەبەر ئەوەی ئەم پڕۆژە یاسایە هاتۆتە ناو بەرنامەی کاری پەرلەمانەوە، ئەوەی ئێستا بۆتە کەم و کوڕی یاخود ئەوەی کە تاوەکو ئێستا بۆمان نەکراوە، کە بەپێی پێویست خزمەتی کەم ئەندامان بکەین، نەبوونی پڕۆژە یاسایەك، یان نەبوونی یاسایەك بووە، کە مافەکانیان ئەپاڕێزێت، وەکو ئەنجومەنی وەزیران و کەرتی تایبەت، بتوانین خزمەتگوزاری پێشکەش بە کەمئەندامان بکەین، سەبارەت بە پڕۆژە یاساکان ئەوەی کە لێرەیە، سێ پڕۆژەیە، کەتایبەتە بە کەمئەندامان، دوو پڕۆژەشە کە سەبارەت بە کورتە بالاکان، پشتگیری هەر پڕۆژەیەك دەکەین کە مافی کەم ئەندامان بپارێزێت، مافی کورتە بالاکانیش بپارێزێت، ئەوەی کە لە ولاتان هەیە، کوتەبالاکان خۆیان خاوەنی پڕۆژە تایبەتێکی خۆیانن، کەم ئەندامانیش بە تایبەتی خاوەنی پڕۆژەی خۆیانن، سەبارەت بە ناوەکە، ئێمە ڕای ڕێکخراوی زۆربەی کەمئەندامانمان وەرگرتووە، کە ناوی یاساکە پاراستنی مافی کەمئەندامان بێ لە هەرێمی کوردستان، بۆیە پێم باشە ناوەکە بەم شێوەیە بێ، لەبەر ئەوەی ئێمە ڕای ڕێکخراوەکانمان وەرگرتووە، هەر پڕۆژەیەکیش جگە لەو پڕۆژەیەی کە لە حکومەتەوە هاتووە بۆ پەرلەمان، ئێمە ئەتوانین ئیستیعانەی پێ بکەین، ئەتوانین سوود لە پێشنیارەکان ئەوانەی کە لە پڕۆژەکەدا هەیە سوودی لێ وەربگرین، بەلاّم ئەوەی کە مەعمولە و ئەوەی کە ئێستا لە ولاّتانی تر هەیە، کەمئەندامان خۆیان بە تەنیا خاوەن پڕۆژەی خۆیانن، کە مافیان ئەپاڕێزێت، کورتە بالاکانیش خاوەن پڕۆژەی خۆیانن، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس بۆ جەنابت، تکایە ئیلتیزام بە کات بکەن، سێ دەقیقە، چونکە زۆر بەڕێز ئەیانەوێ قسە بکەن، سێ دەقیقەتان هەیە، ڕێزدار د.احمد وەرتی، فەرموو.

بەڕێز د.احمد ابراهیم علی(وەرتی):

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

سەبارەت بە ناوی یاساکە من لەگەڵ ئەوەدامە کە ناوی یاسایەکە، ناوی ماف و ئیمتیازاتی خاوەن پێداویستی تایبەت بێ، ئەمەش لەبەر دوو هۆ، یەکەمیان لەبەر ڕەچاوکردنی باری دەروونی و کۆمەڵایەتی کەم ئەندامان، کە خۆشیان واین پێ باشترە کە بە ناوی خاوەن پێداویستی تایبەت ناو بندرێن، هەرچەندە ئێستا ئەو کۆمەڵانەش کە هەن بەناوی کەمئەندامانەوە زۆر ئاسایی بووە، یاساکانیش کە لە عیراق و کوردستان هەن، بەناوی کەمئەندام هاتوون، بەڵام من پێموایە بە ناوی خاوەن پێداویستی تایبەت بێ باشترە، ئەمە یەکەم، دووەم، ئەم ڕاپۆرتە پڕۆژەکانی کورتە بالاکانیشی لەخۆ گرتووە، تا ئێستا چارەنووسی پڕۆژە یاسای کورتە بالاکان یەکلا نەبۆتەوە، کە ئایا ئێمە فیعلەن لێرەدا جێگەی دەکەینەوە، یان وەکو جەنابی وەزیر ئاماژەی پێیدا جیابێت بە یاسایەکی سەربەخۆ، ئەگەر لەگەڵ ئێرە جێگەی بکەینەوە، بێگومان لەگەڵ ئەوە زاراوەیە ناگونجێت کە پێی ئەڵێین کەم ئەندام، بەڵکو ئەڵێن خاوەن پێداویستی تایبەت کە ئێمە پێناسەیەکی بۆ بکەین، لێرە کورتە بالاکانیش جێگەیان بۆ بکەینەوە، ئەگەر لە یاسایەکی سەربەخۆ کورتە بالاکان جێگەیان بۆ بکەینەوە، دەکرێ لێرە یاساکە بەناوی ماف و ئیمتیازاتی کەمئەندامانیش بێت، بۆیە من لەبەر ئەم دوو هۆیە پێم باشە ناوی یاسایەکە (حقوق و امتیازات احتیاجات الخاصة) ماف و ئیمتیازاتی خاوەن پێداویستیە تایبەتیەکان بێت، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

بەڕێز سکرتێری پەرلەمان کاك فرست مداخەلەیەکی هەیە کەرەمکە.

بەڕێز فرست احمد عبدالله/سکرتێری پەرلەمان:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

26 کەس لە بەڕێزان ناوی خۆیان نووسیوە، باسی دوو عنوان بکەن، یان خاوەن پێداویستیە تایبەتیەکان بێت، یان کەم ئەندام، بەڕەئی من دوو کەس دیفاع لە عنوانی ئەوەل بکەن، دوو کەس دژ بن، تەسویتی لەسەر بکەین، چونکە 26 کەس مانای وەیە سێ سەعاتی تر هەر نیقاش لەسەر عینوانەکە ئەکرێت، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

مەوزوعەکە ڕوونە، بەڵام تەسویتی بۆ نیە، با هەر کەس ڕەئی خۆی بدات، موداخەلەت هەیە فەرموو.

بەڕێز عبدالسلام مصطفی صدیق:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

تەسەوڕ دەکەم ئێمە ئیتیفاقمان کرد کە ڕەئی دووەم بێ، موناقەشەی بابەتەکان بکەن، پاشان ڕەئیەکان کۆ بکرێتەوە، لە کۆبوونەوەیەکی هاوبەشی تر بڕیین و لەسەر ئەساسی ئەو ڕەئیانە، پڕۆژەی نیهائی تەقدیم بکەین و ئەوکاتە یەك و دوو دژو تەسویت بکەین، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

تکایە تکرار زۆر نەبێ، هەر نەبێ تکرار ئەگەر بکرێت، ڕێزدار هاژە سلیمان، فەرموو.

بەڕێز هاژە سلیمان مصطفی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

دەربارەی ناوی ئەو یاسایە بەڕاستی من پشتگیری لە بەڕێز وەزیری کارو و کاروباری کۆمەلایەتی دەکەم، بەوەی کە بەڕاستی ئەو پێنج پڕۆژەیە، مەسەلەی کورتە بالاکان زۆر فەرقی هەیە لەگەڵ ئەوانەی کە کەمئەندامن، بۆیە بەڕاستی ناکرێ مەسەلەی کورتە بالاکان لەناو ئەو یاسایەدا جێگای بکرێتەوە، دوو، دوو شەخسن که جیاوازیان هەیە زۆر لە تەکوینی جەستەیان، هەر تەعریفیش کراون بەڕاستی، هەر یەکەو تەعریفێکی خۆی هەیە، بۆیە بەڕاستی پێشنیاریش دەکەم کە ئەگەر ئەوە تەنها بۆ کەمئەندامان بێت، یان خاوەن پێداویستیە تایبەتیەکان بێت، ناوی یاسایەکە بەو شێوەیە بێت (رعایة وتأهیل ذوی الاحتیاجات الخاصة) زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

ڕێزدار ئەڤین عمر کەرەمکە.

بەڕێز ئەڤین عمر احمد:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

هەڵبەتە من لەگەڵ ڕەئی دوهەمم، کە ئەڵێ (قانون حقوق امتیازات المعاقین في اقلیم کوردستان) لەبەر دوو هۆکار، یەکەمیان لەبەر ئەوەی ئێمە ئەسڵەن ئەزانین ئەم یاسایە ئەو مەوادانەی کە تیایە، بەهیچ شێوەیەك باسی (ذوی احتیاجات خاصة) ناکات، بەڵکو زیاتر باسی موعەوەق دەکات، هەر لە تەعریفەکەیەوە تاوەکو هەمووی، هیچ ماددەیەك لە ماددەکانی فەرق ناکات، (ذوی الاحتیاجات الخاصة)چونکە جیاوازن، کەم ئەندامەکانیشیان معاقیب خۆیان جودان، هۆکاری دووەم ئەوەیە، ئێمە پڕۆژە یاسای ئەنجومەنی وەزیران کە بۆ پەرلەمان هاتووە بە کتابی ژمارە (15984) لە 12/28 کردمان بە ئەساس، کە ئێمە ئەو یاسایەمان، ئەو پڕۆژەیەمان کرد بە ئەساس، کەواتە خۆی ئەساسەن ناوی (رعایە المعوقین) ماددەکانیشی باسی چۆن حقوق و ئیمتیازات بۆ معەوەق دابین ئەکەی، نەوەك بۆ (ذوی الاحتیاجات الخاصة) زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، ڕێزدار سۆزان شەهاب کەرەمکە.

بەڕێز سۆزان شهاب نوری:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

من پشتگیری ڕای وەزیر دەکەم، کە یاسای کەمئەندامان بێت، دەنگیشمان دا ئێستا بۆ ئەوەی پڕۆژەی حکومەت ببێتە ئەساس، پڕۆژەی حکومەتیش (رعایە المعاقین فی اقلیم کوردستان)ە، من حەز دەکەم بۆ ئەو

بەڕێزانەی کە باسی (ذوی الاحتیاجات الخاصة) ئەکەن، حەز دەکەم کە چەند نموونەیەکیان بۆ بێنمەوە، بۆ ئیحتیاجاتی خاسە چیە، ئەوانەی مەشاکیلی نوتقیان هەیە، ئەوانەی ئیکتیئاب و تەخەلوفی عەقلیان هەیە، ئەوانەی ئینتیوائیەو شیزۆ فرینیایان هەیە، ئەوانەی ئیرهاقی موزمنیان هەیە، ئەوانەی موتەلازیمەی داون، ئەوانەی کە لای خۆمان پێی ئەڵێن مەنگۆلەکان، ئەوانەی داء کرۆنیان هەیە، ئەوانەی داء فیلیان هەیە، ئیدمان، حاڵەتی ئیدمان ئێستا بووە بە (ذوی الاحتیاجات الخاصة)چونکە تۆ ئەبێ ئەو کەسە هینێکی تایبەتی پێ بدەی، ئیهتیمامێکی تایبەتی پێ بدەی، بۆ ئەوەی بتوانێت تەئهیل ببێ لەناو ئەو ژیانە، بەردەوام بێ بۆ ژیان، ئۆتیزم، ئەوانە هەمووی بە (ذوی الاحتیاجات الخاصة)یە، کەواتە لە ئەسلاً لە هەموو دونیا هێنراون و کراون بە دوو بەشەوە، ئەوەی کە موعاقە لەڕووی جەستەییەوە کە ناتوانێت بەردەوام بێ لەکاری ڕۆژانە، ئەوانەی ئیحتیاجاتی خاسە، حەز دەکەم ئەوانەی کە بچنە سەر پەیجی (UN) لەوێ سەیری بکەن، ئەوانەی (ذوی الاحتیاجات الخاصة) چۆن تەسنیف کراوە، ئەوانەی موعاقین چۆن تەسنیف کراوە، لەوەی بەدەر کە لە دونیا مەعمولی پێ کراوە، لە ستانداردەکانەوە، ئەمە سەبارەت بە موعەوەقەکان، ئەوەی کە کورتە باڵکانیش، ئەوە بەڕێز وەزیریش ئیشارەتی پێیدا، لەدوایی یاسایەکی تایبەت ئەوەی کە هاتووە ئەو دوانەش ڕێك دەخەین، بەیەك یاسا دەری دەکەین، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، ڕێزدار برهان رشید کەرەمکە.

بەڕێز برهان رشید حسن:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بەڕێز ئێمە کە داوا دەکەین یاسایەکە، بۆ معەوەقیش بێ و بۆ خاوەن پێداویستی تایبەتیش بێ، هەڵبەتە دوو حیکمەتی تیایە ئێمە داوا دەکەین، حیکمەتی یەکەم ئەوەیە کە تەنها کەمئەندام پێویستی بەهاوکاری دوروبەرو دەوڵەت نیە، تازەترین تەعریفی دەوڵەتیش، دەوڵەتی لیبرالْ دوو ئەرکی هەیە، تەنزیمی دەوڵەت و دیفاع لێی، لەگەڵ تەقدیمی خەدەمات، خاوەن پێداویستی تایبەتی وەکو موعەوەق و کەم ئەندام پێویستی بە هاوکاری خێزانی و دەوڵەت و حکومەت هەیە، لەبەر ئەوەی کورتە باڵاش خاوەن پێداویستی تایبەتیە، کەم عەقلیش خاوەن پێداویستی تایبەتیە، تالاسیماش خاوەن پێداویستی تایبەتیە، ئەمانە خێزانەکانیان گیریان خواردووە بە دەستیانەوە، باوکە ئیش ناکات خزمەتی ئەمە ئەکات، دایکە ئیش ناکات خزمەتی ئەمە دەکات، یەعنی حاڵەتێکیان هەیە، حاڵەتێکی ئینسانیە، ئەم مەوزوعە دووڕە لە سیاسەت، مەوزوعێکی ئینسانیە، کەمن لەبەر ناحیەی ئینسانیەکەی پشتگیری دەکەم، بۆ ئەوەی بتوانین هاوکاری هەموو ئەوانە بکەین کە پێویستی تایبەتیان هەیە، ئەوانەی کە تالاسیمایان هەیە بەڕاستی وەزعێك تیان هیچی لە کەمئەندام ئەمتر نیە، سەبەبی دووەمیشی کە ئێمە داوای دەکەین، خاوەن پێداویستی تایبەتی شمول بکات، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ئێمە سااڵنێك و شەش مانگمان ماوە بۆ پەرلەمان، ئەگەر بە حیساب حیسابی بکەیت، 120 کۆبوونەوەمان نەماوە وەکو جەلسە، بە قەلەم و وەرەقە حیسابی بکە 120 کۆبوونەوەمان

نەماوە، ئایا ئێمە لەمانگی 11 ی 2009 ئەم مەشروعە تەقدیم کراوە، بە دوو سالّ گەیشتووینەتە ئێرە، چەندەها مەشروعی گرنگ هەیە وەك بە دەستهێنانی زانیاری، وەك نەهێشتنی ئیحتیکار، ئایا ئەکرێت ئێمە سالّێکی تر مەشغول بین بۆ کورتە بالاّو بۆ خاوەن پێداویستی تایبەت، تالاسماو ئەمانەی دەربکەین، چی تێ ئەچێت مەشروعەکە ناوەکەی کەمئەندامیش بێ و خاوەن پێداویستی تایبەتیش بێت، تەنها ئەو ماددانەی کە باس دەکرێت، موبەریر ئەوەیە تەنها ناوی معەوەق هاتووە، ئەتوانین بلّێین (معوق وذوی الاحتیاجات الخاصة) بەراستی بەمە خزمەتێکی گەورەمان بەو عائیلە هەژارانە کردووە، کە زەلیلن بەدەست ئەو ئەفرادانەی عائیلەکەیانەوە کە ئەم حالّەتەیان هەیە، من زۆر سوپاستان دەکەم ئەمە ناحیەیەکی ئینسانیە، بۆیە داوا دەکەم پشتگیری بکەین، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، ڕێزدار کاردۆ محمد کەرەمکە.

بەڕێز کاردۆ محمد پێرداود:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

من پێموایە ئەگەر ئێمە تەماشایەکی شارستانیش بکەین، یان ئینسانیانە تەماشا بکەین، لە ڕووی واتاشەوە یەکێك لە هۆکارەکانی بەکارهێنانی کەمئەندام، بۆ گێڕانەوەی ئەو خەلّکانەی کە خاوەن پێداویستین، یان کێشەیان هەیە، تۆ یەکسەر پێی دەلّێی کەمئەندام، ئەمە کێشەیەکی سایکۆلۆژی بۆ دروست دەکەی لەوەی بلّێی ئەمە خاوەن پێداویستی تایبەتە، هەولّ دەدەین ئەو پێداویستیانە دابین بکەین وەکو ئینسانێکی ئاسایی لە کۆمەلّ بتوانێت ڕۆلّی خۆی ببینێت، ئەمە خالّێکیان کە دەبێ لەبەرچاوی بگرین، خالّێکی تر هەیە، کە ئایا ئەم یاسایە لەناوەڕۆك یان وەکو وەزیری کاروباری کۆمەلاّیەتی باسی دەکات، بە تەعلیمات ئێستا دابینی پێداویستی هەموو ئەو خەلّکانە ناکەن کە دەیان گرێتەوە، کە خاوەن پێداویستی تایبەتن، چی تیایە کورتە بالاّ ئەو تایبەتمەندیەی هەیە، ئێمە پڕۆژەیەکی تایبەتی بۆ دیاری بکەین، چیە ئەم خالّەی لە بواری وەرزشی، لە بواری وەزیفی، لە بواری تەندروستی، لە بواری سەحی، لەباری پێگەیاندن، لە بواری نەوا دروست کردن بۆی، یەعنی جیاوازیەکە چیە کە لەم یاسایە لەناوەڕۆکی ئەم یاسایەدا نیە، ئەم دەیەوێ ئیزافەی بکات بە پڕۆژەیەکی کورتە بالاّ، من پێموایە خۆیان داوا دەکەن، ئەمڕۆ پەیوەندیان بەمن کرد، یەعنی ئێمە نەکەوینە سەر ئەوەی کە یەکێك داوای کردووە، پەیوەندیان بە من کرد وتیان ئەگەر ئەم یاسایە، دابین کەری مافەکانی ئێمەش دەبێ لە ڕووی ناوەڕۆکەوە، ئێمە زۆر پێمان باشە یاسایەکی وابێ کە مافەکانی ئێمەی تێدا پارێزراو بێ، کێشەمان لەسەر ناو نیە، بەلاّم من پێموایە ناوەڕۆکی ئەم یاسایە کورتە بالاّش دەگرێتەوە، کەمئەندامیش دەگرێتەوە، هەموو ئەوانە دەگرێتەوە وەکو هاوڕێم کاك بورهان باسی کرد، کە خاوەن پێداویستی تایبەتن و حکومەت ئەم ئەرکە دەگرێتە ئەستۆی، یاساکەش دەبێتە یاسایەك کەمافیان دەپارێزێت، نەوەك دەیدەینە دەست قەدەر خوا دەزانێ کەی بۆ کورتە بالاّ یاساکە دەردەچێ، لەکاتێکیشدا لە ڕووی یاساییشەوە ئێمە وتومانە، ڕاستە ئەوەی حکومەتمان کردۆتە ئەساس، بەس ئەلّێن

ئەمە پێنج پرۆژەیە لێکمان داوە پاڵپشتی حکومەت دەکات، ئەی کوا پرۆژەکەی کورتە باڵا؟، کە تۆ بە تایبەت سەیری دەکەی؟، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، ڕێزدار ئاشتی عەزیز فەرموو.

بەڕێز ئاشتی عزیز صالح:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

من بەرگری لەوە ئەکەم کە ناوی یاساکە بگۆڕدرێ بۆ یاسای چاودێری کردن و مافی خاوەن پێداویستیە تایبەتیەکان، بەرگریەکەشم لەوەوە سەرچاوە ئەگرێت کە تەئیدی وتەکانی کاك کاردۆ ئەکەم لە ڕووی سایکۆلۆجیەوە، کە تۆ موخاتەبەی یەکێکی خاوەن پێداویستی تایبەت دەکەی، بەردەوام پێی بڵێی کەمئەندام خۆی جۆرێکە لە ئەوەی کە بەردەوام بیری ئەخەیتەوە کە ئەو ئەندامێکی کەمتزە لە مرۆڤی ئاسایی، یەکێکی تر لە چارەسەرکردنەکانی ئەم پرۆژەیەش لە کوردستانەوە بەداخەوە پرۆژەیەکی یاسا نیە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی کورتە باڵاکان، بۆیە ئەمە دەرفەتێکی باشە تاکو غیابی یاسایەك هەبێ بۆ ئەوان، ئەمە یاسایەکە ئەوان لە خۆیان بگرێ، لەسەر ئاستی نێو دەوڵەتیش ئەو ڕێکخراوانەی کە کار بۆ مافی کەمئەندامان ئەکەن و وشەی (DISABLE) بەرەو ئینقیراز ئەڕوات، بەرەو نەمان ئەڕوات و بەردەوام وشەی خاوەن پێداویستیە تایبەتەکان لە شوێنی بەکار ئەهێنرێت، ئەمە عورفێکی جوانە لە پەرلەمانی کوردستان کە هەوڵ بدات هەمیشە ئەو پرۆژانە لە ڕەشنووسەکاندا بەکار بهێنێت کە وشەیەك بێت و شێوازێکی پۆزەتیڤی هەبێت، خەڵك پێی بریندار نەبێ، بۆیە بەرگری دەکەم کە ئەم ناوە بگۆڕدرێ بۆ خاوەن پێداویستی تایبەت، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، ڕێزدار پەیمان عبدالکریم فەرموو.

بەڕێز پەیمان عبدالکریم عبدالقادر:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

پشتگیری لە ڕایەکانی کاك کاردۆ و ئاشتی خان دەکەم، کە ناوی پرۆژەکە بەناوی خاوەن پێداویستی تایبەت بێ، هەروەها کورتە باڵاش جیا نەکرێتەوە ولەو پرۆژەیە جێگای بکرێتەوە، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، ڕێزدار ڕێباز فتاح.

بەڕێز ڕێباز فتاح محمود:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

من لەسەر ناوەکە، پێموایە ناوێك بدۆزینەوە لەسەر یاساکە بڕوات، ئەصڵی هەدەف یاساکە ئەوەیە کە ئەو کەسانە، ئەگەر کەمئەندامە یاخود هەر کەسێکی تر، کە ئەو یاسایە دەیەوێت خزمەت بە ئەو کەسە بکات

که ناتوانێ کار بکات، ناتوانێ له ڕێگای کارەوە دەرامەتێك بۆ خۆی بەدەست بێنێت، کێشەکە ئەوە نیە کە کەمئەندامە، ئەگەر ئێمە باسی ئەوە بکەین کە کەمئەندام کێ ئەگرێتەوە؟، خۆی یاساکە باسی ئەوەی کردووە، ئەو کەسانەی کە تەخەلوقی عەقلیان هەیە، هەر بە گوێرەی ئەم یاسایە دەبێت هاوکاریان بکرێت، بەڵام ئەوانە خۆ کەمئەندام نین، کەمئەندام ئەوەیە کە یەکێك لە ئەندامەکانی نیە، وشە ئەصڵیەکە لە ئەصڵدا DISABLE ئەصڵەن یەعنی کەم توانایی نەك کەمئەندامی، یەعنی یاساکەش هەدەفەکە کە خزمەت کردنی ئەو کەسانەیە کە ناتوانن کار بکەن، کەواتە ئەبێ وشەیەکی دیکە بدۆزینەوە، ئایا خاوەن پێداویستی تایبەتە؟، ئایا کەمئەندامە؟، کێشەکە ئەوە نیە کە ناوەکە چیە؟، بەڵام کەمئەندام ناتوانێت کە مەفهومی یاساکە بگەیەنێت، لەبەر ئەوەی کە یاساکە هەدەفێکی دیکەی هەیە کە فراوانترە لەوە، لەو دابەش کردنەی کە سۆزان خان باسی کرد، یەکێك لەو دابەش کردنەکان کە ئەو دیسئیبیلیتیەیە کە نابینرێت، مەسەلەن یەکێك هەیە عیجزی کلیەی هەیە، راستە نەخۆشیە، بەڵام لەبەر ئەو نەخۆشیەیە ناتوانێت کار بکات، لەبەر ئەوە دەبێ هاوکاری بکرێت، هەر ئەو کەسەی کە لەبەر ئەوەی قاچێکی نیە یاخود دەستێکی نیە، کەمئەندامە ناتوانێت کار بکات و هاوکاری دەکرێن، بەو سەبەبە هاوکاری دەکرێن، بە هەمان شێوە ئەو کەسەش کە ئەو نەخۆشیەی هەیە، یاخود تە خەلوقی عەقلی هەیە، یاخود ئەوەی کە ئۆتیزمی هەیە، بۆیە یەکێك کە مەنغۆلە مەسەلەن ئەو یاسایە نایگرێتەوە و بە گوێرەی ئەم یاسایە هاوکاری ناکرێت، کەواتە هەر ئەو سەبەبە وا ئەکات کە ئێمە مانایەکی فراوانتر بۆ ئەو یاسایە بدۆزینەوە کە بتوانێت ئەو کەسانەش بگرێتەوە، ئەچێتە چوارچێوەی ئەو خانەی کە پێی ئەوترێت کەمتوانایی نەبینراوە، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، ڕێزدار پەیام ئەحمەد فەرموو.

بەڕێز پەیام احمد محمد:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

من ڕەئیم لەگەڵ ڕەئی یەکەمدایە، قانون حقوق و امتیازات ذوي الاحتیاجات الخاصة، لەبەر ئەوەی ئەو برادەرانە زۆر بە ڕوونی باسیان کرد، ئەم ناوە عینوانێکی گشتگیرترە، لەبەر ئەوەی کورتە بالاکانیش ئەگرێتەوە، زۆر شیاوترە بۆ ئەوانەی کە باس بکرێ کە معەوقینن یان کەمئەندامەکانن، ئەوە گشتگیرترە و باشترە، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار پەروین فەرموو .

بەڕێز پەروین عبدالرحمن عبدالله:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

دیارە من لەگەڵ ڕەئیەکەی وەزیرە خانم، قانون حقوق و امتیازات المعاقین و ذوي الاحتیاجات الخاصه، ئەو کات تۆ دەتوانیت هەم خزمەت بە کورتە بالاکان بکەی و هەم خزمەت بە خاوەن پێداویستیە تایبەتیەکان

بکەیت، بە مەرجێك لە بڕگەکاندا پێناسەی کەمئەندام و خاوەن پێداویستیە تایبەتیەکان بکرێت، چونکە هەندێك نەخۆشی لەوانەیە بە کەئەندام حیساب بێ، بە خاوەن پێداویستی تایبەت حیساب نەبێ، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، رێزدار جەمال طاهر فەرموو.

بەڕێز جمال طاهر ابراهیم:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

ئەگەر بڕیین و سەیری قانون بە گشتی بکەین و ئەم ماددەیە، عینوانی پرۆژە وا دیارە تێکەڵاو بووە، بڕیین سەیر بکەین لە تەعریف موعاق هاتیە، ذوي الاحتیاجات الخاصە زۆر دووبارە بوویتە وە لەناو مەتنی قانونەکە، پێویستە وشەی یان موستەلەحی موعاق بەکاربهێنن، ببێتە قانون حقوق و امتیازات المعاقین، چونکە کەلیمەی موعاق لەگەڵ ژوی الاحتیاجات الخاصە یەعنی فەرقێکی زۆرە، ئیحتیمال ذوي الاحتیاجات الخاصە کێشەکە بەر وەختە، یەعنی وەختیە، ئیحتیماله چارە بێ، بەڵام موعاق بەردەوامە، ئیتر پێویستە قانونێکی تایبەتیان بۆ دەربچێت، یەعنی بۆ موعاقین، ئەگەر هاتو بووە ذوي الاحتیاجات الخاصە لازمە تەعریفی ئەوە بگۆڕدری و لێرە بێتە نووسین، نووسینەکانی ئەوەش دووبارە ئیعادە بکرێ، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، بەڕێز بەفرین خان فەرموو.

بەڕێز بەفرین حسین خلیفە:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

دیارە ئەو پرۆژانەی کەوا هاتوون پێنج پرۆژەیە، سی پرۆژەیان تایبەتە بە کەمئەندامان و خاوەن پێداویستیە تایبەتیەکان و دووانیشیان تایبەتە بە کورتە باڵاکان، مادام ئێمە پرۆژەکەی حکومەتمان کرد بە ئەساس بۆ قسە کردن، پرۆژەکەی حکومەت بەناوی یاسای چاودێری کەمئەندامانە، کەواتە ئێمە راستەوخۆ کورتەباڵاکانمان بێبەش کرد، کورتە باڵا کەمئەندام نییە، ئەویش ئینسانێکە وەك هەر کەسێکی دیکە، ئەویش کۆمەڵە گرفتێکی هەیە، بەڵام دیارە هەم لە دەستووری عیراق و هەم لە یاسایە ناوەخۆییەکانیشدا و جارنامەی جیهانی مافی مرۆڤ، رێککەوتنامەی تایبەت هەیە بە پاراستنی مافی کەمئەندامان، واتا ناوەکە هەر بە ناوی کەمئەندام هاتیە چ بە دەستوور و چ لە ئەو پرۆتۆکۆلانەی کە تایبەتن بە بەڵگەنامە نێودەوڵەتیەکان بۆ پاراستنی مافی کەمئەندامان، بۆیە منیش پێشنیار دەکەم کە یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەمئەندامان بێت، و پرۆژە یاسایەکیش پێشکەش بکرێ بۆ کورتە باڵاکان، چونکە لەناو پێناسەکەدا و لەناو دەقی گفتوگۆی ناو پرۆژەکەدا تایبەتە بە کەمئەندامان نەك خاوەن پێداویستی تایبەت، بۆیە پێویستە کورتە باڵاکان پرۆژەی تایبەت پێشکەش بکرێ بۆیان و جیا بکرێنەوە لە یەك و، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، ڕێزدار ژیان عومەر.

بەڕێز ژیان عمر شریف:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

دیارە من بیدایەت ڕەئێکی دیکەم هەبوو کە ویستم منیش لەگەڵ ڕەئی یەکەم بم، بەڵام دوایی کە گوێم لە برادەران ڕاگرت و خۆشم و سۆزان خانیش، چونکە خۆی معوەق یەکێکە لە خاوەن پێداویستیە تایبەتەکان، وەکو وتیان ئەوانەی نەخۆشی درێژخایەنیان هەیە، تالاسیمیایان هەیە، مەنغولی، ئەوانە هەموویان خاوەن پێداویستی تایبەتن، ئەوانیش خۆی ئێمە مادام هینی حکومەتمان کردووە بە هینی موناقەشەی خۆمان، بە پێی ڕاپۆرتی هاوبەش، ناوەڕۆکەکی بۆ معوەقینە، یەعنی ئێمە غەدرێك ئەکەین بەوانە، چونکە ناوەڕۆکەی بۆ ئەوانە، ئەوان پێویستە یاسای تایبەتی خۆیان هەبێ، من لێرەوە داوای ئەوە ئەکەم کە بە زووترین کات یاسایەکە ئامادە بکەین، یان بۆ هەموویان بە یەکەوە یان بۆ کورتە بالاکان، ئێمە خۆمان لە لێژنەکە ڕاپۆرتی خۆمان نووسیوە بۆ کورتە بالاکان، لەگەڵ ئەوەین ئەوان یاسای خاصی خۆیان هەبێ، بە ڕەئی من ئەوە غەدرێکە لەوانی تر دەکرێ، حکومەت ئەڵێ معوەقین بە تەنیا، تەعریفەکەش هەر بۆ معوەقینە، بۆ ئەوەی ئەو غەدرەیان لێ نەکرێت، یاسایەکی تایبەتی خۆیان هەبێ، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، بەڕێز سالار محمود فەرموو.

بەڕێز سالار محمود مراد:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

لە ڕاستیدا هەر ئەوەندە ئەخایەنێ بۆ پێش پرۆژە یاسا ڕاپۆرتێکی هاوبەش ئامادە دەکرێ، ئەوەندە تەئویل و تەفسیر هەڵدەگرێ، چونکە جیاکردنەوەی ئەو هەموو خاوەن پێداویستیە تایبەتیەکان لە یاسایەکدا ئەکرێ تێڕوانینی جۆر و جیاواز لە خۆ بگرێ، من ڕام وایە ئەم پرۆژە یاسایە پێویستە عینوانەکەی شاملتر بێ بۆ ئەوەی ڕەنگدانەوەی ئەو خاوەن پێداویستیانەی تیایدا ڕەنگ بداتەوە کە لە ئەساسدا پرۆژەکانی بۆ ڕێکخراوە، هەر چەندە پرۆژەی حکومەتیش کراوەتە بنەما، بە پێی مەعاییری نێودەوڵەتی ئەو کەسانەی کە خاوەنی ئیحتیاجاتی خاصەن، پێداویستی تایبەت و کەمئەندامانن، ئێستاکە لە ڕووی ناویشەوە لە باری دەروونی و لە باری کۆمەڵایەتی و لە باری جەستەیشەوە موراعاتی ناوهێنانی دەکرێ، بۆیە من تەصەوەرم وایە ناو هێنانی یاساکە بە شیاندن و بە خاوەن پێداویستیە تایبەتیەکان ئەتوانێ کۆمەڵێك لەو ماف هەم ئیمتیازات و هەم تایبەتمەندیەکانیان ڕەچاو بکات، ئێمە لە پەرلەماندا لە خولی پێشوو لە ساڵ 2007 یاسای کەمئەندامانی سەنگەرمان دەرکردووە، ئەمە تایبەتمەندییەتی تۆڕێك دەردەکات، کەمئەندامان لە کۆمەڵگای ئێمەدا بۆ ئەو بارودۆخەی لەو کات و ساتەدا پەرلەمان دەیەوێت یاسایەك بۆ دەستەبەرکردنی ماف و ئیمتیازاتی خاوەن

پێداویستی تایبەت و کەمئەندامان بچەسپێنێ، تەصوەرم وایە پێویستی بە ناونیشانێکی بەرفراوانە وەکو ئەوە ئاماژەم پێکرد و سوپاستان دەکەم.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، بەڕێز سمیرە خان.

بەڕێز سمیرە عبدالله اسماعیل:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

من لەگەڵ رەئی دووەمم(قانون حقوق و امتیازات المعاقین فی اقلیم کوردستان)، چونکە ئەمە زیاتر لەگەڵ ئەو پرۆژەی کە کردیتمانە ئەساس دەگونجێت، لەگەڵ ناوەرۆکی، هەروەها لەگەڵ پێناسەکەشی و، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، ڕێزدار شفان احمد.

بەڕێز شفان احمد:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

مـن دەبێـنم لوغزێـك هەیـە، موعـاق لێـرە ئیحتیمالـە تەرجومەیـەکی دەقیـق کەمئەنـدام نـەبێت، موعـاق، عائیقێکە جا چ بەدەنی بێت چ جسمی بێت، چ عەقلی بێت، بۆ هەر کەسێك کە تووش بووبێت، من وا دەبینم کەمئەنـدام و ذوي الاحتیاجـات الخاصـە هـەموویان ذوي الاحتیاجـات الخاصـە، حـەتا کورتـە بالاکـانیش ذوي الاحتیاجات الخاصەن، لە ژێر عامودەکە ئەوانە دەگرێتەوە، جا بۆیە بۆ تەفادی ئـەم غومـوزەی کـە هەیـە مـن پێم وایە کە دەمج بکـرێ، قـانون حقـوق و امتیـازات المعـاقین(ذوي الاحتیاجـات الخاصـە فی اقلـیم کوردسـتان)، هەموو دەگرێتەوە، کەس نامینێ، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، بەڕێز شلێر خان.

بەڕێز شلێر محی الدین صالح:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

من پشتگیری لە رای ئەو برادەرانە دەکەم کـە دەیانـەوێ پرۆژەکـە بـە نـاوی خـاوەن پێداویستی تایبـەت بـێ، لەبەر ئەوەی وشەی خاوەن پێداویستی تایبەت لە کوێوە هاتووە، خـۆی جـاران هـەموویان پێیـان دەوتـرا کـەم توانا یان معوقین، لە هەموو کەم توانایـانی جیهان داوایـان کـرد، لەسـەر داوای ئـەوان ئـەو وشـەیە گـۆڕدرا بـە خاوەن پێداویستی تایبەت، کەواتە خاوەن پێداویستی تایبەت هـەموویان دەگرێتـەوە، کەمئەنـدام تەرجومـەی معەوەق نیە، کەم توانای ژیریە، کەم توانای بینایی، بیستنە، بینینە ئەوانە هەمووی کەم توانانە، کەم توانای ژیـریش جـۆری زۆر زۆرە، هـەموو نەخۆشـیەکانی دەروونـی دەگرێتـەوە، نەخۆشـی هیمۆفیلیـاو، تالاسـیمیاو ئۆبتیزم و ئەوانە هەمووی دەگرێتەوە، هەروەها کورتە بالاْ دەگرێتەوە، بۆیە پێویست ناکات یاسایەکی تایبەت بە کورتە بالاکان دەربچێت، چونکە کورتە بالاْ ئەویش خـاوەن پێداویستی تایبەتـە، بۆیـە مـن پشـتگیری لـەوە

دەکەم کە بە ناوی خاوەن پێداویستی تایبەت بێ، وشەی عوق، یەعنی (وجود عائق بالطریق) بە عەرەبی کە کۆسپەك لەبەر دەمی هەیە، کۆسپەکە سەبەبەکەی کەم توانایی ژیریە، نەخۆشیە، کورتە بالأییە، هەمووی کۆسپی لەبەردەمە، ئەمەیە مانای عوق، بۆیە خاوەن پێداویستی تایبەت هەموویان دەگرێتەوە، پێویست بە یاسای جیاواز ناکات، بە ڕێنمای مافی هەموویان بپارێزرێت، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، ڕێزدار سیوەیل عثمان کەرەمکە.

بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

ئەگەر سەرەتا ئێمە بهاتبایینە سەر تەنها ئەو شەرحەی برادەران لە لیژنەی هاوبەش کردیتیان، ڕاپۆرتەکەیان ئامادەکردووە، ئەگەر بەڕێزت بتخستبایە دەنگدان، ئایا ئەگەر قصار القامە)داخلی ئەو یاسایە بێت یان داخل نەبێت، ئەگەر قەسیرەی قامە داخیلی ئەم یاسایە بێت، ئەوکاتە دەبێ بڵێین (ذوی الاحتیاجات الخاصة) چونکە قەسیر قامە، معەوەق نیە، تەنیا بالای کورتە، دەبێ بڵێین(الاحتیاجات الخاصە)، ئەگەر قەسیری قامە، داخلی ئەو مەشروعەی نەبێت، لەناو نیشانەکەی ئەوکاتەی دەتوانین بڵێین قانون (حقوق رعایە المعوقین) یان نا؟، یەك پێشنیارم هەیە، ئەگەر ئەو پێنج مەشروعە دەبێتەوە یەك، دەبێ (ذوی الاحتیاجات الخاصة)بێت، ئەگەر نابێتەوە یەك، ئەگەر معەوەقینیش بێ ئیعتیادیە، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

ڕێزدار شێرزاد حافظ کەرەمکە.

بەڕێز شێرزاد عبدالحافظ شریف:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بەڕاستی قسەکانی من هەمووی کرا، ئەوەی ماوەتەوە دەمەوێ بیڵێم، پشتگیری لە ڕایەکەی کاك کاردۆ و ئاشتی خان دەکەم، یاسای چاودێری خاوەن پێداویستیە تایبەتەکان، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار هاوڕاز خۆشناو کەرەمکە.

بەڕێز هاوڕاز شێخ احمد:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

دیارە ئێمە کە پێنج پرۆژە یاسا لەبەر دەستدابوون، ئەو یاسایانە تایبەت بوون بە کەمئەندامان و خاوەن پێداویستیە تایبەتەکان، کەچی ئێستا ناوەڕۆکی ئەو ڕاپۆرتە تەنها بەوە دەکات، تەبعەن هەر لەپێناسەکەیەوە تاوەکو ئەسبابی موجەبە، تەنها باسی لە معەوەقینە، لەبەر ئەوە من پێم باشە بەڕاستی بەو شێوەیە نەبێت، چونکە خۆی ناوەڕۆکی ئەو ڕاپۆرتەی کە هاتووە تەنها باسی معەوەق و ئیحتیاجاتی خاصە نیە، لەوێش ئەگەر ناوەکە وابێت من پێم باشە لەدیدی ئێمەوە ئەوە جیاوازی هەیە معەوەقین

لەگەڵ خاوەن پێداویستی تایبەت، جیاوازییان هەیە، لەبەر ئەوە لەوانەیە ئەوە گشتگیر تر بێت، ئەوە باشتر بێت، ئەگەر خاوەن پێداویستی تایبەت بێت لەوەی کە کەمئەندام بێت، من ئەوەم پێ باشە، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، ڕێزدار ناسك توفیق، فەرموو.

بەڕێز ناسك تۆفیق عبدالکریم:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

دیارە قسەکانی من کران، کاك کاردۆ شلێرخان و زۆربەی ئەو برادەرانە کردیان، بەس من هەر بۆیە دەنگیشم نەدا لە دەنگدانەکەدا، لەبەر ئەوەی کە دەڵێیت دەمجی پێنج مەشروع کراوە، وە مەشروعی ئەنجومەنی وەزیران ئەساسی موناقەشەکەیە، لێرە ئۆتۆماتیکی ئەوەی کە لەوەزارەتەوە هاتووە، بەڕێز جەنابی وەزیریش دیفاع لەوە دەکات، کە کەمئەندام بێت، چونکە ئەوەی خۆیان خاص بووە بە کەمئەندام، لەبەر ئەوە مافی خۆیەتی کە دەڵێت با ئەوە بێت، بەڵام ئێمە لێرەدا نازانم ئەوە چۆن بەسەر لیژنەکەدا تێپەڕیوە، کێ پێنج مەشروعی دەمج کردووە؟، ئەم پێنج مەشروعە دوانیان پەیوەندی بە کورتەباڵاکانەوە هەیە، ئەوانی تریش پەیوەندی بە کەمئەندامەکانەوە هەیە، ئینجا یەکێکیان لە حکومەتەوە هاتووە چوارەکەی تری لە ئەندامانی پەرلەمانەوە پێکەش کراوە، تۆ کە دێیت ئەوەی حکومەت دەکەیت بە ئەساس، ئەو تەنها باسی موعاق ئەکات، تەنها باسی کەمئەندام دەکات، بۆیە تێکەڵیەك هەبوو بەڕاستی، من بۆیە دەنگم بۆ نەداوە، چونکە تۆ ئەبێت یەکلای بکەیتەوە، ئایا دەتەوێ دەمجی ئەم پێنج مەشروعە بکەیت؟، چونکە جارێکی تر نابێت بڵێین با پرۆژەیەك تەقدیم بکرێت بۆ کەم ئەندام، چونکە تەقدیم کراوە، خۆێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە، ئەم هەموو ڕەنجەمان بەزایع دەڕوات، ڕاپۆرتی لەسەر نووسراوە، یەعنی تۆ دێیت دیسان چاوەڕێ بین پرۆژەیەك تەقدیم بکرێت بۆ کورتەباڵاکان، بەڕاستی ئەمە ستەمە لە جوهدی ئەندامانی پەرلەمان دەکرێت، چ ئەوانەی کە تەقدیمیان کردووە، چ لیژنەکان کە کۆبوونەوەیان کردووە، چ مافی تۆێژێکیش ئەخورێت کە کورتەباڵاکانە، بۆیە من پێم باشە ببێت بە یاسای ماف و ئیمتیازاتی خاوەن پێداویستی تایبەت بێت، بەڵام کە دێینە سەر بڕگەو بابەتەکان، ئاگامان لێبێت تەعریفی خاوەن پێداویستی تایبەت بکەین، ئەبێت کورتەباڵاکان جێگا بکەینەوە، بۆ ئەوەی هەم ماندوبوون و ڕەنجی ئەندامانی پەرلەمان و لیژنەکان بەزیادە نەچێت، هەم ئەوەشی کە ئەنجومەنی وەزیران داوایان کردووە، تێیدا جێگای ببێتەوە، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، ڕێزدار فازڵ بەشارەتی، فەرموو.

بەڕێز فاضل محمد قادر(بەشارەتی):

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

سوپاس، قسەکانم کران.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، ڕێزدار دلێر محمود، فەرموو.

بەڕێز محمد دلێر محمود:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بەڕاستی ئێمە کەهاتو پرۆژەکەی حکومەتمان کرد بەئەساس بەزۆرینەی دەنگ، تەنها 2 ئەندام نەبێت، باشە لێرەدا ئەبێت ئێمە لەگەڵ ئەوەدا بین کە بڵێین یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەمئەندامان لەهەرێمی کوردستان، چونکە خۆی ناوەڕۆکی یاساکە باسی کەمئەندامان دەکات، باسی ماف وئیمتیازاتی ئەوان دەکات، ئەمە لەلایەک، لەلایەکی تریشەوە، هەر لەیاساکەدا هاتووە کەمئەندام کە بەشێك لەئەندامەکانی لەشی وەکو خەڵکی ئاسایی تر نیە، لەڕێگای لیژنەی توبیەوە دەست نیشان دەکرێت، ئەو لیژنەی توبیە ڕێژەی عجزەکەی بۆ دائەنێت، کەچەند بێت یان چەند نیە، بەس بەنیسبەت کورتەباڵاوە، خۆی کە لەدایك بووە هەر بەو شێوەیە بووە، لەم کاتەدا کە ئێمە ناوی کورتەباڵا نەهێناوە، ئەوە نیە کە ماف وئیمتیازاتی کورتەباڵا بخورێت و ماف وئیمتیازاتی کەمئەندامان بدرێت، کورتەباڵا پێویستە لە تەصنیفی نێودەوڵەتیشدا، کورتەباڵا و خاوەن پێداویستی تایبەت کە تەصنیف کراون هەموویان ماف وئیمتیازاتی خۆیان هەیە، بەڵام هەرکەسەو بەپێی یاسای خۆی، ئەم یاسایە کەلەم کاتەدا دەردەچێت بەقەناعەتی من ناوەڕۆکەکەی بۆ خەڵکی کەمئەندامە، وەهیچ زیانێکیش بەکورتەباڵاکان ناگەیەنێت، کورتەباڵاکانیش یاسای خۆیان بۆ هەیە، بەنیسبەت ماف وئمتیازاتی خۆیانەوە، لەبەر ئەوە تێکەڵ کردنی ماف وئیمتیازاتی بەشەکان لەگەڵ یەکتریدا لەوانەیە بەشێوەیەکی وا بێت کە دەرنەچێت، بەنیسبەت ئەوەی کە ئێمە دەڵێین خاوەن پێداویستی تایبەت لەوانەیە، جۆرە خاوەن پێداویستیەکی کاتی بێت، بۆ ماوەیەك بتواندرێت چارەسەر بکرێت، بەڵام بەس کە ئەوترێت کەم ئەندام، بۆ نموونە کەسێك کە قاچێکی نیە، قاچێکی دەستکردیشی بۆ دروست بکرێت، ئەوە نابێت بەقاچە تەبیعیەکە، هەر قاچێکی کەم ئەندامە، لەبەر ئەوە ئەم بەشانە لەکۆمەڵ، هەریەکەیان ماف و ئیمتیازاتی خۆیان هەیە، هەر یەکەیان پۆلێنی خۆی هەیە، من لەبەر ئەوە لەگەڵ ڕەئی دووەمدام کە دەڵێت ماف وئیمتیازاتی کەم ئەندامان، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، ڕێزدار عبدالسلام بەرواری، فەرموو.

بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بەڕاستی دەربارەی ناوی یاساکە دوو گۆڕانکاریمان کردووە، یەکێکیان: کە لەهەردوو پێشنیار هاتووە، لەباتی (رعاية، حماية) کردوومانە بە (حقوق والامتيازات) لەڕاپۆرتی هاوبەش هۆی ئەم گۆڕینە هاتووە، بەڵام لەهەردوو پێشنیار بەحەقیقەت ئەو ڕاستیەیە کە، ئەگەر بێین تەماشای ناونیشانی فەصڵەکانی بکەین، (حق المعاق في التعليم، في الصحة)هەمووی حەقە، واتە ئەمە یاسای مافەکانە، حقوق و ئیمتیازاتە، چونکە چاودێرییان موعالەجە کراوە، وەزیر لێرەیە، لەیاسای (126)ی چاودێری کۆمەڵایەتی، وە لەیاسای ژمارە(39)ی هەرچەندە بۆ کرێکارانی کەرتی تایبەتە، مەسەلەی زەمانی کۆمەڵایەتیەو خانەنشینیە، بۆیە یەکەمین شت وابزانم کەس باسی نەکرد، وادیارە هەموومان موتەفقین کەناوەکەی جارێ بەشی یەکەمی بکرێت بە ماف وئیمتیازات لە ریعایە، ئەوە دەبێت باسی بکەین، پێشنیارەکە وابوو، ویستم بێهێنمەوە بیرتان، دووەمیان: راستە لەڕاپۆرتی هاوبەش باسی ئەوە دەکەین ئێمە هەر پێنج یاسامان دەمج کردووە، چونکە موهیمەکەمان ئەوە بوو، ئێمە تەکلیف کراین، سێ لیژنە لەگەڵ جەنابی وەزیر دانیشتین و گفتوگۆ بکەین، بەڵام کەمال تەنها بۆ خوایە، ئەگەر بێین ئێمە لەبەشێکدا وتوومانە پرۆژەی حکومەتمان کردووە بە ئەساس، واتە ئێمە پرۆژەیەکی تایبەتمان بە کەمئەندام کردووە بە ئەساس، ئەو دوو سێ پرۆژەی تر کەباسی کەم ئەندام کراوە فیکرەکانی تازەی کە پێویستە بخرێنە ناو یاسا ڕەچاو کراون، من ئیعتراف دەکەم زۆر نەچووین بەرەو تەفاصیلی یاسای کەمئەندامەکان لەو خەیاڵە من شەخصی خۆم دەڵێم باسی لیژنە ناکەم، کە ئێمە موناقەشەی یاسایەك دەکەین دەربارەی کەمئەندام، ئەمە خاڵێكی تر بابێین ئێمە ئەگەر هاتو یاساکە ناوەکەیمان کرد بە خاوەن پێداویستی تایبەت، چ ئەگۆڕین، ئێستا لێرەدا لەبەردەستمان یاسای مەغریب هەیە، زوو تەماشام کرد، ناوی خاوەن پێداویستی تایبەتە، وەرە ناو ماددەکان باسی کەم ئەندام ئەکات للمعاق، وە فی المعاق، والمعاق، ئەگەر ئێمە مەبەستمان وشەکەیە کە بیگۆڕین، پێمان خۆشە کە خاوەن پێداویستی تایبەت بێت، کە وشەکە فراوانترەو ڕاستترەو مودێرن تر، بەڕاستی غەدر لەخاوەن پێداویستی تایبەت دەکەین، ئەو جۆرانەی کە بەڕێز سۆزانی خاڵە شەهاب باسی کرد، چونکە ناوەڕۆکی ئەو یاسایەی کەبۆمان هاتووە کەکردوومانە بە ئەساس، وە ئەنجامی ئیشی ئەو سێ لیژنەیە، بەڕاستی تەنها باسی موعاق دەکەین من نالێم کەمئەندام، چونکە ئەو وشەیە بەڕاستی سەقەتە، ئەمە ڕێگامان لێ دەگرێت کە بیرۆکەیەکی جوان لەلایەن 10 ئەندامی بەڕێز پێشکەش بکرێت کە بیەوێت یاسایەك هەبێت دەربارەی ئەو جۆرانەی تری خاوەن پێداویستی تایبەت، ئێمە ڕێگای لێدەگرین، یاسایەکی ترمان هەیە هی خاوەن پێداویستی تایبەت، بەڵام لەناو یاساکە خاوەن پێداویستی تیابەت هیچ باس نەکراوە، تەنها باسی موعاق کراوە، بۆیە ئێمە لە لیژنەکە ئەو موناقەشەیە بەو ئاراستەیە باسمان کرد، وتمان ئایا ئێمە تەنها هەوڵ

بـدەین ئـەو نـاوە جوانـە فـراوانتر بـەکار بهێـنین؟، یـانیش دەبێـت یاسـاکە بگـۆڕین، کـە هـەموو خـاوەن پێداویستی تایبەت لەخۆی دەگرێت، ئەمەش ئیشێکی دووروردرێژ بـوو، بەڕاسـتی نەچـووینە بـن بـاری، واتـە ئێمە بۆیـە دەڵێین نـاوەڕۆکی باسـی موعـاق ئـەکات، نـاویش بگـۆڕین بکـەین بـەخاوەن پێداویستی تایبـەت، وشەی موعاقیش بگۆڕین لەناو ماددەکان بیکەین بەخاوەن پێداویستی تایبەت ئەوە وازحـە کـە تـەنها باسـی خاوەن پێداویستی تایبەت دەکات، با فێل لەخۆمان نەکەین، واتە بەڕەئی من ئـەم یاسـایە بـە موعـاق باشـە، زۆر شتی ڕەچاو کردووە، من لەباتی جەنابی وەزیر دەڵێم سالێك تەقریبەن بەهاوکاری لەگەڵ ڕێکخراوەکان، لەگەڵ هەندێ (ئێن ، جی، ئۆی)نێودەوڵەتی بە هانا بـردن بـە پسـپۆڕ، بیرۆکـە سـەرەتاییەکانی ئـەم یاسـایە دەرچـووە، کـارێکی بـاش دەکـەین، ئەگـەر ئێمـە بـۆ موعـاق یاسـایەك دەربکـەین، بـەڵام ئەمـە ڕێگـا لەئێمـە نەگرێت بیر بکەین لەیاسایەکی هەمەگیر و گشتی، ئەگـەر بمانـەوێت بـۆ خـاوەن پێداویسـتی تایبـەت و ئـەو جۆرانەی تری کە باسکران، ئینجا یان بەیەك یاسا، کە کاتمان هـەببێت نـەك ئێسـتا، یـان بـە تـەنها بـۆ هـەر بەشێکیان یاسایەك دەربکەین، من تەسەور دەکەم ئەمانە بەشێکن لەم کۆمەڵگایە واجبی ئێمەیـە کاتیـان بـۆ تەرخان بکەین، زیاتر ئێمە بچینە ناو ئیختیصاصاتیان وە بۆ هەر یەکیان یاساش دەربکەین، بەمـە دەتـوانم بەو نەهجەی باسی دەکەم کە موعالەجـەی کـەم ئەنـدامیش بکـەین، ڕاسـتە باسـکراوە، بـەڵام ئـەوە ڕێگامـان دەداتێ حەتا بۆ کەمئەندامیش یاسا دەربکەین، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، ڕێزدار دکتۆر حەسەن، فەرموو.

بەڕێز حسن محمد سورە:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

دیارە لەزۆر شوێن لە ناونیشانی یاساکەدا بە خـاوەن پێداویسـتیە تایبەتـەکان هـاتووە، لـەجاتی کەمئەنـدام، ئەگەر ناوەرِۆکەکـەی هـەر شـتێك بێـت لەبـەر ئـەوەی ئـەم نـاوە وەکـو کـاك عبدالسـلام باسـی کـرد، نـاوێکی مۆدێرنـەو تەبعەن زیاتر ئێستا بەکار دێت، لەبەر ئەوەی هەندێ دەلائیلی نەفسـی، وە دەلائیلـی کۆمەڵناسـی ئەوەیان ئیسپات کردووە، کە ناو تەئسیراتی موعەوەقیەکـەی دەهێڵێتـەوە، بـۆ لابردنـی ئـەوە زیـاتر خـاوەن پێداویستی تایبەت بەکار دێت، ئەمە لەڕووی ناوەوە، لـەڕووی ناوەڕۆکـەوە، ئەگـەر سـەیری ماددەکـە بکـەین بەڕەئی من با بێینە سەر ئەوەی کە کەمئەندامی حەقیقی کێیە؟، کەم ئەندامی حەقیقی یـان ئەوانـەن کـە چاویان، یان گوێیان، یان ئەندامێکی لەشیان یان لەڕووی عەقڵیەوە یان نەفسیەوە کەم ئەندامە، ئەگەر بێت و سەیری ناوەڕۆکی ئەم یاسایە بکەین، لەگەڵ یاساکانی تردا، دەبینین کە ناوەڕۆکەکە زیاتر بۆ کـەم ئەنـدام نیە، چونکە لێرەدا ئەم یاسایە ئیستیعانە بە لیژنەی توبی دەکات، واتە بۆ دانـانی دەرەجـەی عجـز، هەنـدێ لەو عجزانە کەلەو یاسـایەدا هـاتووە، کەمئەنـدام نـین، بـۆ نموونـە هەنـدێك نەخۆشـی مـوزمن کەهـەن کـەم

ئەندام نین بەس دەرەجەیەکی عجز هەیە، لەم یاسایە حەق و مافی پێداوە، لە لایەکی تر ئەگەر سەیری ئیشوکاری ڕۆژانەی وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی بکەین، دەبینین لەچوارچێوەی یاسای بودجە، کۆمەڵێك ناونیشانیان هێناوە کە ئەوان ئێستا مافیان پێداون و مووچەیان بۆ سەرف دەکەن، وە یاخود بڵێین یارمەتیان دەدەنێ، کەئەوانەش دیسان نەهاتوون لەزمنی کەمئەندامی حەقیقی، مەسەلەن وەکو کاك برهان باسی کرد، تالاسیما یەکێکە لەو نەخۆشیانەی کە ئێستا لە بەڕێز وەزیری کاروکاروباری کۆمەڵایەتی بپرسین پارەیان دەدرێتێ، ئەگەر بێت و یاساکە تەنها بۆ کەمئەندامی حەقیقی بێت، ئەوە ئێستا بەپێی ئەم مەفهومە ئەگەر ئەم یاسایە دەرنەچوو، ئەبێت پارەی ئەوانە هەمووی ڕابگرێت، بۆیە بەڕەئی من هەندێ حاڵەتی خاوەن پێداویستی تایبەت هەیە، کە معەوەقی حەقیقی نیە، پێویستە لەو یاسایەدا جێگای بکەینەوە، بۆیە بەڕەئی من کە خاوەن پێداویستی تایبەت بێت باشترە، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، ڕێزدار دکتۆرە ڕۆژان، فەرموو.

بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بەنیسبەت بەکارهێنانی یەکێك لەو دوو دەستەواژەیە، هی معەوەق یان خاوەن پێداویستی تایبەت، مەبەست ئەوەیە کێین ئەوانەی کە سوودمەند دەبن؟، لەو ماف و ئیمتیازاتانەی کەلەناو یاساکەدا هاتووە؟، هەردوو دەستەواژە یاسایی و دەستوورین، لەبەر ئەوەی لەماددەی (32)ی دەستووری عێراقدا هەردوو دەستەواژە بەیەکەوە هاتووە، (ترى الدولة المعوقين وذوي الاحتياجات الخاصة) ئێمە پێمان باشە کە وشەی خاوەن پێداویستی تایبەتیش زیاد بکرێت لەم یاسایەدا، لەبەر ئەوەی زۆربەی زۆری ئەو کەسانەی کە لەپێناسەکەی بڕگەی (7)ی ماددەی (1) هاتووە دەیانگرێتەوە، وە ئەو پێناسەی موعاقەی کەهاتووە، لەبڕگەی (7)ی ماددەی(1)لە پڕۆژەی حکومەت، هەمان پێناسەی یاسای دەوڵەتی قەتەرە، بەڵام لەوێ بەناوی خاوەن پێداویستی تایبەت هاتووە، تەنها وشەی خاوەن پێداویستی تایبەتی گۆڕیوە بە (معاق)واتە ئەگەر ناوی یاساکەمان گۆڕی بۆ خاوەن پێداویستی تایبەت ئەوە پێویست ناکات ناوەڕۆکی یاساکە هەمووی بگۆڕین، تەنها وشەی معاق دەگۆڕین، لەبەر ئەوەی پێناسەکە زۆر بەفراوانی هاتووە، هەموو حاڵەتەکان دەگرێتەوە، پێویست ناکات دووبارە لیژنەکان کۆببنەوە ناوەڕۆکی یاساکە بگۆڕن، تەنها ئەگەر تەسبیت بوو خاوەن پێداویستی تایبەت لەهەر شوێنێك لەیاساکە وشەی موعاق هاتبێت، ئێمە دەتوانین بیگۆڕین بە وشەی خاوەن پێداویستی تایبەت، وە پێمان باشە لەیەك یاسا هەمووی کۆببێتەوە، واتە ئەو ماف و ئیمتیازاتە هەمووی بگرێتەوە، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، بەڕێز جەنابی وەزیر، فەرموو.

بەڕێز ئاسۆس نەجیب/ وەزیری کاروکاروباری کۆمەڵایەتی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

سوپاس، ئێمە کە دەڵێین کەمئەندام، ئەگەر بەڕێزان تەماشای یاسای چاودێری کۆمەڵایەتی بکەن ژمار(126)ی ساڵی 1980 بکەن، زۆر بەوردی باسی ئەوەی کردووە، کە کەمئەندام یەعنی چی؟، دوو صنفی هەیە، مەدەنیمان هەیە، جەسەدی وعەقڵی و نەفسی، واتە ئەم حاڵەتانەی کەباسمان کردن، ئەگەر داون بێت، یان شیزۆفیرنیا بێت، ئەگەر کەمئەندامی جەستەیی بێت، ئەمانە هەمووی دەگرێتەوە، باسی ئەوەمان کردووە کە لەیاسای چاودێری کۆمەڵایەتیدا هەیە، کەمئەندام بوو تەنها ئەوە نیە کە ئەندامێکی کەم بێت، بەڵکو باسی ئەوە دەکات کە عەقڵیە، نەفسیە، شیزۆفیرنیای تونـدە، ئۆتیزمە نەخۆشیەکانی تریشە، بۆیە ئەم پرۆژە یاسایە کە ئێستا بەڕێزان پێی دەڵێن خاوەن پێداویستی تایبەت هەموویان لەژێر چەتری ئەم پرۆژە یاسایە مەشمول دەبن بۆ هاوکاری کە لەلایەن وەزارەتەوە پێیان دەدرێت، لەبەرئەوەی یاسایەکە زۆر ڕوون و ئاشکرایە دوو تەسنیفی کردووە حەسەبی عەواق و حەسەبی تەبیعەتی عەمەل، عەوقمان هەیە، کەمئەندام بوونمان هەیە جوزئیەو هەیە کولیە، واتە ئەو کەسانەی کە ئێستا لەلایەن وەزارەتمانەوە هاوکاری وەردەگرن، هیچ کێشەیەکیان نابێ کە پرۆژە یاساکەش پەسەند بکرێت، لەبەرئەوەی کەمئەندام بوون تەنها ئەوە نیە کە هەندێ لە بەڕێزان وای تێ گەیشتوون، تەنها کەم ئەندام بوونی جەستەیی بێت، بەڵکو شێوەکانی تریش دەگرێتەوە، کە پارێزگاری لەم پرۆژەیە دەکەم یاخود پشتگیری لەم پرۆژەیە دەکەم لەبەرئەوە نیە بەس تەنها لەبەرئەوەی لە حکومەتەوە هاتووە، ئەم پرۆژەیە بەرهەمی ڕای هەموو ڕێکخراوە کەمئەندامەکانە کە لە دهۆك و هەولێر و سلێمانی کۆبوونەتەوە و لە دیوانی وەزارەت کۆبوونەتەوە و توانیومانە بگەینە ئەو پرۆژەیەی کە ئێستا لەبەردەستتانە، ڕای زۆربەی ڕێکخراوەکانمان وەرگرتووە، زۆربەی ڕێکخراوەکانیش ئامادە بوون، کەم ئەندامان ئامادە بوون، ئەگەر بیکۆڵان بێت، تالاسیما بێ و هیمۆفیلیا بێت، هەر هەمووی ئامادە بوون و ڕایان لەسەر ئەم پرۆژە یاسایە هەبووە، گرنگیش ئەوەیە ئەوەی کە دەبینین ئێستا ناوەکو بووەتە کێشەیەکی گەورە ئێوە هاوکارمان بن بۆ ئەوەی بتوانین پرۆژە یاسایەك بێ مافی کەم ئەندامان لە هەرێمی کوردستان بپارێزین، ڕۆژانە ئێمە خەم دێتە بەردەستمان، ڕۆژانە خەمی ئەو کەم ئەندامانە دێتە وەزارەت وباس لە خەمەکانیان دەکەن کە خوێندکار هەیە ناتوانێت بەردەوام بێت لە خوێندن لەبەرئەوەی کولیەکەی یاخود پەیمانگاکەی بەشێوەیەکی وا دروست نەکراوە کە ئاسانکاری هاتوچۆی هەبێ، ڕۆژانە کەم ئەندامان دێن سکالامان لا بەرزدەکەنەوە کە مافیان تا ئێستا نەبووە لە دامەزراندن، ئەگەر تەنها تاك و تەرا لەم وەزارەتە یاخود بە هەوڵدانی یەکێ لە وەزیرەکان بێ ئەوەی کە بۆیان کراوە، ئەوەی کە ئێستا بۆمان کراوە بە ڕێنمایی کە سوپاسی وەزیری ئاوەدانکردنەوە دەکەم کە توانیویەتی لە پرۆژەکانی نیشتەجێ بوون ئەو کەسەی کە کەم ئەندامە و فۆرم پڕدەکاتەوە بۆ یەکەیەکی

نیشتەجێ بوون بە دەرەجەی عجزی ئەو کەسە بۆی دروست دەکرێت، ئەوەی کە تاوەکو ئێستا هەبووە هەر تەنها ئیجتهاد و هەوڵی وەزیرەکان بووە، بۆیە دووبارە داوا لە بەڕێز هەموو ئەندامانی پەرلەمان وسەرۆکایەتی پەرلەمان و هاوکارمان پرۆژە یاسایەك بێت، ئەگەر ناوێك بێ ئیزافە دەکرێ، بەڵام گرنگ ئەوەیە لای هەمووان ڕوون و ئاشکرا بێت زۆر بە وردی باسی ئەوە کراوە کە کەم ئەندام بوون تەنها جەستەیی نییە و عەقڵی و نەفسیشە، زۆربەی ئەو توێژانە دەگرێتەوە کە ئێستا لەلایەن وەزارەتمانەوە هاوکاری وەردەگرن، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس بۆ جەنابت و بەڕێزەکان، ئێستا ئەو موناقەشەیە لەسەر ئەوە تەواو بوو، ئێستا دەڕۆینە تەعاریف فەسڵی یەکەم، ماددەی یەك، ئەو بەڕێزانەی دەیانەوێ لەسەر ماددەی یەك قسە بکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، ئەمە موناقەشەتان کردوو ڕەئیتان داو وازح بوو لە پرۆتۆکۆڵ دەنووسرێ دەیخەینە سەر کاغەز و دەیخەینە بەردەست لیژنە تایبەتەکان ئەوجا دەتوانن لەناو قاعە حەسمی بکەن بە دەنگدان، چونکە ئێستا دەنگی هەموو ئەو بەڕێزانە وازح بوو، ئێستا دەچینە ماددەیەکی تر کێ دەیەوێ لەسەر فەسڵی یەکەم تەعاریف و ئەهداف قسە بکات؟ ناویان دەنووسین کەرەمکەن، ئەو بەڕێزانە دەیانەوێ قسە بکەن، قادر حسن، صباح بیت الله، شێرزاد حافز، سیوەیل عوسمان، شلێر محی الدین، شڤان احمد، سمیرە عبدالله، ژیان عمر، حمە سعید، پروین عبدالرحمن، کاردۆ محمد، سۆزان شهاب، ئەڤین عمر، هاژە سلیمان، کەسی تر ماوە؟

کاك قادر فەرموو.

بەڕێز قادر حسن قادر:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

من تێبینەکی بچووکم لەسەر برگە 6 ی ماددەی 1 هەیە لە ڕاپۆرتەکە کە دەڵێ (المعاق هو شخص المصاب بعجز دائم کلی او الجزئی خلق أو غیر خلقی وبشکل مستقر) ئەو (بشکل مستقرە) بکرێتە (بشکل دائم) چونکە کەم دەگوترێ فلان کەس نەخۆشیەکی موستەقری هەیە، هەر بیستومانە دەڵێ نەخۆشیەکی دائیمی هەیە و سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

کاك صباح فەرموو.

بەڕێز صباح بیت الله شکری:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

من لەسەر (بطاقة المعاق) کە پێناسە کراوە، بە ڕەئی من ببێتە (هویة المعاق) کە دەڵێت (الهویة الشخصیة) ئەوە بکرێتە (البطاقة الشخصیة)، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

کاك شێرزاد فەرموو.

بەڕێز شێرزاد عبدالحافظ شریف:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

من لە ماددەی یەکەم بەشی پێنجەم و شەشەم هەردووکیان کە دەڵێ (مجلس الرعایة والتأهیل ..... ولایواء المعاقین فی اقلیم کوردستان) بۆ زیاد بکرێت، شەشەمیشیان عەینی شت (رئیس مجلس رعایة وتأهیل وایواء المعاقین فی الاقلیم) جا ئەگەر موعاقینەکە هەرچیەك بێ و ئەوەی تریش بگۆڕێ فەرقی نیە، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سیوەیل خان فەرموو.

بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

قسەکەی من کرا تەنها ئەوە بوو بیتاقەی شەخسیە لە بیتاقەی موعاق، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

شلێر خان فەرموو.

بەڕێز شلێر محی الدین صالح:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

من پشتگیری لەو تەعریفە دەکەم کە دانراوە بۆ (المعاق)، بەڵام تەعریفی المعاق پێم باشە بنووسرێ (ذو الاحتیاج الخاص {المعاق}) چونکە هەر دووکی یەك مەعنایە و هەمووشی دەگرێتەوە، تەعریفەکەم زۆر پێ باشە پشتگیری دەکەم لەبەرئەوەی لە هەموو ولاتانی دونیا بەو شێوەیە موعاق تەعریف دەکرێ، تەعریفەکە بووەتە ستانداڕێکی عالمی، بەڵام ئەو وشەیەی بۆ ئیزافە بکرێ (مقارنة بغیرهم من غیر المعاقین) یەعنی ئەوە زۆر پێویستە هەبێ لە ناو ئەو تەعریفە، المعاق بە تەنیا نەبێ (ذو الاحتیاج الخاص {المعاق}) ، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

کاك شڤان فەرموو.

بەڕێز شڤان احمد عبدالقادر:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

لە بڕگەی 2 و 3 و 4 و 5 فی اقلیم زیادە، لەسەرەوە هاتووە (الاقلیم: اقلیم کوردستان -العراق) ئەوە پێویست ناکات زیاد بکرێت، من تەئیدی شلێر خان دەکەم المعاق لە بەینی قەوس دابندرێت و ئەو تەعریفە تەعریفێکی شامل و دروستە، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سمیرە خان فەرموو.

بەڕێز سمیرە عبدالله اسماعیل:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

منیش هەر لەگەڵ تەعریفەکەم، بەڵام (ذو الاحتیاج الخاص {المعاق}) لە بەینی قەوسەکە زیاد بکرێت، چونکە دەڵێ قودراتی جەسەدی، قودراتی جەسەدی وەکو چی؟ مەسەلەن زۆر هەیە هەردوو کلیەی زەرع کرایە، چۆن ئەوە بە موعاق دادەنێی یان دای نانێی؟ زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

مولاحەزەمان بۆ دێت کە دەبێ ناوەکە بە دەنگدان یەکلابکرێتەوە، بەڕێزان هەموو ئەو بەڕێزانە ڕەئی خۆیان دا ڕوونیان کردەوە دەینووسین و دەیخەینە بەر دەست ئێوە لە بیدایەتی کە دێین بەس دەنگدانە موناقەشەی کرد و نەماوە کە دێین بۆ دەنگدان ئەخرێتە دەنگدانەوە کامەی دەنگی هێنا ئەوە دەبێت، ژیان خان فەرموو.

بەڕێز ژیان عمر شریف:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

خۆزگە ئەمڕۆ وەزیری تەندروستیش ئامادەبووایە، چونکە ئێمە وەکو لیژنە کە سەردانی بەڕێوبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانیمان کرد و لەگەڵ د.ڕێکەوت دانیشتین و لیژنەی تەندروستیش ئەو ڕۆژە هات لەگەڵ ئێمە دانیشت، بە نیسبەتی ئەوانەی کە گورچیلەیەکیان نیە هەر لە زکماکیەوە بە معەوەق حساب دەکرێت، بەس ئەوەی کە گورچیلەیەکی لادەبرێت بە هۆی کارەساتێکەوە یان بڵێین عجزی هەبێ، کەمئەندام حساب ناکرێت خۆشی لەڕاستی دا ئەوەی کە ڕاهاتووە لە زکماکی ئەوە ڕهاتووە لەگەڵ یەك گورچیلە، بەس ئەوەی کە لادەبرێت لە تەمنێك دا تەئسیسری تێ دەکات، هەروەها ئەوانەی کە چاویان زەعیفە بۆ ئیجازەی سەیارە بە کەم ئەندام حساب دەکرێن، بۆ شتی تر بە کەمئەندام حساب ناکرێن، یەعنی ئەمە ڕەئی لیژنەی تەندروستی سلێمانی بوو حەزم کرد وەزیر گوێی لێبێت لێرە، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

كاك حمه سعید فەرموو.

بەڕێز حەمە سعید حمه علی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

من پێم باشە و پێشنیاریش دەکەم، چونکە ناوەکە دوایی کاریگەری دەبێت لەسەر یەکلاکردنەوە، ئەگەر ناوەکەمان یەکلاکردەوە بەهەر باریك دا پێویست دەکات (ذو الاحتیاج الخاص {المعاق}) یان بیخەینە کەوانەیەکەوە دوای موعاق، یان بڵێین پێناسەیەکی تری بۆ بکەین، چونکە ناوەکو ئەو کاتە کاریگەری دەکات چ ناوێك هەڵبژێرین، پێشنیار دەکەم بۆ لیژنەی یاسایی کە بە نەوعێك لە نەوعەکان مادام ئێمە پرۆژە یاسای کورتە باڵاکانیشمان هێنایە ناوی ناوی کورتەباڵاش لە پێناسەکە جێ بکاتەوەو ئەو پێشنیارە حەز دەکەم ئاگایان لێ لیژنەی یاسایی، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

پەروین خان فەرموو.

بەڕێز پەروین عبدالرحمن عبدالله:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بـە نیسبەتی بیتاقـەی موعـاق، لێـرە وەکـو کـاك صـباح فـەرمووی هەویەکـە بکرێتـە بیتاقـە، وە مـەراکزی تەئهیلەکە کە دەڵێ (المصابین بالمعاقات الشدیدە) شەدیدەکە بکرێتە عامە و لەگەڵ زیاد کردنی برگەیەك بە کردنەوەی بەشی ناوخۆیی بۆ کەم ئەندامان، بۆ ئەوەی درێژە بە خوێندنیان بدەن، چونکە لێرە نابینایان و نابیستان قوتابخانە و پەیمانگای تایبەت بە خۆیان هەیە، هەروەها ئەکتیف کردنـی ئـەو مامۆستایانەی کـە کەم ئەندامان دەڵێنەوە، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

کاك کاردۆ فەرموو.

بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

خۆی من بە ئیعتماد لەسەر چوار پرۆژەکە و ئەو پرۆژەیەی لیژنەی یاسایی پێشتر پێناسەی سندوقمان کرد بوو کەچی ئێستا پێناسەکەی لێ لابراوە، کە بەلای منەوە گرنگە پێناسەی سندوقی ریعایەی وتـەئهیل دەبـێ و ئیحتیاجاتی خاسە بکرێت، دوایی مەجلسی ئیدارەی سەندوق دەبێ، نەك ئەو مەجلسە مەجلسی ریعایە و تـەئهیلی موعـاقین، ئەمـە خاڵێکیـان، دوو/ وەکـو هاوڕێیـانم باسـیان بەڕاسـتی ناوەکـە کاریگـەری دەبـێ لەبەرئەوەی ئەو موعاقە لێرە پێناسەی (ذوی الاحتیاجات الخاصة)یە، پێناسەی کەم ئەنـدام نیـە وەکـو ئـەو برادەرانەی کە بە سنووردارى دەیانویست باسی بکەن، ئەم پێناسە کورتە بالاش دەگرێتەوە و ئـەو قـودراتی جەسـەدیە کـە کورتـە بـاڵا قـودراتی جەسـەدی ئینسـانێکی ئاسـایی نیـە، لەبەرئـەوە پێناسـەکە هـی خـاوەن پێداویستیە تایبەتەکانـە، لەبەرئـەوە ناوەکـە کاریگـەری دەبێـت مـن بـۆ تەئکیـد قسـەم لەسـەر ئـەوە کـرد، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سۆزان خان فەرموو.

بەڕێز سۆزان شهاب نوری:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

من لێرە بەس قسەکردنم لەسەر مەراکزی تەئهیلە، کە بەداخەوە وەکو ئەوە وایە ئەمە شوێنێك بێت تـەنها (لایواء المعاقین الذین لایجدون من یرعاهم المصابین الشدیدە وتاهیلهم وتشغیلهم فیها حسب قـدراتها)بـەڵام ئێمە پێویستمان بە مەراکزی تەئهیلـە، بـۆ ئیعـادەی تـەئهیل، ئێمـە ئێستا چـەند ڕێکخراوێـك قوتابخانـەیان کردووەتەوە کە ئیعادەی تەئهیلی موعەوەقەکەی تیا دەکەن کە دەرسی تیا دەوترێتەوە، بۆیە من پـێم باشـە

ئەو مەراکزی تەئهیلە بەو شێوەیە نەبێت تەنها بۆ ئەو خەڵکانە بێت کە عەوقی شەدیدیان هەیە، بەڵکو دەبێ تەسنیف بکرێت، (مراکز التأهیل هی المراکز التی یتم فیها اعادة تأهیل المعوقین وذوی الاحتیاجات الخاصة وقصار القامة) ئیتر لە دوایی دا ئەوەی کە ئیتفاقی لەسەر کرا، (اعادة تأهیلهم لممارسة الحیاة الطبیعیة والاندماج فی المجتمع) چونکە هەر خۆی هەدەف لە مەراکزی تەئهیل ئەوەیە کە تۆ ئیعادەی تەئهیلی ئەو مەسەلەیە دەکرێتەوە و بۆ ئەوەی تێکەڵاوی کۆمەڵگا بێ و کارێك بۆ خۆی بدۆزێتەوە، نەك بۆ ئەوەی وەکو مەلجەئێك بێ بۆ ئەو خەڵکانەی کە ئیعاقەی زۆر شەدیدیان هەیە، دەبێ هەردووکیمان هەبێ، بۆ ئەوانەی کە ئیعاقەی شەدیدیان هەیە و وەکو مەلجەئێك کە کەس و کارەکەی بەخێوی ناکات ئەینێرێتە ئەو شوێنە، بەڵام نەوعێکمان هەیە کە کەسوکارەکەی ئیستغنای لێ ناکات، بەڵام ئەو کەسە پێویستی بە شوێنێکە بۆ ئەوەی ئیعادەی تەئهیل کردنی نەخوێندن لە هەندێ پێداویستی و چەند حرفەیەکە و چەند شتێکە، بۆیە من پێم باشە ئەو مەراکزی تەئهیلە بەو دوو جۆرە تەسنیف بکرێت و زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

ئەڤین خان فەرموو.

بەڕێز ئەڤین عمر احمد:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

سەرەتا من تێبینم هەیە لەسەر وشەی ئیقلیم چونکە لە یەکەم دا ئیقلیم پێناسە کراوە، بەڵام لە خاڵەکانی تردا زۆر تیکرار کراوەتەوە باوەڕ ناکەم پێویست بکات بەو تیکرار کردنەوەیە و دەبێ هەلگیرێ وشەی ئیقلیم، پاشان من لەگەڵ ڕای سۆزان خانم بۆ مەراکزی تەئهیل، چونکە لێرە بەو شێوەیە کە لە تەعریفەکەی هاتووە بەڕاستی ئەوە بۆ ئیوا کردن نیە، ئێمە دەمانەوێ مەرکەزێك دروست بکەین بۆ تەئهیل کردن و ڕاهێنان و یاخود بۆ ئیعادەی تەئهیل کردنی ئەو خەڵکانەی کە موعەوەقن و جارێکی تر بتوانن مومارەسەی ژیانی تەبیعی خۆیان بکەن لەناو کۆمەڵگا و ئیندماج بکەنەوە لەناو کۆمەڵگا، بۆیە تەعریف کردنی مەرکەزی تەئهیل بەو شێوەیە بێت کە ئێستا سۆزان خان پێشنیاری کرد، هەروەها پێشنیاری خاڵێکی تر دەکەم کەوا لێرە مەرکەزی تەشخیس دانرێ بۆ موعەوەقین، چونکە ئێمە هەموومان دەزانین ئێستا عەوەق بە لیژنەیەکی توبی دەکرێت، بەڵام ئەوە بکرێت و پێشنیاری ئەوە بکرێ مەرکەزێکی تایبەتی دابنرێ، بۆ تەشخیص کردنی هەر حالەیەکی عەوەق لە هەرێمی کوردستان، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، ڕێزدار هاژە سلیمان، فەرموو.

بەڕێز هاژە سلیمان مصطفی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

من تێبینیم هەبوو لەسەر تەعریفی تەئهیلەکە بەڕاستی ئەو تەعریفەی کە لێرە هاتووە من پێموایە مەعنای تەئهیل ناگرێتەوە، بۆیە من پێشنیاری ئەو تەعریفە دەکەم (إعداد الفرد من ذوي الإحتیاجات

الخاصة) ياخود (المعاق لتنمية قدراته عن طريق العلاج الطبي و الإستشارات النفسية و التعليم و التدريب المهني بما يتناسب مع حالته و تقديم الخدمات و الأنشطة التي تمكنه من ممارسة حياته بشكل أفضل)، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، ڕێزدار عبدالسلام صديق، فەرموو.

بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

ڕاستی هەندێك شت هەبوو ئێمە وەکو لێژنەی موختەص باسی بکەم، یەك برادەر وابزانم کاك قادر بوو باسی ئەوەی کرد (بشکل مستقر) بکرێتە (بشکل دائم)، ئەوە د.حسن لێرەیە، خوشك و برایان دکتۆر هەنە لێرە، لە مەوزووعی ئەم تەعریفە باسی ئەو حالاتانە دەکات، یەعنی ئەو عەجزی (كلي) یان (نفسي) یان ئەو کە بەردەوامە، یەعنی من مومکینە دەستم لەبەر هەر هۆیەك لە کار بکەوێ، بەڵام پاش هۆیەکە نەمێنێت جارێکی تر دەگەڕێمەوە دەبیتە تەبیعی، ئینجا چاویش وایە، زەغتیش و زۆر شت، بۆیە وشەی (مستقر) (بشکل مستقر) ئەوە لە تەعریفی (UN)یش هەیە، کە فیعلەن ئیصابەیەکی ئەوە، بەس نە شەرتە ئەو موستەقیرە دائیم بیت، یان موستەمیر بێت، موستەقیرە، چونکە (stable) یەعنی نازانم تەرجومە بکەم، (stable) یەعنی حاڵەتەکە لە تەشخیصی (طبي) لەسەر ئەو ئەساسە دەبیت، هیوادارم ئەوە لەبەرچاو بگیرێت، بەڵام مومکینە موعالەجە بکرێ، من مولاحەزەیەکم هەیە لەوەی کە خوێندمان، ئێمە لە (رابعاً) ماددەی یەك، (المجلس)مان تەعریف کردووە، (خامساً) هەر (رئیس) وتوومانە (رئیس مجلس کذا) بە تەصەوری من هەر (رئیس المجلس) تەداروکی بکەین ، چونکە مەجلیس تەعریف کراوە، حالاتی تر هەیە وەك ئەوەی ژیان خان باسی کرد گورچیلە و (کذا)، ئەگەر ئێمە بچینە ناوی زۆر دەبێت، ئەساسی ئەو تەعریفە چی یە؟ ئەوەی کە بە شێوەیەکی (مستقر) (نفسي) یان (جسدي) یان (عقلي) بێت، بە مەرجێك ببیتە هۆی ئەوەی ڕێگای لێ بگرێت ژیانی خۆی بە شێوەیەکی تەبیعی بباتە سەر، ئەوانەی کە گورچیلە ئەساس ئەوەلیان هەبوو، یان لە نەتیجەی عەمەلیە، ئەگەر مەرجی دووەم تەتبیق بوو ئەوانیش دەگرێتەوە تەبعەن، ج داعی نیە ئێمە حاڵەتێکە و لە موستەشفایەکە ویستم (بصورة عامة) چونکە ئەگەر بووە هۆی ئەوەی نەتوانیت وەکو خەڵکی تر ئیحتیاجاتی خۆی و ژیانی خۆی بباتە سەر تەعریفەکە دەیگرێتەوە، بە نیسبەت کاك کاردۆ کە خۆشی ئەندامی لێژنەی یاسایی بوو، فیکرەکە ئەوە هەبوو کە لە ماددە (27)یش کە داوامان کردووە نەمێنێت، مەجلیسی سندووق هەبێت لە بیرمە پرۆژەی لێژنەی یاسایی هەبوو، پاش گفتوگۆ کردنی هەردوو سێ لێژنە و بە حزووری جەنابی وەزیر ئەگەر مولاحەزە بکەن پێشنیارمان کردووە ئەو سندووقە ببێتە ئیشێك لە ئیشەکانی مەجلیس، چونکە مەجلیس لەوێ هەیە میزانیەی بۆ تەخصیص بکرێ، چی؟ چی؟ تەبعەن ئەوانە لە ناو سندووقێك بن، من نازانم خۆم موشکیلەم

نەبوو لەگەڵ ئەوەی مەجلیسی سندووق، بەڵام ئەوانەی لە من شارەزاترن وتیان دەبیتە دوو مەجلیس، بۆیە قەزییەکە بۆ موناقەشە دەهێڵینەوە، بە نیسبەت مولاحەزەی سۆزان خان ڕاستە....

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

کاکە کاتت تەواو بوو، زۆر سوپاس، خەڵاص، سێ دەقەیە تەواو، لێژنەی یاسایی، جەنابی وەزیر ئەگەر موداخەلەیەکت هەیە لەسەر تەعریفەکان، کەرەمکە.

بەڕێز ئاسۆس نجیب/ وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

سەبارەت بە بیتاقەی (المعاق) پرسیارێك هەبوو سەبارەت بەو بیتاقیە، بۆچی؟ لەبەر ئەوەی ئێستا لە هەر شارێك وەك ئاگادارین هەر یەکێکیان، هەر بەڕێوەبەرایەتی کەمئەندامان وێنەیەك لە هەویەکان بۆ کەمئەندمان دروست دەکرێ، ئێستا ناسنامەکەی خۆم نموزەجێکە لەو هەویەیەی کە بۆ کەمئەندامان دروست کراوە، هەوڵی ئەوەین ئێستا هەموویان تەوحید بکەین، ئەم هەویەیە کەمتر تەزویری پێ دەکرێ، کەمترین خەلەلی تیایە ئەو کاتەی کە دەڕوا بۆ بانقەکان، بۆیە هەوڵی ئەوە دەدەین کە هەر کەم ئەندامێك خاوەن ناسنامەی خۆی بێ، بۆ ئەوەی بتوانێ ئەو ئیمتیازاتەی کە لە یاساکەدا هاتووە لە ماددەکانی تر کە ئەو کاتەی سەردانی شوێنە گەشتیارەکان دەکات بۆ ئەوەی بتوانێ بەو هەویەوە، بە ناسنامەیە ئیستیفادە لەو ئیمتیازاتە بکات، سەبارەت بە مەراکزی تەئهیل، جیاوازییەك هەیە لە نێوان مەراکزی تەئهیل و مەراکزی (إیواء)، ئەوەی ئێستا هەیە مەراکزی تەئهیلی ئێمە پەیمانگایە، لە هەر سەنتەری شارەکان جۆرەها پەیمانگامان هەیە، (هیوا)مان هەیە بۆ نابیستان، (ڕووناکی)مان هەیە بۆ نابینان، (ئاوات)مان هەیە بۆ بیرکۆلان، پەیمانگای (هانا)مان هەیە بۆ شیاندنی کەمئەندامان، کە لێرە وەکو چۆن وەزارەتی پەروەردە مەنهەج تەوزیع دەکات بەسەر قوتابخانەکان، ئێمە لێرە ئەو نابیستانە، نابینانە، بەڵام بە شێوازێکی ئاسانتر دەرس دەخوێنن، هەمان مەنهەج پەیڕەو دەکرێ مامۆستاشمان هەیە، تویژەری کۆمەڵایەتیان لەوێ هەیە، کە چۆن بتوانین ئەو کەمئەندامانە بە شێوەیەکی وا ڕابێنین بگەڕێنەوە وەکو کەسێکی ئاسایی لە ناو خێزان، بەڵکە خێزانەکانیش فێر دەکەین چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو منالّە کەمئەندامانە بکەن، جگە لە خوێندن فێری بەکارهێنانی کۆمپیوتەریان دەکەین تا ئەوانەی بە شێوەیەك ئاسانتر بێ لە شێوازەکانی کە فێری کاری دەستیان دەکەین، کە سالّانە ئێمە ئەو قوتابیانەی کە لەوێن، سالّانە پێشانگایان هەیە، سالّانە ئێمە خەلّاتیان هەیە وەکو لاوی سالّ، ئەوەی کە هەیە مەراکزی تەئهیل پەیمانگایە لای ئێمە جیاوازە لە مەراکزی (إیواء)، لێرە دەبێ مەهامەکانی دیاری بکرێ، مەراکزی تەئهیلمان هەیە بەڵام مەراکزی (إیواء) لێرە تۆزێ تەفصیلی پێویستە، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

مەرکەزی تەئهیل لە تەعریفەکە لێرە نووسراوە (مركز إيواء)، خۆی تەئهیل فێری دەکەی، مولاحەزەتان هەیە، مولاحەزەکەت بدە لەسەر ئەوە، فەرموو.

بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

هەر ئەوە بوو کە ئیتیفاقمان کرد ئێمە و لێژنەی یاسایی، لە نەصەکە کە دەڵێت: (إيواء المعاقين المصابين بإعاقة شديدة)، ئێمە تاکو ئەو غەرەزە تەحقیق بکەن، ئەوە ئیعادە بکەین (أو التي يتم فيها تأهيلهم و تشغيلهم حسب قدراتهم) واتا ئەم تەعریفە تازەیە (أو التى يتم فيها) ڕێگا دەدات هەمان مەرکەز (إيواء)یش هەبێت و تەدریب، یانیش مەرکەز، مەبەستتان یان ئەوەی (إيواء)ە، یان ئەوەی تەدریب، تەصەور دەکەم ئەوە عیلاجی مەوزووع دەکات، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، ئێستا موناقەشە لەسەر تەعاریفەکە خەڵاص بوو، دەچینە سەر ماددەی دوو، لێژنەی یاسایی ماددەی (2) بخوێنن، پاشان ناوتان دەنووسین، پاشان شتێکی تر، فەرموو.

بەڕێز عونى كمال بەزاز:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

سەبارەت بە ماددەی دووەم لە ڕاپۆرتەکەمان بەو شێوەیە پێشنیار کراوە صیاغەی ماددەکە بکرێتەوە:

يهدف هذا القانون إلى:

أولاً/ تعزيز و حماية و كفالة جميع الأشخاص المعاقين و ضمان تمتعهم على قدم المساواة مع الآخرين بجميع حقوق الإنسان و الحريات الأساسية و تعزيز إحترام كرامتهم المتأصلة.

ثانياً/ إحترام كرامة المعاقين و إستقلالهم الذاتي بما في ذلك حرية تقرير خياراتهم بأنفسهم و إستقلاليتهم.

ثالثاً/ إحترام القدرات المتطورة لأطفال ذوي الإعاقة و إحترام حقهم في الحفاظ على هويتهم.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

بەڕێزان ڕاپۆرتی موشتەرەکیش بخوێنن، چیتان لەسەر ئەو ماددەیە داوە؟ فەرموو.

بەڕێز عونى كمال سعيد بەزاز:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

ڕاپۆرتی موشتەرەك تەئیدی ماددەکە دەکات بەو صیاغەی کە ئێستا خوێندمەوە.

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (21)

چوارشەممە رێکەوتی 2011/12/28

کاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی چوارشەممە رێکەوتی 2011/12/28 پەرلەمانی کوردستان - عێراق بە سەرۆکایەتی بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی) سەرۆکی پەرلەمان و, بە ئامادەبوونی بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبدالله سکرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژمارە (21)ی خولی سێیەم, ساڵی (2011) ی خۆی بەست.

بەرنامەی کار:

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی ماددە (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموارکراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق, دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری درا دانیشتنی ژمارەی (21)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کات (11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی چوارشەممە رێکەوتی 2011/12/28 دا بەم شێوەیە بێت:

1- بەردەوام بوون لەسەر گفتوگۆکردنی ئەم پێشنیارە یاسایانەی خوارەوە:

أ- پێشنیاری یاسای مافەکانی کەمئەندامان و خاوەن پێداویستیە تایبەتەکان لە هەرێمی کوردستان.

ب- پێشنیاری یاسای گرنگیدان بە کەمئەندامان و خاوەن پێداویستیە تایبەتەکان.

ج- پێشنیاری یاسای چاودێری کردن و شیاندنی خاوەن پێداویستیە تایبەتەکان لە هەرێمی کوردستان.

د- پێشنیاری یاسای مافەکانی کورتە بالأکان لە هەرێمی کوردستان.

هـ- پێشنیاری یاسای تایبەت بە کورتە بالأکان لە هەرێمی کوردستان.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.

بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتنەکەمان دەکەینەوە، خولی سێیەمی هەڵبژاردن، ساڵی سێیەم، خولی گرێدانی یەکەم، ژمارەی دانیشتن (21)، رۆژی دانیشتن 2011/12/28، بەرنامەی کار:

بەپێی حوکمەکانی بڕگەی (1)ی ماددەی (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار کراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (21)ی ئاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی چوار شەممە رێکەوتی 2011/12/28، بەم شێوەیە بێت:

1- بەردەوام بوون لەسەر گفتوگۆکردنی ئەم پێشنیارە یاسایانەی خوارەوە:

أ- پێشنیاری یاسای مافەکانی کەمئەندامان و خاوەن پێداویستیە تایبەتەکان لە هەرێمی کوردستان.

ب- پێشنیاری یاسای گرنگیدان بە کەمئەندامان و خاوەن پێداویستیە تایبەتەکان.

ج- پێشنیاری یاسای چاودێری کردن و شیاندنی خاوەن پێداویستیە تایبەتەکان لە هەرێمی کوردستان.

د- پێشنیاری یاسای مافەکانی کورتە بالأکان لە هەرێمی کوردستان.

هـ- پێشنیاری یاسای تایبەت بە کورتە بالأکان لە هەرێمی کوردستان.

ئێستاش داوا لە لیژنەی یاسایی و لیژنەی کۆمەڵایەتی و لیژنەی دارایی دەکەین کەرەم بکەن بۆ سەر مەنصە، لیژنەی یاسایی فەرموون بەردەوام بن لەسەر خوێندنەوەی، فەرموو.

بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

لە دانیشتنی دوێنێ هەشت ناو نووسرا بۆ قسە کردن لەسەر ماددەکە، واتا ماددەی دووەم.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

زۆر سوپاس، رێزدار ناسك تۆفیق کەرەم بکە.

بەڕێز ناسك تۆفیق عبدالکریم:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

دیارە ئێمە لەسەر هەر ماددەیەك لەم ماددانە قسە دەکەین، تەئسیری ناوەکەی هەیە لەسەر ناوەڕۆکەکەی، بۆیە جارێکی تر دەیلێمەوە، دەکرێت ئەو پێنج پرۆژەیە، یان ئەوەتا سێیانیان بکەین بەیەك و ئەوەی حکومەت بکەین بە ئەصڵ، ئەو یاسایەی تایبەتە بە کورتە بالأکان ودوو پرۆژەکە دەربهێنین لە مەوزوعەکە، بۆ ئەوەی تاخیر نەبێت، یان ناوی خاوەن پێداویستیە تایبەتەکان بێت، بۆ ئەوەی شمولی ئەوانیش بکات، بۆ ئەوەی لەوە زیاتر تاخیر نەبێت، بۆیە ئەوکات دەتوانین بزانین چۆن ماددەکانی تر دادەڕێژین، بەڵام.....

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

تکایە ناونیشانەکە ڕۆشتین، تەواو بوو، ئێستا لەسەر ماددەی دوو قسە دەکەین، ئەگەر لەسەر ماددەکە ڕەئیەکت هەیە، فەرموو.

بەڕێز ناسك تۆفیق عبدالکریم:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

ئەم ماددەیە باس لە ئەهداڤی ئەم یاسایە دەکات، ئەو سێ هەدەفەی کە دیاری کردووە، باس لە خزمەتکردنی کەسە موعاقەکان دەکات، بەڵام ئەوەی ئەم یاسایەی بۆ داڕێژراوە چەند بۆ خزمەتی کەمئەندامان و خاوەن پێداویستی تایبەتەکانە؟ ئەوەندەش بۆ خزمەتی ئەو کەسانەیە کە چاودێری ئەوانە دەکەن، بەڵام لە ئەهدافەکاندا پێوەی دیار نییە، بۆیە من ئیقتراحی ئەوە دەکەم، چوارەمی بۆ زیاد بکەین، بڵێین(رابعاً: تقدیر وتعزیز وحمایة حقوق الذین یلتزمون برعایة المعاقین)، چونکە ئێمە لەیاساکەدا بەفیعلی ماددەیەکی تەواومان تایبەت کردووە بەوانەی کە خزمەتی موعاقەکان دەکەن، لەبەر ئەوە دەبێت لەئەهدافدا ڕەنگ

بداتەوە، ماددەیەك زیاد بكەین بەوەی كەئەم یاسایە بۆ خزمەتی كەسوكاریشیانە، بۆ خزمەتی ئەوانەشە كە خزمەتی ئەم كەسانە دەكەن، سوپاس.

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:

سوپاس، ڕێزدار عمر نورەدینی، فەرموو.

بەڕێز د.عمر حمە امین خدر(نورەدینی):

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.

ئەگەر سەیری ئەو ئامانجانە دەكەین، كە لێرەدا دەقی پێ هاتووە، من پێموایە لەڕووی داڕشتنەوە ئەوەندە وشك و ڕەكیكە، كە تەئسیری كردۆتە سەر شێواندنی ماناكەی، بۆیە ئەمە دووبارە پێویستی بە داڕشتنەوە هەیە، بۆ نموونە تەعزیزو حیمایەی ئەشخاص، یان تەئمین و تەعزیزو حمایەو كفالەی حقوقی ئەوان، بەڕەئی من دەبێت مافی ئەوان تەعزیز بكرێت و بپارێزرێت، نەك شەخصەكە خۆی، هەروەها مەسەلەی ئیحتیرامی كەرامەو شكۆمەندی لەبڕگەی یەكدا هەیەو لە بڕگەی دووشدا هەیە، دیسان دووبارە بووەتەوە، لە سێیەمدا دەڵێت ڕێزگرتن لە توانا پەرەسەندووەكان، یان گەشەسەندووەكانی ئەوان، بەڕەئی من دیسان ئەوە ناكرێت، ئامانجی ئەم یاسایە پەرەپێدانی تواناكانی ئەوانە، نەك ڕێزگرتن لەو توانایەی ئەوان كە گەشەی كردووە، بۆیە دیسان دەبێت ئەمەش صیاغە بكرێتەوە بەڕەئی من، لەسەر مەسەلەی شوناس و هەویەی ئەوانیش، دیسان دەبێت وازحتر بین، مەبەست چیە لە پاراستنی شوناسی ئەوان؟ بەڕەئی من لەگەڵ مەسەلەی شوناس قسە لەسەر لەسەر كەسایەتی ئەوان بكرێت، هەروەها پێشنیاری ئەوەش دەكەم جگە لەو سێ ئامانجە، دوو ئامانجی تری زۆر گرنگ هەیە ئیزافە بكرێت، ئەویش مەسەلەی ئاوێتە كردن، یان ئەوەی پێی دەوترێت دەمج كردنی تەواوی ئەوان لەڕووی كۆمەڵایەتی و لە ڕووی ئابووریەوە، كە خاڵێكی زۆر زۆر گرنگە، ئامانجێكی زۆر گرنگە، لە هەموو ولاتێكدا كە ئەم یاسایە دانراوە یەكێك لە ئامانجەكانی هەوڵدانە بۆ ئەوەی ئەمانە بەتەواوەتی لەڕووی كۆمەڵایەتی و لە ڕووی ئابووریەوە، لەگەڵ كۆمەڵگادا دەمج بكرێنەوە بەشێوەیەكی باش، من صیاغەیەكم ئامادە كردووە، پاشان دەینرێم لەسەر ئەم بڕگەیە، ئامانجی دووەمی ئەوەی كە من پێشنیاری دەكەم، ئەویش ئەوەیە كە ئێمە هەوڵ بدەین ڕێزگرتن لە ماف وكەسایەتی و شوناسی پەككەوتەو خاوەن پێداویستی تایبەت لە چوارچێوەی كاری خێرییەوە بگوازینەوە، بۆچی؟ بگوازینەوە بۆ ئەوەی ببێتە مافی ئاسایی، هەروەها ببێتە واجبی دەوڵەت، لەمەشیاندا صیاغەیەكم هەیە پاشان ئەویش دەنێرم، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:

زۆر سوپاس، ڕێزدار فازڵ بەشارەتی، فەرموو.

بەڕێز فاضل محمد قادر(بەشارەتی):

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.

مولاحەزەی من لەسەر ماددەی دووەمە، هەرچەندە لە عامی پرۆژەکەدا بەچڕی باسی ماف و ئیمتیازاتی کەمئەندامان دەکات، ئەوەی کە لێرەدا پێشنیاری منە، ئەوەیە کە حکومەت مولزەم بکرێت بە دروست کردنی جێگایەك لە هەموو پارێزگاکانی کوردستان بۆ کەمئەندامان، بۆ ئەوانەی کە دەتوانن کار بکەن، چونکە بەڕاستی لێرەدا لە ماددەی سێیەم هەرچەندە باسی توانای کەمئەندامان دەکات، بەڵام باسی ئەوە ناکات کە شوێنێکیان بۆ دابین بکرێت، لەبەر ئەوەی کە ئێستا زۆر کەمئەندام هەیە زۆر دەست ڕەنگینە، یەعنی بەهرەو کاری زۆرباش ئەنجام دەدات، بۆیە پێشنیار دەکەم حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی مولزەم بکرێت بە دابین کردنی شوێنێك بە وەسیلەی کارکردنەوە، چونکە کەمئەندام هەیە خەیاتە، کەمئەندام هەیە گولچنە، کەمئەندام هەیە، هەریەکە لە بواریکدا دەتوانێت کارێکی باش ئەنجام بدات، بۆ ئەوەی حکومەت مولزەم بکرێت بە دابین کردنی جێگا، بە ئەساسی کارکردنەوە بۆ کەمئەندامان لە هەرێمی کوردستان، لەبەر ئەوە تەنها بیر لەوە نەکرێتەوە، بەس خزمەت بکرێ، هەرچەندە من لەگەڵ هەموو خزمەتکردنەکانم بۆ ئەوان، بەڵام ئەوەش بکرێ کەوا شوێنی کار کردنیشیان بۆ دابین بکرێ، بۆ ئەوەی بتوانن خاوەن بەهرە بن و، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

زۆر سوپاس، بەخێرهاتنی ڕێزداران نوێنەری کورتە باڵاکان دەکەین، کە لە بانەوە بەشدارن لەگەڵمان، زۆر زۆر بەخێر بێن، ئێستاش ڕێزدار محمد شارەزووری فەرموو.

بەڕێز محمد احمد علی(شارەزووری):

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

سەرەنجی من لەسەر خاڵی یەك و خاڵی سێیە، دیارە ئەم یاسایە دەرچووە خزمەت بە توێژێك دەکات، ئەوانیش مرۆڤن، بۆیە من پێشنیاری ئەوە دەکەم کە لە (على قدم المساواة مع الاخرين بجميع الحقوق) ئەو ئینسانەی تیا لابرێت، ئەوانە ئینسانن و توێژێکن لە ئینسان، ئەم یاسایەش بۆ خزمەتی ئەوان دەردەچێ، من پێموایە ئەم ئینسانە تەحصیل حاصلە، ئەگەر ببێت، لە خاڵی سێیەم زیاتر سەرەنجەکەم لەسەر ئەوەیە ئەم خاڵە بۆ ئەوە دانراوە کە جیاوازی بکات لەنێوان منالێکی کەمئەندام، کە قودرەیەکی پێشکەوتووتری هەیە لە منالێ کە لەگەڵ خۆیەتی، بۆیە من وەکو کاك عومەر ئیشارەتی پێدا، بەڕاستی دارشتنەکەی بە دارشتنێکی ڕەکیك دەزانم، ماناکەی لە دەستدا، بۆیە من پێشنیار دەکەم، لەبەر ئەوەی ئەمە موناقەسەیەك دروست دەکات لەنێوان ئەو منالانەی کە قودرەیان زیاترە، پێشنیار دەکەم ئەم خاڵە وا دابڕژرێتەوە، (لەبەر چاوگرتنی توانای پەرەسەندووی منالە کەمئەندامەکان و پەرەپێدانی بەشێوەیەکی زانستیانەو ڕێزگرتن لە مافەکانیان و پارێزگاری کردن لە هیوایەتەکانیان، ئەگەر ئەوەی ئەخیری هەویە بێت لە ماددە یەك لەخاڵی حەوت هەویەکەی دیاری کردووە، بۆیە من پێشنیاری ئەوە دەکەم (والحفاظ على هويتهم)، ناسنامەکەی هیچ مانایەك نادات بە دەستەوە، تۆ ناسنامەکەی لە ماددەی یەك خاڵی حەوتدا هەویەکەی داوەتێ، بۆیە من پێشنیار دەکەم (والحفاظ على هوايتهم)، ئەوەی بکەنە (هوايتهم)، سوپاستان دەکەم.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، بەڕێز کاك کاوە محمد ئەمین فەرموو.

بەڕێز کاوە محمد امین:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

وەلاّ منیش هەر هەمان بۆچوونم هەیە لەسەر صیاغە کردنی بڕگەکانی ماددەی دوو، بەتایبەتی لە بڕگەی سێ کە نووسراوە (احترام القدرات المتطورة للاطفال ذوي الاعاقة واحترام حقهم في الحفاظ على هويتهم)، لێرە تەقریبەن بەتایبەتی بۆ منالّ هاتووە، نەگونجاوە، بەڕای من کەلیمەی شیاوتر بۆ ئەو بڕگەیە ئەوەیە بلّێی (تشجيع)، یان (تحفيظ القدرات المتطورة للاطفال الموهوبة)، لێرە بەهرەدار منالّ زیاتر جیا دەکرێتەوە لەگەلّ منالّی تر، (الموهوبة ذوي الاعاقة واحترام حقهم في الحفاظ على هويتهم)، ئەگەر هەویەتەکە بکرێتە (قدراتهم)، یان (موهبتهم) پێم شیاوترە، سوپاس، هەر ئەو تێبینیەم هەبوو.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، کاك شوان کەریم فەرموو.

بەڕێز شوان عبدالکریم جلال:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

من دوو تێبینیم هەیە، تێبینی یەکەمم/ زیاتر زمانەوانیە، لە ئەوەلەن دەلّێ: (تعزيز وحماية وكفالة)، پێموایە ئەو (و)ـە زیادە، ببێت بە (تعزيز حماية وكفالة)، بۆ ئیزافەی حقوقیش من لەگەلّ ڕایەکەی هاوکارم کاك عومەر نورەدینم، لەوێ حقوقێك دابنرێ لەنێوان کەفالەو جەمیع ببێت بە (وكفالة حقوق جميع الاشخاص.....)، تێبینی دووەمم/ لەسەر ئەوەیە کە یەکێك لە ئامانجەکانی دانانی ئەم یاسایە، ئامانجێکی گرنگی دانانی ئەم یاسایە وەك لە هۆکاری دەرچوواندنی یاساکەش هاتووە، ئەوەیە کە (منحهم امتيازات ماديه ومعنويه اضافية)، بۆ ئەوەی ئیتر ناوەکەی هەر چییەك بێت، بەڕای من وا پێویست دەکات کە (رابعاً)ی بۆ زیاد بکرێ، بگوترێت: (رابعاً: منح امتيازات ماديه ومعنويه اضافية خاصه الى ..) ناوی ئەوەی با بلّێین ناوی لە یاساکە بەچی هات بێت، ئەو ناوە دابنرێت و، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، ڕێزدار تارا ئەسعەدی فەرموو.

بەڕێز تارا تحسین ئەسعەدی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

ئێمە وەکو ئەزانین کە هەدەف زۆر گرنگە لە دەرهێنانی ئەم قانونە بەڕاستی، ئەگەر بێت و لەگەلّ ئەوە بین ئەمانە بمێنێتەوە، وا ئیقتیراح دەکەم کە لەگەلّیدا خالّیکی تر ئیزافە بکرێ، ئەویش: (حق المعوقين في الاندماج في الحياة العامة في المجتمع)، چونکە ئەساس و کرۆکی باسەکەمان ئەوەیە، چۆن ئەم کەمئەندامانە

لەناو ئەو قانونە کە ناویان هاتووە چۆن بیانگەڕێنینەوە بۆ ناو کۆمەڵگامان؟ کە ئەمە گرنگە لەناو یاساکە هەبێت، لە یاسای ولاتانی تریش بۆ معوەقین بەم شێوەیە بووە، دووەم/ ئیزافەم ئەوەیە کە ئیزافەی ئەوە بکەین، (ان یکون المعوقین لهم الحق في المشاركة في صنع القرارات المتعلقة بهم)، ئەوەش لەناو قانونەکە هەیە، کە فیعلەن ئەگەر هاتو دەنگی لەسەر درا، کە دەبێ نوێنەریان هەبێت بۆ ئەو لیژنانەی کە دادەنرێت، ئەو مەجلیسەی کە دادەنرێت، نوێنەری خۆیان هەیە، چونکە ئەوان ئەزانن موعاناتیان چیەو شتەکانی کە تاکو ئێستا بەدەست نەهاتووە لە خزمەتگوزاری کە هەرچەندە وەکو مرۆڤێکی ئاسایی تەماشا دەکرێ، بەڵام لە ئیحتیاجاتیان، لە پێداویستیان زیاتر پێویستیانە کە ئاگاداریان بۆ بکرێ، ئەم دوو خاڵە ئیزافە بکرێ، ئەگەر هاتو بەم شێوەیە مایەوەو نەخرایە ئەسبابی موجیبە.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، ڕێزدار سۆزان شەهاب فەرموو.

بەڕێز سۆزان شهاب نوری:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

تەبعەن ئەم ماددەیە، عادەتەن ئێمە زۆر فێر بووین صیغەیەکی ستاندارد دادەنێین، ئێمە لەم قانونە دەمانەوێ بڵێین ئەم قانونە چی ئەکات؟ نەك (یهدف)، چی ئەکات؟ ئەم یاسایە کە تەشریع ئەکرێ لە دوای ئەوە کۆمەڵێك ڕێنمایی پێ دەرئەچێت، کەواتە لە نەصێکی مەکتوبەوە دەبێت بە کۆمەڵێك کاری پراکتیکی، بۆیە لێرە زەمانی حقوقی تێدایە لەناو ئەم یاسایە، دەبێت لە پێشدا بڵێین: (یضمن هذا القانون ضمان الحقوق التالية)، ئەم قانونە بۆ ئەم هەدەفانە جێبەجێ دەکرێ، ئەم حقوقانەی تێدایە، تەسبیت دەکرێ، کە ئەڵێ: (الحقوق التالية: تعزيز وحماية وكفالة جميع الاشخاص المعاقين)، ئەوە مافێکە کە ئەوان هەیانە بەسەر دەوڵەتەوەو، دەبێت بۆیان جێبەجێ بکات، بۆیە ئەبێ لە ئەوەلەوە ئەم دەستەواژەیە دابنرێ. دووەم/ لە جیاتی ئیحتیرام، چونکە بەسە ئێمە هەر وشە، وشە، وشە، بەڵکو بیکەین بە شتی پراکتیکی، (حق المعاق وذوي الاحتياجات الخاصة في ضمان واحترام كرامتهم واستقلالهم الذاتي بما في ذلك حرية تقرير خياراتهم بانفسهم واستقلاليتهم)، بۆ ئەوەی ئێمە بەپێی ئەم یاسایە زەمانی حەقەکانیان بکەین، نەك بەپێی ئەم یاسایە ئیحتیرامی حەقەکەیان بگرین، بۆیە لە ئیختیار کردنی وشەکاندا دەبێت ئاگادار بین ئێمە مەبەستمان چیە لە دارشتنی ئەم یاسایە.

لە سێیەم/ بە هەمان شێوە، (ضمان حق تطوير القدرات المتطورة للاطفال ذوي الاعاقة واحترام حقهم في الحفاظ على هويتهم)، تۆ دەبێت زەمانی ئەوە بکەی، نەك ئیحتیرامی قودراتەکەی بگری، دەبێ زەمانی ئەوە بکەی کە تەتویر بدرێ بە قودراتی، هەروەها پێشنیار دەکەم (رابعاً) هاوڕا لەگەڵ خوشکی ئازیزم خاتوو تارا، (رابعاً: ضمان حق دمج المعاقين وذوي الاحتياجات الخاصة في الحياة العامة في المجتمع)، نەك لەجیاتی ئەوەی پەراوێز بخرێن، دەبێ زەمانی ئەوە بکەیت کە ئەوان لەناو ئەو کۆمەڵگایە تێکەڵ ببنەوە، ئەمە دەبێتە (رابعا) و، ئەگەر بە دڵتان بوو بۆتان ئەنێرم.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، هاژە خان فەرموو.

بەڕێز هاژە سلیمان مصطفی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

دەربارەی ئەو ئامانجانەی کە لە پرۆژەی حکومەتدا هاتووە، بەڕاستی من دەبینم کە ئامانجەکان هەر چەندە ئامانجی باشن، بەڵام شێوەی داڕشتنیان بەو شێوەیە نییە، کە زۆر ئاسان بێ لە تێگەیشتن، بۆ ئەوەی لە یاساکەدا بە ئاسانی خەڵک لێی تێبگات، بۆیە بەڕاستی من پێشنیار دەکەم کە ئەو سێ ئامانجە وەکو پێشنیار لە یاساکەدا بنووسرێتەوە، لەوانە:

یەکەمیان: (الاهتمام والعناية بذوي الاحتياجات الخاصة في النواحي الصحية، الاجتماعية، الثقافية والتربوية والاقتصادية لضمان عيشهم وكرامتهم لتمكينهم من التغلب على الاثار السلبية الناجمة عن حالة العجز سواء اكان جزئيا او كليا).

(ثانيا) له جياتی ئەوەی ئێمە بڵێین (احترام كرامة المعاقين)، بڵێین: (السعي في تطبيق المبادئ الانسانية السامية في دمج ذوي الاحتياجات الخاصة مع غيرهم من فئات وطبقات المجتمع عبر وسائل وطرق منهجية وعلمية).

(ثالثا: تأمين وتوفير فرص العمل لذوي الاحتياجات الخاصة بما يتناسب مع قدراتهم البدنية والعقلية والنفسية)، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس بۆ جەنابت، جەنابی وەزیر فەرموو.

بەڕێز ئاسۆس نجیب/ وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

سەبارەت بە ماددەی دوو، لەوانەیە هەندێ سیاغەی قانونی رەکیکی هەبێت، منیش پشتگیری ئەوە دەکەم هەر سیاغەیەکی باشتر هەبێ لەم ماددەیە، ئێمە سیاغەی بکەین و دایبڕێژین، دیارە سێ پرۆژەیەو باسی کەمئەندامان دەکات، ئێمە هەوڵی ئەوە دەدەین کام سیاغە باش بێت پشتگیری لەوە دەکەین.

سەبارەت بە پرسیارەکەی کاك فازڵ باسی ئەوە دەکات بۆ بنکەکان و سەنتەری شارەکان، دوێنێش تەوزیحێکمدا، ئەوەی کە ئێستا هەیە زیاتر لە (2500) منالّ حاڵی حازر لە پەیمانگاکانمان و لە سەنتەری شارەکان سوودمەندن، دیارە لەوێ کۆمەڵێك چالاکی هەیەو، خوێندنیشیان بەردەوامە وەك هەر منالّێکی ئاسایی، بەڵام بەشێوەیەکی ئاسانتر و ساکارتر، سالّانە پێشانگاشیان بۆ دەکرێتەوەو، دوای شیاندنیان جگە لەوەی لە پێشانگان، ئێمە ئەو کەلوپەلانەیان بۆ دەفرۆشینەوەو، منالّیشمان هەیە لەو پەیمانگایانە کە دەردەچن و دەچن ئامادەیی تەواو دەکەن و، دەرچووی پەیمانگامان هەیە، تەنانەت دەرچووی کۆلیژیشمان

هەیــە، هەوڵیشــماندداوە لــەڕێگای ناوەکــان، کــە بــۆ ئەنجومــەنی وەزیرانــی بەرزدەکەینــەوە، بتــوانین کەمئەندامیش داخل بکەین و دایمەزرێنین، ئەو سەنتەرانەی ئێمە کەموکوڕی ئەوەمان هەیە، کە تــەنها لــە سەنتەری شارەکانە، تاوەکو ئێستا بۆمان نــەکراوە کــە لــە قــەزاکانیش بیکەینــەوەو، هــەوڵی ئــەوە بــدەین لــە ماددەکەی دوێنێ کە باسی مەرکەزی تەئهیلە ئیــواء کــراوە، داوای ئــەوە دەکــەم تەفسیلێکی زیــاتر بــدرێ بــۆ مەرکەزی ئیوائەکە، چونکە ئەوەی ئێستا هەیە تــەنها مــەراکیزی تەئهیلــە، بــەڵام دوێنــێ لــەو ماددەیــە هــیچ تەفسیلێك بۆ مەراکزی ئیــواء نــەدراوە، چــونکە واجباتمــان هەیــە، ســەبارەت بــە مەرکــەزەکانیش ئــەوەی کــە ئێستا هەیە تەفسیلێکی زۆر بە وردی باسکراوە، لە بابی چواری فەسڵی یەکەمی قانونی ریعایەی ئیجتماعی (126)ی ساڵی 1980 کە باسی مەرکەزەکان دەکات لە کوێوە بەڕێوە دەبرێن؟ کێ بەڕێوەبەری ئــەو بنکانــە دەبێت، یاخود ئەو مەرکەزانە دەبێت؟ بۆیە لەوێ بەوردی باسکراوەو، لێرە پێویست بەو تەفسیڵە ناکات و، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

لیژنەی یاسایی بۆ ماددەی سێ، موناقەشە لەسەر ئەو ماددەیە تەواو بوو، فەرموو.

بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

المادة الثالثة: يصنف المعاقون

اولاً/حسب طبيعة العوق الى صنفين:

1/ المعاقون بدنيا.

2/ المعاقون عقليا ونفسيا.

ثانياً/ حسب قدراتهم على العمل الى صنفين:

1/ المعاقون غير القادرين على العمل كليا.

2/ المعاقون غير القادرين على العمل جزئيا.

جەنابی سەرۆکی پەرلەمان، سەبارەت بەو ماددەیە لە ڕاپۆرتی هاوبەش دوو ڕا هەیە:

ڕای یەکەم/ دەڵێ ئەو ماددەیە نەمێنێتەوە، حەزف بکرێت.

ڕای دووەم/ دەڵێ بمێنێتەوە وەکو خۆی.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

بەڕێزان، ئەوانەی دەیانەوێ قسە بکەن لەسەری کەرەمکەن، ئەم ڕێزدارانە دەیانــەوێ قســە بکــەن، ڕێــزداران (ڕێباز فتاح، کاردۆ محمد، سۆزان شەهاب، د.احمد وەرتی، بــەفرین حسـین، حەمــە ســەعید، خلیــل عوسمــان، جلال علی، سیوەیل عوسمان، کاوە محمد، شۆڕش مجیــد، شــلێر محــی الــدین، ســەردار رشــید، صــباح بیــت اللە، شێرزاد حــافز، دلێــر محمــود، لانــا احمــد، د.ڕۆژان دزەیــی، عبدالسلام بــەرواری، ئــەڤین عمــر، برهــان رشــید، د.حسن محمد، تارا ئەسعەدی، ئاراس حسین، کاك ڕێباز فەرموو.

بەڕێز ڕێباز فتاح محمود:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

سەبارەت بە تەسنیف کردنەکە، هەرچەندە لە ماددەیەکی پێشووتر تەعریفی معەوەق کرا، تەقریبەن یەعنی تەسنیفێك بۆ ئەوە کراوە، بەڵام ئەگەر قەرار بێت لێرە دیسانەوە تەسنیف بکرێتەوە، تازەترین تەسنیفی (WHO) بۆ کەمئەندامان، دەبێت هەردوو بەشەکەی تیا بێت، یەعنی بەشی یەکەم ناکرێت جیا بکرێتەوە، یەعنی لێرە ئەوەی کە کراوە، کراوە بە دوو بەشەوە، بەڵام لەڕاستیدا دەبێت هەردوو بەشەکە وجودی هەبێ، چونکە بەشێکیان کاتێ کە تۆ پێناسەی کەسێکی معەوەق دەکەی، تەواوکاریەکە ئەوەیە کە هەر دوو بەشەکەی تیا بێت، بەشی یەکەم لەسەر بنەمای جسمە، لەشی ئینسانەکە، ئایا ئەو کەسە ستراکچەری تەواو نییە لە لەشی؟ دەستێکی نییە، یاخود قاچێکی نییە، یاخود یەکێك لە ئەندامەکانی نییە، یاخود فەنکشن، یان ئیشی ئەو ئەندامەی لەدەستداوە، لەبەرئەوە دەبێ بەشی یەکەم/ تەسنیف بێ لەسەر بنەمای پێکهاتەی لەشەکە، کە بەشێك لە پێکهاتەکەی نییە، یاخود ئەوەی کە پێکهاتەیەك، یاخود ئەندامێکی ئیش ناکات، بەشی دووەمی/ ئەوەیە کە لەسەر بنەمای کار و چالاکی کەسەکە، ڕاستە ئەو کەسە لەوانەیە ئەندامێکی نەبێت، بەڵام بەشی دووەمیش زەرورە کە تەواوی بکات، ئایا تا چەند کاریگەری کردووە لە چالاکی و، ناتوانێ بەشداری بکات؟ کەواتە دەبێ بکرێ بە بەشی یەکەم، یاخود خاڵی یەکەم، لەسەر بنەمای لەشی ئەو کەسە، بەشی دووەمیش لەسەر بنەمای کارو چالاکی، یاخود لەسەر بنەمای چالاکی و توانای بەشدار بوونی کەسەکە لە کاروباری ڕۆژانەو، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

زۆر سوپاس، کاك کاردۆ فەرموو.

بەڕێز کاردۆ محمد پیردواد:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

دەربارەی ماددەی سێ، من لەگەڵ ئەوەدام کە ئەم ماددەیە هەڵبگیرێ، لەبەر ئەوەی ئێمە لە ماددەی یەکدا لە پێناسە کردنی موعاق، یان خاوەن پێداویستیە تایبەتەکان، پێناسەیەکی زانستی و گشتگیرەو تەحدیدی ئەوەی کردووە، کە خاوەن پێداویستی کێیە، ئەم پۆلێن بەندییە وەکو هاوڕێم کاك ڕێباز باسی کرد، هەم لەڕووی تەندروستیشەوە ڕاست نییە، هەم سنووردارە، یان دەتوانم بڵێم هاودژە لەگەڵ پێناسەکەو، سنووردارە ئەوانە دەکات کە مافەکە یاسایەکە دەیانگرێتەوە بۆ دەستەبەر کردنی مافەکەیان، لەبەر ئەوە من زەرورەتی نییە، بۆیە پێویستە ئەم ماددەیە لابچێ و، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

زۆر سوپاس، سۆزان خان فەرموو.

بەڕێز سۆزان شهاب نوری:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

من هاوڕام لەگەڵ برای بەڕێزم کاك کاردۆ، خۆی لە ماددەکەدا، لە یاساکە کە حکومەت ناردوویەتی زۆر بە ڕێکوپێکی هێناویەتی، بۆ ئەوەی حوریەتێك بدرێ بە وەزارەتیش بۆ تەسنیف کردنەکە، دەڵێ (على وفق من التسلسل العالي للمعوقين والذي أوضحته منظمة الصحة العالمية بالشكل التالي الحركي الرؤيوي السمعي، العقلي يتم اعتماد وتعديل قائمة تسلسل المعوقين وذلك بقرار يصدر عن مجلس الوزراء استنادا على اقتراح من قبل الوزير المعني بتكليف من المجلس الاعلى لشؤون المعوقين)، کەواتە ئێمە لێرەدا هێشتا ئەوەشمان یەکلا نەکردووە، ئەگەر هاتو (ذوي الاحتياجات الخاصة) لەگەڵ دابوو، ئەوا ئەوەندەی تر فراوان تر دەبێ، کەواتە ئەوەی کە ئێمە ئێستا موناقەشەی دەکەین، ئەگەر ئەو ماددەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە تەئیدی یاساکە دەکەین، یەعنی پێش وەخت بڕیار دەدەین ئەمە تەنها یاسای کەمئەندامان بێ و، خاوەن پێداویستیە تایبەتیەکان نەبێ، ئەگەر ئەو ماددەیە وەك ئەمەی کە لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە، بەڵام ئەگەر هەر تیایدا نەبێت، مانای وایە ئەگەر لە دوایش لە دەنگداندا بوو بە خاوەن پێداویستیە تایبەتیەکانیشی لەگەڵدا بوو، ئەوسا حوریەت بەجێ ئەهێڵین هەم بۆ مەجلسەکەو، هەم بۆ وەزارەت، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

زۆر سوپاس، ڕێزدار د.احمد وەرتی کەرەمکە.

بەڕێز د.احمد ابراهیم علی(وەرتی):

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

دیارە ئامانجی ماددەکە لە ماددەی سێیەم ئەوەیە، کە بەندی کەمئەندام ئەکات و، تەسنیفی ئەکات کە بەگوێرەی سروشتی کەمئەندامێتی، کەمئەندامان دوو پلەن، کەمئەندامانی جەستەیی، کەمئەندامانی دەروونی و عەقلی، پاشان لە بڕگەی دووەمدا بەگوێرەی توانای کارکردنیان دوو پلەن، ئەو کەمئەندامانەی کە هیچ کارێکیان پێ ناکرێت، یان ئەوانەی کە هەندێ کاریان پێ ناکرێت، بەڵام ئەگەر سەیری بڕگەی (7) لە ماددەی یەکەم بکەین، وەکو بەڕێز کاك کاردۆ و سۆزان خان ئاماژەیان پێیدا، هەمان ئەو ئامانجانەیان هێناوەتەدی، کە باس لەوە دەکات ئەڵێ کەمئەندام/ ئەو کەسەیە کە تووشی بێ توانایەکی هەمیشەیی (گشتی)، یان هەندەکی (جوزئی) زگماکی و، نا زگماکی بەشێوەی سەقامگیری موستەقیر، لە یەکێك لە هەستەکانی، یان تواناکانی جەستەیی، یان دەروونی، یان عەقلی تا ئەو ڕادەیە هاتبێت، کە ڕێ لە کارکردنی ئەندامێك، یان زیاتر لە ئەندامێکی جەستەی بگرێ، نەتوانێ داخوازیە ئاساییەکانی ژیانی لە چاو هاوشانە لەش ساغەکانی پیادە بکات، کەوا بوو ئەوەی کە لە ماددەی سێ هاتووە، بڕگەی (7) لەماددەی یەکەم،

پێناسەیەکی زۆر گشتگیرو زانستیانەیە، پێویست بە مادەی سێیەم ناکات، لێرەدا بەشێوەیەکی تەواو پێناسەی کردووە، لەوێ بە ڕەئی من دووبارەیە، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، ڕێزدار بەفرین حسین خەلیفە کەرەمکە.

بەڕێز بەفرین حسین خەلیفە:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

سوپاس بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، قسەکانی من لە لایەن بەڕێز کاك کاردۆ کرا، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار حەمە سعید حەمە علی کەرەمکە.

بەڕێز حمە سعید حمە علی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

ئەم یاسایە لە یەکگرتنی پێنج یاسایە، پێنج یاساکە، دووانیان هی کورتە بالاکانە، سێیانیشیان هی کەمئەندامان و خاوەن پێداویستیە تایبەتیەکان، دیسان کەمئەندامان دووانی تریان، کەواتە ئەگەر ئەمە لێرە ئەمە بمێنێت، تەخسیسی یەك یاسا دەکەین، ئەوکاتە یەك یاسا کە باسی کەمئەندام ئەکات، بۆیە من پێموایە نەمێنێت، بۆ ئەوەی یاساکە گشتگیر بێ و هەر پێنج سنفەکە بگرێتەوە، کە خاوەن پێداویستی تایبەت و کەمئەندام و کورتە بالاکان، بۆ ئەوەی مافەکان بۆ هەموویان بگەڕێتەوە، بۆ ئەوەی نەمێنێت، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس بۆ جەنابت، خلیل عثمان حمدامین کەرەمکە.

بەڕێز خلیل عثمان حمدامین:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

منیش هاوڕام لەگەڵ ئەو برادەرانە، بەڕاستی ئەو تەسنیفە نەمێنێت، هەروەکو هاوڕێیانم باسیان کرد، ئەگەر هەر مایەوە تەسنیفەکە هەروەکو کاك ڕێباز گوتی لەسەر ئەساسی ئەداو ئەنجامدانی چالاکی بێ من پێم راست تر، چونکە ئێمە لەوانەیە شەریحەیەکمان هەبێ، کەمئەندام نییە، نە جەستەیەن، نە عەقلیەن، بەڵام لەوانەیە نەتوانێ کارو چالاکیەکانی وەکو پێویست ئەنجام بدات، بۆ ئەوەی شمولی هەموو لایەك بکات، ئێمە کورتە بالاکانمان هەیە، هەندێ شەریحەی تریشمان هەیە هەر لەم بابەتە، بۆ شمولتر بێ، یان نەمێنێت، یان لەسەر توانای ئەدای چالاکیەکانی ئەم تەسنیفە بکرێت، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرکۆی پەرلەمان:

سوپاس، ڕێزدار جەلال علی عبدالله کەرمکە.

بەڕێز جلال علی عبدالله:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

هەرچەندە لە ماددەی یەکەمدا، دیارە پێناسەی پەککەوتەو کەمئەندام کراوە، دەسەلآتیش دراوە بە بەڕێز وەزیرو وەزارەت، کە بەپێی ڕێنماییەکان دەریبخات، بەلآم دوو جیاوازی هەیە لە پلە بەندیەکە، کەمئەندام و پەککەوتە هەیە لە لەدایك بوونەوە، لەو ڕۆژەی لە دایك ئەبێ پەککەوتەو کەمئەندامە، هەشە لە ژیاندا تووش دەبێ، موعامەلەو تەسنیف و پلە بەندی ئەم دوو نەوعە زۆر جیاوازە، هەیە لە تەمەنێکی موعەیەن، لە تەمەنی پەنجا سالّی، بیست سالّی تووشی حادیسەیەك ئەبێ، ئەبێتە پەککەوتەو کەمئەندام، هەیە کە لەدایك ئەبێ، لەبەر ئەوە من پێم باشە، ئەگەر بمێنێتەوە ئەوانەی کە لە دایك بوون کەمئەندامن، لەگەڵ ئەوانەی نەتیجەی حەیات و ژیان، حەوادس تووش ئەبن، چونکە مەعامەلەیان جیایە، هەم لەڕووی قانونیەوە، هەم لە ڕووی ئیمکانیاتەوە، هەم لە ڕووی پلە بەندیەوە، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار سیوەیل عثمان احمد کەرەمکە.

بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بەنیسبەت ئەو ماددەیە (تصنیف المعاقین حسب طبیعة العوق وحسب قدراتهم علی العمل) لە تەعریفی موعاق هەمووی هاتووە، پێویست ناکات ئەو ماددەیە بمێنێت، ئیلغا بکرێت، بەنیسبەت ئەگەر تەقدیری عەجزی کلی، یان عەجزی دائیمی دابنێین، لە فەقەرەی سێزدە نووسراوە، (اللجنة الطبیة)، لیژنەی توبی بۆ خۆی دیاری دەکات، واتا ئەوە تەحصیل حاصلە، بۆیە پێم باشە ئیلغا بکرێت، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، ڕێزدار کاوە محمدامین کەرەمکە.

بەڕێز کاوە محمدامین:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

منیش هاوڕام لەگەڵ هاوکارانم، لە تەعریفەکە بە ڕوونی و بە تەفسیلی کراوە، ئەو ماددەیە زیادە، ڕێژەو تەسنیفی کەمئەندامی زیاتر لیژنەی پزیشکی دیاری دەکات، ئەو کاتە ئەو کێشەیەمان لە کۆڵ دەکاتەوەو، موعالەجە دەکات، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، ڕێزدار شۆڕش مجید حسین کەرەمکە.

بەڕێز شۆڕش مجید حسین:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

منیش هاوڕام لەگەڵ ئەو خوشك و برایانەی کە داوا دەکەن ئەو ماددەیە ئیلغا بکرێتەوە، بەهۆی ئەو پێناسە گشتگیرەی کە لە بڕگەی (7)ی ماددەی (1)دا هەیە، قسەکان دووبارە ناکەمەوە، بەڵام ئەگەر لە حاڵەتێك مایەوە، ئەو ماددەیە مایەوە، بە پێویستی دەزانم بڕگەیەکی تریشی بۆ زیاد بکرێت، مادەم دوو تەسنیفەکەی پێشوو مایەوە، تەسنیفێکی سێیەمیشی بۆ بکرێت، بڕگەی سێیەم بەو شێوەیە بێ کە بۆی زیاد دەکرێت، بەگوێرەی ماوەی کەمئەندام بوونیان، ئەوانیش دوو پلەن، یەکیان/ ئەوانەی بەدرێژایی ژیانیان کەمئەندامن، دوومیان/ ئەوانەی بەشێوەیەکی کاتی کەمئەندامن، چونکە خۆمان دەزانین لە ژیانی خۆماندا ئەوەمان بینیوە کۆمەڵێك خەڵك هەن، لە بەشێك لە ژیانیان تووشی کەمئەندامی دەبن، بەهەر هۆکارێك بێ، بەڵام دوای ماوەیەك، دوای چەند ساڵێك، چەندین ساڵێك، دەگەڕێنەوە سەر ژیانی ئاسایی خۆیان، عیلاج وەردەگرن و چاك دەبنەوە، ئەگەر دوو تەسنیفەکەی سەرەوە مایەوە، ئەوا ئەو تەسنیفەشی بۆ زیاد بکرێ، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار شلێر محی الدین صالح کەرەمکە.

بەڕێز شلێر محی الدین صالح:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

سەبارەت بە تەسنیف کردنی کەمئەندامان، ئەوەی کە لە ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی هاتووە، (المعاقون بدنیاً والمعاقون عقلیاً) کەمئەندامی تەنها هەر عەقلیەن و بەدەنیەن نییە، بەڵکو ئەو تەسنیفەی کە لە پرۆژە یاسای وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی هاتووە، ئەوە تەواوترە، لەبەر ئەوەی کەمئەندامی جموجۆڵیە، بینایییەو بیستنەو عەقلیە، تەنها هەر ئەو دوو سنفە نییە، بۆیە ئەمە دەبێ زیاد بکرێت، کەمئەندامی بیستن و بینایی ئەوەی تێدابێ، ئەگەر بمانەوێ زیاتر بە خاڵێك لەو خاڵە بێ، یان لە ئەهدافەکان بێ، زیاتر خزمەتی خاوەن پێداویستە تایبەتیەکان بکەین و هەموویان بگرێتەوە، پێویستە لە بەینی دوو قەوس ناوی هەر هەموویان بێ، کورتە بالأیان وهەموو جۆرەکانی تەخەلوفی عەقلیش کە ئۆتیزم و نەخۆشیەکان، ئەوانە هەمووی بۆ ئەوەی ئەوان ئیتمئنان بن، کەوا خزمەتی هەموویان دەکات، سەبارەت بە کۆمەڵەی کەمئەندامانی هەولێر پەیامێك هەیە، حەز دەکەم بیگەیێنم، کۆمەڵەی کەمئەندامان بەتایبەتی کوردستان - هەولێر، زیاتری ئەوان لایان مەفهومێك دروست بووە، وادەزانن ئەگەر یاسایەکە بەناوی (المعاق) دەرنەچی، ئەوە خزمەتی ئەوان ناکات، ئەگەر تەنها بەناوی خاوەن پێداویستی تایبەت بێ، نازانم ئەو مەفهومەو ئەو

ترسە لای ئەوان دروست بووە، ئێمە دەمانەوێ لەو یاسایە بە تەواوی بۆیان ئیسپات بکەین، ئیتمئنانیان بکەین، کەوا....

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

تکایە لەسەر ماددەکە قسە بکە ڕەجائەن، پەیام نییە، لەسەر ماددەکە قسە بکە.

بەڕێز شلێر محی الدین صالح:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

ئەو بڕیارە لە لایەن وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەلایەتیەوە دەردەچێت بۆ ئەنجومەنی وەزیران دەچێت، کە ریزبەندیەکە دەست نیشان بکرێت، نازانم لەسەر چ ئەساسێك ریزبەندی بە بڕیارێك دەست نیشان دەکرێت، ئەو تەسنیفە عالەمیەن هەیە، تەسنیفی معوقین، کە چەند بەشە، حەز دەکەم ئەو ڕوونکردنەوەیە هەبێ، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار سەردار رشید محمد کەرەمکە.

بەڕێز سەردار رشید محمد:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

سەبارەت بە ماددەی سێ (المعاقون بدنیاً والمعاقون عقلیاً) ڕای یەکەم، دیارە ڕای دووەمیش (المعاقون غیر القادرین علی العمل کلیاً والمعاقون غیر القادرین علی العمل جزئیاً)، دیارە حاڵەتێکی تر هەیە ئێستا لە کوردستان، ئەوانەی بابڵێین چاوێکیان لە دەستداوە، یاخود چاوێکیان هەیە لە زگماکیەوە، ئەم حاڵەتە تاوەکو ئێستا بە کەمئەندام حیساب ناکرێت، یەك معامەلەیان لە یەك دائیرە بۆ ناکرێ، کە ئەڕۆن ئەڵێن کاکە ئێوە کەمئەندام نین، لیژنەی توبی ئێمە سەردانی مەیدانیمان کردووە، لەگەڵ لیژنەی کارو کاروباری کۆمەلایەتی، کە دوێنێ ژیان خان هاوکارم ئاماژەی پێیدا، ئەوان فیعلەن ئەبێ یاسایەك موعالەجەی ئەمە بکات، ئەوانەی کە چاوێکیان نییە، بە معوەق حیساب ناکرێن، بەڵام کە ئەچنە دائیرەیەك بۆ ئەوەی ئیشێکیان دەست بکەوێت، لیژنەی توبی ڕێیان پێ نادات، باشە ئەگەر لە یاسایەکی ئاوا موعالەجە نەکرێت، ئەی لەکوێ موعالەجەی ئەمانە بکرێت؟ ئەمە حاڵەتێکە لە کوردستان هەیە، بۆیە من داوا لەو لیژنە بەڕێزە دەکەم، بەڕاستی ڕەچاوی ئەو خاڵە بکەن، حاڵەتێکی زۆر هەیە لە کوردستان، ئێمە سەردانمان کردوون و، سەردانی مەیدانی، بۆیە دوێنێش ژیان خان وتی ئەبوو وەزارەتی تەندروستی لێرە بوایە، چونکە زۆر لایەنی بڕگەو بابەتی ئەم یاسایە پەیوەندی بەوانەوە هەیە.

حاڵەتێکی تریش لەڕاستیدا هیچ ئاماژەیەك بۆ کورتە بالاکان نییە، نازانم یەعنی خەریکە ماف و ئیمتیازاتی کورتە بالاکان ئیحتیوا ئەبێ، بۆیە من ڕەجا ئەکەم یەعنی با لیژنەی هاوبەش، یاخود لە

ئەخیردا کارێ بکرێت، چونکە هەموومان ئەزانین کورتە بالاْ ئینسانێکە توانای هەموو ئیش و ئەنجامدانی هەموو ئیش و کارێکی هەیە، معەوەق نییە، حەقیقەتەن با ئەمە بەسەرمان تێنەپەڕێ، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار صباح بیت الله شکری کەرەم بکە.

بەڕێز صباح بیت الله شکری:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

منیش لەگەلْ ئەو ڕەئیەم کە ماددەی سێ ئیلغا بکرێتەوە، چونکە لە ماددەی یەک بڕگەی (7) بە تەفاسیل هاتووە، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار شێرزاد حافظ کەرەم بکە.

بەڕێز شێرزاد عبدالحافظ شریف:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

دیارە من بەڕاستی لەگەلْ ئەو ڕەئیەی خوشک و برایانەم، هەموویان جیاوازن، ڕەئیەکەم جیاوازترە لەوان کە من پێموایە ئەو خاڵە جەوهەری مەسەلەکەیە، ئەم خاڵە ئەبێ بمێنێتەوە لێرە، ئەگەر وردەکاری زیاتریشی تێدا بکرێت، هێشتا پێموایە زۆر باشترە، ئەوەی هاوکارم شلێر خان باسی کرد، ئەگەر بتوانین ئەو نەخۆشیانەی بۆ زیاد بکەین، وەکو کورتە بالاْو نەخۆشیەکانی تر، ئەوە هەر من پێم باشترە، چونکە لێرە ئەم ماددەیە کە ئەبێ هەوڵ بدرێت ئەو ئیمتیازاتانەی کە ئەدرێ بە کەمئەندام ئەدرێ بەو خاوەن پێداویستیە تایبەتانە، ئەبێ لێرە جێگەی بۆ بکرێتەوە، لێرە تەسنیف بکرێت، هیچ مەعقول نییە کەمئەندامێک یەک پەنجەی نییە، کەمئەندامێک هەردوو قاچی نییە، کەمئەندامێک شەلەلە وەکی ئەوەی تر حیسابی بۆ بکەی، بۆیە لێرە ئەم تەسنیفە شتێکی زۆر باشە، پێموایە ئەمە خزمەت بەو چینە ئەکات، کە ئێمە بەتەماین ئەم یاسایەیان بۆ دەربکەین، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار دلێر محمود کەرەمکە.

بەڕێز محمد دلێر محمود:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

منیش پێم چاکە ئەم ماددەیە نەمێنێت، لەبەر ئەوەی یەک/ تەحصیل حاصلە، دوو/ ئێمە ئەنجومەنمان هەیە، لیژنەی پزیشکی دەست نیشانی بێ توانایی ئەو کەمئەندامانە ئەکات، کەواتە با وەکو ئەنجومەن و بە هاوکاری لیژنەی پزیشکی بێن، بەپێی پێویست و بوون کە هەیە بەپێی پێوەرە نێودەوڵەتیەکان، پۆلێنی ئەو کەمئەندامانە بکەن، ئەمە لە لایەک.

خالێکی تر، ئەمە خۆی لەخۆیدا چوار چێوەیەك دروست ئەکات، ئەم پۆلێنەی ئێستا چوار چێوەیەکی دروست کردووە، کە بۆتە هۆی ئەوەی ئەو تەعریفەی، ئەو پێناسەیەی کە لە بڕگەی (7)ی ماددەی یەکەم کراوە بێ هێزی کردووە، چونکە خۆی پێناسەکەی زۆر بە جوانی کردووەو شمولیەو زۆر بەرفراوانیشە کە ئەڵێ (کەمئەندام ئەو کەسەیە کە تووشی بێ توانایەکی هەمیشەیی گشتی، یان جزئی زگماکی، یان نا زگماکی بەشێوەی سەقامگیری لە یەکێك لە هەستەکانی، یان تواناکانی جەستەیی، یان دەروونی، یان عەقلی تا ئەو ڕادەیە هاتبێت کە ڕێ لە کار کردنی ئەندامێك یان زیاتر لە ئەندامێکی جەستەی بگرێت، نەتوانێت داخوازیە ئاساییەکانی ژیانی پیادە بکات)، ئەمە خۆی لەخۆیدا تەعریفێك و پێناسەیەکی زۆر چاکە، کە لە مەشروعەکەی حکومەتدا هاتووە زۆر باشە، لەبەر ئەوە ئەویتریان من بە پێویستی نازانم ئەو ماددەیە هەبێ.

خالێکی تریش هەیە، بەنیسبەت ئەو لیژنە توبیانەوە کە دائەندرێت، زۆر کەس هەیە کە داوای ئیش کردن ئەکات لە کەمئەندامەکان، لەشوێنێك ئەیەوێ تەعین ببێ، کاتێك ئەچێ بۆ لیژنەی توبی، لیژنەی توبی بەپێی ئەو شوێنەی کە هەیە ئەو ئەتوانێ کاری تیا بکات، بەڵام ڕێگەی پێ نادات کار بکات، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار لانا خان کەرەمکە.

بەڕێز لانا احمد محمود:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بەنیسبەت ماددەی سێیەم، من لەگەڵ ئەو ڕەئیەمە ئەو ماددەیە نەمێنێت، بە ڕەئی من یەعنی پێویست نییە، چونکە لێرە بەنیسبەت موعاق پێناسەی کراوە لە ماددەی یەکەم لە خاڵی شەشەم، لەگەڵ ئەو ڕەئیەمە، لێرە بەڕەئی من ماددەی سێیەم زیادە، بەڵام ئەگەر هەر ئەوەش بوو ئیسرار کرا ماددەی سێیەم بمێنێت، بە ڕەئی من بەو شێوەیە سیاغە بکرێتەوە، تەسنیف نەکرێت بەنیسبەت (معاق) یەعنی پێناسەکی بدرێتێ (تحدد صفة المعاق بناءاً على مقاييس طبية وفنية تحدد من قبل اللجنة الطبية المختصة)، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، ڕێزدار د. ڕۆژان، فەرموو.

بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

منیش لەگەڵ ئەو ڕایەم کەوا ئەو ماددەیە زیادە لادرێ، لەبەر دوو هۆ:

هۆی یەکەم/ ئەو پۆلین کردنە لێرە لە ناو ئەو یاسایە هیچ سوودی نییە، لەبەر ئەوەی ماددەکانی دواتر پۆلین کردنی، یاخود دیاری کردنی جۆری عەوەق نەیکردۆتە بنەمایەك بۆ پێدان و بەخشینی ماف و ئیمتیازات بۆ ئەو کەسانەی کەوا مەشمول دەبن بە حەکمەکانی ئەو یاسایە، جگە لەو هۆکارەی کە باس کرا

لە بڕگە حەوتەمی ماددە یەك لە پێناسەكە هەموو جۆرەكانی عەوقی دیاری كردووە، بۆیە بووون و نەبوونی ئەو ماددەیە لەناو ئەو یاسایە هیچ سوودو كاریگەری نابێ لەسەر ناوەڕۆكی یاساكەو لەسەر ماف و ئیمتیازاتەكە، سوپاس.

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:

سوپاس، ڕێزدار عبدالسلام صدیق بەرواری، فەرموو.

بەڕێز عبدالسلام مصطفی صدیق:

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.

بەڕاستی ئێمە لە ڕاپۆرتی هاوبەش هەردوو ڕەئیمان هێنا ئێرە، بەڵام خۆم بە حەقیقەت لەگەڵ ئەوەم لێرە نەمێنێت، ئێمە لە لێژنەی كۆمەڵایەتیشەوە باسمان كردووە، چونكە بەو شێوەی هەیە هیچ ئیزافەی تێدا نییە، غەیری دووبارە داڕشتنێكی سەقەتی پێناسەی (معاق)ـە، هەتا هەموو شتێكی تێدا نییە ئەوەی موعاق، یەعنی هەندێ برادەر هەر یەكە بەپێی ئیختیصاصی خۆی دیاری كرد.

دووەمیان/ ئێمە ڕووبەڕووی حاڵەتێك دەبین ئیحتیمال هەیە، چونكە پێشنیار هەیە ئەمە ببێتە یاسای خاوەن پێداویستییە تایبەتیەكان، ئەو كاتە ئەوە هەر داعی نییە هەبێت، بۆیە ئێمە لەگەڵ ئەوەین نەمێنێت، بەڵام وەكو لیژنەی موختەص ئەوەی (إعاقة منذ الولادة)، یان ئەوەی (تالیة) بە حەقیقەت ئەگەر بەو شێوە بێت، ئەوەی یەك چاوی هەیە، یان یەك دەستی هەیە، یان یەك گورچیلەی هەیە، خۆ (بدنیاً)ـە، بەڵام داواكارییەكەی كاك سەردار زۆر گرنگە ئەمە نەك بەس لەو تەعریفە، یان لەو ماددەیە، لە جێگایەك لە جێگایەكان ڕەنگە لە دەرەوەی ئەو یاسایەش، ئەوی ئیجحافە بە حەقی ئەوانەی كە لەلایەك موعامەلە دەكرێن لەبەر هەر هۆیەكی نەقصی جەسەدی لە هەمان كاتدا حیساب ناكرێ لەگەڵ ئەوانەی ئیمتیازاتیان هەیە، سوپاس.

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:

سوپاس، ڕێزدار ئەڤین عمر، فەرموو.

بەڕێز ئەڤین عمر احمد:

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.

من وابزانم ڕەئیەكەم جیاوازە لەگەڵ بەڕێزان، لەبەر ئەوەی من زۆر بە زەروری دەزانم مانەوەی ئەم ماددەیە، لەبەر ئەوەی ئەو ماددەیە ئەگەر هاتو خاڵ بە خاڵ ماددەكانی تر بخوێنینەوە دەبینین مافەكانی كەمئەندامانی لێ دیاری كراوە، ئەگەر ئێمە بزانین ئەم یاسایە، بەتایبەتی مافی كەمئەندام دیاری دەكات، دەبێ تەصنیف بكرێ ئەو كەمئەندامە چۆنەو بە چ شێوەیەكە؟ بۆیە بوونی ئەو ماددەیە زۆر گرنگە بۆ تەصنیف كردنی حاڵەتی ئەو كەسە، من لەگەڵ ئەوەشدا لەگەڵ ڕەئیەكەی شلێر خانم، ئەگەر هاتو ئێمە تەصنیفیشمان كرد، دەبێ تەصنیفێك دانێین كەوا عزویەتی ئەو كەسەش دیاری بكات، ئەو عەوقە عزوییەی چیە لە لەشی ئەو؟ بۆ نموونە یەكێك جەسەدییەن، یاخود (بدنیاً) دەستی، یان قاچی لە دەست

داوه، بەڵام یەکێکی نابینا، یاخود گوێی نییە، بڵێن کەڕە، ئەوە فەرقیان هەیە، بۆیە دەبێ عزوییەتیشی بۆ زیاد بکەین، ئەم تەصنیفە بەم شێوەیە کە هاتووە زۆر زۆر گرنگەو بوونی لە ناو ئەم یاسایە گرنگە، لەبەر ئەوەی تەصنیف کردنی معەوەق زۆر گرنگە، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، ڕێزدار برهان رشید، فەرموو.

بەڕێز برهان رشید حسن:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

وجودی ماددەی سێ بە ڕەئی من موتەناقیزە لەگەڵ ماددەی یەك لە بڕگەی (7)، لەبەر ئەوەی هەموو ئەو حاڵەتانە ناگرێتەوە لە بڕگەی حەوتی ماددەی یەکدا هاتووە، بە هەمان شێوە ئەگەر تەعریفی قانونەکە ببێ بە (ذوي الإحتياجات الخاصة)ی بۆ ئیزافە بکرێ، (معوق) و (ذوي الإحتياجات الخاصة)، ئەوە ئەو تەصنیفە نایگرێتەوە (ذوي الإحتياجات الخاصة)، لەبەر ئەوە لەو دوو حاڵەتە لەبەر تەناقوزی لەگەڵ بڕگەی حەوتی ماددەی یەك زائیدەن عینوانەکە، ئەو ماددەیە موتەناقیزە، پێویستە ئیلغا بکرێتەوەو ڕێگە بدرێ بە وەزارەت بە تەعلیمات ئەو ماددەیە ڕێك بخات، نەك لەوێدا وجودی بێتەوە، دەبێ بە (ثغرة)یەکی قانونی، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، ڕێزدار د. حسن محمد، فەرموو.

بەڕێز حسن محمد سورە:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

خۆی لەڕاستیدا تەصنیفی (المعاقين) شتێکی زۆر گرنگ و موهیمە، زۆر ئیهتیمامیشی پێ دەدرێ لە مەحافیلی دەولی، بەڵام بەو شێوەی کە لێرە هاتووە، ئەو جۆرە تەصنیفەی کە لێرە هاتووە زۆر تەحدیدی کردووە، چونکە تەصنیف گرنگە یەکەم/ بۆ ئەوەی کەوا چ جۆرە کارێك بە نەزەری ئیعتیبار وەردەگرێ بۆ ئەوان، تەصنیف بۆ ئەوەیە چ جۆرە ئیحتیاجاتەکانی کە هەیانە لە ڕووی تەربەوی، لە ڕووی تەئهیلی بۆ ئەوەی بۆیان جێبەجێ بکەین، ئەم جۆرە تەصنیفەی ئێرە هیچ جۆرێك لەوانە ناکات، تەصنیف هەیە عام هەیە وەکو کاك عبدالسلام ئیشارەتی پێدا، (خلقي)یە، (غيرخلقي)یە، (مزمن)ـە، (مزمن) نییە، (كلي)یە، (جزئي)یە، تەصنیفیش هەیە تەصنیفی دەولی، بەپێی جۆری ریازە دەکات، ئەو یارییەی کەوا دەیکات، هەروەها ئەو تەصنیفەی کە کاك د.ڕێباز کردی لەڕووی چالاکییەکانی (حركي)یە، (سمعي)یە، (بصري)یە، (عقلي)یە، بۆیە بەڕەئی من لێرە هەڵبگیرێ و، بهێڵرێتەوە بۆ تەعریفەکە، بۆ فراوان کردنەکەی زیاتر بمێنێتەوە باشترە، نەك وا تەحدید بکرێ، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، ڕێزدار تارا ئەسعەدی، فەرموو.

بەڕێز تارا تحسین ئەسعەدی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بەڕاستی ئەوەی من دەیبینم لێرەدا، لەبەر ئەوەی ئێمە لە دووڕیانی ناوەکە ماینەوە کە بەناوی معەوق بێ، یان بە ناوی پێداویستی تایبەت بێ، کە هیچیان موشکیلە نییە، بەس گونجاندنی ناوەڕۆکەکە لەگەڵ ناوەکە دەبێ بگونجێندرێ، ئەگەر هاتو بە ناوی (معوقین) بوو، ئەوە بوونی ئەو تەصنیفە زۆر زۆر گرنگە لەبەر ئەوەی هەموو ماددەکان بەندن بە یەکتری، ئەگەر نەزانین چ نەوعێك دەگرێتەوە، ئەگەر هاتو بیکەین بە پێداویستی تایبەت، من وا ئیقتیراح دەکەم (إضافة كل من يشملهم الإحتياجات الخاصة من الناحية الصحية والثقافية والإجتماعية وهم:

1- الموهوبين.

2- الحوامل.

3- الأمراض المستديمة (كالضغط والسكرى وغيرها).

4- مرض التلاسيميا.

5- الأوتيزم.

6- المعوقين.

7- ذوي القصار القامة.

8- بطيئي الفهم.

لەو هەشت جۆرە ئێمە دەبێ ئیزافە بکەین، بەتایبەتی لە ناحیەی تەندروستییەوە کە لەو حاڵەتە دەبێ وەزارەتی صحە، یا بڵێین لێژنەی صحیش دەبێ لەگەڵ کۆمەڵایەتی تێیدا بێ، بۆ ئەوەی بتوانین ئەو هەشت جۆرە لەناو ئەم یاسایە جێ بکەینەوە، زۆر گرنگە لەم ماددەیە ئیزافە بکرێ، ئەگەر بێت و لەسەر ناوەکە بەم شێوەیە بێت، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، ڕێزدار د. ئاراس حسین، فەرموو.

بەڕێز د.ئاراس حسین محمود:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بەڕای من مانەوەی ئەو ماددەیە گرنگە بۆ یاساکە، چونکە ئەگەر مەبەست لە یاسا تەحدیدی شێوەی کارکردن بێت ئەوە دەبێ بە بنەماییەك چۆن پشتی پێ ببەسترێ بۆ تەحدیدی ئەو حاڵەتەی کە هەیە؟ بەتایبەتی بۆ داخل کردنی ئەو کەسە لە تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتی، دەبێ ئەوەش بزانین کە لە یاساکەدا ماددەیەکمان هەیە تەحدیدی دەرەجەی عیجزی کردووە، ئەو تەحدیدی دەرەجەی عیجزە لە ڕاستیدا یەك دەگرێتەوە جارێکی تر لەگەڵ ئەو شێوە تەصنیفەی کە ئێستا لێرەدا هاتووە، کەم توانایی لەڕووی جەستەیی، لەڕووی بیرو هۆش، لە ڕووی دەروونی، هەروەها کارکردن بەشێوەیەکی تەواو، یان بە شێوەیەکی

کەم، دوایی ڕەبت دەبێتەوە لەگەڵ ماددەی حەوت، کە تەحدیدی دەرەجەی عیجزی کردووە بە سەروو (65) لەنێوان (33) بۆ (64)، لەنێوان (15٪) بۆ (32٪)، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

زۆر سوپاس، ئەندامە بەڕێزەکان تەواو بوون، ئێستا جەنابی وەزیر ئەگەر موداخەلەیەکی لەسەر ئەم ماددەیە هەبێ، فەرموو.

بەڕێز ئاسۆس نجیب/ وەزیری کارو کاروباری کۆمەلایەتی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

من لەگەڵ ئەوەدام کە ئەو ماددەیە بمێنێتەوە، چونکە عەوقەکە دابەش دەکرێ، تەصنیف دەکرێ، بەڵام لە دووەم کە دەڵێن (المعاقون عقلیاً)، دەبێ (نفسیاً)شی بۆ زیاد بکرێ، ئێمە تاکو ئێستا پاڵپشت بە ماددەی (44) لە قانونی (الرعایة الإجتماعیة) توانیومانە ئەو نەخۆشانەی کە ئێستا هەن، یاخود ئەو کەمئەندامانە، یاخود ئەو کورتەباڵانە کە ئێستا هاوکاری لەلایەن وەزارەت وەردەگرن لە ژێر چەتری ئەو ماددەیە بووە، بەڵام یەك ڕوونکردنەوەیەکی زۆر پێویستە دەبێت بیدەم ئەوەیە کە بۆچی ئێمە وەزارەت بەپێی ڕێنمایی ئەنجومەنی وەزیران کارمان کردووە؟ سەرەتای دەست بەکاربوونم تەماشام کرد تەعلیماتی دابەش کردنی مووچەی کەمئەندامان جیاوازی هەیە، لە سلێمانی هەموو جۆری کەمئەندامان مووچەیان وەردەگرت، بەڵام لە هەولێرو دهۆك سێ، چوار جۆر بوو، دوای ئەوەی کە لیژنەیەکی هاوبەشمان پێکهێنا لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی، چونکە هەندێك نەخۆشی تیایە زۆر زەروورە کە وەزارەتی تەندروستی خۆی ئەوە تەحدید بکات، سەبارەت بە کەمئەندام بوونی جەستەیی، نابینایان، نابیستان، بیرکۆڵان، ئەوانە هەر هەمووی ڕێژەی خۆی هەیە، پاش ئەو لیژنە هاوبەشە ڕاپۆرتێکمان بەرزکردەوە، کردمانە ڕێنمایی لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە دامان گرت، بۆ ئەوەمان بوو، بۆ ئەوەی ئەو ناعەدالەتییەی کە هەبووە ئێمە ڕێکی بخەینەوە، ئێستا ئەوەی کە هەیە لە ئەو تەعلیماتە لە هەولێرو دهۆك و سلێمانی و گەرمیان بە یەك تەعلیمات مووچە دابەش دەکرێ، کێشەمان لەوە هەیە کە ئەو کاتەی ئەندامانی پەرلەمانی بەڕێز دەنگیان لەسەر ئەوەدا مووچەکە زیاد بکرێ، هیچ دەسەلاتێ بۆ وەزارەت نەماوە کە ئێمە تەصنیفی بکەین، (100) بۆ ئەوەی کە فەرمانبەرو (150) بۆ ئەوەی کە کەمئەندامەو فەرمانبەر نییە، ئێمە هیچ دەسەلاتێکمان لەوەدا نەبوو، ئێستا ڕۆژانە گلەیی لەلایەن کەمئەندامانەوە بۆ وەزارەتمان بەرز دەکرێتەوە، سکالایان هەیە کە هیچ جیاوازیەك نەکراوە لە دەرەجەی عەجزەکان، ئەوەی کە لە (40٪)ـە هەمان مووچە وەردەگرێ وەکو هاوشێوەی کە (100٪) دەرەجەی عەجزەکەی، بۆیە ئەو ڕێنماییەمان دابەزاند لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە، بۆ ئەوەی بتوانین ڕێنماییەکی گشتگیر لە هەرێمی کوردستان جێبەجێ بکەین، سەبارەت بەوەی کە ئایا ناوی پڕۆژە یاساکە دەگۆڕن بۆ خاوەن پێداویستی تایبەت، بەڕێزان، گرنگ لای ئێمە ئەوەیە ناوەڕۆکی پڕۆژەکە بەشێوەیەك بێ مافی هەموو کەمئەندامان و بیرکۆڵان و خاوەن پێداویستییەکان بپارێزێ، تاکو ئێستا پڕۆژە یاسایەکمان نییە، کە مافەکانیان بپارێزێت، ئەوەی هەیە وەکو دوێنێ باسم کرد

ئیجتیهاداته، ڕێنماییییه ئێمه بەرزی دەکەینەوە، کە چۆن بتوانین خزمەتی زیاتریان بکەین، ئەگەر خۆیان پێداویستی داخل دەکەن، ئێمە نەخۆشی زۆر هەیە کە تاکو ئێستا داخل نەکراوە، وەکو شەکرە، بۆیە بە پێویستی دەزانم ئەگەر خاوەن پێداویستی تایبەت داخل ئەو یاسایە دەکەن زۆر زەرورە وەزیری تەندروستی لەگەڵمدا ئامادە بێ بۆ ئەو پرۆژە یاسایە، ئەگەر پرۆژەکانی تر تەنها وەزیرێك ئامادە بێ، ئەمە پرۆژەیەکی زۆر گرنگە، تایبەتە بە تۆیژێکی زۆر گرنگ لە کۆمەڵگا، وردەکاری زۆری تیایە من پزیشك نیم، هەندێ وردەکاری تیابێ وەزیری تەندروستی مولاحەزەی خۆی لەسەر دانێ، دیاری بکرێ، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، ئێستا ماددەی سێ تەواو بوو موناقەشە لەسەری، دێینە سەر ماددەی چوار، ئەو بەڕێزانەی کە دەیانەوێ لەسەر ماددەی چوار لە فەصلی دوو قسە بکەن، تکایە دەستیان بەرز بکەن، ببووڕن، پێش ئەوە ماددەی چوار لیژنەی یاسایی کەرەم بکەن ماددەکە بخوێننەوە، ڕەئیشتان لەسەری بدەن، سوپاس بۆ جەنابت، فەرموو.

بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

سەبارەت بە ماددەی چوار، ئێمە صیاغەیەکمان دانا بە هاوبەشی لەگەڵ لیژنەکانی تری بەڕێزی پەرلەمان، بەو شکلە:

المادة الرابعة:

يشكل مجلس لرعاية وتأهيل المعاقين في الإقليم ويتولى إقرار مايتعلق بشؤونهم ويترأسه الوزير ويكون بعضوية ما يأتي:

أولاً/ مدير عام الرعاية والتنمية الإجتماعية في محافظات الإقليم.

ثانياً/ ممثلين عن الوزارات الآتية:

1- التعليم العالي والبحث العلمي.

2- التربية.

3- الصحة.

4- الثقافة والشباب.

ثالثاً/ للوزير دعوة ممثل عن جمعيات المعاقين لحضور إجتماعات المجلس.

رابعاً/ للوزير دعوة أي خبير من داخل الوزارة أو خارجها بالمشاركة في إجتماعات المجلس.

جەنابی سەرۆکی پەرلەمان، ئەوەی خوێندرایەوە ڕای لیژنەی هاوبەشە، چونکە صیاغەکە بەشێوەیەکی تر لە پرۆژەکەی ئەصل، کە بووە ئەساس بۆ موناقەشە.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، بەڕێزان، ئێستا ئەو بەڕێزانەی کە دەستیان بەرز کردبوو ناویان بنووسن، کەرەم بکە لەوێوە فەرموو، سوپاس ئەم بەڕێزانە دەیانەوێت مواداخەلە بکەن (هاوڕاز شێخ احمد، عمر نوردەینی، دلێر محمود، شێرزاد حافز، صەبیحە احمد، ڕازاو محمود، دکتۆر صباح بەزرنجی، بەیان احمد، سیوەیل عوسمان، جەمال تاهر، گوڵیزار قادر، حەمە سەعید، بەفرین حسین، هاژە سلیمان، ئەڤین عمر، سۆزان شهاب، کاردۆ محمد، دکتۆرە رۆژان دزەیی، عەونی بەزاز، تارا ئەسعەدی، دکتۆر حسن، شلێر محی الدین) هاوڕاز خان، فەرموو.

بەڕێز هاوڕاز شێخ احمد:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

لەڕاستیدا لەگەڵ ئەوەی تا ئێستا لای ئێمە ڕوون نییە، کە ناوی یاساکە دەبێتە چی، بەڵام لەم ماددەیەدا لە بڕگەی سێیەم باسی تەنها یەك نوێنەر دەکات، دەڵێت (دعوة ممثل عن جمعيات المعاقين)، یەعنی بەڕاستی من پێم باشە ئەمە بەو شێوەیە نەبێت تەحدید کردن بە یەك نوێنەر، چونکە تۆ هیچت نەبێت سێ پارێزگات هەیە، ئەم سێ پارێزگایە هەریەکەو تایبەتمەندی خۆیان هەیە، لەبەر ئەوە تەبعەن پێداویستیە تایبەتەکانی بۆ زیاد بکرێت دواتر، کەمئەندامانیش، ئەوە نوێنەرەکان دیاری نەکرێت بە یەك کەس، هەر بڵێت نوێنەری ئەمانە، یەعنی ئەوە تەحدید نەکرێت، چونکە ئەم یەك نوێنەرە دەستی دەگیرێت لەوەی کە بتوانێت ئەو کەسانەی کە نوێنەری شارەکانی ترن، بە تایبەتمەندی شارەکانی تر دەعوەت بکرێن بۆ ئەم مەجلسە، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، ڕێزدار عمر نوردینی، فەرموو.

بەڕێز د.عمر حمدامین خدر(نوردینی):

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

من پێموایە نوێنەرایەتی خاوەن پێداویستی تایبەت و پەککەوتەکان لەناو ئەنجومەنەکەدا دەبێت زیاتر لەسەری بوەستین، لەبەر دوو هۆ، یەکەمیان: ئەنجومەنەکە زیاتر لە نوێنەری دامودەزگا ڕەسمیەکان پێك دێت، یەعنی وەزارەتەکان و بەڕێوەبەرە گشتیەکان، هەروەها لە بڕگەی سێیەمیشدا هاتووە، وەزیر بۆی هەیە نوێنەری ئەوان بانگ بکات، بۆ ئامادە بوون لە دانیشتنەکەدا، بۆیە بەم شێوەیە نوێنەرایەتی خۆیان لەناو ئەنجومەنەکەدا پێویستی بەوە هەیە زیاتر بەهێزی بکەین، بۆیە من پێشنیار دەکەم، کە بەلایەنی کەمەوە سێ ئەندام لە ئەنجومەنەکە لە خاوەن پێداویستیە تایبەتەکان و پەککەوتەکان بن، کە ئەندامی ئەنجومەن بن، نەك تەنها بانگ بکرێن و لەوێ لە مەسەلەی بڕیاردانیدا ئەوان هێزی دەنگدانیان نەبێت، هەروەها من پێم باشە ماوەی کارکردن لە ئەنجومەنەکەش دیاری بکرێت، ڕەنگە وا باش بێت، یان پێشنیار دەکەم ئەو ئەندامەی کە خزمەت دەکات لەناو ئەو ئەنجومەنە ماوەی خزمەتەکەی 4 سالّ بێت، بۆ یەکجار شایەنی درێژکردنەوە بێت، بۆ ئەوەی کە مەجالی گۆڕان هەبێت.

سەبارەت بە ناوی ئەنجومەنەکە هەرچەند لە موستەڵەحەکە لە ماددەی یەکەمدا، کە تەعریف کراوە ئەوە بڕدراوەتەوە، بەس دەکرێت ئێمە لێرەدا جارێکی تر لەسەری بوەستینەوە، چونکە ڕەنگە بەم شێوەیە لەڕابردووشدا ئاماژە بەوە درا، کە مەسەلەی تەئهیل و ریعایەت کردن ئێستا ئالیەت هەیە بۆ ئەوە، بۆیە ئەگەر بکرێت من پێشنیار دەکەم ناوی ئەنجومەنەکە بکرێت بە ئەنجومەنی ماف و کاروباری پەککەوتەکان لە هەرێمی کوردستان، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، ڕێزدار دلێر محمود، فەرموو.

بەڕێز محمد دلێر محمود:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

لە ماددەی چوارەمی بڕگەی یەکەمدا، من لەگەڵ ڕای لیژنەی هاوبەشدام، کە لێرەدا نووسراوە لە ئەصڵی ماددەکە بەڕێوەبەرە گشتیەکان هەر یەک لە بەڕێوەبەرایەتی چاودێری کەمئەندامان و بەڕێوەبەرایەتی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی لە پارێزگاکانی هەرێم، بەڵام ئێستا بەڕێوەبەرایەتی گشتی لە شارەکاندا، یەک بەڕێوەبەرایەتی گشتی هەیە، کە بریتیە لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاودێری وگەشەپێدانی کۆمەڵایەتی لە شارەکانی هەرێمدا.

بەنیسبەت بڕگەی دووەم، کە دەڵێت نوێنەری ئەم وەزارەتانەی تێدا بێت، وەک خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی، پەروەردە، تەندروستی، ڕۆشنبیری ولاوان، لە هەمان کاتدا من نوێنەری شارەوانی و گەشتوگوزار بە پێویست دەزانم، لەبەر ئەوەی لە ئێستادا ئەو بینایانەی کە دەکرێت، پێویستە تەصمیمەکەی بەو شێوەیە بێت حساب بۆ کەسانی کەمئەندام بکرێت لە هەموو بینایەکداو، چەند شوقەیەکیش بۆ ئەوان بەتایبەتی کە ئێستا سیستەمی شوقە دروست کردن و عیماراتی شوێنی نیشتەجێ بوون هەیە، چەند شوقەیەک بۆ ئەوان تایبەتمەندی هەبێت، بۆ ئەوانەی کەمئەندامن، چ بۆ ئەوانەی کورتە باڵان، ئەمە لەلایەک، لەلایەکی تریشەوە، لە بڕگەی سێیەم، دەڵێت نوێنەرێکی کۆمەڵەی کەمئەندامان، لای منیش هەروا چاکە وەزیر خۆی دەستنیشانی ئەو نوێنەرە بکات، لەبەر ئەوەی کۆمەڵێك ڕێکخراوی کەمئەندامان هەیە لە هەرێمی کوردستاندا، تا ئێستا لەسەر زۆر شت ناکۆکن، بەتایبەتی ڕێکخراو هەیە لەشارێکەوە بۆ شارێکی تر، بەشێوەیەکی تر بەرنامەو ئامانجی خۆیان هەیە، باشتر وایە وەزیر خۆی دەستنیشانی بکات، یاخود هەموو ڕێکخراوەکان وا لێ بکات کە بۆ خۆیان نوێنەرێك بۆ خۆیان دەستنیشان بکەن، ئەوەی کە دەڵێت شارەزایەك وەزیر خۆی دەستنیشانی بکات، ئەمە شتێکی چاکە، لە هەمان کاتدا بڕگەیەکی تر بە بڕگەی سێیەم وەکو کاك عومەر نورەدینی باسی کرد، ماوەی ئەنجومەنەکە چەند ساڵ بێت دەست نیشان نەکراوە، پێویستە ئەوەش دەستنیشان بکرێت، کە شتێکی چاکە، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، بەڕێز شێرزاد عبدالحافظ، فەرموو.

بەڕێز شێرزاد عبدالحافظ شریف:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

دیارە ئەم پرۆژەی کە لەحکومەتەوە هاتووە، خۆی لە ئەصڵدا ئەوەی تێدایە کە دەڵێت (ممثل عن جمعیات المعاقین) ئەو پرۆژەی کە لیژنە تایبەتەکە ئامادەیان کردووە، دەڵێن وەزیر دیاری بکات، من پێمواید پرۆژە ئەسڵەکەی حکومەت بێت باشترە، لەبەر ئەوەی ئەگەر وەزیر دیاری بکات، لەلایەك وەزیر دەتوانێ بە ئارەزووی خۆی کێی بوێت بانگی بکات، ئەمە یەك.

دووەم/ پێمواید ئەگەر بڵێین (ممثلین عن جمعیات)، یەعنی (ممثلین)، نەك (ممثل) نوێنەری کۆمەڵەی کەمئەندامان، ئێمە هەوڵ دەدەین و زەخت دەکەین لەو ڕێکخراوانە دەکەین خۆیان یەك بگرنەوە، بۆ ئەوەی بتوانن ئەو نوێنەرەی خۆیان دابنێن، لەلایەکی تریشەوە کە ئەو نوێنەرەمان دانا، بەڕاستی نوێنەرەکانی کەمئەندامان خۆیان ئەزانن دەردیان چیە؟ نەخۆشیەکانیان چیە؟ ئازەرەکانیان چیە؟ ئیمتیازاتیان چی دەبێت؟ بۆیە ئەوان دەتوانن بەکوردییەکەی عیلاجی دەردی خۆیان بکەن، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، ڕێزدار صبیحە احمد، فەرموو.

بەڕێز صبیحە احمد مصطفی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

من پێم باشە بێجگە لە نوێنەری ئەو وەزارەتانەی کە ئێستا لە ناو پرۆژەکە ئیشارەتی پێکرا، نوێنەری وەزارەتی پلاندانانیش تێدا بەشدار بێت، چونکە نوێنەری وەزارەتی پلاندانان، یەعنی ئاگاداری ئیشوکاری هەموو وەزارەتەکانەو، لەلایەکی تریش پێم باشە نوێنەری هەموو پارێزگاکانی تێدا بێت، بەڵام بە شەرتێك ئەو کەسەی کە نوێنەرایەتی پارێزگاکان دەکات کەسێك بێت کە خۆی خاوەن پێداویستی تایبەت بێت، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

زۆر سوپاس، ڕێزدار ڕازاو محمود:

بەڕێز رازاو محمود فرج:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

دیارە خۆی یەکلایی نەکردنەوەی پرۆژە یاساکە، ئەوە لە ناونیشانەکەوە، دواتر تێبینی بەڕێزان لیژنە یەکلایی ئەکاتەوە، بەنیسبەت مەجلیسەکەوە، ئەم ئەنجومەنە، ئەگەر بکرێت لە بڕگەی یەکەم و دووەم پاش و پێش بکرێت، نوێنەری وەزارەتەکان پێش بخرێت و، پێشنیاریش دەکەم، نوێنەری وەزارەتەکان،

نوێنەری وەزارەتی دارایی و ئابوورییشی تێدا بێت، ئەو پێشنیارەی صبیحە خانیش دەکەم، کە نوێنەری وەزارەتی پلاندانانیشی تێدا بێت و، پێشنیاری ئەوەش دەکەم کە ئەو نوێنەرانە پلەی وەزیفیان لە بەڕێوەبەری گشتی کەمتر نەبێت، ئەگەر بکرێت خاڵێك ئیزافە بکرێت، نوێنەری ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمانیش لەم ئەنجومەنەدا هەبێت بەتایبەتی بۆ داکۆکی کردن لە ژنانی خاوەن پێداویستی تایبەت، ژنانی کەمئەندام، هەروەها هاوڕام لەگەڵ کاك عومەر بەوەی کە قوەیەکی ئیلزامی هەبێت، فەقەرەی سێیەم، بەوەی کە ئەو نوێنەرانە لەوێ دەبن لەسەر ویستی وەزیر نەبێت، بەڵکو قوەیەکی ئیلزامی هەبێت، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، ڕێزدار دکتۆر صباح، فەرموو.

بەڕێز د.صباح محمد نجیب:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سەبارەت بە ناوەکە ئەبێ ریعایەتی ئەوە بکەین لەگەڵ ئەو ئەهدافانە کە لە ماددەی پێشووتردا لە ماددەی دوودا باس کراوە، جێی بێتەوە بە تەواوی، بۆیە ئەگەر ئەنجومەنەکە ئەنجومەنی کاروبار بێ، گونجاوترە، کاروباری تر ئەو ناوەی کە بۆی دیاری دەکرێ دواتر، چونکە لە ئامانجەکاندا تەنها باسی ریعایەو تەئهیل نییە، باسی بەهێزکردنی توانای وزە و ئیمکانیات و ئەوانەشە، یەعنی دەبێ عینوانەکە شاملتر بێ، ئەنجومەنی کاروباری (مجلس شؤون ذوي الاحتياجات الخاصة، مجلس شؤون المعوقين، المعاقين) هەر ناوێك کە دوایی دەنگدانی لەسەر دەکرێ و یەکلایی دەبێتەوەو، منیش تەئکید لەسەر ئەوە دەکەمەوە کە نوێنەری کۆمەڵەکان زەرورە بەراستی، ئەو کۆمەڵانەی دوایی ئەم یاسایە شمولیان دەکات، ببن لەناو ئەو ئەنجومەنەدا زۆر زەرورە، بۆیە پشتیوانی لە ڕایەکەی بەڕێز د.عومەر نورەدینی دەکەم، پشتیوانی لە رایەکەی بەڕێز صبیحە خانیش دەکەم، کە نوێنەری وەزارەتی پلاندانانی تێدا بێ، پشتیوانی لە ڕایەکەی خوشکە ڕازاویش دەکەم، کە نوێنەری ئەنجومەنی خانمانیشی تێدا بێ، ئینجا دوو مولاحەزەم هەیە لەسەر صیاغەی ماددەکە، (يشكل مجلس لرعايه وتأهيل المعاقين في الاقليم ويتولى)، ئەو (و) زەروری نییە بەراستی، (يتولى اقرار ما يتعلق بشؤونهم)، چونکە لە زانستی ڕەوانبێژیدا مەوزوعێك هەیە پێی ئەوترێ (كمال الاتصال)، یەعنی پێویست ناکات بە حەرفی عەتف بەکاری بێنین، (يشكل مجلس لرعاية وتأهيل المعاقين في الاقليم، يتولى اقرار مايتعلق بشؤونهم ويرأسه الوزير)، مولاحەزەیەکی تر ئەوەیە، (ويكون بعضوية مايأتي)، لە زمانی عەرەبیدا (ما) بۆ غەیر عاقڵ بەکار دێت، یەعنی جوان نییە لێرە، (ويكون بعضوية كل من:) بەو شێوەیە بەکاربێت، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، ڕێزدار بەیان احمد فەرموو.

بەڕێز بەیان احمد کۆچەری:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

منیش سێ تێبینی لسەر ماددەیت هەین، تێبینیا ئێکێ/ لەسەر نافێ فێ مەجلیسێ بخوێیا، ئەز پشتیڤانیا برای بەڕێز کاك صەباحی دکەم، کو فعلەن دەبێت ئەڤ نافێ وێ ڤ مەجلیسی (المجلس الاعلی لشؤون المعاقین) بێتن، دێیا شاملتر بێت بە رەئیا من، خالا دی تر، سەر پێناسە فێ مەجلیسێ، ئەژی دگەلا هەندێ دامە کو فیعلەن پیچا کا دی تەسەلتر بێ، (یشکل مجلس لرعایە وتأهیل المعاقین ڤی الاقایم یتولی اقرار مایتعلق بشؤونهم واجراء التنسیق بین الوزارة والمؤسسات الحکومیة المختلفة والقطاع الخاص)، ئەڤە ئیزافە هەبێ بە رەئیا من باشترە، دگەل تێبینیا دی گەلێ بەرێزان بەرێ من ئاماژەیان پێ کرد، کو نوێنەرێ وەزارەتا پلاندانان زەروری دەزانم، ئەڤ نوێنەرانی وانی ڤ تێدا بێتن و نوێنەری شارەوانیش، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، رێزدار سیوەیل خان فەرموو.

بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بەنیسبەت ماددەی چوارەم، منیش پێم باشەو هاوڕام لەگەلا ڕازاو خان، ئەوەلەن ببێتە (ثانیا)، (وثانیا) ببێتە ئەوەلەن، لەبەر ئەوەی مومەسیلی وەزارات دێن یەکەم جاری و دوایی مودیر عامەکانە، بەنیسبەت (مدراء عامیین)، لە ئەصلێ پرۆژەکە هاتووە (مدراء عامیین کل من مدیریة رعایة المعاقین ومدیریة التنمیة الاجتماعیة)، واتا دەکاتە دوو مودیر عام، بەلام لە راپۆرتی هاوبەشەکە یەك مودیر عامە، جا نازانین ئایا یەك مودیر عام دەبێت، یان دوو بێت؟ بەنیسبەت سێیەم هەمانە ئەگەر بکرێتە (ممثلین عن جمعیات المعاقین) باشترە (ورابعا) ئەصلێ پرۆژەکە باشترە، (خبیر یختاره المجلس) و، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، جەمال طاهر فەرموو.

بەڕێز جمال طاهر ابراهیم:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

ئەگەر بێتو سەیری ماددەکە بکەین، ماددەی چوار، دەبینین تێکەڵیەك هەیە بەینی مەهامەك و مەجلیسیش، بۆچی؟ ئەگەر بێین سەیری ماددەی یەك بکەین، لەوێ تەعریف کرایە (مجلس رعایة وتأهیل المعاقین)، ئەوە لەوێ تەعریف بووە، دووەم بیدایەتی فەصلێ، (مجلس رعایة وتأهیل المعاقین)، بیدایەتی ماددە: (یشکل مجلس لرعایة وتأهیل المعاقین، ویتولی اقرار مایتعلق بشؤونهم)، ئەمە لە مەهامی مەجلیسە، بۆیە من پێشنیار دەکەم یەکسەر بنووسێت: (یشکل المجلس برئاسة الوزیر وعضویة کل من:) دووبارە بێینە خوارێ، (ثالثاً ورابعاً)، لێرە وا دیارە تەقریبەن هەندێك سەلاحیات بە وەزیر دەدرێت، ئایا داخوازی دەکات، یان داخوازی ناکات؟ ئەو مەجلیسە تەرکیبەیەکی دائیمیە، وەزیر کە دێتن نوێنەری جەمعییات و ئەوانە بێن لەگەڵدا نینە، بە باشتر دەبینن (ثالثا ورابعا) ئەگەر بکرێتن کە لە دوای ماددەی پێنجەمە، بچێتە دوای

(يجتمع المجلس مرة واحدة في الاقل كل شهرين وللوزير دعوته للاجتماع عند الاقتضاء على ان يحضر ممثل، او ممثلين عن جمعيات المعاقين.....) زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

زۆر سوپاس، ڕێزدار گوڵیزار قادر فەرموو.

بەڕێز گوڵیزار قادر اسماعیل:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

سەبارەت بەو ماددەیە، کە لەو ئەنجومەنە بە سەرۆکایەتی وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی بۆ چاودێری شیاندنی کەمئەندامان پێك دەهێنرێت، پێشنیار دەکەم وێڕای ئەو چوار وەزارەتەی کە ناویان لێرەدا هاتووە، وەزارەتی ئەوقافیشی تیا بێت، چونکە بەڕاستی مامۆستایانی ئاینی دەتوانن ڕۆڵی باش و ئیجابی لە بواری هۆشیار کردنەوەو باوەڕ بە خۆبوون لە ڕووی ئاینیشەوە ببینن، بۆیە پێشنیار دەکەم نوێنەری ئەوقافیشی تیا بێت، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

زۆر سوپاس، ڕێزدار حەمە سەعید فەرموو.

بەڕێز حەمە سعید حمە علی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

من پێموایە ئەو وشەی موعاقینە زیادە، نابێت بڵێین، چونکە وەکو گوتمان هەر تایبەتێك هاتووە مەجلیسەکە بە کەمئەندامان، لەبەر ئەوە گشتگیر بێت و نەمێنێت، ئەو ڕەئیەی کاك جەمال بۆ حەلی ئەو ئیشکالە دەکات (ویشکل المجلس)، ئیتر تەواو (في الاقلیم)، ئەمە ئیشکالێکە، ئایا ئەم مەجلیسە سەربەخۆیە، یان تابیعی وەزارەتە؟ ئەگەر تابیعی وەزارەت بێت (في الاقلیم)ی ناوێت، دەبێت بنووسیت (یشکل المجلس التابعة للوزارة)، یەعنی ئەو کاتە نایەوێت، ئەوە خاڵێك.

خاڵێکی تریش، لە سێیەم کە دەڵێت (للوزیر دعوة ممثل عن جمعیات) دیسان (المعاقین) نەمێنێت، ئەگەر بمێنێت بڵێین (المعاقین وذوي الاحتیاجات الخاصة وقصاری القامة)، یەعنی بۆ ئەوەی شەرائیحەکانی تریش بڵێن، یان هیچی نەڵێین، بەس بڵێین (ممثلین شرائح المشمولین بالقانون)، لەبەر ئەوەی ئێمە دەمانەوێت قانونەکە شامل بێت، تەنها بۆ کەمئەندامان نەبێت، یان دەبێت ناوی صنفەکان بێنین (کەمئەندام و کورتە بالاڵ خاوەن پێداویستیە تایبەتەکان)، هەموویان باس بکەین و زیکر بکەین، یان بڵێین توێژە مەشمولەکان، (الشرائح المشمولة بالقانون)، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

زۆر سوپاس، ڕێزدار بەفرین حسین فەرموو.

بەڕێز بەفرین حسین خەلیفە:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

لە ماددەی چوارەمدا، دیارە ئەندامێتیەکان، یان نوێنەرایەتیەکان لەنێو ئەو مەجلیسە کاتەکەی دیار نییە، بۆ ماوەی چەند دەتوانن ئەندام بن، یان نوێنەرایەتی بکەن لەنێو مجلیسەکە، بۆیە پێویستە بزانین ماوەکەی چەندە؟ مەسەلەن دوو ساڵە، سێ ساڵە، چوار ساڵە، ئەوە دیاری بکرێت و ئایا نوێ بوونەوەی هەیە، یان نا؟

پێشنیار دەکەم سەرەڕای موحافەزەکانیش ئیداراتیش ئیزافە بکرێت، ئەگەریش نەڵێن کەوا بێت هەموو وەزارەتەکان با داخیل بکەین، یان نوێنەرەکانیان، من پێشنیار دەکەم کە نوێنەری هەردوو وەزارەتی ئەوقاف و ناوخۆی تێدا بێت، بەو پێیەی کە ماموستایانی ئاینی دەورێکی کاریگەریان هەیە لەنێو کۆمەڵگادا، بەتایبەتی لە وتاری نوێژی هەینیان، ئەوەندەی کە خەڵکی ئامادەی نوێژەکان دەبن، یەعنی ئامادەی خوتبەکانی هەینی دەبن، ماموستایانی ئاینی دەورێکی گرنگیان هەیە لە هۆشیار کردنەوەی کۆمەڵایەتی خەڵك، یەعنی بەوەی کە ماف و ئەرك و ڕێزگرتن لەو چین و توێژانەی کە لەم یاسایە داهاتوون کۆمەڵگای پێ ئاشنا بکەن.

لە بڕگەی سێیەمیش راستەوخۆ هەموو چوونەوە سەر ئەوەی یاساکە تایبەتە بە کەمئەندامان، بەڵام من لەبەر ئەوەی کە هێشتا دیار نییە، کە ئێمە ناوی یاساکەمان ناوە چی، لە بڕگەی سێیەم راستەوخۆ چوونەوە سەر ئەوەی کە یاساکە تایبەت بێت بە کەمئەندامان، بۆیە پێویستە بگوترێت نوێنەری ئەو چین و توێژانەی کە بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە، لەبەر ئەوەی هێشتا ناوی یاساکە دیار نییە ناوی چیە، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

زۆر سوپاس، ڕێزدار هاژە سلیمان فەرموو.

بەڕێز هاژە سلیمان مصطفی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

دەربارەی ماددەی چوارەم، ئەوەلەن دەڵێت (مدراء عامين/ كل من مديرية رعاية المعاقين ومديرية التنمية الاجتماعية في محافظات الاقليم)، من پێموایە لەبەر ئەوەی ئەو موديرياتانە لە ئیدارە سەربەخۆیەکانیش هەیە، بۆیە پێویست دەکات کە ئیداراتی موستەقیلیش لێرە داخل بکرێت.

لە دووەم (ثانياً)، منیش هاوڕام لەگەڵ بەفرین خان، کە وەزارەتی ناوخۆ دەبێت نوێنەری هەبێت، لەبەر مەسەلەی ڕێنماییەکانی هاتوچۆ، چونکە بەڕاستی زۆر زۆر گرنگە، بۆ ئەوەی ڕێنماییەکانی هاتوچۆ بە خەڵك بدرێ و بەوانەی کە خاوەنی پێداویستی تایبەتن، دەربارەی چوارەم (خبير يختاره المجلس) ئەوەشی بۆ زیاد بکرێت، (دون ان يكون له حق التصويت)، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

ئەڤین خان فەرموو.

بەڕێز ئەڤین عمر احمد:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

منیش سەرەتا پشتگیری لە ڕەئیەکەی بەڕێز د.صباح دەکەم، کەوا ئەگەر بێتو ئەم مەجلسە دامەزرا با ببێتە مەجلیسی شئونی ریعایە تەئهیلی موعەوقین، لەبەر ئەوە ئەو هەڵدەستێ بە تەرتیب کردنی، یاخود تەنزیم کردنی شئونی ئەم فیئەیە، هەروەها لەگەڵ ئەوەم کە هەندێ بەڕێز پێشنیاری ئەوەیان کرد کە نوێنەری وەزارەتی شارەوانی تیابێ و، بەڕاستی بە پێویستی دەزانم، چونکە هەندێ شوێن هەیە پێویستە وەزارەتی شارەوانی خۆی تەعلیمات و تەسهیلات دەربکات، بۆ لەبەرچاو گرتنی زروفی ئەم خەڵکەو، ئەم فیئەیە یان ئەو کەسانەی بە کەمئەندام دەژمێردرێن، هەروەها لەبەر ئەوەی لە ماددەی سێزدە هاتووە، ئێمە باسی ئەوە دەکەین کە 5٪ ئیلزامی حکومەت بکرێت و 5٪ ئەوانەی کە دادەمەزرێن لە حکومەت و لە قیتاعی عامداو لە وەزارەتی پلاندانان پێویستە نوێنەریان هەبێ، بەهۆی ئەو ماددەوە کە خۆمان لە ماددەی سێزدەدا ڕوونمان کردۆتەوە، هەروەها پێشنیار دەکەم، لەبەرئەوەی ئێمە لە خاڵێکی تردا لە ماددەیەکی تردا باسی وەرزش دەکەین ئەگەر بێتو نوێنەری پارا ئۆڵۆمپی لێرە بەشدار بێ ئەوانیش، چونکە ئەوان فیەئەیەکن، یاخود خەڵکانێکن گرنگی بە وەزرشی کەمئەندامان دەدەن و، پێویستە نوێنەریان هەبێ لێرە، هەروەها سەبارەت بە خاڵی سێیەم کە دەڵێ (للوزیر دعوة ممثل عن جمعیات) بکرێتە (ممثلین عن جمعیات) لەبەرئەوەی تەنها جەمعیەیەك نییە، بەڵکو کۆمەڵێ جەمعیات هەیە کە گرنگی بە کەمئەندامان دەدەن، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

زۆر سوپاس، سۆزان خان فەرموو.

بەڕێز سۆزان شهاب نوری:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.

بەم نەوعە بێ، دەبێ بە مەجلیسی وزەرایەکی بچکۆلانە، ئەم مەجلسە بەم شێوەیەی کە برادەران دەیڵێن، خۆی لە ماددەی پێنجدا کە لە دوای ئەمەوە هاتووە، زۆر بە وازحی دیاری کردووە، کە چی دەکات، ئەمە تەنها سیاسەت و ستراتیجە ئیجرائاتێکەو پێویست دەکات، مادام ئەمە دەزگایەکی حکومیەو لە وەزارەتێك بە یارمەتی لەگەڵ وەزارەتەکانی تردا دایدەمەزرێنێ، هەرچ بڕیارێك لەم مەجلسە دەردەچێ هەموو وەزارەتەکانی تر پابەند دەبن بە جێ بەجێ کردنیەوە، بۆیە پێمواید مەجلیس بۆ ئەوەی گەورە بێ، بۆ ئەوەی بڵێین فلاّن وەزارەت هەڵسێ بە فلاّن کار پێویست ناکات، بەڵکو مەجلیس دەبێ بچووك بێ و خەڵکێك بێت، کە کارا بێ و هەردەم تەفەروغی هەبێ کە پێویست بوو، ئەم ژمارەیەی کە دایانناوە ئەوان زۆر زۆر باشە، بەڵام ئەوەی کە من دەمەوێ باسی لێوە بکەم ئەم کەسانە کە (ممثلین عن الوزارات) ئەگەر هاتو بە پلەی مودیر عام نەبن، ناتوانن ئەوان خاوەن بڕیار بن لە ناو ئەم مەجلیسەدا، کە کاتێ سیاسەت و

ستراتیجی و بڕیار دادەڕێژرێ، بۆیە من لێرە دەڵێم، کە دەڵێم (ممثلین عن الوزارات الاتیة) دەبێت بگوترێ (علی ان لایقل رتبته عن مدیر عام)، چونکە مدیر عامەکە دەتوانێ بڕیار بدات.

لە سێیەمدا من زۆر هاوڕام لەگەڵ بـرای بـەڕێزم کـاك د.عمـر نـورەدینی، کـە تـۆ دەڵێـی (دعـوة ممثـل عـن جمعیات المعاقین لحضور اجتماعات المجلس) ئەمە لێرەدا وەکو میواندارییەکە پرسێکت پێ دەکـەم، قسـەکەتم بەدڵ بوو، باشە، بە دڵم نەبوو بە قسەت ناکەم، نەخێر، ئێمە دەمانەوێ لەڕێگەی بەشداری پێ کردنـی ئـەو چین وتوێژانە لە بڕیاردانـدا هەست بکەن کە خۆیان خاوەنی بڕیارەکەن، نـەك کەسـێکی تـر دێ و بڕیارێـك دائەدروێ بۆ ئەوان، خۆیان لە هەموو کەس باشتر دەزانن کە ئەو بڕیارانەی دەردەچێت تا چەند ئەوان لێـی سوودمەند دەبن، بڕیارێك دەرچووە لەلایەن وەزارەتی شـارەوانییەوە، کـە جێگـەی دەسـت خۆشـیە لەمـەودوا هەرچی بینایەك دروست دەکرێت، دەبێت حیسابی ئەوە بکرێت کە شوێنی هاتوچۆی معـەوقینی تیـا بێـت، بەڵام هەر لەو بڕیارە دیـاری نـەکردووە بینـا کۆنـەکان چـی لێ بکـەین، ئـەوە خـۆی لـەویا کێشـەکەیە، بـەڵام ئەگەر هاتو کەسێکی کەمئەندام، یـان خـاوەن پێداویستی تایبـەت خـۆی ئامـادە بـوو لـەوێ، ئـەو ئیشارەتت دەداتێ دەڵێت بینا کۆنەکانیش دەبێ چارەسەر بکرێن، بەشێوەیەك کە ئێمە بتـوانین سـوودی لێ وەربگـرین، ئەمە خاڵیکە.

خاڵێکی تر، لە کاتی دروست کردنـی خـانوو بـۆ خـەڵکی کـەم دەرامـەت، مـن ئێستا قسـەکانم تـەواو دەکـەن، پێویست ناکات مومەسیلی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە لەوێ بێت، کە نوێنەری ئەو ڕێکخراوانەی لێ بوو، دەڵێ زەحمەت نەبێ کە خانووت دروست کرد بۆ خـەڵکی کـەم دەرامـەت حیسابی ئـەوە بکـە کۆمەڵـە خانوویـەك دروست بکەیت، کە منی کەمئەندام بتوانم سوودمەند بم لێی، کە منـی کورتـە بـاڵا سـوودمەند بم لێـی، کـە منی خاوەن پێداویستی تایبەت سوودمەند بم لێی، نەك وەکو خەڵکێکی ئیعتیادی بۆم دروست بکەیت، بۆیە مـن داوا دەکـەم ئـەوان نـەك دەعـوەت بێـت، نوێنـەری فعلیـان هـەبێ و، خۆیـان ئیتفـاق بکـەن لـەنێوان ڕێکخراوەکانـدا بـە دەوری بێـت، بـە هـەر چـیەك بێـت ڕێکخراوەکـان نوێنـەری خۆیـان بنێرنـە نـاو ئـەو مەجلیسەوەو زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

ڕوتبە تەبعەن عەسکەری ڕوتبەی هەیە، مەبەستت دەرەجەیە، کاك کاردۆ فەرموو.

بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بەڕای من ماددەی چواردەم پەیوەندی بە ماددەی پێنجـەم هەیـە، لـە مـاددەی چـواردەم باسـی پێکهێنـانی ئـەو ئەنجومەنە دەکات، لە ماددەی پێنجـەم ئەرکـەکانی دیـاری دەکـات، پێموایـە ئـەم ماددانـە هـیچ زەرورەتێکی نییە، ئێمە یاسامان هەیە، ئـەو یاسـایە پێویسـتە هـەموو وەزارەتـە پەیوەنـدارەکان، یـان هـەموو جیهـەتێکی پەیوەنـدار جـێ بـەجێی بکـات، بـۆ نموونـە، ئەگـەر بـاس لـە نوێنـەری ماموّسـتایانی ئـایینی بکـەین، ئـەم تێڕوانینـە، تێڕوانینێکی هەڵەیـە، لەبـەر ئـەوەی تـۆ وەك کارمەنـد ناتوانیـت تەماشـای ئەوانـە بکـەیت، کـە

پەیامی ئایینیان هەیەو ئەرکی خۆیان جێ بەجێ دەکەن، تۆ بیٚهێنیتە ناو ئەم تەشکیلاتە، لەبەر ئەوە ئێمە یاسایەکمان هەیە، وەزارەتمان هەیە، مدیریەتێکمان هەیە بۆ چاودێری و پێشخستنی، چ زەرورەتێکی هەیە، تۆ یەکەم جار ماددەیەکت بۆ تەشکیلاتەکە داناوە، دوایی ئەرکەکانی، دانانی موناقەشە کردن لەسەر ستراتیجیەت، چ ستراتیجیەت؟ ئەمە یاسایەو پێویستە جێ بەجێ بکرێت، بەڵام کاتێ باس لە ئەرکی مەجلسەکە دەکەین، ئێمە مەجلیسەکەمان بۆچیە؟ بۆ ئەرکێکمانە کە لە ماددەی پێنج باس دەکرێت، من مەبەستم نییە موناقەشەی ماددەی پێنج بکەم، لەبەر ئەوە هاتووە لە خاڵی سێیەم باسی ئەوە دەکات بەرامجی خاسە بۆ تەوعیەی ئیجتماعی دابنێت، ئەوەی تر باسی ئەوە دەکات چەند کۆدەبێتەوەو چ دەکات؟ تەنها یەك شتی تیایە کە چوارەم باسی ئینشائی سندووق دەکات، من سندووقەکەم بەلاوە گرنگەو، پێشموایە ئەم سندووقە مەجلیسێکی هەبێ، مەجلیسی بەڕێوەبردنی سندووق هەبێ و، مومەسیلی جیاجیاشی تیا بێت، کە ئەمە پشتیوانیەکی گەورە دەبێت بۆ یاسایەکە، دەنا دانانی، وەزارەت خۆی موکەلەفە بە جێ بەجێ کردنی یاسایەکە، وەزارەت خۆی بێ، وەزیر هەیە، وەزارەت هەیە، مدیریەتی هەیە، بێت ئەم نوێنەرانە بێنێ، بۆ دانانی بەرنامەیەکی تر، لەبەر ئەوە من ئەم دوو ماددەیە هیچ بە زەروری نابینم، بەڵکو لە جێگای ئەوان دەمەوێ ئینشائی سندووقێك بکرێت بەناوی سندووقی ریعایە و تەئهیلی ذوی ئیحتیاجاتی خاسە، کەسایەتی مەعنەوی هەبێ و، مەجلیسی ئیدارەی سندووق هەبێ و، تەشکیلەکەشی بە ریعایەتی ئەو مودیر عامە بێت، کە مودیر عامی ریعایەو تەنمیەی ئیجتیماعیە، لەگەڵ ئەندامێیەتی وەزارەتی صحە، وەزارەتی سەقافە و شەباب، وەزارەتی تەربیە، وەزارەتی تەختیت، ئەمە ئاسانکاری دەکات بۆ جێ بەجێ کردنی یاساو، باریشمان قورس ناکات بە تەشکیلاتی جیا، وەزیر خۆی هەموو حەقێکی هەیە، مەجلیسی چی دروست دەکات؟ مودیریەتی هەیە بۆ جێ بەجێ کردن، وەزارەتەکانی دیکەی پەیوەندداریش دەتوانن یاسایەکە جێ بەجێ بکەن، بەبێ ئەوەی باسی ئەو حکومەتە بکەین لەناو حکومەتی وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی، کە دەبێ نوێنەرایەتی هەموو کوردی تێدا بێت، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

زۆر سوپاس، د.ڕۆژان فەرموو.

بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بە بۆچوونی من گرنگترین خاڵ لەو ماددەیەو ماددەکەی دواتر ئەوەیە فەراهەم کردنی ئەو ماف و ئیمتیازاتانەیە بۆ ئەو تۆژەی کەوا حوکمەکانی یاسا دەیانگرێتەوەو بە ئاسانترین و سادەترین ڕێکاری یاسایی، بەڵام ئەوەی من تێبینی دەکەم پێکهێنانی ئەو ئەنجومەنەیە، کە ئێمە سێ بەڕێوبەرایەتی گشتی و ریعایەی ئیجتماعی لەهەر سێ پارێزگامان هەیە، کە لە خاڵی یەکەم هاتووە لە پێکهاتنی، یاخود ئەندامیەتی ئەنجومەنەکە، هەروەها دروست کردن و پێکهێنانی ئەو ئەنجومەنەیە، جگە لە دروست کردنی سندووقێك، سندووقەکە پێویستی بە ئەنجومەنە بۆ بەڕێوەبردن، جگە لە بوونی سێ بەڕێوبەرایەتی

گشتی، ئەوە هەموو کارەکانمان، وابـزانم ڕۆتینـەکان زیـاتر دەکـات و زەحمـەت تـر دەکـات، نـاکرێ ئێمـە لـەو ئەنجومەنە نوێنەری هەموو دامودەزگا حکومیەکان بکەینە ئەندام لـە ئەنجومەنەکـە بـەو شـێوەیە فراوانـی بکەین، کە نـەتوانن کۆبوونەوەیـەك ئـەنجام بـدەن، کـە ئێمـە لەسـەرمان دانایـەو مـەرجمان دانـاوە، کـە دوو مانگ، یاخود مانگی جارێك کۆببنەوەو کۆبوونەوەیەکی ئیلزامی بەو شێوە فراوانە کۆبوونەوە ناکرێ، بۆیـە یەك ئەنجومەن لەو یاسایە هەبێ، بۆ ئـەوەی ئـەو ئەرکانـەی پێـی رادەسـپێردرێ جـێ بـەجێی بکـات، ئینجـا ناوی ئەنجومـەنی چاودێری و شـیاندنی خـاوەن پێداویستی تایبـەت دەبـێ، نـاوی ئەنجومـەنی بەڕێوەبـەری سندووق دەبێ و ناوەکە کێشە نییە بە ئەرکەکانی خۆی هەستێت، ئەوەی کە لە خاڵی یەکەم هاتووە مـودیر عام (الرعاية والتنمية الاجتماعية) ئەوە سێ بەڕێوەبـەر دەگرێتـەوە، دواتـر نوێنـەری چـوار وەزارەت، ئـەوە حەفت ئەندام، جگە لە دوو نوێنەری رێکخراوەکانی خاوەن پێداویستیە تایبەتیەکان، واتە ئێستا تەقریبـەن نۆ ئەندامە لە ئەنجومەنەکە بـەو تەشـکیلاتەی کـە هاتییـە، ئەگـەر یـەك نوێنـەر بێـت بـەو شـێوەی کـە لـە پەرلەمان لەسەری رێك دەکەوین و دەنگی بۆ دەدەین، چەند نوێنەری رێکخراوەکان بێ لـەوە ئەنجومەنەکـە فراوانتر نەبێ، تاکو بتوانێ ئەو ئەرکانەی کە پێی دەسپێرێت جێبەجێی بکات، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس بۆ لیژنەی یاسایی، ڕێزدار تارا فەرموو.

بەڕێز تارا تحسین ئەسعەدی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

لێـرە بەڕاسـتی رایـەکی زۆر درا، مـن وای دەبیـنم بـوونی ئـەم نوێنەرانـە ئاسـانکارییە بـۆ وەزارەتـە پەیوەندیـدارەکان، قـەد نابێتـە گرفـت بۆیـان، بەپێچەوانەوەو، بەخۆشحاڵیەوە لـە کـاتی بودجـەی پارسـاڵ وەزیری پلاندانان پێمانی وت پێم خۆشە لـە کـاتی گفتوگۆکردن لەسـەر ئـەو قانونـە مـن ئامـادە بم، لەبـەر ئەوەی لە ماستەرپلانی نوێ بەهیچ جۆرێك نابێت فەرامۆشـی خـاوەن پێداویستی تایبـەت، یـان کەمئەنـدام بکرێت، جا بوونی نوێنەری پلاندانان زۆر گرنگە لە ناو ئەم کۆبوونەوەیە کە هەبێت.

دووەم شت، کە من بەباش و گرنگی دەزانم، بەڕاستی لە ماددەی پێنجەم هەروەکو خانم دکتۆرە رۆژان باسی کرد، کە وجودی ئەم سندووقە، یان برام کاك کاردۆ باسی کرد، راستە بوونی ئەمانە هەیە کـە سـەندووقێك هەبێت، بەاڵم ئێمە دەزانین گرفتی ئەساس لە وەزارەتی مالیە هەیـە، زۆر جـار هەیـە چـۆن پەیوەندییـەکان دروست دەبێت، چۆن پارەکان تەخصیص دەکرێت، راستە عیالقەی بە میزانیەی وەزارەتەکە خۆیەتی، بەاڵم ئەویش بتەوێ و نەتەوێ ئەگەڕێتەوە بۆ ئەو، لەبەر ئەوە بوونی نوێنـەری مـالی و لەگـەڵ پلانـدانان، ئـەوە زۆر گرنگە کە لەناو ئەم مەجلیسە هەبێت، زۆر جار هەیە کەڵەکە بوونی نوێنەر ئەیکەینە گرفت، نـەخێر، هەر یەکێکیان بەشێوەیەك کارەکانی خۆیان دەزانن و ئەیهێننـە نـاو ئـەم مەجلیسـە، بـەڕێزان، حـەز دەکـەم لێرە هەموومان دڵسۆزی ئەم شەریحە بین کە ئەیگرێتەوە، پشتگیری خۆم لە کاك حەمە سـەعید لـە خاڵێك ئەکەم، کە ئەگەر لێـرە بڵێین بـا نوێنـەری ئـەو شـەریحانەی کـە دەیگرێتـەوە، یـەعنی ئەگـەر قانونەکـە بـە

موعاق بوو با بمێنێتەوە مومەسیلی موعاق ئیتر یەکێکە، یان دووانە بەپێی پارێزگاکان نابێت بەو شێوەیە بێت، ئێمە پێیان بڵێین هەموو یەکبگرنەوە، تاقە جەمعیە کە یەکی گرتۆتەوە (پارا ئۆڵمپیە) پشتگیری.....

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

تکایە لەسەر ماددەکە موناقەشە بکەن.

بەڕێز تارا تحسین ئەسعەدی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

تاکو بتوانن نوێنەرایەتی بە فیعلی دروست بکەین لەناو ئەم مەجلیسە، دەبێت جەمعیەکان یەکبگرنەوە، لەبەر ئەوە پارائۆڵمپی یەکەم جەمعیەیە کە یەکی گرتۆتەوە نوێنەریان هەبێت بۆ لایەنی رۆشنبیری و لاوان، کە زۆر گرنگە بۆ کەمئەندامان و بۆ پێداویستیە تایبەتیەکان، لەبەر ئەوە ئەو سێ نوێنەرە ئیزافە بکرێت و، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، ڕێزدار د. حسن فەرموو.

بەڕێز حسن محمد سورە:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بەڕای من خاڵی پرشنگدار لەم قانونە زۆرن، یەکێك لەو خاڵانە، دروست کردنی مەجلیسی رعایە وتەئهیلی موعاقینە، ئایا ئەو مەجلیسە پێویستە، یان پێویست نییە؟ خۆی قانونەکە وەڵام دەداتەوە، ئەگەر سەیری دەروازەی سێیەم بکەین، دەبینین حقوقی موعاقین لە حەوت فەقەرە هاتووە، لە هەر فەقەرەیەك لەو فەقەرانە پەیوەندی بە وەزارەتێکی مەعنی هەیە، کەواتە ئەگەر سەیری وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی بکەین، دەتوانین بڵێین دوو لەو فەقەرانە جێبەجێ دەکات، فەقەرەی ریعایەی ئیجتیماعی و فەقەرەی (تأهیل والعمل)، باقی فەقەرەکانی تر وەزارەتەکانی تر جێبەجێی دەکات، بۆیە پێویستمان بە مەجلیسێك هەیە لە دەرەوەی وەزارەتەکەو، ئەم مەجلیسە مەجلیسێکی موستەقیل دەبێت، یان شوبهە موستەقیل دەبێت بە ئیشرافی وەزیر، یەعنی مەجلیسێك نابێت لەناو وەزارەتی شؤوني ئیجتیماعی، ئەمە پێداویستی مەجلیسەکە، من سێ مولاحەزەم هەیە لەسەر تەشکیلەکەی، یەکێکیان ئەوەی کاك جەمال باسی کرد (صیاغەکە) بەشێوەیەکی شەرح هاتووە لە پێناسەکەش شەرح کراوە، بۆیە وەکو کاك جەمال وتی ئاوا صیاغە بکرێ باشترە، دوو/ نوێنەری وەزارەتەکان کێن؟ بەحەقیقەت ئەگەر سەیری نوێنەری وەزارەتەکان بکەین، دیسان دەگەڕێینەوە بۆ دەروازەی سێیەم، کە باس لە حقوقی موعاقین دەکات، نووسراوە (حق المعاق في الحماية والرعاية الاجتماعية) واتە نوێنەری وەزارەتی شئونی ئیجتیماعی پێویستە، (حق المعاق في التربية والتعليم) نوێنەری وەزارەتی تەربیەو تەعلیم پێویستە، (حق المعاق في الرعاية والخدمات الصحية) کەواتە

نوێنەری وەزارەتی تەندروستی پێویستە، لێرە (حق المعاق في التنقل والبيئة المؤهلة) کێ جێبەجێی دەکات؟ وەزارەتی (اشغال والمديرية العامة للمرور)، بۆیە زەروریە ئەم دوو فیئەیە بەنیسبەت وەزارەتەکان بەشدار بن، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

زۆر سوپاس، رێزدار شلێر فەرموو.

بەڕێز شلێر محمد نجیب:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بەڕاستی زۆر باسی ئەو ئەندامانە کرا، پێشەکی من پشتگیری لە رایەکەی دکتۆر صباح دەکەم بەنیسبەت عینوانەکە، بەنیسبەت ئەو لیژنەیە کە لەو فەقەرەیە، ئەگەر وەزارەتی مالیەی تێیدا نەبێت، وابزانم خۆشی وەزیر ئەتوانێ وەلاّم بداتەوەو زۆر کارەکە بەباشی ناکرێت، چونکە ئیلتیزاماتی مالی زۆرە، ئەبێت پەیوەندی بە بەڕێوەبەرێکی گشتی دارایی هەبێت لە مەوزوعەکە، دوای ئەوە بەنیسبەت ماددەی چوارەم (للمجلس الاستعانة بمن تراه من ذوي الخبرة والاختصاص دون ان يكون له حق التصويت)، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس بۆ جەنابت، جەنابی وەزیر فەرموو.

بەڕێز ئاسۆس نجیب/ وەزیری کارو کاروباری کۆمەلاّیەتی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

تەشکیلی ئەم ئەنجومەنە من زۆر بەگرنگی دەزانم، چونکە زۆربەی یاساکانی ولاّتانمان خوێندۆتەوە، هەر هەمووی مەجلیسێکیان هەیە، کە بایەخ بە کاروباری کەمئەندامان و کورتە بالاّو ئەوانەی کە خاوەن پێداویستیە تایبەتییەکانیش دەدات، ئەوەی کە لێرە هەیە بە وەزیرەوە دە کەس، ئەوە لە حالەتێکدا، ئێستا تەنها سێ پارێزگامان هەیە، کە بەڕێوەبەری گشتی لەو سێ پارێزگایەیە، ئەگەر ئیدارەکان سەربەخۆ بن، دیارە بەڕێوەبەری تریشمان بۆ زیاد دەبێت، ئەوەی کە زۆر گرنگە بەلامەوە کە ئەبێت نوێنەری رێکخراوە کەمئەندامیەکان ئامادە بێت و، مافی ئەوەشی هەبێت دەنگ بدات، زۆر گرنگە کەمئەندامان خۆیان لەو مەجلیسانە لە شوێنەکانی تریش نوێنەریان هەبێت و بتوانن دەنگیش بدەن، پێم خۆش بوو نوێنەری کەمئەندامان لە ئەنجومەنی وەزیرانیش هەبوایە، لە پەرلەمانیش هەبوایە، هیچ نەبێت ئەگەر ئەندام پەرلەمانێکمان کەمئەندام بوایە، لەبەر خاتری ئەو ئەندام پەرلەمانە هاورِێکانیان قاعەکانیان جێ نەدەهێشت، بۆیە زۆر گرنگە نوێنەری کەمئەندامان لەو مەجلیسە هەبێت، مافی دەنگدانی هەبێت وەکو ئەو مافەی کە بەمن دراوە دەنگ بدەم لەسەر پرۆژەکان، ئەویش مافی هەبێت، سەبارەت بەوەی کە چەند نوێنەر لەوێ ئامادە بێت، کاتی ئەوە هاتووە کە لەرێگای ئەو یاسایەوە ئێمە کۆمەڵەی رێکخراوەکان کۆبکەینەوەو یەک دەنگیان بکەین کەوا یەک نوێنەریان لەوێ ئامادە بێت، ئەگەر بێتە ئەوەی سێ نوێنەر بێت، یاخود هەر کۆمەڵێک نوێنەرێکیان هەبێت، لەوانەیە پانزە، شانزە نوێنەرمان لەوێ ئامادە بێت، من هیچ لاریم

نییە لەسەر ئەوەی چەند نوێنەری وەزارەتەکانی تر ئامادە دەبێت، یاخود هەر مرۆڤ دۆستێك ئامادە بێت لەگەڵماندا لەو مەجلیسە، بۆ ئەوەی بتوانین خزمەتی زیاتری کەمئەندامان بکەین، بەڵام کۆبوونەوەیان، یاخود کۆکردنەوەی ئەو ئەندامانە لەکاتی کۆبوونەوە، ئێستا من سەرۆکی پێنج ئەنجومەنی ترم لە وەزارەت، زۆر ئەستەمە، بۆیە تاکو ئەندامەکان کەمتر بێت، بۆ ئێمە باشترە، بۆ ئەوەی ئیشەکان باشتر راپەڕێنین، بەڵام ئەوەی کە جەختی لەسەر ئەکەمەوە نوێنەری کەمئەندامان هەبێت و مافی دەنگدانیشی هەبێت و، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

زۆر سوپاس، هەموو ئەو بەڕێزانە قسەیان کرد، گرنگ ئەوەیە قانونەکە مافی ئەو شەریحانە باش حیمایە بکات، وازیح دیار بێت، کەسی بەتوانا لە لیژنەکە بێت، پسپۆر بن، دەسەڵاتی ئیداری بەهێزیان هەبێت، لە بەرژەوەندی ئەو چین و توێژانە بن، ئەو یاسایەی لێرە دەردەچێت جێبەجێ بکرێت، بەنیسبەت ئەو بەڕێزانەش حەقی خۆیانە خۆیان بۆ پەرلەمانیش ئەگەر تەرشیح بکەن، ئەگەر قانون رێگای پێ بدات کە (کامل الاهلیة) بێت، چونکە ناکرێت خوانەکا، خوانەکا ئیحتیرامم بۆ هەمووان یەکێکی شێت بێنی لێرە دایبنێت تەمسیلی چینێك بکات، یان لە مەجلیسەکە دایبنێی، ئەوە جێگای خۆی نییە، بەنیسبەت ئەندامانیش دەردەچن و دێن، زۆر تەبیعییە، ئەوە بەپێی قانون ئیجازە لەسەرۆکایەتی وەردەگرن و دەچن، زۆر سوپاس، ئێستا بۆ ماددەی پێنج کەرەم بکەن فەرموو.

بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

المادة الخامسة: مهام المجلس

اولا- يتولى المجلس المهام الاتية:

1- مناقشة ووضع استراتيجيات واقرار السياسات النموذجية المتكاملة وتهيئة البيئة المناسبة للاشخاص المعاقين.

2- تحديد الاجراءات ووضع التوصيات لتوفير الرعاية والتأهيل للمعاقين.

3- اقرار برامج خاصة للتوعية الاجتماعية بالحقوق ومساواة الاشخاص المعاقين مع الاخرين.

ثانيا: يجتمع المجلس مرة واحدة في الاقل كل شهرين وللوزير دعوته للاجتماع عند الاقتضاء.

ثالثا: يتولى موظف حاصل على شهادة جامعية تنظيم اعمال المجلس ومتابعة اعمالها.

رابعا: يتم انشاء صندوق لرعاية وتأهيل الاشخاص المعاقين وتخصص لها ميزانية ضمن ميزانية الوزارة، وتضاف اليها التبرعات والاموال الموصى بها للمجلس، او اية ايرادات اخرى ويتم تنظيم ذلك بنظام.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

رای لیژنەکە تکایە.

بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بەزۆرینەی ئەندامانی لیژنەکان بەو شێوەیە رێککەوتن، کە بەو شێوەیە دابڕێژرێتەوە، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

کێ دەیەوێ قسە بکات لەسەر ئەو ماددەیە؟ ئەو بەڕێزانەی دەیانەوێت مداخەلە بکەن لە ماددەی پێنج، ڕێزداران (عبدالرحمن حسین، دلێر محمود، ناسك تۆفیق، صباح بیت الله، شێرزاد عبدالحافظ، کاوە محمد امین، شلێر محی الدین، سەردار رشید، زکیە سید صالح، جلال علی، سۆزان شەهاب، تارا ئەسعەدی)، کاك عبدالرحمن فەرموو.

بەڕێز عبدالرحمن حسین ابابکر:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

سەبارەت بە ماددەی پێنجەم لە بڕگەی یەکەم، کە دەڵێ (گفتوگۆ کردن و دانانی ستراتیجیەت وبڕیاردانی سیاسەتی نمونەیی تەواو)، ئەمە من پێموایە زیادە، چونکە ئەم ئەنجومەنە خۆ نایەت لێرە ئیستیراتیجیەتی سیاسی دابڕێژێ و بەرنامەیەکی سیاسی دووروودرێژ دابنێ، ئەگەر ئیستیراتیجیش نەبوایە، یەعنی هەر بۆ کاتیش بوایە هەر باش بوو، بەڵام بۆ ئیستراتیجیەکی دووروودرێژ، یەعنی چی دەکات؟ خۆ دەوڵەت دروست ناکات لێرە؟ هەر بۆ ماف و پێداویستیەکانی کەمئەندامانە، من پێموایە ئەمە زیادە، هەر ئەوەیە، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، ڕێزدار دلێر فەرموو.

بەڕێز محمد دلێر محمود:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

من لەگەڵ رای لیژنەی موشتەرەك دام، کە لە بڕگەی چوارەم ئەوەیان بۆ زیاد کردووە دامەزراندنی سندووقێکی چاودێری وشیاندنی کەسانی کەمئەندام، میزانیەکەی لە چوارچێوەی میزانیەی وەزارەتدا بۆ تەرخان بکرێت، بەڵام لە هەمان کاتیشدا حەزم دەکرد ئەرکی ئەنجومەنەکە بدرێ و ئەم ئەرکەشی بۆ زیاد بکرابایە، کە بریتی بێ لەوەی ئەرکی بەدواداچوون وچاودێری کردنی کارەکان، بەشێوەیەك شۆڕ بێتەوە بۆ سەر هەموو ئاستەکان تا ئەگاتە ناو خێزانەکانی، ئەوانەی کە کەمئەندامیان هەیە، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، ڕێزدار ناسك تۆفیق.

بەڕێز ناسك تۆفیق عبدالکریم:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

دیارە من دیسان دەیڵێمەوە ناوەڕۆکی ئەم ماددەیە ئەبێ لەگەڵ ناونیشانەکە ڕێك بێت، بۆ ئەوەی دیسان بزانین کە خاڵەکان دەڵێین (لتوفیر الرعایة وتأهیل المعاقین) ئەبێ ئەوە تەعدیلی تێدا بکرێ، ئەگەر کردمان بە (ذوي الاحتیاجات الخاصة)، یاخود وامان لێکرد شمولی کورتە بالأکانیش بکات، دەبێ وابێت، کە هەموو ئەو ماددانە ڕەچاوی ئەوە بکات.

خاڵێکی تر، من قسەم لەسەری هەیە، دیارە سێیەم کە دەڵێ (یتولى موظف حاصل على شهادة جامعیة) ئەوە نازانین مەرتەبەکەی چییە، بۆ ئەوەی مەرتەبەکەی بگونجێ لەگەڵ مومەسیلی وەزارەتدا، یەعنی کاتێك کە مومەسیلینی وەزارەت ئەندامە، بەس ئەم وەکو سەرپەرشتکاریەکە، ئەبێ پلەی مەنصبەکەی بەرزتر بێت لەوان، بۆ ئەوەی دواتر تەرتیبی هینەکەیان دیار بێت، ئەو خاڵەی تر، کە زۆر جێگەی دەستخۆشیە دروست کردنی سندووقەکەیە، بەڵام گرفت هەیە لە مەسەلەی سندووقەکە، ئێمە زۆر جار لە یاساکاندا، مەسەلەن لە یاسای نەوت و غاز، لە بودجەشدا، دووجار باس لە سندووق کراوە، هەموو جار دەڵێن سندووق دەبێت یاسای هەبێت، ئینجا سندووقی شەهیدان، ئینجا سندووقی خانەنیشیان، ئایا ئەم سندووقەش دیسان ناکەوێتەوە بەر ئەو مەترسیە دوای سااڵێکی تر بڵێین کوا سندووقی رعایە، بڵێن ئاخر یاسای ئەوێ و تەرتیب نەکراوەو لەرەقەمێکی حیساب دایە، لە فلاّنە شوێن، بەڕاستی ئەمە دەبێ لێرە یەك لا بکرێتەوە، ئایا ئەم سندووقە ڕاستەوخۆ دوای ئەوەی یاساکە تەرتیب کرا سندووقەکە تەشکیل دەکرێ یان دیسان دەڵێن بەیاسایە؟ ئەگەر وانەبوو ئەی مەسەلەن ئەوانی تر بۆ وا نییەو؟ سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، ڕێزدار صباح بیت الله فەرموو.

بەڕێز صباح بیت الله شکری:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

دەربارەی ماددەی پێنج، فەقەرەی چوار کە دەڵێت (یتم انشاء صندوق لرعایة وتأهیل الاشخاص المعاقین) منیش ئەو پرسیارە دەکەم کێ ئەو سندووقە بەڕێوە دەبات، یان سەرپەرشتی ئەو سندووقە دەکات؟ سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، ڕێزدار شێرزاد فەرموو.

بەڕێز شێرزاد عبدالحافظ شریف:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

من لە ماددەی پێنجدا لە بڕگەی دوو (تحدید الاجراءات ووضع التوصیات لتوفیر الرعایة والتأهیل للمعاقین) دوای تەئهیل (وایواء)ی بۆ زیاد بکرێت، چونکە ئەو معەوەقەی دەچێتە ئەو شوێنانە، یان ئەو کەمئەندامەی دەچێتە ئەو شوێنانە، ڕەنگە چوار سەعات، پێنج سەعات لەوێ بێت، بەڵام هەندێ کەس هەیە کە کەس وکاری نییە، کەس نایگرێتە خۆی، ئەوە دەبێ شوێنێکی بۆ دیاری بکرێت بۆ تەئهیل، لە

برگەی سێیەمدا (يتولى موظف حاصل على شهادة جامعية تنظيم اعمال المجلس ومتابعة اعمالها) من پێم باشە (يتولى سكرتير) لەجیاتی موزەفەکە ببێت بە سکرتێر، دووەم/ هەر بۆ تەواو کردنی برگەکە بڵێت (الافضلية للمعوق) یەعنی ئەو کارمەندەیە، یان ئەو سکرتێرەی کە دەچێتە ئەوێ ئەو کارە دەکات، با ئەفزەلیەت بۆ ئەو بێت، بۆ موعەوەقەکە بێت، تەبعەن بەگوێرەی ئەو داواکاری و ئەو شتانەی هەیە، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، رێزدار کاوە محمد.

بەڕێز کاوە محمد امین:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

مادەی پێنجەم لە برگەی یەکەم، نووسراوە (مناقشة ووضع استراتيجيات واقرار السياسات النموذجية المتكاملة وتهيئة البيئة المناسبة للاشخاص المعاقين) من پێمایە موناقەشە زیادە، لەبەر ئەوەی (وضع استراتيجيات) خۆی لە نەتیجەی موناقەشاتدا دەردەشە دروست دەبێت، لەبەر ئەوە پێمایە موناقەشات زیادە، هەروەها لە برگەی چوارەمدا (يتم انشاء صندوق لرعاية وتأهيل) ئەوەلەن/ ئەگەر بێیە سەر عینوانی ماددەکە دەڵێ (يتولى المجلس المهام الاتية) کەواتە (يتم) لێرە زیادە (مهام الاتية)،(يتولي المجلس المهام التالية: انشاء صندوق لرعاية وتأهيل اشخاص) لێرە (يتم) زیادە، لەبەر ئەوەی مەجلیسەکە بەو ئیشە هەڵدەستێ، ئەگەر مەجلیس ئەو ئیشە دەکاتن، دەبێ ناوی دەزگایەکی ترو لایەنێکی تر بێنێ ئەویش مەجلیسی وزەرایە، یاخود هەر لایەنێکی تری وەزارەتی مالیە، یاخود هەر کێ دەبێتن، هەر لەهەمان برگە (انشاء صندوق لرعاية وتأهيل الاشخاص المعاقين) من پێمایە لێرە ئەگەر ئەوە بکرێت، بدرێتە وەزارەتی مالیە تەمویلی وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی بکات باشترە، لەبەر ئەوەی تۆ لێرە سندووقت دانا، دەبێ دەستەیەك بۆ بەڕێوەبەرایەتی سندووقەکە دابنێیت، کە لێرە دیاری نەکراوە، ئەوەش خۆی لەخۆیدا ئیشکالێك دروست دەکات، لەبەر ئەوەی ئیشی حیساباتەو لێرە وەحدەیەکی ئیداری و حیسابی دەوێت، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، رێزدار شلێر محی الدین فەرموو.

بەڕێز شلێر محی الدین صالح:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

من لەسەر خاڵی سێ قسەم هەیە، (اقرار برامج خاصة للتوعية الاجتماعية بالحقوق ومساواة الاشخاص المعاقين مع الاخرين.) تەوعیەی موجتەمەع، وشیار کردنەوەی کۆمەڵگا لە هەموو شتێك گرنگترە سەبارەت بە خاوەن پێداویستی تایبەت، لەبەر ئەوەی خاوەن پێداویستی تایبەت وەکو هەر کەسێکی ئاسایی هەموو مافێکی هەیە، پەیوەندیشی بە هەموو وەزارەتەکان هەیە، لەسەر هەموو وەزارەتەکانە، لە ئەستۆیانە کەوا

ئەوان بەرامجی تەوعیەیان هەبێت، هەر کەسەو بەپێی تایبەتمەندی خۆی، بەتایبەتی وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی و وەزارەتی پەروەردە، لەبەر ئەوەی لایەنی تەئهیل کردن و پەروەردەو فێرکردنیان لە ئەستۆی وەزارەتی پەروەردەو کاروباری کۆمەڵایەتییە، بۆ نموونە وەزارەتی پەروەردە پەیڕەوی سیستەمێکی جیهانی کرد بۆ خاوەن پێداویستی تایبەت بۆ فێرکردنیان، کە سیستەمی تێکەڵ کردنە لە قوتابخانەکان، لەبەر ئەوە تەوعیە نەبوو ئاستەنگیەکی زۆر زۆر هاتە بەردەمی، کە ئەو سیستەمە جیهانیەی پەیڕەو کردو زۆر سیستەمێکی ڕێك و پێك بوو خاوەن پێداویستی تایبەت هاتنە ناو قوتابخانەکان، زۆر لە مودیری قوتابخانەکان لەگەڵ ڕێزم بۆیان، ئێستا نا، بەڵام یەکەمجار زۆر زۆر موحارەبەی ئەو بەرنامەیان دەکرد، وایان دەزانی هەر منداڵێکی خاوەن پێداویستی تایبەت بێتە قوتابخانەکەی ئاستی قوتابخانەکەی دێتە خوارێ، بەڵام ئێستاکە نا، ئێستا تەوعیە کران و رایان گۆڕاوە، هەروەها دایك و باوکەکان پێیان ناخۆش بوو منداڵی خاوەن پێداویستی تایبەت لەسەر یەك ڕحلە لەگەڵ منداڵی ئەوان دابنیشێ، تەوعیە کردن زۆر زۆر گرنگە، لەبەر ئەوەی کۆمەڵگەی ئێمە کۆمەڵگەیەکی پێکەوە ژیانە خەڵك ئیستیعابیان بکات، تەوعیە کردن بۆ کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت، تایبەت نییە بۆ شەخصی خۆیان، بەڵکو بە کەسانی تر کە قەبوڵیان بکات، بەرامجی تەوعیە زۆر زۆر زەعیفە لە کوردستان، بەڕاستی زۆر زۆر پێویستە کە خەڵك تەوعیە بکرێت، بۆ ئەوەی قەبوڵ بکرێن و ئیستیعاب بکرێن، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، بەڕێزان ئەو ماددەی پێنج پێتان وانییە فەقەرەی سێ جێگەی ئێرە نییە؟ چونکە کەس ئیشارەی پێ نەکرد، بۆیە ئەگەر بیرێکی لێ بکەنەوە، ڕێزدار سەردار ڕشید فەرموو.

بەڕێز سەردار ڕشید محمد:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

لە ماددەی پێنجەم، دیارە من یەك سەرنجم هەیە، هەموو ئەو بڕگانەی سەبارەت بە مەهام و ئیمتیازەکان، دیسان تەنها ناوی کەمئەندام هاتووە، کە حەقی خۆیانە، هیچ ئاماژەیەکی بۆ کورتە باڵاکان تێدا نییە، کە ئەمانیش دیسان حەقی ئەوەیان هەیەو ئاماژەیان بۆ بکرێت، بۆیە داوا لە لیژنەی هاوبەش دەکەم ڕەچاوی ئەم لایەنەش بکەن، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، ڕێزدار زکیە فەرموو.

بەڕێز زکیە صالح عبدالخالق:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

من دوو تێبینی هەنە، تێبینیەك لەسەر مەهامی تایبەتمەند لسێنا، ئەژی لگەڵ بەڕێز کاك دلێرم کو پێتڤیا ڤێ درکێ موتابەعە وموراقەبە بهێتە زێدە کرن، بۆچی؟ مە ئەگەر ئەڤ قانونە بۆ کەمئەندامانە، بۆ ڕای

كەمئەندامیە هەندەك هەن ئەو ئەندامە بەخێوكەرێكی بۆ هاتیە دانان، كی دی موتابەعەی بكاتن؟ كانێ ئەڤ بەخێو كەرە راستە چاڤدێری وسەرپەرشتیا یا ڤی موعەوەقا بكا، ئەمەش ژبەرهەندێ دەبێتە مهاما یا ڤێ مەجلیسێ تایبەت ژمەلڤێ درکیا دانێ كو مدیریا، یا ریعایەێ ئیجتیماعی، هەروەسایا تەنیا ئیجتیماعێ ژلحافەزاتا ژی یەك تێدا، ژبەرهەندێ دەبێتە ئەركێ وێ مەجلیسێ ژی كو موراقەبە یا موتابعە كەمئەندامێ بكات، هەندێ پێتڤیا كو ئەڤ مهامە بێتە زیاد كرنێ، خالّە دی تر، ژ پرسیارا من ئەڤەیە ئەم ژگەلێ صندووقا دانێن دبێژێ ئەگەر قانون بونە دەركەڤێت بۆ صندووقا چۆن كارەیا خۆ دەكات؟ ژبەرهەندێ ئایا پێتڤی دەكات قانونەك بۆ دەركەڤیتن؟ كێ دەبێت صندوقی بەرێوە ببات؟ زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:

سوپاس، رێزدار جلال علی فەرموو.

بەڕێز جلال علی عبدالله:

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.

من لەگەڵ رای كاك كاوە دام، مەسەلەی (مناقشة ووضع) ئەگەر شتێك دانەنرێ موناقەشە ناكرێت، ئەو وشەی (مناقشه) زیادە، پێشنیاریشم بۆ لیژنەی بەڕێز ئەوەیە كە خاڵی یەكەم بكرێت (وضع استراتیجیات وسیاسات نموذجیة ملائمة واقرارهما لتهیئة البیئة المناسبة للمعاقین)، ئەوە لە یەكەمدا.

دووەم/ ئەوە پێویست ناكات، چونكە تۆ كە ستراتیجیات و سیاساتی نەموزەجیت دانا پێویست بەو تەحدیدی ئیجرائاتە ناكات.

سێیەم/ ئیزافەیەك بكرێت، دیارە ئەو ئیقرارەی بەرامجی تەوعیە زۆر زەرورە، لە كۆتاییدا ئەگەر ئیزافەیەكی هەبێت (بالتنسیق مع الوزارات او الجهات ذات العلاقة بالبرامج المقررة)، چونكە ئەو بەرنامەیە لەوانەیە وەزارەتی ئەوقاڤ بوێت، یان تەربیەی بوێت، یان سەقافەی بوێت، ئەو تەنسیقە هەبێت شتێكی زۆر باشە، لە سێیەمدا (یتولى موظف حاصل على شهادة جامعیة) ئەگەر (ذي خبرة)یەكی بۆ زیاد بكرێت، چونكە هەموو موزەفێك ناتوانێت سكرتێری ئەو لیژنەیە بكات، ناتوانێت ببێتە سكرتێر، كە ئەو مەهامە گەورانەی هەیە (ذي خبرة في تنظیم اعمال المجلس وادارة اعماله)، (متابعه) نەبێت (ادارة اعماله) چونكە سكرتێر ئیدارەی اعمال دەكات.

لە چوارەم (یتم انشاء صندوق لرعایة وتأهیل) دیارە معوەقین ئەشخاص نین وشەریحەیەكن، لەبەر ئەوە من پێم باشە بكرێت (وتأهیل شریحة المعاقین) یەعنی ئەشخاصێكی كەم نین، لەوانەیە چەند هەزارێكن، لەبەر ئەوە چەند شەریحەیەكن لە كۆمەڵگا (وتضاف الیها التبرعات والاموال الموصى بها المجلس او ایة ایرادات)، ئەوەی بۆ زیاد بكرێت، سوپاس.

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:

سوپاس، رێزدار سۆزان فەرموو.

بەڕێز سۆزان شهاب نوری:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

لە رێکخستنی ئەم بابەتانە، دوایی تەوصیەك بۆ لیژنەی هاوبەش، لە ماددەی پێشوودا ئەگەر لە دوای (رابعا)، (خامسا) دابنێین، ئەو ئیشکالە حەل دەکەین کە جەنابت باست کرد، بیکەین بە (خامسا: يتولي موظف حاصل على شهادة جامعية تنظيم اعمال المجلس وادارة اعمالها)، ئەوە ئەوسا هەموو ئەعمالی مەجلیسەکە دەچێتە ئەو ماددەیە، ئیتر پێویست ناکات لە ماددەی پێنجەمدا باسی بکەین، بچێتە ماددەی پێشووتر، لێرەدا منیش هاوڕام لەگەڵ ئەو هەڤاڵانەم (مناقشە) لابېرێ، چونکە ئیشی ئەوان وەزعی ئیستراتیجیاتە، (وضع استراتيجيات واقرار السياسات النموذجية المتكاملة وتهيئة البيئة المناسبة للاشخاص المعاقين وذوي الاحتياجات الخاصة وقصار القامة)، ئەگەر بڕیارماندا، هەر پێنجی بێت پێکەوە دەبێ ناویان بهێنرێ، لێرە لە (ثانياً: تحديد الاجراءات ووضع التوصيات لتوفير الرعاية والتأهيل للمعاقين) ئەی موتابەعە، ئێمە دائیمەن کێشەی موتابەعەمان هەیە، مەفروزە لە هەر کوێیەك ئیجرائات هەیە، دەبێ باسی موتابەعە بکرێت بۆ ئەو ئیجرائاتانە، کە ئەویش لە کاری مەجلیسەکەیە، هەروەها لە خاڵی سێیەمدا (بالتنسيق مع الجهات ذات العلاقة) ئیزافە بکرێت، من پێشنیاری ئەوە دەکەم کە ئیزافەی خاڵێك بکرێت، کە ئەوە یەکێك بێت لەو سیاسەتانە، یاخود ئەو کارانەی کە مەجلیس پێی هەڵدەستێ (بناء قاعدة بيانات تضم معلومات عن جميع المعاقين وذوي الاحتياجات الخاصة وقصار القامة) ئیتر وای لێ دێت لە پارێزگاکەدا ئەوان داتاکان کۆ دەکەنەو و دەینێرن بۆ مەجلیسەکە، بۆ ئەوەی قاعیدەیەکی بەیاناتی زۆر گەورە هەبێت، بۆ ئەو خەڵکانەی کە فیعلەن سوودمەند دەبن لەم یاسایەدا، دەبێت بچێتە ناو ئەو مەجلیسە، ئەو مەجلیسە، بڵێین ئەو قاعیدەیە دروست بکات، ئیتر بە سۆفت وێر بێت، بە هەرچیەك بێت بتوانرێت بڕیاری لەسەر بدرێت، سەبارەت بە (يجتمع المجلس مرة واحدة في الاقل كل شهرين.) ئەوە ئاساییە، بەڵام من دێمە سەر سندووقەکە، ئەم سندووقە ئەگەر چاوەڕێ بکەین لە میزانیەیەدا پارەی بۆ تەخصیص بکرێت، من پێموایە باشترە لە ئەوەی کە لە میزانیەی وەزارەتەوە پارەی بۆ تەخصیص بکرێت، ئەرکی دەوڵەتە، کەوا پارە بخاتە سندووقی ئیعادەی تەئهیلی موعاقین و زەوی احتیاجاتی خاصە، ئەو پارەیەی کە بۆ وەزارەت تەرخان دەکرێت، خۆی لەخۆیدا لە کاتی موناقەشە کردنی میزانیە حەل و فەصلیان لەگەڵدا دەکەن و لێیان کەم دەکەنەوە، ئینجا وەرە تۆ جارێکی تر وەزارەت ئیجبار بکەی خەدماتی تەواو پێشکەش بکات، بەڵام میزانیەی بۆ دانەنێی، بۆیە من پێم باشە بەڕاستی ئەگەر بمانەوێ ئەو سندووقە سندووقێکی فەعال بێت، پێویستە میزانیەکەی دیاری بکرێت، دەوڵەت میزانیە دابنێ بۆ سندووقی معاقین، بۆ ئەوەی باشترین خزمەتیان پێشکەش بکرێت، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، رێزدار تارا ئەسعەدی فەرموو.

بەڕێز تارا تحسین ئەسعەدی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بەڕاستی من لێرە دوو تێبینیم هەیە، یەکەم ئەڵێ (يجتمع المجلس مرة واحدة في الاقل كل شهرين)، ئەگەر ئێمە بەبایەخدانی ئەم شەریحەیە بێت و ئەو هەموو کارو چالاکیانەی کە بۆ ئەم مەجلیسە دانراوە بیکات، وا زەرورە دەبینم بە مانگێ جارێك بێت، نەك بە دوو مانگ جارێك.

دووەم شت/ پشتگیری دەکەم لە قسەکەی سۆزان خان، بەڕاستی ئەو میزانیەی کە دادەنرێ، دەبێ کارێکی بۆ بکرێت، کە بەڕێك وپێکی زیاتر بڵێین زەمان بێت کە صەرف دەکرێت بۆیان.

دووەم/ تێبینی خۆم ئەڵێ (تخصص ميزانية خاصة بتخصيص مالي من ميزانية الوزارة تضاف اليها التبرعات والاموال الموصى بها) من وا بەباش دەزانم ئەو میزانیەی کە وەزارەت دایدەنێت جیایە، لە لایەکی تریش لە هەموو ولاتانی دنیا کە تەبەروعات دەکرێت بۆی، با بەشی تەبەروعات بە جیا بێت، دیار بێت چین ئەو مونەزەماتانەو، چین ئەو کەسە خێرخوازانە، چین ئەو خەڵکانەی کە خەمخۆری ئەم شەریحەیەن و لە چ لایەکەوە دێن؟ شوێنێکی تایبەتی هەبێت، تا بتوانێ بەڕاستی صەرفی لەسەر بکرێت و ئەنجامی هەبێت.

سێیەم/ تێبینم و ئەخیریشم ئەوەیە هەر وەکو جەنابی سەرۆك و جەنابت فەرمووت، منیش بەباشی دەزانم ئیقرار بەرامج خاصە بخرێتە سەر ماددەی شەشەم، کە ئەوە ئەرکی حکومەتە بەڕاستی، کە چۆن ئەمە بە مەجلیسێك تەنها بە چ جۆرێك دەتوانێت ئەو تە وعیەیەی کە لێرەدا هاوکاریشم شلێر خان ئیشارەتی پێدا، کە ئەوە ئیشی تەربیەو تەعلیم عالی و بەرامجی خاصی تایبەت بۆ ئەو کەسە خاوەن پێداویستییە تایبەتیانە، کە ئەرکێکی یەکجار گەورەیە، پێویستە لەسەر راگەیاندن و، لەگەڵ بەشەکانی تری هەموو شێوەیەکی تایبەتی بۆ دابنرێت، کە بەرنامەیە و وئیشی لەسەر بکرێت، لەبەر ئەوە ئەو خاڵە ئەگەر بچێتە ماددەی شەشەم تێکەڵ بکرێت شتێکی باشە، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

بەڕێزان، ئێستا موناقەشەکان تەواو بوو، بەس لێرە لە یەکێك لە پێشنیارەکانی لیژنە باسی سندووقێك کرا، سندووق هەبێت مەجلیس خاص خۆی هەبێت، ئەوە یەك، ئەوەی خاڵی سێش کە لە زیمنی مەهام نییە، بۆیە ئێستا قسە ئەدەینە جەنابی وەزیر، ئەگەر ڕەئی خۆی بدات کەرەم بکە.

بەڕێز ئاسۆس نجیب/ وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

سەبارەت بەو ماددەیە، بڕگەی سێ (يتولى موظف حاصل على شهادة جامعية)، ئێمە پێنج ئەنجومەنی ترمان هەیە، هەرموزەفێکی ئاسایی، بەڵام مەرج ئەوەیە بە کەلۆریۆسی هەبێ، ئەتوانێ کاری ئەنجومەنەکەم بۆ ڕێك بخات.

سەبارەت بە بڕگەی چوارەم بۆ سندووقەکە، ئەوەی مایەی نیگەرانی ئێمەیە، ئەوەی کە ڕۆژانە ئێمە لە واقعێك دەژین، بە حوکمی وەزیفەکە ڕۆژانە کەمئەندامان سەردانی وەزارەت دەکەن، کەمئەندام هەبووە وتویەتی من ئێستا یەك چاوم هەیە، ئەگەر یارمەتیم بدەی پێویستیم بە نەشتەرگەریەك هەیە، ئەگینا

ئەو چاوەی تریش لەدەست دەدەم، ڕۆژانە ئێمە ئەم حاڵەتانەمان هەیە، ڕۆژانە حاڵەتی ئەوەمان هەیە کە داوای هاوکاری ماددی دەکەن، بەڵام لەبەر ئەوەی هیچ لەبەر دەستی وەزارەت نییە، ناتوانین هیچ هاوکاریان بکەین، ئەوەی کە لەبەر دەستی ئێمە دایە شتێکی زۆر کەمە، مەبلەغێکی کەمە، لەوانەیە نەتوانێ حەب و دەرمانی پێویستیش بۆخۆی بکڕێ، بۆیە زۆر بە زەروری دەزانم کە شتێکی وامان هەبێ، چەندەها حاڵەتمان هەیە هاتۆتە وەزارەت، بۆمان نەکراوە هاوکاریان بکەین، چوونە پەنایان بردووە بۆ خێرخوازان، من لێرەو سوپاسی هەموو خێرخوازان دەکەم، بەڵام ئەمە ئەرکی حکومەتە کە هاوکاری کەمئەندامان بکات، ڕاستە خێرخوازان هاوکاری دەکەن، بەڵام ئێمە کەمئەندامانمان زۆر زۆرە، ئێستا ئەو داتایەی لەبەر دەستمدایە، 92 هەزار کەمئەندام لە هەرێمی کوردستان هەیە، 92189 کەس لە کاتێکدا شەش، حەوت مامەڵەی تریش لە وەزارەتی دارایی و ئابووریە، ئەگەر خێرخوازیش یارمەتی کۆمەڵێك، ژمارەیەك بدات، ناتوانێت ژمارەکانی تر، بۆیە ئەرکی حکومەتە، ئەگەر پێویستیان بە نەشتەرگەری بێ، پێویستیان بەوە هەبێ، چەندەها نابینا هەن، چەندەها خاوەنی خێزانی نابیست هەن، کە ئەڵێ بمان نێرێتە دەرەوەی ولاّت، ئێمە دەتوانین چارەسەری ئەو منالّە بدۆزینەوە، یاخود زۆر جار هاوکاریەکەیان بۆ ئەوەیە، بۆ ئەوەی منالّەکەیان لە دەست نەدەن، ژیانی بپارێزن، بەڵام ئێمە بۆمان نەکراوە، جا بۆیە بەپێویستی ئەزانم کە ئەم سندووقە هەبێ، دوا ڕاش بۆ ئەندامانی پەرلەمانی بەڕێزە، کە بە چ شێوەیەك بێ، سوپاس بۆ جەنابت.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

ماددەی پێنج موناقەشە لەسەری تەواو بوو، ئێستا ئەڕۆینە سەر ماددەی شەش، کەرەم بکەن فەرموو.

بەڕێز تارا تحسین ئەسعەدی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

ماددەی پێنج تەواو بوو، ماددەی شەشەم.

الفصل الثالث

(حقوق المعاق)

الفرع الاول

حق المعاق في الحماية والرعاية الاجتماعية

المادة سادسة:

تتخذ الحكومة الاجراءات اللازمة لرعاية المعاقين داخل اسرهم، او توفير دور الايواء المناسبة لهم.

ئەوە ئەسڵەکەیە، ڕاپۆرتی هاوبەش دەڵێت:

" تتخذ الحكومة الاجراءات اللازمة لرعاية المعاقين داخل أسرهم، أو توفير دور الأيواء المناسبة لهم ".

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، بەڕێزان کێ ئەیەوێ لەسەر ماددەی شەش موداخەلە بکات؟ ناویان بنووسین، لێرەوە فەرموو، ئەو بەڕێزانەی دەیانەوێت موداخەلە بکەن، ڕێزداران (سۆزان شەهاب، خورشید احمد، شلێر محی الدین، صبیحە احمد، محمد شارەزووری)، کەرەم بکە سۆزان خان.

بەڕێز سۆزان شهاب نوری:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.

بێگومان دروست کردنی دوری ئیوا، یەعنی بڵێین یەکێکە لە هەنگاوەکان، بەڵام موتابەعە کردن و چۆنیەتی مامەڵە کردن لەگەڵ ئەو کەسە کەمئەندامانە، یان ئەو خاوەن پێداویستە تایبەتانە، ئەرکێکی زۆر زۆر گەورەیە، هەموومان بیرمانە ئەو فەزیحەیەی ڕوویدا لە عێراق، کە داری حەنان، ئەوەی کە پیشانیدا چۆن مامەڵەی لەگەڵ ئەو منالانە دەکرد، بۆیە من پێم باشە ئەگەر هاتو ئێمە ئەم ماددەیەمان دانا، لەبەرامبەر ئەوە عقوبات دابنێین بۆ ئەو کەسانەی کە ئیخلال دەکەن، بە ریعایەی معوەقین، معاشەکە وەرئەگرێت، بەڵام خزمەتی ناکات، باشە ئەگەر هەبێت، باشتر، بەڵام من پێم باشە ئەم ماددەیە تەفزیل بدرێ بەوەی کە (تتخذ الحکومة الاجراءات اللازمة لرعایة المعاقین داخل اسرهم اولاً)، یەعنی ئێمە لە پێشان ئەهمیەت بدەین بەوەی کە لە ناو خێزانەکەدایە تەقەبولی ئەو کەسە موعاقە بکات، (واذا لم یکن للمعاق احد ذویه)، یاخود (لم یکن للمعاق اسرة تعیله)، ئینجا ببرێ بۆ دور ئیوا، یەعنی نەبێتە حاڵەتێك بەوەی کەسێك ئەگەر هاتو منداڵێك، یان کەسێکی کەمئەندامی هەبوو، یەکسەر بیباتە دور ئیوا، بەڵکو مەرجی بۆ دابندرێت، من مەبەستم لێرەدا ئەوەیە، جارێ لە پێشان لە ناو خێزانەکەی، (وفی حالە عدم وجود من یرعی) ئینجا ببرێتە دور ئیوا، چونکە بەڕاستی ئەوە باشترە لە ناو خێزانەکەیدا بێت، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار خورشید احمد فەرموو.

بەڕێز خورشید احمد سلیم:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

(تتخذ الحکومة الاجراءات اللازمة)، ئێمە لە ماددەی چوارەم گوتمان (یشکل مجلس)، لێرە دەبێت (یتخذ المجلس)، چونکە ئەسڵی ئیشەکەی حکومەت بە مەجلیسەکە ڕاسپێردراوە، پێویست ناکات لێرە باسی حکومەت بکەین (یتخذ المجلس الاجراءات اللازمة لرعایة المعاقین داخل اسرهم وتوفیر دور الایواء المناسبة للذین لا یجدون من یرعاهم)، یەعنی لەجیاتی حکومەت، مەجلیس بێ، سیغەی ئەو تەوفیرە بەو شکلە بێ، (وتوفیر دور الایواء المناسبة للذین لا یجدون من یرعاهم)، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، ڕێزدار شلێر محی الدین فەرموو.

بەڕێز شلێر محی الدین صالح:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

قسەکانم تەقریبەن کرا، منیش هاوڕام لەگەڵ ڕای بەڕێز کاك خورشید، (دور الایواء المناسبة) بۆ ئەو کەسانەیە کە کەس نییە رعایەتیان بکات، بۆیە ئیزافە کردنەکەی گرنگە، لە هەموو ولاتانی دونیا دور ئیوا هەیە، دوری تەئهیلیش هەیە، دوو شتی لەیەك جیاوازن، هەرچەندە دور ئیوا، تەئهیل کردنیشی تێدایە، بەڵام دور ئیوا بۆ ئەو کەسانە بێ، کەوا هیچ کەس نەبێت رعایەتیان بکات، (رعایە المعاقین داخل اسرهم) بەرامجی زۆر موتەتەور هەیە لە ولاتاندا، بۆیە ئەگەر ئەو کارە لە ئەستۆی وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتیە، ئیستیعانە بەو نەوعە بەرنامجانە بکات، محاوەلە بکات لە ولاتان ئەو بەرنامجانە بێت، زۆر بەرنامەی گرنگ، زۆر باری ئەو ئوسرانە سووك دەکەن، کەوا ئەوانەی خەڵکی خاوەن پێداویستی تایبەتیان هەیە، بەرنامەی زۆر موتەتەورو باش هەیە لەناو ماڵەکاندا، نەوعە ریعایەتەك و بەرنامەی تەئهیلی و فێر کردن و ئەو شتانەیان هەیە، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار صبیحە احمد فەرموو.

بەڕێز صبیحە احمد مصطفی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

قسەکانی من لە لایەن سۆزان خان کرا، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، ڕێزدار محمد شارەزوری فەرموو.

بەڕێز محمد احمد علی(شارەزووری):

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بە بۆچوونی من ئەم ماددەیە زیادە، چونکە ئەگەر سەیری بکەین لە ماددەی حەوت لە خاڵی دوو (تحدید الاجراءات ووضع التوصیات لتوفیر الرعایة والتأهیل للمعاقین) ئەمە یەکەم.

ئەگەر سەیری ماددەی نۆش بکەین لە دوای ئەوە، یەعنی بەڕاستی ئیجرائاتەکانی حکومەت هەمووی لێرە دیاری کراوە، بۆ ئەوەی ئوسەر خزمەتی موعاقەکە بکات، لە ئەخیر جاریشەوە لە سێهەم لە ماددەی نۆ، (وتتکفل الحکومة بضمان توفیر الرعایة للمعاقین الذین لیس لهم من یرعاهم)، بۆیە من پێشنیاری ئەوە دەکەم ئەم ماددەیە زیادە، لە دوو ماددە، لە ماددەی نۆ و لەماددەی حەوت چارەسەر کراوە، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، ڕێزدار جەنابی وەزیر کەرەم بکە.

بەڕێز ئاسۆس نجیب/ وەزیری کارو کاروباری کۆمەلایەتی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

سەبارەت بەم ماددەیە، دوێنێش تەوزیحمدا، کە ئەوەی لە لایەن وەزارەتەوە هەیە پەیمانگایە، کە بۆ نابیستایان، بۆ بیرکۆلان، نا بینایان، هەروەها بۆ شیاندنی کەمئەندامانمان هەیە، ئەو کارمەندانەی کە ئێستا لەو پەیمانگایانە کار دەکەن، زۆر بە زەحمەتی ئەرکەکانیان جێبەجێ ئەکەن، لەبەر ئەوەی مامەڵە کردن لەگەڵ منالێکی نابیناو نابیست زۆر جیاوازە لەگەڵ مامەڵە کردن لەگەڵ منالێکی ئاسایی، ئێستا ئەوەی هەیە ئەو کارمەندانە هەتا وەکو دوازدەی نیوەڕۆ، هەندێ جار هەندێك پەیمانگا هەیە تاوەکو سەعات یەکیش دەوام ئەکات، بەبێ هیچ جیاکاریەك بۆ ئەو کارمەندانە، ئێستا ئێمە وەکو وەزارەت داوای دەرمالەیەکی تایبەتمان کردووە، بۆ کارمەندەکانمان، بۆ مامۆستایانمان، هاوشێوەی ئەو دەرمالەیەی کە بۆ کارمەندانی وەزارەتی پەروەردە سەرف دەکرێ، ئێمە ئەو پەیمانگایە بەپێی ئەو ئیمکانیاتەی کە ئێستا هەیە، تەنها ئەتوانین تا 12 ی نیوەڕۆ پەیمانگاکان بەڕێوەبەرین، دوری ئیوائم بۆ جیا بکەنەوە، لێرە داوای تەفسیلێك دەکەم، ئەوەی کە ئێستا هەیە، نابیست پەیمانگای تایبەتی خۆی هەیە، ئەمانە هەر یەکێ جۆرێ پەیمانگای هەیە، ئەگەر دوری ئیوا هەبێ بەچ شێوەیەك ئەبێ؟ چونکە ئێستا سەنتەری ئۆتیزممان هەیە، کە ئیختیساسەکەی لە ئیختیساسی وەزارەتی تەندروستیە، بەلأم لە لایەنی ئێمەوە بەڕێوە ئەبرێت، ئەگەر دوری ئیوای پێویست بێ، دیارە پێویست بەوە ئەکات، بخرێتە سەر وەزارەتی تەندروستی، ئەگەر بۆ نابیستان بێ، ئەبێ لێرە تەفسیلی ئەوە بکرێت، ئەوە دوری ئیوائە بە چ شێوازێکە، ئەگەر بۆ کەمئەندامانی جەستەییە، یاخود بۆ نابینایانە، بۆ شێوازەکانی ترە، بۆیە بە پێویستی ئەزانم کە تەفسیلێکی تر هەبێ، پێشم بوترێ کار کردنی ئەو دوری ئیوائانە بە چ شێوەیە؟ زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێزان، ئەوە موناقەشە لەسەر ماددەی شەش تەواو بوو، ئێستا ئەچینە سەر ماددەی حەوت لیژنەی یاسایی فەرموون.

بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

سەبارەت بەماددەی حەوت، لە ڕاپۆرتی هاوبەش پێشنیار کراوە سیاغەی ماددەکە بەم شێوەیە بێت:

المادة (7): تخصص الحكومة مبلغاً شهرياً خاصة لكل معاق بغض النظر عن اي مصدر اخر للدخل ويحتسب على النحو الاتي:

اولاً: المعاق الذى بلغت درجة عجزه (65٪) فأكثر يستحق مبلغاً يعادل الحد الادنى لراتب الموظف في الاقليم.

ثانياً: المعاق الذى تتراوح درجة عجزه بين (35٪ - 64٪) يستحق مبلغاً ويحتسب كالاتي:

راتب الحد الادنى للموظف ×درجة العجز
65

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، بەڕێز جەنابی وەزیر فەرموو.

بەڕێز ئاسۆس نجیب/ وەزیری کارو کاروباری کۆمەلایەتی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

سەبارەت بە ماددەی حەوت، ئێمە کاتێ ئەو پرۆژە یاسایەمان ناردووە بۆ ئێرە، مووچەی کەمئەندامان ئەوانەی کە فەرمانبەر بوون سی هەزار دیناریان وەردەگرت، ئەوانەی کە فەرمانبەر نەبوو پەنجا هەزار دینار، ئەوکاتەی ئەم پرۆژەیەمان ناردووە، ژمارەی کەمئەندامان لە هەرێمی کوردستان (42) هەزار کەمئەندام بووە، بەڵام پاش ئەوەی ئێستا ژمارەی کەمئەندامان لە (92) هەزار تێپەڕی کردووە لە هەرێمی کوردستان، مووچەکەش ئەوەی ئێستا کە فەرمانبەرە مانگانە (100) هەزار وەردەگرێت، ئەوەی فەرمانبەر نییە (150) هەزار دینار وەردەگرێت، پێویست بەوە ئەکات لەم ماددەیە ئێمە زۆر بە پێویستی دەزانم بەڕێز وەزیری دارایی ئامادە بێ، لەبەر ئەوەی تەبەعاتێکی مالی زۆری هەیە، ئێمە ڕۆژانەش کەمئەندامان ڕێژەکەی لە زیاد بوون دایە، بۆیە بە پێویستی دەزانم ئەم ماددەیە موناقەشە نەکرێت، تاوەکو وەزیری دارایی ئامادە نەبێ، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

فەرموو کاك عەونی.

بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

پێشنیارەکەی جەنابی وەزیری کاروباری کۆمەلایەتی زۆر لە جێگەی خۆیەتی، پێشنیار دەکەم موناقەشە لەسەر ئەو ماددەیە دوا بخەین، ماددەکانی تر ئیشی لەسەر بکەین، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

زۆر سوپاس، نوقتەی نیزامیت هەیە؟ فەرموو.

بەڕێز حەمە سعید حمە علی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

من پێموایە ئەبێ موناقەشە بکەین، چونکە نابێ برگە بپەڕێنین بەپێی لائیحە، بەس ئەکرێت لە کاتی دەنگدان جەنابی وەزیری دارایی بێت، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

ئەو ئەبێ حازر بێ، بۆ ئەوەی ڕەئی بدات، بۆ ئەوەی ئەندامە بەڕێزەکان گوێیان لە دەنگی بێت، لەبەر ئەوە لەسەر داوای وەزیرو لیژنەی یاسایی، لیژنەی دارایی ڕەئی ئێوە چیە؟

بەڕێز د.ئاراس حسین محمود:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

لەڕاستیدا منیش پشتیگری ڕای بەڕێز وەزیر دەکەم، چونکە پێشتر ئێمە بڕیارێکمان هەبووە، بە (150) هەزار دینار، لەگەڵ (100) هەزار دینار، ئەگەر هاتو ئەو موعادەلەیەی کە ئێستا جێبەجێ بکەین، ڕاتبی حەدی ئەدناش پاش ئەوەی کە پرسیارمان کردووە لە وەزارەتی دارایی، کە پلە دەیە (140) هەزار ئەکات، کەواتە ئەگەر هاتو ئەو موعادەلانە جێبەجێ بکەین لەگەڵ ئەو بڕیارەی کە پێشتر داومانە، تەناقوزێك ڕوو ئەدات، یان ئەبێ موعادەلەیەکی تازە بدۆزینەوە، یان ئەبێ ڕای حکومەت وەربگرین، بزانین موعادەلەیەکی ترمان بداتێ، لەبەر ئەوە منیش پشتیگری لە ڕای بەڕێز وەزیرو لیژنەی یاسایی دەکەم بۆ ئامادە بوونی بەڕێز وەزیری دارایی و ڕای حکومەت لەو بارەیەوە، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

بەڕێزان، ئێستا ئەچینە سەر ماددەی هەشت، لیژنەی یاسایی ماددەی هەشت دەست پێ بکەن، دوای ئەخەینەوە بۆ کاتێ کە وەزیری دارایش بانگ ئەکەین لێرە حازر بێ بۆ ئەو موناقەشەیە، فەرموو.

بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

لیژنەی هاوبەش پێشنیاری کردووە سیاغەی ماددەی هەشتەم بەم شکلە بێت، (استثناءً من احکام قانون الخدمة المدنیة ونظام الاجازات تستحق الموظفة المعاقة اجازة خاصة براتب تام لا تحتسب من اجازاتها الاخری اذا کانت حاملا واوصت اللجنة الطبیة المختصة ان حالتها تتطلب ذلك).

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

بەڕێزان، کێ دەیەوێ لەسەر ئەو ماددەیە قسە بکات؟ کەس نایەوێ قسە بکات، هەمووی موتەفیقن مانای وایە، کوێستان خان فەرموو.

بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:

بەڕێز سەروکی پەرلەمان.

ئەم پرۆژە یاسایە لەڕێی ئەنجومەنی وەزیرانەوە هاتووە، ئەنجومەنی وەزیرانیش وەزیری دارایی تیایە، لەبەر ئەوە حەتمەن ڕەئی وەرگیراوە لەسەر ماددەی پێشوو کە تەئجیلمان کردووە بۆ هاتنی وەزیری دارایی، بۆیە من پێشنیار دەکەم ئەویش موناقەشە بکەین ئەمڕۆ و، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، تەئجیل کرا، بڕیارمان لێدا لەسەر داوای وەزیرو هەردوو لیژنەی یاسایی و لیژنەی دارایی کە ڕەئیان وابوو لە سەرۆکایەتیش ئەوەمان کرد، ماددەی حەوت دوا دەخەین و داوای وەزیری دارایی دەکەین لە دانیشتنی داهاتوو کە بەردەوام دەبین بۆ موناقەشە لەگەڵمان حازر بن، ئەوجا موناقەشەی دەکەین، دەنگدانیش ئەمڕۆ نییە، بەیانیش نییە، ئێستا ماددەی هەشت کەس موناقەشەی لەسەر نییە؟ کاك شێرزاد فەرموو.

بەڕێز شێرزاد عبدالحافظ شریف:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

دکتۆرە ڕۆژان لەگەڵ کاك عەونی کە ئەوەی ناخوێننەوە ئەو یاسایە، د. ڕۆژان ئەوەی حکومەت دەخوێنێتەوە، بەڵام کاك عونی ئەوەی خۆیان دەخوێنێتەوە، نازانم ئەو جیاوازیە بۆ هەبێ؟

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

کاك عەونی فەرموو.

بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

لەسەر پێشنیاری سەرۆکایەتی پەرلەمان، ئێمە هەر سێ لیژنە کۆبوونەوە ڕاپۆرتێکمان ئامادە کردووە سەبارەت بە پێشنیارەکانی کە پێشکەش کراوە، ئەو پرۆژانەی کە پێشکەش کراوە، ئەو قانونەی لەلایەن حکومەت هاتووە ئەو بووە ئەساس بۆ موناقەشە، بۆیە ئێمە ڕاپۆرتەکەمان بەو شکلەی بەرز کردەوەو دەنگی لەسەر دراوە.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

دروستە بە دەنگدان، ڕەنگە جەنابت ئەو کاتە نازانم لە ژوور بووی، یان نا؟ بە دەنگدان بووە ئەساسێك کە ئەو ڕاپۆرتە موشتەرەکە کە موناقەشەی لەسەر بکەین، چونکە پێنج پرۆژە بوو، زۆر سوپاس کاك شێرزاد، ڕەئیەکەی جەنابت دروستە، پرۆژەی حکومەت بووە ئەساس و ڕاپۆرتی موشتەرەکیش هەیە، لیژنەی یاسایی و لیژنەی هاوبەش هەم ڕاپۆرتی حکومەت بخوێننەوەو، هەم ڕەئی جەنابیشتان بدەن، کەرەم بکەن. کاك عەونی فەرموو.

بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

المادة (9):

التفرغ لرعاية المعاق:

كل شخص تفرغ او قام أو التزم برعاية المعاق الذى لايستطيع تلبية متطلبات حياته العادية والذى يحتاج لمن يلازمه لقضاء حاجاته ورعايته بشكل مستمر يحق له الاستفادة من تعويض التفرغ وكالاتى:

اولا/ اذا كان للمتفرغ راتبا من الحكومة:

1ـ يمنح اجازة براتب تام ويستحق العلاوات والترفيعات وكافة الحقوق التى يستحقها اسوة باقرانه من الموظفين.

2ـ اضافة لما وردت فى الفقرة السابقة يصرف له راتبا يعادل الحد الادنى لراتب موظف الاقليم لرعاية معاقين اثنين.

ثانيا/ اذا لم يكن للمتفرغ راتب من الحكومة يمنح راتبا يعادل الحد الادنى لراتب موظف الاقليم لرعاية معاق واحد، وراتبا يعادل نسبة (150٪) للحد الادنى لراتب موظف الاقليم لرعاية معاقين اثنين.

ثالثا/ لا يجوز ان يتفرغ اي شخص لرعاية اكثر من معاقين اثنين فى الوقت نفسه، وتتكفل الحكومة بضمان توفير الرعاية للمعاقين الذين ليس لهم من يرعاهم.

رابعا/ تجدد اجازة التفرغ سنويا.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

لیژنەی موختەس ڕاپۆرتەکە بخوێننەوە، فەرموو.

بەڕێز د.ئاراس حسین محمود:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

المادة (9):

التفرغ لرعاية المعاق

كل شخص تفرغ أو قام أو التزم برعاية المعاق الذي لا يستطيع تلبية متطلبات حياته العادية والذي يحتاج لمن يلازمه لقضاء حاجاته بشكل مستمر، يحق له الاستفادة من تعويض التفرغ، وكالآتي:

أولاً: اذا كان للمتفرغ راتباً من الحكومة:-

1- يمنح اجازة براتب تام ويستحق العلاوات والترفيعات وكافة الحقوق التي يستحقها اسوة بأقرانه من الموظفين.

2- إضافة لما ورد في الفقرة السابقة، يصرف له راتباً يعادل الحد الادنى لراتب موظف في الإقليم، لرعاية المعاقين.

ثانياً: اذا لم يكن للمتفرغ راتب من الحكومة، يمنح راتباً يعادل الحد الادنى لراتب الموظف في الاقليم لرعاية معاق واحد، وراتباً يعادل نسبة (150٪) للحد الادنى لراتب الموظف في الاقليم لرعاية معاقين إثنين.

ثالثاً: لا يجوز ان يتفرغ أي شخص لرعاية أكثر من معاقين إثنين في الوقت نفسه، وتتكفل الحكومة بضمان توفير الرعاية للمعاقين الذين ليس لهم من يرعاهم.

رابعاً: تجدد إجازة التفرغ سنوياً.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

زۆر سوپاس، ئێستا کێ دەیەوێ لەسەر ئەو ماددەیە قسە بکات؟ ئەم بەڕێزانە دەیانەوێ مواخەلە بکەن، ڕێزداران (سۆزان شهاب، ئەڤین عمر، ژیان عمر، شوان کەریم، سیوەیل عثمان، صباح بیت الله، عمر عبدالرحمن، دلێر محمود، نیشتمان مرشد، عمر نورەدینی)، کەسی تر ماوە؟ سۆزان خان فەرموو.

بەڕێز سۆزان شهاب نوری:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.

لە خوێندنەوەی ئەم تەفروغەدا، بۆ ئەوەی کەسوکارەکەی ئیستفادە بکەن لە تەفروغەکە، بەڕاستی ناعەدالەتیەکی زۆری تیایە، لەڕووی ئەوەی:

یەکەم/ ئەو کەسە ئیجازەی تامی دەدەیتێ بەراتبی تام، باشە، موعەوەقەکە خۆی راتبی هەیەو، ئیزافەتەن بۆ ئەو دوو راتبە راتبی سێیەم کە پێی دەوترێ (یصرف له راتبا یعادل الحد الادنی لراتب موظف لرعایة المعاقین)، بەڵام ئەوەی کە موەزەفی دەوڵەت نییە، ئەوەی کە موەزەف نییە، بەڵام معەوەقی هەیە تەنها و تەنها ئەگەر هاتو یەك موعەوقی هەبوو لە راتبی تەفەروغەکەی بۆ دەبرێ لەگەڵ ڕاتبی بڵێین معەوەقەکە خۆی، ئەگەر هاتو دوانیش بوو 150٪ ،یەعنی لێرەدا بەڵانس نییە لەنێوان ئەوەی کە موەزەفی حکومەتەو ئەوەی غەیری موزەفی حکومەتە، ئێمە لە هەمان کاتدا دەزانین ئەرکەکە یەك ئەرکە ئەویش ریعایەی موعاقە، بۆچی ئەم فەرق و جیاوازیە هەبێ، من دەمەوێ ئەم شتەمان بۆ ڕوون بێتەوە، ئەگەر پێویستیش بکات بەشێوازێکی دیکە سیاغە بکرێتەوە زۆر باشترە، بۆ ئەوەی هیچ نەبێت بەڵانسێك، یاخود ئەو عەدالەتەی کە هەیە هیچ نەبێ پەیڕەو بکرێ، ئەمە ئەو لە (رابعا/ تجدد اجازة التفرغ سنویا) من پێم باشە (وحسب تقریر اللجنة الطبیة)، بۆ ئەوەی بزانی ئەگەر تەقەدوم هەیە، ئەگەر هاتو ئەمەش دەبێتە موتابەعە کردنێك بۆ حاڵەتی کەمئەندامەکەش، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، ئەڤین خان فەرموو.

بەڕێز ئەڤین عمر احمد:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

من پشتگیری ڕەئیەکەی سۆزان خان دەکەم، ئەگەر بێتو خاڵی دووەم بخوێنینەوە دەڵێت (اضافة لما وردت فی الفقرة السابقة) کەواتە یەعنی ئیجازەی تام دەدرێتە ئەو کەسەی کە سەرپەرشتی معەوەقێك دەکات لەماڵەوە، (یصرف له راتبا یعادل الحد الادنی لراتب موظف.....) هەروەکو ئێستا بیستمان کاك د.ئاراس باسی ئەوەی کرد کە (140) هەزار دەکات راتبی ئەدنا، کەواتە ئێمە ئیزافەتەن لەسەر راتبی خۆی (140) هەزاریشماندا، قەینا دەستیان خۆش بێ، ئەوە بۆ ئەوەیە تەشجیعی موەزەفێك بکەن بڕوا لە ماڵەوە ئەگەر کەسێکی هەبێ، یاخود یەکێکی هەبێ ریعایەی بکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەدا لە خاڵی دووەم ئێمە ئەگەر هاتو

ئەو کەسە راتبی نەبوو، تەنها (140) هەزاری دەدەینێ، لێرەدا ئێمە دەبینین کەسێك هەڵدەستێت بە کارێك، هەمان کارە، بەڵام ناعەدالەتی هەیە، ئەو لەوێدا ئیزافەتەن بۆ راتبی خۆی (140)ی دەدەیتێ، بەڵام ئەگەر وەزیفەی نەبوو، تەنها (140) هەزاری دەدەیتێ، لە کۆتاییدا دەڵێ ئەگەر دوو معەوەقی هەبوو (150)ی دەدەیتێ، من حیسابم کرد کە دەکاتە (70) هەزاری تر زیادەی دەدیتێ دەکاتە (210) هەزار، کەسێك دوو معەوەق بەخێو دەکات (210) هەزاری دەدەیتێ، لەگەڵ ئەوەدا لە سێهەم دەڵێین چی؟ دەڵێین (لايجوز أن يتفرغ) کەواتە تۆ لەسەرەوە پێی دەڵێی (150) دەدەمێ لە سەدا راتب، ئەگەر دوو معەوەقت هەبێ، بەڵام دوایی لە خاڵێکی تر دەڵێی نا، نابێ تۆ دوو معەوەقت هەبێ، (في نفس الوقت) ئاخر دەڵێ،.....

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

ڕجائەن لەگەڵ یەك قسە نەکەن، ڕجائەن.

بەڕێز ئەڤین عمر احمد:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

دەبینی لێرە تەناقوزێك هەیە، لێرە پێویستە کەوا تەرتیبێك لە بەینی ئەو خاڵانەدا بکرێ، بۆ ئەوەی بتوانین ئیجحاف نەمێنێ لەنێوان ئەو کەسانەی کە هەڵدەستن بە سەرپەرشتی کردنی ئەو معەوەقانە، لەگەڵ ئەوەشدا با تەشجیعی بکەین خەڵك خۆی لە مالدا معەوەقی خۆی پەروەردە بکات زیاتر لەوەی کەوا تۆ بیبەیتە شوێنێك (إيواء) بکرێت و بەخێو بکرێت، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

زۆر سوپاس، ڕێزدار ژیان عمر، فەرموو.

بەڕێز ژیان عمر شریف:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بەنیسبەت ئەوەی کە موتەفەریغ ئیجازەی راتبی تاممەو موستەحەقی عەلاوەو تەرفیعە حەز دەکەم جەنابی وەزیر، ئەوە پرسیارێکە ئەم بەیانییە لە من کرا لەلایەن دایکی ئەم منالانەی بەتایبەتی شەلەلی دەماغی تامیان هەیە، دەڵێت علاوەو ترفیع شمولیان دەکات (وكافة الحقوق التي يستحقها اسوة بأقرانه من الموظفين)، پرسیارەکەم لە جەنابی وەزیر ئەوەیە حقوقەکە ئایا موخەصەصاتی خۆرەش دەگرێتەوە؟ یەعنی ئەوان کە ئەم بەیانی یە قسەیان لەگەڵ من کرد، ئەوانەی کە منالەکانیان شەلەل دەماغی عامی هەیە، یەعنی دەڵێن هەموو تووشی شەقیقەو فەقەرات بووین، هەتا بەیانی بە دیار ئەو منالەوە دادەنیشین، ئەو منالە دەقیژێنێ و هاوار دەکات و دەگری لە تاو ئازاری خۆی، دایکەکە دوو ئەوەندەی منالەکەی هیلاکترە، جا لەبەر ئەوە ئەوان مەحرومن لە موخەصەصاتی خۆرە کە ژیانیان زۆر لە دائیرەکە لە خەتەرتر دایە، جا ئەم پرسیارە من ئاراستەی جەنابی وەزیری دەکەم و وەڵامەکەشم دەوێ، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

زۆر سوپاس، ڕێزدار شوان کریم کابان.

بەڕێز شوان عبدالکریم جلال:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

من پشتگیری لە بۆچوونەکەی هاوکارم سۆزان خان دەکەم، بۆچی؟ ئەو موەزەفەی کە خۆی وەزیفەیەکی هەیە لەبەر ئەوە مەعاش وەردەگرێ لە دائیرەکەی، ئێستا دەوام ناکات، کە دەوام ناکات، لە شوێنێکی تر ئیشێکی تر دەکات ئەویش چاودێری کەسێکی کەمئەندامە لە ماڵەکەی خۆیدا، مەعنای وایە لە جیاتی ئەوەی وەزیفەکەی لە شوێنێکی تردا ئەرکێکی تر دەگرێتە ئەستۆ کە ئەو چاودێرییە، ئەو مەعاشەی کە دەیدرێتێ بۆخۆی بەبێ ئەوەی ئەو دەوام بکات، تەرفیع و عەلاوەو هەموو شتێك، لەوانەیە ختورەشی بۆ صەرف بکرێت دەرەنجام، ئەوە بۆخۆی ئیمتیازێکە دەیدرێتێ، چونکە ئەو وەزیفەکە نابینێ، لە جیاتی وەزیفەکە دەچێ ریعایەتی کەسێکی تر دەکات لە ماڵی خۆیدا، ناکرێ جارێکی تر راتبێکی، یەعنی مووچەیەکی ئیزافی تریشی بۆ سەرف بکرێ، لە کاتێکدا ئەوەی کە مووچەی نییە، تەنیا یەك مووچەی دەدرێتێ، ئەم دوو مووچە وەرگرێ، ئەوە یەك.

دوو/ ئەگەر ئەوە وەکو خۆشی بمێنێتەوە یەك و دووی ناوێ بەڕاستی، هەر یەك لە دوای دەڵێ (بأقرانهم من الموظفين كما يصرف له راتباً يعادل الحد الأدنى) تا دوایی، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، ڕێزدار سیوەیل عثمان، فەرموو.

بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بەنیسبەت (أولاً) منیش هاوڕام لەگەڵ ژیان خان، کە زۆر کەس بۆ نموونە کارمەندی تەندروستییە، تەلەفۆنمان بۆ دەکات دەڵێ منداڵەکەم شەلەل دەماغە، بەڵام موخەصەصاتی ختورەم لێ دەبڕن، داوای ئەوەی دەکەن کامل موخەصەصاتەکانیان بدرێتێ، مادام ئیجازەی وەردەگریت و موراعاتی منداڵەکەی دەکات.

بەنیسبەت (ثالثاً) هاتووە دەڵێ/ (لايجوز أن يتفرغ أي شخص لرعاية أكثر من معاقين إثنين في الوقت نفسه)، باشە خێزان هەیە سێ منداڵی هەیە، چوار منداڵی هەیە معەوەقە، یەعنی شوێنی هەیە مەسەلەن، دوایی دەڵێ (تتكفل الحكومة بضمان توفير رعاية المعاقين الذين ليس لهم من يرعاهم)، ئەو خێزانە، ئەو منداڵانە دایك و باوکی خۆیان هەیە موراعاتیان دەکەن، من پرسیارێك دەکەم، لەبەرچی لێرە ئەگەر لە دوو معەوەق زیاتر بوو نابێت ئەو دایکە، یان ئەو باوکە تەفەروغ بکات؟ بۆ زانین بۆ خۆی خێزانەو دایکی هەیەو باوکی هەیە، واتا ئەو منداڵە شوێنێکی هەیە تێدا بژی، ئەو فەقەرەی تر جیایە، (تتكلف الحكومة بضمان توفير الرعاية) ئەگەر (ليس لهم ايواء) ئەو کاتە حکومەت تەکەفول دەکات، بەڵام هەیە سێ منداڵی معەوەقە، لەبەرچی؟ بەس بۆ دوویان وەربگرێت، بۆ سێیەم نابێت وەرگرێت، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

زۆر سوپاس، ڕێزدار صباح بيت الله فەرموو.

بەڕێز صباح بيت الله شكرى:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

دەربارەی ماددەی نۆ لە فەقەرەی سێیەم دەڵێت (لايجوز ان يتفرغ اي شخص لرعاية اكثر من معاقين اثنين في الوقت نفسه) بە ڕەئی من لە هەندێك عائیلە وەکو سیوەیل خان باسی کرد دوو معەوەقی هەیە، سێ معەوەقی هەیە، پێویستە یارمەتیەکی تری ئیزافی بۆ تەرخان بکرێت، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

زۆر سوپاس، ڕێزدار عمر عبدالرحمن فەرموو.

بەڕێز عمر عبدالرحمن على:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

ئەگەر ئێمە سەیرێکی ئەم ماددەیە بکەین تەناقوزێك دەبینین لەنێوان بەشی یەکەمی بە یەك و دووەوە لەگەڵ فەقەرەی دووەمدا، بەشی یەکەمی ئەگەر لێرە قەصدی موشەریع ئەوەی یاساکەی نووسیوەتەوە باس لە راتبی تام دەکات، ئەگەر راتبی تام تەنیا راتبەکەی خۆی بێت بەبێ موخەصەصات، لەوێ ئەو فەرمانبەرانە زەرەمەند دەبن، چونکە بە دانی راتبە تامەکەی وەکو جەنابی وەزیری مالیە پێش چەند ڕۆژێك لێرە بۆی تەوزیح کردین موخەصەصات ناجێگیرە، بە واتا تەنیا راتبە ئیسمیەکەیان دەدرێتێ، ئەگەر قەصد لەوە بێت، بەو شێوەیە ئەو فەرمانبەرەی کە دەچێتە خزمەتی ئەو کەسەی کە معەوەقەو خزمەتی دەکات زەرەرمەند دەبێت، بۆچی؟ ئەگەر بە فەقەرەی دووەم بە ئیزافی بۆی دانرا بێت، حەددی ئەدنای راتبی فەرمانبەرێك (140) هەزار دیناری دەدرێتێ، بەڵام لەوانەیە موخەصەصاتەکەی سێ ئەوەندەی (140) هەزار دنیارەکە بێت، ئەگەر لێرە تەنیا قەصد راتبە ئیسمیەکەی بێت و بیدرێتێ، ئەمە تەوازون ناکات لەگەڵ فەقەرەی دووەم، ئەگەر یەکێك موتەفەریغ بێت و، فەرمانبەر نەبێت، واتا کارمەندی حکومەت نەبێت، راتبی فەرمانبەرێکی حەددی ئەدنا بە (140) هەزار دینار وەربگرێت، لە 50٪ی (140) هەزار دینارەکەی تریش وەربگرێت، بۆ جارێکی تر، ئەگەر دوو معەوەقی هەبێت، ئەمە تەوازون نییە، لێرە پێویستە هەدەفی ئەم یاسایە لە ئەسڵدا بۆ ئەوە هاتووە، کەسوکاری معەوەق بگەنە ئەوەی خزمەتێکی باشتر بەو کەسئەندامە بدەن کە هەیەتی، هەدەفی موشەریع لێرە ئەوەیە مادام هەدەفی ئەوە بێت، پێویستە ئەو راتبەی (اخر مايتقاضاه من راتب) موخەصەصات بێت ئیزافەتەن بۆ راتبی حەددی ئەدنای فەرمانبەرێکی تری بدرێتێ، بۆ ئەوەی بتوانێت چاکتر ئیدارەیان بکات، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

زۆر سوپاس، ڕێزدار محمد دلێر فەرموو.

بەڕێز محمد دلێر محمود:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

من لەگەڵ سەرجەم بۆچوونەکانی کاك عمر عبدالرحمانم، دەمویست باس بکەم ئەو باسی کرد، بەڵام پێم چاکە خاڵێکی تریش زیاد بکرێت وەکو بڕگەیەکی تر، ئەو کەمئەندامەی کە تەمەنی دەگاتە سەرووی (18) ساڵەوە، یەعنی توانای ئەوەی هەبێت کە خەڵکیش چاودێریکەرو بەخێوکەری بۆ خۆی هەڵبژێرێت، نەوەکو فەرز بکرێت بەسەریدا، لە هەمان کاتدا لەگەڵ ئەوەشدام ئەو مەوزوعەی دەڵێت ئەوەی لە دوو کەمئەندامی زیاتری هەبێت، بەڕاستی هیچ کەسێك ناتوانێت لە دوو کەمئەندام زیاتر چاودێری بکات و بەخێوی بکات، لەبەر ئەوە پێویست بەوە دەکات حکومەت خۆی زەمانەتی بکات و خەڵکی تری بۆ بدۆزێتەوە، کە مەبەستی حکومەت لێرە دەڵێت ماف و ئیمتیازی کەمئەندامان، مەبەستی ئەوە نییە پارەکە سەرف بکات و بڵێت وایە، مەبەستی بەخێوکردنەکەیەتی، چاودێری کردنەکەی بەشێوەیەکی مەعقول و چاك بێت، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

زۆر سوپاس، ڕێزدار نیشتمان مرشد فەرموو.

بەڕێز نیشتمان مرشد صالح:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

ئێمە هەموومان دەزانین ئەو دایك و باوکەی کە منداڵێکی کەمئەندام بەخێو دەکات چەند ئازاری زۆرەو هیچ خۆشیەکی لە ژیان نابینێت وەکو ئەوانی تر، من لێرە شتێك باس دەکەم، ئەو منداڵەی کەمئەندامە، ئەو دایك و باوکەی بەخێوی دەکەن هەتا ئێستا کە پێشووتر وابووە ئەو دایك و باوکەی کە بەخێوی دەکەن تەنها مەعاشە ئیسمیەکەی وەردەگرن، بۆ بەخێو کردنی ئەو منداڵە، بۆ نموونە لە وەزارەتی پێشمەرگەو وەزارەتی ناوخۆ، هەر کارمەندێکی ئاسایش، یاخود مرور کە منداڵێکی کەمئەندامی هەیەو بەخێوی دەکات، تەنها مووچەی ئیسمیەکەی دەدەنێ کە (184) هەزار دینارە، کە مەعاشە ئەسڵیەکەی خۆشی (1150000) ملیۆنێك و سەدو پەنجا هەزار دینارە، هەموو دەرماڵەکەی لێ دەبڕن، کە ئەوانە بە دەرماڵەیەکی تر لە قەڵەم دەدرێت، ئایا ترسناکیە؟ ئایا دەرماڵەی خواردن و ئەوانەیە؟ بۆیە ئێمە داواکارین لەو قانونە ئەوەی تێدا تەسبیت بکرێت، کە ئەو کەسانەی کە منداڵی شەلەل دەماغ، یان منداڵی کەمئەندام بەخێو دەکەن، بۆ ئەوەی بتوانن بەخێویان بکەن، مەعاشەکەیان بە تەواوی بۆیان سەرف بکرێت و هیچیان لێ نەبڕدرێت، بۆ ئەوەی بتوانن بە تەواوی چاودێری منداڵەکەی خۆیان بکەن، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

زۆر سوپاس، ڕێزدار عومەر نورەدینی فەرموو.

بەڕێز د.عمر حمدامین خدر(نورەدینی):

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بەشـێوەیەکی گشـتی قسـەکانی مـن بـەڕێز کـاك عمـر عبـدالرحمن کـردی، مـن پشـتیوانی لـە بۆچـوون و پێشنیارەکانی ئەو دەکەم، لەسەر ئەوەی کە ئەگەر فەرمانبەرێك کەسێکی پەککەوتەی هەبوو لەماڵەوە، کـە مۆڵەتی پێ دەدرێت بە تەواوی مووچەو دەرماڵەکەیەوە بێت، ئەو کات ئەگـەر بڕگـەی دووەمـیش نـەمێنێت ئاساییەو دەکرێت، چونکە لەم حاڵەتەدا تۆ لەبڕگەی دوو رەنگە (150) هـەزار دینـاری بـدەیتێ، بـەاڵم لـەو سەرەوە دەرماڵەیەکی لێ دەبڕی کە چەند قـاتی ئـەوەی کـە لـە بڕگـەی دوو بـۆت دابـین کـردووە، بۆیـە مـن جەخت لەسەر ئەوە دەکەم کە مۆڵەتەکە بە تەواوی مووچەو دەرماڵەکەیەوە بێت، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

زۆر سوپاس، رێزدار جەنابی وەزیر فەرموو.

بەڕێز ئاسۆس نجیب/ وەزیری کارو کاروباری کۆمەاڵیەتی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

سـەبارەت بـە مـاددەی نـۆ، ئەمـەی لەبەردەسـتاندایە داواکـاری رێکخـراوی کەمئەندامانـە، ئێمـە هێناومانـە بەردەستتان لە رێگای ئەم پرۆژە یاسایەوە پشتگیری ئەم داواکارییەش دەکەین، لەوانەیە کەموکوڕی هـەبێت لە صیاغەکە، ئەوە بۆ ئەندامانی بەڕێز جێ دەهێڵین.

سەبارەت بەوەی ئایا موخەصەصاتی خـتـورە وەردەگـرن، یـاخود نـا؟ ئـەوە تـەعلیماتی مالیـەو دیـارە دەبێت وەزیری دارایی ئامادە بێت، من بۆیە بۆ ماددەی حـەوت باسـی ئـەوەم کـرد، گـوتم دەبێت وەزیـری دارایـی و ئابووری ئامادە بێت وەك رووبن کردنەوەیەك، ئەو هاوکێشەی کە پێشتر لە پرۆژە یاساکە ناردووماندە لەگـەڵ ئەو بڕیـارەی کـە لـە پەرلەمانـەوە دەرچـوو و، لەلایـەن وەزارەتـەوە جـێ بـەجێ دەکرێـت، کەمئەنـدامان لـە موچەکە زەرەرمەند دەبن، ئەوە ئێستا (150) هەزار دینار وەردەگرێت، دەبێتە (140) هەزار دینار، ئێمە ئەو هەوڵ و ماندوو بوونەمان بۆ ئەوەیە ئێمە بتوانین باری گوزەرانی کەمئەندامان و کورتە باڵکان بـەرەو شێوەیەکی باشتر بەرین، نەك زەرەریان پێ بگەیەنین، هەمان شت لێرە ئەوەی کە باسی تەفەروغ دەکات بـە راتبی تام، یاخود موخەصەصات و ئەوانە، پێویستی بە وردەکاری هەیە، پێویستی بە تەعلیماتی مالی هەیە، بۆیە پێویست دەکات وەزیری دارایی ئامادە بێت، بۆ ئەوەی ئەو کاتە کە تەفـەروغ دەکـات بزانێـت چ شـتێك پێویست بێت، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

زۆر سوپاس، بەڕێزان، ئێمە وەختی پرۆژە یاسایەك خوێندنەوەی بۆ دەکرێت و لە بەرنامەی کار دادەنرێـت تەحویلی حکومەت دەکەین، تکایە رێکخەری نێوان پەرلەمان و حکومەت لەگەڵ ئەنجومەنی وەزیران لەگەڵ سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران ئەو پرۆژەیەی کە لەبەردەستتان دەبێت، دەبینن ئـەو مەوزوعـەی پەیوەنـدی بە وەزیری پەیوەندیدارەوە هەیە حازری بکەن، یەعنی ئێوە تەبلیغیان دەکەن، ئێمە تەبلغیان ناکەین، ئێمە پرۆژەکان دەنێرین بۆ جەنابتان، دەڵێین ئەم پرۆژەیە لە فلان رۆژ موناقەشە دەکرێت، پێویستە بەو ئەرکە

هەڵبستن و وەزیری پەیوەندیدار حازر بێت، ئێستا دوای نێوەڕۆ کە دووبارە دەست بە دانیشتنی دووەم دەکەین، خۆتان لە ڕێگەی خۆتانەوە داوا بکەن وەزیری دارایی تەشریفی بێتە ئێرە، ئێستا ماددەی نۆ گفتوگۆ لەسەر تەواو بوو، دەچینە سەر ماددەی دە، لیژنەی پەیوەندیدار فەرموو.

بەڕێز د.ئاراس حسین محمود:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

دەربارەی ماددەی دە لە ڕاپۆرتی هاوبەشدا بەم شێوەیە:

بالنسبة لـ(المادة العاشرة)، نؤيد ما ورد في المشروع وبالشكل التالي:

لكل شخص معاق الحق في التعليم وذلك بضمان حصوله على فرص متكافئة للالتحاق بالمؤسسات التربوية والتعليمية بكافة مراحلها بما فيها الدراسات العليا وتسهيل استمراره بها، ولا يمكن ان تحول الاعاقة دون انتسابه او دخوله الى اية مؤسسة تربوية او تعليمية رسمية او خاصة.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

زۆر سوپاس، لیژنەی یاسایی فەرموو.

بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

ئێمە پشتگیری ماددەکە دەکەین بەو شێوەیەی خوێندرایەوە، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

زۆر سوپاس، بەڕێزان کێ دەیەوێت لەسەر ئەو ماددەیە قسە بکات، تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ ناویان دەنووسین، سێ بەڕێز دەیانەوێت مداخەلە بکەن، ڕێزداران (د.بشیر خلیل، هاژە سلیمان، شلێر محی الدین)، کەسی تر هەیە؟ تارا ئەسعەدی، فەرموو.

بەڕێز د.بشیر خلیل حداد:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بەنیسبەت ماددەی دە، لە مەنتوقە عەرەبیەکەی دەڵێت (لكل شخص معاق الحق في التعليم)، تەعلیم واتا فێرکردن، مەبەستی موشەرِیع لێرە فێرکردن نییە، فێر بوونە، بۆیە پێویستە بڵێین (لكل شخص معاق الحق في مواصلة الدراسة) یان (في التعلم)، یان (التعلم)، بەڵام (مواصلة الدراسة) شاملترو کاملترە، لە کۆتاییشدا پێویست بەو هەموو دوورو درێژیە ناکات، (ولا يمكن ان تحول الاعاقة دون ذلك)، واتا (ذلك) هەموو ئەوانە دەگرێتەوە، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

زۆر سوپاس، ڕێزدار هاژە سلیمان فەرموو.

بەڕێز هاژە سلیمان مصطفى:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

دەربارەی ماددەی دە، لەڕاستیدا من دەبینم ماددەی دەو یازدە هەردووکیان پەیوەندییان بە یەکەوە هەیە، یەعنی هەردووکی پەیوەندی بە مەسائیلی تەعلیمەوە هەیە، بۆیە پێشنیار دەکەم کە ماددەی دەو یازدە لێك بدرێن و ماددەی دەیەم بکرێتە بڕگەی یەکەم، ئەوانی تریش لە ماددەی یازدە بکرێنە بڕگە، لە ماددەکە بکرێنە ماددەی دە، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

زۆر سوپاس، رێزدار شلێر محی الدین فەرموو.

بەڕێز شلێر محی الدین صالح:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

من پشتگیری لە نەصی ماددەکە دەکەم بەجوانی دارێژراوە، کە خاوەن پێداویستی تایبەت، یان شەخصی موعاق ئەو مافەی هەیە، بەلأم من پشتگیری رەئیەکەی هاژە خانیش دەکەم، ئەو دوو ماددەیە بۆ هەمان مەبەستە، بۆیە ئەگەر یەك بخرێت زۆر باشە، لێرەش دەمەوێت ئاماژە بەوە بدەم وەزارەتی پەروەردە خۆشبەختانە بۆ ئەوەی ئیتمئنانی هەموو لایەك بکرێت بەرنامەیەکی عالەمی پەیڕەو دەکات لە بواری فێرکردنی خاوەن پێداویستی تایبەت، بەرنامەی پەروەردەیی بەرفراوانە، هەروەها پەروەردەی پێش وەختە، کە لێرە مەرحەلەی تفولەی موبەکیرە باس کراوە، ئێستا لە وەزارەتی پەروەردە ئەو بەرنامەیە هەیە بۆ تەدەخولی موبەکیرو، بۆ پەروەردەی بەرفراوان، خاوەن پێداویستی تایبەت لە ناو پۆلەکان لەگەڵ کەسانی ئاسایی، لەبەر ئەوە وەزارەتی پەروەردە هەلگری دروشمی خوێندن بۆ هەموانە، رێگای لە هیچ خاوەن پێداویستی تایبەتێك نەگرتووە بێتە بەرخوێندن، بەلأم بەهۆی ماموستای تایبەت، کە بەڕێوەبەرایەتی تایبەت هەیە لەناو وەزارەتی پەروەردە ناوی پەروەردەی تایبەتە، تایبەتە بە فێرکردنی خاوەن پێداویستی تایبەت، بەهۆی ماموستایان کە راهێنراون لەسەر فێرکردنی ئەو منداڵانە هەر یەکە بەپێی گرفت وکێشەی خۆی، ئەوەی کێشەی نوتقی هەیە، ئەوەی کێشەی بیستنی هەیە، ئەوەی کە شەلەل دەماغە، زۆر لەو نەوعە منداڵانە، ئۆتیزمیش هەیە لەناو بەرنامەی پەروەردەی تایبەت، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

زۆر سوپاس، رێزدار تارا ئەسعەدی فەرموو.

بەڕێز تارا تحسین ئەسعەدی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بەڕاستی ماددەکە یەکێکە لە مافە هەرە گرنگەکان، کە حکومەتی کوردستان خۆی لەسەری دەڕوات، بەڕاستی راستە وەکو قانون دەبێت هەبێت، کە ئەوە مافیەتی، بەلأم وابزانم هیچ کاتێکیش ئەمە پێشێل نەکراوە، کە ئەم مافە وەکو هەر مافی کەسێکی ئاسایی مافی هەیە بخوێنێت، بەلأم شێوە تایبەتیەکانی بۆ بایەخدانی زیاتر بەو کەسانەی کە بەشێوەی تایبەت فێر بکرێن لە ژێر ئەو دروشمەی کە ئەو خوێندنە بۆ

هەموو کەسێکەو مافی هەموو کەسێکە لەناو ئەم هەرێمەدا دەژی، لەبەر ئەوە من پشتگیری لە ماددەکە خۆی دەکەم، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

زۆر سوپاس، ڕێزدار جەنابی وەزیر فەرموو.

بەڕێز ئاسۆس نجیب/ وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

دیارە ئێمە ئەو ماددەیەمان بە هاوکاری لیژنەی پەیوەندیدار صیاغە کردۆتەوەو پشتگیری لێ دەکەم، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

زۆر سوپاس، بەڕێزان، ماددەی دەش موناقەشە لەسەری تەواو بوو، ئێستا دانیشتنەکە دوا دەخەین بۆ سەعات (5)ی پاش نیوەڕۆ، تا ئەو کاتە بەخواتان دەسپێرین دووبارە لێرە بن بۆ بەردەوام بوون لەسەر موناقەشە کردن، سوپاس.

دانیشتنی دووەم

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.

بەناوی گەلی کوردستان، بەردەوام دەبین لەسەر دانیشتنەکەمان، دانیشتنی ژمارە (21)، ئێستاش داوا لە لیژنەی کاروباری کۆمەلایەتی و لیژنەی یاسایی و لیژنەی دارایی دەکەین کەرم بکەن بۆ سەر مەنصەو، بەخێرهاتنی ڕێزدار (ئاسۆس) خان وەزیری کاروکاروباری کۆمەلایەتی و ڕێکخەری نێوان پەرلەمان و حکومەت (كاك سەعد) دەکەین، زۆر زۆر بەخێر بێن.

بەڕێزان، لە دەستپێکی دانیشتنمان، دوێنێکە بەڕێزان لە ژمارە (2) لە ڕاپۆرتی موشتەرەك خوێندیانەوە (مشروع قانون رعاية المعاقين في اقليم كوردستان - العراق المقدم من مجلس الوزراء الى برلمان كوردستان بالكتاب المرقم (15984) في 2010/12/28 والمحال الى لجنتنا بعد القراءة الاولى له في البرلمان بجلسته الاعتيادية رقم (4) في 2011/10/3)، ئەمە هەڵەیە، بە هەڵە هاتووە دروستەکەی بەم شێوەیە کە ئێستا بۆ ئێوەی بەڕێز دەخوێنینەوە، پڕۆژەکە لە حکومەت بە نووسراوی ژمارە (2254) لە 2011/9/15 بۆ ئێمە هاتووە، لە 2011/9/19 لە کاروباری پەرلەمان وارید کراوە، لە دانیشتنی ژمارە (4) لە ڕێکەوتی 2011/10/3 خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە بە نووسراومان (ك/1236) لە 2011/10/5 ئاراستەی لیژنەکانی یاساو کۆمەلایەتی و دارایی کراوە، واتە نەك سالێك دواتر، ئەو ژمارەیە بە هەڵە هاتووە، دوای دوو ڕۆژ ئێمە لە سەرۆکایەتی بەنووسراومان ئاراستەی لیژنەکانمان کردووە بۆ ئاگاداریتان، تکایە لیژنەی یاسایی و لیژنەکانی کاروباری کۆمەلایەتی و دارایی ئەوە بە نەزەری ئیعتیبار وەربگرن، ئەو هەڵەیە چاك بکرێتەوە، ئێستاش لیژنەی یاسایی و لیژنەی پەیوەندیدار بۆ ماددەی ژمارە یازدە فەرموو دەست بەکار بن.

بەڕێز تارا تحسین ئەسعەدی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

ماددەی 11 لە ئەصڵی پڕۆژەکە دەخوێنینەوە لەبەرئەوەی لەدوایشدا بە هاوبەش ڕەئیەکی تر هەیە تاکو بخوێندرێتەوە:

المادة (11):

على الحكومة:

1- تـامين سـبل تعليميـة مناسـبة وخاصـة للمعـاقين حسـب اعاقـاتهم وحاجـاتهم وتـوفير كافـة المسـتلزمات الدراسية وتنظيم كافة الامور المتعلقة بتعليمهم والتي تسمح لكل تلميذ معاق من الالتحاق ومواكبـة الـبرامج التعليمية اسوة باقرانه من التلاميذ.

2- تخصيص عدد من المقاعد للمعاقين في المعاهد والجامعات حسب مؤهلاتهم استثناءاً من الحد الادنى لمجموع الدرجات المطلوب سنوياً للمعاهد والكليات.

3- الاهتمام بتربية الاطفال المعاقين في مرحلة الطفولة المبكرة.

ئەمـە ئەصـڵی پڕۆژەکەیـە ئەگـەر ڕێمـان پێبـدا سـەرۆکی پەرلـەمان بەشـە هاوبەشـەکەش بەشـی یاسـایی بیخوێنێتەوە.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

فەرموون کەرم بکەن.

بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

سەبارەت بـە مـاددەی یـازدە لیژنـەی هاوبـەش پێشـنیار دەکـات فەقـەرەی (2) لـە ماددەکـە ئیلغـا بکرێـت و، صیاغەی ماددەکە بەم شێوەیە بێت، پاش ئەوەی گۆڕانکاری لە ریزبەندەکانی بکرێت:

المادة 11:

على الحكومة:

1- تأمين سبل تعليمية مناسبة وخاصة لذوى الاحتياجات الخاصة حسب اعاقاتهم وحاجاتهم وتوفير كافة المستلزمات الدراسية وتنظيم كافة الامور المتعلقة بتعليمهم والتي تسمح لكل تلميذ معاق من الالتحاق ومواكبة البرامج التعليمية اسوة باقرانه من التلاميذ.

2- الاهتمام بتربية الاطفال من ذوي الاحتياجات الخاصة في مرحلة الطفولة المبكرة.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

بەڕێزان، ئێستا کێ ئەیەوێ لەسەر ئەو ماددەیە مواخەلە بکا دەستی بـەرز بکاتـەوە؟ ناویـان بنووسـم، ئـەم بەڕێزانە ئەیانەوێ مواخەلە بکەن، ڕێزداران (عبدالسلام بـەرواری، سـیوەیل عوسمـان، پـەیمان عبـدالکریم، ئەڤین عمر، د. بشیر خلیل، د. حسن محمد)، کەسی تر هەیە؟ تارا ئەسعەدی، کاوە محمد امین، فەرموو کاك عبدالسلام بەرواری.

بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بەڕاستی ئێمە لە لیژنەی کۆمەڵایەتی، هەروەها لە هەرسێ لیژنەی هاوبەشیش یەك شتمان لەبەرچاو بـوو، ئێمـە ڕاسـتە یاسـایەك دەردەکـەین بـۆ مـافی ئـەم فیئـە موحتاجـە لـە کۆمـەڵگا، بـەڵام لـەبیر ناکـەین ئێمـە بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتیشمان هەیە، ئاستی خوێنـدن و، موسـاوات لـەنێوان هـەموو ڕۆڵەکانی ئـەم گەلـە

نابێ لەبیرمان بچێ، بە مەهانەی ئەوەی یارمەتی گروپێك دەدەین، بۆیە مەسەلەی دیراسەو ئیهتیمام بۆ مستەواو تێك نەدانی لای ئێمە ئەولەویەتی هەبوو، تەسەور دەکەم ئەم (تخصیص عدد من المقاعد للمعاقین حسب مؤهلاتهم استثناءاً من الحد الادنی لمجموع الدرجات) پێشێل کردنە بۆ ئەو پرنسیپەی کە خەڵکی دەچێت تەئهیلی جامیعی، یان هەر جێگایەك بەپێی ئەو مواصەفەیەی دانراوەو، ئەمە هیچ پێشێل کردن لەوان نییە، بەڵکو موحافەزەیە لەسەر موستەوای تەعلیم، بۆیە تەسەورمان کرد هەر خۆشیان مومکینە قەبوڵ نەکەن، چونکە وەکو خێرکردنەکە، بۆیە دەبینین ئەمە داعی نییە هەبێت، چونکە لەگەڵ مەبدەئی مساوات ناگونجێت و زەرەر دەگەینێتە موستەوای عامی خوێندن، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس بۆ جەنابت، بەس نالێ (حسب مؤهلاتهم)، یەعنی شتێکی وای تێدایە، ڕێزدار سیوەیل خان.

بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

منیش هەمان ڕەئیم هەیە بەنیسبەت خاڵی دووەم، خاڵی دووەم/ (تخصیص عدد من المقاعد للمعاقین في المعاهد والجامعات)، ئەوە پەیوەندی بەخوێندنەوە هەیە، بەموستەوای تعلیمەوە هەیە، حەق وایە هەر یەکە بەحەقی خۆی، بەڵام ئەگەر بمانەوێ هەندێك موراعاتیان بکەین، نازانم ئێستا هەیە، یان نا؟ لە خوێندن جاری وا هەیە منداڵی شەهیدێك دەرەجەی دەدرێتێ، ئەگەر نەما بێتن ئەوە ئیعتیادیە، ئەگەر وەکو منداڵی شەهید ما بێت دەرجەی بدرێتێ ئیعتیادیە، ئەگەر نەما بێت، بەپێی موستەوای خۆیان بەپێی دەرەجەی خۆیان لە مەعاهدو جامیعات وەربگیرێت باشترە، ئەگەر خاڵی دووەم لابدرێت پێمان باشەو، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

زۆر سوپاس، ڕێزدار پەیمان عبدالکریم فەرموو.

بەڕێز پەیمان عبدالکریم عبدالقادر:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بەنیسبەت ئەو ماددەیە، ئێمە کاتێك سەردانی لایەنە پەیوەندیدارەکانمان دەکرد، ئەوانەی تایبەت بە تەئهیل کردنی کەمئەندامان هەموو داواکاریەکەیان ئەوە بوو، کە ئەو کەمئەندامانە لە کۆمەڵگایەك جێی بکرێتەوە، لەبەر نەبوونی کارمەندی خاوەن پسپۆڕ، لەبەر نەبوونی جێ و شوێنی تایبەت، لەبەر کۆنی موختەبەراتەکانیان، لێرە پێویستە ئەو بڕیارەیان لۆ بدەین، کە وا بکەین بە نوێترین و ڕێك وپێکترین تاقیکردنەوەی دەنگ و ئەوە تەجهیزیان بکەین، لەو خاڵە حەقە ئاسۆس خان لێرە باس بکات، کە چۆنە ئەو موختەبەراتانەی کە هەیتیان، بەتایبەتی کەڕو لاڵەکانە، نابینایەکانە، هەموو مۆدیلی پەنجاو چلەکانە مایتەوە هەتا ئێستا، ئەوە داواکاری خۆیانە.

خاڵی دووەمیش/ کە دەڵی کورسیان لۆ دەست نیشان بکرێ، نەخێر، ئێمە دەمانەوێ ئەوانە تەئهیل بکەینەوە لەناو کۆمەڵگا، ئەگەر وایان لێ بکەین، دیسان جیایان دەکەینەوە، بۆیە وەسائیلی هۆیەکانی

خوێندنمان بۆ دابین کردن، پێویست ناکات ئێمە جارێکی تر جێگایان بۆ بکەینەوە، بۆیە با حەقیان وەکو خەڵکەکەی تر بێت، بەڵام یەك شت لێرە گرنگە دیار بکرێت، ئەوەیە بەگوێرەی موئەهلاتی جسمیان، یەعنی جەختیان لێ نەکەیت، کە کەمئەندامیەکەی بە شێوەیەکە نابێت لە شوێنێك وەربگیرێ مەسەلەن حەرەکییە، کە تایبەتە بە بینین، ئەوە لەوانە موراعاتی بۆ بکرێ و، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

زۆر سوپاس، رێزدار ئەڤین عمر فەرموو.

بەڕێز ئەڤین عمر احمد:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

ئێمە دەزانین لێرە مەبدەئێك هەیە، کەوا هەموومان هەوڵ بۆ ئەوە دەدەین تەئهیل کردنی ئەو کەسانەی کەمئەندامن وچۆن جارێکی تر بێنەوە ناو کۆمەڵگا و بتوانن خۆیان تەئهیل بکەن و، خۆیان بگونجێنن لەگەڵ کۆمەڵگا، هەڵبەتە ئەمە مەبدەئێکی عالەمییە، ئێمەش بەدەر نین لەم جیهانە گەورەیە، بۆیە بەڕاستی ئەمە سیاسەتێکی باشە، کە ئێمە ئەیگرینە بەر، بەڵام دەزانین لە کوردستان هەندێ شت هەیە پێویستە لەسەرەتاوە بەرپای بکەین، بۆ نموونە، ئەگەر هاتو ئێمە قوتابیەکی نابیستن و ناتوانن قسە بکەن، تێکەڵمان کرد لەگەڵ قوتابخانەیەکی عادیدا، ئەو منداڵە توانی لەگەڵیان بێت، بەڵام باشە ماموستایەکە چۆن دەتوانێت، بەچ شێوازێك دەتوانێ ئەو کەمئەندامە، ئەگەر تەلەبەیەکە، یان دووە، بتوانێت لە پۆلەکەی تێبگەینێت؟ هەڵبەتە لێرە ئەمە زۆر زەحمەت دەبێ بۆ ماموستا، چونکە ئەوان ئسلوبی تایبەتی خۆیان هەیە بۆ فێرکردن، بۆیە من پێشنیار دەکەم کەوا ئەگەر بێتو هەندێ شوێن بۆ هەندێ حاڵەت قوتابخانەی تایبەتی هەبێ، راستە ئێمە لەگەڵ ئەوە نین جیاکرێنەوەو حەز دەکەین تێکەڵ بکرێن و تەئهیل بکرێنەوە، بەڵام بۆ هەندێ حاڵەت پێویست دەکات کەوا قوتابخانەی تایبەتی هەبێت، بۆ ئەوەی ئەوانە بتوانن پەروەردەیەکی تەندروست فێر بن، تاوەکو لە ئایندەدا ئەگەر هەر چۆنیەکیش بێت بتوانن کاتێ گەورە بوون، یاخود کە گەیشتنە مرحەلەیەك بە تەواوتی بتوانن تێکەڵ بە کۆمەڵگا بن، هەروەها منیش لەگەڵ ئەوەم چۆن بەڕێز کاك عبدالسلام وتی خاڵی دووەم ئەگەر وا بێ هەر لابردێت، لابردنی زۆر باشترە لە مانەوەی، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

زۆر سوپاس، رێزدار دکتۆر بەشیر خەلیل فەرموو.

بەڕێز د. بشیر خلیل حداد:

بەڕێز سەرۆکی پەرەلەمان.

رایەك هەبوو پێشتر کە ئەم ماددەیە لەگەڵ ماددەکەی پێشەخۆی دەمج بکرێ، لەبەر ئەوەی ماناکەیان یەکە، هەمووی لەسەر مواصەڵەی دیراسە باس دەکات، منیش رام ئەوەیە ئەگەر بکرێ ئەم ماددەیە لەگەڵ

ماددەکەی پێشخۆی یەك بخرێت و بە یەك ماددە بنووسرێ، یەك فەقەرە زیاد بکرێ بۆ ماددەکەی پێشوو، سەبارەت بە (تامین سبل تعلیمیة مناسبة وخاصة لذوي الاحتیاجات الخاصة) نەڵێین (حسب اعاقتهم وحاجاتهم)، بەڵکو بڵێین (بحسب نوعیة العوق وحاجتها) ئەمە کورترو ڕێکوپێکترە.

بەنیسبەت خاڵی دووەم کە لە ئەسڵی مشروعەکەدا هاتووە، منیش ڕام لەگەڵ ڕای هاوکارانم وایە، کە ئەوە ئەوپەڕی جیاکاریی لەگەڵ خاوەن پێداویستیەکان دەکەین، تۆ ئەگەر جیاتکردەوە، وەکو بڵێین بەزەییت پێدا دێتەوە دەڵێی ئەگەر دەرەجەشی نەبێت بە کەمترین دەرەجە وەربگیرێ، یان تەخصیصی مقاعدیان بۆ بکەیت، خۆ ئێمە نامانەوێ کۆتا بۆ ئەوان دابنێین، بەڵکو ئێمە دەمانەوێ ئەمانە لەگەڵ کۆمەڵگا تەئهیلیان بکەین و، شیاندنیان بۆ بکرێ، بۆیە بەهەمان ئەرك و ماف و، با بەهەمان دەرەجە ئەوانی دیکە ئەوانیش وەربگیرێن، خۆ ئەوانە زۆر لە خاوەن پێداویستیە تایبەتیەکان لە خەڵکی نۆرمەڵ زۆر زیرەکتریشن، بۆیە ئەوانە پێویستیان بەوە نییە، کەوا بە دەرەجەی کەمتر بچن، بەڵکو بەهەمان شێوەی خەڵکانی دیکە بن، لەبەر ئەوە من ئەسڵی ڕاپۆرتەکە تەشجیع دەکەم، لەگەڵ ئەوەمە بەوەی کە هەردوو ماددەکە لێك بدرێ و، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

زۆر سوپاس، ڕێزدار حسن کەرەم بکە.

بەڕێز حسن محمد سورە:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

ڕاستی منیش لەگەڵ ئەوەمە کە ماددەی (10 و11) ببێت بە یەك و، هەروەها بە لابردنی فەقەرە دووی ماددەی (11)، لەبەر ئەوەی ئەو فەقەرەیە لەگەڵ مەبدەئی دوو ماددە ناگونجێ، کەوا پێشتر بەڕێمان کردییە، یەکێکیان لەوانە لە مەسەلەی ئەهدافی قانونەکە کە باس دەکات لە (على قدم مساواة مع الاخرين)، کە لەوێ هاتووە، پێویستە بە موساوات بێت، دووش/ لەگەڵ ماددەی (10) کە باسی فورەسی متکافئة دەکات بەنیسبەتی تەعلیم، بۆیە پێویستە موڕاعاتی ماددەکانی پێشووی ئەم قانونە بکەین، کە زیاتر ئەبێ بە موساوات بێت و، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

زۆر سوپاس، ڕێزدار تارا خان کەرەم بکە.

بەڕێز تارا تحسین ئەسعەدی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بەڕاستی ئەم دوو ماددەیە کە لە دەیەم و یازدەم پێکهاتووە، تێکەڵ بوونی بۆ خزمەتی ئەو بەشەیە، کە یەکێکە لە مافە هەرە گرنگەکانی کەمئەندام، ئێمە لێرەدا ڕەچاوی بکەین، تاکو بتوانین، چونکە لە خاڵی سێیەم باس دەکات ئیهتیمامدان بە منداڵە موعاقەکان کە لە منداڵییەوە بەچی دەبێت کە خاڵێك ئیقتیراحەکەم زیاد بکرێ (الاهتمام بإعداد المدرسين والمدربيين على طرق خاصة للتدريس في المدارس

الخاصة)، راستە ئێمە هەموومان دەزانین کە پێداویستی تایبەت، موعاق یەکێکە لەو پێداویستیە تایبەتیانە، ئێمە زۆر زیارتمان کرد، لە شوێنێکی وەك دهۆك تەماشامان کرد لەو شوێنانەی نابیناکان مۆزەفێکی ئیعتیادی چووە تەدریبی کردووەو ئەو دەرسی برایل و ئەم شتانە دەڵێتەوە بە نابیناکان، ئەگەر ئێمە مودەریسی تایبەتمان هەبێت، مامۆستای تایبەتمان هەبێت، کە دانرا بێ و شیاو بۆ ئەم بەشە پێویستە بۆ تەدریس کردنیان و بۆ پێشخستنیان شتێکی زۆر گرنگە، بۆ ئەوەی ئەم مافە زیاتر بچەسپێنین.

بەنیسبەت خاڵی ئەوەی کە داوا ئەکەن کە مەقعەدیان هەبێ، داوا کردنەکەیان مومکینە لەو رێکخراوانەی کە زۆر رایان وەرگیراوە، ئەوە مەبەستیان بووە پێشکەش بکرێ، لێرەدا هیچ کەسێك لەناو ئەو پەرلەمانە بڕوا ناکەم دژی ئەوە بێ کە کەمئەندامێك بگاتە ئەوەی کە بەتوانای خۆی بگات بەو شتەی کەدەیەوێ، هیچ کاتێك نەبووە کەمئەندامێك 90 دەربێنێ، ئێمە نەیخەینە کۆلیژێکی باش، هەڵبەتە ئەمە تەشجیع کردنێکە، بۆ ئەوەی بڵێین ئێمە لەگەڵتانین کە مەقعەدتان هەبێ، بەڵام نەك ئیستسنائەن لەسەر ئەو قوانینانە، چونکە ئێمە لەناو تەعریفەکە وەکو هاوکارانم لێرە باسیان کرد، هەموومان لەگەڵ فورەصی موتەساوین بۆ هەموو لایەك و، لەگەڵ مافی مرۆڤدا، ئەوان مرۆڤێکن فەرقیان نییە با خۆیان، خۆیان جیا نەکەنەوە لە خەڵکی تر، من ئەو داوایە دەکەم لە هەموو کەسێك، کە داوای مافی کەمئەندامان دەکات، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

زۆر سوپاس، رێزدار کاوە کەرەم بکە.

بەڕێز کاوە محمد امین:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

برادەرانی پێش من ئەو رائییان دەربڕی کە هەردوو ماددەی (10 و 11) بکرێتە یەك لەبەر ئەوەی هەردووکی پەیوەندی بەبواری پەروەردەو فێرکردنی کەمئەندامانەوە هەیە، لەبەر ئەوەی من هەر ئەو تێبینیەم هەبوو، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

زۆر سوپاس، رێزدار جەنابی وەزیر فەرموو.

بەڕێز ئاسۆس نجیب/ وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

سەبارەت بەو دوو ماددەیە، ئەگەر بکرێتە یەك ماددە، ئێمە هیچ کێشەیەکمان نییە، بەس تەنها لەوانەیە لێرە صیاغەکەی تەواو نەبێ، سەبارەت بە قوتابخانەی تایبەت، ئێمە وەك پێشتر باسمان کرد، ئێمە پەیمانگای تایبەتمان هەیە بەنابیستان، بە نابینان، بە بیرکۆلان، لەو منداڵانەش ئیعدادیەش تەواو دەکەن، پەیمانگاش تەواو دەکەن و، دەرچووی کولیەمان هەیەو، ئەوەی مایەی دڵخۆشییە نابینامان هەبووە ئەمجارە یەکەمی کولیەکەی بووە، ئێستا لە تواناسازیەکە لە فەرەنسایە، وەکو بۆ ئاسانکاری پێش ئەوەی ئەو

پرۆژەیە پەسند بکرێ، ئێمە داوامان لە لیژنەی بالای تواناسازی کردووە، کە ئاسانکاری سەبارەت بە مامەڵەکان، سەبارەت بە کفالەکە بۆ کەمئەندامان و، بۆ خاوەن پێداویستی تایبەتەکان پێشکەش بکرێ، ئەو کاتەی کە بە حەقی خۆیان فۆرمەکە پڕ ئەکەنەوەو پێشکەشی خوێندن دەکەن، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێزان، ئێستا موناقەشە لەسەر ماددەی (11) تەواو، دەچینە ماددەی (12) لە فەرعی (3) لیژنەی کاروباری کۆمەلایەتی فەرموو.

بەڕێز تار تحسین ئەسعەدی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

الفرع الثالث

حق المعاق في التأهيل والعمل

المادة (12):

يكفل القانون للمعاق حقه في العمل كسائر افراد المجتمع وتأهيله ومساعدته للدخول في سوق العمل ضمن مبدأ المساواة وتكافؤ الفرص.

ئەوە لیژنەی هاوبەشیش هەر هەمان رەئیی هەبووە.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

رای لیژنەی هاوبەش و لیژنەی یاسایی.

بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

پشتگیری لە ماددەکە دەکەین وەکو خۆی کە لە پرۆژەکەدا هاتووە.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

بەڕێزان کێ ئەیەوێ مداخەلە بکات لەم ماددەیە؟ ئەم بەڕێزانە ئەیانەوێ مداخەلە بکەن، ڕێزداران (دلێر محمود، خورشید احمد، د. بشیر، صباح بیت الله) کەسی تر هەیە؟ نییە، تەواو، فەرموو.

بەڕێز محمد دلێر محمود:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

لێرە کە نووسراوە مافی کار کردن بۆ کەمئەندام زامن دەکات، بەڵام زۆر لە کەمئەندامەکان وەختێك دەیانەوێ بچنە دائیرەیەك، یان شوێنێك و، بەپێی موئەهلاتی خۆیان، کە بیانەوێ تەعیین بن، سەیری دەکەی لیژنەی توبی هەیە دەچێ فەحصیان بۆ ئەکات، لە لیژنەی توبی دەرناچن و تەعینیان ناکەن، لەبەر

ئەوەی پێویستە تایبەتمەندیەکیان هەبێت، تایبەتمەندیەکی وایان هەبێت بۆ جۆرە شوێنێك لیژنەی توبی بەو شێوەیە وەکو خەڵکی ئاسایی زۆر توند نەبێ لەگەڵیاندا، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

زۆر سوپاس، ڕێزدار کاك خورشید کەرەم بکە.

بەڕێز خورشید احمد سلیم:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

من تەنها تەعدیلەکە (یکفل القانون للمعاق حقه في العمل کسائر افراد المجتمع وتأهیله ومساعدته للدخول في سوق العمل بما یتناسب وقابلیاته ومؤهلاته) هەر هەتا ئێرە بەسە (ضمن مبدأ المساواة وتکافؤ الفرص)، ئەوە زۆر تیکرار بووە، تەنها ئەوەی بۆ ئیزافە بکەین، ئەمەی لابدەین، (بما یتناسب وقابلیاتە ومؤهلاتە) بەڕای من بەو شکلە باشتر دەبێت، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

زۆر سوپاس، ڕێزدار دکتۆر بەشیر کەرەم بکە.

بەڕێز د. بشیر خلیل حداد:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

ئەو ماددەیە، ماددەیەکە مافی ئیش کردن بۆ ئەم بەڕێزانە زامن دەکات، بۆیە باشتر وایە صیاغەکە بەم شێوەیە بێت بڵێین (یکفل القانون للمعاق حقه في العمل في القطاعین الخاص والعام)، چونکە ئێمە لە وەزائیفیش پێویستە حەقەکانی ئەوان پارێزراو بێت، وەکو هاوکارم باسی کرد هەندێ لەو مەرجانەی لە لیژنەی توبی هەیە، دەبێت بۆ ئەوان کەم بکرێتەوە، بۆیە مجالی خاص و عام تێدا زیاد بکرێ و، هەروەها تەئیدی برای بەڕێزم کاك خورشید دەکەم (بما یتناسب مع قابلیاته ومؤهلاته)، لەپاشان کەلیمەی (للدخول في سوق العمل) سوق کەلیمەیەکە وا نییە کەوا لە قانون بنووسرێ، لەجیاتی (سوق) یان (مجال العمل) یان (میدان العمل) جوانترە، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

زۆر سوپاس، ڕێزدار کاك صباح کەرەم بکە.

بەڕێز صباح بیت الله شکری:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بەنسبەت ماددەی (12 و 13) بەڕای من نەفسی مەفهوم و نەفسی مەزمونە، هەردووکیان بکرێنە یەك ماددەو، زۆر سوپاس.

بەڕێز ئاسۆس نجیب/ وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

سەبارەت بەو ماددەیە، لە دەستووریش هاتووەو، لە قانونی عەمەلیش هاتووە، بەلأم پێمان باش بوو کە داخلی ئەم پڕۆژەیەی بکەین لەبەر کەمئەندامان.

سەبارەت بەوەی کە (للدخول في سوق العمل)، ئێمە ئەتوانین بڵێین (فرص العمل)، بەلأم ئێستا کردوومانە سەبارەت بە قەرزی بچووک، بۆ نموونە، یەکێك لە بڕگەکانمان ئەوەمان گوتووە کە کەمئەندام بۆی هەیە قەرزی بچووکیش وەربگرێ و، لە هەمان کات مووچەی کەمئەندامیەکەشی وەربگرێ، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

زۆر سوپاس، نوقتەی نیزامیت هەبوو؟ کەرەم بکە.

بەڕێز د.ئاراس حسین محمود:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

سەبارەت بە (سوق العمل) تەوزیحێکم هەیە، ئەگەر ڕێم پێبدەی.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

نوقتەی نیزامی جیایەو تەوزیحیش جیایە، تەواو، زۆر سوپاس، بەڕێزان، ئەم ماددەیەش موناقەشە لەسەری تەواو بوو، ئێستا دەچینە سەر ماددەی (13)، فەرموو لیژنەی کاروباری کۆمەلأیەتی کەرەم بکەن.

بەڕێز تارا تحسین ئەسعەدی:

بەڕێزسەرۆکی پەرلەمان.

المادة (13):

أولاً: تلتزم الحكومة بتخصيص وظائف في القطاع العام للمعاقين بنسبة لاتقل عن (5٪) من مجموع عدد الوظائف وذلك بعد تأهيلهم.

ثانياً: يلتزم اصحاب المشاريع الخاصة بتخصيص فرص عمل في القطاع الخاص للمعاقين بنسبة لاتقل عن (3٪) من مجموع عدد العاملين في كل مشروع، وذلك بعد تأهيلهم بما يتفق وحالة اعاقتهم.

ئەگەر جەنابت ڕێمان پێ بدەی لیژنەی هاوبەش گۆڕانکارییەکی کردووە، بیخوێننەوە.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

لیژنەی یاسایی ڕاپۆرتی هاوبەش بخوێنەوە، فەرموو.

بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

سەبارەت بە ماددەی (13) پێشنیار کراوە بڕگەی دووەم لابېردرێت و، ئیکتیف بکرێ بە بڕگەی یەکەم لە ماددەکە بە تەنها.

(تلتزم الحكومة بتخصيص وظائف في القطاع العام لذوي الاحتياجات الخاصة بنسبة لاتقل عن (5٪) من مجموع عدد الوظائف وذلك بعد تأهيلهم).

هۆیەکەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کەوا تۆ لە قانون ناتوانی ئیلزامی قیتاعی خاص بکەی بە بەکارهێنانی کارمەند، بەبێ ئارەزوومەندی خاوەن کارگە تایبەتەکان، لەبەر ئەوەی ناگونجێ لەگەڵ مەفاهیمی نوێ کە لە کوردستان ئێستا کاری لەسەر دەکرێ، بەوەی موستەسمیرو قیتاعی خاص ئازادە لە چۆنیەتی کارکردن و، ئەو کەسانەی بەکاریان دەهێنی لە کارگەکان، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

بەڕێزان، کێ ئەیەوێ لەسەر ئەو ماددەیە موداخەلە بکات؟ ئەم بەڕێزانە دەیانەوێ موداخەلە بکەن، ڕێزداران (د. حسن، سیوەیل عوسمان، شلێر محی الدین، عبدالسلام بەرواری، عبدالرحمن حسین، محمد دلێر)، کەسی تر هەیە؟ نییە، فەرموو.

بەڕێز حسن محمد سورە:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بەڕای من تەخصیصی وەزائیف لە قیتاعی حوکمی، هەروەها تەخصیصی فورەسی عەمەل لە قیتاعی خاص ئیلتزام بکرێ لەسەر هەردوو قیتاعەکە بەنیسبەت موعاقین شتێکی تەبیعیە، لەبەر ئەوەی بەڕای من هیچ مەشاریعێکی خاص نییە لە هەرێمی کوردستان دەعمی حکومەت نەکات و، پێویستە موقابیلی ئەو دەعمە ئەمانەش کارێك جێبەجێ بکەن، کە لە قانونەکانی هەرێمدا رەنگ دەداتەوە، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

زۆر سوپاس، ڕێزدار سیوەیل خان کەرەم بکە.

بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

بەڕێز د. حسن رایەکەی منی گوت و، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

زۆر سوپاس، ڕێزدار شلێر خان کەرەم بکە.

بەڕێز شلێر محی الدین صالح:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

سەبارەت بەو ماددەیە، دەڵێ (تلتزم الحكومة بتخصيص وظائف في القطاع العام لذوي الاحتياجات الخاصة بنسبة لاتقل عن (5٪) من مجموع عدد الوظائف وذلك بعد تأهيلهم)، نازانم (بعد تاهيلهم) لێرە چ مەعنایەکی هەیە؟ خۆی ئەگەر وەزائیف بدرێتە خاوەن پێداویستی تایبەت، ئێمە باسی موساوات دەکەین، دەبێ هیچ فەرقێکی نەبێ لەگەڵ کەسانی دیکە، ئەگەر خاوەن پێداویست تایبەتەکە کورتە بالأ بێ، یان

کەمئەندام بێت، خاوەنی بڕوانامەیەك بێت، ئەوە موئەهیلە بۆ تەعیین کردن لە هەر دائیرەیەك دەبێ قبولّ بکرێ، بەپێی تواناکەی، بەپێی موئەهلاتە علمیەکەی، بەلاّم لێرە تەئهیلی پێ ناوێ، لێرە لە زۆر ماددەکان باسی تەئهیل دەکەین، تەئهیلی (ذوی الاحتیاجات الخاصة) دوو جۆرە تەئهیلێك هەیە بۆ فێرکردنی مەهاراتی حیاتییە، زۆر لە خاوەن پێداویستیە تایبەتەکان هەیە لە کەمئەندامان و شەلەل دەماغ و ئەوانە پێویستیان بە تەئهیل هەیە بۆ فێربوونی مەهاراتی حەیاتی توانای ئەوەیان نییە، جۆرە تەئهیلێکی تر هەیە بۆ فێرکردنی ئیشە، من زۆر لە ولاّتان هەتا لە لوبنانیش دیتیتم لە زۆر مەعامل، مەعاملی شوکلاتە و ئەوانە مەسەلەن کەسانی ئۆتیزم، ئۆتیزم کە شەدیدترین حالّەتی عەوەقی عەقلیە، (داون سیت رۆم) یان مەنغۆلیان پێ دەلّێن، تەخەلوفی عەقلی، نیسبەتی تەخەلوفی عەقلی لەم جۆرە کەسانە 70٪ لەگەلّ ئەوەش فێر بووینە لەو مەعمەلانە ئیش دەکەن، کارەکانیان زۆر سووکە، وەك پاکەت دروست کردن بۆ دانانی شوکلاتە، یان ریزکردنی، توانای ئەوەیان نەبوو شوکلاتەکە دانێن تەغلیفی بکەن، بەلاّم توانای ئەوەیان هەبوو لەناو پاکەتەکە ریزی بکەن و پاکەتەکەش دروست بکەن، ئەو جۆرە کارانەیان پێ دەکەن، کە ئەوانە نسبەی تەخلوفی عەقلیشیان 70٪یە، بۆیە تەئهیل دوو جۆرە، دەبێت جیا بکرێتەوە، تەئهیل بۆ مەهاراتی حیاتی هەیە، تەئهیل بۆ فێربوونی عەمەل هەیە، وەزائیفیش دەبێ ئەوە بە موساوات قبول بکرێن، بەگوێرەی موئەهەلاتیان، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

زۆر سوپاس، رێزدار کاك عبدالسلام کەرەم بکە.

بەڕێز عبدالسلام مصطفی صدیق:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بەڕاستی پێش ئەوەی بچمە ناوی، من ئەمەوێ سەرەنج بۆ یەك شت رابکێشم، ماددەی (12 و 13)، کە داواش کرا کۆ بکرێن بە یەك ماددە، هەر فەسلّێك لەم یاسایە ئەوها بینا کراوە فەسلّی یەکەم/ مبادیئەو پاشان فەسلّەکانی تر/ چۆنیەتی جێبەجێ کردنە، بۆیە ئەگەر تەماشای ئەوەلەن بکەین خۆ ئەوە تەرجومەی (یکفل القانون حق توظیف وتأهیل) لێرە دیار ئەکات چۆن؟ بۆیە بەڕێز شلێر خان باسی کرد کە تەئهیل بۆچی لەوێیە، دەبێ تەئهیلیان بکەین، تاکو فورەسیان هەبێ و بتوانن ئەو 5٪ بۆیان تەرخان کراوە پڕ بکەن، ئەمە ئیشکالیەتی نییە بەڕای من، من پشتگیری رای لیژنەی هاوبەش دەکەم بەلادانی دووەم، یان گۆڕینی، چونکە لە سیستەمێکی سیاسی کە بازاڕی ئازاد هەیە، دەولّەت بۆی نییە شت فەڕز بکات لەسەر قیتاعی خاص، مەسەلەن یاسای خەلیج و جێگای تر هەیە، بەلاّم لەوێ ئەگەر نەلّێن حکومەت ئیقتیصاد تەوجیە دەکات، بەلاّم ئەوە مەعنای ئەوە نییە، ئێمە هەولّ نەدەین ئەمانە لە قیتاعی خاصیش جێگایان هەبێت، من ئەوە دەکەمە پێشنیار دەتوانین بیر لە شتێك بکەین کە هانی (قطاع الخاص) دەدات و وەریان بگریت، بەبێ ئەوەی فەرزیان بکەین، لە هەندێ دەولّەت هەیە، دەولّەت لەحیاتی ئەوانە، یان مەراکزی تەئهیل لە پاش تەئهیل کردنیان دەلّێت ئەگەر وەرتگرت من نیوەی، یان روبعی راتبەکە لەحیاتی

تـۆ دەدەم، ئـەو کاتـە هـەر فورسـەتمان دۆزییـەوە بـۆ ئـەوەی موئەهـەل، موعاقەکـەو، لـە هـەمان کاتـدا محافەزەمان لەسەر ئەوە کرد کە دەوڵەت مافی نییە فەرز بکات لەسەر قیتاعی خاص، بەڵام ئەگـەر ئـەوەمان نەکرد، من لەگەڵ لادانیمە بەو شێوەیەی ئێستا هەیە، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

زۆر سوپاس، ڕێزدار کاك عبدالرحمن کەرەم بکە.

بەڕێز عبدالرحمن حسین ابابکر:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

سەبارەت بە ماددەی (13) بڕگەی یەکەم من پێم باشە ئەو (5٪) زۆرە، بەڕاستی یەعنی ئەمە هەر هەست دەکەین شتێکی فەوزە دروست دەبێ لەسەر حکومـەت هـەموو کەسـێك، هـەموو هـەر چـینێك بێـت بکەینـە ئیلزامی لەسەر حکومەت، ئەبێ ئەمە وا لێ بکەی ئەمـە وا لـێ بکـەی، یـەعنی مـولزەم بـێ، پـێم باشـە هـەر نەمێنێ تا جیـاوازی نـەمێنی لـەناو چـینەکان و خـەڵکی موجتەمەعەکـەمان، بـەڵام ئەگـەر بمێنـێش ببێتـە (2٪) یەعنی لە (5٪)ەکە زۆرە بـەڕای مـن، بڕگـەی دووەمـیش، بـەڕای مـن هـەر پشـتگیری لێژنـەی یاسـایی دەکەم ئەو بڕگەیە هەر نەمێنێ، چونکە ئێمە ناتوانین ئیلـزام بکـەین قیتـاعی خـاص دەبێـت ئـەوە دانێـت، بەیانی کێ تەحمولی دەکات شتێك بەسەر کەلوپەل، یان ئەشـیای ئـەو کەمئەندامـە بێـت، ئـەو کەمئەندامـە نەتوانێ ئیشەکەی جێبەجێ بکات، کێ تەحەمولی ئەکات؟ ئیتر زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

زۆر سوپاس، ڕێزدار دلێر محمود فەرموو.

بەڕێز محمد دلێر محمود:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

من لەگەڵ ئەوەمە ماددەی (12 و 13) ببێت بە یەك، ئەویش بەشی بڕگـەی یەکـەمی مـادده (13) بچێتە سەر ماددەی (12)و، بڕگەی دووەمی لابرێت، بۆ ئەوەی کـە لـە سیسـتەمێکی دیمـوکراتی بـەپێی پرانسـیپە دیموکراتیەکان ناتوانین تۆ هیچ کەسێك، یـاخود قیتـاعی خـاص ئیلـزام بکـەی بـەوەی کـە لـە (3٪) خـەڵك وەربگرێ، چونکە قابیـل بـەوە تـۆ ئـەبێ دەعمـی بکەیتـەوە، لەوانەیـە ئێستا ئـەمن لەسـەر ئـەو هێنایـە لـە قەتەر، یان لە مەغریب بەم شێوەیە هەبێت، بەڵام لـە قەتـەرو مـەغریب ئەمانـە پـرۆژەی گـەورە هەیـە بـە سەدان کرێکار ئیشی تیا ئەکات، بەڵام لە ولاتی ئێمە پرۆژەی گەورە زۆر کەمە، پرۆژەکان بچکۆڵە تـرن، مـن لەوە ئەترسم لە دواجاردا ئەمانە هەر تەئسیری بـۆ سـەر پـرۆژە بچکۆڵەکان هـەبێت فـەرزی بکـەن بەسـەر ئەوانە بەزۆر، لەبەر ئەوە بە شێوەی زۆر نەبێ، بەڵکو بەشـی یەکـەم بچێتە سـەر مـاددەی (12)ە بـبێ بـە یەك ماددە، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

زۆر سوپاس، ڕێزدار جەنابی وەزیر کەرەم بکە.

بەڕێز ئاسوس نجیب/ وەزیری کاروکاروباری کۆمەلایەتی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

سەبارەت بەو ڕێژەیە، ئێمە ڕۆژانە کەمئەندام دێن دەرچووی کۆلیژن، زۆرجار دەرچووی پەیمانگان، ئامادەیین، زۆر بە زەحمەت دادەمەزرێن، بۆیە ئێمە وەکو داواکاری ئەوان خستوومانەتە ناو پرۆژەکەوەو، جەختیشی لەسەر دەکەینەوەو، دوا ڕاش بۆ ئەندامانی پەرلەمانە، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، بەم شێوەیە ماددەی (13)ش مونافەشە لەسەر تەواو بوو، ئێستا دەچینە ماددەی (14) لێژنەی کاروباری کۆمەلایەتی فەرموو.

بەڕێز تارا تحسین ئەسعەدی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

المادة (14):

تتولى الوزارة بالتنسيق مع الجهات المعنية تأهيل المعاقين والالتحاق بمراكز التأهيل المهني وفتح ورش محمية او مؤسسات تشغيلية ومتابعة عملهم ضمن الادارات التابعة لها.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

زۆر سوپاس، لێژنەی هاوبەش کەرەم بکە.

بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

لێژنەی هاوبەش پشتگیری ماددەکە دەکات، وەکو ئەوەی کە خوێندرایەوە.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

بەڕێزان، کێ ئەیەوێ مواخەلە بکات لەسەر ئەو ماددەیە؟ ڕێزداران (کاوە محمد امین، د. بشیر)، فەرموو.

بەڕێز کاوە محمد امین:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بەڕاستی من لەو جوملە تێ ناگەم (وفتح ورش محمية او مؤسسات تشغيلية)، (ورش محمية)، نازانم مەقصەدی چییە لێرە بەڕاستی؟ وەرشەکە بۆ مەحمییە، وەرشیەکی مولائیم و موناسب، مەحمیە، نازانم مەعنایەکەی نادات، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

زۆر سوپاس، ڕێزدار دکتۆر بەشیر کەرەم بکە.

بەڕێز د. بشیر خلیل حداد:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

ئێمە زۆر لە ماددەکان باسی تەئهیل دەکەین، ئەو تەئهیلانەش بەڕاستی ئیمکانییەتێکی زۆری دەوێ، مەراکیزی زۆری دەوێت، ئێستا ئەوانەی کەوا مەوجودن، ئێمە زانیمان سێ مەرکەزمان هەیە، مەرکەزی شارەکان تەنها، لە قەزاو ناحیەکان نیمانە، ئەو مەراکزانەش ئەوەی ناو شارەکانیش لەوانەیە لەو مستەواو ئاستەدا نین کە بتوانن بەشێوەیەکی مۆدرێنانە، بەشێوەیەکی پەروەردەیی، بەشێوەیەکی راست و رێکوپێک ئەمانە بکەن، بۆیە پێم خۆشە هەر لێرە لەو ماددەیەدا ئیلزام بکەین بەسەر حکومەت ئەو مەراکزانەی کەوا هەنە با تەتویریان پێ بکات و گەورەتریان بکات و، لەقەزاو ناحیەکانیش زیاتر بکاتەوەو زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

زۆر سوپاس، رێزدار جەنابی وەزیر کەرەم بکە.

بەڕێز ئاسۆس نجیب/ وەزیری کاروکاروباری کۆمەلایەتی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

سەبارەت بە مەراکزی تەئهیل، وەك پێشتر باسم کرد، ئێمە وەکو پەیمانگا هەمانە لە هەرسێ سەنتەری شارەکان، لە میواندارییەکەی پەرلەمانیش ئەو کاتیش باسم کردووە، ئێمە هەست دەکەین کە کەموکوڕی هەیە، منالّمان هەیە پێویست بەوە ئەکات سەنتەریان بۆ بکەینەوە، پەیمانگایان بۆ بکەینەوە لەو قەزایانە، بەلاّم لەبەر ئەوەی تاکو ئێستا نەمانتوانیوە کارمەندی پسپۆڕ ئامادە بکەین و، تخصیصاتیشمان نییە بۆ کردنەوەی ئەو سەنتەرانە، ئەگەر تەخصیصاتی هاوکارمان هەبێ ئەتوانین ئێمە لە قەزاکانیش بیکەینەوە، بەلاّم ئەوە چەند سالّێکە ئێمە لەسەر یەك پڕۆژە پێشکەش ئەکەین کە قسمی داخلی بکەینەوە لەناو پەیمانگاکان، بۆ نموونە لە نابیستان، لە نابینایان، بۆ ئەوەی بتوانین ئەو منالاّنەی، یاخود ئەو کەسانەی کە پێویستیان بەوە هەیە لە پەیمانگاکە بمێنێنەوەو تەئهیل بکرێن لە قەزاو ناحیەکان بێنە ناو شارەکان، تاکو ئێستا ئەوە چەند جارە پڕۆژە تەقدیم دەکەین، بەلاّم تاکو ئێستا پەسند نەکراوە لە وەزارەتی پلاندانان، ئەگەر هاوکارمان بن ئێمە تەخصیصاتمان زیاد بکرێت، ئەو کاتە ئێمەش دەتوانین لە قەزاکان بیکەینەوە، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، بۆ گشت ئێوەی بەڕێز موناقەشە لەسەر ماددەی (14) تەواو بوو، ئێستا دەچینە سەر ماددەی (15)، لیژنەی کاروباری کۆمەلایەتی فەرموو.

بەڕێز تارا تحسین ئەسعەدی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

المادة (15):

يمنح المعاق بدنيا افضلية للاستفادة من القروض التي تمنحها الحكومة لتمويل المشاريع ويعفى من الرسوم والضرائب المترتبة على تأسيس هذه المشاريع.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

لێژنەی هاوبەش ڕەئیتان فەرموو.

بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

لێژنەی هاوبەش لەگەڵ لادانی ئەو ماددەیە بووین، هیچ جیاکاری نەکرێ، دەتوانن وەکو هەموو هاوواڵتیەك سوودمەند بن لەو قەرزانە، کە حکومەت پێشکەش دەکات بۆ پڕۆژەکان، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

بەڕێزان، کێ ئەیەوێ لەسەر ئەو ماددەیە موداخەلە بکات؟ ڕێزداران (خورشید احمد، ئاشتی عزیز) فەرموو.

بەڕێز خورشید احمد سلیم:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

ئەگەر ئەو ماددە مایەوە، بەڕای من صیاغەکەی زۆر دەقیق نییە (یمنح المعاق بدنیا)، جارێ ئەمە (بدنیاً) زۆر پێویست ناکات، چونکە ئێمە موعاقمان تەعریف کردووە پێش ئێستا ئەوە یەك.

دوو/ (الاستفادة من القروض التي تمنحها الحكومة لتمويل المشاريع ويعفى من الرسوم والضرائب المترتبة على تأسيس هذه المشاريع)، (تأسيس المشاريع) زەرائیبی لەسەر نییە، (تأسیس المشاریع) تەنها رسومی لەسەرە، لەبەر ئەوە پێویست ناکات ئەوە بکرێت، بەڕای من ئەگەر مایەوە بەو شکلە بێت (یمنح المعاق افضلية الاستفادة من القروض التي تمنحها الحكومة لتمويل المشاريع الصغيرة ويعفى من رسوم التسجيل وتأسيس المشروع وضريبة الدخل) زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

زۆر سوپاس، ڕێزدار ئاشتی خان کەرەم بکە.

بەڕێز ئاشتی عزیز صالح:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

سەبارەت بە ماددەی (15)، ئەمە دوو بیرۆکە لەناو ئەم دەقەیە داڕێژراوە، بەشێکیان سەبارەت بەوەی کە جۆرێك لە جیاکاری لەخۆ ئەگرێ، بە بڕوای من جیاکاریەکە جیاکارێکی پۆزەتیفە، یەعنی ئیجابیە، ئێستاش لە دنیایە جۆرێك لە سیاسەتی ئیش کردن هەیە، کە دائەڕێژرێ لە سروشتی یاساکانەدا، کە ئیعتیماد ئەکاتە سەر ئیمتیازی ئیجابی، یان تەمییزی ئیجابی، ببووڕە، لەبەر ئەوەی ئەو جیاکارە پۆزەتیفە دەتوانرێ بە هەنگاوێکی پۆزەتیف حیسابی بۆ بکرێ و لەوەی بە هەنگاوێکی سلبی ببێتە مایەی ئەوەی کە تۆڕێك لە کۆمەڵە تۆڕی تری کۆمەڵ جیا بکەیتەوە، لەبەر ئەوە مەبدەئی جیاکاری پۆزەتیف، یەعنی شتێکی مەحال نییە کاری لەسەر دەکرێ، بەڵام بەشی دووەمی بڕگەکە ئەوەیە کە بەخشینی ئەو کەسانە لە

هەموو رسوماتێك، ئەمە رێگایەكی تەندروست نییە، پێویستە هەموو كەسێك رووبەڕووی ئەوە ببێتەوە، كە بەرپرس بێت لەدانی هەموو ئەو باج و رسوماتانەی كە ئەكەوێتە سەر شانی، بۆ ئەوەی كە بەردەوام دەرگایەك نەبێت، بۆ ئەوەی كۆمەڵێك خەڵك جیا بكەیتەوەو، بنەمایەكیشە بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی گەندەڵی، بۆیە من بڕوام وایە بڕگەی یەكەمی ئەگەر بمێنێتەوە حاڵەتێكی ئیجابیە، بەڵام بڕگەی دووەمیان/ هەموو هاوواڵتیەك یەكسانە لەبەردەم دانی هەموو باج و رسوماتێك، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:

زۆر سوپاس، رێزدار جەنایی وەزیر كەرەم بكە.

بەڕێز ئاسۆس نجیب/ وەزیری كاروكاروباری كۆمەڵایەتی:

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.

پێشتر باسم كرد كەمئەندام بۆیان هەیە بە رێنمایی دامانگرتووەو پەیوەست بەو پڕۆژە یاسایە كە لە پەرلەمانی بەڕێزەوە دەرچووەو پەسەندیش كرا، قەرزی بچووكمان هەیە كە (15) ملیۆنەكەیە، لە ملیۆنێكەوە بۆ (15) ملیۆن، لەڕێنمایی داخیلمان كردووە، كە كەمئەندامان بۆیان هەیە، ئەو كەمئەندامانە كە دەتوانن پڕۆژە جێبەجێ بكەن بەشدار بن و ئەو قەرزە وەربگرن و، خۆشبەختانە لە پڕۆژە یاساكە خۆی هاتووە بۆ ماوەی (5) سالّ لە هەموو باج و رسومێك ئەبووردرێن، واتە ئەگەر لێرەشەوە ئەو ماددەیە ئیلغا بكرێ كێشەمان نییە، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:

گفتوگۆ لەسەر ماددەی (15) تەواو بوو، ئێستا دەچینە ماددەی (16) لەفەرعی چوار، لیژنەی كاروباری كۆمەڵایەتی فەرموو.

بەڕێز تارا تحسین ئەسعەدی:

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.

الفرع الرابع

حق المعاق في التنقل وبيئة مؤهلة

المادة (16):

للمعاق الحق بالتمتع بإمتيازات خاصة لتيسير تنقله وقضاء شؤونه اليومية وذلك حسب طبيعة عوقه ودرجته وتعمل الحكومة والقطاع الخاص على تهيئة البيئة المناسبة لتسهيل حركة المعاقين وتوفير التسهيلات اللازمة لتمكنهم من استخدام وسائل المواصلات العامة.

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:

لیژنەی یاسایی راپۆرتی هاوبەش بخوێنەوە، فەرموو.

بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.

سەبارەت بە ماددەی (16) ئێمە لە لێژنەی هاوبەش پێشنیارمان کردییە ماددەی (16) لەگەڵ ماددەی (17) دەمج بکرێ، صیاغەکەی بەم شێوەیە بکرێت، چونکە مەفهومی هەردوو ماددەکە وەکو یەکە، بۆیە بەم شێوەیە دامانڕێشتۆتەوە:

(للمعاق الحق بالتمتع ببيئة مناسبة لتسهيل تنقله وتعمل الحكومة بالتنسيق والقطاع الخاص على تهيئة هذه البيئة وتوفير التسهيلات لتمكينهم من استخدام وسائل المواصلات العامة)، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

بەڕێزان، کێ دەیەوێت لەسەر ماددەی (16) قسە بکات؟ ئێستا ناوتان دەنووسم، ئەم بەڕێزانە دەیانەوێت قسە بکەن، ڕێزداران (برهان رشيد، د.بەشیر خلیل، سۆزان شهاب، حسن محمد، شلێر محی الدین، د.صباح بەرزنجی، فرمان عزالدین، عبدالسلام بەرواری، لانا چەلەبی، تارا ئەسعەدی، د.ئاراس حسین)، کەسی تر ماوە؟ نییە، کاك برهان فەرموو.

بەڕێز برهان رشيد حسن:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

دەربارەی ئەم ڕاپۆرتە بڕگەی (18)، کە دەڵێت ماددەکانی (16 و 17) دەمج دەکرێن، بەڕاستی ئەگەر سەیری ئەسڵی مەشروعەکە بکەین ماددەی (16و 17) زۆر موفەسەڵتزە باسی نیسبەی لە 30٪ی دەکات لە وەحداتی سەکەنی بۆیان دابین بکرێت، زۆر موفەسەڵتز ئیهتیمامی بە هەمومیان داوە، بۆیە من لەگەڵ ئەوەم ئەسڵی نەصەکە (16 و 17) چۆن هاتووە، وا بمێنێتەوە، هەردووکیان نەکرێن بە یەك ماددە، وەك لە بڕگەی (18)ی ڕاپۆرتەکە هاتووە، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، ڕێزدار دکتۆر بەشیر، فەرموو.

بەڕێز د. بشير خليل تۆفیق:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

من تەئیدی ڕاپۆرتی هاوبەش دەکەم لەوەی دەمجی دوو ماددەکە بکرێت، بەڵام صیاغەکە دووبارە بکرێتەوە بەم شێوەیە: (للمعاق الحق بالتمتع ببيئة مناسبة لتسهيل تنقله) لە جیاتی بڵێین (وتعمل الحكومة) بڵێین (وعلى الحكومة بالتنسيق)، نەك (والقطاع الخاص)، (و)لەکە بکرێتە (مع)،(بالتنسيق مع القطاع الخاص على تهيئة هذه البيئة)، (على)یەکە لادەچێت، (تهيئة هذه البيئة وتوفير التسهيلات لتمكينهم (مع في) ئەوە لابچێت، دەبێتە (من)، (من استخدام وسائل المواصلات العامة)، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، ڕێزدار سۆزان شهاب، فەرموو.

بەڕێز سۆزان شهاب نوری:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.

جارێکی تر دێمەوە سەر ئەوەی کە بڵێین ئێمە زۆر حەزمان لەوەیە کە شتەکان زۆر بە ئاسانی وەری بگرین، حوریەتی تەنەقول، جارێ ئێمە مواسەلاتی عامەمان نییە، ئەوەی کە هەمانە ئەگەر جاران پاسە (21) نەفەریەکان گەورە بوون، ئێستا بچووکیشیان کردووەتەوە بە شەری تەواو ناتوانێ سەر بکەوێ، ئەو بەشەرە تەواوە ناتوانێ سەرکەوێ، ئیتر مواسەلاتی عامی چی؟ تەنانەت لە هێنانی ئەو پاسانەشدا بیریان لەوە نەکردۆتەوە کەسێکی معەوەق چۆن بتوانێ سواری ئەو پاسانە ببێ؟ ئەم بچکۆلانەی کە هاتووە، ئەمە خاڵێك.

دوای ئەوە حوریەتی حەرەکە، بەس مەبەستی لەوە نییە سواری ئۆتۆمبیل بێ و پاس بێت، بەڵکو هەندێ حەواجز هەیە، کە بەڕاستی دەچێتە ناو بازاڕ مەوقفێك نییە لەسەر عەلامەتێك دانرابێ و شوێنێکی (پارکینگ)، بڵێ ئەمە تەنها بۆ کەسی معەوەقە، کە سەیارەی معەوقی پێیە لەوێ (پارکینگ) بکات، ئەوەیە ئیمتیازەکەی کە تۆ دەیدەتێ، لە شوێنی پارکینگ کردندا لە نەهێشتنی ئەو حەواجزەی کە هەیە، لەوەی کە تۆ شوێنێك نییە عەرەبانەکەی پیا سەربخات، لەوەی کە نەتوانێ سواری مەسعەدەکە بێ، چونکە مەسعەدەکان ئەوەندە بە بچووکی دەهێنن شوێنی کورسی نابێتەوە، ئێمە جارێ با باس لەوە بکەین چۆن ئێمە ئەم مەفهومانە چاك بکەین لەلای هەموومان، ئینجا باس لەوە بکەین چۆن حەق بدەین بە ئەوان، ڕێگەوبانەکان، ئەگەر یەکێك کورسی پێ بێ بۆ ئەتوانێ بەسەر شۆستەدا بڕوات، لەبەر ئەوەی کە هەرچی شتی ناو دوکانەکان هەیە لەسەر شۆستەدایە، ئەوە بە یاسا چاك دەکرێت؟ یاخود ئەوە کاری هەموو کەسێکە کە لە ئاستی خۆیەوە شعور بەوە بکات، کە ئەوەش مرۆڤەو پێویستی بەوەیە لەو شوێنەدا شۆستەکە بەکاربهێنێ، بۆیە من جارێ خاڵی یەکەمم دەڵێم با (16 و 17 و 18) هەروەکو خۆی بمێنێتەوە، نەك لەبەر خاتری مەساحەی یاسا بچووك بکرێتەوە، بۆچی؟ لەبەر ئەوەی کە تۆ لە (16)دا باسی تەیسیری تەنەقول و ئەم شتانە دەکات، ئەوسا دەتوانن وەزارەتی کار لە دەرکردنی ڕێنماییەکاندا فەرزی بکەن بەسەر وەزارەتی ناوخۆ و بەڕێوبەرایەتی هاتوچۆ و دانانی شوێنی پارکینگ بۆ خەڵکی کەمئەندام و ئەوانەی کە بیتاقەی تایبەتیان هەیە، دوای ئەوە ماددەی (17) ئەویش هەر باسی حوریەتی تەنەقول دەکات، بەڵام باسی سەکەنیش دەکات، چونکە لێرەدا لە فەرعی چوارەمدا دەڵێ (حق المعاق فی التنقل وبیئة مؤهلة) لەبەر ئەوە من پێم باش نییە هەمووی دەمج بکرێت، بکرێت بە یەك ماددە، من لەگەڵ ئەوەدام کە هەروەکو خۆی کە لە ئەسڵی یاسای حکومەتدا هاتووە بمێنێتەوە، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، ڕێزدار دکتۆ حسن، فەرموو.

بەڕێز حسن محمد سورە:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

دیارە ماددەی (16) لەگەڵ ماددەی (17)، یەکەم: هەردووکیان باسی تەسهیلات دەکات بۆ تەنەقولی هاتوچۆی کەمئەندامان، لەبەر ئەوە منیش ڕەئیم وایە کە ئەو دوو ماددەیە تێکەڵ بکرێت، هەردوو ماددەکەش بە شەرحێك دەستی پێکردووە، کەزیاتر باسی خصوصیەتی کەمئەندام دەکات، کە بەڕەئی من ئەمە پێویست نییە، چونکە لە زۆر ماددەکان هاتووە، یەکسەر بچینە سەر روحی ماددەکە کە دەڵێت (تسهیل امور المعاق في التنقل او قیادة المرکبة) یەعنی یەکسەر ئەوە، وابزانم هەموو ماناکەی دەدات، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، ڕێزدار شلێر محی الدین، فەرموو.

بەڕێز شلێر محی الدین صالح:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

قسەکانم کران، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، ڕێزدار دکتۆر صباح بەرزنجی، فەرموو.

بەڕێز د. صباح محمد نجیب:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

ئەم ماددەیە بێگومان ماددەیەکی زۆر گرنگە، کە بە صیغەیەکی باشیش هاتووە، یەعنی ئێمە دەتوانین هەندێ دەستکاری بکەین، بۆ ئەوەی زیاتر بەهێز ببێت، کاتێ دەڵێین (للمعاق الحق بالتمتع ببیئة مناسبة لتسهیل تنقله وتعمل الحکومة بالتنسیق مع القطاع الخاص)، دیارە حکومەت ئیشرافی هەیە بەسەر دامودەزگاکانی خۆیداو، دەتوانێت تەنسیق بکات لەگەڵ کەرتی تایبەت، بۆ ئەوەی هەموو ئاسانکارییەك بۆ کەمئەندام ئەنجام بدات، ڕەنگە بتوانین فرۆکەخانەکانیش بخەینە ناو ئەو ماددەیەوە، یەعنی دەتوانین صیغەیەکی بەم شێوەیە پێشنیار بکەین، (تعمل الحکومة علی التفاهم مع مؤسسات النقل والمواصلات الحکومیة والخاصة، من اجل اتخاذ التدابیر اللازمة لتسهیل تنقل المعاقین وتخفیف اسعار بطاقات السفر الجویة والبریة، من اجل توفیر حمایة بیئیة افضل لهم)، ئینجا ئەمە لە زۆر وڵاتانی دنیا وەکو کلتووری لێهاتووە، ئێمە ئەگەر یاساکەش بەتەواوی وەکو خۆی جێبەجێ نەبێ، بەڵام هەنگاوێکی لازمە، بۆ ئەوەی هەنگاوێ بچینە پێش لە خزمەت کردن بە کەمئەندامان و خاوەن پێداویستە تایبەتەکان، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار عبدالسلام بەرواری.

بەڕێز عبدالسلام مصطفی صدیق:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

سوپاس قسەکەم کرا.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار لانە خان کەرەمکە.

بەڕێز لانا احمد محمود:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بەڕەئی من بەنیسبەت ماددەی (16و 17) کە دەمج کرایە، وای لێ کراوە، لەگەڵ ماددەی (18) دەمج بکرێت، چونکە ئەوەی من دەبینم بەنیسبەت ماددەی (18)، کە دەڵێ حکومەت مولزەمە مواسەفاتی عالەمی، یەعنی بەشێوەی ڕەسمی و غیر ڕەسمی مواسەفاتی عالەمی و فەنی و هەندەسی و مەعماری تەواجودی هەبێ لە ئەبنیەو لە مونشەئات و لە مەرافیقی عامەو خاصە، یەعنی دەتوانین عیبارەکی تر ئیزافە بکەین، مەسەلەن لە هەمان وەخت لە ماددەی (18)، بڵێین (توفیر تسهیلات مناسبة وملائمة لتمکینهم من استخدام وسائل النقل والمواصلات العامة)، یەعنی بە ڕەئی من (16 و17 و18) بکرێتە یەک ماددەو دەمج بکرێت، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، ڕێزدار تارا ئەسعەدی فەرموو.

بەڕێز تارا تحسین ئەسعەدی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

زۆربەی ئەو ڕەئیانەم گوترا بەڕاستی، بەس من تەئکید لەسەر ئەوە دەکەم، کە بوونی ئەو ڕێژە تایبەتە بۆ وەحداتی سەکەنی بڵێین ناو نیشانەکەی کە هەقیەتی لە هاتوچۆکردن و لە بیئەی موئەهەل، بیئەی موئەهەل بەوە دەبێ کە سالانە تەخسیسێك بکرێ، کە ئەو جیاواز نییە لەگەڵ ئەوانی تر، لەناو ئەم هەرێمەدا دەژین، بەڵام جیاوازە لەوەی کە بە موئەهەلی بۆی بکرێ، هەندێ کەس هەیە پێویستی پێی هەیە بەڕاستی، کە شێوەیەکی تایبەت لە بیناکردن بۆ ئەو کەمئەندامانە بکرێت، کە ڕێژەی 30٪ی بۆ دابندرێت و ئیلغا نەکرێتەوە، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، جەنابی وەزیر.

بەڕێز ئاسۆس نجیب/ وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

پشتگیری لە ناوەڕۆکی ماددەی (16 و 17) دەکەم، ئەگەر سیاغەکەشی بکرێتە یەک ماددە، بەڵام گرنگ ئەوەیە ناوەڕۆکەکەی خۆی لا نەدات، سەبارەت بەوەی (للمعاق الحق بالتمتع ببیئة مناسبة) بەڕاستی کاتی ئەوە هاتووە بیر لەوە بکەینەوە کەمئەندامان بوون لەم ولاتە چەند سەختە، ڕاستە حاڵەتێکی زۆر ناخۆشە،

بەڵام لە کوردستان لەبەر ئەوەی هیچ مافێك نەدراوەتە کەمئەندامان لە هاتووچۆ، لەوەی کە زۆربەی باڵەخانەکان، باڵەخانە نوێیەکانیش، ئەگەر ئیشرافی وەزارەتە پەیوەندیدارەکانی لەسەر نەبێ، ئەگەر مەسعەدیش بێنن، مەسعەدێك دێنن کە جێگای کورسی نابێتەوە، با بەم شێوەیە ئێمە وا بیر بکەینەوە، لەو روانگەیەوە تەماشای ئەو پڕۆژەیە بکەین، کە هەموومان موعەرەزین بۆ کەمئەندام بوون، هەموو یەکێك لە ئێمە موعەرەزە، بەڵام کەمئەندام بوون لە ولاتێك ئێستا وەکو کوردستان، کە هیچ مافێکی تیا نەپارێزراوە بۆ هاتووچۆی کەمئەندامان، پێویست بەوە دەکات پڕۆژە یاساکە بەشێوەیەك دابڕێژرێتەوە کە هەموو وەزارەتەکان ئەوانەی کە پەیوەندیدارن بەو لایەنانەی کە خزمەتی کەمئەندامان ئەکەن، پێویستە لە پارکەکان، لە شوێنە گەشتیاریەکان لە لایەن وەزارەتی ناوخۆوە، بەشێوەیەك شۆستەکان دیاری بکرێ، لە وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن بەشێوەیەك بێ، ئەگەر پاسیش بێت، من سوپاسی سۆزان خان ئەکەم، چونکە موعاناتی کەمئەندامانی باس کرد، ئەو پاسانەی کە داخلی هەرێم ئەبێ بەشێوەیەك بێ کەمئەندامان بتوانێ سەرکەوێ، لەزۆربەی ئەو شوێنانە وەکو هەر شوێنێك کە بۆی ئەچێ، خۆمان کە ساغین لە زۆر شوێن هەیە ئەستەمە کە خۆمان چۆن هاتوچۆی تێدا بکەین، ئەی ئایا کەمئەندامێك بە عارەبانەیەکەوە چۆن ئەتوانێ؟ زۆربەی هۆڵەکان کە ئێستا هەن، ئەبێ کەمئەندام بە عەرەبانەکەیەوە سەربخەی، بۆیە هاوکارمان بن ناوەڕۆکی ئەم دوو ماددەیە بەشێوەیەك سیاغە بکرێتەوەو، جەختیشی لەسەر دەکەمەوە، کە ئەوەی کەمئەندام بێت لەم ولاتە بتوانێت سەرەڕای کەمئەندام بوونی و سەرەڕای مافەکانی بەو شێوەیە، بتوانێت هیچ نەبێ هاتوچۆکەی ئاسان بکات، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

ببوورن، کاك د.ئاراسیش مابوو، بازمان بەسەر ناوەکەیدا، کەرەم بکە.

بەڕێز د.ئاراس حسین محمود:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

دوای گفتوگۆ دەرکەوت بۆ منیش کە گرنگی ماددەی (16)و ماددەی (17) بەنیسبەت یاساکەوە، بەتایبەتی بڕگەی (اولاً وثانیاً) لە ماددەی (17)، لەبەر ئەوە من وای بەباش ئەزانم کە ئەو دوو ماددەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە، لەبەر گرنگی، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

گفتوگۆ لەسەر ماددەی (16) تەواو بوو، ئێستا دەچینە ماددەی (17)، لیژنەی کاروباری کۆمەلایەتی فەرموون.

بەڕێز تارا تحسین ئەسعەدی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

المادة (17):

أولاً/ لكل شخص معاق حق التمتع ببيئة مؤهلة والوصول إلى أي مكان يستطيع غير المعاق الوصول إليه بحيث تؤمن له حرية الحركة والتنقل والإتصال بإستقلالية وسهولة الوصول إلى الأماكن والحصول على الخدمات اللازمة.

ثانياً/ تخصيص نسبة لاتقل عن (3٪) من الوحدات السكنية التي يتم إنشاؤها ضمن المشاريع السكنية تكون مجهزة ومؤهلة لإستعمال المعاقين.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، لێژنەی هاوبەش فەرموون.

بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

وابزانم کاتی قسە کردن لەسەر ماددەی (16) و (17) کە ئێمە پێشنیارمان کردبوو هەردووکی دەمج بکرێ، قسە لەسەر هەردوو ماددە کرا، ئەو پێشنیارانەی کە پێشکەش کران، ئێمە تەسبیتمان کردووە، دەتوانین دوایی صیاغەی بکەین بەشێوەیەك بگونجێ لەگەڵ ئەو ڕایانەی کە پێشکەش کرا، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

بەڕێزان کێ دەیەوێ لەسەر ماددەی (17) قسە بکات؟ کەس نییە، تکایە ماددەکەی تر.

بەڕێز تارا تحسین ئەسعەدی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

المادة (18):

تتولى الحكومة إلزام الجهات الرسمية وغير الرسمية التقيد بالشروط والمواصفات العالمية الفنية والهندسية والمعمارية الواجب توافرها في الابنية والمنشآت والمرافق العامة والخاصة القديمة منها والجديدة التي يحتاجها الأشخاص المعاقون.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

لێژنەی هاوبەش ڕەئیتان؟

بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

پشتگیری ماددەکە دەکەین وەکو لە پرۆژەکەدا هاتووە.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

بەڕێزان، کێ لەسەر ماددەی (18) دەیەوێ مواخەلە بکات؟ ئەم ڕێزدارانە دەیانەوێ مواخەلە بکەن (د.صباح بەرزنجی، شلێر محمد، شلێر محی الدین، کاردۆ محمد، د.بشیر خلیل، سۆزان شهاب، ئەڤین عمر، د.ڕۆژان دزەیی، تارا ئەسعەدی)، کەسی تر ماوە؟ فەرموو.

بەڕێز د.صباح محمد نجیب:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

من صیاغەی ئەو ماددەیەم بەلاوە صیاغەیەکی بەقوەتە، بەس ئەگەر بکرێ دوو شتی بۆ ئیزافە بکرێ، (المعابر العامة والملاعب) کە لە هەندێ لە یاساکانی ولاتانی تردا بەرچاومان کەوتووە، ئەگەر ئێمەش ئیزافەی بکەین، هەرچەندە وشەی مەرافیقی عامە ڕەنگە شموولی ئەوانیش بکات، بەڵام بە تەحدید ناو ببرێ، وابزانم سوودی دەبێت، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار شلێر محمد، فەرموو.

بەڕێز شلێر محمد نجیب:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بەڕاستی لەو تەعدیل کردنەی ماددەی (18) کە دەڵێ (تتولى الحكومة إلزام الجهات الرسمية وغير الرسمية)، لێرە بەس ئەوەی کە ئیجازەی بینا دەدات بەلەدیاتە، لەبەر ئەوە بکرێ بە (تتولى الحكومة إلزام البلديات)و جیهەی غەیر ڕەسمیش نییە، چونکە بەلەدیە ئیجازە دەدات بە ڕەسمی و غەیڕ ڕەسمی، (التقيد بالشروط والمواصفات العالمية)، چونکە ئەوان هەموو هینەکانیان لایە، خەریتە لای ئەوان نەبێت دەرناچێ، لەبەر ئەوە ئیلزامی هەر حکومەت ئیلزامی بەلەدیات بکات، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، شلێر محی الدین، فەرموو.

بەڕێز شلێر محی الدین صالح:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

(تتولى الحكومة)، تەبعەن ئەو ماددەیە زۆر دەمێکە باس لەوە دەکرێ لە کوردستان کە ئەو ستاندەرانەی عالەمی لێرە ئەبنیەو، لەکاتی دروست کردنی لە کەرتی تایبەت و گشتی ڕەچاو بکرێ، بەڵام هەتا ئێستا ڕەچاو کردنی ئەو سەتاندەرانە زۆر زۆر کزە، بەتایبەتی لە کەرتی تایبەت، ئێستا سەبارەت بە کەرتی گشتی لە وەزارەتی پەروەردە، لە قوتابخانەکان ئیلتیزامی زۆر پێ کراوەو ڕەچاوی خاوەن پێداویستی تایبەت کراوە لە دروست کردنی ڕەمپەو دەرگای گەورە بۆ چوونە ژووری عەرەبانە، ئەگەر منداڵەکە، یان قوتابیەکە خاوەن پێداویستی تایبەت بوو لە سەر عەرەبانە بوو دەرگای گەورەی دەبێ بۆ دروست بکرێ لە حەمام و تواليێت ئەمانەش، دیسان ئەمانە مواصەفاتی تایبەتی خۆی هەیە ئەمانە ڕەچاو کرایە، بەڵام لە هی خاص

زۆر زۆر بە کەمی ڕەچاو دەکرێ، لە زۆر بینای زۆر گەورەو موهیم هەیە، نازانم چۆن هیچ ڕەقابەی لەسەر نەبووە، ئەوە هەیە هەر ڕەمپەیەکیشی تێدا نییە، زۆر عیاداتی تووبی هەیە، سێ، چوار تابقە دەچین دەبینین هیچ ڕەچاو نەکرایە کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت زۆر پێویستی بەو عیادانە هەیە، لە کۆتاییدا بزانە زۆریان لێ کرایە ڕەمپەکیان دروست کردیە، ڕەمپەکە بە شێوەیەکە ئەوەی ساغیش بێ لەسەری بڕوات لەوانەیە بەربێتەوەو ببێتە معەوەق، ئەوەندە بە خراپی دروست کرایە، چونکە مەرجەکانی ڕەمپە دەبێ لە (12)مەتر کەمترنەبێت درێژی، بۆ ئەوەی ئەوەندە رك نەبێ و لێژیەکی هەبێ، ئەوەی لەسەر عەرەبانەیە بتوانی لەسەر بڕوات، بۆیە ڕەچاو کردنی لە هەموو قیتاعی گشتی و تایبەت ئەوە زۆر زۆر گرنگە لە بیناو، لە جادە. سەبارەت بە مەعابرەکان، جادە جێگای پەڕینەوە خۆ ئەوە زۆر ئاسانە لە ترافیك لایتەکان وەکو ئەوروپا شتەك دادەنێن جەرەسێکە لێ دەدرێ نابینایەکە دەزانی ئەوە سەیر ڕاوەستایە هی سەیارە، ئەوە دەتوانێ مەشات بڕوات، لێرە ئەوەش نییە، یەعنی ئەو جەرەسە کە لێ دەدرێ نابینا دەتوانێ بپەڕێتەوە، هەتا لە کۆریا جادەی زبر هەیە تایبەتە بە نابینایان، کە پێی لێ دەدەن دەزانن ئەوە ڕەصیفە زبرە هی ئەوانە بۆ تەنەقول تەسهیلاتی زۆر زۆر ئاسان هەیە، بەڵام بەداخەوە لێرە هیچ ڕەچاو ناکرێ، هیوادارم زۆر زۆر گرنگی بەو جانیبە بدرێ، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس بۆ جەنابت ڕێزدار کاردۆ محمد.

بەڕێز کاردۆ محمد پێرداود:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان

من پێم باشە ئەم ماددەیە بکرێت بە دوو بڕگە، بڕگەیەکیان ئەوەی کە دەقەکە نووسراوە، بڕگەی دووەم/ ئەگەر خاوەن پرۆژەکان ئیلتیزامیان نەکرد، یەعنی سزایەك هەبێ کە بەڵای منەوە، ئەگەر لە دیزاینداا ئیلتیزام نەکرا بەم یاسایە، پێویستە سەحبی مەشروعەکە بکەن، یان یەعنی ئیعلانی بکەن بۆ جیهەتێکی تر، کە سزایەك هەبێ کاریگەری هەبێ لەسەر ئەو بەرنامەی کە ئێمە باسی دەکەین و جێبەجێ ناکرێ لە کوردستان، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس بۆ جەنابت ڕێزدار د. بشیر خلیل.

بەڕێز د. بشیر خلیل حداد:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان

بەڕاستی ئەو ماددەیە ماددەیەکی گرنگە، دانانی ئەو مەسائیلە ئاسانکارییانە بۆ کەمئەندامان شتێکی زۆر زۆر ئاسانە، لەوانەیە پارەیەکی زۆری نەوێت، لەوانەیە میزانەیەکی زۆریشی نەوێت، بەس هیمەت و ئیشێکی دەوێت، بە دواداچوون و موتابەعەی دەوێت، بۆیە من لەگەڵ ئەوانەی کە لێرە باس کراوە (في الابنية والمنشآت والمرافق العامة والخاصة) دور عبادەشی لەگەڵ بێ، مزگەوتەکانی ئێمە ئەمڕۆ مزگەوت

دروست دەکەن، مزگەوتێکی گەورە، پارەیەکی زۆری لێ دەدرێت، بەلأم ئەوەندە زەحمەت بەخۆیان نادەن، کەوا رێگایەك بۆ رەمپەیەك دروست بکەن بۆ کەمئەندامان، بۆیە دور عبادەتەکە لێرە تەئکید بکرێتەوە لەسەری باشەو،هەروەها تەئیدی رائیەکەی هاوکارم کاك کاردۆ دەکەم، بەڕاستی مەسەلەیەکی سزا دابندرێ بۆ ئەوانەی کە لە پاش دەرچوونی ئەم یاسایە، یان ئێستاش یاساکە هەیە مواصەفاتی عالەمی پێویستە لە بینایەکە هەبێ، ئەوانەی کەوا پابەند نابن، پێویستە سزایەکی بۆ دابندرێ و، من پێم باشە شتێك بکرێ کە لیژنەیەك لە وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەلأتی بچێ بۆ پشکنین و تەفتیشی ئەو بینایانە، بۆ ئەوەی بزانن ئەو شتانەی تێدا هەیە، یان نا، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس بۆ جەنابت، رێزدار سۆزان شەهاب.

بەڕێز سۆزان شهاب نوری:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بەڕێز ئەندامانی پەرلەمان.

حەز دەکەم یەك سەردانی ئەو شوێنە بکەن، کە من تیا ئەژیم لە سلێمانی، ناوی مەشروعەکە ناهێنم، بۆ ئەوەی نەلێن ئەوە زەمی دەکات لەسەر تەلەفزیۆن، ئەو مەشروعەی کە من تیا ئەژیم، عیمارەکەی من کەسێکی کەمئەندامی تیا بوو، خۆزگە ئەتان بینی چۆن بە پەلە پەل رەمپایەکیان دروست کرد ئەوەندە بچووك دروستیان کرد نەیان ئەتوانی کورسیەکەی بەسەر بڕوات خۆی، دەبوایە دوو کەس لەگەلێدا هەوڵ بدرایە بۆ ئەوەی ئەم کورسیە بەرزبکاتەوە، بۆ ئەوەی بگاتە بەردەمی مەصعەدەکە، بێ لەوەی یەك عیمارەی لەوانەی تازە دروست کراوە حیسابی خەڵکی کەمئەندامی بۆ تیا نەکراوە، ئەی ئەم ئیجازە چۆن درا؟ ئەی ئێمە دەبێ ئەم پرسیارە لە خۆمان بکەین ئەم ئیجازانە چۆن ئەدرێت؟ ئەی باشە ئێمە لێرانە نەصێکمان داناوە (تتولى الحكومه الزام الجهات الرسميه)، ئەوە رەسمیە هی ژێر دەستی خۆیەتی قەیناکە، ئەی غیر الرسمیە ئەو مەشروعانە کە ئەکرێت چۆن الزامی ئەکات؟ (القديمة منها والحديثه) ئەی قدیمەکە چۆن چاك ئەکات؟ بەڕاستی رێز گرتن لە مافی مرۆڤ و مافی کەمئەندام نە بە یاسایە، یەعنی رێز هەیە ئەمن نە بە روحیەتە بیر کردنەوەیە، باوەڕتان هەبێ من کە میوانێکم دێت بەو نوعە بێت دەبێ بچم لە خوارەوە لەگەڵ کەسەکەی ترا بە هەردووکمان بەرزی کەینەوە بۆ ئەوە بیخینە سەر رێگاکەی مەصعەدەکە، هەموو جارێکیش ئەو کەسە خەفەتی دنیا ئەخوا دەڵێ ئەمن زەحمەتی ئێوە ئەدەم بۆ سەردانتان بکەم، کەواتە ئێمە ئەگەر هاوڕا لەگەڵ کاك کاردۆ و کاك مەلا بشیر دەبێ سزا دابندرێت و، ئەوانەی کە ئیلتیزام ناکەن بە دانانی ئەو رێ و شوێنانە دەبێ بەڕاستی سزایان بۆ دابندرێت، چونکە ئێمە هەر بۆ قسە یاسا دەرناکەین، بەڵکو بۆ تەتبیقی فیعلی و، هەروەها داوا لە وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەلأیەتی دەکەم لە دوای

دەرچوونی ئەم یاسایە بەدانانی ئەم سزایانە موتابەعەی ئەوە بکات ئەو بینایانەی کە ئەوە ناکەن و، لەگەڵ ئەوەشدا دەبێ بزانین بلدیەیە کە ئەم ئیجازانە دەدات دەبێ بەلەدیە ئێمە مولزەم بکەین، حکومەت زۆر فراوانە بەلەدیات، وەزارەتی بەلەدیات و بەلەدیات، ئیتر هەر کامێکیانە ئەوانەی لە ناو شارەکاندایە، دەبێ ئێمە ئەوان مولزەم بکەین، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، بەڕێزان، هەموو موخالەفەیەکی مواصەفات موخالەفەیەو ئیجرائاتی یاسایی لەگەڵ ئەکرێ، هەموو بەبێ ئیستئنا، لە پێشا کرابێ، یان ئێستا، یان لە مستقبل بکرێت، وەکو پەرلەمانتاریش واجبی ئێوەی بەڕێزە ئەگەر شتێکی واتان دیت بە کۆنکرێتی تەشخیص بدەن و بهێنە ئێرە لە لیژنەکەتان موناقەشەی بکەن دێنە ئەم پەرلەمانە موناقەشەی دەکەن ئەو شوێنە ئیجرائاتی لێ وەردەگیرێ ئەو وەزیرەی کە موختەصە بەو ئیشەوە، بۆ ئەمەی ئێستاش کە باستان ئەکرد من سەدی سەد لەگەڵ جەنابتانم ئیلزامێکی بە قەوەت دابنێن، چونکە ئەمە بۆ شەریحیەکی زۆر مەزلومە لەم موجتەمعە، رێزدار ئەڤین عمر.

بەڕێز ئەڤین عمر احمد:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان

من پشتگیر قسەکانی بەڕێزانی پێشی خۆم ئەکەم، کە باسی ئەوە ئەکەم ئەبێت ئەو ئیلزامیە هەبێت کە جیهاتی رەسمی و غیر رەسمی رەچاوی دەکەن لە کاتی شوروت بە مواصفاتی عالەمی بۆ هەندەسەو میعماری ئەم شوێنانە، ئێمە لە ماددەی چواردا بۆیە پێشنیارمان کرد، کەوا وەزارەتی شارەوانیش نوێنەرێکی هەبێ لەو مەجلیسە هەر لەبەر ئەم مەبەستە بوو زانیمان زۆر گرنگە، لەبەر ئەوەی وەزارەتی شارەوانی خۆی ئیجازە ئەدات و، بەڕاستی وەزارەتی شارەوانی دەتوانێ ئەو دوایی موتابەعەی بکات؟ چونکە بە مواصەفاتی ئەو بیناکە دەکرێت، بۆیە جیهەتی معنیەو مولزەمە موتابەعەی بکات، بۆیە بەڕاستی وجودی وەزارەتی شارەوانی نوێنەریان لە ماددەی چوارەمە لەبەر ئەم خاڵە بوو کە ئێمە داوامان ئەکرد، بۆیە ئەلێرە ئەبینی پێویست و بوونی ئەو وەزارەت چەندە، پاش دەبێ ئەوان موتابەعەی ئەم کارەکە بکەن، لەگەڵ ئەوەش ئێمە راستە خانوو بیناکان مواصەفاتە، بەڵام ئەی ئەوەی لە دەرەوەی بیناکە خۆ رەصیف هەیە، جادە هەیە، ئەمەش هەمووی پێویستی بەوە هەیە کەوا جێگای تایبەتی هەبێ رەچاوی حاڵەتی کەمئەندامان بکرێ، بۆیە من لەگەڵ ئەوەم خاڵێك لێرە زیاد بکرێ، یان بە بڕگەیەکی تر زیاد بکرێ رێگاوبانەکانی لەگەڵ زیاد بکرێت، رەصیف و جادەکانیشی لەگەڵ زیاد بکرێ، چونکە ئەوانیش هێماو علامەتی تایبەتی خۆیان هەیە لەسەر رەصیفەکان، بۆ ئەوەی بە چ شێوەیەك بڕۆن، ئەوانیش ئەتوانن ئیلزاماتی خۆیان بکەن بەو رێنماو علامەت و هێمایانەوە کە مرور دایناوە لەسەر رەصیفەکان و جادەکان، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس رێزدار د. رۆژان فەرموو.

بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

دوو رۆژە باس لە کێشەکانی خاوەن پێداویستی تایبەت دەکرێ، زۆر لەو کێشانە چارەسەرەکەی لەو ماددەیە، راستە پێچەوانەی مواصەفات و مەرجەکان سزای هەیە، بەڵام ئەوە یاسایەکی تایبەتە، پێویستە سزایەکە لەو یاسایە باس بکرێت لەحاڵەتێك، ئەگەر خاوەن مەشروعێك پابەند نەبوو بەو مەرج و پێوەرە عالەمیانە، یان لەو ماددەیە باسی سزاکە بکرێت ماددەی هەشتەم، یان ئێمە لە فەسڵی چوارەمی پرۆژەکە لە ئەحکامی عقابیە، لە ئەحکامی ختامی لەوێ سزایەك دابندرێت بۆ خاوەن پرۆژەکان کە پابەند نین بە مەرجەکان، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، ڕێزدار تارا ئەسعەدی فەرموو.

بەڕێز تارا تحسین ئەسعەدی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان

هەر دووپات کردنەوەی هەندێك دووبارە کردنەوەی محمودە، وەك دەڵێت کەهەموومان پەرۆشین.....

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

ناوالله دووبارەی مەکەنەوە، تکایە دووبارە نییە، قسەی خۆت بکە، فەرموو.

بەڕێز تارا تحسین ئەسعەدی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان

وەکو چۆن تمیزی یەکێك بۆ یەکێکی تر، کە بەشەرێ زۆر زۆر زیرەك بێ، تۆ دیاری دەدەیتێ، لەبەر ئەوەی زۆر زیرەکە، ئەوە جیاوازی کردنەوە نییە، بەڵکو تەقدیرە بۆ ئەوە، ئێمەش تەقدیرن بۆ ئەو شەریحیە ئەم ماددەیە هاتووە کرۆکی ماددەکەی تیا باس دەکات، دوو تێبینیم هەیە، یەکەمیان/ لە رووی زمانەوانیە کە دێی دەیخوێنیتەوە دەڵێ (تتولى الحكومة اصدار تعليمات ملزمة للجهات) ئەوەی بۆ ئیزافە بکرێت، (تتضمن للجهات الرسمية وغير الرسمية تتضمن) ئینجا (التقيد بالشروط والمواصفات).

دووەم/ تێبینم بەڕاستی لەو بینایانەو ئەو مونشئاتانەی هەیە (القديمة والجديدة) زۆر کەس لە ئێمە چەند رۆژ کە خەریکی ئەم پرۆژەیەن، بەڕاستی پەیوەندیەکی زۆر لەگەڵ کەمئەندامان و خۆمان لەگەڵ ئەو ڕێکخراوانە، کە ئیشمان کردووە بڕواتان هەبێ بەڕێزان لەگەڵ (25) ڕێکخراوی کەمئەندام ئێمە دانیشتین کە تاوتوێ ئەم یاسایە بکەین پێش بێتە ئێرە، سێ جێگامان گۆڕیوە نەماندەتوانی لە شوێنێك کۆیانکەینەوە لەناو خۆیان، لە هەر ئوتێلێك بوایە ئوتێلەکان مواصەفاتیان تێدا نەبوو، قاعە بوو، قاعەکە مواصەفاتی لە ناو نەبوو، ئاخیرەن ئوتێلێکمان هەڵبژارد تەقریبەن (20) خولەك تاخیر بووین لەسەر ئەوە

هەتاکو توانیان هەندێك قەڵەو بۆ ئەو کەسەی رێکخراوەکە هەڵبگرن و بیبەن بۆ شوێنەکە، لەبەر ئەوە کردنی ئەو ڕەمپە تایبەتانە بۆ عەرەبانەی ئەو کەمئەندامانە، وابزانم شتێکی زەحمەت نییە، بەتایبەتی لەسەر شوستەکانمان ئێستا، لە سەر ئەو بازاڕانە، من نازانم بازاری نیشتمان وەریبگرین بە نموونە، یان بازاڕی هی هەولێر هی خۆمان دەیبین چ شوێنك هەیە کەمئەندامێك بتوانی ئیستیفادە لەو شوێنانە بکات، کە لەسەرەوەیە، ئێمە ئەمانە هەموو بۆیە دەڵێم بەڕاستی موتابەعەی خۆمان لە دوای دەرچوونی ئەوە کە ئەمانە هەمووی دێنێتەدی بەهیوای ئەوەین لە ناو ماددەکە تەسبیت بکرێ و پشتگیری خۆشم لە دکتۆرە رۆژان دەکەم و، لە هاوکارانی تریشم بە دانانی سزایەك، بۆ ئەوەی پێشێلی دەکات، کۆن و تازە، نەك هەر تازەکان، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، رێزدار جەنابی وەزیر

بەڕێز ئاسۆس نجیب/ وەزیری کاروکاروباری کۆمەلایەتی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان

سەبارەت بە ماددەی (18)، ئێمە وەکو وەزارەت، لەبەر ئەوەی تاکو ئێستا ئەم یاسایە پەسەند نەکراوەو وەکو پێشنیار پێشکەشی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەمان کردووە، ئەوان بە رێنمایی ئێستا داخلیان کردووە، سەبارەت بە پرۆژەی نیشتەجێ بوون، ئەو یەکانەی کە دروست ئەکرێ بەپێی دەرەجەی عیجزی و، با بڵێین ئەو کەسە چی پێویستە، ئەگەر کورتە بالاً بێ، ئەگەر عیجزی جەستەیی هەبێ، ئەگەر عەقلی بێ، یان نەفسی بێ، بەپێی ئەو دەرەجەی کەمئەندام بوون و یەکەی نیشتەجێیەکەی بۆ دروست دەکرێ.

سەبارەت بە پرۆژەکانی وەبەرهێنان ئەوەی تەماشای ئەکەین پرۆژەکان پرۆژەی زۆرن و فراوانن، بەلاّم هیچ رەچاوی کەمئەندامانکانیان نەکردووە، وەکو پێشنیار بۆ دەستەی وەبەرهێنانیشمان ناردووە، کاتێك کە مۆڵەت دەدەنە کۆمپانیاکان رەچاوی باری کەمئەندامان بکرێ.

سەبارەت بە ماددەکە، ئێمە پشتگیری دەکەین و، سوپاسی دکتۆرە رۆژان وکاك کاردۆ دەکەم، بەڵێ سزای پێویستە، بەلاّم پێش ئەوەی سەحبی ئیجازە بکرێ، ئەبێ ئینزارو ئەوانەی ئاراستە بکرێ، بۆ ئەوەی ئێمە هەوڵی ئەوە بدەین کە رێکارە یاسایەکان چیە بەرامبەر ئەو خاوەن پرۆژانەی کە رەچاوی باری کەمئەندامان ناکەن، بۆیە پشتگیری ئەم ماددەیە ئەکەم بە سزاکەوە، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

زۆر سوپاس بەڕێزان، ماددەی (18)ش گفتوگۆی لەسەر تەواو بوو، ئێستا دەچینە ماددەی (19)، لیژنەی کاروباری کۆمەلایەتی فەرموون.

بەڕێز تارا تحسین ئەسعەدی:

بەڕێز سەۆکی پەرلەمان.

المادة (19):

على دوائر المرور ادخال علامات الحركة والمرور للمعاقين ضمن امتحان منح الاجازة للسائقين.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

لیژنەی هاوبەش فەرموو.

بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان

لیژنەی هاوبەش پشتگیری ماددەکە دەکات، وەکو ئەوەی کە لە پرۆژەی حکومەت هاتووە.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

بەڕێزان، کێ ئەیەوێ لەسەر ئەو ماددەیە قسە بکات؟ زۆر سوپاس، کەس نییە، ئێستا دەچینە ماددەی (20) لە فەرعی پێنج، فەرموو. لیژنەی کاروباری کۆمەلایەتی.

بەڕێز تارا تحسین ئەسعەدی:

بەڕێز سەۆکی پەرلەمان.

الفرح الخامس

حق المعاق في الرعاية والخدمات الصحية

المادة (20):

تتكفل الحكومة ضمان حصول المعاق على الخدمات الصحية مجانا وتقديم التسهيلات اللازمة له اذا ما تطلبت حالته الصحية معالجته خارج الاقليم.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

لیژنەی هاوبەش رئیتان.

بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان

پشتگیر ماددەکە دەکەین وەکو ئەوەی لە پرۆژەکە هاتووە.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

بەڕێزان، کێ دەیەوێت قسە بکات لەسەر ئەو ماددەیە؟ ئەم بەڕێزانە دەیانەوێ مودا‌خلە بکەن، ڕێزداران (هاوڕاز خۆشناو، سوەیل عوسمان، شلێر محی الدین، د. حسن، هاژە سلیمان، عبدالرحمن حسین، دلێر محمود، لانا احمد، سۆزان شەهاب)، کەسی تر ماوە؟ نییە، فەرموو کەردم کە هاوراز خان.

بەڕێز هاوڕاز شێخ احمد:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان

سەبارەت بە ماددەی (20) لە فەرعی پێنجەم، من قسەم لەسەر تەسەلسول و ریزبەند ماددەکان هەیە، تەبعەن ئەو عینوانە من پێم باشە بکرێتە ماق کەمئەندام لە خۆپاراستن و خزمەتگوزاری تەندروستی، ئەوە لە رووی ناوەکەوە، لە رووی تەسەلسولەوە پێموایە دەبێ ئێمە وەکو سیستەمی تەندروستی کاری لەسەر دەکەین، بۆ ئەوەی چاکسازی لە سیستەمی تەندروستیدا بکەین، ماددەی (21) بێتە جێگای ماددەی (20)، چونکە ماددەی (21) باسی خۆپاراستن دەکات، وەقایە، ئەو ئەوەلیات بۆ ئەوەیە کە ئێمە وەقایە بەهێز بکەین، جا دوایی بێینە سەر خزمەتگوزاریەکانی تری داو دەرمان، چونکە بەڕاستی خەڵکی ئێمە کێشەی لەگەڵ داودەرمان هەیە، ئەوەندەی داو دەرمان بەکار دێنێ، بە تەسەلسول، ئەمە خاڵێك.

خاڵێکی تر، پێم باشە هەموو ئەو سێ ماددەیە بکرێ بە یەك ماددە، بە بڕگە رێك بخرێت، نەك سێ ماددەی جیا بێت، بکرێتە یەك ماددو بە بڕگە رێك بخرێت و تەسەلسول و ریزبەندیەکەش بگۆڕێت ماددەی (21) بێتە جێگای ماددە (20) ، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، رێزدار سیویل عوسمان، فەرموو.

بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

سەبارەت بە عینوانی ماددە (الفرع الخامس،/حق المعاق في الرعاية) ئەوە ئەگەر لابدرێت، هاوڕام لەگەڵ لیژنەی هاوبەش، لەگەڵ ڕاپۆرتەکەیان، (الرعاية والخدمات الصحية) بەنیسبەت ماددەکانیش (20 و21 و22) لەبەر ئەوەی هەر پەیوەندی بە ڕیعایەو خەدەماتی صحیەوە هەیە، ئەگەر بکرێت بەیەك ماددە، هاوڕام لەگەڵ هاوڕاز خان، بکرێت بەیەك، (اولاً، ثانياً، ثالثاً)، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، ڕێزدار شلێر محی الدین، فەرموو.

بەڕێز شلێر محی الدین صالح:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بەڕاستی خاوەن پێداویستیە تایبەتەکان، یان بابلێین کەسی کەمئەندام، زۆر زۆر پێویستیان بە چاودێری تەندروستیە، بەیارمەتیدانە، بۆ عیلاجی هەندێ لە نەخۆشیەکانی، ئەگەر لە ناوەوەی ولات بێت، یان لە دەرەوەی ولات، بەڵام من ڕجایەکم هەیە لە وەزارەتی تەندروستی، کەوا تەنسیقێکی زۆر باش لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە بکات، تیمێکی پزیشکی هەبێت سەردانی قوتابخانەکان بکات، هەرچەندە هەیە ئەو تیمە، بەڵام بەڕاستی کارەکەی لاوازەو کاراتر بکرێت بۆ سەردانی قوتابخانەکان، چونکە منداڵی تالاسیمیا هەیە، هیموفیلیا هەیە لەناو ئەو قوتابخانانەدا، پێویستی بەچاودێرییەکی تەندروستی و جاری واش هەیە پێویستی بە فریاکەوتن هەیە، چونکە لەو قوتابخانانەدا بە بەردەوامی دکتۆر نییە، یان معاون توبی

بتوانێت هەندێ شتی فریاکەوتن هەیە بۆ ئەو منداڵانە بکات، زۆرجار ئەو منداڵانە دەبووریێنەوە، نازانن ئەو بەڕێوەبەری قوتابخانەیە، یان ئەو مامۆستایە نازانێت چی لێ بکات، لێرەدا پێویستە لە وەزارەتی تەندروستی هەندێك ڕاهێنان بە ئەوانە بکرێت، هەندێ شتیان فێر بکرێت لەو حاڵەتە لەناکاوانەدا چی بکەن لەگەڵ ئەو منداڵانەدا، دەرمان وئەدەوات و ژووری تایبەت هەبێت لە قوتابخانەکاندا، لە وەزارەتی تەندروستیەوە تەمویل بکرێت، بەو مەوادانەی کە ئەو منداڵە نەخۆشانە پێویستیانە، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس بۆ جەنابت، دکتۆر حسن، فەرموو.

بەڕێز حسن محمد سورە:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

منیش هاوڕام لەگەڵ ڕەئیەکەی هاوڕاز خان، ماددەی (20) باسی خەدەماتی عیلاجی دەکات، (21) ویقائیە، (22) تەئهیلی توبیە، بۆیە دەبێت تەسەلسولەکە بەم شێوەیە بێت،(20، 21، 22) بەو شێوەیە بکرێت.

بەنیسبەت ماددەی (20) ماددەیەکی دەستووریە، خەدەماتی صحی بەنیسبەتی ئەو جیلە، بەنیسبەت ئەو شەریحەیە زەمانەتی صحی 100٪ دەبێت، بۆیە ئەگەر بەو شێوەیە بەو صیاغەی ئێستا بێت، پێشێلی دەستوور دەکرێت، بۆیە دەبێت بڵێین (تكفل الحكومة ضمان حصول المعاق على الخدمات الصحية الجسدية والنفسية المستمرة مجاناً داخل وخارج الاقليم)، نەك تەسهیلاتیان بۆ بکرێت بۆ خارج، دەبێت داخل و خارج بێت، هەموو خەدەماتەکەی مەجانی بێت، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، ڕێزدار هاژە سلیمان، فەرموو.

بەڕێز هاژە سلیمان مصطفی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

منیش لەگەڵ ئەو ڕایەدام کە هەریەك لە ماددەی (20و 21 و 22) بکرێت بەیەك ماددەو، بکرێت بە سێ بڕگە، بەڵام دەربارەی ماددەی (20) (تكفل الحكومة ضمان حصول المعاق على الخدمات الصحية مجاناً)، ئەوە تەنها حکومەت مولزەمە بەوەی کە لە نەخۆشخانەی گشتی تەکلیفی ئەو حەقە بکات، بەڵام ئەگەر هاتو یەکێك لەو کەمئەندامانە پێویستی بە نەشتەرگەرییەك هەبوو، یان لە نەخۆشخانەیەکی خاص لە هەرێمی کوردستان پێویستی بەوە بوو موعالەجە بکرێت، ئەو کاتە حکومەت موکەلەف نابێت بەپێی ئە ماددەی کە هاتووە، بۆیە پێویست دەکات کە حکومەت موکەلەف بکرێت بەوەی کە ئەو موعالەجەیەی پێویستی پێیەتی لە نەخۆشخانە تایبەتەکانیش تەکلیف بکات، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

زۆر سوپاس، بەڕێز عبدالرحمن حسین، فەرموو.

بەڕێز عبدالرحمن حسین ابابکر:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

منیش هەروەها هاوڕام لەگەڵ هاوڕێکانم، کەوا ئەو سێ ماددەیە بکرێت بە یەك ماددە، چونکە هەمووی هەر خزمەتگوزارییەو پێداویستی تویبە، بکرێت بەیەك ماددە باشترە، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، ڕێزدار دلێر محمود، فەرموو.

بەڕێز محمد دلێر محمود:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

منیش هاوڕام کە هەر سێ ماددەکە بکرێت بە یەك ماددە، بەڵام ببێت بە سێ بڕگە، بەڵام ئاڵوگۆڕ لەنێوان ماددەی (20 و 21 و 22) بکرێت لە بڕگەکانیدا کە دەکرێت بە بڕگە، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، ڕێزدار لانا احمد، فەرموو.

بەڕێز لانا احمد چەلەبی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

قسەکانم کران، منیش لەگەڵ ئەو ڕەئیەدا بووم، کە ماددەی (20 و 21 و 22) بکرێت بە یەك ماددە، چونکە هەمووی خەدەماتی تویبە کە پێشکەش دەکرێت بۆ کەمئەندامان، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، ڕێزدار سۆزان شهاب، فەرموو.

بەڕێز سۆزان شهاب نوری:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

من پشتگیری لەڕای خاتوو هاژە دەکەم، ئێمە کێشەمان لە نەخۆشخانە حکومیەکان نییە، چونکە زۆر حاڵەت هەیە لە نەخۆشخانە حکومیەکە چارەسەر ناکرێت، ڕەوانەی دەکەن بۆ نەخۆشخانەی تایبەت، ئەی ئەو کاتە ئەو کەسە کەمئەندامە کێ دەتوانێت ئەو بڕە پارە زۆرەی کە ئێستا لە خەستەخانە تایبەتەکاندا وەردەگیرێت چۆن بۆی دابین دەکرێت؟ بۆیە ئەگەر ئێمە باس لەوە بکەین (تتكفل الحكومة ضمان حصول المعاق على الخدمات الصحية مجاناً في كل من المستشفيات العامة والخاصة وتقديم التسهيلات اللازمة له اذا تطلبت حالته الصحية معالجته خارج الاقليم)، خۆشمان زۆر زۆر باش دەزانین، من دوو ساڵ لەمەوپێش بەهۆی ناسیاوێتیەوە کەسێکی کەمئەندام بە هەزار حاڵ فیزەمان بۆ وەرگرت بڕوات بۆ نەمسا، فیزەکەش کە وەرگیرا نەیانهێشت مورافق لەگەڵیدا بچێت، کە نەیانهێشت مورافقی لەگەڵدا بێت، من سوپاسی نوێنەرانی ئەوکاتە دەکەم کە لەوێ بوون هی حکومەتی هەرێمی کوردستان، توانیان بەحەددی ئەوەی کە دەتوانن یارمەتی بدەن، بەڵام ئەوە مانای ئەوە نییە هەموو کاتەکە لەگەڵیدا بوو بێتن، حاڵەتێکی زۆر زۆر ناخۆش بوو بۆ ئەو، بۆیە من لێرەدا داوا دەکەم، ئەگەر هاتو ئەو کەسە نێردرایە دەرەوە دەبێت حیسابی

ئەوە بکەین لە تەعلیماتەکە ئەڵێم، ئەگەر لەناو یاساکەشدا تەسبیت نەکەین، لەناو تەعلیماتەکەدا مورافقێکی لەگەڵدا بێت، چونکە کەس نابێت لەوێ ئاگاداری بێت، تۆ بەڕەڵای دەکەیت ئەیخەیتە دەست قەدەرەوە، بۆیە بەڕاستی ئەمە زۆر زۆر گرنگە، ئێمە بەشێوازێك وای لێ بکەین کە زەمانی ئەوە بکەین ئەو کەسە وئیحتیاجی ئەوە نەبێت خەڵك و خزم و کەسوکارو دراوسێ و تەلەفزیۆنەکان بانگەوازی بۆ بکەن تا پارەی بۆ کۆبکرێتەوە عیلاج بکرێت، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، جەنابی وەزیر، فەرموو.

بەڕێز ئاسۆس نەجیب/ وەزیری کاروکاروباری کۆمەڵایەتی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

لێرە هەندێك لە بەڕێزان باسی ئەوەیان کردووە، کە ئەو نەخۆشخانانەی لە کەرتی تایبەتیش هەبێت، بەڵام کێ تەکالیفی ئەوە هەڵدەگرێت، ئەگەر وەزارەتی تەندروستیە دەبێت وەزارەت لە ئێستاوە تەخصیصات ئامادە بکات، لە بودجەی 2012، یاخود دەکرێت ئەمە بخرێتە سەر ئەو سندووقەی کە پێشتر لە ماددەکانی تردا باسمان کرد، بەڵام وەکو موراڤیق ئەوەیان، دیارە لەسەر سندووقەکە وەستاوە، چەندێك تەرخان دەکرێت بۆ ئەو سندووقە تا هاوکاری ئەم کەمئەندامانە بکات؟ جا بۆیە لێرە لەم ماددەیە تۆزێك دەبێت تەوزیحی زیاتری بدرێتێ و تەحدیدی ئەو جیهەتە بکات، کە کەمئەندامەکە دەنێرێت بۆ ئەو نەخۆشخانانە، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس بۆ ئێوەی بەڕێز، گفتوگۆ لەسەر ماددەی (20) تەواو، ئێستا دەچینە سەر ماددەی (21)، لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی فەرموو.

بەڕێز تارا تحسین ئەسعەدی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

المادة (21):

تعمل الحكومة على تقديم الخدمات الوقائية والعلاجية وتطوير خدمات الكشف المبكر والتي تهدف الى تقليل نسبة الاعاقة في المجتمع.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

لیژنەی هاوبەش تکایە ڕەئیتان.

بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

لیژنەی هاوبەش پشتگیری لە ماددەکە دەکات وەکو ئەوەی کە لە پرۆژەی حکومەتدا هاتووە، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

بەڕێزان، کێ دەیەوێت لەسەر ماددەی (21) قسە بکات؟ ناوتان دەنووسم، ئەم بەڕێزانە دەیانەوێت قسە بکەن، ڕێزداران (سۆزان شهاب، ئەڤین عومەر، دکتۆر حسن، شلێر محی الدین، تارا ئەسعەدی)، کەسی تر هەیە؟ نییە، سۆزان خان، فەرموو.

بەڕێز سۆزان شهاب نوری:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.

تەبعەن ئەمەی کە باسکراوە، ئەمە خەونێکە ئەگەر بێتەدی، بەڵام ئەمە بە (تعمل الحکومة) ناکرێت، ئەمە دەبێت مەرکەزێکی تایبەت هەبێت، بۆ (الکشف المبکر عن الاعاقات) تەکنەلۆجیای کەشفی موبەکیری ئیعاقات چیە؟ کاتێ کە ژن دووگیان دەبێت، ئەگەر هاتو لە تەئریخی خێزانەکەیدا ئیعاقەی موتەوارس هەبوو، ئەوە لە ئاوی سکی دایکەکە وەردەگرن، کێشەکە لێرەدا ئەوەیە ئەو دایك و باوکە دەکەونە حاڵەتێکەوە کە پێش وەخت دەزانن ئەو منداڵەی کە دەیانبێت، منداڵێکی کەمئەندام دەبێت، لێرەدا دەبێت بڕیار بدەن، هەتا ئێستا لە ئەوروپا ئەو مەسەلەیە یەکلا نەبۆتەوە، چونکە لەوێش لەبار بردنی منداڵ مەمنوعە لە هەندێ وڵاتدا، هەتا ئێستا داوای حەقی ئەوە دەکرێت کە منداڵ لەبار ببرێت، بەهۆی هەندێ زەوابتەوە نەکراوە، بەڵام ئەمە بوونی گرنگە، بۆ ئەوەی تۆ حیساب بۆ ئەوە بکەیت کە ئەو منداڵەی کە لە دایك دەبێت، ئەگەر هەرچی جۆرە کەمئەندامیەکی هەبێت، دەبێت پێش وەخت ئەو ئیحزارات و پێداویستیانەی کە هەیە بۆی ئامادە بکرێت، بەڵام ئەگەر ئێمە پێمان وابێت بەو کەشفی پێش وەختە کەمی دەکەینەوە، یەعنی لەباربردنی منداڵ و روح کوشتنێکە، کە ئێمە پێموایە کەسمان لەگەڵ ئەوەدا نین، بۆیە ئەبێت زۆر بەباشی ئەم ماددەیە کە دانرا بیر لەوە بکرێتەوە، مانای ئەوە نییە کەشفی پێش وەخت یەعنی ئەوە بزاندرێت ئەوە موعاقەو تەواو، نەخێر، حاڵەتێکی دەیلەمە دروست دەکات لەنێوان نەفسی مالەکەو ئەو بەشەرە بچووکەی کە هێشتا تازە لە گەشەسەندنداید، بۆیە دەبێت زۆر بەوردی ئاگاداری ئەو ماددەیە بین، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، ڕێزدار ئەڤین عومەر، فەرموو.

بەڕێز ئەڤین عمر احمد:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

من پشتگیری ڕەئیەکەی سۆزان خان دەکەم، کەوا لێرەدا ئەم حاڵەتە کە حاڵەتێکی زۆر گرنگە، بەڕاستی زۆر گرنگە، ئەگەر ئێمە بمانەوێت لە کوردستاندا کار بکەین، شتێکمان هەبێت بەناوی مەرکەزێکەوە، سەنتەرێکمان هەبێت، کە خۆی بەمەسئوول بزانێت، نەك بەم موتلەقیەی کەدامان ناوە دەڵێین حکومەت پێی هەڵبستێت، حکومەت وەزارەتی تەندروستی پێی هەستێت، یاخود چ لایەنێکی تر، یان لیژنەیەك تەشکیل دەکرێت، ئەوە چۆنە، بەڵام ئێمە ئەگەر تەشخیصی بکەین مەرکەزێك هەبێت لە هەرێمی

کوردستان هەڵستێت بە کەشفی پێش وەخت وئەو عیلاجانە، یاخود ئەو جۆرە فەحصانە بکات، بەڕاستی ئەوە شتێکی گرنگە، چونکە هەموومان دەزانین ئەو جۆرە فەحصانە شتێکی ئاسان نییە، هەم تەکلیفەی زۆرە، هەم فحوصاتێکی زۆر دەقیق و گرنگە، بۆیە بۆ ئەم حاڵەتە منیش پشتگیری ڕەئیەکەی سۆزان خان دەکەم، کەوا مەرکەزێکی توبی چاك هەبێت، نەك تەنانەت بۆ ئێرە، بەڵکو بۆ تەحدید کردنی دەرەجەی عەجزیش لەو کەمئەندامە، هەر دیسان لەناو ئەم مەرکەزە توبیەدا ئەوەش هەبێت، ئەو هەڵستێت بە دیاری کردنی عەجزی کەمئەندامەکە، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، ڕێزدار دکتۆر حسن، فەرموو.

بەڕێز حسن محمد سورە:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

لێرە لە ماددەی (21) عیلاجی دووبارە بۆتەوە، لە ماددەی (20) موعالەجە کرا، باسمان کرد کە حکومەت زەمانی حقوقی عیلاج دەکات لە داخل و خارج، لە نەخۆشخانەی گشتی و تایبەتی، لێرە باسی خەدەماتی ویقائیە، خەدەماتی ویقائی لە دوو مەرحەلە دەکرێت، مەرحەلەیەکیان پێش ئەوەی ئەم منداڵە دروست بێت، هەتا لە کاتی زەواجەکە تۆ دەتوانی تەداخولات بکەیت، لەگەڵ ئیرشاداتی ویراسی ویقائی، ئەمە یەکێکیانەو، تەتویری خەدەماتی کەشفی مومکین بزەبت ئەمە حاڵەتێکە زۆر موهیمەو، پێویستە لە کوردستان ئەنجام بدرێت، شەرت نییە هەمووی بە لەباربردن کۆتایی پێ بێت، بەڵکو دەڵێین (ادخال التحسینات اللازمة تهدف الی تقلیل نسبة الاعاقة في المجتمع)، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، ڕێزدار شلێر محی الدین، فەرموو.

بەڕێز شلێر محی الدین صالح:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

سەبارەت بەو ماددەیە، بەڕاستی کەشفی پێش وەخت زۆر زۆر گرنگە، لە هەموو ولاتانی دنیاو ولاتانی عەرەبیش لە ولاتە شەرقیەکان هەیە، تەنها لێرە لە عێراق نییە، هەرچەندە تەشخیصی منداڵی معەوەق زۆر زۆر زەحمەتە، پێویستی بە نەخۆشخانەیەکی تایبەت هەیە، پێویستی بە ئالات و ئەدەوات و پسپۆڕو دکتۆری تایبەت هەیە، بەڵام دیسان هەر زۆر گرنگە کە منداڵەکە تەشخیص کرا ئەوە لەسکی دایکیدا کەمئەندامە، تەبعەن دەبێت ئەو منداڵە تەسجیل بکرێت بیتاقەی بۆ دەکرێت، بۆ ئەوەی داخلی بەرنامەی تەدەخولی پێش وەختی بکرێت، تەدەخولی موبەکیر زۆر زۆر گرنگە، ئەو منداڵە تەئهیل کردنە، تەئهیلی

موبەکیرە، ئێستا وەزارەتی پەروەردە دەستی پێکردووە، سەنتەری پەروەردی پێش وەختی هەیە، ئەو منداڵانەی کە تەمەنیان لە یەك سااڵ کەمترە، یان هێشتا نەگەیشتۆتە ئەوەی کە لە دایك بوو بێت و بێتە ئەوێ، بەاڵم منداڵی تەمەن یەك سااڵی دێتە ئەوێ تا چوار سااڵی، تا تەمەنی باخچەی ساوایان، لەگەڵ دایکەکەی دەبێت، هەندێ ڕاهێنان هەیە فێری ئەو دایکە دەکرێت، چۆن تەعامول لەگەڵ ئەو منداڵەدا بکات، چونکە هەندێ منداڵ کە دەبێت گەشەکردنی زۆر زۆر کزو لاوازە، دەست وقاچی ناتوانێت بجوڵێنێتەوە، تەماشا کردنی، نەزەری نییە، ئەوانە هەمووی بە ڕاهێنان دایکەکە فێر دەکرێت چۆن تەعامولی لەگەڵ بکرێت، زۆر فەرق دەکات ئەو منداڵە باری دایکەکەش لەتەعامول کردن سووکتر دەبێت، لەگەڵ ئەو منداڵە فێری زۆر شت دەبێت، تەدەخولی موبەکیرو تەشخیصی موبەکیر زۆر گرنگە، محاوەلە بکرێت ئەوە یەکەمجار نەخۆشخانەکەی بۆ دابین بکرێت، ئەگەر بەشێوەیەکی ئاسایش بێت، بەاڵم زۆر زۆر باشە، بەاڵم تەدەخولە پێش وەختەکە زۆر زۆر گرنگترە، کەوا ئەو بەرنامەجە پەرەی پێ بدرێت، ڕاستە لە وەزارەتی پەروەردە هەیە، بەس کەس تێی ناگات و پشتگیری نییە، هیچ میزانیەیەکی نییە، تا ئێستا هیچ کەس پشتگیری ئەو بەرنامەیە ناکات، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، ڕێزدار تارا ئەسعەدی، فەرموو.

بەڕێز تارا تحسین ئەسعەدی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

لێرەدا ئەوە ئیزافە دەکەم کە دەڵێت (تعمل الحكومة على فتح المراكز الخاصة للكشف المبكر وفتح قسم الارشاد الاسري والبرامج التعليمية والعلاجية)، بەڕێزان، لێرەدا کە باسی کەشفی پێش وەخت دەکەین، کە خێزانەکان وا تەوعیە بکرێت، ئەو مەرکەزانە ئەگەر بکرێتەوە، یەکەم شت بزانن ئەو هۆشیارییەیان لا هەبێت، کە پێش ئەوەی لە دایك بێت کەمئەندامەکە، ئینجا ئێمە بڵێین قانون و عیلاج و ئاگا لێ بوونیان بۆ بکەین، با نەیەتە سەر دنیا، ئەوەش ڕێگاکەی زۆر ئاسانە بەو هۆشیارکردنەوەیە کەمەرجێکی گەورەیەو لە یاسای باری کەسیش عیلاج کراوە، کە لە زەواجی هەردووکەس لێرەدا کەشفی خوێن زۆر گرنگە بۆ ئەو دایك و باوکانە، بۆ گونجاندن و نەگونجاندنیان، دوای ئەوە بە موتابەعە کردن ئەزانن کە ئەو منداڵەی دەبێت کەمئەندامە، یان نا.

دووەم/ ئیشی مەرکەزەکە لەوەدایە، ئەگەر نەیانزانی کە ئەوە کەمئەندامەو هاتە سەر دنیا، ئینجا بەرنامەی تایبەتیش هەبێت لەو مەرکەزەدا، بۆ ئەوە زۆر زۆر گرنگە کە بایەخی پێ بدرێت، لە ئیمارات لە وڵاتی شاریقە، بەتایبەتی بەڕاستی مەرکەزی زۆر چاك بۆ ئەمانە کراوەتەوە، کە ئەزانن چۆن وا لە خەڵکی دەکەن ئەو کەسانەی کە کەمئەندامن کەمتر بێنە سەر دنیا، من لەڕۆژی 12/3 ڕۆژی کەمئەندامان بەڕاستی بڵێم زیاد لە 10 حاڵەت هاتنە پێش بۆمان کەسەردانیانمان کرد زۆرکەس هەبوون داوای زیاد کردنی پارەیان دەکرد بۆ عیلاجی منداڵە کەمئەندامەکەیان، لە یەکێکیانم پرسی بۆ بەڕێز خێزانەکەت

چی تۆیە، هەموویان وتیان هیچ عەیبی نییە، یان کوڕە پوورمە، یان کچە پوورمە، من کوڕە پووری ئەوم، یەعنی واتە ئەو عەیب نەبوونە هیچی تیا نییە، کۆمەڵگاکەمان پێویستی بەوە هەیە کە ئەو مەراکیزانە هەبێت، تاکو بزانن خزمی زۆر نزیك لە سێیەم جیل کەمئەندام کە هەیە لەناویاندا دروست دەبێت، ئەمەش ئیشی ئەو مەرکەزەیە کە بەرنامەی تەوعیە لەگەڵ لایەنی ئەوقاف و تەندروستی وڕاگەیاندن کە هەموویان ئیشەکانی خۆیان چڕ بکەنەوە لە مەراکیزی پێش وەخت ڕێ گرتن لە بوونی موعاق لە ناو کوردستاندا بەهیواین کە ئەمە بەزووترین کات لەم بڕگەیەدا دەست نیشان بکرێت، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، ڕێزدار جەنابی وەزیر، فەرموو.

بەڕێز د. ئاسۆس نەجیب/ وەزیری کاروکاروباری کۆمەڵایەتی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

پشتگیری لە ناوەڕۆکی ماددەکە دەکەم، ئەگەر پەرلەمانی بەڕێز بوار بدات من دەتوانم زانیاری زیاتر، یان ڕوونکردنەوەی پێویست سەبارەت بەو شێوازی چارەسەرەیە وەربگرم لەوەزارەتی تەندروستی و، سەبارەت بە مەرکەزی تەشخیصی ئێمە لە وەزارەت پلانمان هەیە، بەدوای کارمەندو پسپۆڕ دەگەڕێین، ئێستا لەگەڵ ولاتانی تردا، بۆ ئەوەی بتوانین ئەو مەرکەزە لە هەرێمی کوردستان بکەینەوە، تەشخیصی عەوق لە تەمەنێکی منداڵیەوە دەست پێ دەکات، بۆ ئەوەی بتوانین کە ئێمە ڕێگر بین لەوەی کە کەمئەندام بوونەکەی بەرەو زیاتر بچێت، بەڵام هێشتا هەر پلانەو، هێشتا جێبەجێمان نەکردووە، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس بۆ گشت ئێوەی بەڕێز، گفتوگۆ لەسەر ماددەی (21) تەواو بوو، ئێستا دەچینە ماددەی (22)، لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی فەرموون.

بەڕێز تارا تحسین یاسین:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

المادة (22):

تعمل الحكومة على توفير الاجهزة التأهيلية والتعويضية والادوات الطبية اللازمة وتأمين التكنولوجيا الحديثة لمساعدة المعاقين.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

لیژنەی هاوبەش تکایە، ڕەئیتان.

بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

ئێمە پشتگیری لە ماددەکە دەکەین، وەکو ئەوەی لە پرۆژەی حکومەتدا هاتووە، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

بەڕێزان، کێ دەیەوێت لەسەر ماددەی (22) قسە بکات؟ ناوتان دەنووسم، ئەم بەڕێزانە دەیانەوێت قسە بکەن، ڕێزداران (خورشید احمد، دکتۆر حسن)، کەسی تر هەیە؟ کاردۆ محمد، کاك خورشید فەرموو.

بەڕێز خورشید احمد سلیم:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

من لێرە باس لە تەوفیر دەکەم، حکومەت و تەوفیر ئەمە تووشی ئیشکالێکی ڕۆتینی دەبین، بەڕەئی من حکومەت ئەو ئالیەتە نییە هەموو جار بچێت بۆ ئەو منداڵە ئەو جیهازە بهێنێت، بۆ ئەوی تریان شتی تر بێنێت، ئێمە لێرەدا تووشی ئیشکال دەبین، هەم وەکو حکومەت ناتوانێت ئەو دامودەزگایەی نییە تایبەت بەو ئیشەو، هەم خەڵکی پێویستیش زۆر چاوەڕوان دەکەن، بەڕەئی من زۆر جار ئەوە دەبێتە مایەی ئەوە کە ئەو شتانە دەست نەکەون، لەبەر ئەوە من لێرە پێشنیار دەکەم بەو شێوەیە ئێمە صیاغەی بکەینەوە، بۆ ئەوەی لەو ئیشکالیاتە دەربچین، ئیشکالیەتی دابین کردن بخەینە ئەستۆی حکومەت، بڵێین (تلتزم الحکومة بتأمین المبالغ اللازمة للمعاق لشراء الاجهزة التأهیلیة والتعویضیة والادوات الطبیة التي یحتاجها المعاق بعد مصادقة اللجنة الطبیة المختصة)، بەو شێوەیە ئێمە ڕزگار دەبین لەمەسەلەی ڕۆتین و حکومەت و دابین کردن، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، ڕێزدار دکتۆر حسن، فەرموو.

بەڕێز حسن محمد سورە:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

دیسان ئەم ماددەیە ماددەیەکی دەستوورییە بەنیسبەت کەمئەندامان، بۆیە چ بەو شێوەی کە تەوفیر، یان ئەوەی کە کاك خورشید باسی کرد، پێویستە دابین بکرێت، من صیاغەکە بەم شێوەیە دەخوێنمەوە، (تعمل الحکومة علی توفیر خدمات الرعایة التأهیلیة الملائمة وتقدیم الاجهزة الفنیة التعویضیة والتقویمیة المساعدة والافتراض السماعي ومتابعة المستجدات والتطورات الطبیة في مجال التأهیل)، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، ڕێزدار کاردۆ محمد، فەرموو.

بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

من لە فەرعەکاندا، چونکە هەر تایبەتە بە خزمەتگوزاری تەندروستی، پێموایە ئەو (حق المعاقین) لە هەمووی لابەین، چونکە ئەوە دووبارەیە، ئەم سێ ماددەیەی کە پەیوەندی بە بواری تەندروستیەوە هەیە، ئەگەر بتوانین مافەکانیان کە پەیوەندی بە تەندروستیەوە هەیە بیکەین بە یەك دەق، هەمووی تێدا

کۆبکەینەوە، پێموایە باشتر دەتوانین دەقێکی سادەو دوور لە دووبارەو ڕوون بۆ لایەنی تەندروستی خاوەن پێداویستیە تایبەتەکان دابین بکەین، لە ماددەی (21)(وتأمين التكنولوجيا الحديثة لمساعدة المعاقين.) بیکەین بە (وتأمين التكنولوجيا الحديثة لمساعدة المشمولين بأحكام هذا القانون)، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، جەنابی وەزیر فەرموو.

بەڕێز د. ئاسۆس نەجیب/وەزیری کاروکاروباری کۆمەڵایەتی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

پشتگیری لە ناوەڕۆکی ماددەکە دەکەین و، ئەگەر هەر صیاغەیەکی باشتر هەبێت لە پرۆژەکانی تردا، ئەوە دەتوانین ئیستیفادەی لێ بکەین، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

بەڕێزان، گفتوگۆ لەسەر ماددەی (22) تەواو بوو، ئێستا دەچینە سەر ماددەی (23)، لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی فەرموو.

بەڕێز تارا تحسين ياسين:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

الفرع السادس

حق المعاق في الريـــاضة والترويح

المادة (23):

تعمل الحكومة على توفير فرص الرياضة والترويح للمعاقين ومساعدتهم لممارسة الرياضات التي تلائمهم، وذلك بملائمة الملاعب والقاعات والمخيمات والنوادي ومرافقها لحالة المعاق، وتزويدها بالادوات والمستلزمات الضرورية.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

لیژنەی هاوبەش ڕەئیتان.

بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

لیژنەی هاوبەش پشتگیری ماددەکە دەکات وەکو ئەوەی کە خوێندرایەوە، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

بەڕێزان، کێ دەیەوێت لەسەر ئەم ماددەیە قسە بکات؟ ئەم بەڕێزانە دەیانەوێت قسە بکەن، ڕێزداران (شێردڵ تەحسین، برهان رشید، دلێر محمود) کەسی تر هەیە؟ تارا ئەسعەدی، کاك شێردڵ فەرموو.

بەڕێز شێردڵ تحسين محمد:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

تـەبیعی وەرزش ئێسـتا لـەناو کەمئەنـدامان زۆر پێشـکەوتووە، بەڕاسـتی ئێسـتا دەوراتـی خاصـەیان بـۆ دەکرێتـەوە، دوەلیـەن بۆیـان دەکرێتـەوە، ئیهتیمـامێکی کـولی دراوە بـە کەمئەنـدامان لـەوەرزش، لێـرەدا (بملائمـة الملاعـب والقاعـات)، ئێمـە چ قاعاتمـان، چ مـەلاعیبمان بـۆ کەمئەندامـەکان دەسـت دەدات، هـەتاکو ئێستا جێگایەك نییە کە ئەو کەمئەندامانە تێیدا دانیشن، یان کاری وەرزشی تێدا بکەن، هـیچ جێگایـەکیان نییە، خۆزگەم بەخۆزگە لەوانەیە هەندێ لە برادەران بینیبێتیان وەکو ئاسـۆس خـان و تـارا خـان و دکتـۆر بەشیر، کە ئێمە دەچین سەیریان دەکەین، بە سەیارەیەك دێـن هـەموو کورسـیە موتەحەریکـەکانیان لەسـەر سەیارە داناوە، پاشان کارەساتەکە لەوەدایـە کـە یـەك، یـەك هـەڵیان دەگـرن و دەیانبـەنـە ژووروەوە، شـۆێنێك نییە بەسەر بکەون تێیدا، بۆیە من پشتگیری لە سۆزان خان و دکتۆرە ڕۆژان دەکـەم، عقوبەیـەك دابنـدرێت هەر بینایەك، هەر قاعەیەك، هەر مەلاعیبێك دروست بکرێت، دەبێت جێگای خاصیان بۆ دروسـت بکرێـت، یەعنی سادەترین شت من خۆم بەشداریم کـرد لـە پاڵەوانیەتیـەك کـە خـۆم لـەوێ بـووم، کەمئەنـدامێك لـە یاریزانەکان لە دوای توالێت دەگەڕا، توالێتی خاصیان نەبوو، کەوا بەکاری بهێـنن، بەڕاسـتی ئـەوە کارەسـاتە، دەبێت شوێنی خاصیان بۆ بکرێتەوە، من لێرەدا لە کۆتایی فەقەرەکەدا کە دەڵێـت (والمسـتلزمات الضـرورية، وانشاء الملاعب الخاصـة حسـب مواصـفات دوليـة للمعـوقين) ئـەوەیان بـۆ دروسـت بکرێـت، یـەعنی حکومـەت ئیلزام بکرێت کە جێگای تایبەتیان بۆ دروست بکات، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، ڕێزدار برهان رشید، فەرموو.

بەڕێز برهان رشید حسن:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

دەربارەی ماددەی (23) من دوو تەحەفوزم هەیە، یەکەمیان/ لە ڕاپۆرتەکەی لیژنەی یاسایی ئامـادە کـراوە، کەلیمەی (ترويح للمعاقين) لابراوە، بەڕاستی ئەوانە لەگەڵ حورمەتێکی زۆرم بۆیان، لەوانەیە هەندێ جار، شعورێك بەنەقص لە داخلی خۆیاندا بکەن، بۆیە کەلیمەی (تـرويح) مـن بـەگرنگی دەزانم هـەبێت، تـا ئـەو تەرویحە جێگای بۆ بکرێتەوە لەو ڕاپۆرتەداو، دیسان جارێکی تـر ئـەوە تەسـبیت بکرێـت، لەگـەڵ ئەوەشـدا (تعمل الحكومة) کەلیمەی تعمل صیغەیەکی جـەوازی هەیـە لـە تەفسیردا بـە بۆچوونی مـن، بـە تەفسیری قـانونی مـن بکرێـت بـە واجـب لەسـەر حکومـەت، (يجب على الحكومـة)، خـاڵی ئـەخیرم ئەوەیـە بەڕاسـتی ماددەکانی (23، 24، 25) ڕەبتێکی زۆر موتەکامیلیان هەیە، بەڕاستی شائیبەیەکی یاساییە بکـرێن بـە سـێ ماددەی سەربەخۆ، ئەکرێت یەك ماددە بن لەسێ فەقەرەدا، هەر سێیکی باسی وەرزش و ئەسـبابی تـەرویحی وەرزشیەکان دەکات، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، ڕێزدار دلێر محمود، فەرموو.

بەڕێز محمد دلێر محمود:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

من لەگەڵ ئەوەدام کە یانەو خێوەتگاو هۆڵی وەرزشی دەکرێتەوە نەبێت شوێنی کەمئەندامانی بە جیا بکرێتەوە، بەڵکو یانەی تایبەتی بەخۆیان بۆ دروست بکرێت و، هەوڵ بدرێت و هۆڵ و خێوەتگای تایبەت بەخۆیان بۆ دروست بکرێت، لەپاڵ ئەوەشدا لقی پارا ئۆلۆمپیشیان بۆ بکرێتەوە بەپێی توانا، بەنیسبەت ماددەی (23 و 24) من وای دەبینم کە ئەم دوو ماددەیە، ماددەی (24) کەدەڵێت (پێویستە حکومەت پشتگیری بەشداری کردنی کەمئەندامان بکات لە بەرنامەکانی وەرزشی نیشتمانی و نێودەوڵەتی) ئا لێرەدا لەگەڵ ماددەی (23)دا من بە تەواوکەری یەکتریان دەزانم، لەبەر ئەوە بۆ دەنگدانیش بێت، بۆ هەرشتێکی تر بێت، ئەم دوو ماددەیە من وای بە باش دەزانم بکرێت بە یەك ماددە، بەڵام بە دوو بڕگە بێت، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، ڕێزدار تارا ئەسعەدی، فەرموو.

بەڕێز تارا تحسین ئەسعەدی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

ئەم خاڵە بەڕاستی یەکێکە لە تەواوکەرەکانی مافی ئەو کەمئەندامانە کە هەروەکو لە مافەکانی مرۆڤ هەیە، کە وەرزشکردن شێوەیەکی تایبەت و کاریگەری خۆی هەیە، لەبەر ئەوە من ئیقتراحی ئەوە دەکەم کە ئەوە زیاد بکرێت یانەی تایبەت بە کەمئەندامان و لقی پارا ئۆلۆمپی کە پشتگیری لە کاك شێردڵ و کاك دلێر دەکەم، کە ئەوانیش هەر ئەو خاڵانەیان دانا، ئەمەی کە لە ژێر دەستمدایە ئەنجامی (25) ڕێکخراوە کە ئەوانیش ڕایان هەمان شت بووە، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، جەنابی وەزیر فەرموو.

بەڕێز د. ئاسۆس نەجیب/ وەزیری کاروکاروباری کۆمەڵایەتی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

سەبارەت بەناوەرۆکی ماددەکە پشتگیری لێدەکەین، بەس ئەوەی کە کاك برهان وتی (تعمل حکومة) ئەوە ڕاستە، (یجب علی حکومة)، بەڵام لێرەدا داوا دەکەین کە لە صیاغەکەدا باسی پارا ئۆلۆمپیش بکرێت، کە ئێستا لیژنەیەکی زۆر چالاکن و، بایەخ بە وەرزشی کەمئەندامان دەدەن، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

بەڕێزان, گفتوگۆ لەسەر ماددەی (23) تەواو بوو، ئێستا دەچینە ماددەی (24) لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی فەرموون.

بەڕێز تارا تحسین ئەسعەدی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

المادة (24): على الحكومة دعم مشاركة المعاقين في برامج رياضية وطنية ودولية.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

لیژنەی هاوبەش تکایە ڕەئیتان.

بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

پشتگیری لە ماددەکە دەکەین، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

بەڕێزان، کێ لەسەر ماددەی (24) دەیەوێت قسە بکات؟ ناوتان دەنووسم، ئەم بەڕێزانە دەیانەوێت قسە بکەن، ڕێزداران (ناسك توفیق، بەشیر خلیل، شێردڵ تەحسین)، کەسی تر هەیە؟ ناسك خان فەرموو.

بەڕێز ناسك توفیق عبدالکریم:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

دیارە ئەم ماددانە هەمووی شتی زۆر باشی تێدایە، ئەگەر بێتو لەسەر ئەرزی واقیع جێبەجێ بکرێت، هەمووی لە خزمەتی کەمئەندامانداید، بەڵام ئەوەی من مولاحەزەم هەیە لەسەر ئەم فەقەرەیە، بەڕاستی ئەوەیە لە فەقەرەی ماددەی (23) دەڵێت (فرص رياضة للمعاقين) کەچی لێرەدا دەڵێت (دعم مشاركة ذوي الاحتياجات الخاصة)، بەڕاستی من داواکارم لیژنە لە کاتی داڕشتنەوەیدا یەك موستەڵەح بەکار بهێنن، یەعنی وەکو بڵێی کەمئەندام شتێکەو خاوەن پێداویستی تایبەت شتێکی ترە، یان ئەوەتا هەمووی بکرێت بە کەمئەندامان و خاوەن پێداویستی تایبەت، یەعنی موستەڵەحێك بۆ هەمووی دابنرێت، ئینجا ئەمە ئەگەر بکرێت بە فەقەرەی دووەم، یەعنی ئەو فەقەرەی یەکەم بێت و ئەمیش هی دووەم باشترە، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، دکتۆر بەشیر، فەرموو.

بەڕێز د. بشیر خلیل توفیق:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

منیش هاوڕام لەگەڵ هاوکارم، کە موستەڵەحاتەکان یەك بخرێن، یەك موستەڵەح بەکار بێت، ئێمە دەزانین کە وەرزش ئەگەر بۆ خەڵکان بەشێوەیەکی گشتی شتێکی پێویست و بە سوود بێت، ئەوە بۆ ئەم چینە زۆر زۆر پێویست ترەو شتێکە کە وەکو عیلاج بەکار دێت بۆ ئەم چینە، بۆیە پێویستە کە زۆر تەشجیعی بکەین وزۆر گرنگی پێ بدرێت، لەم ماددەیەدا (على الحكومة دعم مشاركة ذوي الاحتياجات الخاصة) لەڕێگای پارا ئۆلۆمپیەکانەوە بێت، بەڕاستی ئەو پارا ئۆلۆمپیەی کە ئێستا لە کوردستان هەیە، وەکو جەنابی وەزیریش ئاماژەی پێدا زۆر چالاکن و کاری باشیان کردووە، بۆیە پێویستە ناوی لە یەك لەو دوو ماددەیەدا بێت، یان

لەم ماددەیە، یان ماددەی پێشتر ناویان بێت، (في برامج رياضية ووطنية) ئەو (واو)ەی دوای رياضة زيادە لاببرێت (الوطنية والدولية)، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، بەڕێز شێردڵ تەحسین، فەرموو.

بەڕێز شێردڵ تحسين محمد:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

ئێستا لێرەدا هاتووە کە باسی لیژنەی پارا ئۆلۆمپی لێرەدا بکرێت، پارا ئۆلۆمپی ئەوە فورسەتێك بوو کە لە ماددەی (23) کرا، بەس پارا ئۆلۆمپی لێرەدا جێگای دێت، چونکە هیچ کەمئەندامێك ناتوانێت بەشداری هیچ موباراتێکی دوەلی و وەتەنی بکات، ئەگەر لە ڕێگای پارا ئۆلۆمپیەوە نەبێت، لێرە من پێشنیار دەکەم کە بنووسین (على الحكومة دعم اللجنة البارا اولمبية في مشاركة البرامج الرياضية والوطنية والدولية)، یەعنی ئەگەر لەڕێگای پارا ئۆلۆمپی نەبێت ناتوانن بەشداری بکەن، ئێستا یاریزانێکمان هەیە پاڵەوانی جیهانیە، ئاسۆس خان دەزانێت و بەخۆشی زۆر دەعمی کردووە، خەڵکی دهۆکە، پاڵەوانی جیهانە لە بەرزکردنەوەی قورسایی، بەڕێگای پارا ئۆلۆمپی بەشداری دەکات، ناتوانێت بە تەنها بەشداری بکات، بۆیە پێشنیاری من ئەوەیە (على الحكومة دعم اللجنة البارا اولمبية في مشاركة البرامج الرياضية والوطنية والدولية)، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، جەنابی وەزیر فەرموو.

بەڕێز د. ئاسۆس نەجیب/ وەزیری کاروکاروباری کۆمەڵایەتی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

سەبارەت بەم ماددەیە، بێگومان من شانازی بە (کۆڤان) دەکەم لەبەر ئەوەی لە لایەن پارا ئۆلۆمپیەوە هاتووەو زۆریش چالاکەو پاڵەوانێکی جیهانیشە، بەڵام لێرەدا ئێمە دەعمەکە دەبێت دیاری بکەین، ئایا بەرنامەکان لە داخڵی کوردستانە، یان ئەو کاتانەی کە سەفەر دەکەن، چونکە دیارە سەفەرەکانیش بودجەی پێویستی خۆی هەیە، ئەمەش هەر دەبێت بچێتەوە سەر سندووقەکە، ئەگەر لێرە باس بکرێت، دەبێت باسی ئەوەش بکرێت کە ئەو دەعمە لەکوێوە وەردەگرن؟ سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، بەڕێزان، ئێستا گفتوگۆ لەسەر ماددەی (24) تەواو بوو، ئەچینە سەر ماددەی (25) لیژنەی کاروبارکاری کۆمەڵایەتی فەرموو.

بەڕێز تارا تحسين ياسين:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

المادة (25): يعفى المعاقون من اجور دخولهم الى الاماكن الرياضية والثقافية والترفيهية والاثرية (الحكومية) وخصم نسبة 50٪ من اجور الدخول الى الاماكن الخاصة.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

لیژنەی هاوبەش تکایە ڕەئیتان.

بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

لیژنەی هاوبەش صیاغەی ماددەکەی بەم شێوەیە کردووە، (یعفى المعاقون من اجور دخولهم الى الاماكن الرياضية والثقافية والترفيهية والاثرية الحكومية)، لەبەر ئەوەی ناتوانین ئیلزامی کەرتی تایبەت بکەین، کە پارە وەرنەگرن لە کاتی چوونە ژوورەوەیان بۆ ئەو جێگایانە، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

بەڕێزان، کێ دەیەوێت لەسەر ماددەی (25) مودا‌خەلە بکات؟ ناوتان دەنووسم، ئەم بەڕێزانە دەیانەوێت قسە بکەن، ڕێزداران (سیوەیل عوسمان، تارا ئەسعەدی)، کەسی تر هەیە؟ نییە، سیوەیل خان فەرموو.

بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بەنیسبەت ماددەی (25) منیش هاوڕام لەگەڵ ڕاپۆرتی لیژنەی هاوبەش، کە (یعفى المعاقون من اجور دخولهم الى الاماكن الرياضية والثقافية والترفيهية والاثرية الحكومية)، تەنها ئەوەندە بێت، ئەمە یەك دووەم/ ئەگەر هەر سێ ماددەکەش بکرێتەوە یەك ماددە (23و 24و 25) بەفەقەرە (یەکەم و دووەم و سێیەم)، پێم باشە وابێت، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، ڕێزدار تارا ئەسعەدی، فەرموو.

بەڕێز تارا تحسین ئەسعەدی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

وەڵڵا من لەگەڵ ئەوەدام کە ئەو کەمئەندامە لێرەوە بۆ قەڵات بڕوات، بەس تەماشای جێگایەکی ئەسەری بکات، بۆ نموونە، کاتێك وای لێ بێت لە 50٪ی شتێك لێی کەم بکەیتەوە، ئەگەر ئەو حاڵەتێکی وا باش بێت وەکو هەر مرۆڤێکی ئاسایی، من لەگەڵ ئەوەدام کە بەم شێوەیە تەعامولی لەگەڵ بکرێت، بەڵام ئەگەر تەماشای بکەین وەکو یارمەتیەك بۆ ئەو کەسانەی کە هەم تەرویحێکە، کە ئێمە لەگەڵ تەرویحداین، لەگەڵ وەرزشین، لەگەڵ ئەو شتانەداین، کە خۆیانیان بێر بچێتەوە لەلایەنی دەروونیەوە، ئەویش بە سەردان کردنی ئەو شوێنانە، وابزانم ئەگەر خاوەن کارێکیش بێت، ئێمە پێشێلی ناکەین لەلایەنێك، ئەویش حەز ئەکات بەشێکی بۆ خێر بێت، یان بۆ چاکە بێت، ئەم بەشە با بۆ ئەو کەمئەندامانە بێت، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، جەنابی وەزیر فەرموو.

بەڕێز د. ئاسۆس نەجیب/ وەزیری کاروکاروباری کۆمەڵایەتی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

سەبارەت بەم ماددەیە، ئێمە دوێنێ موناقەشەمان کردووە، بۆمان دەرکەوت ئێمە لەم کاتەدا ناتوانین پرۆژەکانی کەرتی تایبەت، مولزەم بکەین بەوەی کە کەمئەندامێك بڕواتە ئەوێ کرێی ئەو یارییانەی لێ وەرنەگرێت، یاخود هەر پرۆژەیەکی تر بێت، بەڵام ئەم ماددەیەی کە دەڵێت (یعفی المعاقون)، ئەوانەی کە سەر بە حکومەتن پشتگیری ئەم ماددەیە دەکەم، زۆریش پێویستە کە ئیعفا بکرێن لە هەر کرێیەك کە لێیان وەردەگیرێت، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

بەس ئەگەر بەقانون دەربکرێت، پێش ئەوەی ئەو کەرتە تایبەتە بدرێت بە شەخصێك، ئەتواندرێت بڵێین کەوایە و ئەویش قبوڵی بکات، بۆ جەماوەر بێت ئەوە دەکرێت، ئێستا موناقەشە لەسەر ماددەی (25) تەواو بوو، بۆ ماددەی (26)، لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی فەرموو.

بەڕێز تارا تحسین ئەسعەدی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

الفرع السابع

احكام ضريبية خاصة بالمعاق

المادة (26):

تعفى جميع التجهيزات والمواد التعليمية والطبية و وسائل المساعدة والآلات والأدوات الخاصة بالمعاقين وقطعها و وسائل النقل الفردية والجماعية الخاصة بالمعاقين المستوردة من جميع الرسوم الجمركية والضرائب، على ان تعود منفعة الأعفاء لصالح المعاق وان لا تستغل للمتاجرة بها.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

لیژنەی هاوبەش، فەرموو.

بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

ئێمە لە لیژنەی هاوبەش پێشیناری ئەوەمان کردووە ئەو ماددەیە ئیلغا بکرێت، هەتا ئیستغلال نەکرێت کەرتی تایبەت ئەو کەسانەی مەوادو موستەلزماتی توبی دێنن عەفو نەکرێن لە زەریبە، بەو مەبەستەی کە موتاجەرە بەو وەزعە نەکەن، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

بەڕێزان، کێ دەیەوێت لەسەر ئەم ماددەیە قسە بکات؟ ناوتان دەنووسم، ئەم بەڕێزانە دەیانەوێت قسە بکەن، ڕێزداران (کوێستان محمد، بەشیر خەلیل، سیوەیل عوسمان، فازڵ بەشارەتی، تارا ئەسعەدی) کەسی تر ماوە؟ نییە، کوێستان خان، فەرموو.

بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

من لەگەڵ مانەوەی ئەم ماددەیەم، هەموومان دەزانین کە ئەدەواتی تووبی زۆر گرانە لەم وڵاتەدا، دەکرێت ئەو باجە ڕێك بخرێت بەشێوەیەك، کە ئیستیفادەی لێ نەکرێت، من نموونەیەك دێنمەوە، ئێستا ئەوانەی نابیستن، نەشتەرگەرییەکیان بۆ دەکرێت جیهازێکیان بۆ دادەندرێت (12) هەزار دۆلاری تێدەچێت، لەبەر ئەوەی جیهازەکە گرانە، بەڵام ئەگەر لەو زەریبەیە عەفو بکرێت حەتمەن زۆر کەمتری تێ دەچێت لەوە، کە ئەمە پارەیەکی زۆرە بۆ خەڵکی هەژار، بۆیە ناکرێت لەبەر ئەوەی ئیستغلال نەکرێت، ئەو ئەرکە گرانە بخرێتە سەر خەڵکی کەمئەندام، بەس ئەکرێت بەشێوەی تەعلیمات لەڕێگای وەزارەتی داراییەوە ئەوە ڕێك بخرێت کە ئیستغلال نەکرێت، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

زۆر ڕاستە دەست خۆش، دکتۆر بەشیر، فەرموو.

بەڕێز د. بشیر خلیل توفیق:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

منیش ڕام ئەوەیە کە ئەو ماددەیە بمێنێتەوە، لەبەر ئەوەی یارمەتیەکی باش بۆ ئەم چین و توێژە دەستەبەر دەکات، بەتایبەتی لە مەسائیلی عیلاجی و لە مەسائیلی نەقڵدا، هەتا جاری وا هەیە بۆ سەیارەش دەکرێت، کە مواصەفاتی خاصیان بۆ بێت، بۆ ئەوەی لەلایەن خەڵکانێکەوە قۆرخ نەکرێت میکانیزمێیکی بۆ دابندرێت بەشێوەیەك کە غەیری کەمئەندام ئیستیفادەی لێ نەکات، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، ڕێزدار سیوەیل خان، فەرموو.

بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بەنیسبەت ئەو ماددەیە پێم باشە لابرێت، لەبەر چی؟ ئەگەر ئەو تەجهیزاتەو مەوادی تووبی حکومەت دەیهێنێت باجی لەسەر نییە، ئەگەر ڕێکخراوی خێرخوازی دەیهێنێت هەر باجی لەسەر نییە، ئەگەر کەسێکی خێرخوازە بۆ خۆی ئامادەیە بیهێنێت با عەفو بکرێت لە باجەکەی، بەڵام جاری وا هەیە بازرگانێك دەیهێنێت لەوانەیە لەوێ بە 20 دۆلار یان 30 دۆلار بیکڕێت، کەچی لێرە بە 100 دۆلار دەیدات بەخەڵکەکە، مادام بۆ بازاڕی ئازادە، مادام بۆ فرۆشتن دەیهێنێت، با باجی لەسەر بێت، بەڵام ئەگەر بۆ خێرو خێراتە دابەشی دەکات و پارە لە کەس وەرناگرێت، ئەو کاتە دەتوانێت ئیعفا بکرێت لە باجەکەی،

تاکو بازرگانەکە ئیستیفادەی لێ نەکات، ئەگەر بۆ بارزگانی کردنە ئەوە حەقە باجی لێ وەربگیرێت، چونکە ئەو کەسەی کە دەیهێنێت کەسێکی معەوەق نییە، بەڵکو کەسێکی ئاساییە، بازرگانە، دەوڵەمەندە، بـۆ ئیعفا بکرێت لە رسوم و گومرگ، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، ڕێزدار فازل بەشارەتی، فەرموو.

بەڕێز فاضل محمد قادر(بەشارەتی):

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

هەرچەند لە ماددەی 25 و 26 یەك مەفهوم هاتووە، هەر باسی لێبووردن دەکات بۆ کەمئەندام، بـە بـڕوای من ئەو پێداویستیانەی کە باسی هەڵگرتنی باج ئەکات بۆ کەمئەندام، من ڕەئیم وایە ئەوە بخرێتە ئەستۆی وەزارەتی تەندروستی کە ئەو، ئەو پێداویستیانە بۆ کەمئەندامان بهێنێت، ئەگەر لێرەدا مەبەست ئەوە بێت کەمئەندام سوودێك وەربگرێت، بە بڕوای من ئەو هەڵگرتنی باجە لەسەر کەمئەندام وای لێبکرێـت، ئەگـەر کەمئەندامێك ویستی لە پێناوی کەمئەندامی خۆیدا سوودێك وەربگرێت لە کاری بازرگانیدا ئەو هـەڵگرتنی باجە بکەوێتە سەر ئەو کاری بازرگانییەی کە کەمئەندامێك بیەوێت بۆ خۆی بیکات، تا سوودێکی زیـاتر بـە دەست بهێنێت، چونکە زۆر کەمئەندام هەیە کەسابەت ئەکات، من پێشنیار دەکـەم هێنـانی پێداویستیەکان بۆی بکەوێتە ئەستۆی وەزارەتی تەندروستی، یان پەروەردەو خوێنـدنی بـاڵا، چـونکە ئـەو خاڵانـەی تێدایـە، هەڵگرتنی باجەکە لە بواری کەسابەتی کەمئەندامدا بەکار بهێندرێت، نەك لەوەدا، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، ڕێزدار تارا ئەسعەدی، فەرموو.

بەڕێز تارا تحسین ئەسعەدی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

منیش پشتگیری خۆم لە کاك فازل دەکـەم، هـەر هـەمان فکـرەم هـەبوو، زیـاتر وەزارەتـی تەندروسـتی بەمـە هەڵبستێت، بەشەکەی وەزارەتی کاریش هەر مەوجود بێت و زیـاد بکرێـت، بـەڵام ئەگـەر لابردنـی بـاج هـەر خۆی ئەگەر کورسیەکی معـەوەق بهێنێـت ئـەو تـاجرە، نـازانم ئەیـدا ت بـەکێ؟ ئایـا دەیـدات بـە سـاغ؟ هـەر هەموو کاتێك ئەوەی کە ئەیکات ئیشەکەی بۆ خزمەت کردنە، ئەمەش بۆ هەر شتێك کە ئێمـە دەیڵێین بـە موتاجەرە کردن، یان شتێك کە ڕێگای لێ بگرین، لە ئیشێکی زۆر باش، خەڵك هەیـە ئەوەنـدە پـارەی هەیـە بڕواتان هەبێت ئەندامانی بەڕێز، داوامان لێ دەکرێت کە ئێمە چۆن بتوانین لە دەرەوەی ولاتـەوە شـتان بـۆ بنێرین، خەڵکی کەسین، ئەوەی کە بە تاکە کەسێك زۆرجار دەیکات، من قەت لەگەڵ ئـەوەدا نـیم قازانجێـك بکرێت بەشێوەیەکی فاحش بۆ شتێك کە ناخۆش بێـت، بەڵام ئەم شتە شتێکی باشە، ئەگەر موتاجەرەکە بۆ خزمەتی کەمئەندام بێت با ئەمە مەوجود بێت بۆ ئەو کەسە خێرخوازانەی تاك، تـاك ئـیش دەکـەن بـەڵام بەخۆی باجی لەسەر نییە، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

جەنابی وەزیر ڕئیت؟ فەرموو.

بەڕێز ئاسۆس نجیب/ وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

دەکرێ سیاغەی ماددەکە بەو شێوەیە بێ، کە لە باج و گومرگ ئەو کەلوپەلانە ئیعفا بکرێن، کە بۆ بەکارهێنانی تایبەتیە و کەمئەندامە بێت، واتا بەکارهێنانەکەی سنووردار بکرێ بە کەمئەندامەکە خۆی، ئەو کاتە دەکرێ یارمەتی بدرێ لەلایەن وەزارەتی داراییەوەو بە ئیعفا کردنی لەو باج و رسوماتانە، بەڵام فراوانتر بێت، ئەوە دیارە ساختەیی تیا دەکرێ، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

بەڕێزان، لەسەر ئەو ماددەیەش گفتوگۆ تەواو بوو، ئێستا دەچینە سەر ماددەی (27) لیژنەی کاروبار فەرموو.

بەڕێز تارا تحسین ئەسعەدی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

المادة (27):

يتم انشاء صندوق لرعاية وتأهيل الاشخاص المعاقين ودعم المشاريع الخاصة بهم وباشراف الوزارة وينظم ذالك بنظام.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

لیژنەی هاوبەش ڕەئیتان؟ کاك عونی فەرموو.

بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

ئێمە لە ڕاپۆرتی لیژنەی هاوبەش پێشنیارمان کردووە ئەو ماددەیە ئیلغا بکرێت، لەبەر ئەوەی گواستراوەتەوەو بۆتە بڕگەیەك لە ماددەی پێنجەمی یاساکەدا، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

بەڕێزان، کێ دەیەوێ لەسەر ماددەی (27) مداخەلە بکات؟ کەس نییە، زۆر سوپاس، بۆ ماددەی (28) لە فەسڵی چوار لیژنەی کاروبار فەرموو.

بەڕێز تارا تحسین ئەسعەدی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

الفصل الرابع

احكام عقابية

المادة 28:

مع عدم الاخلال بأية عقوبة اشد ينص عليها قانون العقوبات أو أي قانون اخر يعاقب بغرامة لاتزيد عن (500,000) خمسمائة الف دينار كل شخص يرفض دون عذر مقبول تشغيل المعاق الذى ترشحه الجهة المختصة للعمل لديه وفقا لاحكام هذا القانون مع عدم الاخلال بحق المعاق مراجعة المحاكم المختصة للمطالبة بالتعويض.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

لیژنەی هاوبەش فەرموو.

بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

لە ڕاپۆرتی لیژنەی هاوبەش پێشنیار کراوە کەوا ئەو ماددەیە ئیلغا بکرێ، لەبەر ئەوەی سیاغەکەی بە وەزعەك هاتووە، كە ئێستا دەیخوێنمەوە (مع عدم الاخلال باية عقوبة اشد ينص عليها قانون العقوبات أو أي قانون اخر يعاقب بغرامة لا تزيد عن (500,000) خمسمائة الف دينار كل شخص يرفض دون عذر مقبول تشغيل المعاق الذى ترشحه الجهة المختصة للعمل لديه وفقا لاحكام هذا القانون).

واتا کەرتی تایبەت مەبەستە لێرە (وكل شخص) ناتوانی ئیلزامی کەسان بکەی بە بەکارهێنانی موعاق لەو شوێنەی کە خۆی بەنیاز نییە بەکاری بهێنێ، واتە چۆن عقوبەی لەسەر دابنێین؟ زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

بەڕێزان، کێ دەیەوێ لەسەر ماددەی (28) موداخەلە بکات؟ تەنها یەك کەس، کوێستان خان فەرموو.

بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

ڕاستە ئەمە شاملە وەك ئەوەی كاك عەونی باسی کرد، بەس دەکرێ بە سیاغەیەکی دیکە، چونکە هەندێ جار کەمئەندام بەکاردەهێندرێن بۆ هەندێ کار بەداخەوە هەندێ جار عەفو سوالیان پێ دەکرێ، یەعنی دەکرێ ئەمە عقوبەیەکی لەسەر دابندرێ، نەك بەم شێوە شمولیە، بە شێوەیەکی تەسکتر کە ئەوە عقوبەیەکی لەسەر بێ و، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

جەنابی وەزیر؟ فەرموو.

بەڕێز ئاسۆس نجیب/ وەزیری کارو کاروباری کۆمەلایەتی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

لەوانەیە لەم کاتە ئێمە نەتوانین ئەو ماددەیە بەو شێوەیە جێ بەجێ بکەین، لەبەر ئەوەی ئێستا خۆمان کێشەمان لەگەڵ پرۆژەکانی کەرتی تایبەت هەیە، سەبارەت بە کارپێکردنی، یاخود فورسەی تەشغیلی بۆ

کرێکاری خۆمالّی خۆمان، که له یاساکانیشدا هاتووه، دەبینین هەموو خاوەن پرۆژەیەك رێژەیەکی دیاری کراو له کرێکاری خۆمالّی بخاتە سەر کار، بەلاّم ئێمە کێشەمان هەیە لەگەلّ ئەو پرۆژانە، دیارە ئێمە دەتوانین له کاتێکدا که له یاسای کاردا بتوانین جێ بەجێی بکەین، بەلاّم لەم پرۆژەیە، لەوانەیە بۆمان نەکرێت، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

بەڕێزان، موناقەشە لەسەر ماددەی (28)یش تەواو، دەچینە سەر ماددەی (29)، لیژنەی کاروباری کۆمەلاّیەتی فەرموو.

بەڕێز تارا تحسین ئەسعەدی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

المادة (29):

يعاقب بالحبس مدة لاتزيد على (3) ثلاثة اشهر وبغرامة لا تتجاوز (250,000) مئتان وخمسون الف دينار أو باحدى هاتين العقوبتين كل شخص يلزم برعاية المعاق ايأ كان مصدر هذا الالتزام، ويهمل في القيام بواجباته أو في اتخاذ مايلزم لتنفيذ هذه الواجبات وتكون العقوبة الحبس مدة لاتزيد على سنة وبغرامة لاتتجاوز (1,000,000) مليون دينار او بأحدى هاتين العقوبتين اذا ترتب على هذا الاهمال الحاق ضرر بالمعاق.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

لیژنەی هاوبەش ڕەئیتان؟ فەرموو.

بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

پێشگیری له ماددەکە دەکەین، وەکو ئەوەی له پرۆژەی حکومەتدا هاتووە، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

بەڕێزان، کێ دەیەوێت لەسەر ئەو ماددەیە قسە بکات؟ ناویان دەنووسین، ئەو بەڕێزانەی کە دەیانەوێ موداخەلە بکەن، ڕێزداران (ئاشتی عزیز، د.بشیر، ناسك تۆفیق، د.ڕۆژان دزەیی، تارا ئەسعەدی، فاضل بەشارەتی)، کەسی تر هەیە؟ نییە، ئاشتی خان فەرموو.

بەڕێز ئاشتی عزیز صالح:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

سەبارەت بە ماددەی (29)، کە لە داڕشتنەوەی دەقەکەدا دەبینین نووسراوە هەر کەسێك چاودێری کەمئەندام دەگرێتە ئەستۆ جا سەرچاوەی ئەو گرتنە ئەستۆیەی هەرچیەك بێ و بە سێ مانگ بەند کردن و دواتر هاتۆتە خوارەوە، واتە تا نیوەی دەقەکە دەڕۆین کەمتەرخەمیەکە باس نەکراوە، کە تەنها باس لە عەمەلیەی گرتنە خۆ دەکات، کە ئەو کەسەی ئەرکی ئەوی گرتۆتە ئەستۆ، پێویستە وشەی کەمتەرخەمی

بێته پێشەوە، چونکە ئەحکامەکە ئەحکامێکی سزاییە، یەکسەر سەرپێچییەکە بێتە بەرچاومان لە کاتی داڕشتنەوەی دەقەکەدا، بۆیە وشەی کەمتەرخەمی دەبێ بێتە پێشەوە، نەك تا ناوەڕاست بڕۆین وئینجا لە مەفهومی حوکمە سزاییەکە تێ بگەین، سەبارەت بە ناوەڕۆکی بابەتە یەعنی هەدەفەکەی چیە، زۆربەی ئەو کەمئەندامانە لە کوردستاندا کە ئەم یاسایە بۆ ئەوانە خەڵکانێکن لەڕێگای خێزانەکانیانەوە گرتنە ئەستۆکەیان دەکرێتە بەردەم، ئایا ئەم حوکمە سزاییە خۆی نابێتە هۆی ئەوەی کە گرفتێکی گەورە تر بۆ ژیانی معەوەق دروست بکات؟ جارێکی تر خێزان هەڵبوەشێتەوە، ئایا ئەو کەمئەندامە پشت دەبەستێ بە چی کە بتوانێ بیسەلمێنێ کە ئەم کەسە لەناو خێزانەکەی خۆیدا کەمتەرخەم بووە؟ کە لەوانەیە زۆر فشاریشی لەسەر بێ لەڕووی دەروونی و جەستەییەوە نەتوانێت داکۆکی لە مافەکەی خۆی بکات، چونکە کەسێکی بێ دەسەڵاتە، یان ژیانی بەرەو خراپتر دەڕوات، بۆیە بەبڕوای من ئەم میکانیزمە خێزان لە هەرێمی کوردستاندا بەرەو هەڕەشەیەکی ترسناکتر دەبات، نەك ژیانی کەمئەندامەکە تێك دەچێ، هەڕەشەیە بۆ سەر ژیانی هەموو ئەو خێزانانەی کە کەمئەندامیشی تیایە، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

د.بشیر فەرموو.

بەڕێز د.بشیر خلیل حداد:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

من پێشنیار دەکەم کە فەقەرەیەك لەو ماددەیە زیاد بکرێ و ببێتە فەقەرەی دووەم، بۆ دانانی ئەو سزایەی کە لە ماددەکانی پێشوو باسمان کردبوو، بۆ ئەو بینایانەی کەوا مواسەفاتی تایبەت بە کەمئەندامانی تێدا نییە، گوتمان لە ئەحکام عیقابی دایدەنێین، بۆیە لێرە پێویستە لە فەقەرەیەکدا ئەمە ئیزافە بکرێ، ئەو بینایانەی کەوا مواسەفاتی کەمئەندامانی تێدا ناکرێ، من ئیقتراح دەکەم کە بە غەرامەیەکی ماددی، تەنها ماددی بێت کە لە دە ملیۆن دینار کەمتر نەبێ و ئەوانە سزا بدرێن، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

ناسك خان فەرموو.

بەڕێز ناسك تۆفیق عبدالکریم:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

وەڵاهی دیارە ڕەئیەکەی من بەڕێز کاك د.بشیر وتی، منیش پشتگیری لە ڕایەکەی دەکەم، هەر لە ئەوەڵی موناقەشاتەوە هەم جەنابی وەزیر، هەم زۆربەی ئەو بەڕێزانە ئیشارەتیاندا بەوەی ئێمە گرفتمان لەگەڵ ئەو مەشاریع و پرۆژانە هەیە کە دەکرێ و زۆر جار مواسەفاتی معەوەقی تیا نییە، بەڵام لێرە هاتووین بەس باسی ئەو ئەشخاسانەمان کردووە، کە خۆیان ماندوون بە دەست خزمەتکردنەکەوە، عقوبەمان بۆ ئەوان داناوە ئەوانمان بیر چووە، بەڕاستی من پێم باشە ئەوە بکەین بە یەکەم، عقوبەیەك دیاری بکەین،

ئـیتر ئـەوە لیژنـەی یاسـایی زیـاتر شـارەزان، عقوبەیـەك دیـاری بكرێـت بـۆ ئـەو پرۆژانـەی كـە دەكـرێ و مواسەفاتی بەپێی ئەم یاسایە تیا نییەو، سوپاس.

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:

زۆر سوپاس، رێزدار د.ڕۆژان فەرموو.

بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.

منیش پێشنیاری ئەوە دەكەم كە سزای حەبس لێرە سزایەكی تونـدە و لابـبردرێ، تـەنها سـزای غەرامـە بمێنێتـەوە، جگـە لـەو مووچـەیەی كـە لـە مـاددە ی نـۆ ئێمـە گفتوگۆمـان لەسـەری كـرد، كـە ئـەو كەسـەی چاودێری كەسێكی خاوەن پێداویستی تایبەتی دەكات لەلایەن حكومەتەوە مووچەیەكی بـۆ دابـین دەكرێـت، كە بە ئەركی خۆی هەڵنەستا مووچەكەی لێ ببڕێ، جگە لەو غەرامەی لەسەری فەرز كراوە، تـەنها سـزایەكە ماددی بێ و حەبسی تێدا نەبێ، لەبەر ئەو هۆیانەی كـە ئاشـتی خـان ڕوونـی كـردەوە كەسـوكاری یـەكن كـە چاودێری یەك دەكەن، پێویست ناكات ئەو سزایە تونـدەیان لەسـەر فەرز بكرێـت، سوپاس.

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:

تارا خان فەرموو.

بەڕێز تارا تحسین ئەسعەدی:

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.

من لە ماددەی (29) ئیزافەی یەك شت دەكەم، لەگەڵ ئەوەم كە سزاو غەرامەكـە بمێنـێ لەبەرچـی؟ ئەگـەر ئێمە ئیزافەی ئەوە بكەین، نـەك تـەنها ئاگایـان لـە موعاقەكـە نـەبووە، بـەڵكو هەنـدێ دایـك و بـاوك هەیـە ئیستغلالی منداڵەكانیان دەكەن كە معەوەقە بۆ سوالّ كردن لەسەر جادەكان، لەبەر ئـەوە ئیزافـەی (وتجـریم الاباء) لێرەدا كە دەڵێی (یلزم برعایة المعاق وتجریم الاباء والامهات الذین یقومون باستغلال ابناءهم المعـاقین فی التسول مقابل الحصول علی الاموال)، نەك هەر دایك و باوكەكان زۆر جار غـەیری ئـەوانیش لەسـەر لای مرورەكان دەبینن، لەسەر ترافیك لایتەكان، لەسەر عەرەبانەیەك دانـدراوە موتاجـەرە بـەو منداڵـە موعاقـە دەكرێ، یان بە سالّەها لە باوەشیاندا دەرزیەكی مورفینـەو شتێكی موخەدەری دەدەنێ من تێ ناگـەم لەگـەڵیا تێكەڵی دەكەن، هەم موعاقە و، هەم كـاری ناخۆشـی پـێ دەكـرێ، لەبـەر ئـەوە ئەگـەر ئیزافـەی ئـەو دایـك و باوكانەی كە ئیستغلالی منالّی موعاق دەكەن ئیزافە بكرێ لەو حالّەتە دەبێ سزاو پارە بێت، ئەگەر هەر ئاگا لێ بوون بێ با لەگەڵ پارەكە بێ، بەس ئەگەر ئیزافەی ئەوە بكرێت شتێكی باشە، سوپاس.

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:

كاك فاضل فەرموو.

بەڕێز فاضل محمد قادر (بەشارەتی):

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.

من پێموایە لە ماددەی نۆ هەمان مەفهوم هاتووە، چونکە لەوێ دەڵێی خۆتەرخان کردن و لێرە دەڵێ چاودێرێك، ئەگەر هەردوو ماددەکە یەك نەخرێت بە بۆچوونی من لێرە باسی ئەو هەموو ئیجرائاتە دەکات لەسەر ئەوەی کە کەمئەندامێك بەخێو دەکات، من پێموایە ئەگەر وارسی کەمئەندامەکە نەبێ، وابزانم غەرامەکەی زیادەیەکە دەکرێ، چونکە کەسێکی تر ناچێ خزمەتی کەمئەندامێك بکات، بەڵام ئەگەر وارسەکەی بوو، بەڵام من لێرە پێشنیارم هەیە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ئەو کەسەی کە تەرخان دەکرێ بۆ ئەوکەسانەی کە زۆر کەمئەندامن و پێویستی پێیەتی بخرێتە ئیختیاری کەمئەندامەکە خۆی کەسێك ئیختیار بکات بۆ خزمەت کردنی، نەك لێرە بە کۆت و بەند کەسێك تەرخان بکرێت بۆ خزمەت کردنی کەمئەندام.

یەك خاڵی تر، پێشنیار دەکەم ئیزافە بکرێ هەر لەم یاسایە، مادام ئەم یاسایە بۆ خزمەتی کەمئەندام دەردەچێ پێشنیار دەکەم سواڵ کردنیش قەدەغە بکرێ لەسەر شەقامەکانی کوردستان، چونکە ئەو هەموو خزمەتگوزاریە بۆ کەمئەندام پێشنیار دەکرێ، لە هەمان کاتدا لەسەر شەقامەکانی ئێمە کوردن، یان غەیرە کوردن پڕن لە سواڵ کردن، بۆیە دیمەن و دیاردەیەکی زۆر ناشیرینە، پێشنیار دەکەم ئەوەشی ئیزافە بکرێ و نەمێنێ، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، بۆ سواڵ کردن یاسایەکی تایبەت بە خۆی هەیە، زۆر سوپاس، جەنابی وەزیر، فەرموو.

بەڕێز ئاسۆس نجیب/ وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

من پشتگیری لەو ماددەیە دەکەم، بەڵام بە بڕگەیەکی دیکە ئەو سزایە زیاد بکەین لەسەر ئەو خاوەن پرۆژانەی کە ڕەچاوی باری کەمئەندامان ناکەن لەکاتی جێ بەجێ کردنی پرۆژەکانیان، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

زۆر سوپاس، بەڕێزان ماددەی (29) تەواو، ئێستا دەچینە سەر ماددەی (30) فەرموو.

بەڕێز تارا تحسین ئەسعەدی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

الفصل الرابع

احكام ختامية

المادة (30):

اولاً: على الوزارة توعية المواطنين بحقوق المعاقين والعمل على تقديم العون اللازم لهم وحسن معاملتهم واندماجهم فى المجتمع.

ثانياً: للوزارة وبالتنسيق مع الوزارات المختصة تقديم الخدمات والتسهيلات والحوافز للمعاقين.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

لێژنەی هاوبەش ڕەئیتان؟ فەرموو.

بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

لێژنەی هاوبەش پشتگیری لە ماددەکە دەکات، وەك ئەوەی کە خوێندرایەوە.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

بەڕێزان، کێ دەیەوێ موناقەشە بکات لەسەر ئەو ماددەیە؟ ئەم بەڕێزانە دەیانەوێ مواخەل بکەن، ڕێزداران (ئاشتی عزیز، سیوەیل عثمان، شلێر محی الدین، ناسك توفیق)، کەسی تر ماوە؟ نییە، ئاشتی خان فەرموو.

بەڕێز ئاشتی عزیز صالح:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

سەبارەت بەم ماددەیە، لێرەدا سەرەتاکەی ئاماژە کراوە تەنها بە یەك وەزارەت، پێویستە بکرێتە سیغەیەکی جەمع تەواوی وەزارەتەکان، چونکە تەنها وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی نییە کە هەڵدەستێ بە ئەرکی وشیار کردنەوە، یان تەئهیل کردنەوەی کەمئەندام، بۆ ئەوەی جارێکی تر تێکەڵ بێتەوە بە کۆمەڵگا، وەزارەتەکانی ڕۆشنبیری و پەروەردە و وەزارەتی ناوخۆش، کە کۆنتاکتی ڕاستەوخۆی هەیە لەگەڵ هاوولاتیاندا، ئەمانەش دەبێ وشیار بن سەبارەت بە شێوازی مامەڵە کردن لەگەڵ کەمئەندامان، لە کۆتایی بڕگەکەدا هاتووە، پێویستە مامەڵەی چاك لەگەڵ کردنیان، ئەمە جۆرێك لە خێرە، یەعنی جۆرێك لە موڕاعات کردنە، کە ئەم سیغەیە لابڕێ موعامەلەی چاك، پێویستە سیغەکە بگۆڕێ بە سیغەی ڕێزگرتن، چونکە ئەمە شتێك نییەو، بەخشینێك نییە بۆ کەسی کەمئەندام، تەنها ڕێزگرتنە لە پرەنسیپەکانی مافی مرۆڤ، ڕێزگرتنە لە مافەکانی، بەڵام مامەڵەی چاك دەبێتە شێوازێك لە هاوکاری کردن، یان موڕاعات کردن، کە پێویستە ئەو سیغەیە هەڵبگیردرێ، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سیوەیل فەرموو.

بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بەنیسبەتی ئەو ماددەیە هەمانە (ثانیا/ للوزارة وبالتنسیق مع الوزارات المختصة)، من پێم باشە بکرێتە (للوزارة وبالتنسیق مع الجهات ذات العلاقة)، لەبەر ئەوەی جاری واهەیە وەزارەت پەیوەندی تەنها بە وەزارەتەکانەوە نییە، شوێنی دیکەشی هەیە، پەیوەندی پێوە هەیەو، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

شلێر خان فەرموو.

بەڕێز شلێر محی الدین صالح:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

سەبارەت بەو ماددەیە، کە دەڵێ (علی الوزارة) دەبێ ببێتە (علی الوزارات)، چونکە لە ئەستۆی هەموو وەزارەتێکە ئەو تەوعیە کردنە، (بحقوق المعاقین والعمل علی تقدیم العون اللازم لهم) ئەو بەزەیی پێهاتنەوە ئێستا ئەوە هەر مۆدێلی نەماوە لە دنیا بەچاوی بەزەیی پێ هاتن تەماشای خاوەن پێداویستی تایبەت بکەیت، بەڵکو بە کەسێکی وەکو خۆمان تەماشا بکەین و هەموو ماف و حقوقێکی هەبێ، بۆیە لێرە باسی تەوعیە دەکات، لە ماددەی پێنجیش هەمان شت باسی تەوعیە دەکات، ئەوە زۆر زۆر گرنگە تەوعیەی موجتەمەع بکرێ و بە ئیندیماج کردنی، یان بە تێکەڵ کردنیان بە موجتەمەع، بەڵام ئەوە یان لە ماددەی پێنج بە باشی سیاغە بکرێ و ئەوانە هەمووی بگرێتەوە، یان لێرە پێویست ناکات دووبارە بکرێتەوە، هەردوو ماددە باسی تەوعیە کردن دەکەن و بکرێتە یەک ماددە باشترە، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

ناسك خان فەرموو.

بەڕێز ناسك تۆفیق عبدالکریم:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

دیارە منیش هەر لەسەر ئەوە مولاحەزەم هەیە، کە دەڵێ (علی الوزارة توعیة المواطنین) من پێموایە ئەگەر بکرێت تەنها ئەو وەزارەتە نییە، ئەمە یەک.

دوو/ ئێمە دەوری ڕێکخراوەکانی موجتەمەعی مەدەنی و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و دەزگاکانی مافی مرۆڤمان تەهمیش کردووە بەپێی ئەمە لە مەسەلەی تەوعیە، کە من پێموایە ئەوان دەوری ئەساسی دەبینن لە مەسەلەی تەوعیە کردن، چ ئەوان و چ کەناڵەکانی ڕاگەیاندن، جا من پێموایە ئەگەر لێرە بیکەین بە (علی الوزارة وبالتنسیق مع الجهات المختصة من منظمات المجتمع المدنی)، یەعنی شتێکی لەو نەوعە بۆ تەوعیە کردن، بۆ ئەوەی ئەرکەکە تەنها یەک وەزارەت بە ئەرکی خۆی نەزانیوەو، ئەو مافە لە یاسایەکە بیدەین بە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن، چونکە بەڕاستی چۆن پەرلەمان دەوری تەشریع دەبینێ، وەزارەتەکانیش دەوری تەنفیز دەبینن، پێموایە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن یەکێکن لە هەرە کەناڵە بە قوەتەکان بۆ تەوعیە کردن لەو بوارەو، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

زۆر سوپاس، ڕێزدار جەنابی وەزیر، فەرموو.

بەڕێز ئاسۆس نەجیب/ وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

دەکرێ لەو ماددەیە، لە ماددەی (30) لە جیاتی ئەوەی بڵێین (على الوزارة) بڵێین (على الحكومة عن طريق الوزارات ذات العلاقة)، بۆ نموونە لەڕێگای وەزارەتی پەروەردەوە، تەندروستی و بەو شێوەیە.

سەبارەت بە بڕگەی دوو (للوزارة بالتنسيق مع الوزارات المختصة والجهات ذات العلاقة)، چونکە زۆر جار هەیە ئێمە لە پرۆژەی کەرتی تایبەتدا، یاخود لەڕێگای هەندێ ڕێکخراوەوە، ئێمە هاوکاری کەمئەندامان دەکەین و، ئەم ماددانە هێشتا جێ بەجێ نەکراوە وەکو خزمەتێکی کەم بە کەمئەندامان، لەبەر ئەوەی باڵەخانەکانمان لە فەرمانگەکانی فەرمانگە حکومیەکانمان هیچ ئاسانکاریەك نەکراوە، بۆ هاتوچۆی کەمئەندامان وەکو دەستپێشخەرییەك پێشنیارێکی وەزارەتمان ئێستا لە زۆربەی فەرمانگە حکومیەکان فەرمانبەر هەیە لە پرسگە، تایبەت کراوە بەڕایی کردنی مامەڵەی کەمئەندامان، دیارە دەست خۆشی لە ئەندامانی پەرلەمان دەکەم بۆ ئەو پێشنیارانەو، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس بۆ ئێوەی بەڕێز گفتوگۆ لەسەر ماددەی (30) تەواو، ئێستا دەچینە سەر ماددەی (31) لێژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی فەرموو.

بەڕێز تارا تحسين ئەسعەدی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

المادة (31): تمثل الحقوق والامتيازات الواردة في هذا القانون الحد الادنى لما يتمتع به المعاقين من حقوق فى الاقليم.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

لێژنەی هاوبەش ڕەئیتان؟ فەرموو.

بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

لێژنەی هاوبەش پشتگیری لە ماددەکە دەکات.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

بەڕێزان، کێ دەیەوێ لەسەر ماددەی (31) موداخەلە بکات؟ یەك کەس، هاوڕاز خان فەرموو.

بەڕێز هاوڕاز شێخ احمد:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

ئەو ماددەیە لەلای من بەڕاستی زۆر ڕوون نییە، کە دەڵێ ئەو ماف و تایبەتمەندیانەی کە لەم یاسایەدا هاتوون، لایەنی کەمی ئەو کەمئەندامانەی مافیان لە هەرێمدا، یەعنی چ پێوانەیەکە، ئایا هەموو کەمئەندامان ناگرێتەوەو دواتر لای خۆیان ئەمە تەسنیف دەبێ؟ بۆچی دەڵێ بەلایەنی کەمی ئەو کەمئەندامانەی کە مافیان لە هەرێمدا هەیە؟ من پێموایە دەبێ هەموو کەمئەندامان بگرێتەوەو دوایی تەسنیفەکە لای ئەوانە، کە تەسنیفی دەکەن، پۆلین کردنەکە لای ئەوانە، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

زۆر سوپاس، جەنابی سکرتێر مواخلەی هەیە، فەرموو.

بەڕێز فرست احمد عبدالله/سکرتیری پەرلەمان:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

ئەو مافانەی لەناو قانون هاتوونە، هەتا ئێستا زۆر لەو مافانە معەوەق تەمەتوعی پێ نەکردووە، لەبەر ئەوە بەڕەئی من سیاغەکە بەو شکلە بێت، (تمثل الحقوق والامتیازات الواردة فی هذا القانون الحد الادنی لما یجب ان یتمتع به في ذوي الاحتیاجات الخاصة من حقوق في الاقلیم)، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

زۆر سوپاس، جەنابی وەزیر، فەرموو.

بەڕێز ئاسۆس نجیب/ وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

(تمثل الحقوق والامتیازات الواردة فی هذا القانون)، واتە پرۆژەکە پەسند کرا، ئەمە کەمترین مافە بۆ کەمئەندامان دابین دەکرێت، واتە ئێمە دوای پەسند کردنی ئەم پرۆژەیەش هێشتا لەوانەیە 50٪، یان 60٪ کەموکوڕی و کێشەکانی کەمئەندامان لە کوردستاندا چارەسەر بکەین، بەڵام ئەمە قۆناغێکە بۆ ئەوەی بتوانین لە دوای ئەمەش قۆناغی دیکە بتوانین زیاتر خزمەتی کەمئەندامان بکەین، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

بەڕێزان، گفتوگۆ لەسەر ئەم ماددەیەش تەواو بوو، ئێستا دەچینە ماددەی (32) لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی فەرموو.

بەڕێز تارا تحسین ئەسعەدی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

المادة (32):

اولاً: تصدر الوزارة التعليمات اللازمة فيما يتعلق بدعم تأهيل المعاقين وتشكيل المجلس ومراكز التأهيل وبيان كيفية سير العمل فيها وفقاً للمواصفات الملائمة بما يضمن حسن تمتع جميع المعاقين في الاقليم بحقوقهم.

ثانياً: على الوزير اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ هذا القانون.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

لیژنەی هاوبەش فەرموو.

بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

لیژنەی هاوبەش پێشنیاز دەکات بڕگەی یەکەمی ماددەکە حەزف بکرێت، لەبەر ئەوەی تەشکیلی مەجلیس لە ماددەکانی پێشوو موعالەجە کراوە، دەرکردنی تەعلیمات لەلایەن وەزارەتەوە بۆ هەموو ئامانجی یاسایەکان دەبێ دەربکرێت، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

زۆر سوپاس، سیوەیل خان فەرموو.

بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بەنیسبەت ماددەی (32) لە یەکەم، ئەگەر مایەوە ئیلغا نەکرا، بڵێین (تشکیل المجلس ومراکز تأهیل والایواء)ی تێدا زیاد بکرێت، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

جەنابی وەزیر فەرموو.

بەڕێز ئاسۆس نجیب/ وەزیری کار و کاروباری کۆمەلایەتی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

لەگەڵ لیژنەی هاوبەشدا دانیشتووین، تەنها بەوە ئیکتفا بکەین (الوزیر اصدار التعلیمات اللازمة لتسهیل تنفیذ هذا القانون).

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

زۆر سوپاس، بەڕێزان، گفتوگۆ لەسەر ماددەی (32)یش تەواو بوو، ئێستا دەگەڕێینەوە بۆ ماددەی حەوت، کە تەئجیلمان کرد پێش نێوەڕۆ بەوەی کە وەزیری دارایی بێ، بەڵام بەداخەوە دەستمان نەکەوت و بە هەموومان لێیان گەڕاین، نەبوون، بۆیە ئێستا مەجبورین گفتوگۆی لەسەر بکەین، فەرموون بگەڕێینەوە سەر ماددەی حەوت، لیژنەی کاروباری کۆمەلایەتی فەرموون.

بەڕێز تارا تحسین ئەسعەدی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

المادة (7):

تتكفل الحكومة بتخصيص راتب الحماية الاجتماعية لكل معاق ليس له مصدر كافة للدخل، يرتبط هذا الراتب بدرجة عجز المعاق وعلى النحو الاتي:

اولاً: المعاق الذى بلغت درجة عجزه 60٪ فأكثر، يستحق راتب الحماية والذى يعادل الحد الادنى لراتب الموظف في الاقليم.

ثانياً: المعاق الذى تتراوح درجة عجزه بين 33٪ الى 64٪ يستحق راتب الحماية ويحتسب كالاتى:

راتب الحد الادنى في نسبة العجز
65

ثالثاً: المعاق الذى تتراوح درجة عجزه بين 15٪ الى 32 ٪ يستحق راتب الحماية ويحتسب كالاتي:

راتب الحد الادنى في نسبة العجز
65

رابعاً: يعهد الى مديريات التنمية الاجتماعية تنفيذ احكام الفقرات السابقة.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

لیژنەی هاوبەش ڕەئیتان؟ فەرموو.

بەڕێز عونى كمال سعيد بەزاز:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

لە ڕاپۆرتی لیژنەی هاوبەش کە خوێندمانەوە بەو شێوەیە سیاغەی ماددەکە کراوە، بەڵام زیاتر بەڕای من لیژنەی دارایی مەفروزە تەوزیحاتی زیاتر بدات لەسەر ماددەکە، یان ئەگەر پێشنیارێکیان ئامادە کردبی بخوێندرێتەوە، هەتا گفتوگۆکە لەسەر ئەوە بکرێت، من ئێستا هەر دەیخوێنمەوە بەو شکلەیە:

المادة (7):

تخصص الحكومة مبلغاً شهرياً خاصة لكل معاق بغض النظر عن اي مصدر اخر للدخل ويحتسب على نحو الاتي:

اولاً: المعاق الذى بلغت درجة عجزه (65٪) فأكثر يستحق مبلغاً يعادل الحد الادنى لراتب الموظف في الاقليم.

ثانياً: المعاق الذى تتراوح درجة عجزه بين (35٪ - 64٪) يستحق مبلغاً ويحتسب كالاتي:

راتب الحد الادنى للموظف ×درجة العجز
65

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

بەڕێزان، کێ دەیەوێ لەسەر ئەو ماددەیە قسە بکات؟ نوقتەی نیزامیت هەیە؟ فەرموو.

بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

ئەگەر لیژنەی دارایی قسەی بکردبا باشتر بوو، لەوانەیە کەمتر قسەمان بکردبا..... .

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

باشە ناوتان دەنووسین، دوایی یەکەم قسە دەدەینە ئەو، ئەم ڕێزدارانە دەیانەوێ قسە بکەن، ڕێزداران (فاضل بەشارەتی، دلێر محمود، عبدالسلام بەرواری، خورشید احمد، د.حسن محمد، شێرزاد حافز، ڕێباز فتاح، کوێستان محمد، اسماعیل گەڵاڵی، د.بشیر، سۆزان شهاب، سیوەیل عثمان)، کەسی تر هەیە؟ نییە، کاك د.ئاراس تەوزیحێك بدە پاشان کاك فازل دەست پێ دەکات، فەموو.

بەڕێز د.ئاراس حسین محمود:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.

تەنها تەوزیحێك دەدەین بەشێوەیەکی موختەسەر دەربارەی ماددەی حەوت، هەموومان زانیاریمان لەسەر ئەوەیە، کە پێشتر بڕیارمان هەبووە لە پەرلەمان، کە ئەو مووچەیەی تەرخان دەکرێت لە دوو ئاست دایە، لە 100 هەزارەوە بۆ 150 هەزار، ئەگەر بێین سەیری ئەو هاوکێشانە بکەین، یان ئەو موعادەلانە بکەین، کە چ لە ئەسڵی پرۆژەکە داهاتووەو، چ لە ئەسڵی ڕاپۆرتی هاوبەشدا هاتووە، شێوەیەك لە دوولایەنە، یان تەناقوز دروست دەکات لەنێوان ئەو بڕیارەی کە پێشتر داومانەو، لەنێوان جێ بەجێ کردنی ماددەی حەوتی ئەم یاسایە، چ بەشێوەی ئەسڵی ماددەکە، چ بەشێوەی گۆڕانکاری لە ڕاپۆرتی هاوبەشدا، چونکە وەکو لەگەڵ بەڕێز جەنابی وەزیر قسەمان کرد، ئێمە ناتوانین جارێکی دیکە تەراجوع بکەین، کە ئەو 100 هەزارەی داماننناوە حەدی ئەدنا کەم بێتەوە، هەروەها حەدەکەی دیکەش کە حەدی ئەعلایە 150 هەزارەکەش هەر نابێ کەم بێتەوە، لێرە من هەندێ ڕێژەم دەرهێناوە بەپێی ئەو سێ فیئاتەی کەوا ئەسڵی ماددەی حەوت لە پرۆژەکە هێناویەتی لەنێوان 15٪ دەرەجەی عیجز بۆ 32٪ی دوایی 33٪ بۆ 64٪ دەرەجەی عیجز، دوایی لە دەرەجەی لە 65٪و فەما فوق، ئەگەر هاتو ئێمە بەو شێوەیە هاوکێشەکان جێبەجێ بکەین، ئەو دەرەجەی عیجزەش بەڕای من لە ڕووی زانیستیەوە زەروریە، تۆ تا بتوانی جیاوازیەك بکەی لەنێوان ئەو کەسانەی کە بڵێین بێ توانایان هەیە، ئەگەر بچینە سەر فیئەی یەکەم، دەرەجەی عیجزی لە 15٪ بۆ 33٪ ئەبینی ئەو مووچەیەی کەوا تەرخان دەکرێت، حەدی ئەدناکەی کە پابەندە بە دەرەجەی عیجزی لە 15٪ 32 هەزارە، حەدی ئەدناکەی کە پابەندە بەحەدی ئەعلای فیئەکە لە 33٪ی دەرەجەی عیجزە 71 هەزارە، کەوا لە 100 هەزارەکە کەمترە، بەشەرتێك ئەگەر ئەو دەرەجەی عیجزە لە ماددەی حەوت لە ئەسڵی ماددەکە جێبەجێ کراوە، من ئەوەندەی بزانم ئەو دەرەجەی عیجزە لە لایەن لیژنەی توبیەوە ئەبێ جێبەجێ بکرێت، چونکە هیچ موئەشیرەیەکی ترت نییە، بەبێ ئەو موئەشیرەیە، نازانم ئەگەر ڕێنماییەکی تر دوایی وەزارەت دەری بکات، فیئەی دووەم کە هەمانە، دەرەجەی عیجزی لە 33٪یە، کە بڵێین بدایەتی فیئەکەیە، کەمترین ئاستی فیئەی دووەمە، بۆ دەرەجەی عیجزی لە 65٪ کە بەرزترین ئاستی فیئەی دووەمە، ئەوکاتە ئەو ڕاتبەی کە ئەبڕێتەوە بۆ ئەو بەڕێزە، لەنێوان چیایە؟ لەنێوان 71 هەزار بۆ 140 هەزارە، چونکە ئێمە وەکو پێشتریش ئاماژەمان پێیدا ڕاتبی، یان مووچەی 140 هەزار، حەدی ئەدنای ڕاتبە، بەپێی سولەمی مووچەی نوێ، کە پلە دەیە 140 هەزارە، ڕاستە دواتر لە 15٪ موخەسەساتێکی

ئەچێتەسەر، بەڵام وەکو ئیسمی، وەکو ئەسڵی کە ئاستەکەی 140 هەزارە، دواتر ئەگەر بێنین سەیری فیئەی سێ بکەین، دەرەجەی عیجزی لە 65٪و سەرووتر مەسەلەن بۆ نموونە، ئەگەر دەرجەی عیجز لە 65٪ بێت تا ئەگاتە لە 100٪، ئەو کاتە بەدەرەجەی عیجزی لە 65٪یش ئاستی ڕاتبەکە، ئەوکاتە 140 هەزار دەبێ، ئەگەر ببێ بە 100٪ ئەبێ بە 215 هەزار، کەواتە لەنێوان (140) هەزار دینار بۆ (215) هەزار دیناڕە، بەشەرتێ ئەگەر گەیشتە دەرەجەی عیجزی لە 100٪، ئەوە کە ئیمکان نییە ئەو دەرەجەی عیجزە بگاتە 100٪، تەنها بۆ ڕوون کردنەوەی بەڕێزتان تابتوانن تەعلیقی لەسەر بدەن، ئەگەر لێمگەڕێن قسەکانم بکەم، ئەگەر دوایی هەڵەم ڕاستم بکەنەوە، کەواتە ئێمە ئەگەر هاتو لەم یاسایە ماددەی حەوت بمانەوێت جێبەجێی بکەین، بەشەرتێك ئیلتیزام بکەین بەو بڕیارەی پێشوو کە هەمانە، لەنێوان 100 هەزارو 150 هەزار، ئەبێ ئەو کەسەی کە مەشمول بێ بەو مووچەیە، لەنێوان دوو دەرەجەی عیجزابێ، کەمترین دەرەجەی عیجز ئەبێ لە 47٪ بێت، بۆ بەرزترین ئاستی عیجز، یاخود ئەو ئاستەی کە ئەیگەیەنێتە 150 هەزار، ئەبێ لە 70٪ بێ و سەرووتر، کەواتە ئێمە لە هیچ حاڵەتێك ئەو کەسەی کە مەشمول ئەبێ بەو بڵێین یارمەتی تۆڕی کۆمەڵایەتیە، یان بەو ڕاتبە، ئەبێ لە هیچ حاڵەتێك بۆ ئەوەی لەگەڵ بڕیارەکەی دیکەمان تەناقوز ڕوونەدات، دەبێت دەرەجەی عیجزی لە 47٪ کەمتر نەبێ، بۆ ئەوەی ئەو کەسانەی کە مەشمولن بە 150 هەزارەکە، ئەبێ ئەو دەرەجەی عیجزە لە لایەن لیژنەی توبیەوە بۆیان دادەندرێت، ئەبێ 70٪بێ، ئەمە بەشێوەیەکی موختەسەر، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

بەس شەلەلی کامل عیجزی 100٪ـە.

بەڕێز د.ئاراس حسین محمود:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

من وەکو میسال هێنامەوە، بۆ بەرچاو ڕوونی ئەندامە بەڕێزەکان.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

بەڵێ، ڕێزدار فاضل بەشارەتی.

بەڕێز فاضل محمد قادر(بەشارەتی):

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

من یەك مولاحەزەم هەیەو، پێشنیاریش دەکەم، چونکە لێرە لە بڕگەی یەکەم دەڵێ ئەو مووچەیەی کە بۆ کەمئەندام دەبڕدرێتەوە، یەکسان دەبێ بە کەمترین مووچە لە هەرێمی کوردستان، من پێشنیار دەکەم ئەو کەمترینە لاببرێت، چونکە ئەوە بەڕاستی لەڕووی دەروونیەوە کەمیەتیەك نیشان ئەدات بەرامبەر بەو کەمئەندامە، هەر بنووسرێ مووچەیەك کە گونجاوبێ لەگەڵ ژیانی، ئەمە مولاحەزەی یەکەم.

مولاحەزەیەکی تر کە دەیڵێم، پێشنیار دەکەم، چونکە بەڕاستی ئەگەر بێتو بازاڕەکانی کوردستان بەم شکلەی ئێستا بڕوات، ئەم مووچەیە کە باسی 100 و بۆ 150 هەزار دینار دەکرێ، بە بڕوای من هیچە،

یەعنی ئەمە بە مووچە حیسابی ناکەم بۆ کەمئەندامێك، پێموایە هەر کەمئەندامێك ئەگەر یەکجار بۆ نەخۆشخانە ببرێ، خاوەنەکەی قەرزار دەبێتەوە لەسەری، لەسەر ئەو 150 هەزار دینارەی کە بۆی دەبڕێتەوە، ڕاستە جەنابی وەزیر سەر لە بەیانی ئیشارەتی بەوەدا کە 92 هەزار کەمئەندام هەیە، بەڵام هەموو ئەو 92 هەزارە بەر ئەم موناقەشەیە ناکەوێ، ئەوەی کە من لێرە زۆر خۆشحاڵم پێی، بەهەقیقەت دەست خۆشیم بۆ تێکڕای ئەندامانی پەرلەمان هەیە، چونکە چڕو پڕترین موناقەشە لەسەر ئەم پڕۆژە یاسایە کرا، پێموایە ئەوە ئەو پەڕی هەست کردنە بە مەسئوولیەت، بەرامبەر بەو خەڵك و ڕۆلانەی کەوا .....

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

تکایە، وەرە سەرماددەکە ڕەجائەن، ئەوە مەسەلەیەکی تڕە، صولبی ماددەکە ئایا چەند بکەین؟، چۆن بکەین؟، نیسبەکەی چەند بێ، ئاوا، سوپاس.

بەڕێز فاضل محمد قادر(بەشارەتی):

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

من پێشنیار دەکەم ئەوەی کە ئیشارەتم پێیدا، یان عیلاجی ئەم کەمئەندامانە لە نەخۆشخانەکان بەبێ بەرامبەر بکرێ، یان مووچەکەیان لەدەوری 250 بۆ 300 هەزار دینار بێ، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار دلێر محمود کەرەمکە.

بەڕێز محمد دلێر محمود:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

ئەم یاسایەی حکومەت کە چووە بۆ ئەنجومەنی وەزیران، من وابزانم ئەوە لەکاتێك لە ساڵی 2006 و حەوت بووە، لەو کاتە بڕی ئەو پارەیەی کەمئەندام وەری گرتووە، بەشێکیان کە موەزەف بووە 30 هەزاری وەرگرتووە، ئەویتریان 50 هەزاری وەرگرتووە، لەبەر ئەوە ئەم شێوە دابەش کردنەی دانراوە لێرە، ئەگەر ئێمە بەو شێوەیە دابەشی بکەین بەڕاستی مووچەی کەمئەندام زۆر زۆر کەم ئەبێتەوە، لەبەر ئەوەی ساڵی پار لەکاتی پەسندکردنی بودجەی 2011دا بە تێکڕا بەبێ جیاوازی دامانا بە 150 هەزار بۆ هەر کەسێکی کەمئەندام، بەڵام بەڕەئی من ئێستا ئەڵێم ئەو تەسنیف کردنەی کە ئێستا لیژنەی هاوبەش کردوویەتی تەسنیفی کردووە، ئەوە شتێکی زۆر زۆر چاکە، بۆ ئەوەی ئەو کەسەی کە دەرەجەکەی، کەم تواناییەکەی، یاخود بڵێین عیجزی زۆر زیاترە، لە 65 بەرەو ژوورە، ئەوەشی لە 65 بەرەو خوارە تووشی ناعەدالەتی نەبن، شتێکی زۆر زۆر چاکی کردووە، بڕی پارەی دیاریکراویش بۆ کەمئەندام، پێویستە بەپێی ڕێژەی کەم تواناییەکەی دیاری بکرێ، من شێوەیەکم داناوە، تازە ناتوانین ئێمە لەو پارەیەی کە پار لە 150 هەزار دامانناوە، لەوە کەمتڕی بکەینەوە، ئێستا ئەوەی کە موەزەفەو کەمئەندامە، ئێستا لێرە زۆر

چاکه له مووچه دەرچووە، ئەڵێ بڕی پارەی تایبەت بۆ کەمئەندام، لەگەڵ ئەوە ئەگەر داهاتی تریشی هەبێ، ئەوەی کە موەزەفە 100 هەزاردینار وەردەگرێت، بەڕەئی من وەکو 100 هەزار خۆی بمێنێتەوە، ئەوەی دەرەجەی بێ تواناییەکەی عیجزی لە 65 بەرەو ژوورە، 200 هەزاری بدرێتێ، ئەوەی ڕێژەی دەرەجەی بێتواناییەکەی لە 35 بۆ 64 150 هەزاری بدرێتێ، تاوەکو دوو منداڵیش 25 هەزاری بۆ زیاد بکرێ، بەڵام لەهەمان کاتیشدا، خاڵێکمان هەیە ئەڵێ ئەوەی لەخوار 35 لە 15٪یە ڕێژەی کەم تواناییەکەی، ئەمە بەڵێ، بەپێی پێوەرە نێودەوڵەتیەکان دوای 35 بەرەو خوارەوە شمولی هاوکاری ناکات، هاوکاری بێ مووچە بێ شمولی هیچ شتێکی تر ناکات لە دنیا، بەڵام لە هەمان کات، ئەو بیتاقەیەی کە پێی ئەڵێن بیتاقەی کەمئەندامی، یاخود پێناسی کەمئەندامی، من بەپێویستی ئەزانم کە ئەو بیتاقەیان بدەنێ، بۆ ئەوەی لە مافەکانی تر بێ بەش نەبن، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، ڕێزدار عبدالسلام بەرواری.

بەڕێز عبدالسلام مصطفی صدیق:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

من وەکو بەرپرسی لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی، حەز دەکەم ئەو مەوزوعە شەرح بکەم و پێشنیارێکی موحەدەد بۆ دەرچوون لەو ئەزمەیە، چونکە ئێمە لە کۆبوونەوەکانی لیژنەی هاوبەش وبەحزوری جەنابی وەزیر نەگەیشتینە ئیتیفاق، چونکە خیلاف هەبوو، ئیزافەتەن قسەکانی برای عەزیزم بەڕێز کاك د.ئاراس ئیعادە ناکەمەوە، ئێمە کێشەکان بەو شێوەیەن:

یەك/ئەم یاسایە هێشتا دیار نییە ئەمێنێت یاسای موعاق، یان ئەبێتە خاوەن پێداویستیە تایبەتەکان، لێرە دەبێ لەبەرچاومان بێ کە ئێمە پێشنیار پێشکەش دەکەین، ئەگەر بۆ خاوەن پێداویستیە تایبەتەکان بێ، دەبێ بەشێوەیەکی تر دابڕێژرێت، بەمەرجێك، یەك/ ئێمە ئیزافەیەك، یان بەشێوەیەك داڕشتنێك بکەین، کە بڵێین لەوانەی موعاقن، دوو شت پێویستە بۆیان تەئمین بکەن، یەك/ وەکو تەعویزی ئیعاقە بەپێی ڕێژەو دەرەجەی عەجز بەشکلێکی تر، دوو/ ئەوانەی دەخلیان نییە، دەبێ ئێمە حەدی ئەدنای دەخلیان وەکو هەر مواتنێك تەئمین بکەین، بۆ موعاق، ئێمە پێشنیارێکمان لە لیژنەی هاوبەش پێشکەش کرد، وەخت نەبوو زۆر لەدوای دابچین، لای وەزارەت ئیشکالیەکیان هەیە، بەڵام بەڕەئی من ئیشکالیەتە حەل ئەبێ، بە دەرچوونی ئەم یاسایە، پێشان هیچ موساعەدەیەك بۆ معەوەق نەبوو، دەست خۆشیان لێ دەکەم، هەڵسان خستیانە ناو شەبەکەی حیمایەی ئیجتیماعی، بۆیە ئیشکالیەت هەیە لە قسە کردنمان لەگەڵ یەکتر، ئیشکالیەتی دووەم، نابێ کەمتر لەوەی ئێستا وەردەگرن بیان دەینێ، بۆیە پێشنیاری موحەدەدی من، ئەوەیە:

یەك/ بۆ ئەوانەی داهاتیان هەیە، نەك بەس شەرتە موەزەف بی، داهاتی هەیە، ئیشی لە شەریکەیە مومکینە داهاتەکەی 300، 400 هەزار بێ، نابێ ئێمە بڵێین تەنها بۆ ئەوەی کە ڕاتبی هەیە، بۆ ئەوەی کە

داهاتی هەیە، ئێمە مەقتوع حەدی ئەدنای، ئینجا چ هی عامل بێ، چ هی موەزەف بێ، فی دەرەجەی عجز، واتە ئەوەی 40٪ـە، 60هەزار وەردەگرێت، بە حیسابی 150 زائیدەن 60، ئەوەی 30٪ و 45 هەزار وەردەگرێت، ئەوەی 50٪، 75 هەزار وەردەگرێت، ئەوەی 70٪، 85 هەزار وەردەگرێت، ئەمە ئیزافەتەن بۆ ئەو داهاتەی کە مانگانە هەیەتی، بۆ ئەوانەی هیچ داهاتیان نییە، پێشنیار ئەکەم ئەم بەدەل تەعویزەی بدرێتێ، ئیزافەتەن بۆ یەکجار ڕاتبی حەدی ئەدنا، واتە جارێکی تر ئەوەی دەرەجەی عیجزی 40٪ 150 زائیدەن 60، 210 هەزار وەردەگرێت، ئەوەی دەرەجەی عیجزی 30٪، 195 وەردەگرێت، هەتا دەگاتە ئەوەی کە عیجزی دەرەجەی 75، 235 وەردەگرێت، ئاخیر کەلیمەم ئەگەر مایەوە بە موعاق، یان نەماوەو بە موعاق، ئێمە لەماددەی حەوت جودای بکەین بەینی هەموو خاوەن پێداویستە تایبەتەکان و موعاقەکان، موعاقەکان بەو موعادەلەیە، ئەوەی داهاتی نییە، حەدی ئەدنای بدەنێ، زائیدەن حەدی ئەدنا فی درەجەی عیجز، ئەوەی داهاتی هەیە فەقەت،حەدی ئەدنای فی دەرەجەی عیجز، وەکو حیسابم کرد، تەسەور دەکەم زیاتر لەوەی کە ئێستا وەردەگرن و عادلترە، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەلەمان:

سوپاس، ڕێزدار خورشید احمد.

بەڕێز خورشید احمد سلیم:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

ئێستا ئەوانەی موعاقن بەڕاستی چاویان لە دەمی ئێمەیە، خاسەتەن بەنیسبەت ئەو خاڵە، چ ئەنجامێکی لێ دەردەچێت، چونکە دەعمی ماددی بۆ ئەوانە سەرەکیترین دەعمە ڕاستە ئەوانەی تریش هەموو باشن، لە پێداویستیەکانی فلان و فلان هەمووی بۆ دابین بکەین، بەڵام دەعمی ماددی شتێکی سەرەکیە لەو یاسایە، لەبەر ئەوە ناکرێ ئێمە بڵێین شتێکی وا بکەین، کە ئەو شتەی دەستان کەوتووە پێش ئێستا لێیان کەم بکەینەوە، بەڵکو دەبێ ئەم یاسایە ببێتە پاڵ پشتێك تەعزیزی ئەو دەست کەوتە بۆ ئەوان، من لەگەڵ برادەرەکی کە لەگەڵ جەنابی وەزیر هاتبوو، گەیشتینە خاڵێکی موحەدەد کە بەو شێوەیە ئەویش وەکو خەبیرەك لە وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی، پێی باش بوو بەو شکلە بێ، یەك/ (یمنح کل معاق لاتقل درجة عجزه عن 40٪ مبلغاً قدره (150) الف دينار شهرياً كبدل عوق) ئەمە حەقێکی مەزمونە بۆ ئەوانەی کە عەوەقیان لە 40٪و سەرەوەیە، پاشان دوو/ (تخصص اعانة للحماية الاجتماعية للمعوق الذى بلغ من العمر 18 عاماً على النحو الاتي: المعاق الذى يبلغ درجة عجزه 65٪ فما فوق يستحق راتب الحماية الذي يعادل الحد الادنى من اعانة الحماية الاجتماعية)، یەعنی ئەو 150 هەزار دینارە لە جێگای خۆیەتی، کە عمری بووە 18 ئیعاقەکەی لە 65٪ بوو، زیاد لەو 150 هەزارە 140 هەزار دیناری تری دەدەینێ، ئەمە وەکو دەرەجەی ئیعاقە، دوو/ (المعاق الذى تتراوح درجة عجزه مابين 35٪ لغاية 64٪ يستحق اعانة بالشكل الاتي الحد الادنى من الاعانة 140 في نسبة العجز) ئەگەر لە 65 کەمتر بێ، ئەگەر لە 65 زیاتر بێ،

140 هەزار زائیدەن 150 هەزار دەبیتە 290 هەزار، بۆ ئەوەی بتوانێت ژیانی خۆی پێ ببات سەر، وابزانم ئەوە شتێکە لە خزمەتی ئەم چینە دایە، ئەگەر بێتو ئێمە دەنگی لەسەر بدەین، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، ڕێزدار د.حسن.

بەڕێز حسن محمد سورە:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

لەڕاستیدا پێویستە ئێمە ئیشکالیەتێك لە ماددەی حەوتدا حەل بکەین، ئەویش ئەوەیە لە ماددەی حەوت موعافی کردۆتە سێ فیئە، فیئەی 65 بۆ 100، کە عیجزەکەی 65 بۆ 100ـە، فیئەیەك 33 بۆ 64، فیئەیەك 15 بۆ 32، بەڵام لە تەسنیفی ریعایەی ئیجتیماعی، بۆ خۆشیان لە قانونەکە لە ماددەی سێ کردبوویان، (المعاق غیر القادر علی العمل کلیاً، المعاق غیر القادر علی العمل جزئیا) دوو بەشە، کەواتە ئەبێ لەگەڵ تەسنیفەکە بیگونجێنین، بیکەینەوە بە دوو، کە یەکەم و دووەمیان دەگرێتەوە، نیسبەتی بۆ ئەوەی کەوا ئەو ریعایەی ئیجتیماعییەی چۆن بدرێ؟ بەڕەئی من یەکەم بەنیسبەت ئەوانەی کە موەزەفن، بەشێوەیەکی مەقتوع هەر 100 هەزارەکە وەکو جاران بیان درێتێ، ئێمە زیاتر بیر لەو موعاقانە بکەینەوە کەوا موەزەف نین، بۆیە ئەوانیش بەدوو ڕێگا دەدرێت، ڕێگایەکی مەقتوع کە حەددی ئەدناو ئەعلای تێدابێ، ڕێگایەکی تر بەپێی نیسبەی عیجز بێ، هەر وەکو موعادەلەیەکی پێویست، موعادەلەیەکی حیسابی کە کاك د.ئاراس داینا، کە ئەویش بەشێوەی ڕاتبی حەدی ئەدنا زەربی نیسبەی عیجزەکە بکەین، زائید مەبلەغێکی سابتی بکەین، بەپێی ئەو دوو فیئەیەی کە باسمان کرد، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

ڕێزدار شێرزاد حافظ کەرەمکە.

بەڕێز شێرزاد عبدالحافظ شریف:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

جارێ لە ماددە حەوت کورتە باڵاکان ناگرێتەوە بە هیچ شێوەیەك، لەبەر ئەوەی ئەوانە دەرەجەی عیجزیان نییە، لەبەر ئەوە دەبێ حیسابی بۆ بکرێ، من سوپاسی کاك ئاراس دەکەم بەڕاستی کاك ئاراس ئەوەی زۆر باش ورد کردەوە بۆمان، بۆیە من ئیقتیراحی ئەوە دەکەم لەباتی ئەوەی کە بڵێین (یعادل الحد الادنی الراتب)، (الحد الادنی المعیشة) ئەگەر وا مەعیشە دابنێین، چونکە مەعیشە لەو 140ی ڕاتب زیاترە، لەو کاتەدا ئەو موعادەلە هەر چۆنێك حەل بکرێ، لەو 150 زیاتر دەردەچێت، کە ئێستا کەمئەندامان وەری دەگرن، لەو 150 نایەتە خوارەوە، بۆیە من پێشنیاری ئەوە دەکەم لە هەموو ئەو شوێنانەی کە ئەنووسرێت حەدی ئەدنای راتب، بنووسرێ (الحد الادنی للمعیشة) زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، ڕێزدار ڕێباز فتاح.

بەڕێز ڕێباز فتاح محمود:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

منیش تەئکید لەوە دەکەمەوە کە بڕیاربێ ئەو بڕە پارەیەی کە دەدرێ بەگوێرەی دەرەجەی عیجز بێ، کورتە بالاکان لە دەرەجەی عیجز وجودیان نییە، ئەگەر بڕیاریش بێ کورتە بالاکان لێرە وجودیان هەبێ، بەگوێرەی ئەم ماددەیە تەرک کراون.

دووەمیش/ باشتر وابوو لە دانانی دەرەجەکە کە کراوە بە چەند فیئەیەکەوە، سەیری ڕێژەکە بکرایە، یەعنی سەیری چۆنیەتی دانانی دەرەجەی عیجز بکرابایە، چونکە ئەگەر سەیری ئەو ڕێژانە بکەیت، سەیری ئەو دەرەجانە بکەیت کە دانراوە، ژمارەی ئەو کەمئەندانەی کە ئێستا هەیە، لەوانەیە دوو ئەوەندەو سێ ئەوەندە بکات، چونکە شتی زۆر ئاسایی هەیە کە دەرەجەی عیجزەکەی لە 30٪یە، یاخود 35٪ـە، یان لە 40٪ـە، لەبەر ئەوە تەعلیماتی ژمارە (2)ی ساڵی 1998 هەیە هی وەزارەتی تەندروستی، باشترە لیژنەی یاسایی، یان لیژنەکانی تر سەیری چۆنیەتی دانانی دەرەجەی عیجزەکە بکرێ، چونکە ئەبێ حیساب بۆ ئەوە بکەی چەند کەس ئەم یاسایە ئەیگرێتەوە، بۆ ئەوەی دەرەجەیەکی عیجزی کەم هەقی دەرەجەیەکی عیجزی زیاتر نەخوات، کار بکات لەوەی پارەی ئەو کەسەی کە زەرورە کەم بکات، بۆ کەسێك کە زەرور نییە پێی، یەکێکی تر لە کێشەکان دانانی حەدی ئەدنایە، هەمووشمان ئەزانین کە ڕاستە حەدی ئەدنای مووچە دانراوە بە 140 هەزار، بەڵام لەگەڵ ئەوە هەموو کەسێك کە حەدی ئەدناکەی 140 هەزارە کۆمەڵێك دەرماڵەی هەیە، بۆ هەر کەسێك کە مووچە وەردەگرێت ئەو حەدی ئەدنایە نامێنێتەوە، بە کۆمەڵێك دەرماڵە زیاد دەکات، لەبەر ئەوە ئەو 140 هەزارە ناتوانێت پێداویستی ژیانی کەسێك دابین بکات، ئەگەر کەسێك دەرەجەی عیجزی لەو ئاستە بێ کە نەتوانێ کار بکات، پێویستە ڕێژەی پارەیەك، یاخود بڕە پارەیەك دیاری بکرێت کە ژیانی دابین بکات، ئەوەش ئەبێ لیژنەی دارایی لەسەر پێوەری خۆیان دیاری بکەن، کە چ بڕە پارەیەك ئەتوانێ پێداویستی ژیانی کەسیك دیاری بکات، نەك ئەوەی حەدی ئەدنای مووچەیەك کە لەڕاستیدا وجودی نییە، چونکە بە کۆمەڵێك دەرماڵە زیاد دەکات، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، ڕێزدار کۆیستان محمد.

بەڕێز کۆیستان محمد عبدالله:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

دیارە دەرکردنی ئەم یاسایە کە تا ئێستا پێنج پرۆژە یاسای بۆ پێشکەش کراوە، یەکێك لە ئامانجەکاانی بەرزکردنەوەی ئاستی ژیانی کەمئەندامانە، بەڵام دوای ئەو ڕوون کردنەوەی بەڕێز د.ئاراس تێگەیشتین، ئەمە نەك بەرز کردنەوەی ئاستی ژیانیانە، بەڵکو بە پێچەوانەوە ئەوەی کە پێشتر پەرلەمان کردوویەتی لێی پاشگەز ئەبینەوە، بۆیە پێموایە ئەبوایە ئەو شەرحە لە لیژنەی هاوبەش بکرایە، بۆ ئەوەی بەو

شێوەیە ئەو ماددەیان دانەڕشتایە، من پێموایە دەبێت ئێمە ڕێژەیەك دابنێین کە ئاستی گوزەرانی کەمئەندام بەشێوەیەك بێ لە کەسێك تر، ئەگەر کەسێکی باشتر نەبێ، کەسێکی تر بێ لە کاتێك کە ئەوان جگە لەوەی کە ناتوانن کار بکەن، کۆمەڵێك خەرجی دەرمان و پێداویستی تایبەتیان هەیە، بۆیە من پشتگیری لەو ڕایەی هاوڕێم کاك شێرزاد دەکەم، بۆ ئەوانەی کە هیچ کارێکیان نییە، حەدی ئەدنای مەعیشەتیان بۆ دابندرێت، تۆ کە نەتوانی حەدی ئەدنای مەعیشەت بۆ یەکێك کە کەمئەندامە و کاری نییە دابین بکەین، چۆن ئەتوانی بەم یاسایە خزمەتی بکەیت؟ ئەوانەش کە کاریان هەیە، واتا کارێکی تریان هەیە، یاخود هەر دەخڵێکی تریان هەیە بە مەفتوع، هەر وەکو ئەوەی پێشتر هەیە 150 هەزاریان بۆ دابنێدرێ، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، ڕێزدار اسماعیل گەلاڵی کەرەمکە.

بەڕێز اسماعیل سعید گەلاڵی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

خوشك و برایانی بەڕێز.

سەرەتا ئەمەوێ پشتگیری ئەو ڕەئیەی کاك عبدالسلام و کۆمەڵێك برادەر بکەم، لەوەی کە ئەبێ ئەم دوو فیئەیە جیا بکرێتەوە، ئەوەی کە داهاتێکی هەیە، ئەوەی کە هیچ داهاتی نییە، چونکە ئەوەی کە هیچ داهاتێکی نییە، بەڕاستی زۆر زۆر ژیانی سەختترە، ئەوەی کە داهاتێکیشی هەیە ئەمە لەڕاستیدا مینحەیە مووچەش نییە، ئەم مینحەیە وەکو بیمەیەکی تەندروستی وایە، یارمەتیەکە بۆ کڕینی پێداویستیەکانی کەمئەندامان، ئەم بابەتە بەڕاستی بابەتێکی موعەقەدە، لەبەرئەوەی ڕێژەی ئەوێ، یەعنی نیسبەو تەناسوب وەردەگری لە عیجزەکە، بۆیە من هیوادارم ئەم بابەتە، بەتایبەتی ئەم ماددەیە نەخرێتە دەنگدانەوە، تا بەیانیش ئەگەر فورسەت هەبوو، چونکە بەڕاستی بابەتێکی زۆر زۆر گرنگە، زۆر حەساسە، وەکو کوێستان خان ئیشارەتی پێیدا، حەدی ئەدنای مەعیشەت لە ولاتی ئێمە دانراوە، یان تەحدید کراوە، بەحەقیقەت ئەوە هیچ نییە، 140 هەزار هەر هیچ نییە، ئینجا بە ئیزافەی ئەوەی ئەو کەمئەندامە کۆمەڵێك کێشەی هەیە، کۆمەڵێك پێداویستی هەیە، کۆمەڵێك شتی تری پێویستە، بۆیە من داوا دەکەم بەلایەنی کەم مووچەی حەدی ئەدنا لە 250 هەزار کەمتر نەبێ، ئیتر ئەکرێ لەسەر ڕێژەکانی تر زیاتر موناقەشە بکەین، بۆیە من جارێکی تر هیوادارم ئەمە بخرێتە بەیانی بۆ دەنگدان، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

بەڕێز، دیارە جەنابت ڕەنگە لە ژووروە نەبووبێتی، ئیمڕۆ هەموو پڕۆژەکە ماددە بە ماددە، لەگەڵ ناوەکەی موناقەشە دەکرێ، ئەو موناقەشەی هەمووی ئێوەی بەڕێز لە پرۆتۆکۆل وا ئێستا ئەیخەنە سەر کاغەزەوە، تا کاغەزم بۆ هاتووە قسمێکی زۆری تەواو بووە، سبەی تەسلیمی لیژنە پەیوەندیدارەکان دەکەن، ئەو هەرسێ لیژنەی کۆمەڵایەتی و دارایی ویاسایی، وتەی ئێوەی بەڕێز یەکە، یەکە هەرچیتان وتووە،

تەبویب ئەکرێت، جارێکی تر ئەو بەڕێزانە، ئەو ماددانە دائەڕێژنەوە بۆ دەنگدان بەپێی ئەو موداخەلانەی ئێوەی بەڕێز کردووتانە، ئەوجا دێتە ئێرە بێ موناقەشە، یەك بە یەك لەسەری دەنگ دەدرێت، ئیحتیمالە چەند ڕۆژێکی تر بخایەنێ تاوەکو دێینە سەر ئەو حاڵەتە، ئیمڕۆ دەنگدان نییە، هەر بۆ ئاگاداری جەنابت، ڕێزدار د.بشیر خلیل.

بەڕێز د.بشیر خلیل حداد:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

قسەکانی من كاك خورشیدو كاك عبدالسلام كردیان، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار سۆزان شەهاب.

بەڕێز سۆزان شهاب نوری:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بێگومان من تەواو پشتگیری هاوڕێی بەڕێزو هەڤاڵی بەڕێزم دەکەم كاك عبدالسلام، لێرە ئەبێ ئێمە بیکەین بە دوو بەشەوە، بەشی یەکەم/ ئەوانەن کە داهاتیان هەیە، ئەو کەسەی داهاتی هەیە، ئەم بەدەلی ئیعاقەیە مەبلەغێکی مەقتوع بێ کە پێی بدرێتێ، بۆ ئەوەی یارمەتی هیچ نەبێ ئەو داودەرمانەی بکات، بەڵام لێرە دەمانەوێ بەنیسبەت ئەم یاسایەوە، دەخلی ئەوانە زیاد بکەین کە هیچ داهاتێکیان نییە، چاوەڕێی ئەو داهاتەن بە تەنیا، هیچ نەبێ بۆ ئەوەی ئەو یاسایە زەمانی ئەوەیان بکات دەردی عەرەب ئەڵێ، (فی عیش کریم) بێ، هەر هیچ نەبێ دەست لە خەڵك پان نەکەنەوە، بۆیە بەڕاستی ئەگەر بمانەوێت بەشێوازێکی عادیلانە بیکەین، دەبێ بەم شێوەیە بێ تەسنیف بکرێ لەسەر دوو بابەت، یەکەم/ ئەوەی داهاتی هەیە بەدەلێکی مەقتوع، ئەوەی کە خۆشیان ئێستا پەیڕەوی دەکەن 100 هەزارە بۆ ئەو کەسانەی کە ڕاتبیان هەیە، ئەوە وەکو بەدەل ئیعاقە دەیان درێتێ، ئەوەی کە هیچ داهاتی نییە، ئەو موعادەلەیەی کە بەڕێز سەرۆکی لیژنەی دارایی کردوویەتی، پێمواید جوانترین مەسەل ئەدات بەوەی کە ڕاتبی حەدی ئەدنا زەربی نیسبەتی عیجز زائیدەن مەبلەغێکی سابت تەقسیمی 65 دەکاتە ئەوەی کە بگاتە دەورو بەری 210 هەزار، ئەوەش دەبێ مەبلەغێك و تەبەعیاتێکی دارایی لەسەرە، ئێمە لێرە یاسایەك دەربکەین سبەی ڕۆژێ حکومەت بڵێ من ناتوانم ئەوە بکەم، ئەوەش دەکەوێت لەسەرمان، لەبەر ئەوەی من پێم باشە ئەسنای ئەو موناقەشەیەشدا، هەوڵ بدرێ پەیوەندی بکرێ بە وەزارەتی دارایی، بۆ ئەوەی ڕای ئەوانیش بزاندرێت لەسەری، چونکە ئەوەتا من گوێم لێبووە هەتا وەکو ئێستا دوو، سێ جاریش لە بەڕێز وەزیرم پرسیوە، ئەڵێ من ناتوانم یەك سەنت زیاد بکەم، بەبێ ئاگاداری حکومەت و وەزارەتی دارایی، واتە ئەگەر ئێمە حیسابیشمان کرد دەبێ موافەقەتی وەزارەتی دارایی بۆ وەربگرین، کەوا لە کوێ جێگەی بۆ بکاتەوە، بۆ ئەوەی ئەم موعادەلەیە بۆ ئەوانەی داهاتیان نییە، ئەوە چارەسەر بکەین، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

بەڕێز، ئێستا ئێمە لەنیهایەتی ساڵین، میزانیەی تازە دێت، ئەتواندرێ دیراسەیەکی ورد بکرێ لەم پەرلەمانە، شتێکیان بۆ دابندرێت، ئەمەی معەوەق، ئەمەی کەمئەندام، ئەمەی پێداویستیە تایبەتیەکان منت نییە لەسەر کەسمان ئەم ئیشەیان بۆ دەکەین، حەقی خۆیانە، بەپێی ئەو ئیمکانیەت و ئەو تاقەتەی هەمانە، وەختی لە میزانیە دادەندرێت، پێویستە وەزارەتەکانی مەعنی حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی دارایی، وەختی میزانیە ڕەئیەکی تەواوی خۆیان حازر هەبێ، تاوەکو دیراسەت بکرێ لەگەڵ ئەو تاقەتەی هەیە، ئەم بەڕێزانە هاوولاتی ئەم هەرێمەن، مافیان لەسەرمانە، هیچ منەتێکیشی تیا نییە، کە شتێکی زیادیان بۆ بکەین، یان کەم، وەکو ئەو دەوڵەتانەی تری دنیا، کە لەگەڵ پێداویستیە تایبەتیەکانی خۆیان چۆن تەعامول دەکەن، تەعامولێکی وا لەگەڵیان بکەین، بەشێوەیەك بێ کە بتوانن ژیانێکی سەر بەرزانەیان هەبێ، کە موحتاج نەبن، بتوانن بژیێن، ئەوەی کە ناتوانێ ئیش بکات، ئەوەی دەتوانێ ئیش بکات، دەتوانێ ئیشێکی موحتەرەمی بۆ بدۆزیتەوە، زەریبەی خۆشی بدات، بەسەر بەزانە کاری خۆی بکات، بەڵام ئەم ئیستیحقاقێکی خاسی خۆی هەبێ، ئەویشی بۆ جێبەجێ بکرێت، ڕێزدار سیوەیل عثمان.

بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

وەك بەڕێزت باست کرد، ئەو یاسایە دەکەوێتە ساڵی 2012، ئەو بڕە پارەیەی کە تەخسیس دەکرێت لە میزانیەی 2012 دەبێ، ئەوە ئێستا لە کۆتایی 2011 یە، من پێشنیارم ئەوەیە ئەگەر حەدی ئەعلا بۆ ڕاتب دابنێین، بابڵێن بەتایبەت ئەوانەی کە دەخلیان نییە، ئەگەر 200 هەزار دینار دابنێین حەدی ئەعلا، لەگەڵ ئەو بڕیارەی پێشوو پارسان لە بودجەی 2011 کە دایتمان 150 هەزار دینار بێ، تەناقوز ناکات، لەبەر چی؟ ئەگەر دوای ئەوە نیسبەی عیجزەکان بدەینە وەزارەت جێبەجێی بکات، ئەو کاتە بڕواناکەم لە 150 هەزار دینار کەمتر بێ، ئەگەر ڕێژەی عیجزەکەی لە 150 هەزار دینار کەمتر بێ، دەتوانێ دوایی بۆی تەواو بکات، بیکاتە مەفتوع بەپێی ئەو یاسایە، ئەگەر ئێستا لەسەر ئەو ماددەیە بڕۆین کورتە بالاکان ناگرێتەوە، ئەو بڕە پارەیەی کە من باسی دەکەم، وابزانم د.ئاراس باشتریش دەزانی، ئەگەر قسەکانی من لەگەڵ قسەکانی د.ئاراس تەقریبەن یەکتر دەگرێتەوە، یان نا، ئەگەر مەجالی بدەی دوایی باسی بکات، چونکە ئەو داراییە، ئەو لە بەشی دارایی و حیسابات زیاتر دەزانێ لەمە، پێم باشە ئەگەر 200 هەزار دینار بێ، خراپ نییە حەدی ئەعلا، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

زۆر سوپاس، یەعنی بەحەقیقەت من وا تەوەقوع لە ئێوەی بەڕێز دەکەم، لەم مونافەشەیەی ئەم پڕۆژە یاسایە، هەرچی بکەین، بۆ ئەوەیە لەوە زیاتر بێ کە تا ئێستا وەریان گرتووە، نەك کەمتر بێ، یەعنی نابێ بەهیچ شکلێك، بۆیە چەند ڕۆژ لەبەر دەستانە، کە مونافەشەتان کردووە، دەتوانن ئەو حیساباتانەی بۆ بکەن، پاشان لە دەستی ئێوەیە، یەعنی بەهیچ شکلێك نابێ، لەوە کەمتر بێ کە تا ئێستا وەریانگرتووە،

دەبێت ئەوەندەش نەبێ، دەبێ زیاتر بێ، چونکە بۆ ئەوەی ژیانیان چاکتر بکەین، کاك د.ئاراس تەوزیحێکی ترت هەبوو، فەرموو.

بەڕێز د.ئاراس حسین محمود:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

لەڕاستیدا ئەگەر ئێمە بەو شێوەیە کار بکەین، کە لەو ئاستەی پێشتر بڕیاری لەسەر دراوە، نەیێینە خوارێ، بەرەو زیاتر بڕۆین، ئێمە سێ رێگامان لەبەر دەستدایە، ئینجا بەجێی ئەهێلّم بۆ ئەندامە بەڕێزەکان، کە ئەوانیش یارمەتیمان بدەن، رێگەی یەکەم/ ئەوەیە کە دەرەجەی عیجز لە 47٪ کەمتر نەبێ بۆ فیئەی یەکەم، بۆ فیئەی دووەم لە 70٪ کەمتر نەبێ، بەلاّم ئایا ئەوە لە دەست ئێمەدایە یان لە دەست لێژنەی (طبي)دایە؟ ئەوە گرفتەکەیە.

ئیقتیراح، یان پێشنیاری دووەم/ ئەوەیە ئەو موعادەلەی کە بۆمان هاتووە لە ئەصلّی ماددەکە خوار کەسرەکە، یەعنی مەقامی کەسرەکە ئەگەر (65)ـە بتوانین دەستکاری ئەو شەست و پێنجە بکەین، مەسەلەن کەمتری بکەینەوە ئەو کاتە حاصل تەقسیمەکە زیاتر دەبێت، ئەوەش بۆچوونێکی ترە ئەو بەڕێزانەی لە ریازیاتن زیاتر دەتوانن یارمەتیمان بدەن.

حالّەتێکی تریش هەیە کە پێشتر لەگەلّ بەڕێز د.حسن ئیشارەتمان پێداوە، خۆ ئەگەر هەر چارمان نەبوو، بۆ ئەوەی لەگەلّ بڕیارەکەی پێشوواندا ئێمە کەمتر نەبێ ئەو مەبلەغەی کە هەمانە، لێرە موشکیلەیەك هەیە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ئەندامانی بەڕێز، ئەو دەرەجەی عیجزە بەنیسبەت لیژنەی توبییەوە دەبێ تەحدیدی بکات، بەپێی ئەم یاسایە، چونکە بەپێی دەرەجەی عیجز تەحدیدی حالّەتەکە ناکرێ، ئێمە ناتونین، ئایا دەتوانین ئەو دەرەجەی عیجزە لابەرین؟ ناتوانین لایبەرین، دەبێ لیژنەکە تەحدیدی بکات، ئەگەر هاتو دەرەجەی عیجزەکە بوو بە ئەساس، بووە تەحدیدی بێ توانایەکە، ئەو کاتە ئێمە دەتوانین هەمان موعادەلە کە بۆمان هاتووە لە ماددەی (7) لە ئەصلّی پرۆژەکە بۆمان هاتووە دەتوانین جێبەجێی بکەین، هەمان موعادەلە جێبەجێ بکەین، حاصل تەقسیمەکەی کە چەند دەردەچێ زائیدەن مەبلەغێك، ئەو مەبلەغەی کە دەتگەیەنێتە چەند؟ دەتگەینێتە کەمترین ئاست 100 هەزار، بەرزترین ئاستی (150) هەزار، خۆ ئەگەر بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان و حکومەتیش ڕازی بوو نیسبەتەکە زیاد بکەین، یەعنی راتبەکە زیاد بکەین، ئەو کاتە دەتوانین ئەو مەبلەغەی کە زائیدی دەکەین زیاد بکەین، بۆ نموونە/ ئەگەر هاتو دەرەجەی عیجز لە (65٪) بوو، بەپێی موعادەلەی کە لە ئەصلّی ماددەکە هاتووە مووچەکەمان تەحدید کرد (140) هەزار دەکات، ئەو کاتە حاصل تەقسیمەکە ئەگەر (140) هەزارە زائیدەن (10) هەزار دەبێ بە (150) هەزار، حەددی ئەدنای ئەو مەبلەغەی کە هەمانبووە، جا ئەو (10) هەزارە قابیلی چییە؟ قابیلی زیادو کەمە، بۆ نموونە، ئەگەر دەرەجەی عیجز لە (33٪) دەرچوو لە لیژنە توبییەکە ئەو کاتە حاصل تەقسیمەکە بەپێی ئەو هاوکێشەیەی کە بۆمان هاتووە (71) هەزار دەردەچێ، ئەو کاتە (71) هەزارەکە کە حاصل قسمەیە زائید (30) هەزاری دەکەین، لەوانەیە هەمان بێت دەرەجەی عیجزی لە

(15٪) بێت، لێژنەی توبیش بەحەقیقەت پێشانی بدات، ئەو کاتە ئەگەر دەرەجەی عیجز لە (15٪) بێ و هاوکێشەکەمان جێبەجێ کرد، مووچەکە (32) هەزارە، ئەو کاتە زائیدی دەکەین بۆ (68) هەزار کە دەچێتەوە (100) هەزارەکە، ئیتر لەم سێ پێشنیارەی لەبەردەممانە دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی.....

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

زۆر سوپاس، بەڕێزان، بە هیچ شکلێك نابێت دکتۆر، لێژنەی توبی عیجز یاری بە حەقیقەتی تەعویقەکە بکات، دەبێ وەکو خۆی (1٪)ـە، (10٪)یە، (30٪)یە، چەندە، ئەوە، بەڵام دەبێ نیسبە سابیتەیەك بدۆزرێتەوە، بۆ ئەوەی ئەو بەڕێزانە تووشی زەرەر نەبن، سۆزان خان کەرەمکە.

بەڕێز سۆزان شهاب نوری:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

پێموایە مەناقەشەکە لەوەدا نییە، کە ئێمە کەمی بکەینەوە، بە موعادەلە زیادی بکەین، موناقەشەکە لێرەدا لەسەر ئەوەیە بکرێ بە دوو فیئەوە، هەر لە ئەوەلیشەوە وابوو ئیقتیراحەکە، سێ ئەندامیش پشتگیری لێ کردووە، بکرێن بە دوو فیئەوە، فیئەی یەکەم/ ئەوەی داهاتی هەیە مەبلەغێکی مەقتوعی بۆ دەبڕێت، چونکە خۆی داهاتێکی هەیە، موەزەفە شەهادەی کولیەی هەیە، هەموو ئەو موخەصەصاتانە وەردەگرێ کە هەیە، ئەو (100) هەزارە وەکو بەدەل ئیعاقەیە، بەڵام هەمانە داهاتی نییە، ئێمە دەمانەوێ دەستگیرۆیی ئەوانە بکەین، ئەو موعادەلانە بۆ ئەوانە بێ کە داهاتیان نییە، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، کاك عبدالسلام، فەرموو نیزامی.

بەڕێز عبدالسلام مصطفی صدیق:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

هیچم نییە، تەنها ئیعادەی ئیقتیراحەکەی خۆم بکەم، وابزانم ماندی بوون، وازح نەبوو، ئیقتیراحەکەی من ئەم تەعقیدەی دکتۆر ئاراسیش ئیشارەتی بۆ کرد ناهێڵێ، یەك/ مەبدەئیەن لیژنەی یاسایی دەتوانن تەئیدم بکەن، (محبذ) نییە مەبالیغی مەقتوع لە ناو یاسا هەبێت، لەبەر ئەوەی نرخی ئەو دراوە، لەبەر ئەوەی گرانی و فرۆشی قودرەی شیرائی ئەو پارە، بۆیە مەبدەئیەن ڕجاتان لێ دەکەم بیر لە مەبلەغی مەقتوع نەکەین، بیر لە موعادەلەو ڕێژەو شتێك بکەین، کە بگەینینە ئەو مەبلەغەی کە کاك خورشید و برادەران باسیان کرد، دەیانەوێ تێدا بێت، ئیقتیراحی من موحەدەدە:

یەك/ ئەوەی هیچ داهاتی نییە بەپێی یاساکانی تری لە کوردستان (معمول بە) حەقی پارەی ئەوەی (social) تاکو وازحی بکەم، (social)ەکە حەدی ئەدنایە، بەڕێزان، مەترسن لەوەی (120) و (130)، ئاخیر ژمارەی (UN) (2) دۆلار بۆ کوردستان دانراوە ڕۆژانە، لە عێراق دۆلار و شتێکە، (3x2) نەفەر

(أقل) حەددی دەرەجەی (فقر) یەعنی (180) هەزارە مانگانە، من دەڵێم ئەوەی هیچ داهاتی نییە بەپێی یاساکانی تری ئێمە حەقی حەد ئەدنای دەرەجەی فوقری هەیە کەواتە (180)، ئەوە یەك حەلان کرد، کە ئەو کەمئەندامە (180)کە وەردەگرێ دەرەجەی فوقرە.

دوو/ ئەو موعادەلەی تر ئەم حەد ئەدنایە زەربی دەرەجەی عیجز دەکەین، داعی نییە بیکەینە فیئات و شت، چەند رەقەمم خوێند، یەعنی فەقیرترین کەس کە دەرەجەی عیجزی (30٪) بێت تەقریبەن دوو سەدو شتێك وەردەگرێ، بۆیە ڕجا دەکەم ئەگەر بینووسن ئەوەی داهاتی نییە حەد ئەدنا زائیدەن (حد أدنى في درجة العجز) ئەوەی داهاتی هەیە (حد أدنى في درجة العجز) حەل دەبێت و بێ تەعقیدو بێ هەموو شت، بشنووسین بە مەرجێك ئەگەر بۆ موەزەفین، بە مەرجێك لە نیوەی ئەوەی کەمتر لێ نەبێت، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، فەرموو.

بەڕێز ناسك توفیق عبدالکریم:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

دیارە تەواو، تەواو لەگەڵ ئەوەی (کاك عبدالسلام)م، چونکە بەڕاستی ئەو هاوکێشەیە هەموو ئەو گرفتانەمان بۆحەل دەکات، تۆ مەبلەغێکی سابیت دادەنێی زائیدەن ئەم کەرتە، ئەو کاتە ئەدنا حەد کە (30) هەزارەکە بوو لەگەڵ ئەو مەبلەغە سابیتە کۆی دەکەیتەوە، کەواتە زەمانی ئەوەی دەکەی لە سەدو پەنجاکە دانابەزێ، لەگەڵ دەرەجەی عیجزەکە مەعاشەکە بەرز دەبێتەوە، لەبەر ئەوە تەواو پشتگیری ئەوەی کاك عبدالسلام دەکەم، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، دەتوانن لە لیژنەکە بە وردی بۆ خۆتان، هەموتان حەقتان هەیە، نوێنەرتان هەیە، گشت لایەنەکان فیکرەی خۆتان بدەن، بۆ ئەوەی کە هاتەوە بۆ دەنگدان شتێك هەبێت ئەو بەڕێزانە زەرەمەند نەبن، بەڵکو مورتاح بن، دڵیان پێ خۆش بێ فائیدەی لێ بکەن، جەنابی وەزیر فەرموو.

بەڕێز ئاسۆس نجیب/ وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

دیارە ئەم ماددەیە زۆر هەڵدەگرێ، لە دوێنێوە موناقەشەی دەکەین، دیارە هەمووان کۆکین لەسەر ئەوەی کە ئەو موچەیە کەمە، بەڵام ئەوەشمان لەبیر نەچێ کە پێشتر (30) هەزار بووە، بۆتە (50)، ئەوەی کە (50) بووە بۆتە (150) وەکو هەنگاوی یەکەم و لەو چوارچێوەی بودجە هەر ئەوەندە توانراوە، ئەوەی کە ئێستا لەبەردەستمان دایە وەك پێشتر باسم کرد، سوپاسی د.ئاراس دەکەم، لەبەر ئەوەی زۆر بە تەفصیلی و بە وردی باسی کرد، کاتێك ئێمە ئەوەمان ناردووە پێش ئەوەی ئەو برپیارەی پەرلەمان بێت بە زیادکردنی

مووچەکان، ئێستا ئەو هاوکێشەیە لەگەڵ ئەم بڕیارەی پەرلەمان ناگونجێ، ئەوەی کە ئێستا جێبەجێ دەکرێ لەلایەن وەزارەتمانەوە، چونکە بە جێبەجێ کردنی ئەو هاوکێشەیە ئەو کەمئەندامانە زەرەرمەند دەبن، هەمووشمان هەوڵی ئەوەمان ئەوەیە کە باری گوزەرانی کەمئەندامان بەرەو باشتر بکەین، نەك زەرەرمەند بن، بەڵام لێرە پێویست دەکات ئێمە تەصنیفەکە لێرە جیا بکەینەوە لەو ماددەیە، ئەگەر داخیلی وردەکاری بین، فەرمانبەر جیایەو ئەوەی کە بێکاریشە جیایە، جگە لەوە کەمئەندامان دەبێ جیا بکەینەوە لێرە، هەندێکیان بەڕێژەیە، وەکو کەمئەندامی جەستەیی، نابینایان، نابیستان، بیرکۆڵ، بەڵام لە کورتە باڵا، مەنغۆل، تەلاسیمیا، هیمۆفیلیا، هەندێك نەخۆشی تر هەیە بەپێی ڕاپۆرتی پزیشکی دەبێ، دەبێ ئەوانە تەصنیف بکرێ لێرە، ئەگەر پێویست بەوە بکات، یاخود ناوی پرۆژە یاساکە تەنها کەمئەندامان نەبێت، ئەوەی کە هەیە ئێستا ئەو هاوکێشەیە ئێمە دەبێ هەوڵی ئەوە بدەین ئەگەر ئەم هاوکێشەیەش نەبێ، هاوکێشەیەکی تر بێ، یاخود چارەسەرێکی تر بدۆزینەوە بەشێوەیەك بێ یەك دینار کە ئێستا لەو مووچەیەی دەدرێ بە کەمئەندامان کەمتر نەبێ، ئەگەر ئێمە نەتوانین ئەم ساڵ لە بودجەی ساڵی (2012) زیادی بکەین، ئێمە بەشێوەیەك وا بکەین کە زەرەریان پێ نەگەیەنین، تاکو ئێستاش من تەخویل نەکراوم کە باسی وردەکاری بودجەکە بکەم، بۆیە بە پێویستم زانی نیوەڕۆ کە وەزیری دارایی ئامادە بێ، ئێستاش ئێمە دەتوانین لەگەڵ ئەندامانی بەڕێز بوار بدرێ گفتوگۆ بکەین، ڕای وەزیری دارایش وەرگرین، چونکە هەندێ وردەکاری پێویستەو دیارە پێویست بەوە دەکات کە لەگەڵ ئەوانیشدا دابنیشین، لەگەڵ وەزیری تەندروستیش دابنیشین، بۆ ئەوەی ڕەئی ئەویش وەرگرین سەبارەت بە ڕێژەی کەمئەندام بووەکان، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

زۆر سوپاس، وەللاّ دڵنیات دەکەم لەوە کەمتر نابێ، لەوەی کە ئێستا دەیدەن بە دڵنیاییەوە، ئەوە پەرلەمانە، ئیش دەکەن زۆر بە حەماسەتەوە، پێنج پرۆژە من سوپاسیان دەکەم، پێنج پرۆژەی موختەلیف، یەکی لە حکومەت، چواری لە ژمارەی یاسایی ئەندامەکان لە فراکسیۆنەکانی موختەلیف هاتووە، بۆ ئەوەی ژیانیان چاك بکرێ، ئێستا من قەناعەتم هەیە هەر هەموو بەکۆی دەنگ لەگەڵ ئەوەن لەوە زیاتر بێ نەك کەمتر بێ، بەڵام دەبێ ڕێگایەکی دەقیق بدۆزرێتەوە، بۆ ئەوەی ئیجتیهادی تیا نەبێت، پاشان بە یەکێك زیاد بدرێ و بە یەکێك کەم، بەڕێز کاك فرست موداخەلەیەکی هەیە، فەرموو.

بەڕێز فرست أحمد عبدالله/ سکرتێری پەرلەمان:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

ئێمە دەتوانین ئیزافەیەك لەسەر ئەو ماددەیە بکەین، نەتیجەی ئەو عەمەلییە حیسابییە شەرتێك ئیزافە بکەین، بڵێین بە شەرتێك ئەوەی بە موجبی ئەو ماددەیە وەربگرێت کەمتر نەبێت لەو مەبلەغە ئەوەی بە موجبی قەوانینی پێشتر ئیستیحقاقی بێت، ئەوە حەلە، موهیم کەمتر نەبێت، ئەگەر زیاتر بێت ئیعتیادی حەقی ئەوە، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، ئێستا ماددەی حەوت گفتوگۆ لەسەری تەواو بوو، دەگەڕێینەوە بۆ سەر ماددەی (32) لێژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی فەرموو بەردەوام بە..

بەڕێز تارا تحسين ئەسعەدی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

گەیشتینە ماددەی (33) (على الوزارات المختصة كل فيما يخصه تنفيذ أحكام هذا القانون).

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

ماددەی (33) لیژنەی هاوبەش فەرموو.

بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

لیژنەی هاوبەش صیاغەی ماددەکەی بەو شێوەیەی کردووە:

(على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون).

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

بەڕێزان، کەس موناقەشەی هەیە لەسەر ئەو ماددەیە؟ فەرموو.

بەڕێز شێرزاد عبدالحافظ شريف:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

لێرە پێموایە لەو یاسایە لێرەدا بتوانین، یەعنی لێرە بەدواوە ناتوانین جێگەی بۆ بکەینەوە، ئەویش ئەوەیە هەموو ناوچە دابڕاوەکانیش بگرێتەوە، چونکە ئەوانیش هەموو کوردی لێیە، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، جەنابی وەزیر فەرموو.

بەڕێز ئاسۆس نجیب/ وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

ئێمە هێشتا بڕیاری ئەوەمان وەرنەگرتووە لە وەزارەتی دارایی کە وردەکاری پێویستە بۆ ئەوەی ئێمە بتوانین ئەو کەمئەندامانەی کە لە ناو هەرێمن مەشمول بن بەو مووچەیە، دیارە پێویست دەکات ئەگەر ناوچە دابڕاوەکان بێ، دەبێ بیگەڕێنمەوە، یاخود ڕای سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران وەرگرم، جارێ لە دەسەڵاتی منداا نییە بڕیار بەوە بدەم، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

فەرموو ناسك خان.

بەڕێز ناسك توفيق عبدالكريم:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بەڕاستی من ئەوە دوو، سێ جارە ئەوە دەبیستم، یەعنی ئێمە پەرلەمانین، ئەگەر ئێمە لێرە تەرحمان کرد کە ناوچە جێ ناکۆکەکان بگرێتەوە، مەفروزە حکومەت لایەنی جێبەجێکار بێ، ناکرێ ئێمە چاوەڕوان بین بزانین وەزیر ڕازییە، چونکە خۆ بودجە هەر لێرە تەصدیق دەکرێ، دواتر ئێمەین یاسا دەردەکەین، لەبەر ئەوە پێم باشە بەڕاستی ئەوەندە نەوترێ نازانین، ئایا وەزیری دارایی ڕازی دەبێ، یان نا؟ سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

نا، نا، زۆر تەبیعییە، ئەگەر حکومەت ئیلتیزامێکی ماددی هەبێ، لە تاقەتی نەبێ، دەبێ ڕەئی وەربگرین، بەڵام ئەوجا قەراری ئەخیر هەر بۆ پەرلەمانە دێتە ئێرە، بەڵام ئەویش وەزیرە، بە ناوی حکومەتەوە لێرەیە، دیفاع لە وجهەی نەزەری خۆی دەکات، حەقی خۆیەتی ڕەئی خۆی بدات، نابێ بڵێین نابێ تۆ قسە بکەی، ئەی بۆچی هێناومانەتە ئێرە؟ زۆر زۆر تەبیعییە، ئێستا بەنیسبەت ماددەی (33) کەس موناقەشەی لەسەری نییە زیاتر، ئێستا دەچینە ماددەی (34)، ئەویش گفتوگۆ لەسەری تەواو بوو، لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی فەرموو.

بەڕێز تارا تحسین ئەسعەدی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

المادة (34):

لايعمل بأي نص يتعارض مع مباديء وأحكام هذا القانون.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

لێژنەی هاوبەش فەرموو.

بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

لێژنەی هاوبەش پشتگیری ماددەکە دەکات وەك ئەوەی کە خوێندرایەوە.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

بەڕێزان، کێ موناقەشەی لەسەر ئەو ماددەیە هەیە؟ نییە، ئێستا بچینە ماددەی (35)، فەرموو.

بەڕێز تارا تحسین ئەسعەدی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

المادة (35):

ينفذ هذا القانون من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

لیژنەی هاوبەش.

بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

لیژنەی هاوبەش پشتگیری ماددەکە دەکات.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

بەردەوام بن لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی.

بەڕێز تارا تحسین ئەسعەدی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

"الاسباب الموجبة"

نظراً لوجود أعداد كبيرة من المعاقين في الإقليم وإنخفاض مستواهم المعاشي ولعدم وجود تشريع إقليمي خاص بهم، وإن بعض النصوص الواردة في التشريعات والقوانين الخاصة بحقوق المعاقين وأوضاعهم لم تجد طريقها إلى التطبيق إلا في نطاق محدود للغاية، ولإنخفاض نسبة المستفيدين من البرامج الخاصة برعايتهم وتأهيلهم وتشغيلهم ومن أجل النهوض بهذا المستوى وإتخاذ التدابير اللازمة لمساعدتهم على التكيف النفسي والبيئي في المجتمع وتوفير فرص الرعاية والحماية والتدريب والعمل لإزالة الحواجز الجسدية والإجتماعية والتي أدت إلى تقليص فرص العمل أمام المعاقين نتيجة التنافس اللامتكافيء من غير المعاقين على فرص العمل المحدود أمام الجميع ولإزدياد عدد المعاقين في الإقليم بشكل مضطرد نتيجة للظروف التي مرت بها الإقليم والتي نجمت من السياسات غير الحكيمة واللاإنسانية للسلطة الحاكمة في حينها في العراق، وإنسجاماً مع التشريعات الخاصة بحقوق المعاقين الصادرة عن الجمعية العامة للأمم المتحدة، ولتعديل المفاهيم والنظرة إلى المعاقين من منظار القدرة وعدم النظر إليهم من منظار العجز، والنظر إليهم ضمن معيار الإنسان العادي من حيث الحقوق والواجبات ومن حيث ضرورة إتاحة كافة الفرص له، وللإستفادة من كافة البرامج والخدمات التربوية والتعليمية وشأنهم شأن أي إنسان عادي، بحيث تحفظ كرامتهم وتمكنهم من تجاوز الحالات السلبية بما يضمن بقائهم مندمجين في بيئة الأفراد العاديين وعدم عزلهم في مؤسسات خاصة من أقرانهم العاديين، فقد شرع هذا القانون.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

لیژنەی هاوبەش ڕەئیتان.

بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

لەبەر ئەوەی ئەسباب موجیبەکە کە خوێندراوە زۆر درێژە، ئێمە لە لیژنەی هاوبەش کورتمان کردەوە، بەو شێوەیەی خوارەوە:

"الاسباب الموجبة"

لاتخاذ التدابير اللازمة لمساعدة المعاقين للاندماج النفسي والبيئي في المجتمع وتوفير فرص الرعاية والحماية والتدريب والتأهيل والعمل على ازالة الحواجز الجسدية والاجتماعية والتي ادت الى حرمانهم من الحقوق

والحريات. ومنحهم امتيازات مادية ومعنوية اضافية وانسجاماً مع التشريعات المتعلقة بالمعاقين الصادرة عن الجمعية العامة للأمم المتحدة، ومن اجل تغيير المفاهيم ونظرة المجتمع الخاطئة الى شريحة من شرائح المجتمع، فقد شرع هذا القانون.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

کەس دەیەوێ لەسەری موناقەشە بکات؟ بەڕێزان، ئەو ڕێزدارانە موشارەکە دەکەن لە گفتوگۆ (هاوڕاز خۆشناو، سیوەیل عثمان، ئاشتی عزیز، عمر نورەدینی، تارا ئەسعەدی)، کەسی تر هەیە؟ عبدالسلام بەرواری، هاوڕاز خان فەرموو.

بەڕێز هاوڕاز شێخ احمد:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

من هەر تێبینیم لەسەر ئەوەیە چ لە پرۆژە یاسایەکەی حکومەت، چ لە ڕاپۆرتی لیژنە هاوبەشەکە، لە ئەسباب موجەبەکە باسی خاوەن پێداویستی تایبەت ناکرێ، پێم باشە ئەمەی بخرێتە ناوی، لەبەر ئەوەی لە هەندێ بڕگە و بابەتی تر خستمانە ناوی.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، ڕێزدار سیوەیل عثمان.

بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

لە ئەسڵی یاسایەکە ئەسباب موجەبەکە زۆر دوور و درێژ بوو، لەبەر ئەوە من پشتیوانی لە ڕەئی ڕاپۆرتی هاوبەش دەکەم، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، ڕێزدار ئاشتی عزیز.

بەڕێز ئاشتی عزیز صالح:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

سەبارەت بەو ئەسباب موجەبەیەی کە لە ئەسڵی پرۆژەکەدا هاتووە، بەڕاستی سێ خاڵی سەرەکی کە ناوەڕۆکی ئەسباب موجەبەکەی لەسەر دارێژراوەتەوە، سێ خاڵە کە وەکو پێش مەرج دانراوە، پێش مەرجێکی دروست نییە، کە لێرەدا هاتووە، بۆ نموونە لەسەرەتاکەیدا ئاماژە بەوە دەکات کە یاسا لەبەر ئەوەی ژمارەی کەمئەندامان زۆرە لە کوردستاندا، بۆیە ئەم پرۆژەیە دەرچووە، کە مەرج نییە یاسا بۆ دیاردە دەربچێ، جاری وا هەیە یاسا بۆ یەك (case) دەردەچێ، بۆ نموونە لە سەرەتای ساڵەکانی (2000) لە ئەڵمانیا یەك (case) هەبوو هی خەتەنە، کە پەناهەندەش بووە لەو وڵاتە، بەڵام یاسایەك دەرچوو بۆ مەسەلەی خەتەنە، چونکە یاسا بەتەنها مەسەلەی تەنزیم نییە، زۆرجار ڕەدعە، ڕێگاگرتنە بۆ ئەوەی کە ئینتیشاری ئەو حاڵەتە نەکات، ئەوە دروست نییە لێرە، هەروەها پێش مەرجێکی تر لە ناو ناوەڕۆکەکە

دانراوە، کە باس لە خراپی ئاستی مووچەو بژێوی ژیانی کەمئەندام دەکات، کە ئەمەش پێش مەرجێکی هەڵەیە بۆ ئەسباب موجەبە، چونکە مەرج نییە ئەو کەمئەندامە، لەبەر ئەوەی کە ئەو حاڵەتێکی ناتەندروستی هەیە لە لەش ساغیدا، بۆیە ئەوەی دەدرێتێ، بە تەنها مەسەلە حاڵەتە مەرئییەکەشی نییە، پێش مەرجێکی تریش دانراوە لە ناو ئەسباب موجەبەکە، کە ئەوەش دروست نییە، ئەوەیە کە باس لە زۆری کەمئەندامی دەکات بەهۆی ئەو ڕووداوانەی کە بەسەر هەرێم و بەسەر عیراقدا هاتووە، خۆ ئەوە بە تەنها بۆ کەمئەندامانی سەنگەر نییە، ئایا ئەگەر (10) ساڵی تر هەرێمی کوردستان لە سەقامگیرییەکی سیاسی و ئاسایشدا بوو، خۆ جارێکی تر تۆ یاساکە هەڵناوەشێنیتەوە لەبەر ئەوەی ئەم کەسانە چوونەتە قۆناغێکی تری تەمەنییانەوە، بۆیە من پشتگیری لە ئەسباب موجەبەی ڕاپۆرتی هاوبەشەکە دەکەم، هەرچەندە داواکارم کە ڕیزی کۆتایی بەڕای من دروست نییە، کە دەڵێ (ومن أجل تغيير المفاهيم ونظرة المجتمع الخاطئة) کێ بڕیار دەدات کە هەموو موجتەمەع ڕوانینی هەڵەیە بۆ مامەڵە کردن لەگەڵ کەمئەندامدا؟ ئەوە بڕیارێکی پێش وەختە کە لیژنەی هاوبەش داویەتی هەڵەیە، مەرج نییە کەمانێك لە ناو کۆمەڵگادا تێڕوانینی هەڵەیان هەیە بۆ موعامەلە کردن لەگەڵ کەمئەندامدا، داوا دەکەم ئەو جوملەیە لابدرێ، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، ڕێزدار عمر نورەدینی، فەرموو.

بەڕێز د.عمر حمد امین خدر(نورەدینی):

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

من دوو سەرنجم هەیە، یەکێکیان/ ئەوەی کە دەڵێ (إنسجاماً مع التشريعات المتعلقة) ئەوەی کە لەلایەن جمعیەی عامەی (الأمم المتحدة)وە دەرچووە، بە ڕەئی من ئەوە بگۆڕین بڵێین (وإنسجاماً مع المباديء الرئيسية للقانون الدولي الإنساني والإتفاقيات والإعلانات الدولية الصادرة) بەم شێوەیە بیگۆڕین، هەروەها سەرنجی دووەمیشم/ فیعلەن ئێمە هەوڵ بدەین ئەوەی کە تێڕوانینی هەڵەی کۆمەڵگا لەڕاستیدا دەبێ بیگۆڕین، بە ڕەئی من ئێمە بڵێین لەجیاتی ئەوە تەوعیەکردنی کۆمەڵگا، هەروەها ئیندیماجی کاملی پەککەوتەو خاوەن پێداویستی تایبەت لەڕووی کۆمەڵایەتی، لەڕووی ئابووری، لەڕووی کلتوورییەوە لەو پێناوەدا، بەم شێوەیە گۆڕانەکە لەوەدا دەکرێ، واتا من تەئیدی ئەوە دەکەم کە (ونظرة المجتمع الخاطئة) لاببرێ، بەو شێوەیەش بگۆڕێ، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، ڕێزدار تارا ئەسعەدی فەرموو.

بەڕێز تارا تحسین ئەسعەدی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

من بەکوردی و زۆر بە کورتیش ئەسبابی موجەبەکەم بەم شێوەیە کردووە، کە هەرچی شتەکانی ناوی هەیە پوخت کراوەتەوە بەڕا وەرگرتنی ڕێکخراوەکان و زۆریان، لەبەر ئەوە لێرە تەرحی دەکەم، ئەگەر مەعقول بوو دەنگی لەسەر بدەن، ئەگەر نا لەگەڵ هاوبەشەکەین، (دەرچوونی ئەم یاسایە بۆ زیاتر خزمەت

پەرلەمانی کوردستان - عێراق

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (22)

پێنج شەممە رێکەوتی 2011\12\29

خولی سێیەمی هەڵبژاردن

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (22)

پێنج شەممە ڕێکەوتی 2011/12/29

کاتژمێر (3،30)ی پاش نیوەڕۆی ڕۆژی پێنج شەممە ڕێکەوتی 2011/12/29 پەرلەمانی کوردستان - عێراق بە سەرۆکایەتی بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی) سەرۆکی پەرلەمان و, بە ئامادەبوونی

بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبدالله سکرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژمارە (22)ی خولی سێیەم, ساڵی (2011) ی خۆی بەست.

بەرنامەی کار:

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی ماددە (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموارکراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق, دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری درا دانیشتنی ژمارەی (22)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کات (3،30)ی پش نیوەڕۆی رۆژی پێنج شەممە رێکەوتی 2011/12/29 دا بەم شێوەیە بێت:

1-بەردەوام بوون لەسەر گفتوگۆ کردن لەسەر ئەم پێشنیارە یاسایانەی خوارەوە:

أ- پێشنیاری یاسای مافەکانی کەمئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەتیەکان لە هەرێمی کوردستان.

ب-پێشنیاری یاسای گرنگیدان بە کەمئەندامان و خاوەنی پێداویستیە تایبەتیەکان.

ج-پێشنیاری یاسای چاودێری کردن و شیاندنی خاوەن پێداویستیە تایبەتیەکان لە هەرێمی کوردستان.

د-پێشنیاری یاسای مافەکانی کورتەبالاکان لە هەرێمی کوردستان.

هـ-پێشنیاری یاسای تایبەت بە کورتەبالاکان لە هەرێمی کوردستان.

2-بانگهێشت کردنی بەڕێز وەزیری ناوخۆ بەمەبەستی وەلامدانەوەی پرسیارەکانی ئەندامانی پەرلەمان.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.

بەناوی گەلی کوردستان. دانیشتنەکەمان دەکەینەوە، خولی سێیەمی هەڵبژاردن، ساڵی سێیەم، خولی گرێدانی یەکەم، ژمارەی دانیشتن (22) رۆژی دانیشتن (2011/12/29).

بەرنامەی کار:

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1) ی ماددە (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1) ی هەموارکراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستانی عیراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (22) ی ئاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کات (3:30) پاش نیوەڕۆ، ڕۆژی پێنج شەممە، ڕێکەوتی (2011/12/29)دا بەم شێوەیە بێ:

1-بەردەوام بوون لەسەر گفتوگۆ کردن لەسەر ئەم پێشنیارە یاسایانەی خوارەوە:

أ- پێشنیاری یاسای مافەکانی کەمئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەتیەکان لە هەرێمی کوردستان.

ب-پێشنیاری یاسای گرنگیدان بە کەمئەندامان و خاوەنی پێداویستیە تایبەتیەکان.

ج-پێشنیاری یاسای چاودێری کردن و شیاندنی خاوەن پێداویستیە تایبەتیەکان لە هەرێمی کوردستان.

د-پێشنیاری یاسای مافەکانی کورتەبالاکان لە هەرێمی کوردستان.

هـ-پێشنیاری یاسای تایبەت بە کورتەبالاکان لە هەرێمی کوردستان.

2-بانگهێشت کردنی بەڕێز وەزیری ناوخۆ بەمەبەستی وەلامدانەوەی پرسیارەکانی ئەندامانی پەرلەمان.

بەخێرهاتنی وەزیری ناوخۆ و ڕێکخەری نێوانی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان کاك (کریم سنجاری) و کاك (سعد) دەکەین، لەگەڵ ڕاوێژکارەکانیان، زۆر زۆر بەخێربێن، ئێستاش لەبەر ئەوەی فەقەرە یەکی بەرنامەی کارمان کە دوێنێکە گفتوگۆی لەسەر کرا، لە پرۆتۆکۆڵ بۆ لیژنەکان بنێردرێت، ئامادەکاری بکەن بۆ دەنگدان، تەواو نەبووە، داوا لە ئێوەی بەڕێز دەکەین، بڕگەی (2) ی بەرنامەکە بخەینە پێش ئێوەی بەڕێز، ئەگەر دەنگی بۆ بدەن، جەنابی وەزیر وەلامی پرسیارەکانی ئێوەی بەڕێز بداتەوە، ئێستا ئەمانەوێ بڕگەی (2) بهێنینە پێشەوە و گفتوگۆی لەسەر بکەین، کێ لەگەڵە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدانیە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟، سوپاس، بەکۆی دەنگ پەسەند کرا، زۆر زۆر سوپاس بۆ ئێوەی بەڕێز، داوا لەجەنابی وەزیر ڕێزدار کاك (کریم سنجاری) وەزیری ناوخۆی هەرێمی کوردستان دەکەین، کەرەمکە بۆسەر مەنەصە.

بەڕێز کریم سنجاری/ وەزیری ناوخۆ:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.

خۆشحاڵم کە لێرە ئامادەبووم، بۆئەوەی بەیەکەوە بتوانین ڕەوشی ئەمنی و ئارامی هەرێمەکەمان ئارامتر ڕابگرین و ڕێز لە سەروەری یاسا، پرەنسیپە دادوەریە کۆمەلایەتیەکان بگرین، هەموومان بەیەکەوە، لە خزمەت بەرژەوەندیە گشتیەکان کار بکەین، بەڕێزان بەپێی یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (6) ی ساڵی (2009) وەزارەتەکەمان چەندین ئەرکی پێسپێردراوە، لێرەدا بەکورتی پوختەیەك دەخەینەڕوو.

یەکەم/ دیوانی وەزارەت:

دیوانی وەزارەت لەسێ بەڕێوەبەرایەتی گشتی پێك دێت، لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ، ئەم کاروچالاکیانەی خوارەوەی ئەنجام داوە لەماوەی ساڵی .2011

1-دامەزراندنی 2500 فەرمانبەری کارمەندی هێزەکانی ئاسایش، ناوخۆ بەپێی ڕێنماییەکانی دامەزراندن کە لەساڵی 2011 پەیڕەو کراوە.

2-لەماوەی ئەم ساڵەدا زیاتر لە 29340 بیانی هاتوونەتە هەرێمی کوردستان، لەخاڵە سنووریەکان و فڕۆکەخانەی هەولێرو سلێمانی، لەڕێگای پێدانی ڤیزە لەلایەن وەزارەتمان، جگە لەهەزاران بیانی تر لە هەلگرانی ڕەگەزنامەی ئەوروپی و ئەمریکی بەپێی ڤیزەی پێش وەخت دێنە هەرێم و لەناو فڕۆکەخانە ڕاستەوخۆ ڤیزەیان پێ دەدرێت.

3-تا ماوەیەك بەرلەئێستا بەپێی یاسای حیزبەکان ژمارە (17) ساڵی 1993 ی هەموار کراو، کۆمەڵەکانی ژمارە (18) ی ساڵی 1993ی یاسای ڕێکخراوەکانی (ngo) ژمارە (15) ی ساڵی 2001 ی هەموار کراو، مۆڵەتمان دەدایە حیزب و کۆمەڵەو ڕێکخراوەکان، بەڵام دوای دەرچوونی یاسای ڕێکخراوەکانی کۆمەلگەی مەدەنی مۆڵەتی ڕێکخراوەکانی (ngo) مان ڕاگرتووە، تاوەکو ئێستا نزیکەی 1300 کۆمەڵەو ڕێکخراو

سەنتەر مۆڵەتیان پێدراوە لەماوەی ئەمسااڵدا، 42 ڕێکخراوی (ngo) وە 35 سەنتەری ڕۆشنبیری و (14) کۆمەڵەو (2) یەکێتی و (1)سەندیکاو (1) حیزبی سیاسی مۆڵەتیان پێدراوە، چوار لە فەرمانگەی یاسایی نزیکەی 7500 موعامەلەی جۆراو جۆری هاوواڵتیان رایی کراوە، لە بەشی کۆمپانیاکانی پاسەوانی تایبەت (32) مۆڵەتی کارکردن دراوە بە کۆمپانیاکان، لەماوەی ئەمسااڵدا 23 گرێبەست بەڕێ کراوە، لە الیەن وەزارەتمانەوە لە بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەکان لەگەڵ کۆمپانیاکانی جێبەجێکار بە پڕۆژەی جۆراو جۆر، 104 خولی شیاندن و بەرز کردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری و پڕۆفیشینالیان لەکارەکاندا کراوەتەوە، لەناوەوەو دەرەوەی هەرێم، 1234ئەفسەر و کارمەند و فەرمانبەر بەشداریان تێدا کردووە، لەهەموو ئاستەکاندا، هەروەها مۆڵەتی خوێندن دراوە بە 24 کارمەندو فەرمانبەر، بەمەبەستی بەدەست هێنانی بڕوانامەی جۆراو جۆر، پاڵاوتنی 70فەرمانبەر و کارمەندانی وەزارەتمان بۆ بەرنامەی تواناسازی بەپێی ئەو پسپۆریانەی وەزارەت پێویستی پێی هەیە، بۆ تەواو کردنی خوێندنی باڵ لە دەرەوەی هەرێم، بەپێی پلانی حکومەت بۆ ساڵی 2011، جێبەجێ کردنی یاسای ژمارە (18) ی ساڵی 2011ی تایبەت بە ڕاڤەو خانەنشینی هێزەکانی ئاسایش و ناوخۆ، کە لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق دەرچووە، لەالیەن پەرلەمانی کوردستانەوە بە سوپاسەوە پەسەند کراوە، کە سوودی زۆری بۆ هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ هەیەو، هۆکارێکی زۆرباشی پشتگیریانە، ئەمەش بووە هۆی بەرز کردنەوەی ئاستی بژێوی هەموو کارمەندانی هێزەکانی ناوخۆ، پێکهێنانی لیوای (1)و(2) بۆ پاراستنی دامەزراوە نەوتیەکان، کردنەوەی 21 بنکەی پۆلیس و پۆلیسی هاتوچۆ و بەرگری شارستانی لەگەڵ کردنەوەی سێ نووسینگەی نەهێشتنی تاوان.

بەڕێوەبەرایەتی گشتی پۆلیس:

1-هێنانەکایەی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی بانکەکانی هەرێم و هەروەها لەئایندەیەکی نزیکدا بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی گەشت و گوزار دەست بەکاردەبێ، لەماوەی ئیمسااڵدا، 21180 تاوانی جۆراو جۆر ئەنجامدراوە، کەنزیکەی 85٪ی ئاشکرا کراون و تۆمەتباران دۆسیەکانیان لە دادگایە، جێبەجێ کردنی مۆڵەت و شەش پرۆژەی جۆراو جۆر، لەدروست کردنی بینایەو باڵەخانەو بنکەی پۆلیس کەلەالیەن پاریزگاکانەوە جێبەجێ دەکرێن، لە بەڕێوەبەرایەتی بەڵگەکانی تاوان، چەندن چاالکی جۆراو جۆریان ئەنجام داوە کە ژمارەیان دەکاتە (3243) چاالکی کە بریتین لە (بطاقة المحكومين، طبع الجرمية، معاملات طبع الاصابع، شعبة التصوير الجنائي، شعبة الاسلحة، فحص تأريخ الاطلاق، شعبة المخطوطات حوادث اليومية، شعبة التسجيل الجنائي، شعبة المختبر البايلوجي، جرائم الكمبيوتر، شعبة مختبر الكيمياء) لە بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی ئینتەرپول 114کێشە هەبووە، 76 فەرمانی دەستگیر کردنی نێودەوڵەتی، 438 تایبەت بە زانیاری لەسەر تاوانباران گشتاندیان پێ کراوە، بەڕێوەبەرایەتی بەرگری شارستانی لە پاریزگاکە، لە سنووری پاریزگای هەولێر کەوتنەوەی نزیکەی 1304 ڕووداوی ئاگر کەوتنەوە بەهەموو جۆرەکانیەوە، 60بریندار هەبووە، 20 هاوواڵتی لە ئەنجامی مەلەکردن لە ڕووبارەکان خنکاون، هەروەها تیمەکانی ئاگر کوژێنەوە توانیویانە 41 هاوواڵتی لە مردن ڕزگار بکەن، هەروەها 4 ئامێری ڕۆبۆتیان بۆ دابین کراوە،

لەگەڵ چەندین ئامێری تایبەت بە هەناسەدان و ڕزگارکردنی کەس و تۆڕی ڕزگار کردنی بەدلا، لەسنووری پارێزگای سلێمانی 3096 ڕووداوی ئاگر کەوتنەوە هەبووە، 45 هاوولاتی لە ڕووداوەکان گیانیان لەدەستداوە، 10کارمەندیشیان بریندار بوونە، لە سنووری پارێزگاری دهۆك 2899 ڕووداوی جۆراو جۆر هەبووە، لەوانە 1747 ڕووداوی ئاگر بووە، لەناویاندا 44 هاوولاتی مردوون و 32 کەسیش بریندار بوون، 16 هاوولاتیش لە خنکان ڕزگار کراون، لە سنووری ئیدارەی گەرمیان 832 ڕووداوی ئاگر کەوتنەوە هەبووە، 8 هاوولاتی لە ئاوی ڕووبارەکان خنکاون و تیمەکان توانیویانە 20 هاوولاتی ڕزگار بکەن، لە سنووری قەزای سۆران 360 ڕووداوی ئاگر کەوتنەوە هەبووە، 8 هاوولاتی لەئاوی ڕووبارەکان خنکاون و تیمەکان توانیویانە 32 هاوولاتی لە خنکان ڕزگار بکەن، بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەدواداچوونی توندو تیژی دژی ئافرەتان، ئەم بەڕێوەبەرایەتیە گشتیە پێکهاتووە لە 4 بەڕێوەبەرایەتی و 13 نووسینگە، لەو ئەرك و چالاکیانە زیاتر بریتیە لە داکۆکی کردن لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو تاوان و کردەوە تونـدو تیژیانەی دەرهەق بە ئافرەتان و ژنان ئەنجام دەدرێن، کردنەوەی 7 نووسینگە لەناحیەو قەزاکانی هەرێم، تاوەکو ئێستا 49 خولی جیا جیای تایبەت بە کارو چالاکیەکان و چۆنیەتی بەرگری کردن و بەرز کردنەوەی ئاستی کارمەندان، لە بواری ڕووبەڕووبوونەوەی تونـدوتیژی ناوخێزان بەرامبەر بە ئافرەتان لەناوەو دەرەوەی هەرێم ئەنجامدراوە، چەند ڕێکەوتنێکمان لەگەڵ (الاتحادی الاوروبی) وچەند ڕێکخراوێکی جیهانی کردو، بۆ هەماهەنگی و پێشکەش کردنی ڕێنمایی بۆ کەم کردنەوەی دیاردەی تونـدو تیژی دژی ئافرەتان لەنێو خێزان و لەناو کۆمەڵگا بە گشتی.

بەڕێوەبەرایەتی گشتی هاتوچۆ:

بەرەو پێشەوە چوونێکی بەرچاوی بەخۆوە بینیوە لە هەموو ئاستەکاندا، وەك دانانی نیشانەکانی هاتوچۆو سیستەمی نوێی ترافیك و چاودێری کردنی ڕێگاکانی دەرەوە بەڕادارو سیستەمی تاقی کردنەوەی وەرگرتنی مۆڵەتی لێخورین بە ئەلیکترۆنی، سیستەمی پشکنینی تونـدو تۆڵی ئۆتۆمبێل.

1-کڕینی پێنج هەلیکۆپتەر بۆ کۆنترۆل کردنی هاتوچۆ، کڕینی 500 ئۆتۆمبێل بۆ یەکخستنی هەموو ئۆتۆمبێلەکانی هاتوچۆ، دیراسەیەکی قوڵ و تێرو تەسەلمان لەبەردەستدایە بە مەبەستی زیاتر کۆنترۆڵ کردنی ئەمنیەت بە هەماهەنگی لەگەڵ کۆمپانیایەکی فەرەنسی، بۆ دانانی کامیرای چاودێری لە شەقامەکان و شوێنە گشتیەکان، دانانی 95 کامیرای پێشکەوتوو لە پارێزگاکان بۆ تۆمارکردنی سەرپێچیەکان، تۆمارکردنی 137975 لە جۆرەکانی ئۆتۆمبێلی تایبەت و کرێ و بارهەڵگر، ژمارەی ڕووداوەکانی هاتوچۆ 3350 کە لەنێوانیاندا 570 کەس گیانیان لەدەستداوە، 5143 کەس بریندار بوونە، 469347 مۆڵەتی گشتی و 56492 مۆڵەتی تایبەتی دراوە بە هاوولاتیان، بەکارهێنانی سیستەمی ئەلیکترۆنی پێشکەوتوو کە لەلایەن ولاتی کۆریا جێبەجێ دەکرێت بۆ دەرهێنانی مۆڵەتی شوفێری.

پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان:

1-پارێزگای هەولێر لە 10قەزاو 35 ناحیە پێك دێت، چالاکیەکانیان بریتین لە 40 پرۆژە کە لەژێر جێبەجێکردن دایە، 160 پرۆژە ئەنجامدراوە.

پارێزگای سلێمانی:

لە 13 قەزار و 29 ناحیە پێك دێت، 200 پرۆژە تەواو کراوە، 10 پرۆژە لەژێر جێبەجێ کردن دایە.

پارێزگای دهۆك:

لە 7 قەزاو 25 ناحیە پێك دێت، 17 پرۆژە لەژێر جێبەجێ کردن دایە.

ئیدارەی گەرمیان:

لە 4 قەزاو 20 ناحیە پێك دێت، هەڵساون بە تەمیك کردنی 288 خانوو لەگەڵ دەیان پرۆژەی جۆراو جۆری ئاوەدانکردنەوە لەجێبەجێ کردندایە.

بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕەگەزنامەو و پاسپۆرت و نشینگەو کاروباری وەبەرهێنانی ڕەگەزنامەو، ناسنامەی باری شارستانی دەرهێنانی پاسپۆرت و بەڕێوەبەرایەتی نشینگەو فەرمانگەکانی یاسایی، کارگێڕی، ژمێریاری و وردبین و ئامار لەسەر ئاستی پارێزگاکانیش، بەڕێوەبەرایەتی ڕەگەزنامەو باری شارستانی و پاسپۆرت و نشینگەی هەیە، سەرەرای بوونی بنکەی پۆلیس و دەرهێنانی ڕەگەزنامەو باری کەسێتی لە قەزاو ناحیەکاندا، دەرچووانی 82440 پاسپۆرتی جۆری (A) چەندین جار بەڕێوەبەرایەتیەکانی پاسپۆرت لە هەولێرو سلێمانی لەسەر ئاستی عیراق یەکەم دەرچوونە، لە ڕایی کردن و دەرکردنی پاسپۆرت بۆ هاوولاتیان، ئەنجامدانی 115303 مامەڵەی نشینگەی ئیقامە لە هەرێمی کوردستان.

دەستەی پشکنینی کارگێری:

کاری ئەم دەستەیە بەدواداچوونی کارگێڕی و ژمێریاری و وردبینی دەکەن، بەمەبەستی پشکنینی سەرجەم یەکە کارگێڕیەکان بە قەزاو ناحیەو پارێزگاوە، ئەو فەرمانگەیە کە لە لایەن فەرمانەگەی شارستانیەوە بەڕێوە دەبردرێن، لەمسالدا هەڵساون بە پشکنینی 97 ناحیەو 31 قەزا، ئەنجامدانی 29 لیژنەی لێکۆڵینەوە داوە، لەسەر ئەدای یەکە کارگێڕیەکان.

دەستەی پشکنینی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ:

تایبەتە بە کاری پشکنینی ئیداری و سەربازی بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ، لەماوەی ئەمسالدا 183 چالاکی جۆراو جۆری هەبووە سەبارەت بە لێکۆڵینەوەو چارەسەر کردنی کێشە جۆراو جۆرەکانی لایەنی سەربازی.

دادگای هەمیشەی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ:

145 کێشەیان یەکلایی کردۆتەوە.

کۆلیژی پۆلیس:

لە هەولێرو سلێمانی هەیە، کارو چالاکیەکانی پێگەیاندنی ئەفسەرەکانی پۆلیس لە هەموو بوارەکاندا سروشتی کارەکانی ئەم کۆلیژە، بە سیستەمێك ڕێکخراوە، لە کۆلیژی پۆلیسی هەولێر، لەمسالدا 212

قوتابی دەرچوون و پلەی ملازم (2) یان پێ بەخشرا، هەروەها 17 قوتابی ئافرەت پلەی ملازمی (2)یان پێ پەخشرا، 12 قوتابی ئافرەت پلەی ڕێپێدراوی پلە (7) یان پێ بەخشرا، لە کۆلیژی پۆلیسی سلێمانی (135) قوتابی پلەی ملازمی (2) یان پێ بەخشراوە لە خولی سێ ساڵە، 76 پلەی ملازم (2) پێ بەخشراوە لەخولی خێرایی بۆ ماوەی 9 مانگ.

نوسینگەی کۆچ و کۆچبەران:

ئەرکیان سەرپەرشتی کردنی ئاوارەو خێزانە گەڕاوەکانی ئێران و تورکیاو شوێنەکانی دیکەن، بەهاوکاری ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان، وەك (UNSR) جگە لە سەرپەرشتی کردنی ئەو خێزانانە کە بەهۆی بارودۆخی ئەمنیەوە لە پارێزگاکان و ناوچەکانی ناوەڕاست و باشووری عیراق پەنایان بۆ هەرێمی کوردستان هێناوە، خەریکن لەگەڵ وەزارەتی (الهجرة والمهجرين)لە بەغدا، یاداشتێکی نەهێشتن مۆر بکەن، بۆ ئەم مەبەستانەی سەرەوە، یارمەتیەکی زۆری زیان لێکەوتووانی تۆپ بارانی ئەم دواییەی سنوورەکان دراوە، لەسەر نووسراوی وەزارەتمان کە ئاراستەی ئەنجومەنی وەزیرانی عیراق کراوە، بڕی دوو ملیار دینار تەرخان کراوە، تەرخانکردنی بڕی 10 ملیار دینار لەسەر بودجەی وەزارەتمان بەمەبەستی یارمەتیدانی ئاوارە گەڕاوەکانی ئێران و تورکیا، هەروەها پێشنیار کراوە بەتەرخانکردنی بڕی پەنجا ملیار دینار بۆ ساڵی 2019، بەڕێزان لە کۆتایدا دەمانەوێ وەك وەزارەتی ناوخۆ جەخت بکەینەوە کە هەمیشە پابەند بوونی خۆمان دووپات دەکەینەوە، بۆ جێبەجێ کردنی ئەرکی سەرشانمان، پارێزگاری کردن لەگەل و نیشتیمانەکەمان و ڕاگرتنی سەروەری یاساو ڕێزگرتن لەمافە دیموکراتیەکان، لەگەڵ ڕێزماندا.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس بۆ جەنابی وەزیر، ئێستا پرسیارەکان بەو شێوەیەی کەهاتووە دانراوە، بەپێی تەسەلسولی پرسیارەکان دانراون، بەس تکا دەکەین پرسیارەکانتان بخوێننەوە، یەعنی بێ تەعلیقیش، ناوەکان بەم شێوەیەیە، سۆزان شهاب، کاردۆ محمد، عمر عبدالعزیز، احمد سلێمان، دلشاد شەهاب، نشتیمان مرشد، گۆران ئازاد، عونی کمال سعید بەزاز، هاوڕاز شێخ احمد، سەردار رشید، حەمە سعید حەمە علی، د.بشیر، پەروین عبدالرحمن، کاوە محمدامین، شڤان احمد، ناسك تۆفیق، عبدالله ملا نوری، نەسرین جمال، ڤیان عبدالرحیم، شێرزاد عبدالحافظ، یاووز خورشید، هاژە سلیمان، بەفرین حسین، امیر گۆکە، سەمیر سلیم، عبدالله محمدامین، عبدالرحمن حسین، پێشەوا تۆفیق، ئاسۆ کریم، صباح بیت الله، عمر نورەدینی، دلێر محمود، سەمیرە عبدالله، د.جهان اسماعیل، نەریمان عبدالله، پەیمان عزالدین، ئامینە زکری، سەرگوڵ رضا ، ئەڤین عمر، ئاشتی عزیز، فەرمان عزالدین، د.احمد وەرتی، بێریڤان سەرهەنگ، فاضل حسن، زکیە سید صالح، گوڵیزار قادر، ئێستا کەرەمکە خاتوون.

بەڕێز پەیمان عزالدین:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

ببورە دکتۆر من پرسیارم ئاراستە کردووە، بەڵام ناوم نەبوو لەوێ.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

ناوت هەیە بەڕێز، ڕێزدار سۆزان شهاب، کەمێك ببورە، فەرموو کاك کریم.

بەڕێز کریم سنجاری/وەزیری ناوخۆ:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

دوو تەوزیحم هەیە، دوو سوئالی زۆر موکەرەر هاتووە، یەك لەسەر داهاتی هاتوچۆ، زۆر سوئالی موکەرەر هەیە، سوئالەکی تر، لەسەر پلان چیە بۆ تەتویر کردنی هاتوچۆ؟، پێشنیارەکانمان چیە بۆ ئەوەی حەوادسی مرور کەم بێتەوە؟، ئینجا ئەگەر مەجال هەبێ، ئیجازەم بدەنێ ئەوە ڕوون بکەمەوە پێش ئەوەی بچینە جوابی سوئالەکان، وابزانم زۆر لە وەختەکە بۆ هەموومان باشتر دەبێ.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

کەی پرسیارەکە وەختی هات، وەلاّم بدەرەوە، ڕێزدار سۆزان شهاب فەرموو.

بەڕێز سۆزان شهاب نووری:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.

بەخێرهاتنی بەڕێز وەزیری ناوخۆ دەکەم لەگەلّ میوانەکان، پرسیارەکانی من، پرسیاری یەکەم، دەست خۆشیتان لێ دەکەین بەزیاد کردنی مووچەی هێزەکانی ناوخۆ، بەلاّم هەتاوەکو ئێستا هێزی پاسەوانان، لە بەڕێوەبەرایەتی پاسەوانان، کە پێیان دەوترێ پاسەوانی تایبەت، کە پاسەوانی بارەگای حیزبی و مەسئولی حیزبی و حکومی دەگرێتەوە، هەتاوەکو ئێستا ئەو زیادە مووچەیان وەرنەگرتووە؟، تکایە هۆکارەکانی چین؟، بۆمان ڕوون بکەرەوە بۆ ئەوەی ئەوانیش دلّنیا بن لەوی کە هەرچیەك هەیە، دووەم، بێگومان وەزارەتی ناوخۆ داهاتی ناوخۆی هەیە، لەتۆمارکردنی ئۆتۆمبێل و غەرامەکان و ئەم داهاتە ناوخۆییە، ئایا بەکاردێتەوە بۆ مەشق و ڕاهێنانی هێزەکانی ناوخۆ و پێشخستنی کارمەندان؟، یاخود دەگەڕێتەوە وەزارەتی دارایی؟، سێهەم، لەکاتی ڕووداوەکانی زاخۆ دەرکەوت شارێکی وەك زاخۆ، ئەو ڕۆژە تەنها 40 پۆلیس لە دەوام بوون، پرسیارەکەی من ئەوەیە دابەش کردنی پۆلیس بەسەر بەڕێوەبەرایەتی پۆلیس و بنکەکانی پۆلیس، لەسەر چ پێوەرێکە؟، یەعنی پێوەرەکان چین ئەم بنکەیە ئەوەندە پۆلیسی تیابێ و ئەوەی تر ئەوەندەی تیابێ؟، ئایا بەپێی گەورەیی شار و شارۆچکەکانە، یاخود لەسەر چ پێوەرێکە؟، بەداتاو ئامار دەمانەوێ بزانین کە ژمارەی پۆلیسی هەرێمی کوردستان چەندە؟، چۆن دابەش کراوە؟، ئەم پۆلیسانە، هەروەها پۆلیسی چالاکی مەدەنی، هەتاوەکو ئێستا لە شارەکانی کوردستان ڕێك نەخراوە یاخود هەرچەندە لە یاسای خۆپێشاندان ناویان هاتووە، بەلاّم پۆلیسی چالاکی مەدەنی نیە لە هەندێ لە شارەکان، چوارەم زۆر بوونی ڕووداوەکانی هاتوچۆ بەهۆی تیژ لێخوڕین و خواردنەوەی مەی و بەکارهێنانی مۆبایل لەکاتی لێخوڕیندا، ئەمە لە جیهان، چارەسەری کراوە، ئەو حاڵەتانە هەیە، بەلاّم لەجیهان چارەسەری بۆ کراوە،

بەڵام لە کوردستان تاوەکو ئێستا ئەم سەرپێچیانەیە بەرچاوی پۆلیسی هاتوچۆوە دەکرێت، کەسیش هەتاوەکو ئێستا لەسەر بەکاهێنانی مۆبایل و یاخود تیژ لێخوڕین و دوای دانانی کامیراکان دەزانم، بەڵام هێشتا ئەو وشیاریە بڵاو نەبۆتەوە، یاخود خواردنەوەی مەشروب کە ئەتوانرێ کۆنترۆڵی ئەو کەسانە بکرێ کە بەتایبەتی شەوان، بۆ ئەوەی بزانن ڕادەی ئەلکهول چەند لە لەشیان، سالانە وەزارەتی ناوخۆ لەوڵاتان بە ملیۆنەها دۆلار بەس سەرف دەکات بۆ ئەوەی.....

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

تکایە، تکایە شەرح نەکەن، پرسیارەکە بخوێنەوە، ڕەجائەن.

بەڕێز سۆزان شهاب نوری:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

هەر نەسی پرسیارەکەمە دەیخوێنمەوە، سالانە چەندین ملیۆن دۆلار دەدرێت بە ریکلام بۆ وشیار کردنەوەی خەڵك، بەڵام هەتاوەکو ئێستا لە هەرێمی کوردستان، ئەم کارە نەکراوەو چارەسەریشی نەکراوە و هۆکارەکانی چین؟.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس بۆ جەنابت، جەنابی وەزیر فەرموو.

بەڕێز کریم سنجاری/ وەزیری ناوخۆ:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

وەڵامی پرسیاری یەکەم، سەرجەم مووچەکانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ زیاد کراون بەهەموو دەرماڵەکانیان، مووچەی زێڕەڤانیش بەهەمان شێوە زیاد کراوە، زیادەکەشیان بۆ خەرج کراوە، بەڵام سەبارەت بە مووچەی پاسەوانانی تایبەت، بە بارەگای حیزبەکان و بەرپرسەکانیان لەلایەن سەرۆکایەتی هەرێمەوە داوامان لێ کرابوو لیژنەیەکی تایبەت پێك بهێندرێت، لە وەزارەتی ناخۆ و پێشمەرگە، لیژنەکە پێشنیارەکانی بەرز کردۆتەوە، بۆ سەرۆکایەتی هەرێم بە مەبەستی پەسەند کردنی، ئێمەش چاوەڕێین بخرێتە بواری جێبەجێ کردن، تاوەکو هەموو مافەکانین پێ بدرێت، ئەوانەی زیادە بن ڕەوانەی فەرماندەی زێڕەڤانی و بەرگری فریاکەوتن دەکرێن بۆ بینینی ئەرکی ڕۆژانەیان، و لە هەردوو حاڵەت دا پاسەوانە تایبەتەکان زیادەی مووچەیان بۆ سەرف دەکرێت لە 2011/1/1 ەوە، یەعنی مافیان پارێزراوە، هەر ڕۆژێك کە قەرارەکە درا مافی خۆیان وەردەگرن، داهاتی وەزارەتی ناوخۆ بەڕێوبەرایەتی گشتی هاتوچۆ بە پێی یاسای ژمارە 86 ی ساڵی 2004 خەرج دەکرێت بۆ پەرەپێدانی هاتوچۆ بەڕێژەی 50٪ بە پێی ڕێنماییە داراییەکان مەشق و ڕاهێنان بەردەوام هەیە بە تایبەتی کە ئامێرێکی نوێ دابین دەکرێت زۆر لە ئەفسەران و کارمەندان بەشداری لە چۆنیەتی بەکارهێنانی ئەو ئامێرانە دەکەن بۆ زانینی بەڕێزتان لە کاتی ئێستادا ژمارەیەك ئەفسەر مەشق و ڕاهێنانیان لەسەر هیلکۆپتەر دەکەن کە لە ئایندەیەکی نزیك دا دێتە بواری بەکارهێنان لە پێناوی زیاتر کۆنترۆڵ کردنی بواری هاتوچۆ، داتاکەشم لایە و چەندمان

وەرگرتووە و چەندی سەرف کراوە و ئەگەر پێویستە شەرحی بکەم، سێ/ لەبەر هۆکاری ئەمنی بە پەسەندی نازانین ژمارەی تەواوی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆی هەرێمی کوردستان ڕابگەیەنین، بەڵام ئەگەر زۆر پێویستیشە بەنووسراوێکی تایبەت ئاراستەی بەڕێزتان دەکەین، ئەگەر زۆر گرنگە لای بەڕێزت ئەتوانین بتدەینێ، ئەمە مەوزوعێکی ئەمنیە ناتوانین ئاشکرای بکەین، بەڵام شێوازی دابەش کردنی هێزەکانمان بەپێی ژمارەی دانیشتوانی شارو قەزاو ناحیەکانە بەپێی پێویست، دەربارەی پۆلیسی چالاکی مەدەنی لە هەولێرو دهۆك لەناو هێزی ئامادەن، بەسنووری سریەیەك لە ئایندەیەکی نزیکدا یەکیان دەخەینەوە، وەڵامی پرسیاری چوارەم، بۆچوونی بەڕێز سۆزان خان لەجێگەی خۆیەتی، دەربارەی هۆکارەکانی هاتوچۆ، ئەوەش بۆچوونی ئەفسەران و کارمەندانی هاتوچۆیە کە مرۆڤ پابەند نەبوونی بەیاساو ڕێنماییەکان گەورەترین هۆکارە بۆ ڕووداوەکان، بەتایبەتی پەنابردن بۆ تێژ ڕەوی، مەی خواردنەوە، بەکارهێنانی مۆبایل لەکاتی شوفێریدا، بەپێی یاساش کاری پێویست ئەنجام دراوە، دژی ئەو هاوولاتیانە، کاری یاسایی دژی ئەوە کراوە، بەڵام نابێ هەموو سەد دەر سەد، ئەوەی بینویانە ئیجرائاتیان کردووە، لەم ماوەی دوایدا ئامێری پشکنینی سەرخۆشی و مەی خوادنەوەمان پێگەیشتووە، بەسەر بەڕێوەبەرایەتیەکان دابەش کراوە، لەم نزیکانە دەخرێتە بواری جێبەجێ کردن، لە لایەن مەفرەزەکانی پۆلیسی هاتووچۆوە، ئەگەر هەر ڕووداوێك ڕووبدات بە تایبەتی شەوان، ئێستا بەم ئامێرە پشکنین بۆ شۆفێرەکان دەکرێت، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس بۆ جەنابت، تەعقیبت هەیە؟ کەرەمکە.

بەڕێز سۆزان شهاب نوری:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بەڕێز وەزیری ناوخۆ، ڕاستە، بەڵام من ئەوەی مولاحەزەم کردووە سەبارەت بە پرسیاری چوارەمم، مۆبایل زۆر بە ئاسانی بە بەرچاوی پۆلیسی هاتوچۆوە، لە فلکەدا پێچ دەکاتەوە مۆبایلەکەی بە دەستەیەوە، تەبعەن کۆنترۆڵی سەیارەکەی پێ ناکرێ، تیژڕەوی دەزانن لە کوێ دا کامێرا هەیە، لەو حەدەدا بە هێواشی دەڕۆن، لە پشتی کامێراکەوە بە خێرایی دەڕۆن، من مەبەستم چیە لێرەدا؟ مەبەستم ئەوەیە لەگەڵ هاتنی ئەو ئامێرەدا پێویستە بەڕێز وەزارەتی ناوخۆ هەڵمەتێکی وشیارکردنەوە لە ڕێگەی ریکلامەوە ئاراستە بکات لە هەموو تەلەفزیۆنەکان، لە ڕۆژنامەکان دا، بۆ ئەوەی ئەو ڕاددەی وشیاریە بەرز بێتەوە، من ڕام وایە ئەوەی کە مۆبایل بە کار دەهێنێ، دەبێت سزا بدرێ لە کاتی لێخورین دا، بەڕێزان پۆلیسەکانی هاتوچۆ هەستن بەو ئیجرائاتە، چونکە بەڕاستی ئەوەی من بیستوومە گلەیی کراوە دەڵێن/ وتراوە ڕەقەمی سەیارەکە بنووسن، بەڵام توخنیان نەکەون، ڕایان مەگرن، یاخود شتێکی وا، من ئەم قسەیان باس کردووە، بۆیە حەزم کرد (بالذات) لەم مەسەلەیەدا قسە بکەم، تکام وایە ئێمە ئەو هێزەی کە ناوی پۆلیسی هاتوچۆیە، کاملی ڕێزی دەبێت لێ بگیرێ، تەمسیلی قانون دەکات لەسەر جاددەدا، بۆیە دەبێ مافی ئەوەیان

پێ بدرێ سەیارە لە کاتی سەرپێچی کردن دا ڕابگرێت، سەبارەت بەوەی (alcohol)، من پێم باشە ئەگەر مادام لە کاتی حادیسەکەدا بۆ ئەوانە دەکرێ، پێم باشە مەفارز دەرچێت شەوان لە هەندێ جاددەدا هەڵسن بەو کارە، بۆ ئەوەی هاوواڵتیان ئەوەیان لادروست بێ کە ئیتر لەمەودوا کۆنترۆڵی مەی خواردنەوە دەکرێت، یەکێك لە سەبەبەکانی حەوادیسە، من زۆر سوپاست دەکەم.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس بۆ جەنابت، جەنابی وەزیر، فەرموو.

بەڕێز کریم سنجاری/ وەزیری ناوخۆ:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

ڕاستە هەڵمەتی هۆشیاری زۆر زەروری یە، ئێمە وەکو مرور ئەوەی پێمان کراوە کردوومانە، بەرنامەی مروریمان هەیە، لە تەلەفزیۆنەکان هۆشیاری دەکەین، بەڵام ئێمە بە تەنیا ناتوانین، دەبێت هەموو دەزگاکانی حکومەت، پەرلەمان، میدیا هەموو هاوکاریمان بکەن بۆ ئەوەی بە یەکەوە ئێمە ئەو هۆشیاری یە بێنینە کایەوە، دوو/ بە نیسبەت جیهازی سەرخۆشی، تازە هاتۆتەوە، بۆیە تا تەدریب و شتی تەواو دەبێ ئینجا دەکەوێتە جاددە، ئێستا بەس بۆ حەوادیس بەکاری دێنین، حەفتەی داهاتوو، وابزانم حەفتەی داهاتوو دەکەوێتە سەر جاددە ئینشاڵڵا، بە نیسبەت کامیرا خۆیان لێ دەشارنەوە، ئێمە سیستەمێکمان هەیە کامیرای سابیت لە هەموو جێگایەك دادەنێین، ئینشاڵڵا لە پلانی تر، باسیشم کرد کە لەگەڵ کۆمپانیای تاڵسی فەرەنسی مەشروعەکمان هەیە، کە بە کامیرا کردنی هەموو شارەکان و هەموو کوردستان، ئەو وەختە بۆ ناحیەی ئەمنی بەکاردەهێنرێ، بۆ ناحیەی سورعەتیش بە کاردەهێنرێ، کەس ناتوانێ خۆی لێ بدزێتەوە، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، ڕێزدار کاردۆ محمد.

بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

دوای ڕووداوەکانی سووتانی بارەگاکانی بزووتنەوەی گۆڕان لە هەولێر، وەرنەگرتنی ئیجرائاتی پێویست و پەرەسەندنی بۆ ڕووداوەکانی بادینان، کە پێموایە وەزیری ناوخۆ و دام و دەزگاکانی پەیوەندیدار بە پاراستنی ئاسایشی ناوخۆ لە هەرێم دا پێویست ئەوەیە کە ئیجرائاتێك یان پلانێکی هەبێ بۆ کۆتایی هێنان بەو ڕووداوانە کە ڕووداوی نەخوازراون، مەترسییەکی گەورە لەسەر ئایندە و سیستەمەکەمان و ولاتەکەمان هەیە، بە تایبەتی کە بەرپرسیاری یەکەمن لە پاراستنی سەر و ماڵی گشتی، لە بارەگا ڕەسمییەکانی هەموو حیزبە سیاسییەکان، ئایا بەڕێز چ پلانێکی هەبووە بۆ زەمانەت کردنی دووبارە نەبوونەوەی ئەو ڕووداوانە؟ پرسیارێکی ترم سەبارەت بە ڕووداوەکانی هاتوچۆ بوو کە بەڕێزیان هەم لە ڕاپۆرتەکە ئاماژەی پێ کرد، هەمیشیان لەو جەوابە، ئەویش هەر مەترسییەکی تر لە زیان کەوتنی گیانی و ماڵی لە ڕووداوەکانی

هاتوچۆ لە کوردستان، ئەوەی کە پەیوەندی بەوانە پێمان خۆش بوو سەبارەت بەوەش هەنگاوەکان و پلانە جیددییەکانی بۆ کۆتایی هێنان بۆمان باس بکات، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس بۆ جەنابت، جەنابی وەزیر فەرموو.

بەڕێز کریم سنجاری/ وەزیری ناوخۆ:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

زۆر سوپاس، وەڵامی پرسیاری یەکەم/ بەڵێ، خەریکە لە هەرێمی کوردستان کلتوورێکی ناشارستانی خراپ بۆ چەند جارێکە سەرهەڵدەدات، ئەویش پەلاماردان و هێرش کردنە سەر بارەگاکانی حیزبی و شوێنی مولکی گشتی، مولکی گشتی چ لە سلێمانی کە لە 17ی شوبات ڕووبدا، یان لە هەولێر و دهۆك بۆ دووجار دووبارە کرایەوە، ئەم کەلتوورە لە عورف و پرۆگرامی هیچ حیزبێکی کوردستانی بوونی نیە، ئاماژەیەکی زۆر ناشارستانی یە بۆ پرۆسەی دیموکراسیەت لە هەرێم دا، دەبێت هەموو هێزە چەکدارەکان لە ژێر هەر ناو و ناونیشانێك دا بخرێنە سەر وەزارەتی پێشمەرگە، یان لە ڕیزی وەزارەتی ناوخۆ بن، تا لە کاتی ڕووداندا هەر کێشەیەك بتوانین بە پێی یاسا و ڕێنماییەکان ڕێکاری یاساییان بەرامبەر وەربگرین ئەگەر سەرپێچیان کرد، پێویستە هەموو لایەك لەم ڕووەوە هەنگاوی بوێرانە و جیددی بهاوێژن بۆ نەهێشتنی ئەم دیاردە ناموٚیە لە ناو پێکهاتەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئایینی لە هەرێمی کوردستان دا، لەبەر ئەوەی دەبێت بزانین کە ئەزموونەکەمان لە ژێر تاقیکردنەوەیەکی مێژوو گەورەدایە، هەڵێکە بۆ ناساندنی توانا و هزرمەندی گەل و سەرکردەکانمان، چۆن بتوانین بە سیستەمێکی شارستانی هاوچەرخ خۆمان بگونجێنین لەگەڵ جیهانی ئەمرۆ، شێوازی دیموکراتیانە بگرینە بەر بۆ چارەسەر کردنی هەموو ڕووداو و ئەگەرەکانی دێنە پێشەوە، بەڵام بۆ بابەتی پەیوەندی بوون بە حیزبایەتی، هێزەکانمان پێویستە لە ئایندە تێگەیشتنێکی نوێمان هەبێت، بۆ کارو چالاکی حیزبی، بە ریفۆرمێکی نوێوە ئەویش تەنها خۆی لە کاری ڕێکخستنەوە بدۆزێتەوە یان بە جۆرێك لە ململانێی حیزبی هەبێت وەك لە ولاتی دیموکراتی خوازەکان دا دەبینێ، بەڵام لە سنووریکی دیاری کراو دا، پێویستە ئێمەش هەست بەوە بکەین کە ئەرکی ئەمرۆمان و ئەرکی ئایندەمان جیاوازە لەگەڵ ئەرکەکانی دوێنێ و ڕابردوو، شێوازی پێکەوە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئایینی و هەتا مەزهەبیش، پێویستە ڕەچاو بکرێ و لە چوارچێوەی بنەما دیموکراتییەکان دا خۆیان بنوێنن، ئەم بنەما سەرەکییانە بکەین بە هەوێنی بەرنامە و ستراتیجییەتی ئایندەمان و لەسەر ئەرزی واقیع پیادە بکرێن، ئێمەش وەك وەزارەت ئامادەین و هەموو هەوڵێك لە ئارادایە بۆ زیاتر بەرزکردنەوەی ئاست و توانای و زیاتر بەرزکردنەوەی ئاست و توانای هێزەکانی ناوخۆ، ئەویش بە کەڵك وەرگرتن لە ئەزموونی وڵاتانی پێشکەوتوو، لە ڕووی جێبەجێ کردن و هەموارکردنی یاسا و ڕێنماییەکان، ڕاهێنانی بەردەوام، کەڵك وەرگرتن لەو بۆشاییەی بەدی کرا لە ڕووداوەکانی دهۆك، ئەویش بە کردنەوەی چەندین خول بۆ ئەفسەران و کارمەندان و دابین کردنی پێداویستییەکان، بۆ زانیاری بەڕێزتان لەم ماوەیەدا چەند

کارمەندێکی پایە بەرزی وەزارەتمان ڕەوانەی وڵاتی فەرەنسا کردووە، بە مەبەستی شارەزابوونیان لە سیستەمی پۆلیسی تایبەت بە ڕێکخستن و پاراستنی ڕێڕەوی خۆپیشاندانەکان، لە ڕووی یاسایی و پراکتیکەوە، لەسەر شەقامەکان، چەند دۆکیومێنتەکیان لەبەر دەستە لەسەر شێوازی ڕێنمایی ڕێکی دەخەین و بۆ دەزگاکان، هەروەها چەند ئەفسەرێکی پێویست بۆ ئەم مەبەستە خولی تایبەتیان بۆ دەکەینەوە، دڵنیاتان دەکەین هەر کەسێك کەمتەرخەم یان سەرپێچکەر بووبێ، چ لە هێزەکانی ناوخۆ یان کەسانی مەدەنی بن بە پێی کەمتەرخەمی خۆیان لێپێچینەوەیان لەگەڵ دەکرێت، وەڵامی پرسیاری دووەم/ بە بۆچوونی ئێمە بە شێوەیەکی گشتی ساڵی 2011 ڕووداوەکانی هاتوچۆ کەمتر بووە لە ساڵی 2010، پلانی وەزارەت بۆ ساڵی 2012 ئەوەیە کە ئیمکانیات و پێداویستییەکانی هاتوچۆ زیاد بکەن، بەرنامەی وشیاری شوفێران و هاوواڵتیان چڕتر بکاتەوە، کاری یاسایی بەرامبەر سەرپێچیکەران جێبەجێ بکات، وەزارەتی ناوخۆ لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی گشتی هاتوچۆ زۆر ڕێگا و شێوازی کارکردنیان گرتۆتە بەر، بۆ ڕێگری و کەم کردنەوەی ڕووداوەکانی هاتوچۆ، بۆ ئەم مەبەستەش بەردەوام لە دابین کردنی پێداویستییەکانی هاتوچۆدایە، وەك دابین کردنی کامیرای چاودێری تیژڕەوی، کە کاریگەرییەکی باشی هەیە، هەروەها دابین کردنی ئامێری پشکنینی مەی خواردنەوە و سزادانی ئەو شوفێرانەی کە سەرپێچی لە یاسای هاتوچۆ دەکەن، بە پێی یاسا و ڕێنماییەکان، هەروەها هۆشیارکردنەوەی هاوواڵتیان بە گشتی، شوفێران بە تایبەتی لە ڕێگای بەیاننامە و بڵاوکراوە و ڕاگەیاندن و بەرنامەی تەلەفزیۆنی و ڕادیۆییەوە، ئێمە حەز ناکەین ڕووداوی دڵتەزێن ڕووبدات، هەموو کارێك دەکەین بۆ کەم کردنەوەی ئاستی ڕووداوەکان، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

تەعقیبت هەیە؟ کەرەمکە.

بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

وەڵامەکەی بەڕێز وەزیری ناوخۆ سەبارەت بە هەوڵەکانی بۆ ئایندە یان ڕێکخستنی هێزەکان بۆ ئەوەی وشیار بکرێنەوە، یان پەروەردە بکرێن لە ئاستێك دابن، بۆ ئەوەی نەکەونە ژێر ئەو کاریگەریانەی کە لە هەر ململانێیەکی سیاسی هێزەکانی ناوخۆ یان هێزەکانی پۆلیس دەبنە بەشێك لەو ململانێ سیاسییانە، بەڵام باسی ئیجرائاتە یاساییەکانی نەکرد کە پێویستە لە بەرامبەر ئەوانەی کە کەم تەرخەمن و بەرپرسیارن، چ ئیجرائاتێك لە بەرامبەر ئەو بەرپرسیارێتی یە کراوە؟

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار جەنابی وەزیر، فەرموو.

بەڕێز کریم سنجاری/ وەزیری ناوخۆ:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

دوو لێژنە دروست کراوە، یەك/ لەلایەن بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە.....

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

تکایە بێدەنگ بن، چونکە بانگمان کردووە بۆ ئەوەی گوێمان لێ بێ، پرسیارەکانتان بە جوانی وەلامی بێ، ڕجاتان لێ دەکەین ئەوەی دەیەوێ قسە بکات بچێتە دەرەوە قسەی خۆی بکات و بێتەوە، بۆ ئەوەی برا و خوشکەکانی ترتان ئیستیفادە بکەن، کاك کەریم مایکەکەت بکەوە، فەرموو.

بەڕێز کریم سنجاری/ وەزیری ناوخۆ:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

دوو لێژنە دروست کراوە، یەك/ لەلایەن بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە، چووە لێکۆڵینەوەی کردووە لەم مەوزووعە و هەمووتان ڕاپۆرتەکەتان بینی، دوو/ ئێمەش وەکو وەزارەتی ناوخۆ لێژنەیەکمان نارد بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر ئیش و کاری دەزگاکانی وەزارەتی ناوخۆ کە کەمتەرخەمیان کردووە، یان چیان بە دروستی یان نەکردووە، ئێمە چاوەڕێین ئێستا خەریکین دیراسەتی هەردوو ڕاپۆرتەکە دەکەین، لە نزیکترین کات دا ئێمە ئیجرائاتی یاسایی دەکەین بەرامبەر بە کەمتەرخەمی چ لە موەزەف بێ، زابت بێ، هەر پلە و پایەیەکی بێ لە هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ، تەتمینتان دەکەین ئێمە ئیجرائاتی پێویست دەکەین، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، ڕێزدار عمر عبدالعزیز.

بەڕێز عمر عبدالعزیز:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بەڵێ من سێ پرسیارم هەیە لە وەزیری ناوخۆ، بە داخەوە کە وەزیر لە ڕستەیەکیش دا نەیتوانی ئاماژە بە ڕووداوەکانی بادینان بکات، کە دەیەوێ لە سەرەتاوە ئەو بەرپرسیارێتییەی لەکۆڵ خۆی بکاتەوە، پرسیاری یەکەمم ئەوەیە کە شاری زاخۆ هێزەکانی سەر بە وەزارەتی ناوخۆ ژمارەیان چەندە و چۆن دابەش بوون؟ ناکرێ ئەوە بە شەفافیەت باس نەکرێ بە ناوی باری ئەمنی، چونکە ئێمە نوێنەری خەڵکی کوردستانین، لە بودجەش دا ئەو ئامارانە هەیە، حەز دەکەین لێرە بە وازحتر بیزانین، چونکە بەرپرسانی ئیداری زاخۆ لە ڕووداوەکانی ئەم دواییەی بادینان گلەییان هەبوو لە کەمی هێزەکان، پرسیاری دووەم/ پاساوی هێزەکانی ناوخۆی ئەو شارە چیە لە ڕووداوەکانی 2-12-2011 کە نەیانتوانی کۆنترۆڵی ئەمنییەتی ناو شار و پاراستنی شوێنە گشتییەکان و بارەگاکانی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان بکەن، چونکە پارێزگاری دهۆك ڕایگەیاندبوو کە 2000 دوو هەزار کەس لە هێزەکانی ناردووە بۆ زاخۆ، بۆیە لە دهۆکیش نەیتوانیوە کۆنترۆڵی وەزعەکە بکەن، دیارە ئاگایان لە یەك نەبووە، لەوێ دەڵێن نیە و لێرەش دەڵێ دوو هەزارم بۆ ئەوێ ڕۆیشتبوو، پرسیاری سێهەم/ وەزارەتی ناوخۆ کێ بە کەمن تەرخەم دەزانێ لەو ئینفیلاتە ئەمنییە لە ڕووداوەکانی ڕۆژانی 2 و 3-12-2011 لە شارەکانی زاخۆ و سیمێل و دهۆك و قەسرۆك و شوێنەکانی

تر، ئەگەر دەیەوێ بەرپرسیارێتی لە ئەستۆی خۆی لابدات بیخاتە ئەستۆی لایەنە دەزگای تر ئاگادارمان بکات کە کێ بەرپرسە لەم ڕووداوانە؟ زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

جەنابی وەزیر فەرموو.

بەڕێز کریم سنجاری/ وەزیری ناوخۆ:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

جارێ من ئەوەلەن دەمەوێ بە بەڕێز کاك عمر بڵێم/ کەس ڕاناکات لە بەرپرسیارێتی، هەر کەسێك لە ئێمە بە پێی ئیشی خۆی، مەنصبی خۆی، جێگای خۆی بەرپرسیارە، لێژنەی لێکۆڵێنەوەش دیار کراوە، لێژنەی لێکۆڵینەوە کێ بە بەرپرسیار دەزانێ ئەوە ئیجرائاتی یاسایی لەگەڵ دەکرێت، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان وەڵامی پرسیارەکان، یەك/ داتاکانی شاری زاخۆی پێ دەڵێم چونکە حادیسەکە لەوێ بووە، وەکو هەموو هەرێمی کوردستان نیە، لە سنووری قەزای زاخۆ دا لە میلاکی هێزەکانی وەزارەتی ناوخۆ، ، بەم شێوەیەیە، 308 پۆلیس، 160 پۆلیسی، 6 پۆلیسی بەرگری و فریاکەوتن و شارستانی، 96 پۆلیسی کارەبا، 38 پۆلیسی دارستان، تەنها 274 کارمەند کە دەکاتە نیوەی هێزەکان لە ئەرك دابوون و بە پێی میلاکی ئەم ساڵ 500 پۆلیسی مەحەلی بۆ پارێزگای دهۆك دادەمەزرێت وبەسەر شار و شارۆچکەکان دابەش دەکرێن بە پێی پێویست، سوئالی دووەم کەمی هیزەکان وپابەند نەبوونی خەڵك بە یاسا و یارمەتی نەدانی پۆلیس بوونە کۆسپ و بەربەست لەبەردەم جێ بەجێ کردنی ئەرکەکانیان، هەندێ جار هاندان هەبووە بۆ کاری تێکدەرانە و هێرشکردنە سەر شوێنە گشتیەکان و یان سووتاندنی بارەگای یەکگرتوو، بەڵام خاڵی گرنگ لێرەدا ئەوەیە کە پێویستە لە هەموو حاڵەتێك داوای مۆڵەتی خۆپیشاندان بکرایە تاوەکو هێزەکانی پۆلیس پێش وەختە ئامادەباشیان بکردایە و هەر پێشێلکاریەك هەبووایە بۆ ئەوەی کۆنترۆڵی کرابا، سێ، لیژنەی پێکهاتوو و تایبەت بەم ڕووداوانە ئەم بابەتە دیاری کردووە وەك زانراوە کە کەمتەرخەمی ئیداری وئەمنی هەبووە لە هەمان کات دا تەحریز لەلایەك وهەندێ لە میدیاکان لایەك و هەندێ میدیاکان هەبووە، سەرەڕای ئەوەش ئێمە وەك وەزارەت لیژنەی لێکۆڵینەوەمان ڕاسپاردووە و ڕێوشوێنی یاسایی پێویست دەگرینە بەر بەرامبەر بە ئەو کەس و کارمەندانەی کەمتەرخەم بوون.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

کاك عمر فەرموو.

بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاءالدین:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

من حەز ناکەم ئەو وشە ساکارە دووبارە بکەمەوە کە وەڵامەکان موقنع نین، چونکە ئەوەڵەن/ ئەو عەدەدە جارێ تەعاروزی هەیە لەگەڵ ئەو عەدەدانەی لەوێ بە لیژنەکان دراوە، بە نیسبەت پرسیاری یەکەمەوە، بە

هەرحاڵ بە وەڵامی دابنێین، بەڵام بۆ پرسیاری دووەم/ ئەوانە هیچی پاساو نین کە بەڕێز وەزیر باسیان لێ دەکات کەمی هێزەکان و پۆلیس لە هەموو حاڵەتەکان دا کێ بەرپرسیارە لەم خەڵەلە کە لەو شارە ڕووی داوە، دەبێ جیهەتێکی ڕەسمی ئیداری دەسەڵات هەرچی ناو دەنێی لەو شارە بەرپرسیار بێ لە کەموکوڕیەك، لە ولاتان لەو پەڕی دنیا حادیسەیەك ڕووەدات وەزیری ناوخۆ هەڵویست وەردەگرێ، باسی مۆڵەتەکە چ خۆپیشاندانێك کراوە مۆڵەت وەرگیرێ، کێ خۆپیشاندانی کردووە، بۆچی ئەو جیهەتە موحاسەبە ناکەن کە مۆڵەتی وەرنەگرتووە بە پێی ئەو یاسایەی کە هەموومان لەگەڵی ئێستا ناکۆکین و ئەمانەوێ سەر لەنوێ دایڕێژینەوە و بیخەینەوە بەردەستی پەرلەمان بۆ ئەوەی ئیعادە نەزەری تیا بکەینەوە، کێ خۆپیشاندانی کردووە؟، کێ موقەسرە لەو خۆپیشاندانانە؟ بۆچی وەزارەت ناتوانێ ئیجرائات بکات لەو لایەنەوە؟، جەنابیان باسی لیژنە دەکەن، ئێمە لە چەند ڕۆژی ئەم ڕووداوەمین، 27 ڕۆژە ئەم ڕووداوە ڕووی داوە، کەی بەتەماین لیژنە نەتیجەی خۆی بدات لە کاتێك دا کە جەنابتان چەند ڕۆژە ئاگادارن کە دەبێ بێنە پەرلەمان پرسیار ئاڕاستەی بەڕێزتان بکەن، لەبەرئەوە بەڕاستی من بە غەیری پرسیاری یەکەم کە ئامارێکی دا بە هیچ یەك لە وەڵامەکانی بەڕێز وەزیری ناوخۆ و موقنع نیم، جەنابیان ئیشارەتیان کرد و خۆی ئیعترافی کرد کەلە کوردستان دا بە پێی ئامارێك کە پۆلیس بڵاوی کردووەتەوە 21621 حاڵەتی تاوان ڕووی داوە لە دزی و لە بەرتیل وەرگرتن و لە گەندەڵی و لە ئیختلاس لە ئەنواعی حاڵەتی تر، ئایا ئەمە بەرپرسیاریەتی لە نەتیجە ڕوو دەکاتە کێ؟ بۆیە من پێم باش بوو کە جەنابی وەزیر لەسەرەتای ڕووداوەکان یان دوای ئەوەی کە نەیتوانی کۆنترۆڵی بکات لەبەر هەر هۆیەك کە خۆی دەیزانێ دەست لەکارکێشانەوەی خۆی ڕاگەیاند بایە و من وەکو پەرلەمانتار..... .

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

ئەوە جەلسەی ئیستجواب نیە تکایە، رجائەن، پرسیار دەکەی و تەعقیب هەیە مەسەلە ئیستجواب نیە، کاك عمر فەرموو.

بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاءالدین:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

من مەبەستم ئەوەیە و من قسەی قانونی دەکەم، وەزیرێك کە نەتوانێ کۆنترۆڵی وەزعێك بکات لەبەرئەوەی ناتوانێ و لەبەرئەوەی هێزی نیە، لەبەر ئەوەی..... .

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

قسەکانت تەواو؟، باشە فەرموو.

بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاءالدین:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

لەبەر هەر هۆکارێك وەزیری ناوخۆ کە هێزەکان لەژێر دەستی دایە وناتوانێ کۆنترۆڵی وەزعەکە بکات و لەبەر تەدەخولی حیزبە و لەبەر بێ تواناییە و لەبەر بێ بودجەییە و لەبەر بێ هێزیە و لەبەر هەر چی هەیە حەق وایە دەست لە کارکێشانەوەی خۆی ڕابگەیەنێت.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

جەنابی وەزیر فەرموو.

بەڕێز کریم سنجاری (وەزیری ناوخۆ):

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

من بەشێوەیەکی یاسایی وەڵامی دەدەمەوە، لیژنەیەك هەبووە لیژنەکە کەم تەرخەم دیاری دەکات و دەڵێ کێ کەم تەرخەمە ئەگەر ئیجرائاتمان نەکرد بەرامبەر بەو کەمتەرخەمانە ئەو وەختە مافی کاك عمر هەیە بڵێ ئیجرائاتتان نەکردووە، دوو/ لە ماوەیەکی کورت دا پاش چەند سەعاتێك کە هێزەکان گەیشتن کۆنترۆڵ کرا و وەزعەکە کۆنترۆڵ کرا لە هەمان شەو دا و پاش ئەو شەوە هیچ حادیسەیەکی تر ڕووی نەداوە، جەنابت کە دەڵێ من باسی 21 هەزار تاوان دەکەم کە 85٪ پۆلیس کۆنترۆڵی کردووە و کەشفی کردووە و ڕێکاری یاسایی بەرامبەری گیراوە، ئەوە مەعنای ئەوەیە پۆلیس توانیویەتی تا حەدێکی باش بە ئیش و کاری خۆی هەڵسێ و زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

کاك احمد فەرموو.

بەڕێز احمد سلیمان عبدالله(بلال):

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

من دوو پرسیارم هەبوو لە جەنابی وەزیر خۆشبەختانە پرسیاری یەکەم وەڵامەکەم وەرگرتەوە و سەبارەت بە زێڕەڤانی و پاسەوانی تایبەت بوو کە لە جوابی سۆزان خان جوابی دایەوە، پرسیاری دووەمم بە پێی یاسای بودجە یاسای ژمارە 6 ی ساڵی 2011 ماددەی 36 دەبووایە هەموو ئەو کارمەندانەی یان ئەو کەسانەی سەر بە وەزارەتەکەی بەڕێزتانن دەبووایە هەموویان بگەڕابانەوە کە بە سزای سیاسی سزا دراون وەگەڕابانەوە و مووچەیان بۆ سەرف بکرابایە، ئایا بۆچی تا ئێستا ئەم کەسانەی کە سزای سیاسی دراون لە وەزارەتەکان نەگەڕێندرانەوە و کارئاسانیان بۆ نەکراوە؟، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

جەنابی وەزیر فەرموو.

بەڕێز کریم سنجاری (وەزیری ناوخۆ):

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

سوئالی یەکەم ئەوە وەڵامیم حازر کردووە و بەڵام پێویست دەکات جارێکی تر وەڵامی بدەمەوە، وەڵامی سوئالی دووەم، بە پێی ئەو لیژنەیەی لەسەرۆکایەتی هەرێم پێکهاتووە بەدواداچوونیان لەسەر گەڕانەوەی سەرجەم کارمەندان و فەرمانبەرانی حکومەت کە سزای سیاسی دراون کردووە و تاوەکو ئێستا 9 لیست بۆمان هاتووە ئەوەی پەیوەندی بە وەزارەتمانەوە هەبوو بێت جێ بەجێ کراوە، کاك طارق مەسئول بووە لەو جێ بەجێ کردنە، ئەگەر کەسێك مابێ و نەگەڕابێتەوە مەمنون دەبم ناوەکەیمان پێ بدەن بۆ ئەوەی دووبارە موتابەعەی بکەین و ئیشەکەی بۆ بکەین، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

کاك احمد فەرموو.

بەڕێز احمد سليمان عبدالله ((بلال)):

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

سوپاس بۆ جوابەکە، بەڵام تا ئێستا ئەوەی کە من ئاگادار بم لە هەر دوو فراکسیۆنی کۆمەڵ و یەکگرتوو تاکە یەك نەفەر نەگەڕاوەتەوە، ئومێدەوارم کە لەو 9 لیستە دا ئەگەر نەبووبێ لە لیستی دەیەم دا هەبن ئەوانەش.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

جەنابی وەزیر فەرموو.

بەڕێز كريم سنجاری (وەزیری ناوخۆ):

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

زۆر پێم خۆشە ناوەکانم پێ بدەن بەسەر چاو موتابەعەیان بۆ دەکەین و جێ بەجێ ی دەکەین.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

کاك دڵشاد فەرموو.

بەڕێز دڵشاد شهاب حاجی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بەڕێز وەزیری ناوخۆ، هەموومان زیانە سیاسی و مەعنەوی و ماددیەکانی ڕووداوە نەخوازراوەکانی سنووری پارێزگای دهۆك دەزانین، من پێویست ناکات بگەڕێمەوە سەری و هیچیان باس بکەم، پرسیاری من بە موحەدەدی لێرە ئەوەیە، دەیان گرتەی ڤیدیۆیی هەن لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن، لەبەردەستی ڕۆژنامەنووسان، لەو شوێنانەی کەوا نیشان دراون، زۆر بە ڕوونی و ئاشکرایی ڕوخسار و دەموچاو بە تایبەتی بۆ شوێنێکی وەکو زاخۆ کە شوێنێکی بچووکە بە تەقدیری من دامودەزگاکانی پەیوەندار زۆر بە ئاسانی دەتوانن ئەم خەڵکە بناسنەوە کەلە ئەسنای هێڕش کردنە سەر چ ماڵ و مووڵکی چ بارەگاکان و چ هەر شوێنێکی دیکە کە هەیە، ئەمانە لەبەردەستن وەکو دەلیل، یەعنی پێشی ئەوەی کەوا پێویست بکات بچین بە لێکۆڵینەوە من نازانم چەند دەچێتە بواری جەریمەی مەشهود کە لە ئەسنای کردارەکە دایە،

پرسیارەکەی من لێرە ئەوەیە تا ئێستا وەزارەتی ناوخۆ ئیجرائاتی ناوخۆ چ بووە لە دەستگیر کردن و لێکۆڵینەوە و ئیجرائاتی فعلی لەبەرامبەر ئەو کەسانەی کەوا عەلەل ئەقەل مەعلومن و وێنە و ڕووخساریان لە گرتە ڤیدیۆیەکان دا هەیە؟ پرسیاری دووەم زۆر باسکرا لەسەر ڕووداوەکانی هاتوچۆ منیش تەنها بە کورتی ئەوە دەپرسمەوە ئایا پلانی وەزارەت بۆ هەڵسەنگاندنی هۆکارەکانی ئەم مەسەلەیە چین؟ زۆری ڕووداوەکانی هاتوچۆ لە مەوزوعی ئۆتۆمبیلە و مۆڵەتە و هی ڕێگاوبانە و هی هەر بواریکی تر کە هەیە، دووەم پلانی وەزارەت بۆ کەم کردنەوە بەلای کەم ئەگەر نەڵێم بۆ بنەبڕ کردنیشی بۆکەم کردنەوەی ئەم کارەساتە کە ساڵانە ئامارەکان وەکو ئەوەی کەوا شەڕێکی زۆر گەورە لەم وڵاتە ڕووی دابێت وا دەردەخەن، ئەمە پرسیارەکانی منە، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

جەنابی وەزیر فەرموو.

بەڕێز کریم سنجاری (وەزیری ناوخۆ):

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

وەڵامی پرسیاری یەکەم ڕاستە گرتەی ڤیدیۆیی هەیە وئێمە بەکارمان هێناون لە دادگا و ژمارەی گیراوەکان لە شاری دهۆك 112 کەس دەسگیر کراون، 72 کەسیان بە کەفالەت ئازاد کراون، تەبیعی ئەوانەی کە دەسگیر کراون هەموویان دراونەتە دادگا و فایلیان بۆ دروست کراوە و ئینجا دادگا هەندێکیان دەهێڵێ و هەندێکیان ئازاد دەکات و ئەوە ئیشی دادگایە وئیشی ئێمە نیە، لە دهۆك 112 کەس دەسگیر کراون و حەفتاو دوو کەس بە کەفالەت ئازاد کراون، لە زاخۆ 129 کەس دەسگیر کراون و 85 کەس بە کەفالەت ئازاد کراون، 56 کەسیان لە قەزای سیمێڵ و 11 کەس ماون و لەژێر لێکۆڵینەوە دان، هەروەها 8کەس فەرمانی دەسگیر کردنیان هەیە، بەڵام لەبەر دیار نەبوونی شوێنی نیشتەجێ بوونیان جێ بەجێ نەکراوە، هەموو ئەوانەش پەڕاوی لێکۆڵینەوەیان لە پۆلیس بۆ کراوە و لەژێر سەرپەرشتی دادوەری لێکۆڵینەوە و داواکاری گشتی دان، سوئالی دووەمی، وەك ڕوونکراوەتەوە هۆکارەکانی ڕووداوی هاتووچۆ مرۆڤ و ئامێر و تۆندوتۆڵی و ڕێگاوبان کەش و هەمەوا، لە هۆکارە سەرەکیەکانە بە گشتی بەڵام هۆکاری مرۆڤ بەشی شێری بەرکەوتووە، کەلە 70٪ هۆکارەکان مرۆڤن، مرۆڤ لە هەموو هۆکارەکان ڕۆڵی هەیە، هۆشیاری شۆفێران لەڕێگەی کردنەوەی پەیمانگای تایبەت بە شوفێران، دابین کردنی پێداویستی هاوچەرخ و پێشکەوتوو، چاك کردنی ڕێگاوبانەکان بە شێوەیەکی سەردەمیانە و بەدوو ساید کردنی ڕێگای نێوان شارو شارۆچکەکان و دانانی هێمای هاتوچۆی پێویست لە هەوڵەکانی وەزارەتی ناوخۆیە و بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندارەکانی تر بۆ کەم کردنەوەی ڕووداوی هاتوچۆ لەم بارەیەوە ڕاپۆرتێکمان ئاراستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران کردووە ئەگەر پێویست دەکات و پێتان باشە ڕاپۆرتەکە دەخوێنمەوە، چونکە بەڕاستی هەموو حلولی تێدایە، حلولی موتەعلق بە وەزارەتی ناوخۆ و بە وەزارەتی شارەوانی، بە وەزارەتی

ئاوەدانکردنەوە، چونکە ئەم کارە تەنها کاری وەزارەتی ناوخۆ نیە و هەر سێ وەزارەت موشتەرەکن، جا ئەگەر دەڵێ سەرۆکی پەرلەمان مەجال بدات ئەو ڕاپۆرتە دەخوێنمەوە.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

موختەسەرەکەی ئەگەر بڵێی، جەنابی وەزیر فەرموو.

بەڕێز کریم سنجاری (وەزیری ناوخۆ):

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

پێم باشە ئەوانە بخوێنمەوە، چونکە ئەوە سورەتێکی کامل دەداتە هەموومان، پێشنیارەکانی لیژنەکە: ڕێگاوبانەکانی دەرەوەی شارو شارۆچکەکان، پێشنیار دەکەین، 1/ بە دوو ساید کردن وفراوان کردنی ڕێگاوبانەکان بەشێوەی ستاندارد و ئەندازەی هەماهەنگ لەگەڵ کاری پێویست بۆ نەخشەسازی یان بە تەواوەتی، چاك کردنەوەی کەموکوڕیەکانی ڕێگاوبانەکان بە بەردەوامی لە هەموو ڕوویەکەوە و لە کاتی خۆیدا، دانانی هێمای هاتوچۆی ئەرزی ڕاوەستاو تایبەت بە ڕێنمایی و ئاگادار کردنەوە و دیاری کردنی خێرایی و بە پێی ستانداردی جیهانی ئەمەش بە هەماهەنگی لەگەڵ بەڕێوبەرایەتی ئەندازەی هاتوچۆ لە بەڕێوبەرایەتی گشتی هاتوچۆی هەرێم لە گەڵ تێبینیمان سەبارەت بەو بڕگانەی کە جێ بەجێ کردنیان کردووە، دەکەوێتە ئەستۆی بەڕێز وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێ بوون، ڕێگاوبانەکانی ناو شارو قیرتاو کردن و نەخشتە سازی ڕێگاوبان و گۆڕەپانی ناو شار و شارۆچکەکان، دانانی هێمای هاتوچۆی ئەرزی وەستاو بە پێی ستانداردی جیهانی بۆ هەموو مەبەستەکان، هەوڵ دان بۆ فراوان کردنی ئەو شەقامانەی پێویستی بە فراوان کردنە، دروست کردنی ئەندەرپاس وئۆڤەر پاس بۆ ئاسانکاری هاتوچۆ لەو جێگایانەی پێویستە و دیاری دەکرێت لەلایەن بەڕێوبەرایەتی ئەندازەی هاتوچۆ، دروست کردنی پردی کارەبایی بۆ پەڕینەوەی هاوولاتیان بەشێوەیەکی سەردەمیانە لەو جێگایانەی کە پەڕینەوەی تێدا نیە، ڕوونکردنەوەی شەقامەکان و بایەخدان بەبواڕە کە زۆر گرنگە، کەمکردنەوەی ژمارەی فەتحاتی ئیستیدارە لە شەقامە سەرەکیەکاندا، دروست کردنی تاسەی کۆنکرێتی یان پلاستیکی، بەشێوەی ستانداردی جیهانی بۆ ئەو جێگایانەی کە پێویستە، لەگەڵ تێبینیمان کە ئەم ئەرکانە دەکەوێتە ئەستۆی سەرۆکایەتی شارەوانی و بەڕێوەبەرایەتی ئەندازەی هاتوچۆ، بەڕێوەبەرایەتی کارەبا، پێویستە بە هەماهەنگی لەنێوانیاندا بکرێت، تەوەری سستمی هاتوچۆ و دەرهێنانی مۆڵەتی شوفێری، سستمی هاتوچۆ، ئەم سستمەی کە ئێستا پەیڕەو دەکرێت، هاوشێوەی ستانداردی جیهانیە، بەڵام پێویستە زیاتر بایەخ بدرێت بە بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری و ڕۆشنبیری یاسایی، ئەفسەرو کارمەندانی هاتوچۆ، بۆ ئەوەی کارەکانیان ڕەواڵەت و ڕەوایی یاسایی بەخۆیەوە ببینێت، لەلایەك مامەڵە و هەڵسوکەوتیان لەگەڵ هاوولاتیان و شوفێراندا مامەڵەیەکی شارستانی و سەردەمیانە بێت، و بەدوور بێت لە تووندوتیژی و ڕوبەڕووبوونەوە و پێشێلکردنی مافی مرۆڤ، جیاوازی لەمامەڵەکردن لەلایەکی تردەوە، هەوڵدانی بەڕێوەبەرایەتیەکانی هاتوچۆ بۆزیاتر کردنی چالاکیان، لەبواری ڕێکخستنی هاتوچۆ و ڕێگاوبانەکان، بەدانانی مەفرەزە بۆ لێپرسینەوە لەسەرپێچی کەران، دانان و

بەکارهێنانی ئامێرەکانی چاودێری خێرایی، لەو شەقامانەی کەخێرایی نایاسایی تێدا بەدی دەکرێت، هەروەها ئەو شەقامانەی کە ڕووداویان تێدا دووبارە دەبێتەوە، بەهۆی خێرایی ئۆتۆمبێلەوە، بەکارهێنانی ئامێرەکانی دیاریکردنی ڕادەی سەرخۆشی، هەماهەنگی نێوان وەزارەتی ناوخۆ وبەڕێوەبەرایەتی گشتی هاتوچۆی هەرێم و وەزارەتی پەروەردە، بۆ دانانی بەرنامەیەك كە بەو هۆیەوە یاسای هاتوچۆ و ڕێنماییەكان بكرێت بەنامیلكەیەك و بەوانەیەكی بەرچاو تا لە قوتابخانەكانی سەرەتایی وناوەندیدا بخوێندرێت، چالاك كردنی بواری ڕاگەیاندن لەبەڕێوەبەرایەتیەكانی هاتوچۆ بۆ زیاتر بەرزكردنەوەی ئاستی هۆشیاری هاووڵاتیان و شوفێران و هاندانیان بۆ زیاتر پابەند بوون بە یاساو ڕێنماییەكان، هەروەها بەمەبەستی تووندوتۆڵ كردنی پەیوەندی نێوان هاووڵاتیان و ئەفسەرو كارمەندانی هاتوچۆ، سستمی دەرهێنانی مۆڵەتی شوفێری، ئاماژە بەئامارەكانی دەرهێنانی مۆڵەتی شوفێری بەشێوازی ئەو دەرهێنانەی كە پەیڕەو دەكرێت لە ئێستادا، لە شارو و شارۆچكەكان، وەك تێبینی دەكەین لاوازیان پێوە دیارە لەڕووی كۆنترۆڵ نەكردن و كاریگەری لاوەكی لەسەر ستاف و لیژنەكانی تاقی كردنەوەی شوفێری تێیاندا، بۆیە پێشنیاری كەمكردنەوەی ئەو جێگایانە دەكەین بۆ وەلاخستنی ئەو كاریگەرییانە و زیاتر كۆنترۆلكردنی ئەم بوارە، یەكخستن و پەرەپێدانی سستمی دەرهێنانی مۆڵەتی شوفێری لەبەڕێوەبەرایەتیەكانی هاتوچۆی پارێزگاكان و كردنی بەیەك شێوازی ستاندارد، ئەمەش بەهۆی بوونی جیاوازی لەنێوانیان لە ئێستادا، زیاتر سەرپەرشتی و چاودێری كردنی نووسینگەكانی فێركردنی شوفێری ویەكخستنی بەرنامەكانیان لەلایەن بەڕێوەبەرایەتیەكانی هاتوچۆ، كەلەم بوارەشدا جیاوازی هەیە، ئاماری ئۆتۆمبێل، ئاماری ئۆتۆمبێل بەهەموو جۆرەكانیەوە لەهەرێمدا ڕوو لەزیاد بوونە بەشێوەیەكی بەرچاو, ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ باش بوونی بژێوی ژیانی هاووڵاتیان و ئەو ئاسانكارییانەی بۆ تۆماركردنی ئۆتۆمبێل هەیە لە ئێستادا، كە بەرامبەر ڕەسمێكی تۆماركردنە، هەماهەنگ لەگەڵ بوونی بازاڕی ئازاد كەتاڕادەیەكی زۆر بەرژەوەندی بازرگان و خواست و ویستی هاووڵاتیانی تێدایە، بۆیە بۆ كەمكردنەوەی كاریگەری ئەم كارە، لەسەر ڕووداوەكانی هاتوچۆ پێشنیار دەكەین:

1 - بەرچاوگرتنی داتاكانی تایبەت بە بەرزبوونەوەی ئاستی بژێوی ژیانی هاووڵاتیان و زیاد بوونی دانیشتوان، كردنەوەی ڕێگاوبان و ساڵانە هێنانی ئۆتۆمبێل بەپێی پێویستی ساڵانە دیاری بكرێت.

2 - دیاری كردنی تەمەنی بەكارهێنانی ئۆتۆمبێلی تایبەت، كرێ و بارهەڵگر، پاش تێپەڕ بوونی ئەو ماوەیە، خاوەنەكانیان سوودمەند بێت بۆ تۆماركردنی ئۆتۆمبێلێكی نوێ، لەحیاتی پێدانی ڕەسمی تۆمارکردن.

3 - بایەخدانی تەواو لەلایەن شارەوانیەوە بۆ دروست كردنی پاركینگ بۆ وەستاندنی ئۆتۆمبێل لە شارو شارۆچكەكان.مەرجدارکردنی دروست كردنی هەر باڵەخانەیەك بەتەرخانكردنی نهۆمی

یەکەم، یان هەر نهۆمێکی تر بۆ پارکینگی ئۆتۆمبێل، هەروەها هاوکاری کردنی هاوولاتیان بۆ دروست کردنی باڵەخانەی چەند نهۆمی بۆ وەستاندنی ئۆتۆمبێل بەشێوەی گونجاو.

4 - هەوڵدان بۆ دابین کردنی ترامی کارەبایی بۆ هەندێ شەقامی سەرەکی لەشارەکاندا، کە لۆدی لەسەرە.

5 - دامەزراندنی کۆمپانیای گوێزانەوەی هاوولاتیان لەشارەکاندا، کەسەر بەوەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن بێت، یان هاوبەش لەگەڵ کەرتی تایبەت بەبەشداری کردنی ئەو شوفێرو هاوولاتیانەی کە لە هێڵەکانی ناوشاردا کار دەکەن، ئەمەش بە هاوکاری و هەماهەنگی سەندیکای شوفێران و لایەنە پەیوەندیدارەکانی تر.

6 - کارکردن بەیاسای دڵنیایی لەڕووداوەکانی ئۆتۆمبێل و پەیڕەوکردنی لەلایەن حکومەتەوە، یان هەر کۆمپانیایەکی تری کەرتی تایبەت.

7 - بایەخدانی زیاتر لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی پارێزگاکان بەبوونی مەرجەکانی تووندوتۆڵی لە ئۆتۆمبێلداو لێپرسینەوە لەسەرپێچی کەران.

ئەمە پێشنیارەکان بوون، کە بەرزکراوەتەوە بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، چاوەڕێ دەکەین کە تەتبیق بکرێت ئێمەش دەستبەجێ جێبەجێی دەکەین، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، کاك دڵشاد تەعقیبت هەیە؟، فەرموو.

بەڕێز دڵشاد شهاب حاجی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

وەڵڵامن پێم باشە ئەم ڕاپۆرتە ڕەنگە هێشتا تەفاصیلیشی تێدا بێت، چونکە ئەمە ڕووداوێکە بڕوا دەکەم هەموو پەرلەمانتاران پێی موهتەمن، وە پێشتر داخوازییەکیش هەبوو کە بەڕێز وەزیری ناوخۆ بێتە ئێرە بۆ ئەم بابەتە بەتایبەت، ئەم ڕاپۆرتە دابەشی سەر ئەندامانی پەرلەمان بکرێت ئەوەی پێشنیاری چارەسەرە، بۆ ئەوەی ئێمە بتوانین هەر موساهەمەیەك یان ئیزافەیەك هەیە بیخەینە سەری، ئەوەی گیراوەکانیش وەڵڵاهی باش بوو من بەش بەحاڵی خۆم وام تەسەور ئەکرد لەو 10 تا 12 کەسەی کە لە ئیعلام باس دەکەن، زیاتر هیچ ئیجرائاتێك نە کراوە، باش بوو ئەوەش ڕوونکرایەوە، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، جەنابی وەزیر فەرموو.

بەڕێز کریم سنجاری(وەزیری ناوخۆی هەرێمی کوردستان)؛

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

زۆر سوپاس، ئێمە مانعمان نیە، ئەو ڕاپۆرتە بەسەر ئەندامەکاندا دابەش بکەین، پاشان لەڕێگەی لیژنەی ناوخۆوە ئێمە دەیدەینە ئەوان کەدابەشی بکەن، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان؛

سوپاس، ئەوە لەپرۆتۆکۆل تەسجیل بوو کە خوێندتەوە، کۆپی دەکەین و بەسەر هەموو ئەندامەکان دابەشی دەکەین، ڕێزدار نیشتمان مرشد، فەرموو.

بەڕێز نیشتمان مرشد صالح؛

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

سەرەتا بەخێرهاتنی جەنابی وەزیر دەکەم، من تەنها سێ پرسیارم هەیە، پرسیاری یەکەم: بەگوێرەی بڕیاری سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، بڕیاردرا کە سەیارەی جام ڕەش قەدەغە بکرێت، لەم پێناوەشدا وەزارەتی ناوخۆ هەستا بە هەڵمەتێك بۆ قەدەغەکردنی سەیارەی جام ڕەش، لێکردنەوەی لەزگەکانیان و شکاندنی جامی ڕەش، بەڵام ئێستا دەبینین لەشەقامەکاندا جامی ڕەش وەك خۆی لێهاتووەتەوە، بۆچی؟، هەنگاوی وەزارەتی ناوخۆ چیە بۆ ئەم مەبەستە؟، پرسیاری دووەم: ئەو کامێرایانەی کەدانراون لەسەر شەقامەکان بۆ تۆمارکردنی ژمارەی سەیارەی سەرپێچی کەر، بەڵام لەکاتی ئەنجامدانی سەرپێچی لەلایەن شوفێرەکان ڕاستەوخۆ غەرامەکانیان بەدەست ناگات، ئەمەش وای کردووە لەلایەن کەسی سەرپێچی کەر، بەردەوام بێت لەسەر سەرپێچی کردن، لەلایەکی تر لەکاتی ئەنجامدانی هەر مامەڵەیەك لە بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆ پارەی هەموو سەرپێچیەکانی هەموو لێ وەردەگرن، ئەمەش بەگران دەکەوێت لەسەر سەرپێچی کار، بۆیە دەپرسم بەرنامەی وەزارەت چیە بۆ ئەوەی کەسی سەرپێچی کار، دوای سەرپێچیەکەی ڕاستەوخۆ ئاگادار بکرێتەوەو پارەکەی لێ وەربگیرێت؟، پرسیاری سێیەم: سەرپێچیەکی زۆر لە ئۆتۆمبێل چ تەکسی چ تایبەت بێت بەبێ هیچ بنەمایەکی ئاماری ژمارەی دانیشتوان و پێویستیەکانی خەڵك...

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان؛

نیشتمان خان، لێرە تەنها دوو پرسیارت نووسیوە، لەوە زیاتر پرسیار مەکەن، تکایە ڕەچاوی ئصولّی ئەم دانیشتنانە بکەن، چونکە دەمانەوێت ئەم سیستمە بەڕێوە بەرین، تا سەرکەوتوو بین، ئەگەر پرسیاری ترت هەیە پاشان بەنووسین بینێرە، سوپاس، جەنابی وەزیر فەرموو.

بەڕێز کریم سنجاری(وەزیری ناوخۆی هەرێمی کوردستان)؛

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

پرسیاری یەکەم: کێشەی ئۆتۆمبێلی جام ڕەش، دوای فەرمانی بەڕێز سەرۆکی هەرێم تاڕادەیەکی زۆر بنبڕ کراوە، تەنها لەچەند حاڵەتێك نەبێت کە ئەویش زۆر کەمن، ئەوانیش هەیئات و قونسوڵیات، وەفدە

بیانیەکان، ئەو هاوولاتیانەی کە بۆ ماوەیەکی کورت دێنە هەرێم، لەئەصڵدا جامی ئۆتۆمبێلەکانیان ڕەشە، لەکاتی جەژن و نەورۆز و ئاهەنگەکان، لەکاتی ئێستادا ئاگاداری هەموو دوکانەکانی جوانکاری ئۆتۆمبێل کراوە کە بەکارهێنانی لەزگەی ڕەش بۆ جامی ئۆتۆمبێل قەدەغەیە، هەروەها لە دەروازەکانی سنوور، ناهێڵن ئۆتۆمبێلی جام ڕەش داخڵ ببێت، بەڵام هەندێ کەس هەیە سەردانی هەرێم دەکات ئێمە ناتوانین مەنعی بکەین، چونکە دێت بۆ دوو تا سێ ڕۆژ و دوایی دەگەڕێتەوە، کە ئەوەش لەجادە دەبیندرێت حساب دەکرێت کەخەڵکی هەرێمە، پرسیاری دووەم: لەهەولێر و سلێمانی سستمی پۆستەمان دەست پێکردووە، کە لەڕێگای پۆستەوە ڕۆژانە وێنەی موخالەفەکان دەنێرینەوە سەر ناونیشانی شوفێرەکان، لەپارێزگای دهۆك خەریکین لەڕێگەی سایتی ئەلکترۆنی، سایتی هاتوچۆ سەرجەم وێنەو سەرپێچیەکان بلاو دەکەینەوە، هەر هاوولاتیەك دەتوانێ بەدواداچوونی بۆبکات، خەریکین ئەم سیستمە لە هەولێر و سلێمانی و گەرمیانیش جێبەجێ بکەین، ئێستا لەدهۆك جێبەجێ کراوە، تەنها ژمارەی ئۆتۆمبێلی خۆت لەسەر سایتەکە دەبینیت، یەکسەر دەردەچێت کە چەند موخالەفەت هەیە، لەچ کاتێك و لە چ شوێنێك بەڕەسمەوە، خەریکین لەهەولێر و سلێمانیش هەمان سیستم جێبەجێ دەکەین، لەوانەیە لەدوو تا سێ هەفتە جێبەجێ بکرێت، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

تەعقیبت هەیە نیشتمان خان؟، باشە سوپاس، ڕێزدار گۆران ئازاد، فەرموو.

بەڕێز گۆران ئازاد محمد:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

سەرەتا بەخێرهاتنی بەڕێز جەنابی وەزیر دەکەم، وە دەستخۆشی کارو چالاکیەکانی لێ دەکەم، من شەش پرسیارم هەیە، پرسیاری یەکەم: بەگوێرەی یاسای ژمارە (95)ی سالی 1978ی هەموارکراو بەناوی (یاسای ڕێکخستنی مەحەلاتی سەکەن لە عێراق) لەکوردستاندا کارتی زانیاری دەکرێت بۆ هاوولاتیان، بەڵام لەپاڵ ئەوەشدا هێشتا کار بە پشتگیری موختار دەکرێت، کە حەڵقەیەکی زیادەیە لەکاری ڕۆژانەی هاوولاتیان، بۆچی تا ئێستا دەسەڵاتتان لە موختار وەرنەگرتۆتەوە؟، کەهەم ڕۆتینی ئیداری زیاد دەکات، هەم لەگەڵ سیستمی پێشکەوتنی ئەمنی ئەمڕۆ و شارستانیەت ناگونجێت، پرسیاری دووەم: لەکاتی ڕووداوەکانی بادینان چەندین تاوانی بینراو ڕوویدا، هەر لەپەلاماری بارەگاکان و سووتاندنی دوکانەکان، ئایا بۆچی ئەو تاوانبارانە ڕاستەوخۆ نەگیرانە بەتایبەتی ئەوانەی کە جلی فەرمی ئاسایش و پۆلیسیان لەبەردابوو؟، پرسیاری سێیەم: لەژێر ڕۆشنایی سەرۆکی هەرێم ژووریکی عەمەلیات دروستکرا لەهەردوو وەزارەتی ناوخۆ و پێشمەرگە، بەمەبەستی دەستگیر کردنی هەموو ئەو تاوانبارانەی کە فەرمانی دەستگیرکردنیان هەیە، ئەنجومەنی دادوەریش نووسراوی ژمارە(2264) لە 2011/10//25، ئاراستەی ئەنجومەنی وەزیران کراوە، کەئەوان چاوەڕێی دەستگیرکردنی موستەشارەکانی سەردەمی بەعسن کە فەرمانی دەستگیرکردنیان هەیە ئێستا، ئایا لەو (2653) تۆمەتبارە (253) موستەشارەی تێدایە کە فەرمانی دەستگیرکردنیان

هەیە؟، پرسیاری چوارەم: بەگوێری برگەی سێ ماددەی (44) لە یاسای ژمار(18)ی ساڵی 2011، یاسای جێبەجێکردنی ڕاژەی هێزەکانی ناوخۆ، هەموو کارمەندێکی پۆلیس پێش دەرچوونی ئەم یاسایە خانەنیشین کرابێت، مووچەکەی چاك دەکرێتەوە، بەگوێرەی یاسا تازەکە، بەڵام بەگوێرەی هەموو ڕێنماییەکانی وەزارەتی دارایی کەدەرچووە تا ئێستا هیچ ئاماژەیەك بۆ ئەو کەسانە نەکراوە کە خانەنشین بوون بۆ ئەوەی مووچەکانیان چاك بکرێتەوە، لەکاتێکدا بەگوێرەی یاساکە پێویستە وەزیری ناوخۆ و وەزیری دارایی ڕێنمایی دەربکەن، لەنووسراوی ژمارە (13272)لە 2011/6/14ی وەزارەتی ناوخۆ کە لە وەڵامی پرسیارێکی منداڵ وەڵامی پەرلەمانیان داوەتەوە، لەخاڵی دووەمدا بەڕێز وەزارەتی ناوخۆ نووسیویەتی کە سەبارەت بە کردنەوەی بنکەیەکی (هەززە) بووە لە شاری کۆیە، ئەڵێت ئێمە لاریمان نیە بۆ ئاسانکاری مامەڵەی بەڕێوەچوونی هاوواڵتیان گەراجی تایبەت بە پشکنینی ئۆتۆمبێلی هاوواڵتیان بکرێتەوە، بەڵام پێویستە هاوواڵتیەك ئامادەیی هەبێت ئەم کارە ئەنجام بدات، مەرجەکانی کردنەوەی ئەم کارەی هەبێت و ئامێرو کەلوپەل و پشکنینی دابین بکات و داوایەك پێشکەش بکات بەوەزارەت و مۆڵەتی پێدەدەین، بۆ ئاگاداری بەڕێزتان، بەڵام ساڵێکە لەم داواکارییە بەم مەرجانەی وەزارەتی ناوخۆ باسی کردووە، جارێکیش لەگەڵ بەڕێزت قسەم کردووە، ئامادەیە لە وەزارەتەکەی بەڕێزتان بەس تا ئێستا وەڵام نەدراوەتەوە نە بە ئا یان ئا، کاریشی لەسەر نەکراوە، دوا پرسیاریشم وەڵامم وەرگرتەوە، کەتایبەت بوو بەچاککردنی مووچەی پاسەوانە تایبەتەکان، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، جەنابی وەزیر فەرموو.

بەڕێز کریم سنجاری(وەزیری ناوخۆی هەرێمی کوردستان):

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

جوابی هەموو پرسیارەکان بدەمەوە یان تەنها دوو پرسیاریان؟، باشە ئەوانەی کە جوابیان نەبووە، پرسیارەکەی سەبارەت بە یاسای ژمارە(95) هی مەحەلاتی سەکەن، سەبارەت بەم بابەتە نەمانویستووە ئەرکی هاوواڵتیان قورس بکەین، تاکو هەموو هاوواڵتیان دەبنە خاوەنی کارتی زانیاری، بۆ نموونە بۆ ئاگاداری بەڕێزتان تەنها لەناو مەرکەزی شاری هەولێر (372000)خێزان هەیە، لەماوەی ساڵی 2011دا توانراوە کارتی زانیاری بۆ زیاتر لە (165) هەزار ڕێك بخەین، هەستاوین بەکردنەوەی (56) بنکەی ڕێکخستنی کاری زانیاری لەشاری هەولێر، بەم پێوەرەش پارێزگای هەولێر ئاستی یەکەمی بەدەست هێناوە لەسەر ئەم بابەتە، هەرکاتێك ئەم پرۆسەیە تەواو بوو، کار بە پشتگیری موختارەکان ناکەین، بەڵام چونکە تەواو نەبووە، هەموو خەڵك کارتی زانیاری نیە، بۆیە مەجبورین بە تەئیدی موختار کار بکەین، پرسیاری دووەم: سەبارەت بە ڕووداوەکانی بادینان، سەبارەت بەم بابەتە لێژنەیەکی لێکۆڵینەوە لەلایەن وەزارەتمانەوە ڕەوانەی دهۆك و زاخۆ کراوە، لەسەر هەموو پێشێلکارییەکانی لێکۆڵینەوە بەدواداچوون، دواتر هەر کەم تەرخەمییەك لە ڕووی کارگێری و هەر تاوانێك کە لەلایەن هەر کەسێك ئەنجام درابێت بە

پێی یاسا دەدرێنە دادگا، بەڵام سەبارەت بە کارمەندانی پۆلیس و ئاسایش تاکو ئێستا بە پێی بەدواداچوونی لێژنەی لێکۆڵینەوە دەرنەکەوتووە هیچ کارمەندێکی پۆلیس کاری تێکدەرانەی ئەنجام دابێ، تاکو ئێستا لە شاری دهۆك و شارەکانی تریش ژمارەکانم باس کرد چەند کەس گیراون، پێویست ناکات دووبارەی بکەمەوە، سوئالەکەی تر/ سەبارەت بە ژووری عەمەلیات، ئەم ژووره عەمەلیاتە دانراوە بۆ ئەو کەسانەی کە فەرمانی دەستگیر کردنیان هەیە لەلایەن دادگاکانی هەرێمی کوردستان، تا ئێستا جێبەجێ نەکراوە، ئەم ژووره لەلایەن لێژنە هاوبەشەکانی نێوان وەزارەتی پێشمەرگە و وەزارەتی ناوخۆوە ئەم بڕیارانە جێبەجێ دەکات، هەر وەزارەتە و سەبارەت بە کارمەندەکانی خۆی کە فەرمانی دەستگیر کردنیان هەیە جێبەجێ دەکات و ڕادەستی دادگاکان دەکرێنەوە، ئەم پرۆسەیەش دەستی پێ کردووە کەس نابێت فەرمانی دەستگیرکردنی هەبێ و دەستگیر نەکرێ، بە نیسبەت ڕێنمایی وەزارەتی دارایی، ئەم بابەتە پەیوەندی بە یاساکەوە هەیە، ڕاستە ئەو خانەنشینانەش دەگرێتەوە کە پێش دەرچوونی ئەم بڕیارە خانەنشین کراون، بەڵام ئەم بابەتە پەیوەندی بە وەزارەتی دارایی و بەڕێوەبەرایەتی خانەنشینی گشتییەوە هەیە، پێویستە ئەوان بەم کارە هەڵسن و جێبەجێی بکەن، ئەم سوئالانە لای من تۆمار کرابوون، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

تەعقیبت هەبوو کاکە؟

بەڕێز گۆران ئازاد محمد:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

سەبارەت بە کارتی زانیاری بە فیعلی ڕاستە هەموو کەس کارتی زانیاری نیە، بەڵام بەدواداچوونی ئێمە ئەو کەسانەی کە کارتی زانیاریان هەیە تاوەکو هەموو خەڵك دەبێت ببێتە خاوەنی کارتی زانیاری، با موختار موشکیلە نیە هەڵنەگیرێ، بەڵام ئەوانەی کارتی زانیاریان هەیە با لە فەرمانگەکان کە ئەوان هەیانبوو پێویست ناکات داوا لەو کەسانە بکەن کەوا ئەوان وەرەقەی موختار بێنن، وەك ئەو قۆناغی گواستنەوەی کە یەکجاری ئەم حاڵەتە کۆتایی دێت، سەبارەت بەو تاوانبارانە من تەئکید لەوە دەکەمەوە کە ئایا ناوی موستەشاری تێدایە یان نا؟ چونکە ڕاستە ئەوان ئەمری دەستگیر کردنی لە دادگای عێراقەوە بۆیان دەرچوو، بەڵام من ناوم لایە 18 داوای لەسەرە لە دادگاکانی هەرێمی کوردستان و فەرمانی دەستگیرکردنی هەیە، ئایا ئەو نەوعە کەسانەی تیایە یان نا؟ بۆیە من قسەم لەسەر ئەوە کردووە، لەسەر مووچە و خانەنشینی هێزەکانی ناوخۆ بە فیعلی پەیوەستە وەزارەتی دارایی، بەڵام یاساکە دەڵێ/ وەزارەتی دارایی و وەزارەتی ناوخۆ، من کاتێك سەردانی وەزیری داراییم کرد لێرەشدا هەمان پرسیارم کرد، وتی/ چاوەڕێی وەزارەتی ناوخۆینە لە فورسەتێك دا بە یەکەوە دانیشین تەعلیماتەکە دەربکەین، ئومێدەوارم لە ئایندەش دا وەڵامی پرسیارەکەی تایبەت بە (کۆیێ)م دەست کەوێتەوە لە بەڕێزت، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، جەنابی وەزیر فەرموو.

بەڕێز کریم سنجاری/ وەزیری ناوخۆ:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

ئێمە تەعلیماتمان داوە بەهەموو دەزگاکانی وەزارەتی ناوخۆ کە کارتی زانیاری پێدەکرێت و پێویست ناکات تەئیدی موختار بێنن، ئەگەر هەندێ دائیرە جێبەجێی نەکردووە سوپاستان دەکەین، ئێمە دووبارە تەئکیدیان دەکەینەوە، بە نیسبەت گیراوەکان من تەئکید دەکەم بۆ جەنابت، هەر کەسێك ئەمری گرتنی لە دادگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەرکرابێ ئێمە دەستگیری دەکەین، ئەوەی وەزارەتی دارایی ئیشی وەزارەتی داراییە، ئێمە داوامان کردووە، لێژنەشمان حازر کردووە کە لەگەڵیان دانیشن بۆ جێبەجێ کردنی ئەو ئیشە، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، ڕێزدار عەونی کمال بەزاز، نیە لێرە، ڕێزدار هاوڕاز شێخ أحمد، فەرموو.

بەڕێز هاوڕاز شێخ أحمد:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

من سێ پرسیارم لە وەزیر هەیە، پرسیاری یەکەمم/ بۆچی پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان لە دهۆك نیە؟ لە کاتێکدا بە پێی یاسای ڕێکخستنی خۆپیشاندان دەبوایە پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان لەو شوێنانە بوایە کە خەڵك هاتە سەرشەقام، بەڵام ئەم کێشە و ئەم گرفتە لە کاتێك دا، یەعنی ئەوە نیشانەی جێبەجێ نەکردنی یاساکەیە کە لە پەرلەمان دەرچووە، پرسیاری دووەمم بەڕاستی لە سەردەمی تەکنەلۆجیا و ئاسانی پەیوەندی کردن، بۆچی ئەو هەموو کاولکارییە ڕوویدا و نەتانتوانی بەری پێ بگرن؟ ئەوە بەڕاستی جێگای پرسیارە، پاش سووتانی ئەو هەموو دوکان و شوێنە، پاش سووتانی هەموو بارەگاکانی یەکگرتوو، من نازانم یەعنی بەر پێ گرتن و کۆنترۆڵ کردنی لە کوێ؟ پرسیاری سێیەمم/ بە فەرمانی کێ لە گەرمەی ڕووداوەکانی بادینان دەیان ئەندامی یەکگرتوو گیران؟ لە کاتێکدا زۆربەیان فەرمانی حاکمییان بۆ دەرنەچووبوو، ئەم قسەیە کە دەیکەین بەڕاستی، کە دەڵێین فەرمانی حاکم دەرنەچوو، فەرمانی حاکم موستەمسەکێکە دەبێ بڵێی ئەوە بە فەرمانی حاکم گیراوە، بەڵام وا نیە، بە فەرمانی حاکم نەگیراون، یەکسەر پۆلیس هێرشی کردووە لە ناو مالی خۆی بردوویتی و هیچ فەرمانێکیشی پێ نیە، ئەوە بۆ؟ سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز جەنابی وەزیر فەرموو.

بەڕێز کریم سنجاری/ وەزیری ناوخۆ:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

لە دهۆك، پرسیاری یەکەم/ لەبری هێزە چالاکییە مەدەنییەکان، هێزی ئامادە هەیە، هێزی ئامادە سرییەیەکی هەیە کاری ئیشی چالاکییە مەدەنییەکانە، پێشتریش ئاماژەمان بەوە کرد، سوئالی دووەم/

کەمی هێزەکانی ناوخۆ بە هەماهەنگی نەکردنی خەڵك، بەڵکو ڕێگا گرتنیان لە دواکەوتنی هێزەکانمان بۆ شوێنی مەبەست، هەموو هۆکارن و بەشێك لەسەر ئەوەی ڕوویداوە، لەگەڵ ئەوەشدا کەم تەرخەمی بەدی دەکرێت لە هەندێ لایەنی ئیداری و ئەمنی، بەڵام ئەوەش لێرە لەبیر نەکەین هاندانیش هەبووە لەلایەن هەندێ کەس بۆ زیاتر گەرم کردنی کێشەکە، وەڵامی سوئالی سێهەم/ ئەوانەی لە ناو خۆپیشاندانەکان گیراون دەیان ئەندامی یەکگرتوو کە پرسیار دەکات، وەڵام/ ئەوانەی لە ناو خۆپیشاندانی نایاسایی دەبینرێن کە تەجاوز دەکاتە سەر مالّ و مولکی گشتی و هاوواڵتیان دەستگیر دەکرێن، لێکۆڵینەوەی لەگەڵ دەکرێت، ڕەوانەی حاکم دەکرێت، پاشان بڕیاری چارەنووسی کەسەکان لەلایەن دادوەر و دادگا یەکلایی دەبێتەوە، سەرجەم ئەو کەسانەی بەهۆی پێشێلکاریەکانی ئەو ڕووداوانە هی دهۆك و زاخۆ گیراون بەم شێوەی خوارەوەن، باسم کرد، 129 لە زاخۆ و 85 یان بە کەفالەت ئازاد کراون، 112 کەس گیراون و 72 کەس بە کەفالەت ئازاد کراون، لە سێمێڵ 56 کەس گیراون و 45 بە کەفالەت ئازاد کراون، کۆی گشتی گیراوەکان 297 گیراو 202 بە کەفالەت ئازاد کراون و 95 گیراو ماون کە پەراوی لێکۆڵینەوەیان لەبەردەم دادگایە، زۆر جار هەیە کە خەڵك بە پێی گومان دەگیرێت پەراوی لێکۆڵینەوەی بۆ دەکرێت و دەچێتە بەردەم دادگا و دادگا تەقریری مەسیری بۆ دەکات، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

تەعقیبت هەیە کەرەمکە.

بەڕێز هاوڕاز شێخ احمد:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

جوابی پرسیاری یەکەمی تەناقوزە لەگەڵ ئەوەی محافز بەڕاستی جواب دانەوەی محافزی دهۆك، دوایی مەسەلەی دەسگیر کردن ئایا وایە بە بێ فەرمانی حاکم مامۆستایەك بچێ لەمەکتەب بیگرن و بیبەن سجنی بکەن؟ ئایا وایە؟ ئایا وایە لە ماڵەکەی خۆی بە بێ هیچ ئاگادار کردنەوەیەك هەبێ کە کەسێ بگرن وهیچ فەرمانێکی ڕەسمیشی پێ نەبێت، من نازانم ئێستا ئێمە لەوانە تێ ناگەین بە بێ ئاگادار کردنەوە هەر لە خۆوە هێرش بکرێتە سەر خەڵك ئایا لەم وڵاتە یاسا وایە؟.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

جەنابی وەزیر کەرەمکە.

بەڕێز کریم سنجاری (وەزیری ناوخۆ):

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

ئەوانە گیراون تەبیعی زۆر کەس بە تومەتی مەشهود و جورمی مەشهود گیراون لە کاتی موزاهەرات، دوو/ خەڵکێکی زۆر گیراوە بە پیێ وێنەی ڤیدیۆیی، سێ/ خەڵکێك هەیە ئیعترافی کردووە لەسەر خەڵکێکی تر کە ئەو هانی داوە حاکم بڕیاری داوە بە دەسگیر کردنیان، ئەوانەی کە گیراون هەموو کێشەکان لە دادگاوەن و دادگا تەقریری مەسیری دیاری کردووە، یەك نەفەر نەماوە نەچووبێتە بەردەم دادگا، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

کاك سەردار فەرموو.

بەڕێز سەردار رشید:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بەخێرهاتنی بەڕێز وەزیر و هاوڕێکانی دەکەم، دیارە وەزارەتی ناوخۆ یەکێکە لەو وەزارەتە گرنگانەی حکومەتی هەرێم کەمەسئولیەتی پاراستنی ئاسایشی ناوخۆی هەرێم و پارێزەری ئارامی کوردستان بووە، بۆیە دەبێ ئەم وەزارەتە ئیدامە و درێژە پێدەری ئەو وەزعە ئارام وسەقامگیرە سیاسیە بێت لە کوردستاندا، بەڕێز جەنابی وەزیر دیارە من دوو پرسیارم هەبوو، پرسیارێکیان سەبارەت بە ڕووداوەکانی بادینان من جوابەکەیم دەست کەوت، سەبارەت بە کێشەی هاتوچۆش هەر دەستم کەوت، بەڵام هەندێ خاڵ هەیە لە ڕاستی دا دەبێ جەنابتان ئەگەر تەوزیحی بۆ بدەن، دیارە کێشە و گرفتی هاتوچۆ ئەمڕۆ هەروەك لای هەمووان ئاشکرایە بووەتە جێگای قسە وباس لە ڕاگەیاندنەکان و هاتنی ئەو هەموو سەیارە زۆرە و بێ حسابە بۆ کوردستان کە ژمارەی ئێستا لەسەرووی ملیۆنەوەیە، دیارە سەیارە کۆنەکانیش هەر باقین، ئەو مۆدێلانەی کە زۆر کۆنن لە شەستەکانەوە تاوەکو ئێستاش کار دەکەن، سەیارەی بێ ناونیشان، بێ ئارم، بە ئارمەوە داخڵ دەبن و کارەساتی زۆر گەورە ئامارەکانیش ئەوە بوو جەنابت باست کرد هەم لە بریندار و هەم لە کورژراو، دیارە لە سلێمانی دا وەزعی سلێمانی شارێکە ناحیەی جوگرافی و ئەوانەی هەموو لایەکمان دەزانین کە زۆر مەجالی تەوەسوعی نیە، بەڵام دەکرێت لە چاو ئەو داهاتەی مرور کە لەوێ هەیەتی ئەمساڵ حەفتا ملیار بۆ هەشتا ملیار داهاتی بووە، یەعنی دەکرێ هەندێك کاری بۆ ئەنجام بدرێت، مەسەلەی ئەندەر پاس و بەرزە پرد و فراوان کردنی شەقامەکانی ناو سلێمانی، دروست کردنی هێڵی ترام و هاوشێوەی ئەوەی هەولێر لە ڕاستی دا کە من پێموایە کولفەیەکی زۆر کەمی تێ دەچێت ئەوەی هەولێر لەبەینی دوو سێ ملیارێك دایە و دوو، سێ ملیار و شەش سەد ملیۆنە، یەعنی دەکرێت بەڕاستی لە سلێمانیش دا..... .

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

تکایە پێشنیار نەخێر، بەس پرسیار، ئەم دانیشتنە پرسیار و وەڵامدانەوەی پرسیارەکانە و پێنشنیار نیە، کاك سەردار فەرموو.

بەڕێز سەردار رشید:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بمبورە، بۆ مەسەلەی سلێمانی وەکو وتم لێرە لە پرسیارەکان وایە جەنابی سەرۆکی پەرلەمان بۆیە من بەڕاستی لێرە زکرم کرد، ئایا وەزارەت یاخود بەڕێوبەرایەتی گشتی هاتوچۆ ئەو داهاتەی کە لە سلێمانی هەشتا ملیارە لە پلانی دا هەیە کە ئەو کارانەی کە باسم کرد ئەنجامی بدات؟ زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

جەنابی وەزیر کەرەمکە.

بەڕێز کریم سنجاری (وەزیری ناوخۆ):

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

پێم باشە داهاتی هاتوچۆ عەرزی بکەم بۆ برایان وخوشکان، چونکە بەڕاستی مەسەلەن دەڵێ داهاتی هاتوچۆی سلێمانی 70 ملیارە، ئەساسەکە وانیە، ئینجا ئەگەر ئیجازەم بدەن داهاتەکە شەرح بکەم کە چەندە و چۆن سەرف کراوە، داهاتی هاتوچۆی گشتی (183000623)یە، مەسروف ئەوەندەیە، ئیداع (119)یەو، بەسیت (64)ی ماوە، تەبیعی ئەمە لە 2011/1/1 تا 2011/12/1 یە و هی 12 مانگە، هی هەولێر (53 ملیار و 896 ملیۆن)، (26 ملیار و 295 ملیۆن)ی سەرف کراوە، 27 رەسیدی ماوە، هی دهۆك (18 ملیار)ە و (8ملیار)ی سەرف کراوە و (9ملیار)ی رەسید ماوە، سۆران (102 ملیۆن)ەو (151) سەرف کراوە ئەوە قەرزە لە ئەوەی تر وەردەگرێت، مروری سلێمانی (29 ملیار(ە و (نزیکەی 6 ملیار) سەرف کراوە، نزیکەی (11 ملیار) ئەمری سەرفی پێ دەرچووە بەڵام هێشتا جێ بەجێ نەکراوە، یەعنی تەقریبەن 13 ملیار لە مەجموعی 29ملیار سەرف کراوە، گەرمیان یەك ملیار و پەنجا ملیۆن، نزیکەی یەك ملیار سەرف کراوە ئەوەکەی تر رەسیدە، مەجموع 103 ملیارە هی هەموو کوردستان، 41 ملیار سەرف کراوە، پەنجاو سێ ملیار سەرف کراوە، نزکەی پەنجا ملیار ماوەتەوە، ئەویش لە پڕۆژەی ئێمە لەم ساڵە مەشاریعی پێ دروست بکەین، تەبیعی چۆنیەتی سەرف کردنیش لامان هەیە، لیژنەی ناوخۆ بەخێر بێت، هەر وەختەك بێت، دەتوانێ بێت تەماشا بکات، چۆنمان سەرف کردووە، هەموو ساڵێك چاودێری دارایی تەسفیەو ئەو حیساباتانەی لەگەڵ دەکات.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

تەعقیبت هەیە؟ کەرەمکە.

بەڕێز سەردار رشید محمد:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

ئەگەر بمبووری دیارە من باسی 70ملیارم کرد، 70ملیار لە 50٪ دەڕوات بۆ وەزارەتی دارایی، ئەو باقیەی لای بەڕێزتان ئەمێنێتەوە، ئیدی فیعلەن وایە، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

جەنابی وەزیر فەرموو.

بەڕێز کریم سنجاری/ وەزیری ناوخۆ:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بەنیسبەت ئەو پرسیارانەی کە کردیان، یەك، هاتن و هاوردە کردنی ئۆتۆمبێل بۆ ناوەوەی هەرێم، پەیوەندی بە وەزارەتی ناوخۆوە نیە، وەزارەت تەنها بەرپرسە لە تۆمارکردن، بەپێی یاساو ڕێنماییەکان،

ژمارەیەك ئۆتۆمبێلی كۆن لە پارێزگاكانی هەرێم تۆمار نەكراون، هەیە، بەلأم ژمارەیان كەمەو زۆر كۆن نین، لەبەر ئەوەی لەسالأنی پێشوو ژمارەیەكی زۆر لەو ئۆتۆمبێلە كۆنانە بڕێندراون، لەبڕی ئەوانە ئۆتۆمبیلی نوێ تۆمار كراون، خاوەنەكانیان سوودیان لە ژمارەی تابلۆكانیان كرد، واتە بەبێ رسومات بۆیان تۆمار كرا، ئێستا لەو جۆرە ئۆتۆمبێلانە زۆر كەمە ، ئەوەی هەیە ئەو ئۆتۆمبێلانەن كە هەلگری تابلۆی پارێزگاكانی دەرەوەی هەرێمن، ئێمە ناتوانین دەستكاری ئەو ئۆتۆمبێلانە بكەین، بەتایبەتی زۆر لە خاوەنەكانیان هاوولأتی كوردن ودانیشتووی هەرێمن، سێ، ئەو ئۆتۆمبیلانەی كە پێیان دەلێن بێ ناونیشان، یان بێ دایك و باوك، زۆر لەو ئۆتۆمبێلانە بە دەست هاوولأتی كوردە، لە هەرێمی كوردستانەوەیە، ئەمە لەلایەنە پەیوندیدارەكان بەلێن نامەیان داوە، بەرپرسیارەتیانە لە بارەیەوە هەیە، هەندێكیان كارتی زانیاریان بۆ كراوە، هەر ئۆتۆمبێلەك لەو جۆرانە ئەگەر داوایەكی قەزائیان لەسەر بێت، ئەوە بڕیاری دادگایان بەسەردا جێبەجێ دەكرێت، ئیجرائاتی ئسولیان لەگەڵ دەكرێت، دەربارەی ڕووداوەكانی هاتوچۆ، بەپێی ئامارەكانی ئێمە لە 2011/1/1 تا 2011/11/30 ژمارەی ڕووداوەكان یان ڕوونتر ژمارەی قوربانیان كەمی كردووە، بەراورد لەگەڵ ساڵی 2010 ژمارەی ڕووداوەكانی 11مانگی ڕابردوو، 3350 ڕووداو بووە، كە بووەتە هۆی مردنی 570 هاوولأتی بریندار بوونی 5143 هاوولأتی، ڕەنگە ئەم ژمارە لە نەخۆشخانەكان یان لە دەزگاكانی لێكۆڵینەوە زیاتر بێت، لەبەر ئەوەی هەندێك لە بریندارەكان لە نەخۆشخانە گیانیان لە دەست دەدەن، یان زۆر ڕووداو هەیە پێش ئەوەی مەفرەزەی هاتوچۆ بگاتە شوێنی ڕووداو بڕیندارو مردووەكان گوێزراونەتەوە، بەپێی یاسا لە 50٪ی داهاتەكانی هاتوچۆ بۆ پەرەپێدانی هاتوچۆ خەرج دەكرێت، بۆ ئەم مەبەستەش بڕێكی باش لەو داهاتانە خەرج كراوەو زۆر لە پێداویستیەكانی هاتووچۆ دابین كراوە، دروست كردنی شەقام و ڕێگاو بان و ئەندەرپاس و ئۆڤەرپاس، یەكێكە لە ئەركەكانی وەزارەتی ئاوەدانكردنەوەو شارەوانی، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:

زۆر سوپاس، بەڕێزان مولاحەزەیەك هەیە، ڕەنگە جەنابتانیش مولاحەزەتان كردبێ، هەندێك ئەندامی بەڕێز كە پرسیار ئەكات، مەسەلەن لە شوێنێك كارێكی بێ قانونی دروست بوبێ، ئەڵێ گشت مەنتیقەی سۆران، ئیحتیمالە لە شارێك بووبێ یان لە گوندێك بووبێ، مەعنای ئەوە نیە هەموو مەنتیقەی سۆران بێ قانونی كردووە، یان لە مەنتیقەی بادینان، ئیحتیمالە لە شارێك، لە قەزایەك، لە ناحیەیەك شتێك بووبێ، مەعنای ئەوەنیە هەموو بادینان، بۆیە هەر وشەیەك سۆران یان بادینان هاتبێ، داوا دەكەین لە پرۆتۆكۆل بسرێتەوە، ئێستاش ڕێزدار حەمە سعید حەمە علی، فەرموو.

بەڕێز حەمە سعید حەمە علی:

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.

من حەوت پرسیارم هەیە لە وەزیر، یەكەم، ئایا میلاكی هێزەكانی ناوخۆ، پۆلیس، ئاسایش، زێرەڤانی و ئەوانی تر بۆ هەر پارێزگایەك چەندە؟، بە چ پێوەرێك دابەش كراوە؟، دواتر بۆ هەر قەزایەك چەندە؟، بە

چ پێوەرێك دابەش كراوە؟، قەزاكان هیوادارم پاساوی ئەمنی نەكرێت بە وەلاّم نەدانەوەم، چونكە لەناو بودجە 110 هەزار هێزی ناوخۆ هەیە، بەلاّم شێوازی دابەش كردنەكەم ئەوێ، پرسیاری دووەم، داهاتی وەزارەتەكەتان چەندە بۆ هەموو بەشەكان؟، چی لێ دێت؟، چۆن خەرج دەكرێت؟، پرسیاری سێهەم، لەسەر میلاكی وەزارەتەكەتان هەندێ لە هێزەكانی ناوخۆ بوون بە پاسەوانی شەخسی بەرپرسەكان، ژمارەیان چەندە؟، ئایا لە ڕووی یاساییەوە ئەم كارە چۆن دەگونجێ؟، چۆن جێگەی كراوەتەوە؟، تكایە ڕوونی بكەرەوە وەكو ئەوەی كە كاك فاضل باسی كرد، باسی 30هەزار هێزی چەكداری كرد، پرسیاری چوارەم، لەكاتی خۆپیشاندان و ڕووداوەكاندا بە گشتی هێزەكانی ناوخۆ بە ئەركی خۆیان هەڵناستن وەكو پێویست، هۆكارەكان چیە؟، چارەسەر چیە؟، ئیجرائات چی بووە؟، پرسیاری پێنجەم، بۆچی ئاسایش تاوەكو ئێستا یەكیان نەگرتۆتەوە، كە بەپێی ماددەی (24)ی یاسای بودجەی سالّی 2011 دەبوایە یەكیان بگرتبایەوە، ئەگینا بودجەكەیان ڕادەگیرا، یەكیان نەگرتۆتەوە، بودجەكەش ڕانەگیراوە، پرسیاری شەشەم، لەكاتی خۆپیشاندانەكانی 17 شوبات و دواتر كە چەندین كەس كوژران و بریندار بوون، هەروەها لە ڕووداوەكانی 12/2 بادینان زاخۆ و دهۆك و سێمێل و قەسرۆك و بارەگاكانی یەكگرتووی ئیسلامی سووتێنراو، چەند دوكان و مولّكی گشتی سووتاو زیانیان پێ گەیشت، هۆكاری ئەم كەمتەرخەمیە چیە؟، چ دەزگایەك بەرپرسیارە، چ سزاو ئیجرائاتێك كراوەو دەكرێت؟، پرسیاری حەوتەم، ژمارەی هێزەكانی زێڕەڤانی و فریاكەوتن وەهمی كە پێی دەگوترێ بن دیوار، چەندە؟، كە كردووتانە بە پاساو بۆ نەدانی زیادەی مووچەو دەرماڵەكانیان، تا تەسفیەی ژمارەكانیان دەكەن، ئایا بۆ ئەم ژمارە وەهمیە هەیە؟، بۆچی تەسفیە نەكراوە؟، سوپاس.

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز جەنابی وەزیر فەرموو.

بەڕێز كریم سنجاری/وەزیری ناوخۆ:

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.

وەك پێشوو باسم كرد لەبەر هۆكاری ئەمنی بە پەسەندی نازانین ژمارەی تەواوی هێزەكانی ئاسایشی ناوخۆی هەرێم ڕابگەیەنین، بەلاّم ئەگەر زۆر پێویستیشە بە نووسراوەكی تایبەت ئاراستەی بەڕێزت دەكەین، چونكە ئەمە لە میدیاكان بلاّو دەكرێتەوە، شێوازی دابەش كردنی هێزەكانمان بەپێی ژمارەی دانیشتوان و شارو قەزاو ناحیەكان بەپێی پێویستە، داهاتی وەزارەتەكەمان چەندە؟، ئێمە تەنها یەك داهاتمان هەیە، ئەویش هی هاتوچۆیە، ئەویش ئێستا باسمان كرد بە تەفسیل، ژمارەی بەنیسبەت پاسەوانی شەخسی، ئێمە 1754 كارمەند پاسەوانی بەرپرسە حكومیەكان، بەلاّم بەرپرسی حیزبی بەڕاستی زۆرن، لیژنەیەك دانراوە لە سەرۆكایەتی هەرێم، باسیشم كرد پێش ئێستا، ئەم لیژنەیە پێداچوونەوە دەكات، بڕیار دەدات هەر بەرپرسێك چەندە، هەر بارەگایەكی حیزبی چەندە، ئێمە لەسەر ئەوە دەڕۆین، میزانیە لەسەر حیسابی ئەو زیادەش بۆ ئەوە سەرف دەكرێت، لەكاتی ڕووداوەكاندا بەگشتی خۆپیشاندان هێزەكانی

ناوخۆ بە ئەرکی خۆیان هەڵناسن، بەڕاستی هەر خۆپیشاندانێك کە کرابێ، ئیجازەی ڕەسمی وەرگرتبێ، هەموو هۆکاری یاسایی کراوە، هەموو حیمایەت کراوە، هیچ موشکیلەیەکیش نەبووە، دەزگاکانی ئاسایشی ناوخۆ بە واجبی خۆیان هەڵساون، حیمایەتیشیان کردووە، حیمایەی خۆپیشاندەرانیان کردووە، حیمایەی مالّی گشتیشیان کردووە، بەڵام ئەوانەی کە لەناکاو دەبن، بەبێ ئیجازە، لەژێر کۆنترۆڵ دەردەچن، چونکە هێزەکان ئامادە نەبوونە، مەعلوماتیان نەبووە، ئەمانە کە ئیشەکە دەکەن، پاشان هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ دێن بەسەر حادیسەکەدا، بۆچی ئاسایش تاوەکو ئێستا یەکیان نەگرتووە؟، ئاسایش من وەزیری ناوخۆم وەکو جەنابت دەزانی قانون لێرە دەرچووە، ئاسایش سەر بە وەزارەتی ناوخۆ نیە، بۆیە من وەڵامی ئەم پرسیارە ناتوانم بدەمەوە، ئەوانەی خۆپیشاندان دەکەن و ئیجرائاتیان لەگەڵ نەکراوە؟، باسم کرد کە ئیجرائات وەردەگیرێ لە ئەنجامی لێکۆڵینەوە بەزووترین کاتیش دەبینن چۆن ئیجرائات وەردەگیرێ، ژمارەی هێزی زێڕەڤانی و فریاکەوتن، وەهمیەو پێی دەگوترێ بن دیوار، ئێمە هێزی زێڕەڤانی و بەرگری فریاکەوتن نەمان کردۆتە هیچ پاساوێك، مەعاشیان وەرگرتووە، زیادەشیان وەرگرتووە، ئەو هێزانەی لە ئەرکدان، تەنها ئەوانە ماون کە وەریان نەگرتووە، وەهمیش نین، پاسەوانی بارەگاکان و مەسئولینی حیزبینە، بە تەسەوری ئێمە زیادن، مەسئولەك کە پێنج حیمایەی هەیە، ئێمە تەسەور دەکەین کە ئەو مەسئولە پێویستی بە 2 حیمایە هەیە، بارەگایەك کە پەنجا حیمایەی هەیە، ئێمە تەسەرو دەکەین ئەو بارەگایە پێویستی بە 10 حیمایەیە، بۆیە لەسەر فەرمانی سەرۆکی هەرێم، لیژنەیەك دروست کرا، وەلیژنەکە پێشنیارەکانی خۆی بەرز کردۆتەوە بۆ بەڕێز سەرۆکی هەرێم، چاوەڕێی دەکەین، ژمارەیەکە زۆر تەقلیس کراوە، کە ئەوەمان بۆ هات، ئەو وەختە ئەو بەرپرسە پێی دەڵێین تۆ دوو کەست پێویستە، سێ کەس زیادەیە، ئەو سێیە سەرپشك دەکەین، دەچێ لە زێڕەڤانی دەوام دەکات ئەگەر لەزێڕەڤانی بێ، لە پۆلیس یان بەرگری و فریاکەوتن، دەوامی کرد، ئەوا هەموو ئیمتیازاتی وەردەگرێت، دەوامی نەکرد ئەوا فەسڵ دەکرێت، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، تەعقیبت هەیە کەرەمکە.

بەڕێز حەمە سعید حمە علی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بەڕاستی وەلاّمەکانی هەندێکیان عمومی و مەتاتی بوون زۆر، هەندێکیان ئیعتیرافی زۆر گەورەی تیا بوو، کە دەڵێ بەرپرسی زۆر هەیە، ژمارەی چەندە؟، نەیوت، ئەمە ناقانونیە، ئەوە ئیعتیرافت کرد، خاڵێکی تر، بەڕاستی جەنابی دەفەرموێ هیچ موشکیلە نەبووە، ئەی زەحمەت نەبێ لە سالاّنی ڕابردوو ئەو هەموو موشکیلەو بارەگا سووتاندنی لایەنەکان و کوشتنی خۆپیشاندەران و بریندارکردنی، ئەو هەموو حادیسانە لە دونیا حادیسەیەکی سروشتی دەبێ، وەزیری پەیوەندیدار ئیستیقالەی دەکات، من پێموایە جەنابی وەزیر خۆی ئیستیقالەی بکردایە، بۆیە من داوا دەکەم لێی کە هەڵوێستی هەبێ خۆی دەست لەکار بکێشێتەوە

بەبێ ئەوەی باسی سەحبی سیقە بکەین، ئەوە خاڵێك، خاڵێکی تر، بەڕاستی کە دەڵێ تەقسیر هەیە، خۆی دەڵێ تەقسیر هەیە لەلایەن هێزەکانی زێڕەڤانی و هێزەکانی فریاکەوتن، لە سالاڵنی ڕابردوو ئەم چەند تەقسیرە هەیە، بۆ موعالەجە نەکراوە، ئەی ئەم هەموو ڕووداو و ئەم هەموو کێشانە کە پێموایە وەلاڵمی پرسیارەکانت نەدامەوە، دەڵێن هێزی ناوخۆ کە ڕۆڵی خۆی نابینێ هۆکار چیە؟، هۆکاری حیزبیە؟ لای من مەعلومە، هۆکاری سیاسیە، تۆ لە پرسیارەکە خۆت ئەبوێری، لەبەر ئەوە من پێموایە جەنابت ئەو وەلاڵمانە نابێ بە مەتاتی بێ، ئەوە موحەدەدە، ژمارەی ئەبێ بە شەفافانە ئیعلانی بکەی لێرە، 110 هەزار هێزی ناوخۆ هەیە، بۆ ئیعلانی ناکەی چۆن دابەش کراوە؟ میعیارەکان چیە؟ کە ئەمە ئەکرێت بە پاساوێك لە هەموو لایەك نەمانتوانی کۆنترۆڵی بارەگاکان بکەین، لە هەولێر هی گۆڕان سووتا، لە دهۆك دوو، سێ جار هی یەکگرتوو، ئەو هەموو نایاسایی و پێشێل کردنی مافی مرۆڤە بەرامبەر بە خەڵکی سڤیلی خۆپیشاندەر، کە بە نایاسایی کردوویەتی بۆچی ئەوە وەلاڵمەکان موقنیع نیە، پێموایە لەگەڵ ڕێزما دەبوایە تۆ خۆت پێش سالاڵنی ڕابردووش، کە لە کابینەکەی پێشووش وەزیری ناوخۆ بووی، ئەبوایە ئەوکاتە ئیستیقالەت بکردایە، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

بەڕێز جەنابی وەزیر کەرەمکە.

بەڕێز کریم سنجاری/ وەزیری ناوخۆ:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

من نەمگوتووە هیچ مەسئولێکی حیزبی بەبێ قانونی حیمایەی هەیە، ئەمەم نەگوتووە هەموو پەرلەمان شاهێدە، شت وەکو خۆی بگوترێ زۆر باشە، من نەمگوتووە، گوتوومە زیادەیە، ئێستا دەمانەوێ بە قانون تەعلیماتی بۆ دەربکەین، بیکەینە تەعلیمات، فەرزی دەکەین ئەو وەختە هەر بەرپرسەك بۆی هەیە یان بۆی نیە، دوو، جەنابی دەڵێ پێویستە ئیستیقالە بکەی، من پێش مانگ و نیوێك، دوو مانگ بەبیر بەڕێزیان دێنمەوە، کە لە بەریتانیا کە ولاتێکە عومقی دیموکراتیەتی لێیە، خۆپیشاندانی تێکدەرانە کرا لەو ولاتە، هەمووتان بینیتان وە گوێتان لە ئیخبار بوو، قەناتی تەلەفزیۆنیتان بینی، چۆن هێزەکانی پۆلیس و ئاسایشی ناوخۆ تەعاملیان کرد لەگەڵ ئەو تێکدەرانە، 2800 کەسیان گرت، پەرلەمانی بەریتانی بە موعارەزە، بە حکومەتەوە، حیزبی دەسەلاّت بە موعارەزەوە دەستخۆشیان لە حکومەت کرد و لەو ئیجرائاتانەی کە حکومەت کردی، کەس نەیگوت وەزیر یان سەرۆکی حکومەت ئیستیقالە بدات، ئیشی تێکدەرانە دەکرێ، دەبێ هەموومان پێکەوە و بە یەك دەنگ دژی ئەوە بین و یاسا تەتبیق بکەین و، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز د. بشیر فەرموو، تەواو دانیشە، هەموو ئەندام پەرلەمانەکان چاو وگوێیان هەیە، گوێیان لە جەنابیشت بوو و گوێیان لە وەزیریش بوو، وەختی جەنابت تەواو و هی ئەویش تەواو بوو، کەرەم بکە فەرموو.

بەڕێز د.بشیر خلیل تۆفیق:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

من تەنها سێ پرسیار ئاراستەی جەنابی وەزیر دەکەم، پرسیاری یەکەم، کۆلێژی پۆلیس کە سەر بە وەزارەتەکەتانە، ئێستا تەنها دەرچووانی زانکۆ وەردەگرێت بۆ خولێکی چەند مانگە، بۆ کار بۆ ئەوە ناکەن لە ئامادەییەوە بۆ چوار ساڵ قوتابی وەربگرن تا بە شێوەیەکی تەواو و پرۆفیشنالْ ئەو ئەفسەرانە ئامادە بکرێن؟، پرسیاری دووەم: ئایا هێزی زێڕەڤانی یەکلایی بوویتەوە سەر بە کام وەزارەتە؟، وەلەو وەلامی نیوەی پرسیارەکە دراوەتەوە، بەس من دەمەوێ لێرە هەندێك روونکردنەوە وەربگرم، بۆ چی لە هەندێك کاری ئیداری هەندێك لە دەوام کردنیان بەشێك لە بەشێك دەوامەکەی جیاوازە؟، هەروەها لە مەسەلەی مووچە مانگ بە مانگ یان جار بەجار مانگانە تاخیر دەبێ، جاری وا هەیە دوو سێ مانگ مووچەکانیان تاخیر دەبێ؟، پرسیاری سێیەم، لە رووداوەکانی زاخۆ پرسی کەمی ژمارەی پۆلیس و ئاسایش لەم دەڤەرە هاتە پێشەوە، چیتان کردووە یان پلانی وەزارەتەکەتان چیە بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە؟ و ، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

زۆر سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز جەنابی وەزیر فەرموو.

بەڕێز کریم سنجاری/وەزیری ناوەخۆ:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

وەلامی پرسیاری یەکەم، ئەم خولانە چەند مانگ نیە، بریتیە لە یەك ساڵی خوێندن، پێشتریش چوار خولی ئەفسەران لە دەرچووانی ئامادەیی عیلمی و ئەدەبی وەرگیراون بۆ ماوەی سێ ساڵ دەوامیان کرد، ئێستا سەرقاڵی ئامادەکردنی ئەفسەرین لە دەرچووانی کۆلێژەکان، بە تایبەتی لە بوارەکانی یاسا و ئیدارەو ئابووری و کیمیا و بایۆلۆجی کە پۆلیس پێویستی پێیان هەیە وەك پسپۆری، هەر کات پێویست بوو خولی ئەفسەران لە دەرچووانی ئامادەیی رادەگەینین، یەعنی بە پێی پێویست ئێمە هەموو ساڵێك تەماشا دەکەین لە چ ڕشتەیەك پێوەستیمان پێیە ئەوە وەردەگرین، وەلامی پرسیاری دوو، ئەم هێزە سەر بە وەزارەتی ناوەخۆیە، زێڕەڤانی، مووچە و دەرماڵەی ئێستا هاوشێوەی پۆلیس خەرج دەکرێ بە پێی یاسای خزمەت و خانەنشینی سەربازی ژمارە 18ی ساڵی 2011، ئەم مانگ و نیوە تەئخیر بوو، ئێستا وەریان گرت لەبەر ئەوەی تا خۆیان لەگەڵ قانونەکە ڕەخساند، مەسەلەن منداڵە، چەند منداڵی هەیە، ژنی هەیە؟، ئەبێ ئەوە هەموو بکرێ، خۆیان زێڕەڤانی تەئخیر بوون و کە تەواو بوو، یەکسەر مووچەکانیان وەرگرت و بە زیادەوەش، بە نیسبەت کەمی پۆلیس، لە کاتی پەسند کردنی بودجەی ساڵی 2011 لە پەرلەمان، بڕیارتان داوە بە دامەزراندنی 3997 کەس بۆ میلاکی وەزارەتی ناوەخۆ بە گشتی، بەڵام بەداخەوە ئەم ڕێژەیە لە

لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە کەم کراوەتەوە بۆ تەنها 2500، ئەم ڕێژەیەش بەپێی ژمارەی دانیشتووانی شارەکان دیاری کراوە، لەوانەش 500 پۆلیس بەر پارێزگای دهۆك کەوتووە، بە هەموو بەشەکانی پۆلیسی مەحەلی و هاتوچۆ و بەرگری شارستانی و کارەبا و دارستان، سەرەڕای ئەوەش، کەم و کوڕی میلاکمان هەیە لەبەر ئەوەی سالانە بنکەی پۆلیس لە قەزاو ناحیەو کۆمەڵگەکان دەکرێنەوە، هەمان کێشەمان لە میلاکی پۆلیسی هاتوچۆ، بەرگری شارستانی و فەرمانگەکانی ترهەیە، بۆیە داواکارین لە بەڕێزتان، ئەو میلاکەی داوا دەکەین، وەك خۆی پەسندی بکەن بۆ ئەوەی بۆ ساڵی ئایندە کێشەی کەمی میلاکمان نەمینێت، بەڕاستی ئێمە داوای میلاك دەکەین، پێش ئەوەی بێتە ئێرە وەزارەتی دارایی کەمی دەکاتەوە، ئینجا دێتە پەرلەمانی بەڕێز، پەرلەمانی بەڕێزیش کەمی دەکاتەوە، بۆیە دائیمەن ئێمە کەمی میلاکمان هەیە، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

سوپاس بۆ جەنابت.

بەڕێز د.بشیر خلیل تۆفیق:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بە نیسبەت زێڕەڤانیەکان ئێمە داوامان بۆ هاتووە بەراستی، یان پێمان دەڵێن کە دەوامەکان یەك نینە، لە هەندێك شوێن 20 بە 10 ڕۆژ دەوام دەکەن و لە هەندێك شوێن 15 بە 15 دەوام دەکەن، ئەمانە دەڵێن ماڵ و منداڵمان هەیە و دوورە، 20 ڕۆژ لە دەوام یان 10 ڕۆژ یان هەفتەیەك لە ماڵەوە، ئەمە زۆر کەمە، یان هەمووی یەك بخرێ، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

جەنابی وەزیر فەرموو.

بەڕێز کریم سنجاری/وەزیری ناوەخۆ:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بە پێی واجیبات دابەش کراوە، واجیب لە کوێیە؟، لە شارە یان لە دەرەوەی شارە؟، ئەوانەی ناو شار 20 بە 10یە، ئەوانەی لە دەرەوەی شارن و لە ڕەبیەن، 15 بە 15یە، بەڵام ئێستا لێژنەیەکمان دروست کردووە، خەرێکی دیراسەت کردنین، چۆن هەمووی یەك بخەین؟ زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، پەروین خان ، نیە، زۆر سوپاس، ڕێزدار کاوە محمد امین.

بەڕێز کاوە محمد امین:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

من سێ پرسیارم لە جەنابی وەزیری ناوەخۆ کردیە، بەڵام پرسیاری سێیەم وەڵام دراوەتەوە، پەیوەندی بە ڕووداو و کارەساتی ئۆتۆمبیلەوە هەبووە، پرسیاری یەکەم بریتیە لە ئەوەی بەڕێز وەزیری ناوەخۆ هەر

کاتێك رووداوێك روو دەدات پەیوەندی بە ئەمن و ئاسایشەوە هەیە، یاخود ئاڵۆزیەك لە ناوچەیەکدا دێتە گۆڕێ، بێگومان وەزارەتی ناوەخۆ وەك بەرپرسی یەکەم لە هەرێمی کوردستان بەرپرسە لە دابین کردنی ئەمن و ئاسایش، بەڵام ئەوەی ئێمە وەکو مولاحەزەمان کردووە رووبەرووبونەوە وەکو پێویست لە لایەن وەزارەتەوەو خودی وەزیر خۆیەوە رووبەرووبونەوە لەسەر رووداوەکان نادرێ بە رای گشتی، ئەوەش بێگومان لە ڕێگای پڕێس کۆنفرانسێك دەکرێ لە ڕێگای بەڕێز وەزیری ناوەخۆیەوە، ئەمە وا دەکات کە لە لایەن راگەیاندنەکانەوەو لە لایەن کەناڵەکانەوەو خەڵکەوە، لێکدانەوەی جیاوازی بۆ دەکرێ و خەڵکیش بە یەك ئاراستە ئاگادار بکرێتەوە، پرسیاری دووەمم ئەوەیە، کە لە بۆنە و پشووەکان خەم ساردیەك لە لایەن پۆلیس و ئاسایش هەیە، بە تایبەتی ئەوانەی سەر بە وەزارەتی ناوەخۆیە، حەقە ئەوەش تۆزێك پێداچوونەوەی بۆ بکرێت، ئەوەی لە رووداوەکانی دهۆکی زاخۆ هەستمان پێکرد، ئەگەر پشوو نەبوایە لەوانەیە باشتر هێزەکانی ناوەخۆ دەهاتنە دەست و کۆنترۆڵی وەزعەکەیان باشتر دەکرد، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس بۆ جەنابت، جەناب وەزیر فەرموو.

بەڕێز کریم سنجاری/وەزیری ناوەخۆ:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

وەزارەتی ناوەخۆ وەك ئەرکی ئاسایی خۆی، بۆ هەموو رووداوێك هەڵوێست و ئامادەکاری خۆی هەبووە و رونکردنەوەی لەسەر دان، دائیمەن ئێمە هەر حادیسەیەك بوو، مەسەلەن ئەوەی زاخۆ بوو، ئێمە بەیانێکمان دەرکرد، بەڵام لەو دونیایەی ئێستادا دەزانین راگەیاندنەکان بە ئازادیەوە و هەر یەك لە لایەك ڕا و بۆچوون و شی کردنەوە دەدەن لەسەر رووداوەکان، بەراستی ئێمە ناتوانین هەر تەلەفزیۆنێك وتی و هەر کەناڵێك وتی رەئسەن وەڵامی بدەینەوە، ئێمە بەیانێك دەردەکەین، ئەوە مەوقیفی وەزارەتی ناوەخۆیە، پاشان چ دەکرێ دیسان بە بەیان دەردەکەین، وەڵامی پرسیاری دووەم، راستە رۆژانی هەینی دوور نیە هێزەکان ژمارەیان وەك رۆژانی ئاسایی نەبێ، بەڵام رۆژانی بۆنەکان، هێزەکانی پۆلیس بە ئامادەکاری و بەرنامە ئەرکەکانی جێبەجێ دەکەن، هەر بۆ نموونە، تاکو ئێستا هیچ بۆنەیەکی رۆژانی نەورۆز، رووداوی دزیی گەورە لەناو شارەکان رووی نەداوە، لە کاتێکدا زۆرینەی هاوواڵتیان لە رۆژانی نەورۆز دەچنە دەرەوەی شار، لەبەر ئەوەی زۆرترین هێزەکانمان لەم رۆژانەدا لە ئامادەباشی دان، راستە ئەوە زاخۆ، ئێمە وتمان یەکێك لە دەرسەکان، ئێمە لە حەوادیسی زاخۆ دەرسمان وەرگرتیە، دیراسەی دەکەین و کەم و کوڕیەکان دەکەینە دەرس و ئیستیفادەی لێ دەکەین لە ئایندە، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

تەعقیبت هەیە؟، سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار شڤان احمد فەرموو.

بەڕێز شڤان احمد عبدالقادر:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

من چوار پرسیارم هەنە، پرسیاری یەکەمت جوابدا دەربارەی مووچەی پێشمەرگەی زێڕەڤانی و جوابەکەم وەرگرت بۆ ئەو تەئخیر بوونە، پرسیاری دووەمم، دەربارەی ئەو پەنابەرانەی کە خوشك و برایانی کوردستانی تورکیا و ئێران و سوریا کە هاتوونەتە کوردستان، جگە لە مافی ئیقامە، هیچ مافێکی دیکەیان هەیە؟، بە تایبەتی ئەوانەی کە لە مێژە هاتوونە، پرسیاری سێیەمم، وەزارەتی ناوەخۆ و جەنابیشت لە تەوزیحات ئیشارەتت بە ئەو زەحایا و ئەوانەی کە لە ئەنجامی ئاگرکردنەوە ئیشارەتێکی وازیح بوو کە مەسەلەی سیستەمی ئاگرکوژێنە من دەبێنم کەم و کوڕی تێدایە، دیارە، چ بەرنامەیەك هەیە بۆ بەهێزکردنی یان چاککردنی ئەو ئەدەوات و ئالیاتی سەردەم کە بۆ ئاگرکۆژاندنەوە ئێستا لە ئارادان، چ بەرنامەیەکی هەیە وەزارەتی جەنابتان؟، پرسیاری چوارەمیش جوابەکەم وەرگرت کە هاتنی ئیستیرادی سەیارە کە دیارە پەیوەندی بە وەزارەتی ناوەخۆی نیە، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

جەنابی وەزیر فەرموو.

بەڕێز کریم سنجاری/وەزیری ناوەخۆ:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

وەڵامی پرسیاری پەنابەران، ئەوانەی وەك پەنابەری سیاسین لە ئێران، ناسنامەی پەنابەریان بۆ کراوە، بیتاقەی خۆراك و هەروەها لە لایەن uncrناونووس کراون، جار بەجار هاوکارییەکی بچووك دەکرێن، بەڵام ئەوانەی بە قاچاغ دێن لە ڕێگای نیشینگەکان بۆ ماوەی مانگێك دەمێننەوە و تاکو دەگەڕێنەوە، یان موستەمسەکاتی خۆیان پێشکەش دەکەن و تۆمار دەکرێن، لەم دواییەدا بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی کۆچ و کۆچبەرانی فیدرالێ پرۆسەی ناونووس کردنی کەمپی مەخموور، ئاوارەکانی کوردستانی تورکیا وەك پەناهەندەی سیاسی لە عیراقدا ناسنامەیان بۆ کراوە، ژمارەیەکی زۆر لەو پەناهەندانەی کە لە کوردستانن، ڕەگەزنامەیان وەرگرتووە، پێش دەستوور، ئەو وەختە سەلاحیەت بە دەست ئێمە بوو، پاش دەرچوونی دەستوور، صەلاحیات حەصریە و بە دەست وەزیری ناوەخۆو بەغدایە، ئێمە ناتوانین ناسنامەیان بدەینێ، خەریکین لەگەڵ وەزارەتی ناوەخۆی بەغدا صەلاحیەتەکە بەئێمە دەدرێ، یان سیستەمێك دروست دەکەین کە موعامەلاتەکانیان بگەینینە بەغداو لە بەغدا ڕەگەزنامەیان پێ بدرێ، سەبەبی تەئخیر بوونیش، چونکە وەزیری ناوەخۆ لە بەغدا تا ئێستا نەبووە، بە نیسبەت چ بەرنامەیەکمان هەیە سەبارەت بە بەرگری شارستانی، ئێمە بە بەردەوام بە پێی پێویست، پێداویستیەکان دابین دەکەین و بنکەی نوێ لە زۆربەی ناحیەکان کراوەتەوە و ئەفسەر و کارمەندەکانیان دەنێرین بۆ خولی فێربوون و بەهێزکردنی تواناکانیان و ڕاهێنان لەسەر کار و چالاکی و سولەمی نەجاتمان دابین کردووە بۆ هەر سێ پارێزگای هەرێم، لەگەڵ کۆمپانیایەکی سویدی ڕێککەوتنمان هەیە کە دیراسەیەکی تەواوی وەزعی بەرگری شارستانیمان بۆ بکەن لە هەرێم و پاشان پێداویستیەکانمان بۆ دیاری بکەن بە مەبەستی چۆنیەتی بەرەو پێش بردنی ئەم دەزگایە، تەبیعی ئێمە ئەم دیراسەیەی کە دەکرێ لەسەر ئەو دیراسەیە بزانین چ نوقصانی هەیە و ئەو

نوقصانیە پڕ دەکەین و دەزگایەکی تازە ئی نوێ دەرچوو و پێویستە بیهێنین، ئێمە دەیهێنین، هەروەها بەڕێوەبەری ئاگرکوژینەوەی بەریتانی سەردانی کردین و چەند پێشنیار و تێبینیەکی پێ داین و خەریکین جێبەجێیان بکەین لەگەڵ بەرگری شارستانی ئێمە، هەورەها خەریکین 10 ئەفسەریش دەنیرینە بەریتانیا بۆ ماوەی زیاتر لە ساڵ و نیوێك دبلومی باڵای نێودەوڵەتی وەردەگرن لە کاری بەرگری شارستانی و هونەرەکانی رزگارکردن و بۆ ماوەی 4 مانگ لەگەڵ هێزەکانی بەرگری شارستانی لە لەندەن دەوام دەکەن، پاش تەواو بوونی کۆرسەکەیان، چونکە 4 مانگیش لەوێ دەوام دەکەن بۆ تەتبیق، ئەوەی ئۆتۆمبیلیش جواب بدەم؟ دوو سوئال بوو.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

تەعقیب هەیە؟، زۆر سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار ناسك خان فەرموو.

بەڕێز ناسك توفیق:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

دیارە من چەند پرسیارێکم هەیە، پرسیاری یەکەم، هەموو وەزارەتێك ئەرکی هوشیار کردنەوەی لەسەرە وا بزانم بە پێی بڕگەی 6 ماددەی دووەمی یاسای وەزارەت، باس لە بڵاوکردنەوەی هوشیاری و ڕۆشنبیری ئاسایش دەکات بۆ دروستکردنی جێیەکی تەبایی لە بەینی هێزەکانی پۆلیس و زێڕەڤانی لەگەڵ تۆڕە جۆراوجۆرەکان، بەڵام پرسیاری من لێرە ئەوەیە، لەم دوو ساڵەی جەنابت لەم خولە، چەند خولی یاسایی ڕۆشنبیری بۆ هێزەکانی کراوەتەوە؟، بۆ چی لە کاتی پشوویەکاندا لایەنگیری لەناو هێزەکاندا دروست دەبێت، زۆر جار ئەبنە بەشێك لە کێشە و گرفتەکان، بیلزات لە 17ی شوبات ئەمەمان زۆر بە جوانی بینیوە لە ڕۆژەکانی 12/2 لە بادینان ئەمەمان بینی، لە گرتە ڤیدیۆیەکان زۆر بە وازیحی دیارە، بۆ ئەم هۆشیارە ڕەنگ ناداتەوە لە بەینی هێزەکانی ئاسایشدا؟، بۆ ئەبنە بەشێك لە گرفتەکان؟، ئەوە پرسیارێکم، پرسیاری دووەم، دیارە جەنابت ئەم پرسیارە کرا وەڵامی بەشێکی دایەوە، بۆیە من پرسیارەکەم دووبارە دەکەمەوە بۆ ئەوەی بەشەکەی ترم وەڵام بدەیتەوە، دەڵێ/ ژمارەی پاسەوانی بەرپرسە حکومی و حیزبییەکان چەندە؟ جەنابت وتت حکومییەکان 1800، خۆزگە بمانزانیایە حیزبییەکان تا ئێستا کە زۆرە، چەندە؟ یەعنی هەر بمانزانیایە، بزانین ئەو ڕەقەمەی کە تا ئێستا لە بودجەی ئەم میللەتە دەبات، چەندێکن ژمارەی پاسەوانەکان؟ چەندێ بودجەیان بۆ خەرج کراوە؟ هیچ وەڵامێك یان بڕیارێك و ڕێنماییەك لە جەنابتانەوە دەرچوو سەبارەت بە خاڵی (17) لە بڕیاری 21 خاڵییەکەی سەرۆکی هەرێم کە لە 3/20 دا دەرچوو سەبارەت بە پێداچوونەوەی ژمارەی پاسەوانەکان، یەعنی لەو کاتەوە هەتا ئێستا هیچ شتێك هەیە؟ پرسیاری سێهەم/ جیاوازییەك هەیە لە نێوان هەژمار کردنی خزمەتی پاسەوانی بارەگا حیزبەکان، جەنابی وەزیر ئەو حیزبانەی کە سەر بە دەسەڵات نین، یاخود با بڵێین سەر بە زۆرینە نین، پاسەوانی بارەگاکان خزمەتی پێشوویان بۆ حیساب ناکرێ، مەسەلەن بۆ نموونە لە 2000 دا لە بارەگایەك حەرەس بووە، بەڵام لە 2003دا ئەمری تەعینی بۆ دەردەچێ، چەند محاوەلە دەکات ئەو سێ ساڵە بخاتە

سەری نایخەین، بەڵام هەیە هی چەند ساڵی پێشووی بۆ دەخرێتە سەر، خزمەتی ئەوە، ئەم نادادپەروەرییە لە بەینی بارەگایەك بۆ بارەگایەکی تر پێشێلکردنە بەرامبەر بە یاسای ئەحزابەکان، چونکە دەبێ تۆ بە یەك معیار مامەڵە بکەی لەگەڵ هەموو حیزبەکان دا، بارەگای حیزبێك لەگەڵ حیزبێکی تردا تۆ وەکو حکومەت دەبێ بە یەك معیار مامەڵە بکەی، هەمان رەفتار بدەی بە بارەگاکان، مەسەلەی خزمەت حیساب کردن و ئەوە، یەك (نمط) بێ، بۆ ئەوەی لایەك جاری وا هەیە لە عائیلەیەك دا یەکێك پاسەوانی بارەگایەکە، ئەوی تر پاسەوانی بارەگایەکی تر دەڵێ، بۆ نایەی پاسەوان بی لای ئێمە، ئەوەی ئێمە چەورترە، ئەوە زۆر تەئسیر دەکاتە سەر بەدیهێنانی دادپەروەری، پرسیاری چوارەمم وابزانم ئەوە وەڵامت دایەوە، ئومێدەوارم ئەوە وەکو وەعدێك وابێ، چونکە ئەمڕۆ خۆپێشاندان بووە بەرامبەر بەڕێوەبەرایەتی سلێمانی دا، سەبارەت بە پاسەوانە تایبەتییەکان کە ئەو زیادە موچەیان بۆ حسێب نەکراوە، وەڵامی ئەوەت دایەوە بەس سێیانەکەی تر وەڵامم دەوێ، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس بۆ جەنابت، جەنابی وەزیر فەرموو.

بەڕێز کریم سنجاری/ وەزیری ناوخۆ:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

سوئالی یەکەم هی هۆشیاری و ڕۆشنبیری، لە هەموو پارێزگایەك لە پارێزگاکانی هەرێم، ئیدارەی گەرمیان، سۆران، نووسینگەی ڕێنمایی مەعنەوی هەیە، هەروەها لە هەموو بارەگاکانی گشتی بەڕێوەبەرایەتی یە گشتییەکانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ، بەڕێوەبەرایەتی پارێزگاکان و هاوشێوەکانیان هۆبەیەکی ڕێنمایی مەعنەوی هەیە، کە ئەفسەرێك سەرپەرشتی دەکات و هەموویان کار دەکەن لەسەر بەهێز کردنی ئینتیمای نیشتمانی و نەتەوەیی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ، چۆنیەتی ڕەفتار کردنی شارستانیانەی لەگەڵ هاوولاتییانی دوورکەوتنەوە لەلایەنگیری کردنی لایەنێك لە لایەنەکان، ئەوەش بە بەستنی کۆڕ و کۆبوونەوەی بەردەوام، هەروەها کردنەوەی خولی ڕۆشنبیری لەلایەن نووسینگەکانی ڕێنمایی مەعنەوی، لە ماوەی دوو ساڵ 45 خولی ڕۆشنبیری لەلایەن ئەم نووسینگانە کراونەتەوە، هەروەها 137 خولی بەهێزکردنی تواناکانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ لە دەرەوە و ناوەوە کراوەتەوە ئەو ساڵ، ڕاستە وشیاری و ڕۆشنبیری هەموو کارمەندانی دەزگاکان بە تایبەتی دەزگاکانی پۆلیس گرنگی تەواوی هەیە، بۆ چۆنیەتی جێبەجێ کردنی یاسا و ڕێنماییەکان و پاراستنی مافی مرۆڤ، ڕەوشی شارستانی و هاوچەرخی ولات، بۆیە بەردەوام ڕێنمایی پێویست دەردەچێت بۆ هەموو بەڕێوەبەرایەتی و بنکە و مەفرەزەکان کەوا پابەندبوون بە بەرز کردنەوەی ئاستی وشیاری و ڕۆشنبیری ئەفسەران و کارمەندان، باشترین خزمەت بە هاوولاتیان پێشکەش بکات، وەزارەت بەردەوام لە ڕێگای ئەفسەرانی ڕێنمایی مەعنەوی کاری پێویست ئەنجام دەدات، جگە لەوەی وەك بەرنامەیەکی وەزارەت ژمارەیەکی باش دەرچووانی زانکۆو پەیمانگا و ئامادەییەکان ئەم ساڵ دامەزران کە لە زۆر ئیختیصاص دا، زانست و لە ئیختیصاصات دا زانست و شارەزاییان هەیە، جەخت

دەکەینەوە کە ئەفسەران و کارمەندان ئینتیمایان هەیە بۆ حکومەت و هەرێمی کوردستان و شەو و ڕۆژ بە سەرما و گەرما لە خزمەتی هاوواڵتیان و جێبەجێ کردنی یاسا و ڕێنماییەکانن، ئەگەر کەم تەرخەمی هەبێت بە یاسا ڕەفتاریان لەگەڵ دا دەکرێت، سوئالی دووەمی پاسەوان وەاڵمم دایەوە، بەاڵم ئەوەی ماددە 17 بەڵێ برگەی 17، ئێمە لێژنەیەکمان دروست کرد، باسم کرد کە لێژنەکە پێشنیاری خۆی، لێژنەکە پێکهاتبوو لە وەزارەتی پێشمەگە و وەزارەتی ناوخۆ پێشنیارەکانیان بەرز کردۆتەوە بۆ بەڕێز سەرۆکی هەرێم، ئێمە چاوەڕێ دەکەین کە بڕیار بدات، یەکسەر جێبەجێ دەکرێت لەسەر هەموو لایەك، ئەوەی جیاوازی هەیە لە نێوان هەژمارکردنی خزمەت، هەژمارکردنی خزمەتی پێشمەرگایەتی بۆ گشت کارمەندان جێبەجێ کراوە، ئەویش لە ڕێگای وەزارەتی پێشمەرگە بە فەرمانی وەزاری بۆ وەزارەتی ناوخۆ بێت جێبەجێ دەکرێت، یان ئەگەر یەکێك پێشمەرگە بووبێ، وەزارەتی پێشمەرگە نووسراومان بۆ دەکات ماوەی خزمەتەکەی دەنووسێ، ئێمە بۆی حیساب دەکەین، خزمەتی حیزبی لە حیزبەکان، ئەوە لە دەسەاڵتی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانە و دەسەاڵتی وەزارەتی ناوخۆ نیە، یەعنی ئەو حیزبەی کە خەڵکی هەیە، نووسراو دەکات بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، کە ئەم برادەرە ئەوەندە ساڵ بۆیان ئیشی کردووە، لە خزمەت دا بووە، کە سەرۆکایەتی ئەنجومەن قبولی کرد، بۆ ئێمەی دەنێرێ و ئێمە موافەقەتی لەسەر دەکەین، دەکرێت لە ڕێگای مەکتەبی سیاسی حیزبەکان داوا بکرێت لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، لەوێوە ڕەزامەندی وەردەگیرێت، ئینجا دێتە وەزارەتی ناوخۆ جێبەجێ دەکرێت، ئەگەر کارمەندەکان سەر بە وەزارەتی ناوخۆ بن یان بە وەزارەتی پەیوەندیدار، ئەوەی زیادە مووچەیەی پاسەوانەکان باسمان کرد، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس تەعقیبت هەیە؟ فەرموو.

بەڕێز ناسك توفیق عبدالکریم:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

دیارە جێگەی دەستخۆشی یە بۆی کە خول کراوەتەوە، دەستخۆشیش لەو ئەمن و ئاسایشە دەکەین کە بەرقەرارە، بەاڵم بەڕاستی تۆ چ کاتێك تەقیم دەکەی لەسەر ئەوەی کە ئەمن و ئاسایش بەرقەرارە؟ لە کاتی پشێوییەکان دا، کاتێ دونیا مەسەلەن موزاهەرە نیە، ئەو شەغەبە دروست نابێ، ئەوە دنیا ئاسایشە، بەاڵم دەبێ کۆنترۆڵی ئاسایش، کاتێ تەقیمی دەکەی کە ئاسایش بەرقەرارە و ئەوە، پشێوییەکان کۆنترۆڵ بکرێ نەك بگاتە ئەوەی 27 بارەگا بسووتێ، ئەوە خاڵێك، خاڵێکی تر/ من دوو نموونەت بۆ باس دەکەم بەڕێز جەنابی وەزیر، من ئەندامی پەرلەمانم، پاسەوانەکەی من سەر بە وەزارەتی جەنابتە، سەر بە وەزارەتی ناوخۆیە، ئەدائی واجیبی خۆی دەکات لە کاتێك دا کە قەرارە بچم بۆ مەکتەب سیاسی ناهێڵن ئەو پاسەوانە لەگەڵم بێتە ژوورەوە، (مع العلم) ئەوان دەڵێن ئێمە بۆیە لێرە وەستاوین پارێزگاری بارەگاکانی ئێوە دەکەین، ڕاست دەکات، لەوانەیە بۆ پارێزگاری وەستا بێ، ئەو وەکو خۆی، وەکو پۆلیسێك، بەاڵم پێی

نەوتراوە یاساییەیەن ئەوەی کە دەڕوات بۆ ئەم بارەگایە ئەگەر یەکگرتوو بوو، ئەندامێکی پەرلەمان بوو حیمایەکەی حیمایەی خۆیەتی، دەبێ لەگەڵی بڕوات، ئەصڵەن زۆر ئەزیەت دەدرێ زۆر بە ئیسلوبێکی ناشیرین، ئەوە یەك، دوو/ لەگەڵ ئەو لێژنەیەی پەرلەمانی چوویتە زاخۆ، لەوێ یەکێك ویستی رەسممان بگرێ لە پاڵ بارەگا سووتاوەکە، زێرەڤانییەك بە شکلێك ئەو مۆبایلەی لە دەست حیمایەکە وەرگرتووە، تەبعەن من بۆ ئەوەی ئیشی لێژنەکە تێك نەچێ، یەکسەر هێنامە ئەولاوە وتم واز بێنە رەسممان ناوێ، یەعنی ئەو تەوجیهاتە یاساییە، بۆ ئەوەی ئەو هێزانەی پۆلیس بزانن یاسا مەسەلەن ئەوەی حیمایەی پەرلەمانە چۆن هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکرێ؟ ئەوەی مەسەلەن لە کاتی پشێوی دا هەر لەبەر ئەوەی حیمایەی منە، من سەر بە ئۆپۆزسیۆنم، لەو کاتە (بالذات) یەکگرتووم، حەساسییەتێ بەچوار دەوری حیمایەکەم دا دروست نەبێ کە نەتوانێ ئەدائی وەاجیبی خۆی بکات، لەگەڵ من دا بێتە ئەو دیوی پەتەکە، بەڕاستی ئەوانە جەنابی وەزیر ڕاستە لەوە دەچێ هۆشیاری بدرێ، بەڵام ئەگەر بێت و لە کاتی پشێوییەکان دا لایەنگری بوو، دەکرێ بڵێین تەوجیهەکە ئەوها دراوە؟ دەکرێ ئەم گومانە دروست بکەین؟ سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز جەنابی وەزیر فەرموو.

بەڕێز کریم سنجاری/ وەزیری ناوخۆ:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بە نیسبەت حاڵەتی دووەم کە پاسەوانەکەی تۆ ڕێگای لێ گیراوە، ئەوانە من حادیسەکە نازانم، بەڵام حاڵەتێکی ئیستیسنائی بووە، زەرفێکی (طاريء) بووە، مەعلومات هەبووە کە ئیحتیمالە ئیعتیدا بکرێتە سەر یەکگرتوو لە هەولێر، بۆیە ئیحتیاتیان وەرگرتووە، بەڵام بۆت هەیە لە وەزارەتی ناوخۆ پاسەوانەکەی تۆ عایدی وەزارەتی ناوخۆیە شکات بکەی و ئێمە لێکۆڵینەوەی تێدا دەکەین، ئیجرائاتی پێویست دەکەین، بە نیسبەت لە حاڵەتی پشوودان و ئەوانە، من وتم باسیشم کرد، لە حاڵەتی بۆنەکان ئێمە ئیحتیاتاتی تەواو دەکەین، بەڵام ئەو شتانەی کە لە ناکاو ڕووەدات، ئێمە ئاگامان لێ نیە، چۆن بتوانین بە خیلالی 10 دەقە بگەینە جێگای حادیسەکە و نەهێڵین جێگاکە بسووتێ؟ بۆیە ئێمە دائیمەن جەخت لەسەر ئەوە دەکەین دەبێ هەموو خۆپێشاندانێك بە ئیجازە بێ، بۆ ئەوەی ئێمە ئیحتیاتاتی خۆمان وەربگرین، بتوانین حیمایەی ئەو خۆپێشاندانانە بکەین، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار عبدالله ملا نوری، فەرموو.

بەڕێز عبدالله ملا نوری:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

من دوو پرسیاری بچووکم هەیە، هەوڵ دەدەم بیکەمە یەك پرسیار، بە پێی ماددەی (2) لە یاسای ژمارە (6)ی ساڵی 2009 یاسای وەزارەتی ناوخۆ، بڕگەی (1) و (2) بە تایبەت بڕگەی (2) دەڵێ/ وەزارەت دیارە

مەبەست لە ئامانج و ئەرکەکانیەتی، سەپاندنی پەرەنسیپی سەروەری یاسا و پارێزگاری کردن لە سیستەمی گشتی و پاراستنی سامانی گشتی و تایبەتی، یەکێك لەو یاسایانەی کە لە چوارچێوەی ئەو ئەرکە دەکات، لە ئەستۆی وەزارەتەکەی بەڕێز جەنابی وەزیردایە، یاسای ئەحزابی ژمارە (17)ی ساڵی 1993، کە کۆمەڵێك لە بڕگە و ماددەکانی هەروەکو لە پرسیارەکەم دا هاتووە، بە داخەوە جێبەجێ نەکراوە لە دوای ئەوەی کە دیارە ئەم یاسایە 18 ساڵە دەرچووە، ئێمە دەزانین بەشێك لە کێشەکانی ئەم وڵاتە بەداخەوە یەعنی کێشەی دەست تێوەردانی حیزبە بۆ دام و دەزگای حکومی، بۆ پێشمەرگە، بۆ پۆلیس، بە پێی ئەم یاسایە ئەرکی جەنابتە ئەو حیزبەی کە دەست تێوەردانی هەیە بۆ هێزی چەکدار، تەنزیماتی هەیە لە ناو هێزە چەکدارەکان دا دەبێت جەنابت دەعوایەك بەرز بکەیتەوە، بۆ ئەوەی دادگاکان بڕیار بدەن لە داخستنی ئەو.....

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

تکایە پرسیارەکەت بکە، یەعنی تەوجیە مەدە، پرسیارەکەت بخوێنەرەوە، پرسیارەکەت دوو خەتە چاوەکەم، ئەوەتا لەبەر دەستمە، پرسیارەکەت بکە.

بەڕێز عبدالله ملا نوری:

لە چوارچێوەی ئەرکی جەنابتە بەشێك لە ماددەکانی یاسای ژمارە 17ی ساڵی 1993ی ئەحزاب پێشێل کراوە، بۆ پێشێل دەکرێ؟ ئەگەر دەتەوێ کام بڕگانە تا بۆت بژمێرم، لە چوارچێوەی دەسەڵاتی جەنابتە کە یاسای وەزارەتی ناوخۆیە، کۆمەڵێك لە بڕگە و ماددە هەرە گرنگەکانی پێشێل دەکرێ، بۆ پێشێل دەکرێ؟ ئەگەر دەتەوێ پێت بڵێم کام بڕگە و ماددە تا بۆت بژمێرم.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، جەنابی وەزیر فەرموو.

بەڕێز کریم سنجاری/ وەزیری ناوخۆ:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

ئەو پرسیارانەی کە من گەیشتوون پرسیاری یەکەم/ پێشێل کردنی بەشێك لە ماددەکانی یاسای ژمارە 17ی ئەحزاب، سوئالی دووەم/ جێبەجێ نەکردنی بەشێك لە ماددەکانی یاسای وەزارەتی ناوخۆ، ئەو سوئالانەم پێ گەیشتووە، ئەم تەفصیلەی کە بەڕێز کاك عبدالله باسی دەکات بۆ من نەهاتووە، بۆیە من داوا دەکەم لە کاك عبدالله ئەگەر بکرێت دوایی بە تەحدید پرسیارەکانت ڕوونتر بکەرەوە، بە نووسین بمانەدەرێ، بە نووسین وەڵامی جەنابت دەدەینەوە، چونکە ئەوەم پێ گەیشتووە.

بەڕێز عبدالله ملا نوری:

تەعقیبت هەیە؟ فەرموو.

بەڕێز عبدالله ملا نوری:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

پرسیار دەکەم بە وەڵامی ئەو داوایەی ئەو بە کورتی، ماددەی 15 لە یاسای ئەحزاب، ماددەی 17 لە یاسای ئەحزاب، کە دەڵێ/ هەر حیزبێك دەست تێوەردانی هەبوو بۆ کاروباری پێشمەرگە وەکو ئەوەی کاك فازل میرانی دەڵێ/ 30 هەزار هێزی چەکدارمان هەیە، دەڵێ/ هی پارتی دیموکراتی کوردستانە، بۆچی جەنابت کە ئەو ئیعیترافەی هەیە دەعوایەکی لەسەر بەرز ناکەیتەوە، جەنابت دەزانی کێشەی جادده کێشەی وەرگەڕانی سەیارە ئەوانە مەترسی لەسەر ئاسایشی نیشتمانی دروست ناکەن، قابیلی چارەسەرن، ئەوەی ئەو ئەزموونە دەخاتە بەر مەترسییەوە هێزی چەکداری حیزبی یە، 17 ساڵە، شەڕی ناوخۆ دروست دەبێ، بارەگای حیزبی دەسووتێ، هەرچی کێشە هەیە دروست دەبێ،.....

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

تکایە، ڕجائەن دانیشە، ڕجائەن دانیشە تەواو، بە نیسبەت لەسەر وتاری هەر بەرپرسێك کەس عیقاب ناکات، ئینسان ئازادە لە قسە کردن، بەڵام ئەگەر تەشهیر بێ، ئەگەر تەعەدا بێت لە حەقی ئینسانێکی تر حەقی شکاتی یاساییتان هەیە، جەنابی وەزیر فەرموو.

بەڕێز کریم سنجاری/ وەزیری ناوخۆ:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

سوئالەکان بەو تەفصیلەی کە باسی دەکات بە من نەگەیشتووە، بەڵام وەزارەتی ناوخۆ تا ئێستا ئەوەی پێی کراوە یاسای جێبەجێ کردووە، تەعلیماتمان دەرخستووە، تێکۆەردانی ئەحزاب، وەرگرتنی ئابوونە، ئەو شتانە لە ناو هێزەکانی وەزارەتی ناوخۆ ئێمە هەموومان مەنع کردووە، هەندێك لە برادەرانی ئەندامانی لێژنەی ناوخۆ موتەلیعن لەسەر ئەوە، وابزانم نوسخەی کیتابەکەی ئێمەشیان پێ گەیشتووە، ئێمە موتابەعە دەکەین، بەسەرچاو، ئێمە پاشان بە وەڵام، بە نووسین وەڵامی ئەو پێشێلکارییانەی کە جەنابت باسی دەکەی دەدەینەوە، باسی پێشمەرگەت کرد، پێشمەرگە عایدی وەزارەتی ناوخۆ نیە، من ناتوانم وەڵامی وەزارەتی پێشمەرگە بدەمەوە، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، بەڕێزان تکایە کەس کەس ئیتیهام نەکات، پرسیاری لەبەر دەستتانە ئەوە بخوێننەوە، چونکە ئەو وشەیە لە جێگای خۆی نیە، پەرلەمان کاری خۆی دەکات، ئەم پەرلەمانە 624 یاسا و بڕیاری داناوە بۆ ڕێکخستنی ناوەوەی هەرێمی کوردستان، ئەم پەرلەمانە بڕیاری فیدراڵی دەرکردووە، ئەم پەرلەمانە بڕیاری ئاڵای کوردستانی دەرکردووە، ئەم بڕیارە، ئەم پەرلەمانە ئیعتیراف بە چەند کابینە، شەش کابینەی داناوە، ئەم پەرلەمانەیە کە سیستەمی .ناو هەرێمی کوردستان کە لە دونیا و ئیقلیم و ناو عیراق ئیعترافی پێ دەکەن بۆ ئەوەی ئەو ئیتهامە لە جێگای خۆی نیە و، نەسرین جمال فەرموو.

بەڕێز نەسرین جمال مصطفی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بەڕێز وەزیری ناوخۆ، دیارە من چوار پرسیارم ئاڕاستەی جەنابی وەزیر کردووە، بۆیە پرسیارەکان دەخوێنمەوە، پرسیاری یەکەمم لە ساڵی 2011 دوو کارەساتی گەورە لە سنووری پارێزگای سلێمانی و هەولێردا ڕووی دا واتە لە ماوەی 10 مانگ دا کە ئەم دوو کارەساتەش بوو بە هۆکاری گرتن و کوشتن و ڕاوەدوونان و هەڕەشە کردن لە هاوواڵتیان و لە ڕۆژنامە نووسان و هەروەها سووتاندنی بارەگای حیزب و سووتاندنی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن، نەك لەم حاڵەتەدا، نەك وەزیرو سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران دەستیان لەکار نەکێشایەوە، بەڵکو سەفەریان کرد بۆ دەرەوەی وڵات کە خۆی دەبووایە لەو کاتە ئەگەر لە دەرەوەی وڵاتیش بوونایە و بهاتنایەتەوە بۆ ناو هەرێمی کوردستان، من دەپرسم و دەڵێم جەنابی وەزیر سەفەرەکەی جەنابتان گرنگتر بوو یان وەزعە ئاڵۆزەکەی سنووری بادینان؟ هەر لەو پرسیارە کە دەمەوێ پرسیار لە جەنابت بکەم دیارە سەرۆکی هەرێم لیژنەیەکی دانا بۆ بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە و جەنابیشت ئاماژەت پێیدا کە جەنابیشتان وەکو وەزارەت لیژنەیەکتان داناوە، بەڵام بەڕێزان دەسەڵاتی ئیداری و دەسەڵاتی ئینزباتی هەیە، ماوەی 27 ڕۆژیشە ئەگەر سەرە داوەکانت بۆ دەرکەوت بێت و کۆت کردبێتەوە ئایا چ ئیجرائاتێکت کردووە بەرامبەر ئەو کەسانەی کە لەو سنوورە کەم تەرخەم بوون و سەر بە وەزارەتەکەی جەنابتن، پرسیاری دووەمم، دیارە ئەم پرسیارەم کە لە جەنابتم کردووە، من دەزانم کە ئاسایشی هەرێم سەر بە ئەنجومەنی وەزیرانە، بەڵام بەڕێزت وەزیری ناوخۆیت و ئەمن و ئاسایشی ئەم هەرێمە بە دەرەجەی یەکەم لەئەستۆی جەنابتانە وەکو وەزارەت، ئایا بەڕێزت تا چەند ئاگاداری ئەو لیستەی کە لە بەڕێوبەرایەتی ئاسایشی سلێمانیەوە کراوە بۆ کارمەندەکانیان لە کاتێکدا مووچە و دەرماڵەکانیان وەرگرتووە هەموو تەسفیەی تەواوەتی کراوە لە بانکەکان وەرگیراوە، بەڵام لە بەڕێوبەرایەتی ئاسایشی سلێمانیەوە فۆرمێکی بۆ بێ مۆر و بێ ئیمزا نێردراوە بۆ بنکەو معاونەتیەکان کە بەپێی ناوەکان پارەیان لێ ببڕدرێت، واتە ئەو پارە لێ بڕینە لە 20 هەزارەوە بۆ 30 هەزار و 50 هەزار و 100 هەزار تیایەتی کە لێیان دەبڕن، هەر معاونەتێکیش بڕێکی باش یەعنی لێیان بڕاوە، هەندێکیان گەیشتووەتە هەشت ملیۆن و دە ملیۆن و دوانزە ملیۆن، ئایا جەنابت ئاگاداری ئەم لیستەی کە کراوە؟ ئایا ئەو لێ بڕینەی کە لەو کارمەندانەی ئاسایش بڕاوە بۆچی لێیان بڕاوە؟ پرسیاری سێیەمم بەڕێزت وەڵامت دایەوە لەسەر مەسەلەی داهاتی وەزارەتی ناوخۆ بووە کە وەزارەت چەند داهاتی دەوێ بۆچی سەرف دەکرێت و بەتایبەتی مەسەلەی غەرامەو مەسەلەی ئیجازات و بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کە سەیر دەکەی دامودەزگاکانی بەڕێزتان تاوەکو ئێستا کرێچی هاوواڵتیانن، ئەمە ناکرێ لەو داهاتانەی کە ئێوە هەتانە بتوانن بینا بۆ ئەو دامودەزگایانەتان بکڕن، پرسیاری چوارەمم لەسەر وەزارەتی ناوخۆیە تا چەند بەدواداچوونی کردووە بۆ جێ بەجێ کردنی یاسا و بڕیار و ڕێنماییەکانی وەزارەتەکەتان، یەك نموونەی بەسیتم هێناوەتەوە وەکو هاوکارم نیشتمان خانیش ئاماژەی پێدا، مەسەلەی دیارە کۆمەڵێك بڕیار و کۆمەڵێك ڕێنمایی لەلایەن بەڕێزتانەوە دەرچووە، بەڵام ئەم یاسا و بڕیار و ڕێنماییانە نەهاتووەتە بواری جێ بەجێ کردنەوە، بۆ نموونە مەسەلەی سەیارەی جام ڕەش، کە ئەمە ئەرکی وەزارەتەکەی جەنابتان بوو نەك ئەرکی بەڕێز سەرۆکی هەرێم کە بوو بە بڕگەیەك

لە بڕگەکانی چاکسازی، بەڵام بەداخەوە تاوەکو ئێستا لەگەڵ ئەوەی فەرمانی سەرۆکی هەرێمیشە و لەگەڵ ئەوەی بەڕێزیشتان ئاگادارن ئەم خاڵە وەکو خۆی ماوەتەوەو گەورەتر بووەو زیادی کردووە نەچۆتە بواری جێ بەجێ کردنەوەو، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

جەنابی وەزیر فەرموو.

بەڕێز کریم سنجاری (وەزیری ناوخۆ):

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بە نیسبەتی پرسیاری یەکەمی خاتوو نەسرین، یەك/ خۆپیشاندان دیاردەیەکی دیموکراتی تەندروستە، لە هەموو سیستمێکی دیموکراتی جیهانی لە چەند مانگی ڕابردوو دا لە بریتانیا بۆ چەند ڕۆژێك خۆپیشاندان کرا، من باسی ئەوەشم کرد، بەڵام دووبارەی دەکەمەوە چەند کارێکی تێکدەرانە لەلایەن خۆپیشاندەرانەوە ئەنجام درا و هێزەکانی پۆلیس 2800 کەسیان دەستگیر کردووە، پەرلەمانی بریتانی بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم بابەتە دەعوەتی سەرۆك وەزیران کرا و ڕاپۆرتێکی لەم بارەیەوە خستە بەردەستیان و بە وردەکاریەوە دوای گفتوگۆ هەموو لایەك پشتگیری هەنگاوەکانی حکومەت و پۆلیسیان کرد و تەنانەت هێزی ئۆپۆزسیۆنیش پشتگیری وەرگرتنی ئیجرائاتی توندی کرد لەگەڵ تێکدەرەکان و بە تاوانبار وەسفیان کردن، دەربارەی سەفەر کردنی من و بەڕێز سەرۆکی حکومەت و چەند وەزیرێك، ئەم سەفەرە پێشتر لەڕووی پرۆتۆکۆلیەوە ئامادەباشی بۆ کرا بوو لەلایەن حکومەتی فرنساوە چاوەڕێیان دەکردین و بارودۆخی زاخۆش کۆنترۆڵ کرابوو، ئێمە دوایی سەفەرمان کرد، کاتێك وەزیر سەفەر دەکات مانای ئەوە نیە وەزارەت کارەکانی خۆی ناکات، دەزگاکان هەر ئیشی خۆیان دەکەن، پرسیاری سێیەمی ئەوە باسمان کرد، لیژنەی لێکۆڵینەوە دروست کراوە لە وەزارەتی ئێمەش و ئیجرائات دەکەین سەبارەت بەوە، بە نیسبەتی ئەوەی ئاسایش، هەموو لایەك دەزانن ئاسایش سەر بە وەزارەتی ناوخۆ نیە تەنها بۆ مەبەستی هەماهەنگی و گۆڕینەوەی زانیاری نەبێت ئێمە هاوکاری یەکتر دەکەین، بەڵام ئیشی ئیداری ئەوان ئێمە تێدەخولێ پێ ناکەین، دەتوانن ئەو پرسیارە خۆتان لەڕێگەی لیژنەی ناوخۆ بنێرن بۆ ئاسایشی سلێمانی، بەنیسبەتی پرسیارەکان دەربارەی داهات 50٪ ی داهاتەکە کە ئێمە بۆچی بۆ بینا و بۆ ئەوانە دروست ناکەین، تەبیعی ئەم 50٪ ی داهاتە بۆ تەتویری مروریە، بۆ پەرەپێدانی هاتوچۆیە و بۆ ئیشی تر نیە و ئەم ساڵ ئێمە موافەقەتی وەزارەتی داراییمان وەرگرت، لەم پارەیە بیست و پێنج بنکەی پۆلیس لە سلێمانی و هەولێر و دهۆك بەو پارەیە دروست کردنی و موافەقەتیان کردووە و ئێستا خەریکین دەست بەکاربووین بۆ ئەوەی هەندێ بینا بۆ پۆلیس دروست بکەین، ئەوەی جام ڕەش جوابم دایەوە تەبعەن دووبارە جوابی دەدەمەوە، کێشەی ئۆتۆمبیلی جام ڕەش لای بەڕێز سەرۆکی هەرێم تاڕادیەکی زۆر بنبڕ کراوە تەنها لە چەند حاڵەتێك نەبێت کە ئەوانیش زۆر کەمن و هەیئات و قونسوڵیات و وەفدە بیانیەکان ئەو هاوولاتیانەی بۆ ماوەیەکی کورت لە ئەسڵدا دێنە

هەرێم و لە ئەسڵدا جامی ئۆتۆمبیلەکانیان ڕەشە و لە کاتی جەژن و نەورۆز و ئاهەنگەکان دا لە کاتی ئێستا دا ئاگاداری هەموو دوکانداری جوانکاری و ئۆتۆمبیل کراوە کە بەکارهێنانی لەزگەی ڕەش بۆ جامی ئۆتۆمبیل قەدەغەیە و هەروەها لە دەروازەکانی سنوور ناهێڵن ئۆتۆمبیلی جام ڕەش داخل بێت و، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

نەسرین خان فەرموو.

بەڕێز نەسرین جمال مصطفی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بەڕێز وەزیری ناوخۆ، دیارە لە وەڵامی پرسیاری یەکەمدا کە ئاماژە بە خۆپیشاندان دەکەین ئەوەی کە لەم هەرێمە خۆپیشاندانی کردووە هاوولاتی ئەم هەرێمەیە، ئێمە نالێین خەڵکی تیا نەبووە لە خۆپیشاندانەکان داخەڵکی تێکدەری تیا نەبووە، بەڵام بەڕاستی ناکرێت هاوولاتیانی ئەم هەرێمە وەکو خۆپیشاندانی بەریتانیا ڕەبت بکرێتەوە بە یەکەوە، ئەوەی لە بەریتانیا خۆپیشاندانی کردووە گرووپێکی مافیا بوون، گروپێکی ڕەش پێستی مافیا بوون خۆپیشاندانیان کردووە و وەزعەکەیان تێك داوە، بەڵام ئەوەی کە لێرە خۆپیشاندانی کردووە هاوولاتی بووە، لەبەرئەوەی کە مافی مرۆڤ پێشێلکراوە و لەبەرئەوەی کە عەدالەت نەبووە و لەبەرئەوەی کە خزمەتگوزاریەکانیان درەنگ پێ دەگات و یان بۆیان نەکراوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە دەڵێین خەڵکی تێکدەری تیا بووە، بەڵام بەڕاستی ناکرێت خەڵکی ئێرە و خۆپیشاندانی ئێرە و خۆپیشاندانی بەریتانیا وەکو یەك هین بکرێت، موتابەقە بکرێت و بە یەك چاو سەیر بکرێت، ئەمە یەك، دووەمین شت من لە پرسیاری دووەم دا کە باسی ئەو لیستی ئاسایشەم کرد بە جەنابتم گوت دەزانم کە ئاسایش سەر بە ئەنجومەنی وەزیرانە، بەڵام یەکەم جەنابت وەزیری ناوخۆیت و دووەمین شت پارێزگاری هەموو پارێزگاکان مەسئولی لیژنەی ئەمنین و ڕەبتیشیان بە جەنابتانەوە هەیە، ئایا ئەم پارێزگارەش هەر ئاگای لەوە نیە یەعنی تەنسیقێکی نیە لەگەڵ بەڕێوبەرایەتی ئاسایشەکان دا پرسیارێك بکات ئەم پارەیە بۆچی کراوەتەوە و ئەم داهاتە بۆچی لە کوێیە و چی لێ دەکەن، لە سەر پرسیاری سێیەم دیارە بەڕێزت وەڵامت دایەوە کە داهاتەکەتان چەندە، بەڵام دەکرێت نازانم من ئەو پرسیارە لەوە هین دەکەمەوە ئەو داهاتەی کە بڵێین مەسەلەی غەرامە و سەیارە و ئیجازات و ئەمانە ئایا ئەمە بە لیستێك تەسلیم بە وەزارەتی دارایی کراوە؟ یاخود دەکرێت لیژنەی ناوخۆی پەرلەمان ئاگادار بکرێتەوە بە لیستێك تەسلیمیان بکەیت؟ زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

جەنابی وەزیر فەرموو.

بەڕێز کریم سنجاری (وەزیری ناوخۆ):

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

یەکەم/ ئەوەی کە لە زاخۆ کراوە و ئەوەی کە لە بریتانیا کراوە هەردووکیان تێکدەر بوون، ئەوان مالّ و مولّکی خەلّکیان سووتاند، ئێرەش مالّ و مولّکی خەلّکیان سووتاند، مەقەراتی ئەحزابیان سووتاند، بۆیە جیاوازی نیە، نە مافیایەو نەهیچ، ئەوەی کە کردوویەتی کاری تێکدەری کردووە، خۆپیشاندانی نەکردووە، ئەوەی خۆپیشاندان بکات حیمایەی دەکەین و دیفاعیشی لێ دەکەین و ناهێڵین هیچی لێ بێت، بەڵام ئەمە تیکدەری کردووە، ئینجا ئێمە پێ ڕاگەیشتووین و کۆنترۆڵمان کردووە، بە نیسبەتی ئەو پارەیەی کە وەزارەتی دارایی من پێم وتی کە ئێمە ئەمسالّ موافەقەتی وەزارەتی داراییمان وەرگرتووە کە بنکەی بۆ غەیری پەرەپێدان پێ سەرف بکەین، ئێمە دیوانی چاودێری دێت و موراقەبەی دەکات و هەموو سالّ بەپێی تەعلیماتی دارایی ئێمە سەرفی دەکەین و موراقەبەی دەکات و چاودێری دەکات، هیچ مانعمان نیە ئێمە لیژنەی ناوخۆ هەموو دەرگاکانی بۆ کراوەتەوە دائیمەن هەمیشەش بێ ئیتیلاعی تەواو کە لەسەر ئەو سەرفیاتە چۆن کراوە، خاڵی سێیەم/ ئەوەی ئاسایش پێم گوتی ئاسایش عایدی ئێمە نیەو من موتابەعەی ئەو کێشەیەم کردووە لە ڕێی پارێزگاو لە ڕێگەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانیش موتابەعەی دەکەم و زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

ڤیان خان فەرموو.

بەڕێز ڤیان عبدالرحیم عبدالله:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

سەرەتا بەخێرهاتنی وەزیری ناوخۆ دەکەم، من لە کۆی ئەو پێنج پرسیارەی کە کردم وەڵامی سێ پرسیارم وەرگرتووەتەوە، تەنها دەمەوێ وەڵامی پرسیاری یەك و دوو کە ئاڕاستەی وەزیری ناوخۆ کراوە پێشتر، یەکەم ئەوەیە وەکو حکومەت یاخود وەکو وەزیری ناوخۆ پلانتان چیە بۆ دووبارە نەبوونەوەی، دیارە بوونی پلان لەهەر وەزارەتێك دا خۆی لە تەرجەمە کردنی ئەرکی وەزارەتەکە دا دەبینێتەوە کە کۆمەڵێك ئەرك لەم وەزارەتەکە پاراستنی سەروەری یاسایە و ئەمەش دواتر خۆی لە بەرقەرار بوونی ماف و ئازادیەکانی خەڵك دەبینێتەوە و دواتریش پاراستنی ئاسایشی هەرێمە کە ئەمە ئەرکی سەرشانی جگە لە وەزارەتی ناوخۆ ئەرکی سەرشانی تاك بە تاکی هاوواڵاتیانیشە، ئەرکی سێیەمیش ئەگەر بمەوێ ئیشارەتی پێی بدەم پاراستنی ژیانی خەڵك و دامودەزگا حکومیەکانە یاخود بڵێم موڵك و ماڵی هاوواڵاتیانە، من دەمەوێ بڵێم لێرەوە بڵێین وەزارەتی، یاخود وەزیری ناوخۆ ئەوەمان پێ بڵێت لەدوای ڕووداوەکانی 2/17ەوە کە کۆمەڵێك، یاخود زنجیرەیەك خۆپیشاندان ڕوویداو دواتر کۆمەڵێك دامودەزگا سووتێنران یان کۆمەڵێك بارەگا سووتێنران و ژمارەیەکی زۆر خەڵك شەهید بوون و بریندار بوون، دوای ئەوە دەتوانم بڵێم دەبووایە وەزارەتی ناوخۆ هەڵوەستەیەکی بکردایە لەسەر کارو چالاکیەکانی خۆی، کە نەیتوانیوە لە زۆربەی ئەو شوێنانەی کە خۆپیشاندان تیایدا ڕووی داوە نەیتوانیوە هەم پاراستنی بارەگا حیزبیەکان بێت کە لەلایەن وەزارەتەکەی بەڕێزیەوە مۆڵەتیان پێدراوە هەم نەیتوانیوە پارێزگاری خەڵك بێت یاخود موڵك

و مالّی گشتی بێت، دەبووایە لەوەوە وەزارەتی ناوخۆ لەو کاتەوە پلانێکی تۆکمەتری دابڕێشتایە بۆ هەم پاراستنی سەروەت و سامانی خەڵك و هەم بارەگانی حیزبەکان، ئەوەی ئێمە بینیمان لەم ڕووداوانەی دواتر کە لە قەزای زاخۆ و دهۆك و سیمێڵ ڕوویدا ئەوەی ئێمە تێبینیمان دەکرد لە ڕاگەیاندنەکانەوە دامودەزگاکانی پۆلیس یاخود چالاکیە مەدەنیەکان کە دەبینران لە ناو خەڵك زیاتر ڕۆڵێکی تەماشاکەریان هەبوو، بۆیە بەبڕوای من دەبووایە وەزیری ناوخۆ هەم چ وەك وەزارەتەکەی یاخود وەکو وەزیریش کە بەرپرسە لە پاراستنی ئاسایشی هەرێم و موڵك و مالّی هاوواڵتیان دەبووایە سەرەتا لێکۆڵینەوەیەکی بکردایە لەوەی کە ئایا ئەمانەی کە لەویان و دەیانەوێت بارەگاکان بسووتێنن، چونکە ئەوەی من بزانم یەعنی زۆر بە ئاشکرا ئەم پەلاماردانە دەکرا بۆ سەر بارەگاکانی یەکگرتوو یاخود دەناسرانەوە، دەبووایە پێشتر ئەم تەحقیقە بکرایە لە لایەن وەزارەتی ناوخۆوە کە ئایا ئەوانەی لەویا وەستابوون و جلی پۆلیس و چالاکیە مەدەنیەکان و هەموو جۆرە جلێکی ئاسایشیان لەبەردابێت، ئەبێت ئەو لێکۆڵینەوەیە بکرایە، دواتر بگەیشتینایەتە ئەو دەرئەنجامەی کە ئایا ئەمانە بەفیعلی هێزی پۆلیس یان پۆلیسی چالاکیە مەدەنیەکانی سەر بەوەزارەتی ناوخۆن؟ چونکە ئەگەر سەر بەوەزارەتی ناوخۆ بن، ئەبێت وەزیر خۆی هەستێت بەو لێکۆڵینەوەیە، یاخود بەو ئیجرائاتانەی کە لەگەڵیان بکات، دواتریش ئەگەر بمانەوێت بزانین سەر بە هەر بارەگایەکی حزبی بن یان سەر بەهەر هێزێکی تر یان هەر پارتێکی تری سیاسی بن لەهەرێمی کوردستاندا ئەوکاتە دەتوانین لەڕێگەی یاسای ژمارە (17)ی ساڵی 1993 کە پێشتر کاك عەبدوڵای مەلا نوری ئاماژەی پێکرد، ئەتوانین لەڕێگەی ئەوەوە وەزیری ناوخۆ دەعوا قەید بکات لەسەر ئەو حزبەی کە هانی ئەو پۆلیسە یان ئەو بەرپرسە حزبیە یان ئەندامی حزبەکەی خۆی داوە، یەکێکی تر لە پرسیارەکانم ئەوەیە، کە وەزارەتی ناوخۆ چی کردووە بۆ گیرانی ئەوانەی کەلەلایەن دادگاوە داوا کراون؟ چونکە ئەوەی کەمن تێبینیم کرد لەوەڵامی یان زۆربەی ڕوونکردنەوەکانی بەڕێزت ئەڵێیت ئیجرائات کراوە، لەسەر هەموو ئەو کەسانەی کەتاوانبارن یان ئەمری دادوەریان هەبووە، ئێمە ئیجرائاتمان کردووە، بەڵام ئەوەی من تێبینی دەکەم، ماوەیەکی زۆرە ژمارەیەکی زۆر کەس هەیە، لە هەرێمی کوردستاندا ئەمری دادوەریان هەیە، بۆ نموونە زۆربەی هەرەزۆری ئەو کەسانەی لە ڕووداوەکانی 17ی شوباتدا دەستیان هەبووە، لەلایەن دادگاوە داواکراون، بەڵام تا ئێستا نەمانبینیوە کە ئەمانە هیچیان بنێرێنە بەردەم دادگا، یەکێك لە دۆسیەکانی تر دۆسیەی بوونی موستەشارەکانە، ئەوەی کە لەلایەن دادگای باڵای تاوانەکان داواکراون، دواتریش لە 2010/8/11وە، وەزارەتی ناوخۆ زانیاری هەیە کەلەلایەن دادگای باڵای تاوانەکانەوە ئەمانە داواکراون، لە 10/25 وەزارەتی شەهیدان خۆی نووسراوی ئاراستەی بەڕێزتان کردووە، کە پێویستە ئەم موستەشارانە بگیرێن، بەڵام تا ئێستا نەمانبینی ئەوە بکرێت، کەئەمانە ئەمری دادگایان هەیە، بەڵام کۆمەڵێك کەسی تر بەبێ بوونی ئەمری دادوەر، بەبێ بوونی هیچ لێکۆڵینەوەیەك ئەبرێنە زیندانەکان، ئەمانە پێویستە لێرەدا بۆمان ڕوون بکرێتەوە، ئایا ئێمە ئەمری دادوەر تەنها بۆ ئەوانەی کەخۆمان دەمانەوێت بیانگرین، یان تەنها بۆ ئەوەیە کە ڕەمزێکەو ئەتواندرێت پیشانی خەڵك بدرێت، یەکێك لە پرسیارەکانی ترم بەنیسبەت ئەوەی لەکاتی زیاد بوونی مووچەی هێزەکانی ناوخۆدا ئەوەی من تێبینیم کردبێ، یان بەدواداچوونم بۆ کردبێت....

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

تکایە ڤیان خان، پرسیارەکانت پێنج سەترە، بۆ ئەوەندە زیادی کرد؟ تکایە وەك خۆی کە هاتووە ئەوە بخوێنەوە زیاتر مەڵێ، فەرموو.

بەڕێز ڤیان عبدالرحیم عبدالله:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

ئیداریيەکانی مروورو چالاکیە مەدەنیەکان شمولی ئەو دەرماڵەیان نەکردووە، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، جەنابی وەزیر فەرموو.

بەڕێز کریم سنجاری(وەزیری ناوخۆ):

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بەنیسبەت خاڵی یەکەم: بەهێزکردنی چالاکیە مەدەنیەکان، دابین کردنی پێداویستی و کردنەوەی خولی پسپۆڕی بە بەردەوامی، هۆشیار کردنەوەی هاووڵاتیان هەروەها پێویستە ئەو کەسانەی خۆیان بەڕێکخەری خۆپیشاندانەکان دەزانن هانی خەڵك نەدەن، هانی مێردمندالاّن و هەرزەکاران نەدەن، کاری توندوتیژی و تێکدەرانە ئەنجام بدەن، کە هێڕش بکەنە سەر دامودەزگاو شوێنە گشتیەکان یان ڕووبەرووی پۆلیس ببنەوە، یان لێیان بدەن، یان بریندارياریان بکەن، جارێکی تر جەخت دەکەینەوە دوای پێشوەخت مۆڵەت وەرگرتن هەبوایە ئەم بارودۆخە شڵەژاوە ڕووی نەدەدا، ئیمە لەپلانەکانماندا دەعوەتی هەندێ ئەفسەری تەحالوف کە موختەصن لە موعالەجە کردنی ئەم کارانە ئەوە بڕیاریان داوە بێن، چەندین خولمان بۆ بکەنەوە، بۆ چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ خۆپیشاندانەکان، بەڕاستی کارێکی تازەیە بۆ ئێمە قوەی پۆلیسی ئێمە تازە تەعامول لەگەڵ ئەمە دەکات، پێویستیمان بە ڕاهێنانە، بۆ ئەوانەی کە ئەمری دادگایان بۆ دەرچووە، ئێمە وتمان لیژنەیەك دروست کراوە لەلایەن سەرۆکی هەرێمەوە، لیژنەکە دەست بەکار بووە، لەو فەترەی پێش چەند رۆژێك، وەدەست بەکار بووەو کۆمەڵێکیشیان گرتووە، لەرۆژانی یەکەمەوە، ئەوە نزیکەی هەفتەیەك یان 10 رۆژ دەبێت دەست بەکار بوون، دڵنیا بن ئەوانەی کە بڕیاری دادگایان هەبێت هەموویان دەستگیر دەکرێن، بۆچی ئەو لیژنەیە دروست کرا، چونکە زۆر کەس هەیە لەدادگا ڕای کردووە، خۆی بەدەستەوە نادات، هێزێکی هاوبەش دروستکرا لەناوخۆو ئاسایش وپێشمەرگە، بۆ گرتنی ئەمانە ئەوانەی کە بڕیاری دادگایان هەبێت ئەوە دەستگیر دەکرێت، ئەم پرسیارانەی لای من جواب درانەوە، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، بەڕێزان تکایە ئەوەی پرسیاری نووسیوە تەنها پرسیارەکەی خۆی بخوێنێتەوە، چونکە کە شەرحی دەکەن هەر تەواو نابێت، ئێمەش یەك رۆژمان لەپێش ماوە بۆ تەواوکردنی بەیانی هەینیە بەس رۆژی شەممەمان بەدەستەوە ماوە، کۆتایی بە خولەکە دێت، کۆمەڵێك پێشنیاری تریش هەیە، بۆ یاسای

کەمئەندامان، بۆ لێبووردنی گشتی، ئەمانە دەبێت تەواو بێت، تکایە پرسیارەکان بخوێننەوە، جەنابی وەزیریش جوابەکانی نووسیوەتەوە، تا ئەمرۆ ئەمە تەواو بکەین، ئەوانی تریش خەریکیان بین، ڕێزدار شێرزاد عبدالحافظ ، فەرموو.

بەڕێز شێرزاد عبدالحافظ شریف:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بەخێرهاتنی جەنابی وەزیر دەکەم، من چوار پرسیارم هەبوو، پرسیارەکان زیاتر سێیانیان بۆ ئەو ڕووداوانەی زاخۆ ودهۆك وسیمێل بوو، بەس من واز لەو پرسیارانەدێنم، لەبەر ئەوەی کاتێ من ئەم پرسیارانەم نووسیوە لیژنەکەی جەنابی سەرۆکی هەرێم نەتیجەکەی دەرنەچوو بوو، ئێستا نەتیجەکەی دەرچووە، ڕێکاری یاسایی خۆی گرتووەتەبەر و بەرەو دادگا دەچێت، لەبەر ئەوە من چاوەڕێی وەڵامی دادگا دەکەم، بۆیە ڕەنگە ئەو کاتە ئەو پرسیارانە بکرێت، پرسیاری چوارەم تەرك دەکەم، پرسیاری سێیەم ئەوەیە، کە ئێمە وەکو لیژنەی ناوخۆ بەتایبەتی لەکاتی بودجەدا کە تەصدیقی دەکەین، بەچاو نوقاندن بۆ وەزارەتی ناوخۆ لەگەڵ ئاسایش چیتان وتووە نەمان وتووە نابێت، بەڕاستی چەند داوای هێزتان کردووە، داوای میلاکە نازانم هەرچیەك بێت، بەس خێرە ئێستا من باسی هەموو کوردستان دەکەم، کە لەهەموو کوردستان لەهەرشوێنێك شتێك دەبێت دەڵێن هێزمان نیە، هێزەکانمان کەمە، ئەوەمان بۆ ڕوون بکەنەوە کە هۆکەی چیە؟، بۆ ئەوەی کە ساڵێکی تر بودجە هاتەوە ئەمجارەیان ئەو بیانووە بەدەستەوە نەبێت کەهێزمان لەبەردەستدا نیە، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، جەنابی وەزیر فەرموو.

بەڕێز کریم سنجاری(وەزیری ناوخۆ):

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

تەبیعی ڕاستە لیژنەی ناوخۆ هاوکاری ئێمەی کردووە، زۆر سوپاسیان دەکەین، بەڵام بەڕاستی ئەو میلاکەی کە ئێمە داوای دەکەین، جارێ دارایی ئەی پچڕێنێت، کەهاتینە ئێرەش کاك ئیسماعیل شاهیدە چەند محاوەلەمان کرد وتمان لە (3)هەزار کەمتری مەکەن، یەعنی ئێمە ساڵانە 30 تا 40 بەلانی کەم بنکەی پۆلیس دەکەینەوە، شارەکان گەورەتر دەبن، هەرکۆڵانێك کە دەکرێتەوە دەبێت بنکەی پۆلیسی بۆ دابنێین، لەهەندێ ناحیەو قەزا، بنکە زیاد دەکرێت، بەرگری شارستانی دەبێت بنکەی بۆ بکەینەوە، چالاکیە مەدەنیەکان ئێستا دەبێت لەهەموو جێگایەك بنکەیان بۆ بکەینەوە، بەڕاستی ئەو میلاکەی کە ئێمە داوای دەکەین بۆمان تەصدیق ناکەن، تکاتان لێ دەیکەن ئەمساڵ ئەو میلاکەی کەداوای دەکەین بۆمان بکەن، ئێمە زەختێکی کولی دەکەین لەسەر وەزارەتی دارایی، کە ئەو میلاکەی ئێمە داوای دەکەین بەرزی بکەنەوە، ئەگەر بەرزیشیان نەکردەوە ئێمە دێین بە ئێوە دەڵێین کاکە ئەوەندەمان داوا کردووە، ئەوەندەیان بۆ بەرزکردووینەتەوە، بۆ ئەوەی ئێوەش وەك پەرلەمان هاوکاریمان بکەن، ئێوە موافەقەی 3297 کەستان کرد، ئەنجومەنی وەزیران کردی بە 2500 کەس، بۆ هەموو وەزارەتی ناوخۆ، بەسەربازی و مەدەنیەوە، یەعنی (800)کەسی لێ کەمکردەوە، ئەوە تەئسیر ئەکات یان نا کاك شێرزاد؟ ئینجا تکا

دەکەم هاوکاریمان بکەن، لە میزانیەی ئەمسالّدا ئەو ژمارەی کەداوای دەکەین بۆمان تەصدیق بکەن وەك خۆی، بۆ ئەوەی میلاکاتی خۆمان پڕ بکەینەوە، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

کاك شێرزاد تەعقیبت هەیە؟ فەرموو.

بەڕێز شێرزاد عبدالحافظ شریف:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

من داوا لەوەزیری ناوخۆ دەکەم، کە ئەمجارە داوای میلاکی کرد بەزیادەوە داوا بکات تا لێی نە بڕن، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، ڕێزدار یاووز خورشید، فەرموو.

بەڕێز یاووز خورشید عثمان:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بەخێرهاتنی جەنابی وەزیر دەکەم، من تەنها یەك پرسیارم هەیە، ئەمەش دەقەکەیەتی، بەڕای جەنابتان لەڕووداوەکانی دهۆکی بادینان، کێ بەرپرسیارە؟، ئایا هێزەکانی ناوخۆ و پێشمەرگە کە مەسئولن لە پارێزگاری کردن لەسەروماڵی هاووڵاتیان بەرپرسیار نین؟، کاتێك کە نەیانتوانیوە ئەو ئەرکەیان بەجێ بهێنن کەپێیان ڕاسپێردراوە؟، ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە کە ئەندامانی ئەم هێزانە بەجۆرێك ڕێنمایی بکرێن کە هەست بەو بەرپرسیارێتیە بکەن، کە خراوەتە سەر شانیان دوور لە بەرچاوگرتنی ئیلتزاماتی حزبی، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، جەنابی وەزیر، فەرموو.

بەڕێز کریم سنجاری(وەزیری ناوخۆ):

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

ڕاستە دەزگاکانی پۆلیس و ئاسایش بەرپرسن لەو کارانە، بەڵام لەهەموو دونیادا ئەمە کارێکی هاریکاریە لەگەڵ هاووڵاتیان، هەموو دەزگا و ڕێکخراو و حزبەکان پێی ناکرێت بڵێت هیچمان نەکردووە، گەر هیچ نەکراوە چۆن کۆنترۆڵ کرا، لەو ڕادەیەشدا ڕاگیرا، یان دەستگیرکران وخرانە بەردەم دادگا، ئەگەر ئێمە هیچمان نەکردووە ئەی چۆن کۆنترۆڵ کرا، چاکسازی و گۆڕانکاری وبەرەوپێش خستنی دەزگاکان دەستی پێکردووەو بەردەوامە، ئومێد دەکەین لە ئایندەیەکی نزیکدا بگەنە ئاساتی چاوەڕوانکراو، هەروەها لێپێچینەوەی یاسایی و ئیداریش لەگەڵ کەمتەرخەمەکان دەکرێت، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

کاك یاووز تەعقیبت هەیە؟ باشە سوپاس، ڕێزدار هاژە سلیمان، فەرموو.

بەڕێز هاژە سلیمان مصطفی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

سەرەتا بەخێرهاتنی جەنابی وەزیر دەکەم، من چوار پرسیارم ئاراستەی بەڕێزی کردبوو بەنووسراو، ئێستا دەیانخوێنمەوە، یەکەمیان: دەربارەی ڕووداوەکانی ئەم دواییە کە لەڕۆژی 2011/12/2 لەشاری زاخۆ و پاشان لەشارەکانی تری پارێزگای دهۆك ڕوویاندا، هێزەکانی ئاسایش و پۆلیس نەیانتوانی سەروەت وسامانی هاوواڵتیان بپارێزن بەتایبەتی لەشاری زاخۆ، کە لە کاتژمێر 1 ی نیوەڕۆ دەستی پێکرد تا سەعات 11 ی شەو، نەتواندرا بارودۆخەکە کۆنترۆڵ بکرێت، بەپێی وتەی بەرپرسانی ئەمنی شارەکە، لەبەر ئەوە نەتواندراوە کۆنترۆڵی بارودۆخەکە بکرێت، چونکە لەناو شاری زاخۆ 40 پۆلیسی فریاکەوتن و60 ئاسایشیان هەبووە، پرسیارەکە ئەوەیە، یائا لەبارودۆخێکی ئاوادا نەدەتواندرا هێزێکی زیاتر ڕەوانەی ئەم شارە بکرێت بۆ پاراستنی ئەمن وئاسایشی شارەکەو سەروەت و سامانی هاوواڵتیان؟، پرسیاری دووەم: بەپێی ئەو بڕیارەی کە لە 2011//12/8 لەپەرلەمان دەرچوو، دەربارەی بارودۆخی پارێزگای دهۆك، دەبێت هەموو ئەو بەرپرسی ئیداری و ئەمنیانەی کە کەمتەرخەم بوون لەو ناوچەیە سزا بدرێن، ئایا تاکو ئێستا هیچ بەرپرسێکتان سزا داوە بەم هۆیە؟، مەبەستم بەرپرسە ئەمنیەکانە، پرسیاری سێیەم: بەپێی وتەی پارێزگای دهۆك، کەلەڕاپۆرتی لیژنەی ناوخۆ و مافی مرۆڤدا هاتووە، کە لەپارێزگای دهۆك ژمارەی پۆلیس و ئاسایشی کافی لەبەردەستدا نیە، ناشێت و ناکرێت لەکاتی ڕووداتی پێشهاتی وادا لەناکاو کۆنترۆڵی ڕەوشەکەی پێ بکات، لەهەمان کاتدا لەدهۆك پۆلیسی چالاکی مەدەنی بوونی نیە، چ لەناو سەنتەری پارێزگا، چ لەقەزاو ناحیەکاندا، پرسیارەکەم ئەوەیە، بۆچی تا ئێستا لەپارێزگای دهۆك ژمارەی پێویست لە پۆلیس وئاسایش نیە؟، هۆکارەکەی چیە؟، بۆچی پۆلیسی چالاکی مەدەنی بوونی نیە لەو پارێزگایە؟، پرسیاری چوارەم: دەربارەی مووچەی هێزەکانی ناوخۆ لە پاسەوانی بارەگا حزبیەکان و پاسەوانی بەرپرسان تاکو ئێستا مووچەیان وەك خۆیەتی وئەم زیادە مووچەیە ئەمانی نەگرتۆتەوە، لەکاتێکدا دەبێت هەموو هێزەکانی ناوخۆ بەیەکسانی وەری بگرن، ئەمە هۆکەی چیە؟، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، جەنابی وەزیر فەرموو.

بەڕێز کریم سنجاری(وەزیری ناوخۆ):

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

زۆربەی پرسیارەکان وەڵام درایەوە، بەڵام بەکورتی وەڵامیان دەدەمەوە، پرسیاری یەکەم: لەپارێزگای دهۆکەوە بۆ هاوکاری کردنی ئەو هێزانەی زاخۆ کە ژمارەیان کەمە بەڕێ کەوتوون، بەڕێکەوت، بەڵام بەهۆی گرفتی هاتوچۆ لەنێوان گەلی زاخۆ و بازگە، لەگەڵ بەربەست و ڕێگری هاوواڵتیان لەو هێزانەی ناو زاخۆ، نەتواندراوە وەك پێویست کۆنترۆڵی بارودۆخەکە بکەن، بەڵام کە هێزەکان گەشتنە زاخۆ و داخڵی زاخۆ بوون، کۆنترۆڵ کرا، یەعنی هێزی بۆ ڕۆشت، بەڵام گەلی زاخۆ خۆتان دەزانن یەك سایدە، لەوێ بەربەست هەبوو خەڵکی لێ بوو سەیارەی لێ بوو، نەیانتوانی بڕۆن، خۆ لەخەڵکیش نادەن تا بڕۆن، بۆیە چاوەڕوانیان کرد تا بەخۆشی ڕێگامان کردەوە، بەنیسبەت موحاسەبەکردنی مەسئولینی ئەوێ، ئێمە

وتوومانە لیژنەی تەحقیقی تەواو بووە، چ لیژنەی وەزارەتی ناوخۆ، چ لیژنەی سەرۆکی هەرێم، لەسەر ئەساسی ئەوە ئێمە ئیجرائاتی خۆمان دەکەین، بەبێ ڕاپۆرتی لیژنە، ئێمە ناتوانین ئیجرائات بکەین، بەڵام ئێستا کە ڕاپۆرت هاتووە، ئێمە لەگەڵیان خەریکین و ئیجرائاتی پێویست لەنزیکترین کات دەکەین، وەڵامی پرسیاری سێیەم: ڕاستە پارێزگای دهۆك ژمارەی پۆلیسیان کەمە تاڕادەیەك، ئێستا بڕیاری دامەزراندنی (500) کارمەندیان بۆ دەرچووە، ئەوە خەریکین دای دەمەزرێنین، زۆربەیان مامەڵەیان تەواو کردووە، خەریکی دەوام کردنن، پرسیاری چالاکیە مەدەنیەکان بوونی هەیە، بەڵێ هەیە بەقەبارەی یەك سریە لە هێزەکانی ئامادەی دهۆك، ئەم هێزەش ویستی زیاد کردنی هەیە ئێمەش زیادی دەکەین، ئەوەی پاسەوانەکان وەڵاممان دایەوە، ئەوەی کە ماوە پێشنیاری لیژنەکە چووتە بەردەم سەرۆکی هەرێم کە بڕیاری لەسەردا ئێمەش جێبەجێی دەکەین، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، تەعقیبت هەیە؟ باشە سوپاس، ڕێزدار بەفرین حسین خلیفە، فەرموو.

بەڕێز بەفرین حسین خلیفە:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بەخێرهاتنی جەنابی وەزیر دەکەم، دیارە من چوار پرسیارم هەبوو، سێیانیان وا بەستە بوون بە ڕووداوەکانی هاتوچۆ وڕێکخستنی ژمارەی پاسەوانی بەرپرسان و دەڤەری بادینان وئەو ڕووداوانەی کەڕوویاندا، کە ئەوانە وەڵامەکانیانم وەرگرتەوە، ئەوەی کەماوە تەنها یەك پرسیارە، ئەویش ئەوەیە کە سەرەڕای ئەو هێمنی و ئارامیەی کە لەکوردستاندا بەرقەرارە، بەڵام دەبینین کە جۆرێك لەکەمتەرخەمی بەدی دەکرێت بەتایبەتی کە دەبینین هەرێمەکەمان بووە بە بازاڕێك بۆ ساغ کردنەوەی کاڵاو بەرهەم و بەروبووم وداودەرمانی بەسەرچوو، ڕۆژ نیە بەچەندین تەن، لەم مەوادانە نەسووتێندرێن، سەرەڕای زیانە ئابووریەکانی ئەم مەوادانە بۆ هەرێمی کوردستان مەترسیەکی گەورەشی بۆ ژینگەی هەرێم هەیە، بەڵام پرسیارەکەی من ئەوەیە چ خێرە بۆچی ئێمە لەیادمان نەبێت لە خاڵە سنووریەکان و لە مەرزەکانەوە بهێڵین ئەم شتانە بێتە ناوخۆ، بەڵام لەناوخۆی هەرێمدا بەبیرمان بێتەوە کە ئەمانە کاڵای بەسەرچوون یان شمەکی بەسەرچوون، بۆیە هەوڵەکانی وەزارەت ئەوەی کە دەکەوێتە ئەستۆی ئەوانەوە لەم بارەیەوە چیە؟، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، جەنابی وەزیر فەرموو.

بەڕێز کریم سنجاری(وەزیری ناوخۆ):

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بەنیسبەت ئەم پرسیارە، تەبیعی زۆر سوپاسی خوشکە بەفرین دەکەم، ئەمە ئیختصاصی وەزارەتی ناوخۆ بەتەنها نیە، ئەمە ئیختصاصی وەزارەتی تەندروستیە، کشتوکاڵە، تەبیعی لیژنە دروست کراوە، کۆبوونەوەشیان کردووە، ئەو بەمن دەڵێت، بەپۆلیس دەڵێت، ئەم دەرمانە لەم دەرمانخانەیە دەفرۆشرێت بەسەرچووە، ئەمری گرتنی هەیە، پۆلیس دێت جێبەجێی دەکات، بەڵام پۆلیس نازانێت ئەم دەرمانە بەسەرچووە، یان خۆراك دەبێت دیسان وەزارەتی تەندروستی ئیشی تێدا بکات، بەڵام خۆشبەختانە ئێستا کۆنترۆڵی جۆری دەستی پێکردووە، بڕیار دراوە

کۆمپانیایەکی جیهانی هەیە، سویسریە ڕێککەوتن کراوە لەگەڵ حکومەتی مەرکەزی فیدراڵ و حکومەتی هەرێم لەهەموو مەرزەکان دائەندرێت لەکوردستانیش جێبەجێ دەکرێت، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، بەفرین خان تەعقیبت هەیە؟ زۆر سوپاس، ڕێزدار سەمیر سلیم، فەرموو.

بەڕێز سمیر سلیم امین:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

من پێنج پرسیارم ئاراستەی وەزیری ناوخۆ کردبوو، پرسیارێکیان ئەوەی ڕسوماتی هاتوچۆ وەڵامەکەیم وەرگرتەوە، بەڵام چوار پرسیارەکەی ترم ماوە، پرسیاری یەکەم: بەپێی ئەو زانیارییانەی لە بودجەی ساڵی 2011 دەستم کەوتووە، لەسنووری پارێزگای هەولێرو دهۆك نزیکەی (74718)هەزار مونتەسبینی وەزارەتی ناوخۆو دەزگای ئاسایشمان هەیە، ئەم مونتەسیبانە تەقریبەن زیاتر لە (660) ملیار دیناریان بۆ تەرخان کراوە، جگە لە بودجەی وەبەرهێنان، ئێمە لە سەردانمان بۆ دهۆك و زاخۆ و سێمێل، کۆی بەرپرسان پاساویان ئەوەبوو، لە کۆنترۆڵ نەکردنی ڕووداوەکانی 12/2، بریتی بوو لەبێ ژمارەیی پۆلیس، ئاسایش لە ڕووی چەندایەتی و چۆنایەتی، بۆچی پارێزگای دهۆك بێ پۆلیس و بێ ئاسایش و بێ ئیمکانیاتە؟ بەپێی قسەی ئەوان ناعەدالەتی لە دابەش کردنی پۆلیس و ئاسایش و ئیمکانیات هەیە، ئەم ناعەدالەتیە بۆچی؟، بناغەو پێوەری دابەش کردنی پۆلیس و ئاسایش و ئیمکانیات بەسەر شارو شارۆچکەکاندا لەسەر ئەساسی چیە؟، پرسیاری دووەمم/ لە گرتە ڤیدیۆیەکاندا دەزگا ئەمنیەکانی دهۆك و زاخۆ و سێمێل و قەسرۆك دەردەکەوێ وەکو تەماشاکەر دەردەکەون، یەعنی ئیجرائاتیان نیە، لە هەندێ جاریش ئەوانیش بەرد ئەوەشێنن لە شوێنەکان، یەعنی لە هەندێ مەقتەع، یەعنی ئەم بارەگایانە سووتێنران، بارەگای یەکگرتووی ئیسلامی، دوکانی مەی فرۆشی، مەساج، ئوتێلی گەشتیاری گازینۆ سووتێنران، ئایا پرسیارەکەم ئەوەیە، ئەمانە مەسئولیەتی تەقسیری بەرپرسی ئەو دەزگا ئەمنیانەن حوکم و سزایان چیە بەپێی یاسا کارپێکراوەکانی وەزارەتی ناوخۆ؟، مەسئولیەتی تەقسیری پێش بەشداری کردنی جورمە، پێش تەورێتە، پێش ئەمانە، هەر بۆیە کە مەسئولی ئەمنیە، لە پێش چاوی شتێك ڕووئەدات، ئەم مەسئولیەتە تەقسیریە بەپێی یاسا کارپێکراوەکانی وەزارەتی ناوخۆ سزاکەی چیە؟، پرسیاری سێهەمم، پاراستنی ئاسایش و ژیان و سەروەت و سامانی هاوواڵتیان لە ئەستۆی دەزگا ئەمنیەکانە، پرسیارەکەم ئەوەیە، سیستمی بەرگری و پاراستنی ئاسایشی هاوواڵتیانی کوردستان لەسەر چی بەندە؟، ئایا جیاوازی بیرو ڕاو ئینتیمای سیاسی، هۆکاری لەق بوونی ئەم سیستەمە بەرگریەیە، بۆچی ئەوانەی جیاوازی بیرو ڕاو ئینتیمای سیاسی هەیە، لە پارێزگای دهۆك تا هەست بە پاراستنی سەروەت و سامانیان ناکرێ، لە 2005 تاوەکو ئێستا، ئەمە چوارەم جارە هەڵدەکوترێتە سەر بارەگاکانی یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان، کە یەکێکیان سووتان بووە، دوانی تریان کۆنترۆڵ کراوە، هەروەها بارەگاکانی بزووتنەوەی گۆڕانیش، ئایا جیاوازی بیرو ڕا هۆکاری لەق بوونە، پرسیارێکم جواب دراوەتەوە، پرسیاری پێنجەمیشم جواب دراوەتەوە،

بەڵام یەك هینی، ئایا بڕیارەكەی سەرۆك گەیشتۆتە وەزارەتی ناوخۆ بۆ ڕێكخستنی حیراسات و ئەوانە، ئەگەر گەیشتووە كەی تەواو ئەبێ؟، پرسیاری زۆرمان لێ ئەكرێت، سوپاس.

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:

سوپاس بۆ جەنابت، جەنابی وەزیر فەرموو.

بەڕێز كریم سنجاری/وەزیری ناوخۆ:

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.

وەڵامی پرسیاری یەكەم، سەرەتا داوای لێبوردن دەكەم، من ناتوانم ڕێژەی كارمەندان بە ئاشكرا ڕابگەیێنم لەبەر هۆكاری ئەمنی، بەڵام ئەگەر زۆر مەبەست بوو بە نووسراوی تایبەت بۆتان ڕەوانە دەكەم، لە پارێزگای دهۆك، كارمەندانی پۆلیسمان دابەش بوونە بەسەر ناوەندی پارێزگاو قەزاو ناحیەكان بەپێی چڕی دانیشتوان، ئەركیان بریتیە لە پاراستنی سەرو مالّی هاوولاّتیان و ڕێكخستنی سیستەمی گشتی، سەرباری ئەركەكانی تری ڕۆژانەیان، پاراستنی دام و دەزگاكان دەكەوێتە ئەستۆیان، هەست ناكرێت ناعەدالەتی لە ئیمكانیات و مووچە هەبێ، بەتایبەتی دوای زیاد كردنی مووچەكانیان، سەبارەت بە ژمارەشیان خەریكین 500 كەسیان بۆ دادەمەزرێنین، موعامەلاتیشیان كردووە، لەم ڕۆژانە دەوام دەكەن، پرسیاری دووەم، ئەو ڕووداوانە هۆكاری خۆی هەیە، یەكێك لەم هۆكارانە هۆكاری عەقڵەوین، زۆری پێوە دیار بووە وەك ئاگاداری لیژنەی تایبەت بۆ لێكۆڵینەوە لەم ڕووداوانە كۆتایی بە ئەركەكانی هێناوە، چەندین پێشنیاریان كردووە، لەسەر ئەم بابەتە ئێمەش وەكو وەزارەت لیژنەی لێكۆڵینەوەمان ناردووە، لایەنی كەمتەرخەم سزا دەدرێت بە تەئكید، سێیەم: بیروڕای جیاواز و ئینتیمای سیاسی هەرگیز هۆكاری لەق بوونی سستم و ئەركەكانی پۆلیس نەبووەو نابێت، كە بەپێی یاسا و ڕێنماییەكان دیاری كراوە، پرسیاری كۆتایی جەنابت، پێشنیارەكەی جەنابی سەرۆكی هەرێم هێشتا نەگەشتووەتەوە ئێمە موتابەعەی دەكەین، هەركاتێك گەشت لەماوەی هەفتەیەك لەوەزارەتی ناوخۆ جێبەجێ دەكرێت، سوپاس.

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:

سوپاس، كاك سەمیر تەعقیبت هەیە؟ فەرموو.

بەڕێز سمیر سلیم امین:

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.

سەبارەت بە پرسیاری دووەم: هۆكارەكان هەرچیەك بن لەڕووداوەكاندا ئیعفای مەسئولیەتی نە موئەسەسات نە مەسئولین ناكات، هۆكارەكان هەرچی بن، عەفەوی بن، موخەتەت بن، هەر شتێك بێت، لەڕووی یاساییەوە ئیعفای نەدەزگا ئەمنیەكان دەكات، نە مەئسولینی ئەمنیش، چونكە ئەوە مەسئولیەتی تەقسیریە، لەڕووی یاساییەوە ئەبێت ئیجرائاتی پێویستیش وەربگیرێت، من پرسیارەكەم ئەوەیە بەپێی یاسای عقوباتی عەسكەری كە لای ئێوە پەیڕەو دەكرێت، یاسا لێرەدا قەراری ئینفازی بۆ دەرچوو لەپەرلەمانی كوردستان كە ئەوەی عێراقمان تەبەنی كردووە، ئەمە هۆكارەكان هەرچی بن ئەوە مەوزوعێكی تڕە، بەڵام ئەو مەسئولیەتە سزای خۆی هەیە، من پرسیارەكەم ئەوەیە سزاكەی چیە؟، سەبارەت بە لەق بوون ولەق نەبوون، ئەوە

لەڕووی نەزەرییەوە قسەیەکی زۆر تەواوە، بەڵام لەڕووی عەمەلیەوە من ئێستا وەکو لایەنێکی سیاسی هەست بەئارامی وئیتمیئنان ناکەم و پاراستنی ژیانم ناکەم، تەنها باسەکە باسی ئەوەیە، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەلەمان:

سوپاس، جەنابی وەزیر فەرموو.

بەڕێز کریم سنجاری (وەزیری ناوخۆ):

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بەنیسبەت مەسئولیەتی تەقسیری من ناتوانم وەکو وەزیر بڵێم فلان کەس تۆ موقەسری، مودیری شورتەی زاخۆ لە سێ جێگا سەری شکاوە، ئایا ئەوە بە موقەصیر دابنێم یان بە موقەصیر دانەنێم؟، من ناتوانم لێژنەی لێکۆڵینەوە بریار دەدات ئەوە موقەصیرە یان موقەصیر نیە، نە من خۆم، ئیحتیمالە خۆی کابرا دیفاع لە خۆی دەکات، لە سێ جێگا سەری شکاوە، لەناو خۆپێشاندەران بوو و پاڵی بە خۆپێشاندەران ئەدا، باشە ئایا ئەوە موقەصیرە یان نا؟، من نازانم، لێژنەی لێکۆڵینەوە بڕیار دەدات، ئایا مودیری پۆلیس کە لە سێ جێگا سەری شکاوە موقەصیرە یان موقەصیر نیە؟، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، ڕێزدار عبدالله محمد امین فەرموو.

بەڕێز عبدالله محمد امین:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

من سێ پرسیارم ئاراستەی بەڕێز جەنابی وەزیر کردبوو، پرسیاری یەکەمم بەشێکی وەڵام درایەوە سەر بە پۆلیسی بەرگری مەدەنی، بەشی دووەمی کە تایبەتە بە شێوازی مامەڵە کردن لەگەڵ خۆپێشاندەران و ئیدارە کردنی خۆپێشاندەران، بە باوەڕی من هاوولاتیان بە هەر جۆرێك بێت لە سەر جادده پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی پەیوەندیدار شێوازێکی مەدەنی و ئامادەیی هەمیشەیی هەبێ بۆ مامەڵە کردن لەگەڵ خۆپێشاندەران، لەبەر ئەوەی حاڵەتێك لە وڵاتی ئێمە دووبارە دەبێتەوە لەم هەرێمە کە بریتیە لە سووتاندنی بارەگا حیزبیەکان و بارەگای دەزگای راگەیاندنی حیزبە ئۆپۆزیسونەکان کە ئەمە کەلتوورێکی ناشیرینی دروست کردووە خەریکە وێنەیەکی زۆر نێگەتیڤی ئەبەخشێتە شەخصیەتی ئەم هەرێمە، کە لەسەر ئاستی ناوەخۆیی و لەسەر ئاستی دەولیەوە بۆتە بابەتی ڕەخنە گرتن لە حکومەت و بەرپرسیاری یەکەمیش وەزارەتی ناوەخۆیە لەم بارودۆخە، بۆیە من پرسیار دەکەم لە بەڕێز جەنابی وەزیر، کەی ئەوان بیر لەوە دەکەنەوە پلانێك دابنێن کە شێوازێکی مەدەنی و ئامادەییەکی هەمیشەیی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی خەڵك بە هەر جۆرێك کە دێتە سەر جادده ڕووبەڕووی ببنەوە؟، من دەڵێم ئەگەر ئەوەی لە زاخۆ ڕوویدا، پاساوێکی بۆ هەبێ کە حاڵەتێکی لەناکاو بووە، ئەم حاڵەتە بە نیسبەتی دهۆك و ناوچەکانی دیکە دەکرێ بڵێن وەکو ئینزارێك حیسابی بۆ بکەین و وەکو ناکاو وەرنەگیرێت، لەبەر ئەوە من جەنابی وەزیر ئاگادار دەکەمەوە لەوەی کە لە 50٪ ئەوەی ڕوویداوە دەکرا ڕوونەدات ئەگەر بە شێوەیەکی بەرپرسانەتر مامەڵەی لەگەڵ کرابا، پرسیاری دووەمم، سەبارەت بە وەزارەت، لە پرسیارەکەمدا ئاماژەم

بەوە کردووە، ئایا ئێوە نوێنەری حیزبەکانن، حیزبەکانی دەسەڵاتن یان نوێنەری میللەتن؟، ئەگەر نوێنەری میللەتن، بە کام ئالیەت بارەگای حیزبەکانی دەسەڵات دەپارێزن؟، بۆچی ئەم ئالیەت و ئەم میکانیزمانە بۆ پاراستن لە بارەگاکانی حیزبەکانی ئۆپۆزیسۆن لەکاتی رووداندا کێشەکاندا غائیبن؟، پرسیاری سێیەم سەبارەت بە مەسەلەی دوو ئیدارەییە، کاتێک کە رووداوێک روو ئەدات لە پارێزگای سلێمانی، ئیشارەت بەوە دەکرێ کە یەکێتی نیشتمانی کوردستان بەرپرسە، کاتێک کە لە پارێزگای دهۆک رووداوێک رووئەدات ئەوترێ کە پارتی دیموکراتی کوردستان بەرپرسە، هیچ پەنجەی بەرپرسیاریەتی بۆ حکومەت و وەزارەتی ناوەخۆ درێژ ناکرێ، ئایا بە باوەڕی جەنابت ئەمە حکومەتی هەرێمی کوردستان پێناسەکەی چییە لەم بەینەدا؟، بەرپرسیاریەتەکەی لە کوێدایە؟، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، جەنابی وەزیر فەرموو.

بەڕێز کریم سنجاری/ وەزیری ناوەخۆ:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

هەر چەندە سوئالەکان زۆر گۆڕاون، ئەو سوئالانەی کە بۆ من هاتوون ئەو سوئالانە نەبوون.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

جەنابی وەزیر ئەو سوئالانەی کە بە رەسمی هاتوونە جەوابی ئەوان بدە، چونکە ئەوەی بە رەسمی نەهاتووە حەقتە جوابی نەدەی، هەر پرسیارێک بە رەسمی نەهاتبێ، حەقیتی لێرە جواب نەدات، چونکە سیستەمەکەمان وا داناوە، نەفسی پرسیاری جەنابت و نەفسی جوابی جەنابت بۆ ئەو پرسیارانە وەلام بدەرەوە.

بەڕێز کریم سنجاری/ وەزیری ناوەخۆ:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بە نیسبەت سوئالی یەکەم، نەبوونی هێزەکانی چالاکی مەدەنی لە هەولێر و دهۆک، هێزی ئاسایشی ناوەخۆ لە هەرێمی کوردستان بە هەموو پێکهاتەکانیەوە، سەر بە وەزارەتی ناوەخۆن، یەک یاسا و یەک ڕێنماییان هەیە، بۆ ئاراستە کردنی کار و چالاکیەکانیان، شێوازی ئیش کردنیان لە پۆلیس بێت یان لە هاتوچۆ بێت، یان لە هەر پێکهاتەیەک سەر بە وەزارەت، کاتێک یاسای خۆپێشاندان لە پەرلەمان دەرچووە، بۆ هەموو پارێزگاکان جێبەجێ دەکرێ، بەلام پرسیار ئەوەیە: ئایا ئەوەی لە 12-2 لە زاخۆ رووپدا، دواتر لە سیمیل، خۆپێشاندان بوو یان گردکردنەوەی یاسا شکێن بوو؟، هێزی ئامادە و پۆلیسی موکافەحەی شەغەب هەیە لە دهۆک بە هەمان شێوەی پۆلیسی چالاکیە مەدەنیەکان، سوئالی دووەم، ئێوە نوێنەری حیزبی دەسەڵاتن یان نا؟، من نوێنەری میللەتم و ئەو حیزبیەی کە تێدا ئەندامم وبە هەمان شێوە نوێنەری ئەو میللەتەیەو بە دەنگی ئەو میللەتەش توانیومانە لە پەرلەمان و حکومەت بەشدار بین، ئێمە لە حکومەت و وەزارەتی ناوخۆ کار بە یاساکانی پەرلەمان و بڕیارەکانی حکومەت دەکەین و بە ئەرکی خۆمانی دەزانین پارێزگاری

بکەین لە سەرومالڵ و هەموو شوێنە گشتی و تایبەتیەکان و ئارامی و تەناهی بهێتە دابین کرن، بەگیانی خۆمان بەرگری دەکەین لە ڕیزی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ بە گشتی بەدەیان شەهید و سەدان بریندارمان داوە بۆ ڕاگرتنی سەروەری و یاسا و پارێزگاری کردن لە دەستکەوتەکانی گەل و میللەت، سوئالی سێیەمی ئایا دوو ئیدارە ماوە یان نا؟ دوو ئیدارەیی تاڕادەیەکی زۆر نەماوە، وەکو وەزارەتی ناوخۆ هەولێکانمان بەردەوامن بۆ نەهێشتنی ئاسەوارەکانی دوو ئیدارەیی و من ئەرکی وەزیری ناوخۆی هەموو کوردستان لە ئەستۆ دەگرم و هەروەها بڕیارەکانم لە هەموو هەرێم جێ بەجێ دەکرێت و هیچ ئاستەنگێك نەهاتووەتە پێش لەم بارەیەوە، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

تەعقیبت هەیە؟ فەرموو.

بەڕێز عبدالله محمد امین:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

نازانم وەڵڵا جیاوازیەکان بەڕێزان گوێیان لێ بوو، هەریەك بوو من وتم بەشی یەکەمی پرسیارەکەم باسی پۆلیسی چالاکی مەدەنی بوو باسم نەکرد، لەبەرئەوەی دوو بەڕێز باسیان کرد، بەڵام سەبارەت بە شێوازی مامەڵە کردن لەگەڵ هاوواڵتی کە دێتە سەر جادە، دووەمیان مەسەلەی ئەوەی کە نوێنەری حیزبن یان نوێنەری میللەت، ئێمە دەزانین کە بەڕێزتان نوێنەری حیزبن و دەتانێرێتە ناو حکومەتەوە، بەڵام لەوێدا وەکو بەرپرسیاریەتێکی ئەخلاقی و قانونی پێویستە تەمسیلی هەموو میللەت بکەن وە کارەکانتان وەڵامدەرەوە بێت بۆ خزمەت کردن بە هەموو میللەت، پرسیاری من ئەوە بوو بۆچی بارەگای حیزبەکانی ئۆپۆزسیۆن دووبارە دەبنەوە و سێ بارە دەبنەوە و دەسووتێن و دەزگاکانی ڕاگەیاندنیان دەسووتێ کادیرەکانیان بە بێ ئەمری دادگا دەگیرێ و بەڵام ئەمە بە پێچەوانەوە بۆ بارەگای دەسەڵات کە لە کاتێك دا بەرپرسیاریەتی و دەسەڵات و مالیە و هەموو شتێکی ئەم حکومەتەی لەبەردەستە و پارێزراوە، کام ئالیەتەیە کە ئەمان دەپارێزی؟ ئەم ئالیەتە بۆ غائیبە لەکاتی ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسی بۆ بارەگاکانی حیزبی ئۆپۆزسیۆن؟.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

جەنابی وەزیر فەرموو.

بەڕێز کریم سنجاری (وەزیری ناوخۆ):

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

من پێشم وتن و پێشم گەیاندن من وەزیری ناوخۆم و وەزیری میللەتم، ڕاستە من نوێنەری حیزبێکم، چونکە حیزبێك منی هێناوە، جەنابیشت حیزبێك تۆی هێناوە بۆ پەرلەمان، هەردووکمان تەمسیلی دوو حیزب دەکەین، ئەم حیزبەش میللەت ئینتخابی کردووە و منی هێناوەتە پەرلەمان، ئەوەی موهیم بێ ئەوەیە من جیاوازی ناکەم، هەموو بارەگاکانی ئەحزاب حیمایەمان بۆ داناوە، هەموو بارەگاکانی ئەحزاب حیمایەی هەیەو ئێمە چەندین جار قسەمان کردووە لەسەر ئەوە، هەموو بارەگاکان بە بێ جیاوازی حیمایەیان هەیە، حیمایەی خۆیان بکەن، ئێمەش وەکو حکومەت حیمایەیان دەکەین، داوای حیمایەیان کرد ئەو هێزانە، حیمایەیان بۆ چوو، بەڵام تا گەیشتنە ئەوێ ڕووداوەکان ڕوویاندا، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

بەڕێزان بە حەقیقەت لەو حاڵەتانە هەموو لایەك بەرکەوت، بارەگای دەسەڵات سووتا، ماڵی فەقیر و هەژار و مەسیحی و یەزیدی و کلدان سووتا، ماڵی معارەزە سووتا، یەعنی ئەو دیاردەیە دەبێ نەمێنێ و دەبێ یاسا سەروەر بێت، هەتاوەکو یاسا ئیجرائاتی توندوتیژ بەرامبەر هەرکەسێك هەوڵ بدات لە سنووری یاسا دەربچێت ئیجرا نەکرێت ئەو حاڵەتانە زیاتر دەبێ و مەئساتیشی لێ دەکەوێتەوە، کاك عبدالرحمن فەرموو.

بەڕێز عبدالرحمن حسین ابابکر:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

پێشەکی بەخێرهاتنی جەنابی وەزیر دەکەم، من سێ پرسیارم ئاراستەی جەنابی وەزیر کردووە، یەك/ جەنابی وەزیر چیتان کردووە بۆ ڕووداوەکانی دڵتەزێنی شاری زاخۆ و 17 ی شوبات؟ دوو/ جەنابت باسی تەعامول کردن بە یاسا دەکات، بەڵام من پێموایە لە واقعدا یاسا بوونی نیە یان ئەگەر هەبێ جێ بەجێ ناکرێت، نموونە زۆرە، دەمەوێ بۆم ڕوون بکەیەوە بۆچی ئەو یاسایە جێ بەجێ ناکرێت کە لێرە دەردەچێت؟ سێ/ بۆچی تا ئێستا هێزە ئەمنیەکانی سنووری سلێمانی و هەولێر یەکترییان نەگرتووەتەوە، نەبوونی هێزێکی نیشتمانی کە ئێمە هەموومان شانازی پێ بکەین لەژێر باڵی حیزبایەتی دەربێین، کێ ڕێگرە لێی و بۆچی؟ زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، جەنابی وەزیر فەرموو.

بەڕێز کریم سنجاری (وەزیری ناوخۆ):

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

پرسیاری یەکەمی لێکۆڵینەوە لەلایەن دادگاکانەوە بەردەوامە، برایان و خوشکان هەموو لایەك دەزانن وەزارەتی ناوخۆ دەزگایەکی جێ بەجێ کارە بڕیاری بە دەست نیە، بەڵکو دادگاکان بە پێی یاسا ڕێوشوێنی یاسایی دەگرنە بەر و ئێمە هەوڵ دەدەین ڕووداوەکان ڕوونەدات و ئەگەر ڕووی دا کاری تێکدەرانە ڕوو نەدات، جەوابی سوئاڵی دووەم، هەوڵمان داوەو هەوڵ دەدەین یاسا سەروەر بێت، چەند ڕووداوێك ئەوە ناگەیەنێ کە یاسا بوونی نیە، ڕۆژانە بە دەیان چالاکی ڕووبەڕووبوونەوەی پۆلیس و ئاسایش بەرامبەر بە هەموو موخالەفاتێك ئەنجام دەدرێت، پێویستە هەڵسەنگاندنەکان وەك خۆی باس بکرێت، بۆ نموونە 85٪ لە تاوانەکانی کە ڕووی داوە کەشف کراوە، ئێ ئەمە مەعنای ئەوە نیە یاسا هەیە؟ ئەی بەچی کەشف کراون؟ ئەی بەچی دراونەتە دادگا؟ نە بە یاسا؟ سێیەم/ یاسای ئاسایشی هەرێم لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە پەسەند کراوە و من وەزیری ناوخۆی حکومەتم و بەو سیفەتە لێرە ئامادەم، من تەمسیلی

ئاسایش ناکەم، دەتوانن ئێوە وەکو لیژنەی ناوخۆ ئەو پرسیارە تەوجیهی ئاسایش و سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بکەن بۆ ئەوەی وەلام بدەنەوە، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

تەعقیبت هەیە؟ کاك عبدالرحمن فەرموو.

بەڕێز عبدالرحمن حسین ابابکر:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بەڕاستی من بۆ بڕگەی دووەم تەعقیبم هەیە، ئەو ڕووداوانەی لە زاخۆ ڕووی دا، لەسەعات یەك و نیوی نیوەڕۆ ڕووی دا، لەبەردەرگای قائیمقامیەتی پەڕیم بچم بۆ شتێکی تر بکەن، منیش لەگەڵ تۆمە کە دەڵێم ئەوە فەوزا بوو تۆندوتیژی تێکدەرانە بوو، هیچ شێوەیەکی خۆپیشاندانی پێوە دیار نەبوو، بەڵام کە تێپەڕیم هەر حیمایەی قائیمقامیەی کە تەڵقەی فڕێدا ئاسمان پەرت و بڵاوی پێ دەکرد، قەیناکە مەساجەکی سو وتاند لە پێشەوە، بەڵا ئەوانی تر لەوێ سێ سەد و چوار سەد مەتر ڕۆیشتن تا گەیشتینە فندقی سیاحی، لەوێ سووتاندن، سێ سەد، چار سەد مەتری تر ڕۆیشتن تا مەیخانەکان سووتاند، یەعنی کەس نەبوو لەوێ تەڵقەیەکی فڕێ بدات، یاخود هەر لە عەسەبی بکات و هەر خۆی تورە بکات و بڵاوەی دەکات، کەسی لەو ناوانە نەبوو، کەمن ئەوانەی هەبوونیش یەعنی بەڕاستی بەڕاستی هەر لەگەڵیان نەڕۆیشتن تەماشایان دەکردن، یەعنی مەبەستم لێرە کە دەڵێم یاسا نیە، یان دەڵێم چیان نەکردووە ئەمڕۆ لەوانە، یەعنی مەبەستم ئەوەیە ئەگەر ئەو پۆلیسانە بۆچی ئێمە مەعاش دەدەین؟، ئەگەر باس دەکەی کە من میلاکم کەمە زیاد بکرێت، ئەو میلاکە بۆ ئەوەیە کە سەروەت و سامانی خەڵکی بپارێزرێ، ئەمنیەتی شارەکان بپارێزرێن، من لەگەڵ تۆمە ئەوە ڕووداوێکی زۆر دڵتەزێن بوو و زۆر تۆندوتیژی بوو زۆر خراپ بوو، بەڵام کێ هەیە بەرپرس بێ لێی و ڕێگەی لێ بگرێ؟ ئەمن و ئاسایش، دامودەزگای ئەو مەنتەقە، نە هەستاون بەکاری خۆیان، ئیشی خۆیان جێ بەجێ نەکرد، ئەو هەموو دڵتەزێنەو ئەو هەموو سووتاندنەی لە زاخۆ کەوت، ئێستا زاخۆی وێران کردیە جەنابی وەزیر، ئێمە لێرە قسە دەکەین هەروا بە ئیختسار باس دەکەین، بەڵام لەناو زاخۆ نەماوە، یەعنی ئێستا مێوانەك بێتە زاخۆ ناتوانێ بچێتە فندق، فندق نەماوە، جێگەی تیا نەماوە، گازینۆی تیا نەماوە، بەهەرحاڵ کە دەڵێم یاسا نیە، ئەوەیە ئەوانە بە تۆندی سزا بدرێن و بدرێنە دادگا، ئەوانەی تەحریزیان کردوونە، ئەوانەی کە کەم تەرخەم بوونە، زۆر هەنە و دیارن و ئاشکرانە، هەمووی خەڵکی زاخۆیینە یەك بە یەك دەیناسین، ناو بەناو دەیناسین چیان کردووە و چیان دەگوت و لە کوێ بوون و چی نەبوون، ئەمە یەك، دوای ئەوە کە دەڵێم بۆچی ڕووداوی مەسەلەن لە دوای 17/ شوباتەوە تا ئێستا نەمان بینیوە کەسێك گیرا بێت بڵێت ئەوە تۆندوتیژی کردووە بدرێتە دادگا، کەسێك یەکێکی کوشت بێ و بدرێتە دادگا، لەبەرئەوەیە کە یاسا نیە، کە یاسا هەبووە لە 17 ی شوبات جێ بەجێ کراوە خەڵکێك دابایە دادگا و سزا بدرابا ئەمەش ڕوونەدەدا، بەیانی یەکی تریش ڕوو دەدات ئەگەر

ئەمە چارەسەر نەکرێت، ئەمەش یەعنی سزا نەدرێن و یاسا جێ بەجێ نەبێت، شتی تریش ڕوودەدات، گەورەتریش دەبێ و خراپتریش بەسەرمان دادێت، من مەبەستم لێرە ئەوەیە و، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

جەنابی وەزیر فەرموو.

بەڕێز کریم سنجاری (وەزیری ناوخۆ):

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بەڕاستی من لێرە لە پەرلەمان دام و لە جێگای مەدەنیەتم، من تەعلیمات و قەرارات و قەوانین لەم پەرلەمانە دەردەچێ و من جێ بەجێ ی دەکەم، هەموو هەوڵی من وەکو وەزیری ناوخۆ ئەوە بووە کە تەقە نەکرێت، ئەگەر تەقە نەکرابا، یەك شت ڕووی نەدەدا، ئێمە تەعاملی مەدەنیانە دەکەین و ئەوە تەوجیهاتی پەرلەمانە و تەعاملی مەدەنی ئێمە تەشجیعی تەقە ناکەین، تەقە کردن شتێکی خراپە و خەلقی ئێمە بریندار بووە و پۆلیس سەری شکاوە و تەحەمولیشی کردووە، بەڵام مەدەنیانە تەعاملی کردووە، نەمانهێشتووە یەك تەقە بکات، وە قبوڵیش ناکەین تەقە بکەن، دەبێ ئێوە لێرە لە پەرلەمان تەشجیعی ئێمە بکەن لەسەر ئەوە، خاڵی دووەم جەنابت دەڵێی کە زۆر کەست بینیوە لەوێ دەزانی و کێنەو چینە و بەردبارانی کردووە، تۆ کە جەنابت ئەندامی پەرلەمانی لەڕێگەی داواکاری گشتی هاوکاریمان بکەو دەعوایان لەسەر تۆمار بکە، بۆ ئەوەی ئێمەش ئیجرائاتیان لەگەڵ بکەین، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس بۆ جەنابت، کاك پێشەوا فەرموو.

بەڕێز پێشەوا تۆفیق مفدید:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

من چوار پرسیارم هەیە بۆ جەنابی وەزیری ناوخۆ، پرسیاری یەکەمیان غائیب بوونی ڕۆڵی وەزیری ناوخۆ و وەزارەتەکەیان لە ڕووداوەکانی کە لە ساڵی 2011 ڕوویاندا، بە تایبەتی ڕووداوەکانی 2/17 و 12/2 من ناوی شوێنەکان ناهێنم، ئەوەی کە بیستمان و بینیمان و گوێ بیست بووین لێدوانی بەرپرسانی حیزبی بوو، واتە ڕۆڵی وەزارەتەکە غائیب بوو لە کاتی ڕووداوەکان، من دەپرسم بۆچی؟ پەرلەمانی کوردستان دوابەدوای هەردوو ڕووداوەکە دوو بڕیاری دەرکردووە دوای ئەوەی کە دوو لیژنە پێکهات و سەردانی هەردوو ناوچەکانی کرد کە ڕووداوەکانیان تێدا ڕووی داوە وە لە ڕاپۆرتەکەیان ئاماژەیان بەوە داوە کە کەمتەرخەمی هەبووە لەلایەن هێزەکانی سەر بە وەزارەتی ناوۆخۆ، دیارە بڕیارەکەش لە پەرلەمان دەرچوو، بڕیارێکیان لە 12/8 یەکێکیشیان لە 2/23 بوو بڕیار درا پەرلەمانی کوردستان بە زۆرینەی دەنگ بڕیاری دا کە ئیجرائات بکرێت لەلایەن بەڕێزتانەوە وەکو وەزیری ناوخۆ لەگەڵ ئەو لایەنانەی کە سەر بە وەزارەتەکەی جەنابتانن کەم تەرخەم بوونە لە کاتی ڕووداوەکان، ئایا بڕیارەکەی پەرلەمانتان جێ بەجێ کردووە ئێوە وەکو وەزارەت، ئەگەر جێ بەجێ تان کردووە چ ئیجرائاتێکتان کردووە لەگەڵ ئەو

هێزانەی کە کەمتەرخەم بوونە؟، چونکە ئێمە بینیمان من نالێم ڕەنگە بەڕێزت لەوەلامدانەوە بڵێی جارێ زووە کە 12/2 لە زاخۆ و دەوروبەری ڕووی دا، بەڵام ئەوەی کە لە سلێمانی ڕووی دا 10 مانگ تێپەڕیوە بەسەر شەهید بوونی کۆمەڵێك گەنجی نازدار و سووتانی چەندین بارەگای گۆڕان، بریندار بوونی پۆلیس و هاوواڵاتی، بەڵام تا ئەو لەحزەیەش من دەپرسم ئایا ئەو ئیجرائاتانەی کە ئێوە کردووتانە چیە وەکو وەزارەت؟، پرسیاری سێیەمم پرسیارێکی گشتیە سەبارەت بە پێدانی دەسەڵاتی زیاترە بە قائیمقام و بەڕێوبەری ناحیەکان بۆ ئەوەی کە لە کاتی جێ بەجێ کردنی داواکاری هاووڵاتیان دەسەڵاتیان فراوانتر بێت واتە دەستیان نەبەستڕێ، ئێوە وەکو وەزارەت لە بەرنامەتان دایە من نالێم هەموو دەسەڵاتێك، بەڵام ئەو دەسەڵاتانەی کە ڕێگرە لەبەردەمی ئەوان دەسەڵاتی زیاتریان پێ بدرێت بۆ ڕایی کردنی ئیش و کارەکانیان، گرفتێکی تر هەیە نەبوونی بینای پێویستە بۆ ئەو فەرمانگانەی کە سەر بە وەزارەتەکەی بەڕێزتانە، لە قەزا و ناحیە و شارە گەورەکانیش بە تایبەتی لە قەزاو ناحیەکان، ئایا ئێوە وەکو وەزارەت چ بەرنامەیەکتان هەیە بۆ ئەوەی بتوانن بینای زیاتر دروست بکەن، تاوەکو ئەو فەرمانگانە ئیش و کاری خۆیان وەکو پێویست ڕایی بکەن لەو شوێنانە؟، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

جەنابی وەزیر فەرموو.

بەڕێز کریم سنجاری (وەزیری ناوخۆ):

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بە نیسبەتی سوئالی یەکەم ناوخۆ غائیب نیە و نەبووە، پارێزگا و دەزگاکانی پۆلیس بە هەموو جۆرەکانیانەوە لەگەڵ دادگاکان هەموو ڕێگەیەکیان گرتووەتە بەر و لێکۆڵینەوەی یاسایی کراوە، هەروەکو وتم پەلە کردن لە لێکۆڵینەوە و لەم جۆرە ڕووداوانە کارێکی باش نیە و لە ئایندەیەکی نزیك هەموو ئەنجامەکان ڕادەگەیەندرێ و پەڕاوی لێکۆڵینەوەکان وکەیس لە دادگا کاریان لەسەر دەکرێت و لەژێر سەرپەرشتی داواکاری گشتی، بە نیسبەتی سوئالی دووەم، بەم زووانە ئیجرائات جێ بەجێ دەکرێت بە شێوەیەك کە کەمتەرخەمی دووبارە نەبێتەوە و سزای هەمووکەمتەرخەمان دەدرێت، پلە و پایەیان هەرچی بێت، چاوەڕێ بن هەروەها بۆ ڕاست کردنەوەی زانیاریەکان ئێمە وەك دەسەڵاتی جێ بەجێ کردن بەشێکین لە ئەنجومەنی وەزیران، پەرلەمانی بەڕێزیش دەتوانێ هەر بڕیارێك لەڕێگەی ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێمان ڕابگەیەنێ، سوئالی سێیەم، دەسەڵاتێکی زۆر دراوە بە پارێزگار و قائیمقام و بەڕێوبەری ناحیە، بە پێی بڕیاری سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران زیاتر لە 70٪ دەسەڵاتەکانی وەزارەت بۆخوارەوە چووە، ئەوە دەسەڵاتەکان لێرەنن ئەوە لەلامانە ودوایی دەتوانن نوسخەیەك وەربگرن، ئێمە دەیدەینە لیژنەی ناوخۆ، سوئالی چوارەم لە زۆربەی قەزا و ناحیەکان کۆمەڵگەی یەکەی کارگێڕی کراوەتەوە، لەزۆر شوێن خانووشیان بۆ دروست کراوە، هیوادارین بۆ ساڵی ئایندە هەمووی تەواو بێ وبەردەوامین لەو

پرۆسەیە، هەروەها بۆ دروست کردنی بینایە بۆ پۆلیس و ئاگرکوژێنەوەو هاتوچۆش پلانی بەردەواممان هەیە.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس تەعقیبت هەیە؟، کاك پێشەوا فەرموو.

بەڕێز پێشەوا تۆفیق مفدید:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

باست لەوە کرد کە ڕۆڵی وەزارەتەکەتان غائیب نەبووە لە ڕووداوەکان، من باسم لە جەنابتان وەکو وەزیری ناوخۆ و ڕەوڵی وەزارەتەکان کرد، من دڵنیام لەوەی کە موحافز بەشێکە لە وەزارەتەکەی جەنابتان و پۆلیس و ئەوانە، بەڵام ڕۆڵی جەنابتان غائیب بوو بەو پێیەی کە ئێوە نوێنەرایەتی وەزارەتێك دەکەن کە بە باوکی هەموو وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێم ناسراوە، چونکە ئەرکتان پاراستنی سەرو مالّی گشتی و سەرومالّی هاوواڵتیانە و دامودەزگاکانی حکومەتیش دەپارێزن، ڕۆڵی ئێوە غائیب بوو ئەوەی کە من بینیم و گوێ بیستی بووم لێدوانی بەڕێزتانم نەبینی بەهیچ شێوەیەك لەسەر ڕووداوەکان وەکو وەزیری ناوخۆ، ئەوەی کە من گوێ بیستی بووم مەسەلەن لەبری بەڕێزتان بەرپرسانی حیزبی لێدوانیان دەدا لەسەر ڕووداوەکان، من باسم لە ڕۆڵی جەنابتانە بۆچی ڕۆڵی جەنابتان غائیب بوو وەکو وەزیر، سەبارەت بە بڕیارەکانی پەرلەمانی کوردستانیش من دڵنیام یەعنی بڕیارێك لە 10 مانگ دەرچووبێ لە پەرلەمان بە بێ ئەوەی ئیحالەی ئەنجومەنی وەزیران کرابێ و لەوێشەوە بۆ لای جەنابتان هاتبێ و ئێوە کاری لەسەر بکەن، من مەبەستم ئەوەیە ئێوە لە 10 مانگ چ ئیجرائاتێکتان کردووە، ئایا هیچ کەسێك گیراوە لەسەر سووتانی بارەگاکانی گۆڕان؟ هیچ کەسێکتان گرتووە لەوانەی کە گرتەی ڤیدیۆیی هەبووە؟ لەبەردەمی بارەگایەکی حیزبی کە بە جلی پۆلیسی سەر بە وەزارەتەکەی جەنابتان تەقە لە هاوواڵتیان دەکەن و خەڵك شەهید دەکەن و دەکوژن، کەسێکتان گرتووە و ئیجرائاتتان لەگەڵی کردووە؟ پرسیارەکەی من ئەوەیە حەز دەکەم وەڵامێکم لەسەر ئەوانە بدەیتەوە.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

جەنابی وەزیر فەرموو.

بەڕێز کریم سنجاری (وەزیری ناوخۆ):

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

وەزیر غائیب نەبووە، هەر ڕووداوێك بووە وتەبێژی وەزارەت یان وەزارەت بەیانی پێ دەرکردووە، لەناو ئەحداس بووە دائیمەن، دوو/ تەوجیهات بە پارێزگارەکان و موديری شورتەی عام و مدیر شورتەی مرور بەڕۆژانە تەوجیهاتیان پێ دەدرێ و چۆن ڕەفتار بکەن، نوقتەی تر بۆ ئەوەی کە کەس دەسگیر نەکرا من لە حادیسەی 17 ی شوبات لێرە بووم و فایلەکانم هێنا و خەڵك گیرا وتەسویر کراون و دراونەتە دادگا و

ئیجرائـاتی یاسـاییان لەگـەڵ کـراوە، ئێمـە هـیچ وەختێـک کەسـێک کەئـەمری دادگـای بـۆ دەرچـوو بـێ ئیجرائاتەکەی لەگەڵ کراوە، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس بۆ جەنابت، کاك بکر فەرموو.

بەڕێز بکر کریم محمد (ئاسۆ):

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

مـن دوو پرسـیارم ئاراستەی بـەڕێز وەزیـری نـاوخۆ کردبـوو، وەڵامـی پرسـیارێکم وەرگرتووەتـەوە و تـەنها پرسیارێك ماوە، وەك دەزانن هـەر شـەش مـانگ جارێـك سـەندیکای ڕۆژنامەنووسـانی کوردسـتان ڕاپۆرتێـك سەبارەت بە ڕەوشی ڕۆژنامەگەری لـە کوردسـتان بڵاودەکاتـەوە، لـەو ڕاپۆرتانـەدا ئامـاژە بـە پێشـێلکاریەکان دەدرێت، هەندێکیان لەلایـەن داموەدەزگاکـانی پۆلیسـەوە بەرامبـەر بـە ڕۆژنامەنووسـان و کەناڵـەکانی میـدیا دەکرێت، ئایا ئێوە وەکـو وەزارەت هـیچ لێکۆڵینەوەیـەکتان لەگـەڵ ئـەو داموەدەزگایانـەی خۆتـان کـردووە کـە پێشیلکاریان کردووە؟ سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

جەنابی وەزیر فەرموو.

بەڕێز کریم سنجاری (وەزیری ناوخۆ):

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بەڵێ دووجار سەندیکای ڕۆژنامەنووسان ڕاپۆرتیـان بڵاوکردووەتـەوە چـەند حاڵەتێکی پێشـیلکاری لەلایـەن هێزەکانی نـاوخۆ بەرامبـەر ڕۆژنامەنووسـان هـاتبوو لـە ڕاپۆرتەکـەیان، ئێمـە لـە وەزارەت لیژنەیـەکمان بـۆ بەدواداچوونی بابەتەکان پێکهێنا، نوێنەری سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی تێدابوو، ئێمە چەند جارێك ڕامـان گەیاندووە هەرکەسێك ڕۆژنامەنووس بێت یان هەر هاوواڵاتیەك بێت هـەر پێشـێلکاریەکی بەرامبـەر ئـەنجام درابێـت لەلایـەن هـەر مەفرەزەیـەك یـان کارمەنـدێکی هێزەکـانی ئاسایشـی نـاوخۆ بـەپێی یاسـا دەتـوانێ ڕاستەوخۆ داوای یاسایی لە دادگا تۆمار بکات لە دژی ئەو کەس ولایەنانە، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

تەعقیبت هەبوو؟ باشە نیە، کاك صباح فەرموو.

بەڕێز صباح بیت الله شکری:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

ل بەرایێ بخێرهاتنا جەنابێ وەزیرێ دکەم، حەقیقەت من دوو پرسیار ئاراستەی جەنابی وەزیـر کـر بـوون، یەك دەربارێت پۆلیسێ چالاکێ مەدەنی، دوو/ دەربارێ یارمەتیێ زێرەڤانی، کـە جـەنابێ وەزیـرێ بەرسـڤێ هەردووکی دابوو، زۆر سپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، کاك عمر فەرموو.

بەڕێز د.عمر حمدامین خدر (نورەدینی):

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

لەمیانەی ئەو پێشەکییەی کە جەنابی وەزیر پێشکەشی کرد، پاشان ئەو پرسیارانەی کە لەلایەن هاوکارانمەوە پێشکەش کراو جەنابی وەزیر وەڵامی دانەوە، من وەڵامی پرسیارەکانی خۆم وەرگرتەوە، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

کاك دلێر فەرموو.

بەڕێز محمد دلێر محمود:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

دوو پرسیارم هەیە بۆ بەڕێز وەزیری ناوخۆ، بۆچی فەرمانی دادگا کە دەردەچێت، بەڵام پۆلیس ئامادە نەبوون بۆ جێ بەجێ کردنی فەرمانی دادگا؟، پرسیاری دووەمم ئایا ئەگەر کەسێك لەکاتێك دا دەعوایەکی هەبێ یان غەدرێکی لێ بکرێ کاتێك دەچێتە بنکەیەك لە بنکەکانی پۆلیس هێندەی دەهێنن و دەبەن و ڕۆتینیاتی پێ دەکەن، وای لێ دەکەن کە ناچار واز لە شەکواکەی بهێنێ، منیش دەپرسم ئایا کەمتەرخەمی پۆلیس و ئیهمالی واجبی سەرەکیان وای نەکردووە کە لای خەڵك هەیبەتی پۆلیس نەمێنێ؟ لەهەمان کات ئەمە زیاتر خەڵك هان دەدات بۆ ئەوەی تاوان بکات و زیاتر خەڵك هان دەدات بۆ ئەوەی یاسا بشکێنی و تەجاوز بکات و دەبێتە هۆی ئەوەی کە خەڵك هەوڵ بدات خۆی بۆ خۆی تۆڵەی خۆی بکاتەوە و کێشە کۆمەڵایەتیەکان زیاتر بێت، یەعنی ئەوەی کە من مەبەستمە پۆلیس و نەك وەکو هەموو بەڕێوبەرایەتیەکانی ناو وەزارەتی ناوخۆ و گشتی و پۆلیس و واتە پۆلیسی مەحەلی ئەگینا وەکو ئاسایش دەورو ڕۆڵی خۆیان گێڕاوە لە پاراستنی ئەمنیەت و سەقامگیری هەرێمی کوردستان دا، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

جەنابی وەزیر فەرموو.

بەڕێز کریم سنجاری (وەزیری ناوخۆ):

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

من هەردوو سوئالەکە بە یەکەوە جەوابی دەدەم پۆلیس بە فەرمانی دادگا کار دەکات، بڕیارەکانی جێ بەجێ دەکات، مەسەلەی ڕۆتینیات و هێنان و بردنی هاوواڵتیان خەتای پۆلیسی تێدا نیە، چونکە بە پێی سیستمی قەزایی لە دادگاکان قۆناغەکانی پەراوی لێکۆڵینەوە لەلایەن موحەققی عەدلی بۆ جێگری داواکاری گشتی و پاشان بۆ بەردەم دادوەری لێکۆڵینەوە و پاشان دووبارە داواکاری گشتی ڕاو سەرنجی خۆی دەدات، هەندێ جار سروشتی کێشەکە پێویست بە کۆمەڵێك ڕێوشوێنی یاساییە لە بانگ کردنی شاهێد و بەلگە و پشکنین، بۆ پۆلیس نیە دەسکاری بکات، ئێمە نابێ بەشێوەیەکی گشتی پۆلیس کەم تەرخەم بکەین، ئەگەر ئەوان نەبن سیستمی گشتی چۆن بەڕێوە دەچێت و دادگاکان چۆن کارەکان بەڕێوە دەبەن؟، ئەگەر کەسێك

هەبێ شکایەتێك لەسەر پۆلیسێك بکات کە موعامەلەکەی تاخیر کردووە یان شتێکی وا شکاتی لێ بکا ئێمە ئیجرائاتی پێویست وەردەگرین، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس تەعقیبت هەیە؟ کاك دلێر فەرموو.

بەڕێز محمد دلێر محمود:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بەڕێز وەزیری ناوخۆ ئەوەی کە من دەڵێم فەرمانی دادگا جێ بەجێ ناکات، لەزۆر بنکەی پۆلیس هەیە کە فەرمانی دادگا بۆ جۆرە کەسێك کە تەجاوزی کردووەتە سەر مال و موڵك و یەعنی هجومی شەخسیشی کردووە، فەرمانی بۆ دەرچووە کە وەختێك دەچێ پێی دەڵێن سەیارەمان بدەرێ ئینجا دێین، دەبێ سەیارەمان بۆ بگریت، دەبێ ئاوا و ئاوا بکەی، یەعنی وەهای لێ دەکەن کابرا ئینجا ئەگەر خۆی تۆڵەی خۆی بکاتەوە و خۆی سەیارە ببات و خۆشی شت بەرێ پۆلیسی بۆچیە؟، ئەوە هەشە بە فعلی هەیە، ئەگەر بشتەوێت کەی ویستت چەند دانەیەکت لەوانە بۆ ئەنێرم بۆ جەنابت کە تاوەکو ئێستا بە فعلی هەیە، مال و موڵکی داگیر کردووە، تەجاوزی کردووە پۆلیس هینی دەکات.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

وەڵڵا حەقە سوئالەکان موحەدەد بێ و گشتی نەبێ، عموم وەڵڵا پۆلیس وا دەکات، کام پۆلیس و لە کام مەرکەز لەگەڵ کام هاوولاتی و چۆن بووە؟ بۆ ئەوە تەشخیس بکرێت، بەس بە عام بڵێی وەڵڵا هەموو ولات شامی شەریفە، ناوەڵڵا بڵێین هەمووی ئاگرە، ناوەڵڵا ئەویش وانیە، بۆیە تکایە لە داهاتوو دەقیق بین لە دانانی پرسیارەکان، جەنابی وەزیر فەرموو.

بەڕێز کریم سنجاری (وەزیری ناوخۆ):

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

تەبیعی ئێمە وەکو وەزارەت بۆ هەموو بنکەکانی پۆلیس سەیاراتمان کڕیوە، ئێستا زۆربەی بنکەکان دوو سەیارەوسێ سەیارەشیان هەیە، ئینجا ئەگەر حاڵەتێکی واهەبێ مەمنون دەبم و چەند نموونەیەکمان بدێ بۆ ئەوەی ئێمە لێکۆڵینەوە بکەین و ئیجرائاتی پێویست بکەین، کەس جارێکی تر دووبارەی ئەوە نەکاتەوە، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس بۆ جەنابتان، سمیرە خان فەرموو.

بەڕێز سمیرە عبدالله اسماعیل:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

سەرەتا بەخێرهاتنی بەڕێز وەزیری ناوخۆ و هاوڕێکانی دەکەم و دەست خۆشیش لە کارو چالاکیەکانی دەکەم، من دوو پرسیارم هەبوو، پرسیاری یەکەم تەقریبەن جەوابەکەم وەرگرت، بەڵام ئەوەی تر ئایا جگە

لە هێزەکانی سەر بە وەزارەتی پێشمەرگە هێزی دیکە هەیە لە دەرەوەی دەسەڵاتی وەزارەتی ناوخۆ بێت؟ ئەگەر هەیە تەبیعەتی کارکردنیان چۆنە؟ زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

جەنابی وەزیر فەرموو.

بەڕێز کریم سنجاری (وەزیری ناوخۆ):

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

یاسای بەڕێوبەرایەتی گشتی ئاسایشی هەرێمی کوردستان بە یەکگرتوویی لە پەرلەمانی کوردستان پەسند کراوە، ئومێدەوارین بەم زووانە بخرێتە واری جێ بەجێ کردنەوە، هەر هێزێکی تر هەبێ ئەگەر سەر بە وەزارەتی ناوخۆ نەبێت ئەوا سەر بە وەزارەتی پێشمەرگەیە.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

کاك نەریمان فەرموو.

بەڕێز نەریمان عبدالله قادر:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

من چەند پرسیارێکم ئاراستەی بەڕێز وەزیری ناوخۆ کردووە، پێموایە هەشت پرسیارە، یەکەم/ لە کاتی سەردانی لیژنەی هاوبەشی ناوخۆ و مافی مرۆڤ بۆ ناوچەکانی بادینان لە زاخۆ و دهۆك هێزەکانی پۆلیس و ئاسایش و یەکە ئیداریەکان هۆکاری ئەوەی کە نەیانتوانیوە بەرگری بکەن لە تەشەنە کردنی ڕووداوەکان و سووتانی مولك و مالی خەڵك و بارەگاکانی یەکگرتووی ئیسلامی بۆ کەمی میلاکیان گەڕاندەوە ئایا ئەمە ڕاستە؟ ئەمە پرسیارێکە ئایا ئەمە ڕاستە بە بەڵێ یان بە نەخێر؟ ئەگەر وایە ئەو میلاکە زۆرەی پۆلیس و ئاسایش چۆن دابەش کراوە لە کوێن، ئەگەر وانیە ڕاستی میلاکی پۆلیس و ئاسایش و زێرەڤانی لە زاخۆ و دهۆك چەندە؟ ئەوە پێموایە وەڵامی دایەوە بەس شەقی یەکەم وەڵام نەدراوەتەوە، تکایە ڕوونکردنەوەمان بدەیتێ بەڕێز وەزیر، دووەم/ یەکێك لە هۆکارەکانی بەهێز بوونی هەر دەزگایەك بەهێز بوونی کەسێتی کارەکتەرەکانیەتی، واتە فەرمانبەرەکان وئەندامانەکانیەتی، بەهۆی بەکارهێنانی دەسەڵات بەشێوەیەکی نا یاسایی و خراپ و بە پێی مەزاج بەڕێوبەرە و ئامرەکان لێپرسراوانی دەزگاکانی وەزارەتی ناوخۆوەن کەسایەتی کارمەندانی خوار بەردەوام لەژێر ڕەحمەتی ئامرەکەی دایە، تەبعەن مەبەستم ئەوەیە کە ئێستا فەرقیش دروست بووە لە فەریقەوە بۆ لیوا و لە لیواوە بۆ عەقید هەتا دێتە کارمەندێك ئەمە خواری خۆی لەژێر پرسیار دایە و مافەکانی پێشێل دەکرێ، ئەگەر بە دڵی ئەو نەبوو مافی ناداتێ تەنانەت دیفاعیش لە خۆی بکات و پرسیار بکات و ڕەخنەش بگرێت و داوای مافی خۆی بکات، زۆر بێ باکانە گواستنەوە و سجن وسزا و تەنانەت بوختان بۆ کردن و بڕینی مووچەو هەندێ جار فەسڵ کردنیشی بۆ دەردەکات یان پێشنیار دەکات، واتە پەیوەندی ئامر و مەئمور کۆیلایەتی و ژێر دەستەییە، نەك وەك ئینسانێکی کە ڕێز و یاسا لە بەینیان دا هەبێ، بەهۆی بەکارنەبوونی سەروەری یاسا لە پەیوەندیەکانیان دا، بۆیە کەسایەتی ئەم

هێزانە لەژێر پرسیار دایە، بەڕێزتان وەکو وەزارەت چۆن دەتوانی بێ دەسەلاتەکان لە خوارەوە بۆ سەرەوە بکەیتە خاوەنی کەسایەتی خۆی تەنها یاسا تەحەکوم بە پەیوەندیەکانی ئامر و مەئمور بکات نەك مەزاج و بەرژەوەندیەکان، سێیەم/ تا چەند توانیوتە دیاردەی دوو ئیدارەیی لە بڕیار و دەسەلاتی وەزارەتتان وەك وەزیر سەرتاسەری بکەن و نووسراوتان بۆ هەموو سنووورەکان و وەك یەك کاری پێ بکرێت؟، کە ئەمە ئێمە وەکو لیژنەی ناوخۆ لە زۆربەی شوێنەکان دا بە کامل جیاوازیەوە تەعامول دەکرێت لە زۆربەی دەزگاکاندا، چوارەم/ تاچەند توانیوتانە کار لەسەر یاسا بکەن و بە یەك چاو سەیری هەموو لایەنەکان بکەن و خۆتان بە بەشێك لە لایەنە سیاسیەکان نەزانن و بەشێکی تر وەك ناحەز سەیر نەکەن؟، لەکاتێك دا ئەرکەکانتان وا دەخوازێ بە بێ جیاوازی و وەك یەك لەگەڵ لایەنەکان دا هەڵسوکەوت بکەن، پێنجەم/ تا چەند توانیوتانە دەستی حیزب و کاری حیزبی لە نێوان کارمەندانی وەزارەتتان بە گشتی و بە تایبەت هێزە چەکدارەکان دوور بخەنەوە؟ کە تا ئێستاش لەلایەن هەردوو حیزبی دەسەلاتەوە بەزۆر و ڕازی بە ئاشکرا ئابوونە وەردەگیرێت وکۆبوونەوەی حیزبی دەکرێت و لەناو هێزەکان دا، شەشەم/ بۆچی تا ئێستا نەتانتوانیوە هێزەکانی زێرەڤانی و بەرگری و فریاکەوتن یەك بخەنەوە کە هاوشێوەی یەك بن لە ئیدارەی کۆنی سلێمانی و هەولێر تا ئێستا وەك خۆیان ماوەتەوە کە ئەمە مانەوەی دیاردەی دوو ئیدارەییە بە ئاشکرا واتە هەیکەلیان نەبووەتە یەك هەیکەل کە هەمان ئیشیان هەیە، بۆچی تا ئێستا هێزی چالاکیە مەدەنیەکان لە هەولێر و دهۆك دروست نەکراوە؟ ئەم پرسیارە بە جۆرێکی تر کرا بەڵام من دەڵێم بۆچی دروست نەکراوە؟ تەنها لە سلێمانی و گەرمیان هەیە ئەمەش ئاماژەیەکی تری دوو ئیدارەییە جەنابتان فەرموتان لە زاخۆ و لە هەولێر بەناوێکی تر هەیە، بەڵام هەمان ئیش دەکەن، بۆ نەکراوە بە یەك؟ پرسیاری هەشتەم لە دوای خولی ئەفسەران دا ئەوانەی دەرچووی کۆلیژی زانستە سیاسیەکانن وەرتان نەگرتن؟ بۆچی؟ لە کاتێك دا نزیك ترین وەزارەتن لە ئیختساسی ئەم کۆلیژەوە؟ ئەگەر لێرە دانەمەزرێن وەزارەتێکی تر نیە لە ئێوە موختەس تر بێ بە ئەوانەی کە کۆلیژی زانستە سیاسیەکانیان تەواو کردووە، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

جەنابی وەزیر فەرموو.

بەڕێز کریم سنجاری (وەزیری ناوخۆ):

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

سوئالی ئەخیرم نیە، لای من نیە.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

لای ئێمە هەیە و بە نووسراو دەیدەینێ، جەنابی وەزیر فەرموو.

بەڕێز کریم سنجاری (وەزیری ناوخۆ):

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

وەڵامی پرسیاری یەکەم/ هۆکارەکانی ئەم ڕووداوە زۆرن، وەك پێشتر ئاماژەمان پێیانداوە، بەڵام هۆکاری سەرەکی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە خۆپیشاندانەکان بە بێ مۆڵەت و لە کاتی نوێژی هەینی بووە، بۆیە هێزەکانمان ئاگادار نەبوونە تاوەکو ئامادەباشی بۆ بکەن، ئەرکی زێڕەڤانی نیە پاراستنی ناو شارەکان بکات و لە ماوەیەکی کورت ڕووداوەکان ڕوویانداو دواتر کە هێزەکان جوولەیان پێکرا ڕەوشەکە کۆنترۆڵ کرا، داتاکان ئەگەر دەتەوێ بە نووسین دەدەمە جەنابت هیچ موشکیلەم نیە، وەڵامی پرسیاری دووەم/ لە یاسای ژمارە 18 ی ساڵی 2011 یاسای خزمەت وخانەنیشینی و هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ لە هەموو عیراق خرایە بواری جێ بەجێ کردنەوە کە زۆر لایەنی ئەم پرسیارەی چارەسەر کردووە لەم فورسەتە دەمەوێ سوپاسگوزاری خۆمان و وەزارەتەکەمان ئاڕاستەی لیژنەی ناوخۆی پەرلەمان بکەین و کاك نەریمانیش بە تایبەتی کە ڕۆڵی جدیان هەبوو لە پەسەند کردنی ئەم یاسایە، بوار نادرێت بە هیچ بەرپرسێك سزا و لێپرسینەوەی نایاسایی دەرحەق خوار خۆی ئەنجا بدات، هەوڵی بەردەوامیش هەیە بۆ بنبڕ کردنی هەر دیاردەیەکی نایاسایی لەڕێگەی بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری و یاسایی ئەفسەر و کارمەندانی دامودەزگاکان بە کردنەوەی خولی تایبەت بۆ ئەم مەبەستانە، هەروەها دەمەوێ هەموومان ئەوە بزانین کە لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی 1992 دوای هەڵبژاردنی یەکەم پەرلەمان وحکومەتی هەرێم وەزارەتی ناوخۆ وداموددەزگاکانی پۆلیسمان هەیە، بە بەردەوام کارمان کردووە کە شێوازی مامەڵە کردن لە نێوان کارمەندان و ئەفسەرەکان وبەرپرسان گۆڕانکاری بەسەردابهێنین لەلایەك وهەروەها شێوازی پەیوەندی پۆلیس لەگەڵ هاوواڵتی بەرەو مەدەنیەت و هەڵسوکەوتی شارستانیانە ئاراستەکەیان بگۆڕین، ئەو سیستەم و پاشماوەی لە ڕژێمی پێشوو بۆمان جێ مابوو شێوازێکی حوکمی شمولی دکتاتۆری بوو، داپڵۆسێنەرانە بوو لە دوای پرۆسەی ئازاد بوونی گەلانی عیراق و گۆڕینی سیستمی کاری پۆلیس لە هەموو عیراق و هەرێمی کوردستانیش گۆڕانێکی نەوعی باشی بەخۆیەوە بینیوە، هێزی هاوپەیمانان توانیان زۆر لە هەڵسوکەوتەکان و هەتا جل و بەرگ و پێوەندی هێزەکانی ئەمنی گشتی گۆڕانکاری تێدا بکەن، هەتا لە کۆلیژی پۆلیس و ئەکادیمیە سەربازیەکان تا ئێستا وانەی مافی مرۆڤ و دیموکراتیەت و هەڵسوکەوتی مەدەنی و فێربوونی ئامێری تەکنەلۆژی و زمانی ئینگلیزی و گەڵێ وانەی تر کراوەتەوە لە پرۆگرامی ئەم کۆلیژە، ئەکادیمیانە ئەوە ڕێڕەوێکی باشە، ئاراستەیەکی باشە تاوەکو ئەفسەرانی پۆلیس لە نەوەی نوێ هەست بە ئەرکی سەرشانیان بکەن و بزانن ئەوان بۆچی پۆلیسن و دەبێ بزانن ئەوان پارێزەری سەروەری یاسا و سەروماڵی ژیانی هاوواڵتیانیان لە ئەستۆ دایە، ئەوان نوێنەرایەتی حکومەت و دەسەڵات دەکەن بەرامبەر هاوواڵتیان دەبێ بزانن ئەگەر کەسێك موخالەفەیەکی کرد یان لە خۆپیشاندان بەشداری کرد نابێ بە چاوێکی دوژمنانە سەیری بکەن، چونکە ئەوانە هاوواڵتین و دوژمن نین، لە کۆتایی دا هەر جەماوەر و هاوواڵتیانی ئەم هەرێمەن بڕیاری یەکلاکەرەوە دەدەن بۆ سەرجەم بابەتە چارەنووسسازەکان، ئێمە لە سەرجەم دەسەڵاتەکانی پەرلەمان و حکومەت دەسەڵاتی دادوەری پێویستە لە خزمەتی بەرژەوەندی ئەوان کار بکەین و حکومەت بەڕێوە ببەین، وەڵامی پرسیاری سێیەم/ نووسراوەکانی وەزارەت لە هەموو هەرێمی کوردستان

وەك یەك كاری پێ دەكرێت و هیچ كێشەیەكمان نیە لەم بارەیەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ جار زێدەڕەوی دەكرێت، ئەوەی پێمان گەیشت بێت ڕێوشوێنی یاساییمان وەرگرتووە بەرامبەریان، وەڵامی پرسیاری چوارەم/ ئێمە وەك وەزارەتی ناوخۆ بە هەموو پێكهاتەكانیەوە بەشێكین لە حكومەت و بە پێی بەرنامە و پلان وسیاسەتی حكومەت كار دەكەین، ئەم حكومەتەش لەلایەن پەرلەمانەوە متمانەی پێدراوە كەواتە ئامادەبوونی ئێمە لەم سەكۆیە نیشانەی ئەوەیە كە ئێمە هاتووین كاروچالاكیەكانمان پێشكەشتان بكەین و وەڵامی تێبینیەكانتان بدەینەوە و ئێوەش دەتوانن هەڵسەنگاندنی كارەكانمان بكەن، ئێمە ڕاستە بەشێكین لەلایەنێكی سیاسی ناو پەرلەمان و حكومەت، بەڵام بە ئەركی سەر شانی خۆمان دەزانین بەرگری لە هەموو خاك و نیشتمان و بەرژەوەندی گەلەكەمان بكەین بە بێ جیاوازی، لە ڕاستی دا پاراستنی ئەمنیەت و دابین كردنی تەناهی بۆ هەموو كەسێكە و بە بێ جیاوازیە و هەموو هاوواڵتیان سوودی لێ وەردەگرن، تەنها عەدالەتی موتلەق لە دابین كردنی ئەمنیەت دا هەیە، چونكە بۆ هەمووان وەكو یەكە، وەڵامی پرسیاری پێنجەم/ حیزب ڕۆڵی نیە وەك ڕێكخستن لە كاری هێزەكانی ناوخۆ و ئابوونە وەرگرتن، لەسەر لیستی مووچە نیە، بەڵام كارمەندێك یان ئەفسەرێك پارتیە یان یەكێتیە و یان گۆڕانە بە ئارەزووی خۆی هاتووچۆی ڕێكخراوێك دەكات ئەوە بابەتێكی جیاوازە، لەم بارەیەوە گشتاندنمان كردووە بۆ سەرجەم فەرمانگەكانی سەر بە وەزارەت بە هیچ شێوەیەكی نابێ كار بە تەزكیەی حیزبی و ئابوونە وەرگرتن و یان هەر سیمایەكی حیزبایەتی لە كاتی دەوامی فەرمی دا پیادە بكرێت، ئاماژەمان داوە كە سەرپێچی كار لە هەر پۆستێك بێت و پەلەیەك دابێت ڕێوشوێنی یاسایی بەرامبەر وەردەگیردرێ، وەڵامی پرسیاری شەشەم/ هەر دوو هێز بەرگری فریاكەوتن و زێڕەڤانی سەر بە وەزارەتن و گرفتمان نیە ئەركەكانیان بەشێوەی ئاسایی جێ بەجێ دەكەن، تەنها ناویان جیاوازە، سوئالی بۆچی تا ئێستا هێزی چالاكیە مەدەنیەكان لە هەولێر و دهۆك هێزی چالاكیە مەدەنیەكان لە هەولێر و دهۆك بوونیان هەیە و بەشێكن لە هێزی ئامادە، هەمان ئەرك و چالاكیان هەیە و بەم نزیكانە ڕێك دەكرێنەوە وەك فەرماندەی هێزی چالاكیە مەدەنیەكان لەو شارەدا، ئەگەر تێبینیتان كردبێت لە خۆپێشاندانەكانی ڕابردوو لەناو شاری هەولێر هەمان ئەو هێزانە بوون ئەركی پاراستنی ئەمنیەتی خۆپێشاندانیان دەبینی، سوئالی ئەخیر لە لای من نەبووە، دەرچووی كۆلیژی زانستە سیاسیەكان، بەڕاستی ئێمە پێویستیەكان كە دانیشتین وەكو لیژنە پێویستیەكانیان چی بوو دیاریان كرد، چونكە دەرچووی زانستە سیاسیەكان زۆر زۆر بوون كە دەیانویست تەقدیم بكەن بۆ كۆلیژی پۆلیس، ئەنجا كۆلیژی یاسا و ئیدارە و بایۆلۆژی و ئەو بەشانەیان ئیختیار كرد، بۆیە ئێمە تەنها ئەوانەمان وەرگرت، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:

تەعقیبت هەیە؟ كاك نەریمان فەرموو.

بەڕێز نەریمان عبدالله قادر:

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.

من به تێبینی بۆ باره ئەمنیەکه وازم له ژمارەکه هێنا که بەڕێز کاك کریم فەرمووی که داوای بکەین بمان داتێ، بەڵام ئێمه وتمان ئایا ئەوه وایه کەکەمی میلاك هۆکار بووه نەیانتوانیوه ئەرکی خۆیان جێ بەجێ بکەن یان نا؟ بەس بە ئا و بە نا؟ ئەو پرسیاره وەڵامم وەرنەگرتەوه، دووەم/ کە من باسی کەسێتی هێزەکانی پۆلیس و ئاسایشم کردووه له زمنی ئەم وەزارەته، بەڵێ کاك کریم وتی یاسا هەیە و ڕێنماییش هەیه، قسەکەی من لەسەر ئەوەیه یاساکان کاری سەروەرانەی لەسەر ناکرێت، بۆ نموونه یاسا ڕێکی خستووه هەر ئامرێك له ئاخر دەرەجەیەوه بۆ خواردوه ڕێکی خستووه و تەنزیمیان چۆنه و به پێی ماددە له قانون دا هاتووه نابێ سنووری خۆی تێ پەڕێنێ، بەڵام بەداخەوه ئەم یاسایه بۆ ئامرەکان بۆ خوارەوه جێ بەجێ دەبێت، بەڵام له خوارەوه بۆ سەرەوه من پێموایه له ئاستی زۆر زۆر خواره، ئەگەر له ئاستی سفر نەبێ، تەنانەت ناتوانێ به ئامرەکەی بڵێ بەسیت ترین شت بڵێ ئێستا بووەته دیاردەیەکی زۆر شائیع یەکسەر بەس به دڵی نەبوو نەقڵ دەبێت له کاتێك دا له هیچ سزایەکی عەسکەری دا نەقڵ سزا نیه، نەقڵ دەبێ بۆ بەرژەوەندی گشتی بێت، ئێستا بووەته سزایەکی عام لەم هەرێمه، کاك کریم نەقڵ سزا نیه بەپێی هیچ پێوەرێکی یاسایی دەبێ بۆ بەرژەوەندی گشتی بێ و بەرژەوەندی گشتی دەبێ هۆکارەکەی ڕوون بکرێتەوه، له کاتێك دا ئەم کەسه ئەگەر لێره خراپه، نەقڵت کرد له ناحیەیەکەوه بۆ ناحیەیەکی تر کەواتە لەوێش هەر خراپه، بۆیه فەلسەفەکەی ئەوەیه ئەمه سزا نیه ونابێ به سزا حساب بکرێت و ئێستا بەردەوامه، ئەوه جارێك لەوانەی که بڵێین ئابوونه نادەین، ڕاستەوخۆ یەکێك له هۆکارەکان نەقڵە، ئەمڕۆ که هاتووم بۆ لای جەنابت سێ کەس تەلەفۆنی بۆ من کردووه، که تەنها دەڵێن ناوێرین بڵێین ئابوونە، بۆ نموونە یەك شت کەدەڵێم نایەڵن بڵێن ناتوانی دیفاع لە مافی خۆی بکات، 60 هەزاری لێ بڕاوه، پێی نالێن بۆ، من یەك نموونه بۆ جەنابت باس دەکەم کە بەرگری و فریاکەوتن لە سلێمانی و زیڕەڤانیش لێرە وایە، شەست هەزاریان لێ دەبڕن بۆ ئاو خواردن، کاك کریم چەند جارێك باسمان کرد، وتمان خواردن کێشەیەك نیە ئەگەر به شێوەیەکی عەدالەت لێی ببڕی، بەڵام کاتێك که چووە ئەوەی گومان بوو، ئەم ئەفسەرە یان ئەو کارمەندە که گومانی هەبوو لەسەر ئەوە ئەمە بەڕاستی نەمانی متمانەیە، وە کەسێتی ئەمانە کە کاتێ هەستیان کرد خۆیان زوڵمیان لێ دەکرێت چۆن دەتوانن ئەوان بتوانن زوڵم لەسەر خەڵك هەڵبگرن و ئەوان بوونه پارێزەری خەڵك بۆیه کەسێتیەکی بەقوەتی پێویستە بۆیە یاسا هەیە خوار دەپارێزێ لە سەرەوه، بەڵام ناتوانێ بەکاری بهێنێ، بۆیه ئەمه لێره مەحکەمەی دائیمی هەیه لەم هێزانه که ئەسڵەن خوارەوه بۆ سەرەوه ناتوانێ بەکاری بهێنێ، ئەگەر ئیستعمالی دەسەڵاتەکەی کرد بەشێوەیەکی تەعەسوفی ئەمە ناتوانێ به هیچ شێوەیەك بەکاری بهێنێ، هەروەها مەحکەمەی موجزە هەیه و غیر موجزە هەیه، ماددەی یاساییان هەیەو دەبێ هۆکارەکانی هەر سزایەك له کارمەندەکانی هەبێ، دەبێ مەحکەمەیەکی هەبێ یان موجزە یان غیر موجزە، یان دائیمیه و یان غیر دائیمیه و ئەوەشی که ناچێتە قاڵبی ماددەوە مەحکەمەی زەبت هەیە ئەویش دەبێ به نووسین بێت، دەبێ هەموو شروتەکانی مەحکەمە لە مەحامیەوە و لە دیفاعەوە و لە شایەتەوە، بەڵام ئەمانە نیە لەمەرکەزەکان ولە بەڕێوبەراتیەکانداڕاستەوخۆ بە کتابێکەوە دەڕوات و

بەرزی دەکەنەوە بۆ جەنابت بە دڵی نیە و فەسڵیشی دەکەی، بۆ نموونە لە دوو هەفتەی پێشوو نموونەیەکی وا سیدسادق هاتە بەردەستی ئێمە تەنها لەسەری نووسیوە و فەسڵەکەی بۆ هاتووەتەوە وئێمە وەکو لیژنەی ناوخۆ داوامان کرد بەس ئەمری فەسڵەکەمان بدەنێ، ئەمری فەسڵەکەشیان نەدا و بزانین هۆکاری چیە؟ نەیان دا بە لیژنەکە کاك کریم، بۆیە ئەمە لە خۆمانەوە نیە، ئەم هێزانە تەنانەت هەرکەسێك کە دامەزرا لەم هێزانە بە پێی یاسا بۆ ئەو مەبەستە دادەمەزرێ دەبێ هەر ئەو مەبەستەش بەکاربێت، دوێنێ جەنابیشت لام وایە بینیت، لە خۆپیشاندانەکەی سلێمانی دا کارمەندەکان دەڵێن ئیشی مااڵمان پێ دەکرێت، ئیحترامەن ئیشی ڕازاندنەوەی میزمان پێ دەکرێت، باقی برادەرانی ئەو مەسئولانە یان ئەو کەسانەی کە لەسەریان بەکاریان دەهێنن و لە چەندین نموونە بۆ ئێمە وتراوە و دەتوانین بە نموونە باسی شوێن وهینەکانیش بکەین ئێستا بۆ ئەوە ناشێت، ئەمە لە کاتێك دا کاری ئەمانە نیە کاری ئەوانە پاسەوانەتیە، پاسەوانەتی یان شەخسەکەیە یان ماڵەکەیەتی، ئەو برادەرانە باخیان هەیە وکاریشیان پێ دەکەن، لەلای ئێمە سکاڵا دەکەن و دەڵێن بۆ سکاڵا دەکەن، سکاڵای چی بکەین فەسڵیشمان دەکەن و دەریشمان دەکەن و بوختانیشمان بۆ دەکەن، ئەمە وەکو یاسایەکە، بەاڵم وەکو خاڵی دووەم، جەنابت فەرمووت ئێمە قەرارەکانمان وەکو یەك دەردەکەین، بەڵێ وەکو یەك دەری دەکەین، بەاڵم وەکو یەك کاری پێ ناکرێت موشکیلەکە لەوەیە، لە هەولێر بە جۆرێکی ترە و لە سلێمانی بەجۆرێکی ترە، چەند جارێکیش باسمان کرد لای جەنابتان، بۆ سەروەری کردنی یاساو سەیر کردنی هەموو لایەنەکان وەکو یەك و تەنها بۆ کار بۆ لایەنێك نەکەن، یەعنی کاك کریم ئەمە پێویستی بە ڕۆشنبیریەکی یاسایی هەیە بۆ ئەم کارمەندانە، بۆ نموونە بێجگە لەوەی کە ئەم کارمەندانە وا تەیار دەکرێن کە لایەنەکانی ئۆپۆسیۆن یان لایەنەکانی غەیرە دەسەاڵت بە جۆرێکی تر سەیر دەکەن، تەنانەت لێپرسراوەکانی ئۆپۆسیۆن و ئەوانەی تریش لێ گەڕێ تەنانەت ڕۆژنامەنووسەکانی ئۆپۆزسیۆن، یان بێ لایەنەکان، ئەگەر بێتو کامێرایەکیان پێ بێ ئێستا عوقدەیەکی زۆر گەورەیان لادرست بووە، لە هەرکوێ بینیان لێی دەدەن و کامێراکەی لێ دەسێنن و شریتەکەی لێ دەسێنن ئەگەر تێهەڵدانیشی نەکەن ئەوە شەنسی هەبووە، یان سجنی نەکەن، بەاڵم بەداخەوە ئەمە بە هەمان چاو سەیر ناکرێ بۆ لایەنەکانی دەسەاڵت لەلایەن ئەم هێزانەوە، لەوانەیە لەلایەن هاوواڵتیەوە شتی وابێ بەرامبەر بە ڕۆژنامەنووسانی دەسەاڵت، بەاڵم لەلایەن ئەم هێزانەوە موشکیلە وایە کە بەرامبەر بە ڕۆژنامەنووسان پێشێلکاری دەکرێت بە تایبەتی ئەوانەی ئۆپۆزسیۆن و بێ لایەنەکانن، بۆ پرسیاری پێنجەم کاری حیزبی تا ئێستا کۆبوونەوە دەکرێت لەناو هێزەکاندا کاك کریم، ئێمە لە مانگی پێشوو هاتینە لای جەنابت لەو دەقەیەی کە ئێمە دەردەچین هاتینە دەرەوە من تەلەفۆنێکم بۆ هات لە مەرکەزی زێڕەڤانی لە هەولێر ناوی شەخسەکەشم لەلایە و لە بەشی ڕۆشنبیری لە مەرکەزی هێزەکانی زێڕەڤانی لە قیادەی زێڕەڤانی پێیان ڕاگەیاندین کە کۆبوونەوەی حیزبیان پێ کردوون، تەنانەت وتم باشە ئێوە جەنابت بە ئیمەت ڕاگەیاند کە نووسراوەکەش هەیە و نوسخەشت بۆ عەرز کردین و کە ناردووتە بۆ قەدەغەکردنی، هەر لە نەفسی ئەو بە سەعات و نیوێك دوای ئەو تەلەفۆنە وتی کاکە ئەوە

پێیان وتووین فلان کەس پێی وتوین لە قسمی ڕۆشنبیری لەناو دەزگاکە وتویەتی ئەوە لە ئیعلام دەوترێ و بڕیارێکە و نازانم چی، نابێ گوێ لەوانە بگرن، تۆ هێزی حیزبی دەبێ واکار بکەی و دەبێ ئابوونەکەش بدەی، بە هەمان شێوە لە بەرگری فریاکەوتن لە سنووری سلێمانی بۆ مەوزوعی شەست هەزارەکە من دەتوانم ڕوونی بکەمەوە بۆت کە نزیکەی 40 هەزاری سەرف دەبێت، بیست هەزاری دەبردرێ و ناتوانن بڵێن بۆ؟ لە کوێوە دەبڕێت و چۆنیش دەبڕێن؟ بە کیلۆ و بە غرام و بە دانە تەنانەت لە برنج و ڕوون وشەکر و تایت و سابوون و لە چایە، کە چیان بۆ سەرف دەکرێت لەلامە، چەندێکی تێ دەچێ؟ غەدرێکی زۆر هەیە، کاك کریم داوات لێ دەکەم ئەوەش چارەسەر بکەی کە زیادەیان لێ دەبەن، هەروەها نموونەیەکی تریش هەیە لە دوو لیوای جەنابت باست کرد، ئەو دوولیوایەی کە پاسەوانی کۆمپانیاکانی نەوتن، لە هەندێ شوێنیان دا کۆمپانیاکە خواردنیان دەداتێ، کەچی هەمان ئەو ..... .

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

تکایە ئەو شتانە دەزانی بۆچی جەنابت نەتهێناوە لە لیژنەکەی خۆت و لێرە موناقەشەی بکەی، بۆ ئەوەی بیهێنینە ناو پەرلەمان بانگی تەرەفی مەسئول بکەین، چاوەکەم ئەو شەرحە لە سوئالەکانت دەرچوو، رجائەن وەرەوە سەر سوئالەکانت، تەعقیبیش بەو شکلە نابێ ، محازەرە دەدەی ئاخر ئەویش 111 ئەندام پەرلەمان لێرەیە، نا؟، تەواو، کاك نەریمان فەرموو.

بەڕێز نەریمان عبدالله قادر:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

شەریکات دەیدات 60 هەزارەکەشیان لێ دەبڕن بۆ نموونە لە حەسیرە و لە کوردەمیرەکان کە دوو سریەن، ئەوە نموونەشیان زۆرە، ئەوەی خاڵی ئەخیریش بۆ خەرجی زانکۆ زۆرە، من پێموایە علومی سیاسی لە هەموو ئەوانەی زانکۆکان زەرور تر بوو کە لەو کۆلیژە دابندرێن، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

جەنابی وەزیر فەرموو.

بەڕێز کریم سنجاری (وەزیری ناوخۆ):

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

من وەڵامم دایەوە وتم هۆکاری تر هەبووە، کاك نەریمان پێشتریش باسی هۆکارەکانم کردووە، بە نیسبەتی یاساکە جەنابت دەزانی ئێمە چەند موشکیلەمان هەبوو جەنابت پۆلیس بووی، موقەدەمی پۆلیس بووی، دەزانی چەند موشکیلەمان هەبوو لەبەر بێ یاسایی، چەند گیروگرفتمان هەبوو، چەند هەوڵمان دا و جەنابت یەکێك بووی لەگەڵ لیژنەی ناوخۆ کە ئەم یاسایە بەرەو پێش ببەی و لە پەرلەمان تەسدیقی بکەی، کە یاسایەکە کەوتە دەست ئێمە ئێستا ئێمە ماددەیەکی باشمان لەدەست دایە بەو یاسایە ئیش

دەکەین، یاسایەکەش ئەوە هەمووی یەك، دوو مانگە کەوتووەتە کار، مەجالمان بدەنێ با ماوەیەکی بەسەر بچێت و ئینجا وەرن ئەگەر ئەوە ما، ئەو وەختە حەقی جەنابتە بێی و لێرە نموونەشمان بدەیەی بۆ ئەوەی ئێمە موتابەعەی بکەین و بەدوای دا بچین، بە نیسبەتی خواردن، بۆ هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ئێوە لێرە بڕیارتان دا 330 هەزار دینار سەرف بکرێت بۆ خواردن، موافەقەتی ئێوە بووە ووەکو بەغداتان لێ کرد، هەندێ هێز هەیە تەبیعی ئەم پارەیە دەدرێتە پۆلیس خۆی، ئەوانەی لەناو شارەکانن و لە مالّی خۆیانن ئەوە موشکیلە نیە، بەلام هەندێ هێزمان هەیە لە ڕەبیەیە، 15 ڕۆژ بە شەو و بەڕۆژ لە واجب دەبێ، دەبێ خواردنی بەیانی و نیوەڕۆ و ئێوارەی بۆ بچێت، ئێ دەبێ جیهەتێك هەبێ خواردنی بۆ تەئمین بکات، ئەو60 هەزارە بۆ ئەوەیە کە لێیان دەبڕن خواردنیان بۆ دابین دەکەن، لەبەر ئیعترازاتی خەڵکەکە، خەڵکەکە دەیەوێ 330 هەزارەکەش وەربگرێ و حکومەت خواردنیشی بۆ تەئمین بکات، ئەوە لە هیچ وڵاتەك و لە هیچ دنیایەك باوەڕ ناکەم ئێوەی پەرلەمانتاریش تەئیدی ئەوە بکەن، بۆیە ئێمە لیژنەیەکمان داناوە، لیژنەکە خەریکن ڕاپۆرتێکی باشمان دەدەنێ چۆن ئەو مەوزوعە چارەسەر بێت، من نالێم 60 هەزار دینار بۆ مانگێك سێ وەجبە خواردن کەمە و زۆرە و تەلاعوبی هەیە و من ناتوانم ئەوە بڵێم، ئەوە لیژنەکە قەراری لەسەر دەدات، لەسەر ئەوەی انشاللە ئێمە ئیجرائاتیش وەردەگرین.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

امینە خان فەرموو.

بەڕێز امینە زکری سعید:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

ئەڤ هێزانە ناسنامە حکومەتێنە، وەزارەتا هەوە چ پلان و بەرنامە بۆ بەهێزخستنا کەسایەتیا پۆلیس و چەوانیا ڕەفتار کرنا وان دگەل وان هاوولاتیان هەیە، وەزیرێ ئاماژە دا هەندێ کو گەلێك خولێت ڕاهێنانێ بۆ وان دێنە ڤە کرن، لێ وا دیارە ئەڤ خولە نە لە ئاستێت پێتڤی دانە، بەرنامە هەوەدا هەیە کو خولێت سەردەمیانە کو ب شێوەیەکی یێ بنەڕەت گۆڕانکاریا ناڤ پۆلیسێ دا هەبیتن، هەندەك ژ پۆلیسێ زالگەهان هەمان ڕەفتارێت نا مەدەنی دگەل خەڵکیا هەی، هەندەك پرسیارێن خۆ بێ ڕێزی و ئیهانە والاتیا دکەن، وەکی دش کیڤە چی و دش کیڤە چی و تۆ خەڵکێ چ گوندی و تۆ خەلکێ چ جێی؟، یەعنی بڕاستی ئەڤە هەندەك پرسیارن کو شوڵ پۆلیسێ نینە، پۆلیسێ چ عەلاقەتا هەی کو ئەز کو سایەقی مەی یان چ پەیوەندی دگەل وی کەسێ هەیە ئەز د سەیارا دا، شوڵ پۆلیسێ پاراستنا ئەمنیەتا یا وەلاتیە، ئایا نەپێتڤیا پۆلیس بهێنە ڕاهێنان و فێرکرن ڕێزی خەڵکی بگرن، پەیڤێ ڕێزگرتنێ بکاربینن و سلاڤێ ل خەڵکی بکەن و بێژن بێ زەحمەت ناسنامە خۆ بدەنە ڤە، بێ زەحمەت ئەم دێ بۆ هەوا زەحمەتێ چێ کەن بەس ئەگەر بشێ سەیرێ خۆ بدەینە خەلکێ، بەس ئەڤە شوڵ پۆلیسێیە، لێ ئەم بینین گەلەك پۆلیس حەتا ئیشارەتێ دەستی دگەل وڵاتیا دئاخافن هەڕە وەرە، یەعنی ئیشارەتێ دەستی کو ئەڤە ژی گەلەك ئسلوبەکی نەیا شارستانیە، مە ڤێت بزانین پلان و بەرنامێ وەزارەتێ بۆ نەهێلانا ڤێ دیاردا نەشارستانی چنە؟ بەڕێز

جەنابێ وەزیر ڤان دەھ ساڵێ بوری دا هەوە چەند ئافاهیەت بنگەهێت پۆلیسا دهۆکێ ئافا کرینە، چەند بنگەھ بنەجێهن، ئەم بینین کو گەلەك بنکەهێت پۆلیسان د هەندەك ڕێڤەبەریەت دیەت حکومەتێنە بۆ نموونە مالتایێ ڕێڤەبەریا پۆلیسا یەت بینایەتێ زراعی دا، بۆ حەتا نوکە پۆلیسێ ئامادە و هاوارهاتنێ جل و بەرگێن خۆ ب خۆ دکرن؟ بۆچی چ نەسریە لبەر دەستێ بنگەهێت پۆلیسان نینە، ئەوە هەژی حەفتی و پەنجا هەزارا کو بڕاستی ئەڤە ژی گەلەك گوژمەکێ کەمە، ل گۆڕ یاسایێ 86 ێ ساڵا 2004 بەشی 11 پەنجا سەدێ ژ داهاتێ هاتن و چوونێ بۆ گەشەپێدانا مرورێ بۆ وەزارەتا ناوڤخۆ دچێت، لێ حەتا نوکە گەشەپێدانا مرورێن نە ل گورِ پێتڤیانە، ئامریەت ب کارتێت گەلەك بێ سەروبەر و لاوازن، بۆ نموونە ئەو ئامێرت لاسلکیا ما بەینا وان دا هەتا نوکە تۆرِەکێ ڤەیا گرێدای نینە، جل و بەرگێت وان د وەخت دا بۆ ناهێنە کرِین، دەمێ تی ژی گەلەك بێ سەروبەرن، ئەمێ چوویەن زڤستانێ دا و ماهێ دوازدە ژی هەتا نوکە جل و بەرگ بۆ مرورا یا دهۆکێ نەهاتینە کرِین، جەنابێ وەزیرێ ئەڤ هەمی داهاتە بۆ مەراما گەشەپێدانا مرورێ بۆ وەزارەتێ تێت بۆ چەوا دێتە مەزاختن؟ گەلەك گازانـدە ژی لای وەلاتیان بۆ حکومەت تێن کو پۆلیسێت هاتن و چونێ بێ ڕاوەستان دێن و ئاگەهدار کرنا شوفێران سزایا بۆ دنڤیسن، مەراما من نە ئەوە کو بکامیرا، مەراما من ئەوە کو پۆلیسێت هاتن و چوونێ بێ ڕاوەستاندن و ئاگاهەدار کرنێ شوفێران سزا بۆ شوفێران دنڤیسن و ئەڤە قەت نابیتن، پێتڤیا شوفێران کەیێ ئاگاهدار بی کو چ جۆرە سەرپێچیت تێتە سزا دان، بەڕێز جەنابێ وەزیرێ مە دڤێت بۆمە ڕوون بکەن کو پۆلیس ژ چ دەسەلاتا یاسایی ڤێ کارێ دکەن؟ سپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

جەنابی وەزیر فەرموو.

بەڕێز کریم سنجاری (وەزیری ناوخۆ):

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

سوئالی یەکەم/ بەڵێ ئێمە هەستمان بەم بۆشاییە کردووە لە هێزەکانمان و دەبێ چارەسەری بکەین لە بەرنامەی ئەمسالێ 500 پۆلیس بۆ دهۆك و نزیکەی 2000 پۆلیس بە گشتی دادەمەزرێ، بۆ ساڵی ئایینـدەش هیـوادارین ئێـوەش هاوکارمـان بـن لـە کـەم نەکردنـەوەی ئـەو ڕێژەیـەی داوای دەکـەین بـۆ پڕکردنـەوەی مـیلاك بـە گشـتی، ئـەوەش ڕاسـتە لـە ڕووداوەکـانی 17 ی شـوبات و دواتـر نزیکـەی 460 پۆلیسمان بریندار بووە، دوو شەهیدمان هەبوو، لە ڕووداوەکانی دهۆك وزاخۆ زیـاتر لـە 32 لـە هێزەکـانی ناوخۆ بریندار بوون بە دەستی خۆپیشاندەران، ئێمەش پاراستن و ڕاگرتنی سەروەری یاسا لە هەر کوێیـەك بێت بـە ئـەرکی سـەر شـانی خۆمـانی دەزانـین و بـەردەوامین، لەلایـەکی تـرەوە لـەڕووی نەوعیـەوە بـەڵێ پێویستمان بەڕاهێنانی بەردەوام هەیە، پێویستمان بە نوێ کردنەوەی بەردەوامی جل و بەرگ و ئۆتۆمبیل و کەلوپەلی تایبـەت و لـەم ڕووەوە هەنـدێ جار لەگـەڵ ئەنجومـەنی وەزیـران و وەزارەتـی دارایـی دووچاری کێشە و هـاتن و چـوونی زۆر دەبینـەوە، لەبەرئـەوە وەك پێویسـت بـەپیر داواکاریـەکانمان نایـەن، ڕاسـتە بـە

نیسبەت سوئالی دووەم بەڵێ ئەوە ڕاستە زۆر جار حاڵەتی سنوور بەزاندن لەلایەن هێزەکانی ناوخۆ بەرامبەر هاوواڵتیان هەڵسوکەوتی ناشارستانیانە ئەنجام دراوە، بەاڵم ئێمەش دەست بەجێ ڕێ و شوێنی یاساییمان بەرامبەریان وەرگرتووە، بەردەوامین، هەروەها بەردەوام خوڵی ڕاهێنان و ڕۆشنبیری و بەرزکردنەوەی ئاستی تواناکانیان دەکەینەوە، لەم ساڵەوە ئەگەر کەسێك لە ڕیزی پۆلیس دابمەزرێت نابێت بڕوانامەی لەناوەندی کەمتر بێت تاوەکو بتوانێ بەشداری خولەکان بکات و توانای پێشکەوتنی هزری هەبێ، سوئالەکە ت کردووە کە بنکەی پۆلیس دەبێ بە پێی قانون لە ناحیە لە 30 کەس پێك بێت، سەحبت کرد؟ باشە چونکە سوئالەکان تێکەڵ بوون، بە نیسبەتی ئەوەی کە 10 ساڵە چەند بنکە لە دهۆك کراونەتەوە، ئەو بنکانەی کەوا کراونەتەوە لەسنووری پارێزگای دهۆك بەم شێوەیەی خوارەوەیە، 19 کۆمەڵگای کارگێڕیمان ئاوەدانکردووەتەوە لە قەزا و ناحیەکان کە هەموویان بنکەی پۆلیسیان تێدایە، هەروەها دوو بنکەی پۆلیسمان کردووە لەگەڵ 3 بینایە بۆ بەند کراوان، وە باڵەخانەیەك بۆ بەڕێوبەرایەتی پۆلیسی دهۆك، هەروەها لەگەڵ کردنەوەی 26 بنکەی پۆلیس، دە نوسینگەی نەهێشتنی تاوان، 15 بنکەی شارستانی، 6 بنکەی پۆلیسی کارەبا، 8 بنکەی پۆلیسی دارستان، 7 نووسینگەی بەدواداچوونی تۆندوتیژی ئافرەتان، لە پلانی ئەم ساڵ دا 9 بنکەی پۆلیس موافەقەتی بۆ کراوە بۆ جێ بەجێ کردن، ساڵانە جل و بەرگی هەموو هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ لەلایەن وەزارەتەوە دابین دەکرێت و تەنها بۆ ئەم ساڵ نەبێت، هۆکارەکەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ویستمان جل و بەرگی زۆر باشیان بۆ دابین بکەین و ڕێککەوتنمان لەگەڵ کۆمپانیایەکی نەرویجی کردووە کە جل و بەرگی هێزەکانی ناتۆ دابین دەکات، بە پێی ستانداردی جیهانیە و دوو جار نووسراومان بۆ ئەنجومەنی وەزیران ناردووە بە مەبەستی ڕەزامەندیان، بەاڵم تاوەکو ئێستا وەاڵممان پێ نەگەیشتووە، ئەوەی خۆپیشاندان پۆلیسی زاگەکان هەندێك پۆلیسی زاگە، ببورن بازگەکان بە گشتی بەڕێوبەرایەتی ئاسایشی گشتی سپێردراون، پەیوەندی بە وەزارەتی ناوخۆوە نیە، ئاسایشن ئەوان، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

تەعقیبت هەیە؟ امینە خان فەرموو.

بەڕێز امینە زکری سعید:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

پرسیارا حەفتێ و هەشتێ؟ پرسیارا حەفتێ گوڕ یاسایا ژمارا 86 ساڵا 2004 یێ بەشی 11 پێنجا سەدێ ژ داهاتێ هاتن و چوونێ بۆ گەشەپێدانا مرۆڤ بۆ وەزارەتا نافخۆ دچێت، لێ هەتا نوکە گەشەپێدانا مرۆڤ نە لگوڕ پێتقیەنا؟ ئامرێن بکارتێن گەلەك بێ سەروبەر و لاوازن، مەسەلەن من نموونەی لاسلکیێ هێنان هەتا نوکە ب تۆڕەکا وا گرێدانینە و ئەکەر هەژی گەلەك گەلەك کەمن، جل و بەرگێت وەختێ دا نێنە کرن وەختێ زۆر بێ سەروبەرن، جەنابێ وەزیرێ ئەڤ هەمی داهاتێ بۆمەراما گەشەپێدانا مرۆڤ بۆ وەزارەتێ تێ بۆ چ چەوا دێتە مەزاختن؟، پرسیارا هەشتێ گەلەك گازاندە ژ لایێ وەاڵتیان بۆمە تێن کو پۆلیسێت

هاتن وچوونێ بێ ڕاوەستاندن و ئاگەهدار کرنا شوفێران سزایێ بۆ دنڤیسین و ئەڤە قەت نابیت، پێتڤیا شوفێریا ئاگەهدار بی کو بۆ چ جۆرە سەرپێچی تێتە سزادان، بەڕێز جەنابی وەزیرێ مە دڤێت بۆمە ڕوون بکەن کو پۆلیس ب چ دەسەلاتا یاسایی ڤێ کارێ دکەن؟.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

جەنابی وەزیر فەرموو.

بەڕێز کریم سنجاری (وەزیری ناوخۆ):

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

زۆر سوپاس، بەنیسبەتی سوئالی ئەوەی کە پەنجا لەسەد لە پارەی هاتوچۆ بۆ پەرەپێدان سەرف دەکرێت ئەمە تا ئێستا زۆر بە باشی سەرف کراوە، من نالێم کەموکوڕی نیە، بەلام تۆ ناتوانی بەیەك دەرەجە بچیە سەربان، چونکو جیهازەك دەکڕی دەبێ تەدریبی بۆ بکەی چۆن بەکاری دێنی، جیهاز کڕین موهیم نیە، بەلام بەکارهێنانەکەی موهیمە، بە نیسبەتی ئیتسالات باست کرد باشترین ئیتسالات لە مروری دهۆك و هەولێر و سلێمانیە، باشترین سیستەم خاسەتەن لە هەولێر و دهۆك ئەوەی ئەپکۆ سیستمە کە هەموو ئیتسالات لەگەڵ هەموو دەزگاکان دەتوانن ئیتسال بکەن، نازانم کێ بە تۆی گوتووە ناتوانن، من لە وەزارەتی ناوخۆ دادەنیشم دەتوانم یەك زڕە دەستی لێ دەنێم دوو هەزار و هەشت سەد جیهاز قسەی لەگەڵ بکەم، پۆلیسی هاوتۆچۆش لەو جیهازانەی پێیە، ئەو ئیشاراتی مروری ترافیك لایتەکان ئێ ئەوانە هەمووی لەسەر ئەو پارەیە سەرف کراوە، بۆیە ئێمە قسوریمان نەکردووە پارەی خۆیانە و ئێمە بۆ خۆیان سەرفی دەکەین، بەلام بە مەراحل، چونکو ناتوانین هەموو شتێك بە یەك ڕۆژ جێ بەجێ بکەین، بە مەراحل بۆیان سەرف دەکەین، بە نیسبەتی سزای پۆلیسی هاتوچۆ یەکێك سزا دەدات بێ ئەوەی سایەقە بزانێت، من نازانم دەبێت نموونەم بدەیتێ لەچەند حاڵەتێك، بەلام هەندێ حاڵەت هەیە شوفێر بە سورعەت لێ دەخورێت، سزای بۆ دەنووسێت، پێی نالێ ڕاوەستە ئەوە سزاکەتە، سەیارەکەی موخالف ڕاگرتووە سزای بۆ دەنووسێت، خۆی پێی نالێت تۆ موخالیف ڕاوەستاوی سزات دەکەم، بەلام ئەوانەی کە بەپێی سزا بێ ئەوەی ئەوە بزانێت، هەندێ نموونەمان پێ بدە سوپاست دەکەم، بۆ ئەوەی من بتوانم جوابت بدەمەوە، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، ڕێزدار سەرگوڵ رضا حسن، فەرموو.

بەڕێز سەرگوڵ رضا حسن:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

من چوار پرسیارم ئاراستەی جەنابی وەزیر کردبوو، دوو پرسیاریان جوابم وەرگرتەوە، کە تایبەت بوو بە پۆلیسی چالاکی مەدەنی کە لە دهۆك نیە، پرسیارەکەی تریشیان تایبەت بوو بەڕێژەی ڕووداوەکانی هاتوچۆ کە بەرزبووەتەوە، بەلام دوو پرسیارم ماوە حەزدەکەم ئاراستەی بکەم بۆ ئەوەی وەلامی دروست وەربگرم، یەکەمیان: ئەو یاسایەی کەدەرچووە بۆ وەزارەتی ناوخۆ لە پەرلەمان، بەپێی ماددەی دوو لە بڕگەی

دووەمی یاساکە باس لە ئەرکەکانی وەزارەت دەکات، پاراستنی مولّك ومالّی گشتی، من دەمەوێت ئەو پرسیارە بە تەحدید ئاراستەی جەنابی وەزیر بکەم، لەو دوو ڕووداوەی کە لەهەرێمی کوردستان لە سالّی 2011 ڕوویدا، هەموومان دەزانین ئینفیلاتێکی ئەمنی بوو، ئەوەی پارێزگای سلێمانی لە 17/ی شوبات ڕوویدا، ئەوەی دهۆك و زاخۆ وناوچەی بادینان ڕوویدا، بەڕاستی ئەو دوو ڕووداوە کەس ئینکاری ناکات کەڕووداوی ناخۆش بوون و ئاسەواری زۆر خراپی بەجێهێشت لەدوای خۆی، کە لەڕووی ئەمنیەوە، یان لەڕووی ئەرکی وەزارەتەوە ئەمە ئەرکی وەزارەتی ناوخۆ یان هێزەکانی ناوخۆ بوو کە بەر بەو ڕووداوانە بگرن، ئێمە دەزانین کە جەنابی وەزیر ئاماژەی پێکرد لە وەڵامەکانی تریدا، کە ئەرکی هێزەکانی ناوخۆ پاراستنی ئەمن و ئاسایشە، بەڵام لەکاتی ئاساییدا ئەوە ئاساییە، بەڵام لەکاتێکدا کە نائاسایی بێت و ڕووداوی ئاوا ڕووبدات، ئایا ئەوان توانیویانە بە ئەرکەکانی خۆیان هەستن، یان نا؟، پرسیارەکەم بەتەحدید ئەوەیە ئایا جەنابی هەست دەکات کە ئەوان کەمتەرخەم بوون، یان بڵێین ئەوان نەیانتوانیوە ئەو ماددەیە جێبەجێ بکەن کە لە یاساکەدا هاتووە، پرسیاری دووەم: هەر بەپێی هەمان یاسا بڕگەی سێیەم، لە ئەرکەکانی وەزارەت باس لە پاراستنی بنکەو بارەگا حزبییەکان دەکات، ڕاستە وتراوە وپێشتریش جەنابی وەزیر ئاماژەی بەوە کرد، کە ئێمە کاتێ ڕووداوێك دەبێت ناتوانین لە 10 دەقیقەدا بگەینە ئەو شوێنەو کۆنترۆڵی بکەین، بەڵام من وەکو ئەو لیژنەی چوونە دەڤەری بادینان وەك لیژنەی مافی مرۆڤ، ڕووداوی سووتاندنی بارەگاکانی یەکگرتوو، هێزەکانی پۆلیس یان بەتەحدید بەڕێوەبەرایەتی پۆلیس پێشتر ئاگادار کرابوویەوە لەڕێگای تەلەفۆنەوە، پێیان وترابوو کە ئێمە خەتەرێکمان لەسەرەو بارەگاکانمان دەستووتێندرێت، پرسیارەکە ئەوەیە بۆ بەدەمیانەوە نەچوون؟، بۆ بەر بەو ڕووداوە نەگیرا، پێش ڕووداوی، پرسیارێکی تریش هەر لەدهۆك وترا پۆلیسی ئاگرکوژێنەوە لەبەردەم بارەگاکانی یەکگرتوو بوونی هەبوو، بەس بەهیچ شێوەیەك هەوڵی نەداوە کە کۆنترۆڵی ئەو ئاگرە بکات کە کەوتەوە، یەعنی ئەمانە هەمووی بەلگەیەو گرتەکانیش شاهیدن، جەنابی باسی لەوە کرد کە ئێمە لیژنەمان پێکهێناوە بۆ بەدواداچوون یان لێکۆڵینەوە، بەس ئەمانە هەمووی ئەیسەلێنێت کە ئەوان نەیانتوانیوە کە ئەو ماددەیە یان ئەو بڕگەیە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ جێبەجێ بکەن، پرسیارەکە پێشتر من ئاماژەم بەوە کرد کە بەدواداچوونتان کردووە، جەنابی لەوەڵامەکاندا دەڵێت بەدواداچوونمان کردووە، بەڵام بە سەراحەت دەردەکەوێت کە ئەمە ڕاستە کەمتەرخەمی کراوە؟، ئەم بڕگەیەش لە یاساکە پێشێل کراوە، حەز دەکەم لە هەردوو بڕگەکە جەنابی بەتەحدید وەڵامی ئەوە بداتەوە کە ئەوان کەمتەرخەم بوون، یان توانیویانە بەپێی ئەم یاسایە ئیش بکەن لەهەرێمی کوردستاندا، کە خۆمان دەزانین وەزارەتی ناوخۆ وەزارەتێکی گرنگە، ئەگەر جەنابی هەست دەکات کە نەیتوانیوە ئەو کەمتەرخەمیانە چارەسەر بکات بەتایبەتی ڕووداوەکەی 17ی شوبات وئەوەی بادینان، مەودایەك لەنێوانیاندا هەبوو، تا بتوانێت پێداچوونەوە بکات لە ئەرکەکانیاندا، بەر لەوە بگیرێت کە ڕووداوی تر نەبێت، ئەگەر ئەمانە نەکراوە پێشتر ئاماژە بەوەکرا کە ڕووداوی ناخۆش یان

ئینفیلاتی ئەمنی ڕووبدات، وەزیری ناوخۆ دەست لەکار دەکێشێتەوە، بۆ خۆی ئەو هەنگاوەی نەناوە کە دەست لەکار بکێشێتەوە، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

جەنابی وەزیر فەرموو.

بەڕێز کریم سنجاری (وەزیری ناوخۆ):

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

وەڵامی پرسیاری یەکەم، وەزارەتی ناوخۆ وەك هەمیشە هەموو ڕێ و شوێنێکی یاسایی دەگرێتەبەر لەکاتی هەر ڕووداوێکدا، ئەوەشی کە لەتوانایدا بێت دەیکات بە دڵسۆزیش ئەنجامی داوە، بە ئەرکی سەرشانی خۆمانی دەزانین، بەڵام لەگەڵ ئەوانەشدا زۆرجاری وا هەیە ڕووبەڕووی کێشە دەبینەوە، بەڵام ئێمە جەخت لەسەر ئەوە دەکەینەوە کە پێویستە پێش هەر خۆپیشاندانێك داوای مۆڵەت بکرێت تاکو بەپێی یاسا ئێمەش بەئەرکی خۆمان هەستین و ئامادەی بکەین بۆ ئەرکەکانمان، پرسیاری دووەم: لەکاتی ڕووداوەکان تیمەکانی ئاگرکوژێنەوە لەشوێنی سووتانەکە ئامادە بوون، لەدهۆك 6 ئۆتۆمبێلی ئاگرکوژێنەوە ڕاستەوخۆ گەشتبوونە شوێنی ڕووداوەکە، بەڵام بەهۆی هێڕشی خەڵك بەبەرد هاویشتن کە بووە هۆی شکاندنی جامی چەند ئۆتۆمبیلێك و پەككەوتنی، بۆیە کارمەندان نەیانتوانی بەردەوام بن تاکو دوای گەڕاندنەوە کۆنترۆڵی ئاگرەکەیان کردووە، هەروەها لە زاخۆ بەهۆی ئاپۆرەی جەماوەر نەیانهێشتوە بگەنە شوێنی پێویست هەروەها داوای هاوکاری لە بنکەکانی ئاگرکوژێنەوەی گەلی زاخۆ و ابراهیم خلیل کراوە، 12 ئۆتۆمبیلی ئاگرکوژێنەوە بەرەو شوێنی ڕووداوەکە چوون، بەڵام نەگەشتوونەتە شوێنی مەبەست، چونکە هاوڵاتیان بەدارو بەرد لێیان داون، زۆر زەرەرو زیانیش بە ئۆتۆمبیلەکان گەشتووە، هەندێکیان جامیان شکاوە و هەندێ ئەفسەرو سێ کارمەندیش بەسووکی بریندار بوون، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

تەعقیبت هەیە سەرگوڵ خان؟، فەرموو.

بەڕێز سەرگوڵ رضا حسن:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

جەنابی وەزیر ئیشارەتی بەوەکرد ئەو ڕووداوەی زاخۆ کارێکی گێرە شێوێنی بووە نەك خۆپیشاندان تا مۆڵەتی بۆ وەربگیرێت، ئەوەی سلێمانیش دەزانین سەرەتا کەڕوویدا لە خۆپیشاندانێکی مۆڵەت پێدراوەوە ئەو ڕووداوانە ڕوویاندا، ئەبوو ئەوان ئیحتیاتی پێویستیان بکردایە، تا حاڵەتی لەو شێوەیە ڕوونەدات، سەبارەت بە پرسیاری دووەم: کە باس لەوە ئەکات بۆ زاخۆ ئەوان داوایان کردووە کە ئۆتۆمبێلی ئاگرکوژێنەوە بڕوات، یەعنی ئەو کاتەی کەڕووداوەکە ڕوویداوە لەسەعات 1 بووە، هەتا سەعات 10 ئینجا بارەگای مەڵبەندی یەکگرتوو لەزاخۆ سووتاوە، یەعنی لەسەعات 1 تا 10 ماوەیەکی زۆر زۆرە، بۆ ئەوەی تۆ بتوانیت هێز داوا بکەیت، لەکاتێکدا ئێمە بینیمان لە ڕووداوەکانی 17ی شوبات تا ماوەی سەعاتێك یان دوو

سەعاتی پێنەچوو هێزەکان لە هەولێرەوە گەشتنە سلێمانی، ئەی بۆ ئەوکاتە نەیانتوانی لە دهۆکەوە کە نزیکە لەزاخۆ بگەنە ئەوێ، لەکاتێکدا کە ئێمە پرسیارمان کرد ئەوان وتیان ئێمە زۆربەی هێزەکانمان ناردووە بۆ زاخۆ، ئەی بۆ نەتوانرا کۆنترۆڵ بکرێت؟، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

جەنابی وەزیر فەرموو.

بەڕێز کریم سنجاری (وەزیری ناوخۆی):

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

یەکەم: خوشکە سەرگوڵ دەڵێت هێزەکان بە یەك سەعات گەشتنە سلێمانی لەهەولێرەوە، من نازانم چۆن گەشتن بە یەك سەعات، دووەم: هێز چوو ئەوەی زاخۆ لەدهۆك چوون، گەلی زاخۆ نازانم بینیوتە یان نا؟، یەك ڕێگا هەیە کە ئەویش لۆفەیەو تەسکە، سەیارەی بارهەلگری تورکی هەموو لەوێ وەستابوون ڕێگایان قەپات کردبوو، خەڵکیش هاتبوو لەوێ ڕێگایان قەپات کردبوو، ماوەیەکی زۆری پێچوو تا ڕێگا کرایەوە، کە ڕێگا کرایەوەو گەشتنە زاخۆ کۆنترۆڵی وەزعەکەیان کرد، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

ڕێزدار ئەڤین عمر، فەرموو.

بەڕێز ئەڤین عمر احمد:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

سەرەتا بەخێرهاتنی جەنابی وەزیر دەکەم، دەستخۆشی لێدەکەم بۆ ڕوونکردنەوەکانی، من تەنها دوو پرسیارم هەیە، یەکەمیان: گەلەییەکی زۆر هەیە لەلایەن هێزەکانی ناوخۆ لەبارەی تەجهیزاتیان، تکایە بۆمان ڕوون بکەرەوە کەبۆچی ئەم گەلەییە هەیە، ئایا تەجهیزاتەکان لە جێگای پێویستە؟، یان نا؟، دووەم: سەبارەت بە بازگەکانی نێوان کوردستان و شارەکانی تر، کە لەژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمدا نین، ئایا بۆ تەسهیلات دەکرێت بۆ هاتنە ناوەوەی خەڵك، هەروەها لە ئیقامەدان بەو عەرەبانەی کە نیشتەجێن لەشارەکانی کوردستان، بۆ ڕێ و شوێنی زۆر توند ناگیرێتە بەر بەرامبەریان، چونکە ئەم خەڵکانە بوونەتە مایەی نانەوەی گرفت و کێشەی زۆر بۆ دانیشتوانی هەرێم؟، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

جەنابی وەزیر فەرموو.

بەڕێز کریم سنجاری (وەزیری ناوخۆی):

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بۆ وەڵامی پرسیاری یەکەم: بۆچەك و تەقەمەنی و ئۆتۆمبێل کێشەمان نیە، بەڵام بۆ تەجهیزاتی جل وبەرگ و هەندێ پێداویستی تر کەپێویستە سالانە دووجار جل وبەرگی هاوینەو زستانەیان بۆدابین بکرێت ئەوە کێشەمان هەیە، بەڵام بەهۆی ڕۆتیناتی وەزارەتی داراییەوە لەڕووی خەرج کردنی بودجەی پێویست ئەمە دوادەکەوێت ، بۆ نموونە نزیکەی 5 مانگ دەبێت لەگەڵ کۆمپانیایەکی نەرویجی ڕێك

کەوتووین کە سالانە جل وبەرگی پۆلیس و هاتووچۆمان بۆ دابین بکات، بەڵام تا ئێستا ڕەزامەندی لەسەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران نەهاتووەتەوە سەرەڕای ئەوەی کە دوو جار نووسراومان کردووە، پرسیاری دووەم: هاوواڵتیانی عەرەب خاوەن ڕەگەزنامەی عێراقین، لەڕووی یاساییەوە ئێمە ناتوانین هیچ هاوواڵتیەکی عێراقی قەدەغە بکەین لەکاتی هاتنیان بۆناو هەرێمی کوردستان، بەهەمان شێوەش هاوواڵتیانی هەرێم ئازادن کەبچنە شارەکانی ناوەڕاست و خواروو عێراق، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەرهاوواڵتیەکی عێراقی دەرەوەی هەرێم دێنە ناو هەرێم بۆ ئەوەی نیشتەجێ بێت، لەڕێگای بنکەکانی ئاسایشەوە هەندێ ڕێ و شوێنی ئەمنی بەرامبەریان دەگرنە بەر، لەخۆناساندنیان و پیشەیان و هۆکاری هاتنیان وژمارەی تەلەفۆنیان و ناونیشانی نیشتەجێبوونیان، هەرچەندە زۆرجار ڕووبەڕووی گلەیی بووینەتەوە، لەلایەن حزب و لایەنەکانی دەرەوەی هەرێم، بەڵام بۆ ڕاگرتنی باری ئەمنی ناچارین کە هەندێ ڕێ و شوێنی تایبەت بگرینە بەر، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

ئەڤین خان تەعقیبت نیە؟، سوپاس، ڕێزدار ئاشتی عزیز، فەرموو.

بەڕێز ئاشتی عزیز صالح:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

من دوو پرسیارم هەیە، یەکەم: سەبارەت بەوەی کە ئایا وەزارەتی ناوخۆ چەندێك دەسەڵاتی هەیە، لەدانانی قائیم مەقام و پارێزگار و مودیری ناحیەکاندا، وە پێوەرتان چیە بۆ دانانی ئەم کەسانە؟، وەکو ئەوەی کە ئێمە دەزانین زۆربەی کات ئەمانە لەڕێگای لقەکان ومەڵبەند وکۆمیتەکانەوە دەستنیشان دەکرێن، ئایا ئێوە چەندێك دەسەڵاتتان هەیە وەکو وەزارەتی ناوخۆ؟، کە لەکاتی سەرپێچی وئیهمالکردندا بتوانن لێپێچینەوە بکەن لەگەڵ ئەم پۆستانە، کە بەتایبەت ئەمانە سەرۆکی لیژنەی ئەمنی ناوچەکانی خۆیانن، وە جەنابت لەبەشێك لەوەڵامەکانتدا بەڕێزت وتت ئەو بەشەی کەمن وەڵامم وەرنەگرتووە، لەپرسیارەکەمدا داوای وەڵام دەکەم، جەنابت وتت ئێمە چاوەڕوانی لێکۆڵینەوەی لیژنەکانین و هی لێکۆڵینەوەکانین، بەڵام لەسەر ئاستی ئیداری فەرمانبەرێك دۆکۆمێنتێك لەناو فەرمانگەیەکدا ون دەکات لەسەر ون کردنی دۆکۆمێنتێك لائەبرێت، لیژنەیەکی تەحقیقی ئیداری بۆ دەگیرێت لەناو خودی وەزارەتەکەی خۆی و فەرمانگەکەیدا ئیعلانی ئەوە ئەکرێت کە ئەم کەسە شایەنی ئەوە نیە لەم پۆستەدا بێت، یەعنی کۆمەڵێك سەرۆکی لیژنەی ئەمنی، کۆمەڵێك پارێزگار لەچەند ناوچەیەکی جیاوازدا چەند بارەگایەك بسووتێت، وەزعی ئەمنی وسەقامگیری تێك بچێت، ئەمانە لەڕووی ئیداریەوە نالێ بوەستین لەسەر دەرئەنجامەکانی لیژنەی لێکۆڵینەوە لەسەر ئاستی هەرێمی کە بەڕێز سەرۆکی هەرێم بانگەوازی بۆ کردووە، یان ئەو لیژنەیەی کە پەرلەمان کۆمەڵێك ڕاسپاردەی خستە بەردەم سەرۆکایەتی و لەوێشەوە بۆ ڕەئی گشتی، بەڵام لەسەر ئاستی ئیداری خۆ ئەمانە ئیهمالیەکان و تەقسیرەکانیان لەو ڕۆژانەدا مەسەلەیەکی یەکلا کەرەوەیە، ئەمانە

لیژنەی تەحقیقی ناوێت، وەکو ئاراستەی جەنابتم کرد، خەڵك لەسەر ئیهمالیەکی بچووك لە فەرمانگەیەکدا ئەگوێزرێتەوە، یەعنی کۆمەڵێك فەرمانبەر لەوەزارەتێك لەوەزارەتەکانی کوردستاندا لەسەر نووسینی توێژینەوەیەك لە پۆستە سەرەکیەکەی خۆیان لابران کران بە فەرمانبەری صادیرەو واریدە لە هەڵەبجەی شەهید کە خۆیان توێژەری کۆمەڵایەتی بوون، دۆکۆمێنتیشم هەیە، یەعنی ئەم پارێزگارە بەڕێزانە لەئاستی ئەوەدا نەبوون، ئیهمالیان و تەقصیریان لەئاستی ئەمنیدا کە ئەمانە لەڕووی ئیداریەوە بەڕێزت وەك وەزیر ئاگاداریان بکەیتەوە بەڕێ و شوێنی لیژنەی تەحقیقی و ئیداری وەزارەتەکەی خۆتانە کە ئەمانە دەست لەکار بکێشنەوە، چونکە بەپێی وەسفی وەزیفی کارەکانی خۆیان بێت ئەم بەڕێزانە نەیانتوانیوە سەقامگیری وئاسایش بپارێزن، لەهەمان کاتیشدا وەکو کەسایەتی خۆیان نەیانتوانیوە بەرپرسیارێتی بەپێی بارو شوێنێکی گونجاو لەئاست ڕووداوەکاندا پیشان بدەن، یان تەصریحیان هەبێت بۆ ئەوەی کە خەڵکی تر غیابی ڕۆڵی ئەوان نەقۆزێتەوەو دەوری تری هەبێت، دووەم: بەشێکی ئەمەیان وەڵام دراوەتەوە سەبارەت بەوەی کە ئایا وەزارەتی بەڕێزتان ئەو کەسانەی کە ڕاستەوخۆ پەیوەندیان بەوەزارەتی جەنابتەوە هەیە، کە کارمەندی وەزارەتتانن، کە ئەمانە لەسووتاندنی نالیادا ، لە سووتاندنی کۆمەڵێك بارەگای تردا لە 17ی شوباتەوە، لە 12/2شدا بینران کە کۆمەڵێك کەس بەجلی فەرمی هی وەزارەتەکەی بەڕێزت، پرسیارەکەی من لەسەر لیژنەی دەرەوە نیە، کە لەپرسیارەکەدا نووسیومە، وەکو وەزارەتەکەی جەنابتان بۆ تا ئێستا نەمانبینی نە لە تەلەفزیۆندا نە لەسەر ئاستی وەزارەتەکەی خۆتان، لەڕووی ئیداریەوە بەتەنها یاداشتێك بنووسن کە ئەم کەسانە سەر بەوەزارەتەکەی ئێوە نیە، یان ئەم کەسانە سەر بەوەزارەتەکەی ئیوەن و ئێوە لە عەمەلیەی لێکۆڵینەوەدان لەگەڵ ئەم کەسانە، کە ئایا تاوانبارن یان تاوانبار نین؟، تا ئێستا ئێمە ڕەئیەکی وەزارەتی ناوخۆمان نەبینیوە کە ئایا ئەم فەرمانبەرانە بەم جلە فەرمیانەوە ئەمانە دیوێکی تری تەمسیلی کردنە پیشان دراوە، بۆ خۆڵکردنە چاوی خەڵك بووە، کە ئەم جلە فەرمیانەیان لەبەردا بووە، ڕاستە ئەمانە تێوەگلاون لەم مەسەلانەدا، کە دەستی حزبیان لەپشت بوو یان لەلایەن حزبەوە بوو؟، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

جەنابی وەزیر فەرموو.

بەڕێز کریم سنجاری (وەزیری ناوخۆ):

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

وەڵامی پرسیاری یەکەم: بەپێی یاسا دانانی بەڕێوەبەری ناحیەو قائیم مەقامەکان دوای ئەوەی ناحیەیەك یان قەزایەك بە فیعلی شوێنەکەی شاغر دەبێت، پارێزگاکان ناوی چەند پالێوراوێك بەنووسراو بۆ ئێمە بەرز دەکەنەوە، ناوی ئەو ناحیە یان قەزایە دیاری دەکەن کە پێویستیان پێیەتی، وەزارەتیش بەرزی دەکاتەوە بۆ ئەنجومەنی وەزیران، دەبێت فەرمانی هەڕێمیشی پێ دەربچێت، پێوەریش بۆ دانانی بەڕێوەبەری ناحیە، دەبێت شارەزایی لەکارەکانی ئیداری هەبێت و خاوەن بڕوانامەی بەکالۆریۆس بن لە

یاسا، بۆ لێپرسینەوە لە سەرۆکی یەکە کارگێڕییەکان دەستەی پشکنینی وەزارەتمان هەڵدەستێت بە پشکنینی قەزاو ناحیەو پارێزگاکان بە بەردەوامی و ڕاپۆرتی خۆیان بۆ ئێمە بەرز دەکەنەوە، هەر کەسێك سەرپێچی لەکارەکانی بکات، ئێمە ئیجرائاتی یاسایی بەرامبەر وەردەگرین و بەپێی یاسای ڕێکاری فەرمانبەرانی دەوڵەت، لە بیدایەت من باسم کرد کە چەند تەفتیشیان کردووە چەندجار چوون بۆ قەزاو ناحیەکان؟، پرسیاری دووەم: بەڵێ لیژنە لەوەزارەت پێکهاتووە بۆ ئەو مەبەستە هەروەها وەك دەزانین لیژنەیەکی باڵا لەلایەن سەرۆکی هەرێم پێکهێنراوە، ئەنجامی سەرەتایی بلاوکرایەوە، خەریکین کێشەو سکالاکان ڕێ وشوێنی یاسایی خۆیان وەردەگرن، ئەم ڕووداوانەش بەڕاستی کاریگەرییەکی ناخۆشیان هەبووە لەسەر هەموو لایەك، بەبێ دلگرانی، مەسەلەی موحاسەبە ئێمە تەعامول لەگەڵ یاسا دەکەین، من ناتوانم وەك وەزیری ناوخۆ لێرە لە پەرلەمان، پەرلەمان مەصدەری یاسایە ڕاستەوخۆ تەقریرێکم بۆ هاتووە، بەیانی وتوویانە یەکێ موخالەفەی کردووە من لای بدەم، فەرمانبەری مەدەنی لیژنەی لێکۆڵینەوەی بۆ دروست دەکرێت، فەرمانبەری سەربازی مەجلسی تەحقیقی عەسکەری بۆ دروست دەکرێت، ئینجا پاش ئەنجامی ئەمە من ئیجرائات دەکەم، فەرمانبەری عەسکەریش دەتوانین بیدەین بە دادگای عەسکەری کە ئیشەکەی موختەص بوو بەئەوان، من ناتوانم وتەعامول لەگەڵ یاسا دەکەم، بۆ یەکسەر خەڵك بدەم بە تەحقیق یان بیدەم بە مەحکەمە، بەنیسبەت ئەوەی جارێکی تر لێرە بووم لەپەرلەمان باسی ئەو کەسانەتان کرد کە جل و بەرگیان عائیدی وەزارەت بووە، من وتم بەرپرسین لەو خەڵکانەی کە سەر بەوەزارەتی ناوخۆن، ئەوانی تر ئێمە بەرپرس نین، هەر کەسێك بێت، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

ئاشتی خان تەعقیبت هەیە؟، فەرموو.

بەڕێز ئاشتی عزیز صالح:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

لەڕاستیدا من لەماوەی دوو ساڵی پەرلەمانتاریمدا شتێکم بۆ ڕوون ببوویەوە کەداواکار بووم شتێکی تریش هەیە بۆم ڕوون ببێتەوە، بۆم ڕوون بوویەوە کە تەواوی بارەگاکانی ئۆپۆزسیۆن بسووتێندرێت و سێ بەشی تری هەرێمی کوردستان سەقامگیری و ئاسایشی تێك بچێت، یەکێکە لە موعجیزەکان کە سەحبی سیقە لەجەنابت بکرێت، پرسیارەکەی من ئەوە بوو کە ئایا ئەمەش موعجیزەیە کە لیژنە ئەمنیەکانیش کە لەژێر دەسەلاتی جەنابتدان یەعنی لەڕووی تاوانەوە نا، بەڵکو لەڕووی ئیدارەی سەرکەوتوو، یەکێ لە بنەماکانی ئیدارەی سەرکەوتوو ئەوەیە کە ئیدارەکردنی وزە مرۆییەکانە کە لەژێر دەسەلاتی جەنابتدا هەیە ئاراستەکردنی گونجاو بێت، ئەگەر جەنابت لاچوونت موستەحیل بێت پرسیارەکەم ئەوە بوو، یەعنی بزانم تەقیمێکیشم لابێت بۆ لەم هەموو ڕووداوانەدا بۆ نموونە پارێزگاری سلێمانی بیناکەی 5 دەقە دووری لە لقی چوارەوە، یەعنی ئەو هەموو ڕووداوە ڕوویداوە چەند کاتژمێرێکی پێچووە نەیتوانیوە سوپایەك یان هێزێك ئامادە باش بکات کە پارێزگاری لە لقی چوار بکات، یان خۆپیشاندەران جیا بکاتەوە، کە ئەو ڕووداوە ناخۆشانەی لێ نەکەوێتەوە، من لەهەمان ڕۆژی لێکۆڵینەوەکەدا لیژنەکەی کە پەرلەمانی بەڕێز دروستی کردبوو چوومە لای بەڕێزی لەگەڵ هەندێ هەڤاڵی

بەڕێزدا، وتی کۆنترۆڵە وەزعی سلێمانی زۆر ئاسایشە، ئێوارەکەی چوار کەس کوژران، یەعنی ئەمە تەقیمێکی نەگونجاوو نا سەرکەوتوو نیە، بەوەزعی ئارامی ئەو ئیدارەی کە ئەو بەڕێزە دەیکات، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، جەنابی وەزیر فەرموو.

بەڕێز کریم سنجاری (وەزیری ناوخۆی):

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

من تەنها ئەوە دەڵێم ئێمە تەعامول لەگەڵ یاسا دەکەین، وە بەیاسا کار دەکەین، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

زۆر سوپاس، ڕێزدار دکتۆر ئەحمەد وەرتی، فەرموو.

بەڕێز د. احمد ابراهیم علی(وەرتی):

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

سەرەتا بەخێرهاتنی وەزیری ناوخۆ دەکەم، من چوار پرسیارم هەیە، پرسیاری یەکەم بەپێی قسەی لیژنەی ئەمنی قەزای زاخۆ، ڕووداوەکانی 2011/12/2 دوای نوێژی هەینی قەوماون، کاتژمێر 11ی شەو کۆتاییان هاتووە، وەك لەڕاپۆرتی لیژنەی هاوبەشی پەرلەماندا هاتووە کە بۆ ئەو دەڤەرە چوون، پرسیارەکە ئەوەیە بۆ لەو ماوە زۆرەدا نەتواندرا کۆنترۆڵی بارودۆخەکە بکرێت، لەلایەن هێزەکانی ناوخۆ و ڕێگە نەگیرا لەپەرە نەسەندنی ڕووداوەکان؟، دیارە بەڕێز وەزیری ناوخۆ ئاماژەی دا بە مەسەلەکە، بەڵام لێرەدا مەبەستی من ئەوەیە مەوداکە زۆر بووە لەنێوان سەرەتای دەست پێکردنی ڕووداوەکان تا سەعات 11ی شەو بەپێی ئەوەی کە لەڕاپۆرتی لیژنەی هاوبەشی پەرلەماندا هاتووە، ماوەکە زۆرە بۆ لەو ماوەیە دا نەتواندرا ڕێگە لەپەرەسەندنی ئەو ڕووداوانە بگیرێت؟، پرسیاری دووەم: هەر بەپێی وتەی لیژنەی ئەمنی زاخۆ لەناو سەنتەری شار 80 پۆلیسی فریاکەوتن هەیە، کە نیوەیان لە واجبدا بوون، وە 60 ئاسایشیان هەبووە، هەروەها بەنیسبەت سیمێلیش دیسان وتراوە کە 40 پۆلیس و 40 ئاسایشیان هەیە، نەیانتوانیوە بەو ژمارە کەمە کۆنترۆڵی تەواو بکەن، باشە ئەگەر ژمارەکە کەم بوو، بۆچی لەشوێنی ترەوە لە پارێزگاوە هێزی تر ڕەوانە نەکرا بۆ کۆنترۆڵ ˇ کردنی بارودۆخەکە؟، ئەگەر نا بۆچی ژمارەکان زیاد ناکەن؟، تا لەحاڵەتی وادا ڕەوشەکە لەدەست دەرنەچێت، ئەگەر ئەم پاساوانە بۆ قەزاو شوێنەکانی تر دروست بن، ئەی بۆ ناو دهۆك کەپەلاماری بارەگاکانی یەکگرتوو دراوەو سووتێندراون بۆچی ڕێگای لێ نەگیراوە؟، وە کۆنترۆڵ نەکراوە؟، سەرباری بوونی پێشێلکاری بەرامبەر بە ڕۆژنامەنووسان و دەستگیر کردنیان، کە لەدوا ڕاپۆرتی لیژنەی داکۆکی کردن لە ماف و ئازادی ڕۆژنامەنووسان لەسەندیکای ڕۆژنامەنووسان ئاماژە بەو پێشێلکارییانە کراوە کە بەرامبەر بە ڕۆژنامەنووسان کراوە؟، پرسیاری سێیەم: تا ئێستا هەست بەجیاوازی کاری وەزارەت و هێزەکانی ناوخۆ دەکرێت، لەهەولێر ولە سلێمانی، بۆچی کارەکانتان یەك نەخستووتەوە لەکاتێکدا حکومەتی یەکگرتووی هەرێم هەیە؟، بەحساب حکومەتی هەرێمی یەکی گرتووەتەوە، بەڵام لە زۆربەی هەڵوێست و کارەکاندا سەبارەت بە هەڵوێست و بەڕووداوەکان، یان کارەکان هەست بەجیاوازی دەکرێت، جەنابتان ئاماژەتان

بەهەندێ زیادەڕۆیی کرد، کە زۆرجار زیادەڕۆیی دەکرێت، ئایا ئەو زیادەڕۆییانەش چین؟، پرسیاری چوارەم: بەپێی بڕیارە 9 خاڵییەکەی پەرلەمان سەبارەت بە ڕووداوەکانی بادینان، دەبێت حکومەت ئەو بەرپرسە ئیداری و ئەمنیانە کە کەمتەرخەم بوون لەو ناوچانەدا دەبێت سزا بدات بەهۆی کەمتەرخەمییانەوە کە نەتواندراوە بەر بەو ڕووداوانە بگرن، ئێوە لەوبارەوە وەکو وەزارەت چ هەنگاوێکتان ناوە؟، یەعنی ئیجرائاتی ئیداری خۆتان وەکو ئاشتی خان ئاماژەی پێدا، بڕگەی دووەمی ئەو پرسیارەم، تایبەت بوو بە ڕاگەیاندنی ئەنجامەکانی لێژنەی لێکۆڵینەوەی بەڕێز سەرۆکی هەرێم، کە ئەوە ڕاگەیەندرا، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

زۆر سوپاس، بەڕێز جەنابی وەزیر، فەرموو.

بەڕێز کریم سنجاری (وەزیری ناوخۆ):

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

زۆربەی پرسیارەکان وەڵام درایەوە بەڕاستی، دووبارەو سێ بارەو چوار بارەیە، بەڵام هەر بەکورتی وەڵامی دەدەمەوە، پرسیاری یەکەم: کەمی ژمارەی هێزەکانی پۆلیس و نەگەیشتنیان بۆ شوێنی ڕووداوەکان، بەهۆی ڕێگری و بەربەستی هاوواڵتیان و پەلاماردانیان هۆکاری ئەو کۆنترۆڵ نەکردنە، کە گەیشتنە ئەوێ یەکسەر کۆنترۆڵیان کرد، پرسیاری دووەم: لەپارێزگای دهۆك هێزی پۆلیس و بەرگری شارستانی بۆ هاوکاری کردن چوون، بەڵام بەهۆی گرفتی هاتوچۆ لەنێوان گەلی زاخۆو بازگەکە کە تەنها ڕێگایە ئەو هێزانە نەیانتوانیوە بەخێرایی بگەنە شوێنی ڕووداوەکە، لەکاتی گەیشتنیان کۆنترۆڵی بارودۆخەکەیان کردووە، بەتەئکید ئەو بەرپرسانەی کە کەمتەرخەم بوون سزای یاسایی و ئیداری دەدرێن، پرسیاری سێیەم: ئەرك و فەرمانەکانی پۆلیس لەدەڤەری سلێمانی و هەولێر بەیەك شێوەو بەپێی یەك ڕێنمایی ڕێکخراوەو جیاوازییان تێدا ناکرێت، پرسیاری چوارەم: سەرباری هەستانی لیژنەی باڵای لێکۆڵینەوەی هەرێمی کوردستان لەڕووداوەکان و پێشنیارەکان وەزارەتی ناوخۆش لیژنەیەکی نارد بۆ ئەو دەڤەرەو دەستنیشانی کەمتەرخەمانی لە بەرپرسەکانی وەزارەتی ناوخۆ کردووە، کاری پێویستیش بەپێی یاسا ئەنجام دەدرێت، ئێمە ئیجرائات وەردەگرین، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

زۆر سوپاس، دکتۆر ئەحمەد تەعقیبت هەیە، فەرموو.

بەڕێز د. احمد ابراهیم علی(وەرتی):

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بەڕێز جەنابی وەزیر سەبارەت بە نەگەیشتنی هێز، دیارە ئەڵێت لەبەر ئەوەی کە نەگەیشتوونەتە ئەوێ، یەعنی سەعات 11ی شەو کۆتایی هاتووە، یەعنی ماوەکە زۆر زۆر بووە، بۆ ئەو هێزانە نەیانتوانیوە لە دهۆکەوە بگەن، ئەمە یەکەم، پرسیاری دووەم: جیاوازی لەنێوان هەڵوێست و کارەکانی وەزارەتی ناوخۆ، ڕاستە یاسا یەکە، بەڵام هەست بە جیاوازی دەکرێت، وەکو ئەوەی کە جەنابیشت ئاماژەت بەهەندێ زیادەڕۆییدا، پرسیارەکە لێرەدایە، یاساکە یەکە، بەڵام هەڵوێست و کارەکان جیاوازی تێدا بەدی دەکرێت، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، جەنابی وەزیر، فەرموو.

بەڕێز کریم سنجاری (وەزیری ناوخۆ):

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

یاسا یەکە، یاساکەش تەتبیق کراوە، ئێمە هەوڵ دەدەین بەزووترین کات، ئێوە بزانن دوو وەزارەتی ناوخۆ هەبووە، بەدوو تەعلیمات ئیشی کردووە، بەدوو جیاوازی ئیشی کردووە، بەیەك ڕۆژ ناتوانیت هەمووی بکەیت بەیەك، مەشاکیل هەیە، بەڵام ئەوە خەریکین ئێستا ئەو یاسای کە ئێوە لێرە تەصدیقتان کرد، گەورەترین هاندەرە بۆ ئێمە کە هەموو ئیجرائات و تەتبیقاتێك ببێت بەیەك، ئومێدی ئێمە ئەوەیە هەوڵ دەدەین کە هەمووی ببێت بەیەك، کەموکوڕی دەبێت لێرە و لەوێ بەڵام ئامانجی کۆتایی یەکە، خاڵی دووەم، سەعات 11 نەبوو، پێش سەعات 11 کۆنترۆڵی وەزعەکە کرا، کە هێزەکان داخڵی زاخۆ بوون بەماوەی سەعاتێك، دوو سەعات کۆنترۆڵی وەزعەکەیان کرد، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، ڕێزدار بێریڤان سەرهەنگ، فەرموو.

بەڕێز بێریڤان اسماعیل سەرهەنگ:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

من تەنها یەك پرسیارم هەیە، جەندین لە ژنانی صالۆنەکانی شاری هەولێر، ئاگادار کراونەتەوە کە کامێرا دابنێن لە صالۆنەکانیان، بەپێی ڕێنماییەکانی پارێزگای هەولێر بەمەرجێك ئەم ڕێنماییە لەشاری دهۆك و سلێمانیدا نیە؟، بۆیە چەندین خاوەن صالۆن پەیوەندیان پێوە کردووم ناڕازین لەو بڕیارە، چونکە ئەوە گومان لەلای ئافرەت دروست دەکات، پرسیار ئایا بەڕێزت ئاگاداری لەم ڕێنماییە کە پێشکەش کراوە بەدانانی کامێرا لە صالۆنەکانی ژنان، مەبەست چیە لەدانانی کامێرا؟، بۆ؟ ئایا ئەمە شتێکی بە ڕاست دادەندرێت، ئایا ئەگەر وایە بۆ تەنها لە هەولێر؟ بۆ بەس بۆ ژنان؟، ئەگەر بۆ ئەمن و ئاسایشە، صالۆنی ژنان جێگای تاوانباران نیە، بۆچی لە صالۆنی پیاوانیش دانادرێت، ئایا ئەوە پێشێل کردنی مافی مرۆڤ نیە؟، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، جەنابی وەزیر فەرموو.

بەڕێز کریم سنجاری (وەزیری ناوخۆ):

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

خوشکە بێریڤان وا بزانم بۆ هەمان مەبەستیش تەلەفۆنت بۆ پارێزگار کرد، وەڵامیشی دایتەوە، بەڵام بەپێی بڕیارێکی لیژنەی ئەمنی پارێزگا، داوا کراوە لەسەرجەم ئوتێلەکان، چێشتخانەکان، مۆڵەکان، شوێنە گشتیەکان، بەمەبەستی هاوکاری کردن لە پاراستنیان کامێرا لەدەرەوەی شوێنەکانیان دابنێن، بۆ چاودێری و پاراستنی ئەمنیەتیان، ئەوەش ئیجباری نیە، بەڵام بۆ سەلامەتی شوێنەکەو بەرژەوەندی گشتیە، بەڵام

ئەگەر حاڵەتێك هەبێت لەناو صاڵۆنیان دانابێت، ئەوە پێمان بڵێ، بەڵكو خاوەن صاڵۆنەكە خۆی داینـاوە تا ئێمە ئیجرائاتی لەگەڵ بكەین، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:

سوپاس، بێریڤان خان تەعقیبت هەیە، فەرموو.

بەڕێز بێریڤان اسماعیل سەرهەنگ:

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.

بەڵێ جەنابی وەزیر چەند صاڵۆنێك پەیوەندیان پێوە كردم، تەئكیدیان كردۆتەوە كە ئیجباریان كردوون دوو كامێرا دابنێن یەك لەدەرەوە یەكێكیش لەژوورەوە، من بەخۆم ئافرەتم تازە بەحەیاتم ناچمە صاڵۆن، چونكە صاڵۆنیش وەكو مۆبایلی لێ هاتووە كە چەند ژنێك بكوژرێت لەبەر صاڵۆن، ئەوە شتێكی نا ئینسانیە، بۆ لە صاڵۆنی ژنان چی دەكرێت، تا كامێرا دابندرێت، گەر بۆ ئەمن و ئاسایشە بۆ دەرەوەش بێت من هەر قبوڵم نیە، ئەگەر ژن خۆی ڕازی نەبێت لێی دابندرێت، بۆ دای دەنێن، سوپاس.

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:

سوپاس، جەنابی وەزیر فەرموو.

بەڕێز كریم سنجاری (وەزیری ناوخۆ):

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.

تەبیعی منیش وەكو تۆ دژی ئەوەم، كە لەداخلی صاڵۆن دابندرێت، بەڵام با پێت بڵێم، پاش دانانی كامێرا لە مۆڵ و شوێنە گشتیەكان، لە صاڵۆنەكان، زۆر تاوان كەشف بووە، زۆر كاری پۆلیسی ئاسان كردۆتەوە، نموونەمان زۆرە، بەڵام هەر صاڵۆنێك نەیەوێت دای بنێت، ئەوە ئیجباری نیە، ئەوە ئیختیاریـیە، پێم بڵێ فلان صاڵۆن ئیجباریـیە بەنامە بۆم بنووسە، بۆ ئەوەی ئێمە ئیجرائاتی یاسایی وەربگرین لەگەڵ ئەوانەی كە ئیجباریان كردووە كامێرا دابنێت، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:

زۆر سوپاس، ڕێزدار فاضل حسن اسماعیل، فەرموو.

بەڕێز فاضل حسن اسماعیل:

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.

وەڵامی پرسیارەكانم وەرگرت، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:

زۆر سوپاس، ڕێزدار زكیە سەید صالح، فەرموو.

بەڕێز زكیە صالح عبدالخالق:

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.

لەسەرەتادا بەخێرهاتنی جەنابی وەزیر و هاوكارانی دەكەم، بەڕاستی من هەشت پرسیارم هەبوو، شەشیان جوابی دراوەتەوە، بەس دووانیان ماوە، یەكەم: ئێمە دەزانین بەگوێرەی دەستووری عێراق، هەر هاوواڵاتیەك

مافی ئەوەی هەیە کە پەساپۆرت وەربگرێت، بەس جیاوازی ڕەگەزی هاتوەتە کایەوە لە جێبەجێکردنی ئەوەدا، ئەویش ئەوەیە کە کاتێك ئافرەت دەچێت پەساپۆرت دەربکات، دەڵێن دەبێت وەلی ئەمری لەگەڵ بێت، من نازانم تاچەند ئەوە چارەسەر کراوە؟، هەرچەندە بەر لەوەی ڕاپۆرتەکە بێتە ڕاگەیاندن من ئەو پرسیارەم کرد و تاڕادەیەکش جوابی ئەوەم وەرگرتەوە، پرسیاری دووەم: لە یاسای ڕەگەزنامەی عێراقیدا کە دەزانین لە 2006 دەرچووە، دەستووری عێراقیش لەدواییدا لەساڵی 2006 هاتە جێبەجێکردن، لەبەر ئەوە هەندێ ئەحکام هەیە لەو یاسایەدا کە لەگەڵ دەستووری عێراقدا ناگونجێت، هەرچەندە دەرچوونی یاسای ڕەگەزمانە تابعی حکومەتی عێراقە، من دەمەوێت بزانم وەکو وەزارەتی ناوخۆ چ هەماهەنگیەك هەیە لەگەڵ حکومەتی فیدڕال بۆ تەعدیلات تا بیخەنە ناو ئەم یاسایەی کە ئێستا هەیە؟، چونکە بەڕاستی هەندێ ئەحکامی تێدایە لەگەڵ دەستووری عێراقدا ناگونجێت، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

دەستوور ساڵی 2005 بوو، نەك ساڵی 2006، فەرموو.

بەڕێز زکیە صالح عبدالخالق::

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

جێبەجێکردنەکەی لەساڵی 2006 بوو، من تەئکیدم کردۆتەوە کە لە کۆتایی ساڵی 2006 جێبەجێکراوە، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، بەڕێز جەنابی وەزیر، فەرموو.

بەڕێز کریم سنجاری (وەزیری ناوخۆ):

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

پێدانی پاسپۆرت بڕیارێکی حکومەتی فیدڕالە، هەموو مەرجانیش لەوێوە دەردەچێت، وە پێدانی ژمارەی پاسپۆرتیش لەڕێگای ڕەزامەندی ئەلکترۆنیەوە واتە کۆنترۆڵ لەدەست ئێمەدا نیە، بەڵام لەهەفتەی ڕابردوو بڕیارێك لە حکومەتی مالیکیەوە دەرچوو، هەر ئافرەتێك تەمەنی 18 ساڵی تەواوکرد بۆی هەیە داوای وەرگرتنی پاسپۆرت بکات بەبێ ڕەزامەندی کەسوکار، ئێستاش لەهەرێم پەیڕەو دەکرێت، ئێمەش زۆر هەوڵماندا بەڕاستی بۆ ئەو مەوزوعە، خاڵی دووەم، بەڕاستی زەکیە خان، مەبەستتان ڕوون نییە کام ئەحکام و ماددە لەم یاسایە؟، بەڵام دەمەوێت بە بەڕێزتان بڵێم هەموو ئیشوکارەکانی تایبەت بە ڕەگەزنامەو پەنابەری ونشینگە بە گوێرەی ماددەی 110 لەدەسەڵاتی حەسری حکومەتی فیدڕالدایە، یاسای ژمارە 26 ساڵی 2006، لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دەرچووە، خۆتان دەزانن ئێمە لە هەرێم ناتوانین هەمواری بکەین، بەڵام دەتوانین پەسەندی یاساکە بکەین، یان بەشێك لەماددەو بڕگەکان وەربگرین، ئەویش بڕیاری پەرلەمانی کوردستان دەبێت، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، ڕێزدار گوڵیزار قادر، فەرموو.

بەڕێز گوڵیزار قادر اسماعیل:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بەخێرهاتنی جەنابی وەزیر ومیوانە بەڕێزەکان دەکەم، دیارە من دوو پرسیارم هەبوو، پرسیاری یەکەم، دەربارە ڕووداوەکانی بادینان، جەنابی وەزیر وەڵامی دایەوە، پرسیاری دووەم: ئایا زەمانەت چیە، جارێکی تر ئەوانەی کە ڕوویاندا لە سلێمانی و بادینان کە دووبارە نابێتەوە؟، ئایا هێزەکانی ئەمنی لە چاکسازیدان یان لەئامادە باشیدان بۆ ئەوەی جارێکی تر ئەوانە دووبارە نەبنەوە؟ سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، جەنابی وەزیر فەرموو.

بەڕێز کریم سنجاری (وەزیری ناوخۆ):

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

لەکاتی ڕووداون وهەبوونیی هەر زانیارییەک لەسەر هەر ڕووداوێك هێزەکانی پۆلیس دەخرێنە حاڵەتی ئامادەباشییەوە، بەڵام مەسەلەی گرەنتی، دەگەڕێتەوە بۆ خودی هاوواڵتیان و لایەنەکان کە حەق وایە بەر لە ئەنجامدانی هەر خۆپیشاندانێك بەلایەنی کەمەوە ئاگادارمان بکەنەوە، تاوەکو ڕێڕەوی خۆپیشاندانەکە بپارێزین لەهەموو کردەوەیەکی تێکدەرانە، وە لێشت ناشارمەوە، ئەم حەوادسی ئەخیرە ئێمە دیراسەیەکی باشی دەکەین کەموکوڕیەکان دەبینین کە چیە، وەلەسەر ئەساسی ئەوە پلانی تازە دادەنێین، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، ڕێزدار عەونی بەزاز، فەرموو.

بەڕێز عونی کمال بەزاز:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

من سێ پرسیارم ئاراستەی جەنابی وەزیر کرد، سەبارەت بە پرسیاری سێیەمم وەڵامەکەم وەرگرتەوە، تەنها 2 پرسیار دەمێنێتەوە، یەکەمیان: دانیشتوانی گەڕەکەکانی عەرەب، تەعجیل، خانەقا، تەیراوە، لەشاری هەولێر کێشەیان هەیە سەبارەت بە بابەتی قەرەبوو کردنەوە، کە بەبڕیارێکی حکومەت دەست بەسەر مولکەکانیان گیراوە، کە لە فەرمانگەی تاپۆ بەناوی خۆیان تۆمار کراوە، وە لەبەرامبەریشدا کرێچیەکان بە پارچە زەوییەك قەرەبوو کراونەتەوە، لەلایەن حکومەتەوە، بەڵام ئەوان بێبەش کرابوون لەو قەرەبوو کردنەوەیە، وە بێ حاڵ و ماڵ ماونەتەوە، وەهیچ سەرچاوەیەکی داهاتیان نیە بۆ گوزەرانی خێزانەکانیان، وە قفڵ کردنی خانووەکانیان کە بەکرێ دراون لەلایەن خاوەنەکانیانەوە دوای دەرکردنی کرێچیەکان بێ ئەوەی خاوەن مولکەکانیان قەرەبوو بکرێنەوە، یان خانووەکانیان ئیستیملاك بکرێت، واتە مولکیان حجز کراوە، لەهەمان کاتیشدا ئەو واریداتەو داهاتەی کە بۆی دەهات لەئەنجامی بەکرێدانی مولکەکەی بۆی نەماوە، لێی مەحروم بووە، سەبارەت بەم بابەتە لیژنەی یاسایی بەنووسراوی ژمارە(242) لە 7/31/ 2011، ئاماژەی بەوە کرد کە بەپێی ماددەی (23)لە دەستووری هەمیشەیی عێراق مافی مولکایەتی پارێزراوە، نابێ کەس مولکی لێ زەوت بکرێت پێش ئەوەی قەرەبوو بکرێتەوە، وە پارەی خۆی وەربگرێت،

یان قەرەبوو کردنەوە بەپارچە زەوییەك، بەپێی یاسای ئیستیملاکی ژمارە(12)ی ساڵی 1981 بەرکار لەهەرێمی کوردستان، هەرچەندە ئەمانە دەتوانن قەرەبوو لەحکومەت و ئەو دەزگایانە وەربگرن کە مولکەکانیان حجز کردوون، وە کرێچیەکانیان دەرکردووە، بێ ئەوەی ئیجرائاتی یاسایی وئسولی ئەنجام بدەن، وە قەرەبووی ئەو خاوەن مولکانە بکەنەوە، لیژنەی یاسایی پێشنیاری کرد کە نووسراوێك ئاراستەی وەزارەتی ناوخۆ بکرێت، بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە بەزووترین کات، بۆ ئیستیملاك کردنی مولکەکانیان بەپێی یاساکانی کارپێکراو لە هەرێمدا، بەڵام تا ئێستا هیچ نەکراوە ئایا وەزارەت چی لەبەردەمدایە بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە؟، بەتایبەتی ئەگەر ئەم حاڵەتە بەردەوام بێت، قورساییەکی دارایی قورس دەکەوێتە سەر حکومەت، چونکە ئەوان دەتوانن داوای (اجر مثل) واتە کرێی هاوتا بکەن لەحکومەت، پرسیاری دووەم: ئاشکرایە لای هەموومان کەوا ڕووداوەکانی هاتوچۆ زۆربەی زۆری لەئەنجامی بەپەلە لێخوڕینی ئۆتۆمبیل و سەرپێچی کردنی یاساو ڕێنماییەکانی هاتوچۆیە، ژمارەی ئۆتۆمبیلەکان تۆمار دەکرێت بەهۆی ئامێرەکانی کۆنترۆڵ کردنی ڕێگاوبانەوە دەستخۆشی لە وەزارەت دەکەین بۆ ئەم مەبەستە، بەس پرسیارەکەم ئەوەیە، ئایا ناتواندرێت مەفرەزەکانی کە لەکۆنترۆڵ ئیش دەکەن، خەبەری مەفرەزەکانی تری پێشوو بدەن لەکاتی سەرپێچی کردنی یاسایی، واتە غەرامەکانیش بەفەوری وەربگیرێت، لەجیاتی ئەوەی کە تۆمار بکرێت بەقەرز، ئەگەر بەقەرز بێت کەس لە قەرز ناترسێت، دەڵێن کەی موڕاجەعەی دائیرەی هاتووچۆمان کرد ئەوکاتە غەرامەکە دەدەین، بەڵام ئەگەر هاتو فەوری وەربگیرێت ئەمە وابزانم زیاتر خەڵك ئیلتیزام دەکات بەیاسا وڕێنماییەکانی هاتووچۆ، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، بەڕێز جەنابی وەزیر فەرموو.

بەڕێز کریم سنجاری (وەزیری ناوخۆ):

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

پرسیاری یەکەم: ئەوەی گەڕەکەکانی عەرەب، تەعجیل، خانەقا، تەیراوە، بەڵێ لەبەشێکی گەڕەکی خانەقا، چەند خانوویەك لە تەعجیل و عەرەب خانووەکان خەریکی دارمان بوون، وە زۆر کۆن بوون، کەڵکی ژیان وگوزەرانیان نەمابوو، وە چەند جارێك لەچاوی کامیراکان پیشاندران، بۆیە وەك هەڵمەتێکی بەدواداچوون کرێچیەکانی ئەم خانووانە لەلایەن پارێزگای هەولێرەوە بانگ کران، یەکی پارچە زەوییەکیان پێدرا تاکو لەم بارودۆخە نالەبارە ڕزگاریان بێت، وە داوا لەخاوەن مولکەکان کرا کە نابێت بەم شێوەیە خانووەکانیان بەکرێ بدەن، کە بەکەڵکی ژیان نایەت، تاکو تەعمیری دەکەنەوە، بۆ ئەم مەبەستەش بەڵێن نامەیان لێ وەرگیراوە، ئەوانیش داواکارن کە خانووەکانیان ئیستیملاك بکرێت و قەرەبوو بکرێنەوە، بەڵام صنفی خانووەکان تاکو ئێستاش بەسەکەنی ماوەتەوە، ناتوانین قەرەبوویان بکەینەوە، تەملیك کردنی ئەم خانووانەش پێویستە لەڕێگەی وەزارەتی شارەوانیەوە بێت، پرسیاری دووەم: تیژڕەوی لەهۆکارە سەرەکیەکانی ڕووداوی هاتوچۆیە کە لەئەنجامدا ڕووداوی دڵتەزێنی لێ دەکەوێتەوە، بۆ ئەم مەبەستە

کۆبوونەوەی داهاتوومان دوو سبەی دەبێت واتە ڕۆژی 2011/12/31، سەعات 10 لێرە ئامادە بن بۆ ئەوەی دەنگدان لەسەر دریژکردنەوەی خولەکە ئەنجام بدرێت، تا ئەوکات بەخواتان دەسپێرم.

فرست احمد عبدالله
سکرتێری پەرلەمانی
کوردستان – عێراق

د. ارسلان بایز اسماعیل
جێگری سەرۆکی پەرلەمانی
کوردستان – عێراق

محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی)
سەرۆکی پەرلەمانی
کوردستان - عێراق

پەرلەمانی کوردستان - عێراق

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (23)

شەممە رێکەوتی 31\12\2011

خولی سێیەمی هەڵبژاردن

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (23)

شەممە رێکەوتی 2011/12/31

کاتژمێر (10)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی شەممە رێکەوتی 2011/12/31 پەرلەمانی کوردستان - عێراق بە سەرۆکایەتی بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی) سەرۆکی پەرلەمان و, بە ئامادەبوونی بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبدالله سکرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژمارە (23)ی خولی سێیەم, ساڵی (2011) ی خۆی بەست.

بەرنامەی کار:

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی ماددە (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموارکراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق, دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری درا دانیشتنی ژمارەی (23)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کات (10)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی شەممە رێکەوتی 2011/12/31 دا بەم شێوەیە بێت:

1 - بەردەوام بوون لەسەر گفتوگۆکردنی ئەم پێشنیارە یاسایانەی خوارەوە:

أ- پێشنیاری یاسای مافەکانی کەمئەندامان و خاوەن پێداویستیە تایبەتەکان لە هەرێمی کوردستان.

ب- پێشنیاری یاسای گرنگیدان بە کەمئەندامان و خاوەن پێداویستیە تایبەتەکان.

ج- پێشنیاری یاسای چاودێری کردن و شیاندنی خاوەن پێداویستیە تایبەتەکان لە هەرێمی کوردستان.

د- پێشنیاری یاسای مافەکانی کورتە بالآکان لە هەرێمی کوردستان.

هـ- پێشنیاری یاسای تایبەت بە کورتە بالآکان لە هەرێمی کوردستان.

2- وتاری سەرۆکی پەرلەمان بەبۆنەی کۆتایی هاتنی خولی گرێدانی یەکەمی پەرلەمان.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.

بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتنەکەمان دەکەینەوە، خولی سێیەمی هەڵبژاردن، ساڵی سێیەم، خولی گرێدانی یەکەم، ژمارەی دانیشتن (23)، رۆژی دانیشتن 2011/12/31، بەرنامەی کار:

بەپێی حوکمەکانی بڕگەی (1)ی ماددەی (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار کراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (23)ی ئاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کاتژمێر (10)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی شەممە ڕێکەوتی 2011/12/31، بەم شێوەیە بێت:

1- بەردەوام بوون لەسەر گفتوگۆکردنی ئەم پێشنیارە یاسایانەی خوارەوە:

أ- پێشنیاری یاسای مافەکانی کەمئەندامان و خاوەن پێداویستیە تایبەتەکان لە هەرێمی کوردستان.

ب- پێشنیاری یاسای گرنگیدان بە کەمئەندامان و خاوەن پێداویستیە تایبەتەکان.

ج- پێشنیاری یاسای چاودێری کردن و شیاندنی خاوەن پێداویستیە تایبەتەکان لە هەرێمی کوردستان.

د- پێشنیاری یاسای مافەکانی کورتە بالأکان لە هەرێمی کوردستان.

هـ- پێشنیاری یاسای تایبەت بە کورتە بالأکان لە هەرێمی کوردستان.

2- وتاری سەرۆکی پەرلەمان بەبۆنەی کۆتایی هاتنی خولی گرێدانی یەکەمی پەرلەمان.

ئێستاش داوا لە لیژنەی یاسایی و لیژنەی کۆمەڵایەتی و لیژنەی دارایی دەکەین کەرەم بکەن بۆ سەر مەنصە، نوقتەی نیزامیت هەیە؟ فەرموو.

بەڕێز سۆزان شهاب نوری:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بەپێی ئەو بەرنامە کارە بێت، ئێمە وەکو فراکسیۆنی کوردستانی داوا دەکەین ئەو بڕگەی دووەمە، کە وتاری جەنابتە بەبۆنەی کۆتایی هاتنی خولی گرێدانی یەکەمی پەرلەمانەوە بگۆڕدرێت بۆ دەنگدان لەسەر دریژکردنەوەی خول و، ئێمە لەگەڵ ئەوە داین.....

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

تکایە، ئێستا لە خاڵی یەکەمین، کەی هاتینە ئەوێ، ئینجا رەئی خۆتان بدەن، بڕگەی دوو دەخوێنینەوە، ئینجا پێشنیار هەبێت بۆ دریژکردنەوە، بۆ کۆتایی هاتن، فەرموو.

بەڕێز سۆزان شهاب نوری:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

هۆکارم هەیە بۆ ئەم قسە کردنە، بۆ ئەوەی ئێمە دەست نەکەین بە بڕگەی یەکەم و ماوە بدەین، چونکە ئەوەی من ئاگادارم دوێنێ شەو هەتا سەعات (11)ی شەو بەڕێزان لێرە ئامادە بوون، بۆ ئەوەی راپۆرتەکە

تەواو بکەن، بۆ ئەوەی هیچ کەموکورتیەك لە راپۆرتەکە نەبێت، هیچ کەموکورتیەك لە یاساکەدا نەبێت، بۆیە ئەگەر هاتو ئێمە بڕیاری ئەوە بدەین خولەکە درێژ بکەینەوە لە پێشدا، بێگومان لە هەفتەی داهاتوودا، بڵێین دوای پشووی سەری ساڵ رۆژی 1/1 دەستمان پێ کردەوە بە دەوام، ئەو یاسایە زۆر بە تێروتەسەل تر بەبێ نوقصانی، بەبێ کەموکورتی ئێمە دەتوانین لە گفتوگۆیەکانی بەردەوام بین و دەنگی لەسەر بدەین، لەبەر ئەوە من یەك پێشنیارم هەیە بۆ جەنابت، ئێمە داواکارین پشوو وەرنەگرین بە هیچ جۆرێك، بەڵام داواکارین لە سەرۆکایەتی پەرلەمان، دەزانم ئەمە لە پەیڕەوی ناوخۆ بەو شێوەیە نییە، بەڵام داواکارین لە پەرلەمان دوو مانگەکە دەوام بکەین، بەڵام مانگی سێ لەبەر ئەوەی عوتلەیەکی زۆری تیایە، ئێمە پشووەکەمان لە مانگی سێدا وەرگرین و، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

ئەوە موخالیفی پەیڕەوی ناخۆیە، ناتوانین، ئەگەر بتانەوێت تەمدیدی بکەن حەقی ئەوەتان هەیە بە دوو لەسەر سێی دەنگی ئەندامانی پەرلەمان، تەنها یەك مانگ تەمدید بکەن، لە هەفتەیەك تا مانگێك، فەرموو کاك کاردۆ.

بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

با پێشنیارەکانمان لە پەرچەکردار نەبێت، بەڵکو لە بەرژەوەندی پەرلەمان و ژیانی خەڵك و یاساکان بێت، ئێمە لەگەڵ درێژکردنەوەیەکین، ئەگەر چەند یاسایەك هەیە لە بەرژەوەندی ژیانی خەڵك دایەو پەیوەندی بە تۆێژێك هەیە درێژ بکرێتەوە، ئەگەر هەر بۆ دەوامێکی شکلی بێت، ئێمە لەگەڵ درێژکردنەوە نین، بە مەرجێك لەگەڵ درێژ کردنەوەین، کە خزمەتی یاسایەك بکات، یان ئەو یاداشتانەی کە داومانە پەیوەندی بە پێشنیارەکانی خەڵکە، هەموو پەرلەمانتارانی بەڕێز ئێمە دەبوایە لە فەسڵی تەشریعی هەموو ئەو یاسایانەی پێویستە تەواومان کرد بوایەو هەموو ئەو یاداشت و پرسە گشتیانەی کە پەیوەندی هەیە بە بەرنامەی کار، بە هەر هۆکارێك بێت سەرۆکایەتی تێدا بەرپرسیارە، بەڵام ئێستاش ئێمە لەگەڵ درێژکردنەوەیەکین، کە چەند یاسایەکی گرنگ هەیە لە کوردستان وەکو بەشێك لە بودجە، بۆ نموونە، حیسابی خیتامی، راپۆرتی تەواو بووە، دەبێت بخرێتە بەرنامەی کار.

دوو/ یاسای زانیاریەکان، لێبووردنی گشتی، یاسای ماموستایان، بەڵێ لەگەڵ ئەو درێژ کردنەوەین و پێداگیری لەسەر دەکەین و، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

زۆر سوپاس بۆ جەنابت، یەکەم/ سەرۆکایەتی لێی بەرپرسیار نییە، هەموو ئێوەی بەڕێز، ئەندامانی پەرلەمان لە لیژنەکان، ئێوە بەرپرسیارن، (74) پرۆژە زیاتر لە شەش مانگ، تا سالێك لەبەردەستتانە، تەواوتان نەکردووە، راپۆرتان بۆ سەرۆکایەتی نەناردووە، سەرۆکایەتی لە بان هەوا ناتوانێت بێتن

موناقەشەی راپۆرتەکان بکات، بۆیە کەمتەرخەمیەکە لە خودی لیژنەکانە، لە خودی ئەندامانی پەرلەمانی گشت فراکسیۆنەکانە بەبێ جیاوازی، ئینجا دەچن بەر راگەیاندنەکان دەخەنە سەر سەرۆکایەتی، سۆزان خان کەرەم بکە.

بەڕێز سۆزان شهاب نوری:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

ئەم داواکارییەی من نە پەرچەکردارە، نە هیچ شتێك، من حەز دەکەم بۆ ئەوەی لەلای هەمووان روون بێت، بۆ نموونە، ئەم یاسای کەمئەندام و خاوەن پێداویستیە تایبەتەکان، ئەمە پێنج دانە یاسایە، هەمووی دوو رۆژە، رۆژی چوارشەممە سەعات (9)ی شەو لە کۆبوونەوە بوویەتەوە، ئەم هەموو ئەندامە قسەی کردووە، پێشنیاری ئەم هەموو ئەندامانە وەرگیراوە، ئایا ئەگەر ئێمە داوا بکەین خولەکە درێژ بکرێتەوە، بۆ ئەوەی رای هەموو ئەندامان وەربگرێت و لە کۆتاییدا یەك راپۆرت بێت، ئەمە پەرچەکردارە؟.....

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

تکایە پێشنیارەکەی خۆت بدە، هەر کەسێك حەقی هەیە رەئی خۆی بدات، مەبەستیان جەنابت نەبووە، رەئی خۆت بدە بۆ تەمدیدەکە، تکایە، فەرموو.

بەڕێز سۆزان شهاب نوری:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

تەنها من قسەم کرد بوو و پەرچەکرداریش نییە، ئەوە بۆ ئەوەی بزانرێت، بۆیە داواکارم لە پێشدا درێژکردنەوەکە بخرێتە دەنگدانەوە، بۆ ئەوەی ئێمە لەو کاتەی کە خولەکە درێژ دەکەینەوە بەردەوام بین لە موناقەشە کردنی ئەو یاسایە، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

بەڕێزان، لیژنەی هاوبەش کەرەم بکەن، فەرموون بۆ شوێنی خۆتان، رێزدار دکتۆرە رۆژان کەرەم بکە.

بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

لەبەر ئەوەی من لە کۆبوونەوەکەی دوێنێ بەشدار نەبوومە، ئاگادار نیمە لەسەر چ رێکەوتوونە، بۆیە ناتوانم بڕیم لەوێ نوێنەرایەتی لیژنەکە بکەم، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

بزانێ لیژنەکان وا ئیشی خۆیان دەکەن، ئینجا دەڵێن خەتای سەرۆکایەتیە، باشە بۆچی؟ من هەتا سەعات (9)ی شەو لێرە لەگەڵ وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی، لەگەڵ سەرۆکی لیژنە، لەگەڵ ئەندامی لیژنە، لەگەڵ جێگری سەرۆکی لیژنەی یاسایی، لەگەڵ لیژنەی دارایی لێرە بووینە، بۆچی حازر نابن؟ سەلامەت بن، تکایە مەبەستم جەنابت نییە، پێداچوونەوە بە هەیکەلیەتی لیژنەکان بکرێت لە سەرۆك و جێگرو موقەریرو ئەندامەکانی، بۆ ئەوەی لەمەودوا یاسا لە 100٪ لەسەرتان تەتبیق دەکەین، ئەوانەی غائیب بن

بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ تەعامول لەگەڵیان دەکرێت، راپۆرتەکان لە لیژنەکان نایەتەوە، کە نایەتەوە لە ئیعلامیش وەڵلاً سەرۆکایەتی پەرلەمان ئیشەکان ناکات، کاکە ئیشی ئێوەیە، ئیشی لیژنەیە، ئەگەر لە هەموار کردنی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان ماددەیەك ئیزافە بکەن بە دەنگی ئێوەی بەڕێز، ئەگەر راپۆرتەکە لەو تاریخە نەهات عیقابی ئەمە بێت، ئەگەر ئێمەش ئیجرائاتمان وەرنەگرت، ئەوجا حەقتانە، لیژنەی یاسایی کەرەم بکەن، بەردەوام بن لەسەر بڕگە یەکی بەرنامەی کار، فەرموون.

بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

ئێمە وەکو نوێنەرانی لیژنەی هاوبەش، دوێنێ کۆبوونەوەمان ئەنجامدا بە ئامادە بوونی ڕێزدار جەنابی وەزیری کارو کاروباری کۆمەلأیەتی، لە ئەنجامی کۆبوونەوەکەدا توانیمان راو بۆچوونی ئەندامانی پەرلەمانی بەڕێز حەسر بکەینەوەو جیاوازی بکەینەوە:

یەکەمیان/ لەسەر ناونیشانی یاساکە.

دووەمیان/ لەسەر بڕگە بە بڕگەی ماددەکانی هەر پرۆژەکە کە ڕەئیان لەسەر دابوو.

لە ئەنجامی ئەو گفتوگۆیەی کە حەصرمان کرد، تەبیعی بەنیسبەت ناونیشانی یاساکە، سێ ڕاوبۆچوونی جیاواز هەبوو:

یەکەمیان/ دەڵێن قانونەکە ببێت بە (قانون حقوق وامتيازات المعاقين وذوي الاحتياجات الخاصة في اقليم كوردستان).

دووەمیان/ (قانون رعاية المعاقين في الاقليم).

سێیەمیان/ (قانون حقوق وامتيازات ذوي الاحتياجات الخاصة).

واتا ئێستا پێشنیار دەکەین یەکەم جار ناونیشانی قانونەکە یەکلایی بکرێتەوە لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانی بەڕێز، هەتا بتوانین ناوەڕۆکی قانونەکە، ناوەڕۆکی ماددەکانی قانونەکە بگونجێنین لەگەڵ ناونیشانی قانونەکە، بۆیە پێشینار دەکەم ئەو بابەتە یەکەم جار بخرێتە دەنگدانەوە، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

زۆر سوپاس، پێش ئەوە بەڕێزان، لە دەستپێکی گفتوگۆ لەسەر ئەو پرۆژە یاسایانەی کە هاتبوون لەو ڕاپۆرتەی بۆ ئێمە هاتبوو تاریخێك و ژمارەیەکی بە هەڵە نووسرا بوو، بۆیە بەدواداچوونم بۆی کردو حەقیقەتەکە دەرچوو دەمەوێت بۆ ئێوەی بەڕێز ڕوون بێت بەم شێوەیە، ئەم پرۆژە یاسایە لە ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی ئاماژەی پێ کراوە بە ژمارە (15984) لە ڕێکەوتی 2010/12/28، تەنها بۆ ئاگاداری ئێوە نووسراوێکە، سەبارەت بە یاسای چاودێری کردنی کەمئەندامان، لە ئەنجومەنی وەزیران ئاراستەی ئەنجومەنی شوورا کراوە بەو ژمارەیەو، کۆپیەکی دراوە بە پەرلەمانی کوردستان، ئەوە بۆ ئاگاداری ئێوەی بەڕێز.

یاسای (رعایة وتأهیل اشخاص ذوي الاعاقة لاقلیم کوردستان)، یەك/ لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بەنووسراویان ژمارە (2254) لە 2011/9/15 ئاراستەی پەرلەمانی کوردستان کراوە.

دوو/ لە دیوانی پەرلەمان بەڕێوەبەرایەتی کاروباری پەرلەمان لە رێکەوتی 2011/9/19 وارید کراوە، یەعنی فەرقەکە لە 9/15 هاتووە، لە 9/19 وارید کراوە.

لە دانیشتنی ژمارە (4) لە رێکەوتی 2011/10/3 خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە، بە نووسراومان (ك1236) لە 2011/10/5 ئاراستەی لیژنەکانی یاساو کۆمەلایەتی کراوە، یەعنی فەرقەکە تەنها سێ رۆژە، ببوورن تەنها دوو رۆژ، چونکە لە 10/3 خوێندنەوەی بۆ کراوە، لە 10/5 ئاراستە کراوە، بۆیە لە راپۆرتەکە بە سالێك فەرق هاتبوو، خەلەکە لێرە نەبوو، ئەوە ئەنجومەنی وەزیران بۆ ئەنجومەنی شووڕای ناردووە، بۆیە ئێمە لەسەر کۆپیەك ناتوانین بڵێین لێرە موناقەشەی بکەین، یان خوێندنەوەی بۆ بکەین و ئاراستەی لیژنەکان بکەین، حەزم کرد ئەم ڕوون کردنەوەیەتان بە گرنگ زانی بۆ ئێوەی بەڕێز بڵێم، ئێستا بەردەوام بن لەسەر کارتان، فەرموون.

بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

ئێستا دەبێت پێشنیاری ناونیشانی یاساکە بخرێتە دەنگدانەوە، ئایا ئەندامانی پەرلەمان کام ناونیشان هەڵدەبژێرن؟ سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

ئەو بەڕێزانەی کە گفتوگۆیان لەسەر ناوی پرۆژە کردووە، سێ بۆچوون هەبوو:

یەکیان/ دەڵێت (قانون حقوق وامتیازات المعاقین وذوي الاحتیاجات الخاصة في اقلیم کوردستان).

دوو/ (قانون رعایة المعاقین في الاقلیم).

سێ/ (قانون حقوق وامتیازات ذوي الاحتیاجات الخاصة).

ئەوەی ئەخیر رێژەیەکی ئەندامانی پەرلەمان پێشکەشیان کردووە، کە لەگەڵ ناوەڕۆکی پرۆژە یاسایەکەی حکومەت دووڕە، هەروەها لەگەڵ راپۆرتی لیژنەی هاوبەشیش دووڕە، بۆیە ئێمە ئەوەی سێیەم دەخەینە پێش دەنگدانی ئێوەی بەڕێز (قانون حقوق وامتیازات ذوي الاحتیاجات الخاصة)، وازیحە بۆتان، کێ لەگەڵ ئەوەیە ناوی پرۆژە یاساکە بەو شێوەیە بێت کەخوێندمانەوە (قانون حقوق وامتیازات ذوي الاحتیاجات الخاصة) دەستی بەرز بکاتەوە؟ (10) بەڕێز لەگەڵ، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ بەزۆرینەی دەنگ ئەو موقتەرەحە رەت کرایەوە.

یەکەم/ (قانون حقوق وامتیازات المعاقین وذوي الاحتیاجات الخاصة في اقلیم کوردستان)، کێ لەگەڵە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ پەسند

کرا، ئەوە عینوانی قانونەکە بووە (قانون حقوق وامتیازات المعاقین وذوي الاحتیاجات الخاصة في اقلیم کوردستان) پەسند کرا، لیژنەی یاسایی کەرەم بکەن.

بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

دوای دەنگدان لەسەر ناونیشانی یاساکە، واتا یاساکە بوو بە یاسای (قانون حقوق وامتیازات المعاقین وذوي الاحتیاجات الخاصة في اقلیم کوردستان - العراق).

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

کاك شێردڵ فەرموو.

بەڕێز شێردڵ تحسین محمد:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

ئەو تەعدیلاتانەی کە کرا لەلامان نییە، هەر وا دەنگ بدەین چۆن دەبێت، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

کاك عەونی فەرموو.

بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

جارێ تەعدیل نەکراوە، بەس لەسەر رەئی ئەندامانی پەرلەمانەوە ئەو پێشنیارانەی کە کرا بوو بەنیسبەت ناونیشان و ماددەکان، ئێستا وردە وردە دێینە سەر ماددەکانیش، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

کاك ڕێباز فەرموو.

بەڕێز ڕێباز فتاح محمود:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

راستە خرایە دەنگدانەوەو ڕۆیشت، بەڵام ئەوە شتێکی غەڵەت دەردەچێت، چونکە کەمئەندامان بەشێکە لە خاوەن پێداویستی تایبەت، ئیتر چۆن دەبێت بڵێی کەمئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت، خۆ دوو شتی جیاوازنین، ئەوە یەك شتە، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

ئەمە رەئی خۆتان بوو لەناو قاعە چەند ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان ئەم رەئیەی داوەو (قانون حقوق وامتیازات المعاقین وذوي الاحتیاجات الخاصة في اقلیم کوردستان)، یەعنی هەمووی دەگرێتەوەو تەواو، کاك عمر عبدالرحمن فەرموو.

بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

راستە ئێستا دەنگ درا لەسەر عینوانێك، بەلأم سێ راپۆرت ئامادە كراوە، هەر راپۆرتێك بە شێوەیەكی تایبەت، ئەگەر (ذوي الاحتياجات الخاصة) بێت، ئەو یاسایە وا دەڕوات، ئەگەر (المعاقين وذوي الاحتياجات الخاصة) بێت بەم نەوعە دەڕوات، ئەگەر عینوانەكەی تریان بێت بەو نەوعە دەڕوات، لەم سێ عینوانە عینوانێكیان دەنگی هێناوە، ماوەتە سەر راپۆرتەكان، ئەو راپۆرتانە لەلای ئەندام پەرلەمانەكان نین هەتا بزانن بە كام صیغە دەڕوات بەڕێوە، چونكە هەر عینوانێكیان حقوق و ئیمتیازاتێكی تایبەتی خۆی تیایە، پێویستە ئەو راپۆرتانە ئامادە بێت، بۆ ئەوەی یاساكە بە رێك و پێكی بڕوات و شێوەیەكی تایبەتی خۆی وەربگرێت، سوپاس.

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:

فەرموو كاك عبدالسلام.

بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.

زۆر سوپاس، كاك عومەر شتێكی جوانی باس كرد، بەلأم هەر بۆ مەعلومات ناوەڕۆكەكە راپۆرتی هاوبەشی پێشووە، تەنها لەسەر ناوەكە ئێوە بڕیارتاندا، ئێمە لە لیژنەی كاروباری كۆمەلأیەتی ئەوجارەش باسمان كرد گرنگ نییە ناوەكەی بگۆڕێت، گرنگ ناوەڕۆكەكەیەتی، لەسەر ناوەڕۆكەكەی ئێمە دەسەلأتمان نییە بگۆڕین، ناوەڕۆك هەر ئەوەی كۆنە، بەلأم لەناو موناقەشە كردن، بێگومان لەجیاتی معەوەق دەڵێین (المعاقين وذوي الاحتياجات الخاصة) لەسەر داواكاری ئێوە، سوپاس.

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:

كاك شێروان فەرموو.

بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.

ئەو قسەی كاك عومەر كردی زۆر دروستە، لەبەر ئەوەی ئێستا وشەی موعاق هاتووە لە زیمنی قانونەكە، كەواتە مادام عینوانی قانونەكە بووە (المعاقين وذوي الاحتياجات الخاصة)، پێویستە لە مەتنی قانونەكە لە كۆی موعاقین هاتبێت (ذوي الاحتياجات الخاصة) بچێتە پاڵی، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:

كاك دكتۆر ارسلان فەرموو.

بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.

هیچ كەسێك لە كورتە بالأكان، یان لە پێداویستیە زەروریەكان باشتر لە حالەتی خۆی پێداویستییەكانی خۆی نازانێت، خۆتان دەزانن پێرێ وەفدێكی كورتەبالأكان هاتبوون و بەیانێكیان دابەش كرد، هاتنە لای ژمارەیەك لە پەرلەمانتارەكان و خۆشیان لەوێ دانیشت بوون، ئەوان دەیانویست بۆ خۆیان بەتایبەتی

پرۆژە یاسایەك دەربچێت بەڕاستی، تۆ بڵێی ئێمە لە ئەوان باشتر بزانین پێداویستیەکانی ئەوان چیە؟ ئەوان خۆیان داوایان کردووە یاسایەکی تایبەتی بۆ ئەوان دەربچێت، یەعنی ئێمە چۆن دەتوانین لێرە لە جیاتی ئەوان قەرار بدەین و بەبێ ئیرادەی ئەوان، لەبەر ئەوە من پێموایە تێکەڵاوکردنی ئەو مەسەلانە کارێکی باش نییە، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

زۆر سوپاس، بەڕێزان، لەبەر ئەوەی وەکو ئەندامەکانی بەڕێزی پەرلەمان، هەندێکیان پێشنیاریان کرد کە ئەم ئامادە کردنە بۆ دەنگدان لەسەری لەبەر دەستتان نییە، دانیشتنەکە بۆ ماوەی سێ چارەك دوا دەخەین، بۆ ئەوەی کۆپی بکرێت و بەسەر ئێوەی بەڕێز دابەش بکرێت، کە وەختێ دێنە سەر دەنگدان لەبەر دەستتان بێت، تکایە سەعات (11:15) هەمووتان لێرە بن، هەتا ئەو کاتە هەمووتان لەبەر دەستتان دەبێت، زۆر سوپاس.

دانیشتنی دووەم

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.

بەناوی گەلی کوردستان، بەردەوام دەبین لەسەر دانیشتنەکەمان، فەرموون، بەڕێزان، پێشنیاری ئەوە کرا کە خولەکە درێژ بکرێتەوە، چەند پێشنیارێك هەیە، پێشنیار هەبوو دوو مانگ، ئەوە نابێت، چونکە بەپێی یاسا نابێت، هەبوو بۆ مانگێك، هەبوو بۆ دوو هەفتە، هەبوو بۆ یەك هەفتەیەك، ئەگەر بۆ هەفتەیەك داوای درێژکردنەوە بکەین، هیچمان پێ ناکرێت، چونکە بەیانی پشووە، ئەگەر رۆژی دوو شەممە ئیعلانی جەلسە بکەین، دەبێت رۆژی چوارشەممە جەلسە بکەین، یەعنی یەك جەلسە دەکرێت، بۆیە ئێستا پێشنیار دەکەین بڕگەی دوو لە بەرنامەی کار بێتە پێشەوە، چونکە دیارە ئەو بەڕێزانە، واتا لیژنەی هاوبەش شتەکانیان بە ڕێکی تەرتیب نەکردووە، بۆ ئەوەی مەجالی زیاتریان هەبێت، ئێوەش باشتر ئاگاتان لە وەزعەکە بێت، ئێستا بڕگەی دوو لە بەرنامەی کار بە دەنگدانی ئێوەی بەڕێز دەهێنینە پێشەوە، درێژ کردنەوەی خولەکەش دەخەینە پێش ئێوەی بەڕێز، کێ لەگەڵ ئەوەیە بڕگەی دوو لە بەرنامەی کار بێتە پێشەوە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ بڕگەی دوو لەبەرنامەی کار هاتە پێشەوە، ئێستا گفتوگۆی لەسەر دەکەین، وتاری سەرۆکی پەرلەمان بەبۆنەی کۆتایی هاتنی خولی گرێدانی یەکەمی پەرلەمان، بەڵام پێشنیار هەیە، بۆ ئەوەی خولەکە درێژ بکرێتەوە، لەدوو هەفتەوە دەست پێ دەکەین، پاشان مانگێك، کێ لەگەڵ ئەوەیە دوو هەفتە خولی

پەرلەمانی کوردستان بەردەوام بێت و درێژ بکرێتەوە، دەستی بەرز بکاتەوە؟ (37) بەڕێز لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (19) بەڕێز لەگەڵدا نییە، بەزۆرینەی دەنگ خولی پەرلەمان بۆ دوو هەفتەی تر درێژ کرایەوە، بەڕێزان، پێشنیارێکی تر هەیە، پێشنیار کراوە بۆ مانگێك، داوای لێبووردن دەکەین، بۆ مانگێك درێژ بکرێتەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە خولی پەرلەمان بۆ مانگێك درێژ بکرێتەوە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (31) بەڕێز لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (13) بەڕێز لەگەڵدا نییە، زۆر سوپاس، بەڕێزان، خولەکە درێژ نەکرایەوە، چونکە دوو لەسەر سێی دەوێت، (37)یش بۆ (15) رۆژەکە ناکاتە دوو لەسەر سێی دەنگی ئەندامان، تەواو دەنگدان کرا، ئێستا داوا لە لیژنەی هاوبەش دەکەین بێنە جێگای خۆیان، فەرموو.

بەڕێز سۆزان شهاب نوری:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

ئەندامان لەگەڵ درێژکردنەوەیان، بەڵام تێکەڵکێشانێك بوو لەنێوان دوو هەفتەو ئەوە، ئەگەر جەنابت جارێکی تر بیخەیتە دەنگدانەوە، بەڕاستی ناکرێت، چونکە هەر دەبێت دوو لەسەر سێی ئەندامان کە لێرە حزوریان هەیە، ئەو یاسا گرنگانە دەبێت بخرێتە بەرنامەی کارەوە، ئەمە یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەمئەندامانە، لێبووردنی گشتییە، یەکێتی مامۆستایانە، ئێمە بۆ ئەو یاسایانە خولەکە درێژ دەکەینەوە، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

بەڕێزان، ئەوە لەپێش ئێوەی بەڕێز، لە پێش خەڵکی کوردستان خۆتان دەنگ نادەن دەیخەینە سەر سەرۆکایەتی، خۆتان دەنگتان نەدا بۆ درێژکردنەوە، کاك ئەحمەد کەرەم بکە.

بەڕێز د.احمد ابراهیم علی(وەرتی):

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ دوو لەسەر سێی ئەندامان کە دەنگ بۆ درێژکردنەوە بدەن، وابزانم ئەگەر بە تەنها بیخەیتە دەنگدانەوە، ئەو ڕێژەیە بەدەست هاتووە، چونکە زیاتر لە دوو لەسەر سێی لەگەڵ تەمدید دان، بەس لەسەر تەمدیدەکە، ئایا هەفتەیەك بێت، یان دوو هەفتە، یان مانگێك بێت؟ لەسەر ئەوە ڕەئیەکان جیاوازن، بەڵام دوو لەسەر سێ مسۆگەر بووە، بۆیە یاساییە، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

کاك بلال فەرموو.

بەڕێز احمد سلیمان عبدالله(بلال):

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

ئێمە وا حاڵی بووین کە سابتە، درێژ دەکرێتەوە، ئەگەر جاری یەکەم ئەوەت خستبوایە دەنگدان ئایا درێژ بکرێتەوە، یان نەکرێتەوە؟ ئینجا بێینە سەر ئەوەی کە چەند ڕۆژ درێژ بکرێتەوە، من پێموایە ئەو دەنگدانەمان نەکردووە، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

بەڕێزان، زۆر بۆچوونێکی دروستە، بۆ هەفتەیەك رەفزتان کرد، کە پێشنیار هەبوو، بۆ دوو هەفتەش رەفزتان کرد، بۆ خۆتان ئیشی خۆتان تەنزیم بکەن، رجائەن، فراکسیۆنەکان لەگەڵ یەك دابنیشن، ئیتیفاق بکەن، دێنە ئێرەو دواییش دەتانەوێت موخالەفەی قانونی بکەن، ئێستا کێشە نییە، پێشنیارێکی تر دەبێتن، بەڵام دوو هەفتە نا، بەس چواردە رۆژ، دەیخەینە دەنگدانەوە، دوو لەسەر سێی دەنگی ئەندامان نەهێنێت ئاخیر دەنگە، کێ لەگەڵ ئەوەیە خولەکە درێژ بکرێتەوە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (71) بەڕێز لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەڕێزان (71) دەنگە ناکاتە دوو لەسەر سێی دەنگی ئەندامان، چتان لێ بکەن، بەڕێزان، عیلاقەی لەگەڵ غیاب نییە، دوو لەسەر سێی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان لازمە، بەرنامە لەبەردەستە بیخوێنەوە (للمجلس بأغلبية ثلثي اعضائه تمديد مدة الانعقاد اي من الدورتين لمدة لاتزيد على شهر واحد وذلك لانجاز المهام التي استدعت تمديد الدورة)، فەرموو پەیمان خان.

بەڕێز پەیمان عزالدین عبدالرحمن:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بەڕاستی ئەوە لێرەدا پابەندیەتی دەستتان خۆش بێت بە پەیڕەوەکە دەخوێندرێتەوە، بەڵام لە زۆربەی حاڵەتەکاندا، یەعنی ئێستا موبەریری بەقوەت هەیە بۆ درێژکردنەوە، کە یەکێك لەو زەرەرمەندانە یاسای لێبووردنی گشتییە، کە کۆمەڵێك خەڵك چاوەڕێی ئەوەن رۆژێك زووتر دەرباز ببن، کە ناکرێت ئێمە لە موقابیلی پشووی خۆماندا دابنێین.

دووەم/ زۆرینە، دوو لەسەر سێی ئامادە بووان ئێستا حازرە، ئەگەر نیەتێك نەبێت، بۆ ئەوەی کە ئیلا درێژ نەکرێتەوە، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

بەڕێز، یەکەم/ نیزامێکمان هەیە، پابەندین بە نیزام، ئەوە یەك.

دوو/ هەندێك لەو خوشك و برا بەڕێزانەی کە لێرە دانیشتوونە لەگشت فراکسیۆنەکان بەبێ ئیستیسنا هەبوو دەنگی نەدا، حیسابمان کرد لە پێش چاوی ئێوە ئەوەیە، ئێمە چی لێ بکەین، یەعنی ئێوە دەتانەوێت بەزۆر حیلە قانونی بکەین، سۆزان خان فەرموو.

بەڕێز سۆزان شهاب نوری:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

ئێمە دەمێکە دەڵێین تکایە ئەم پەیڕەوە بگۆڕین، چونکە تووشی ئەم نەوعە ئیشکالاتانەمان دەکات، بەڵام پێشنیارەکەی من ئەوەیە ئەوەی کە دانیشتووە لێرەو ئامادە بوونی هەیە لەگەڵ درێژکردنەوە دایە.....

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

نەخێر، وا نییە، ئەبەدەن وا نییە، ئەندامن دەبینم لە گشت فراکسیۆنەکان، لە لیستی کوردستانی، لە گۆڕان، لەلایەنەکانی تر هەبوو دەنگی نەدا، وانییە، چۆن هەموو دانیشتوونە، ئێمە حیسابی دەکەین، وا نییە، فەرموو.

بەڕێز سۆزان شهاب نوری:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

ئێمە پێمان باشە جارێکی تر مودەکان بخەیتە دەنگدانەوە بەڕاستی، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

کاك کاردۆ فەرموو.

بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

نیازێکی زۆرینەی پەرلەمان هەیە لە پێناوی هەندێك یاسای گرنگ خولەکە درێژ بکرێتەوە، بەلأم کاتی دەنگدانەکە کاریگەری هەیە، یەعنی من خۆم لێرە نەبووم کە ئەوە بووە پێشینارو خرایە دەنگدانەوە، مەبەستیشم بوو، دەمانتوانی ئامادەکاری بکەین لە حزوری برادەران، بۆ ئەوەی ئەم نیسبەتە تەواو ببێت، چونکە نیازەکە نیازێکی گشتی و زۆرینەیە، لەبەر ئەوە من پێم باشەو پێشتر قسەمان لەسەر کرد، جەنابت گوتت ئێمە دوای بەرنامەی خاوەن پێداویستیەکان دەخەینە دەنگدانەوە، یەعنی دوای ئەوە ئامادەکاری بۆ دەکەین.....

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

نەخێر، بەڕێز، جاری دووەم جەنابت بە وازحی لەناو مەوزوعەکە بووی، کاك دکتۆر ئەحمەد وەرتی پێشنیاری کرد، کاك بلال پێشنیاری کرد، دووبارە خستمانە دەنگدانەوە، لە فراکسیۆنی گۆڕان خەڵکێك هەبوو دەنگی نەدا، لە فراکسیۆنی کوردستانی هەبوو دەنگی نەدا، لە لایەنی پێکهاتەکانی تر هەبوو دەنگی نەدا، دەتەوێت موخالەفەی قانون لەناو پەرلەمان لەسەر کورسی سەرۆکایەتی پەرلەمان بکەم، لەبەر ئەوەی جەنابت پێت خۆشە، ئەمە مەحاڵە، تەمدید نییە، بەردەوام بن لەسەر موناقەشە، ئێستا دەگەڕێینەوە سەر خاڵی یەکەم لە بەرنامەی کار، بەردەوام دەبین، لیژنەی هاوبەش، کەرەم بکەن فەرموون بۆ شوێنی خۆتان، فەرموو کاك شێرزاد.

بەڕێز شێرزاد عبدالحافظ شریف:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

خاڵی دووەم لە بەرنامەی کار بە دەنگدان هاتە پێشەوە، ئێستا تۆ جارێکی تر دەچیتەوە خاڵی یەکەم، دەبێت جارێکی تر دەنگ بۆ ئەوە بدرێتەوە.....

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

خاڵی دووەم نەما، تەواو، دروستە کاك شێرزاد، سوپاس، بەڕاستی مولاحەزەکەت لە جێگای خۆیەتی، بەڕێزان، ئێستا خاڵی دووەم کۆتایی پێ دەهێنین، وتارەکە پێشکەش دەکەین، کاك شێروان فەرموو.

بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

ئەگەر وتاری سەرۆکایەتی خوێندرایەوە بۆ کۆتایی هێنان بە خولەکە، ئیتر موناقەشە تەواو دەبێت، واتا نابێت ئەو یاسایە موناقەشە بکرێت، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

داوا لە بەڕێزتان دەکەین، لەبەر ئەوەی ئەم یاسایە زۆر گرنگە زوو تەواو بێت، دووبارە دەیخەینە دەنگدانەوە، نا قانونی نییە، دەتوانی دەنگی بۆ نەدەیت، دەتوانی دەنگی بۆ بدەیت، چونکە ئەوە بە دەنگی ئێوە هاتە پێشەوە، ئێستا کێ لەگەڵ ئەوەیە بڕگەی یەك بخرێتەوە شوێنی خۆی و گفتوگۆی لەسەر بکەین دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ دوو کەس لەگەڵدا نییە، زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ ئێستا بەردەوام دەبین لەسەر بڕگەی یەك، کەرەم بکەن، فەرموون.

بەڕێزان، ئێستا ناوی قانونەکە تەسبیت کرا بە دەنگدانی ئێوەی بەڕێز، ئێستا دەچینە سەر ماددەی یەك، لیژنەی پەیوەندیدار فەرموو.

بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

لەسەر ماددەی یەکەم.....

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

یەکەم جار ئەسڵی پرۆژەکە پرۆژەی حکومەت بوو بە دەنگدان بووە ئەساس، ئەسڵی پرۆژەکە بخوێنن، ئینجا راپۆرتی هاوبەش بخوێنن، پاشان ئەو فەقەرانەی بۆ دەنگدان ئامادە کراوە بە رەئی ئەندامە بەڕێزەکانی پەرلەمان موناقەشەی لەسەر دەکەین، فەرموون، ببوورن دەیخەینە دەنگدانەوە، موناقەشە تەواو بووە، ئەم جەلسەیە جەلسەی دەنگدانە لەسەر ماددەکان.

بەڕێز عونى كمال سعيد بەزاز:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

الفصل الاول

(التعاريف والاهداف)

المادة الاولى:

يقصد بالتعابير والمصطلحات الاتية لاغراض هذا القانون المعاني المبينة ازاء كل منها:

اولاً: الاقليم: إقليم كوردستان - العراق.

ثانياً: الحكومة: حكومة اقليم كوردستان - العراق.

ثالثاً: الوزارة: وزارة العمل والشؤون الاجتماعية في حكومة الاقليم.

رابعاً: الوزير: وزير العمل والشؤون الاجتماعية في حكومة الاقليم.

خامساً: المجلس: مجلس رعاية وتأهيل المعاقين في اقليم كوردستان.

سادساً: الرئيس: رئيس مجلس رعاية وتأهيل المعاقين في الاقليم.

سابعاً: المعاق: هو الشخص المصاب بعجز دائم كلي أو جزئي خلقي أو غير خلقي وبشكل مستقر، في أي من حواسه أو قدراته الجسدية او النفسية او العقلية الى مدى يحد من الاداء الوظيفي لعضو أو اكثر من أعضاء جسمه مما يحول دون تلبية متطلبات حياته العادية مقارنة بأقرانه من غير المعاقين.

ثامناً: منظمات وجمعيات المعاقين: يقصد بها كل جمعية او اتحاد او منظمة او معهد او مؤسسة تعمل لضمان حقوق المعاقين بهدف لا يتوخى الربح.

تاسعاً: بطاقة المعاق: هي الهوية الشخصية التي تعرف المعاق وتصدر عن الوزارة، والتي تخوّل حاملها ممارسة الحقوق والامتيازات التي تمنحها القوانين والانظمة والتعليمات.

عاشراً: التأهيل: مجموعة الخدمات الطبية والتربوية والتعليمية والاجتماعية والمهنية والنفسية وتأمين الوسائل لتسهيل الوصول اليها لغرض تمكين المعاقين من ممارسة حياتهم بأستقلالية ومساعدتهم على الاندماج بالمجتمع.

حادية عشر: مراكز التأهيل: هي المراكز التي يتم فيها إيواء المعاقين المصابين بالاعاقات الشديدة وتأهيلهم وتشغيلهم فيها حسب قدراتهم.

ثانية عشر: الملاءمة (المواءمة): اجراء تحويرات و وضع شروط واسس لازمة في جميع مرافق الحياة العامة بشكل تجعلها مناسبة لاستخدامها او ارتيادها من قبل المعاقين.

ثالثة عشر: اللجنة الطبية: الهيأة او الجهة التي تحددها الوزارة.

بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بە رەچاو کردنی راپۆرتی هاوبەشی پێشوو، هەموو ئەو پێشنیارو تێبینیانەی بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان لە جەلسەی رابردوو دەریانبڕی، ئێمە گەیشتینە ئەم صیاغەی کۆتایی پێشنیار کراو بۆ ماددەی یەکەم:

الفصل الأول

(التعــاريف والأهداف)

المادة الاولى:

يقصد بالمصطلحات والتعابير الآتية المعاني المبينة ازائها لأغراض هذا القانون:

1- الاقليم: إقليم كوردستان - العراق.

2- الوزارة: وزارة العمل والشؤون الاجتماعية في الاقليم.

3- الوزير: وزير العمل والشؤون الاجتماعية في الاقليم.

4- المجلس: مجلس رعاية وتأهيل المعاقين وذوي الاحتياجات الخاصة في الاقليم.

5- ذوي الاحتياجات الخاصة: كل شخص مصاب بعجز كلي أو جزئي خلقي أو غير خلقي وبشكل مستقر، في أي من حواسه أو قدراته الجسدية او النفسية او العقلية الى مدى يحد من الاداء الوظيفي لعضو أو اكثر من أعضاء جسمه مما يحول دون تلبية متطلبات حياته العادية.

پاش دانانی ئەو ناوە تازەیە، بە پێویستمان زانی پێناسەی موعاقیش بکرێت، بێجگە لە (ذوي الاحتياجات الخاصة).

6- المعاق: كل ذوى احتياجات خاصة مصاب بعجز بدنى دائم او كلي أو جزئي خلقي أو غير خلقي وبشكل مستقر.

7- بطاقة المعاق وذوي الاحتياجات الخاصة: هي البطاقة الخاصة التي تعرف المعاق وذوي الاحتياجات الخاصة وتصدر عن الوزارة، والتي تخول حاملها التمتع بالحقوق والامتيازات التي تمنحها القوانين والانظمة والتعليمات.

8- التأهيل: مجموعة الخدمات الطبية والتربوية والتعليمية والاجتماعية والمهنية والنفسية وتأمين الوسائل لتسهيل الوصول اليها لغرض تمكين المعاقين وذوي الاحتياجات الخاصة من ممارسة حياتهم بأستقلالية ومساعدتهم في الاندماج بالمجتمع.

لەسەر داوای زۆربەی بەڕێزان، ئێمە (تاسعاً: مراكز التأهيل) گۆڕیمان، چونکە (مراكز الايواء)مان ئیزافە کردووە.

9- مراكز التأهيل: هي المراكز التي تقوم بأعادة تأهيل المعاقين وذوى الاحتياجات الخاصة وتقوم بدعم برامج التأهيل ودمجهم في المجتمع .

10- مراكز الأيواء: هي المراكز التي تقوم بأيواء المعاقين الذين يتم الاستغناء عنهم من قبل ذويهم وهم بحاجة الى رعاية واهتمام وتقوم بدور إعادة التأهيل ايضا.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

تەواو بوو، رەئی ئەندامان، ئەو ئەندامانەی داوایان کرد بوو تەصویت بکرێت بە نەزەری ئیعتیبار وەرتانگرتووە هەمووی؟

بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بەڵێ، ئەو رەئیانەی تەرح کرا لە جەلسەی پێشوو هەمووی بەنەزەری ئیعتیبار وەرگیراوە بەو صیاغەی کە ئێستا خوێندمانەوە، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

كاك كاردۆ نوقتەی نیزامی هەیە، فەرموو.

بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

یەکێك لە پێشنیارەکان ئەوە بوو، کە ئێمە تەئکیدمان لێ کردەوە، ئەویش مەجلیسەکەو سندووقەکە بوو، کە دەبوایە پێناسە بکرێت لێرە، چونکە گوتمان ئەم مەجلیسە بەم شێوەیە هیچ زەرورەتێکی نییە،

بارقورسی دروست دەکات، لەکاتێکدا وەزارەت هەبێت، وەزیر هەبێت، مودیریەتی ریعایە هەبێت، گوتمان سندووق، مەجلسی سندووقیش هەبێت، پێویست بەو مەجلیسە ناکات، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

زۆر سوپاس، کاك شێروان فەرموو.

بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

کاك عبدالسلام تەعریفێکی خوێندەوە بەنیسبەت تەعریفی موعاق دەڵێت (المعاق: كل ذوى احتياجات خاصة)، لێرە موعاقەکە تەنها ئەوە (ذوي الاحتياجات الخاصة)، ئێمە قسەمان لێ کردو دوو پرۆژەشمان هەیە، هی کورتەبالاکان، ئەوان ئیعتیبار دەکرێت (من ذوي الاحتياجات الخاصة)، ئەگەر بەپێی ئەو تەعریفە بێت کورتەبالاکان ناگرێتەوە، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

زۆر سوپاس، کاك عبدالسلام فەرموو.

بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

کورتە بالاْ موعاق نییە، کورتە بالاْ (ذوي الاحتياجات الخاصة)یە، ئەگەر بێینە سەر تەعریفی (ذوي الاحتياجات الخاصة) درێژترە لە هی موعاق، موعاق تەنها فەقەرەی یەکەمە، (دائم او كلي أو جزئي خلقي أو غير خلقي بدني)، بەلاّم تەعریفی (ذوي الاحتياجات الخاصة) ئیزافەتەن بۆ ئەم فەقەرەیە (في أي من حواسه أو قدراته الجسدية او النفسية او العقلية الى مدى يحد من الاداء الوظيفي لعضو أو اكثر من أعضاء جسمه مما يحول دون تلبية متطلبات حياته العادية)، لە چوار جێگا کورتە بالاْ دەگرێتەوە، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

بەڕێزان، ئێستا بەو شێوەیەی کە خوێندرایەوە دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (2) بەڕێز لەگەڵدا نییە، زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ پەسند کرا، بۆ ماددەی دوو.

بەڕێز د.ئاراس حسين محمود:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

دەچینە سەر ماددەی دووی ئەسڵی پرۆژەکە، بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

المادة الثانية:

يهدف هذا القانون إلى:

أولاً/ تعزيز وحماية وكفالة جميع الأشخاص المعاقين وضمان تمتعهم على قدم المساواة مع الآخرين بجميع حقوق الإنسان والحريات الأساسية وتعزيز إحترام كرامتهم المتأصلة.

ثانياً/ إحترام كرامة المعاقين وإستقلالهم الذاتي بما في ذلك حرية تقرير خياراتهم بأنفسهم وإستقلاليتهم.

ثالثاً/ إحترام القدرات المتطورة لأطفال ذوي الإعاقة وإحترام حقهم في الحفاظ على هويتهم.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

تەواو بوون، لیژنەی هاوبەش فەرموون.

بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

لێرە دوو شت هەبوو، تەڵەب هەبوو هەندێك گۆڕانكاری لە صیاغەی لوغەوی، وەكو (احترام القدرات) شتێكی وا هەبوو، ئەوە تەبدیل كراوە، هەروەها لە دوو، سێ بەڕێز ئەندامی پەرلەمان داوایەك هەبوو بە پەسندمان زانی دەقێك هەبێت ئینديماجی حیاتی عامە، بۆیە ئێمە ئەم صیاغە تازەیەمان داناو ئەو داواكارییانەمان، رەچاو كردووە:

المادة الثانية: يهدف هذا القانون الى:

أولاً: كفالة حقوق جميع الاشخاص المعاقين وذوي الاحتياجات الخاصة وضمان تمتعهم بجميع الحقوق والحريات الاساسية على قدم المساواة مع الاخرين.

ثانياً: ضمان كرامة المعاقين وذوي الاحتياجات الخاصة واستقلالهم الذاتي بما في ذلك حرية تقرير خياراتهم بأنفسهم واستقلاليتهم.

ثالثاً: تطوير قدرات الاطفال المعاقين وذوي الاحتياجات الخاصة.

رابعاً: اتخاذ كافة الاجراءات الكفيلة باندماجهم في الحياة العامة للمجتمع.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

زۆر سوپاس، جەنابی وەزیر رەئیت تكایە.

بەڕێز ئاسۆس نجيب/ وەزیری كارو كاروباری كۆمەڵایەتی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

من سەبارەت بە ماددەی دوو لەگەڵ بەڕێزان دوێنێ ئەوەمان صیاغە كردووە، بەڵام سەبارەت بەماددەی یەك، ئەو كەسانە مەحروم دەبن كە دەرەجەی عیجزیان دیاری نەكراوە، وەكو مەنغول، هەندێك نەخۆشی هەیە وەكو تالاسیما، ئەوانە عیجز نییە، بەڵكو بە تەقریری توبی مووچەكە وەردەگرن.....

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

تكایە ماددەی دوو، فەرموو كەرەم بكە، بەڕێزان، ئێستا بەو شێوەیەی كە خوێندرایەوە دەیخەینە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەكۆی دەنگ پەسند كرا، بۆ ماددەی سێ كەرەم بكەن، نوقتەی نیزامیت هەیە؟ دكتۆر احمد فەرموو.

بەڕێز د.احمد ابراهيم على(وەرتى):

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

من پێم باشە بەر لەوەی هەموو ماددەکان موناقەشە بکەین بە دەنگدان یەکلای بکەینەوە، کە پرۆژە یاسای کورتە بالأکان لەناو ئەو یاسایە جێی دەکەینەوە، یان بە جیا، چونکە لە پێشدا جەنابیشت ئاماژەت پێدا، زۆرێك لە ئەندامانی پەرلەمان داوا دەکەن پرۆژەی کورتە بالأکان بە جیا بێت، خۆشیان ئەوە داوا دەکەن، بەلأم ئەوەی کە کاك عبدالسلام ئاماژەی پێدا، وا دیارە نیەتی لیژنەکەش ئەوەیە لەچوارچێوەی ئەو یاسا دابن، بۆیە من پێم باشە بخرێتە دەنگدانەوە، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، کاك عبدالسلام وەلأمی بدەوە، فەرموو.

بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

ببوورن، من لێرە وەکو سەرۆکی لیژنەی موختەص قسە دەکەم، من وەکو شەخص و سەرۆکی لیژنەی موختەص دەنگمدا دژی ئەو ناوە، بۆ مەعلوماتتان، من لەگەلْ ئەوە بووم موعاقین بە تەنیا بێت، (ذوي الاحتياجات الخاصة)و گروپە مومەییزەکان وەکو کەمئەندام و ئەویتر یاسای تایبەتی خۆی هەبێت، بۆیە نیەتەکە تکا دەکەم ئەوە رەفع بکەم لە هەموو لایەك، ئەوە یەك.

دوو/ کە ئێوە بڕیارتاندا ببێتە (ذوي الاحتياجات الخاصة، المعاقين)، ئەم تەعریفەی موعاقین بۆ موعاقە ئەوەی ئیزافەمان کرد، ئیحتیاجات خاصە ئەو تەعریفە شاملەیە، کە ئەوەی هەموویان دەگرێتەوە، ئێستا دێینە سەر یاساکە، لە نیهایەتەوە پێشنیارێك هەیە، ئیشارەتێك بدرێت کە گەیشتینە ئەو حەددە دەڵێین، ئەگەر لە من دەپرسی من لەگەلْ ئەوە بووم، ئێمە یان یاسایەکی فراوانتر بۆ هەموویان دانێین، یان یەك، یەك یاسایان بۆ دەردەچێت، ئەوە تەوزیحی منە، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، کاك عەونی کەرەم بکە.

بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

قسەکانی کاك عبدالسلام بەشێکی زۆر راستە، ئیحتیاجات خاصە سەرەیانی لەسەر کورتە بالأکانیش دەبێت، بەلأم لەگەلْ ئەوەشدا ئێمە رەچاوی ئەوەمان کردووە، لە کۆتایی ماددەکاندا صیاغەیەکمان داناوە، ئەگەر پەرلەمانتاران قەبوڵیان کرد بەو شێوەی کە ئێستا دەیخوێنمەوە ئاگایان لێ بێت:

(تسرى احكام هذا القانون على قصيري القامة وبالشكل الذي لا يؤدي الى الانتقاص من حقوقهم)، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، کاك برهان فەرموو.

بەڕێز برهان رشيد حسن:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

قسەکانی من کاك عەونی کردی، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، ئێستا ماددەی سێ بخوێنەوە.

بەڕێز تارا تحسین ئەسعەدی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

المادة الثالثة: يصنف المعاقون

اولاً/حسب طبيعة العوق الى صنفين:

1/ المعاقون بدنيا.

2/ المعاقون عقليا ونفسيا.

ثانياً/ حسب قدراتهم على العمل الى صنفين:

1/ المعاقون غير القادرين على العمل كليا.

2/ المعاقون غير القادرين على العمل جزئيا.

بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

لە راپۆرتی لیژنەی هاوبەش و زۆرینەی ئەندامانی پەرلەمانی بەڕێز، کە رەئییان دابوو لەگەڵ ئەوەنە کە ئەم ماددەیە پێویست نییە، چونکە تەنها ئیعادەی صیاغەیەو تەبویبێکی ئەو ماددەی تەعریفی (ذوي الاحتياجات الخاصة)یە، بۆیە دوو رەئی هەیە، یەك/ لادانی.

دوو/ وەکو خۆی بمێنێتەوە.

رەئی تاك، تاکیش هەیە، پێشنیار هەبوو، یەعنی ئەو تەصنیفە بەشێوەیەکی تر ببێت، بەڵام رەئی تاك، تاك بوو، بۆیە رەچاو نەکرا، واتا ئێمە رووبەڕووی دوو حاڵەتین، یەك/ دەڵێن لابدرێت، لەبەر ئەوەی پێویست نییە، چونکە تەنها ئیعادەی کتابەی پێناسەیە.

دوو/ دەڵێت وەکو خۆی بمێنێت، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

بەڕێزان، رەئی لادان، لەبەر ئەوەی دووەم، جەنابی وەزیر رەئیت.

بەڕێز ئاسۆس نجیب/ وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

پێمان باشە ئەم ماددەیە بمێنێت، لەبەر ئەوەی لە یاسای چاودێری کۆمەڵایەتیش هەیە، بەڵام زۆر گرنگە لەم یاسایە بەو شێوەیە بێت، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

دوو نوقتەی نیزامی هەیە، کاك برهان فەرموو.

بەڕێز برهان رشید حسن:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

(ذوي الاحتياجات الخاصة) ئەم یاسایە بۆ ئەوانیش دەرچووە، بەڵام ئەوان موعاق نین، تاوەکو تەصنیف بکرێن، بڵێن موعاقن و صنفی عەوەقەکەیان چیە، لەبەر ئەوە ئەمە ناگونجێت لەگەڵ تەعریفەکەو ناونیشانی ئەم یاسایە، بۆیە پێویستە وەزارەت بە تەعلیماتێك دەربکات، کە هەم معەوەقیش بگرێتەوە، هەم (ذوي الاحتياجات الخاصة)ش بگرێتەوە، هەم کورتەبالأش بە ماددەیەك باس کراوە، بەڵام ئەو ماددەیە لەوێدا دەبێت بە تەناقوزو سەغرەی قانونی لەگەڵ ئەو ماددە تەعریفیە، لەگەڵ ناونیشانی یاساکە، بۆیە من پێشنیار دەکەم ئیلغا بکرێتەوە، لەبەر ئەوەی سەغرەی قانونییە، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

زۆر سوپاس، شلێر خان فەرموو.

بەڕێز شلێر محی الدین صالح:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

راستە ئێمە چەند کەسێك بووین رەئیماندا کە ئەو تەصنیفە بەشێوەیەکی تر بێت، زیاد بکرێت، چونکە ئەگەر تەصنیف بکرێت، ئەو تەصنیفە تەواو نییە، تەصنیف بکرێت بە موعاقین (بدنیا وعقلیا ونفسیا)، ئەوانی تر شمول ناکات، ئەگەر لابرێت، ئەوە لەو سەقەتیە باشترە، چونکە بەو شێوەیە تەصنیف بکرێت هەموویان ناگرێتەوە، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

زۆر سوپاس، جەنابی وەزیر فەرموو.

بەڕێز ئاسۆس نجیب/ وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

تاکو ئێستا ئێمە بە قانونی ریعایە ئیجتیماعی ژمارە (126)ی سالی 1980 ئیشمان کردووە، لە ماددەی (43 و 44) زۆر جوان ئەم تەصنیفە هاتووە، تاکو ئێستاش ئەو کەسانەی کە مووچە وەردەگرن، پەیوەست بەم ماددەیە مووچە وەردەگرن، تەصنیفیش کراوە، هەندێك نەخۆشی هەیە عەقلیە، نەفسیە، بەپێی ئەو ماددەیە تا ئێستا مووچەیان بۆ سەرف کراوە، بۆیە پێم باشە بمێنێت، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

زۆر سوپاس، کاك ڕێباز فەرموو.

بەڕێز ڕێباز فتاح محمود:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

ئەگەر لەسەر قسەکەی بەڕێز وەزیر بەردەوام بین، کە ئەو ماددەیە بمێنێتەوە، من تەئکید لەوە دەکەمەوە کە ئەوە غەڵەتە، ئەگەر قانونێکی پێشتری هەبوو بێت، ئەوە بە غەڵەت دانراوە، یەعنی مەعقول نییە، ئێستا ئێمە هەر لەسەر ئەو غەڵەتە بەردەوام بین، ئەگەر بڕیارە بمێنێتەوە، دەبێت بگۆڕدرێت، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، كاك عبدالسلام فەرموو.

بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

من دوو موبەریرم هەیە:

یەك/ سوپاسی بەڕێز وەزیر دەکەم، تەصنیفەکە هەیە لە یاسایەکی نافیز لە کوردستان، ئێمە لێرە هیچ ئیزافە ناکەین، وابزانم زیادە.

دوو/ دووبارەی قسەی خۆم دەکەم، ئەم یاسایەی کردتان لەسەر ئیرادەی ئەکسەریەت، بۆ ئیحتیاجات خاصەش، چونکە لێرە تەصنیفی ئیحتیاجات خاصە نەکراوە، تەنها لەسەر موعاقی بەدەنیە، بۆیە بە تەسەوری من لەوێ نەمێنێت هیچ زەرەری تێدا نییە، چونکە قانونی (26) ئەو تەصنیفەی تێدایە، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

بەڕێزان، ئێستا ئیلغایەکە دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە ماددەی سێ لابدرێت دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ پەسند کراو ماددەی سێ لابردرا، تکایە ماددەی چوار، فەرموون.

بەڕێز د.ئاراس حسين محمود:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

الفصل الثاني

(مجلس رعاية المعاقين)

المادة الرابعة: يشكل مجلس لرعاية وتأهيل المعاقين في الإقليم ويتولى إقرار مايتعلق بشؤونهم ويترأسه الوزير ويكون بعضوية مايأتي:

أولاً/ المدراء العامين: كل من (مديرية رعاية المعاقين ومديرية التنمية الإجتماعية) في محافظات الإقليم.

ثانياً/ ممثلين عن الوزارات الآتية:

1- التعليم العالي والبحث العلمي.

2- التربية.

3- الصحة.

4- الثقافة والشباب.

ثالثاً/ ممثل عن جمعيات المعاقين.

رابعاً/ خبير يختاره المجلس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

لیژنەی هاوبەش فەرموو.

بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بەڕاستی ئێمە تەقریبەن لەگەڵ ئەسڵی پرۆژەکەین لەگەڵ چەند گۆڕانکارییەك، هەندێك لە ئەندامان دەڵێن (ان يكون لجمعيات المعاقين ممثلين فعلين في المجلس)، بۆیە ویستم شەرحی بکەم کە مانای چیە، ئەویتر (للمجلس استعانة.).

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

تکایە، رجائەن نەصەن بیخوێنەوە، شەرح مەکە، چونکە ئێستا کاتی دەنگدانە، نەصەن بیخوێنەوەو دەدرێتە دەنگدانەوە، هیچ شەرحێك نەکرێت، ئیلا ئەگەر داواتان لێ کرا، تکایە، کەرەم بکە.

بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

ئێمە بە رەچاو کردنی ئەو بیرو رایانەی کە هەبوو، راپۆرتی لیژنەی هاوبەش گەیشتە ئەم صیاغەیە:

المادة الرابعة:

يشكل مجلس لرعاية وتأهيل المعاقين وذوي الاحتياجات الخاصة في الإقليم ويتولى إقرار مايتعلق بشؤونهم ويترأسه الوزير ويكون بعضوية كل من:

أولاً/ مديرية رعاية المعاقين ومديرية التنمية الإجتماعية في محافظات الإقليم.

ثانياً/ ممثلين عن الوزارات الآتية على ان لاتقل درجتهم عن درجة مدير عام:

1- التعليم العالي والبحث العلمي.

2- التربية.

3- الصحة.

4- الثقافة والشباب.

ثالثاً/ للوزير دعوة ممثل عن جمعيات المعاقين وذوي الاحتياجات الخاصة لحضور اجتماعات المجلس.

رابعاً/ للوزير دعوة اي خبير من داخل الوزارة او خارجها للمشاركة في اجتماعات المجلس.

خامساً: يتولى موظف حاصل على شهادة جامعية تنظيم اعمال المجلس وادارة اعمالها.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

نوقتەی نیزامیت هەیە؟ فەرموو کاك شێرزاد.

بەڕێز شێرزاد عبدالحافظ شريف:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

دوێنێ لەکاتی موناقەشەکاندا دوو شت باس کرا، وابزانم زیاتر لە سێ کەس باسیان کرد، کە نەخراوەتە لای لیژنەی هاوبەش، یەکێکیان/ ئەوە بوو کە ئەو معەوەقەی وەزیر بانگی دەکات بۆ ناو لیژنەکە، دەبێت دائیم بێت، نەك وەزیر بانگی بکات، تەئکیدمان لەسەر ئەوە کردەوە، لە پێنجەمیشدا، ئەو فەرمانبەرەی (یتولى موظف حاصل على شهادة جامعية تنظيم اعمال المجلس وادارة اعمالها)، دەبێت فورسەت بە معەوەق بدرێت، کە ئەو ئیشە وەربگرێت و، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

لیژنەی هاوبەش روون کردنەوە.

بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

یەك/ ئەوەی کە سکرتێرەکە ئیدارەی بکات، معەوەق بێت، یان معەوەق نەبێت، ئەمە بە فیکرەیەکی جوان دەزانم، بەڵام لە یەك زیاتر نەبوو.

دوو/ ئەوەی کە دائیمی بێت لە لیژنە، لیژنەکە لیژنەیەکی رەسمیە مودیر عامی تێدایە، یەکێك لە دەرەوەی سلکی وەزیفی نابێتە ئەندام لە لیژنەیەکی رەسمی، بەڵام بەشدار دەبێت و فەعال دەبێت و گوێ دەگرێت، بۆیە ئوسولیەن تۆ ئەمرێکی وەزیفی دەردەکەیت ئەو تەعین دەکەیت بە ئەندام لە لیژنەیەك کە فەرمانبەر نییە، دەبێت ئەو زەوابتە ئیداریەمان لەبەرچاو بێت، بەڵام ئێمە موسیرین لەسەر ئەوەی دعوت بکرێت و بەشدار بێت، باسی صوتی ئیستیشاریشمان نەکردووە، ئەمریش بۆ ئێوەیە، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

زۆر سوپاس، کاك برهان فەرموو.

بەڕێز برهان رشيد حسن:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

دەربارەی ماددەی چوار لە بڕگەی دووەمدا، من سەیری چەند یاسایەکی ولاتی ترم کردووە، بەڕاستی زۆر زەروورە شارەوانی و وەزارەتی تەختیت.....

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

کاك برهان ئەو موناقەشەی لەناو ئەم پەرلەمانە کرا، ئێمە ئەوە تەبویب دەکەین، موناقەشەی تازە ناکەین، کاك عومەر نورەدینی کەرەم بکە.

بەڕێز د.عمر حمدامين خدر(نورەدینی):

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

سەبارەت بە بڕگەی دوو زیاتر لە شەش، حەوت ئەندامی پەرلەمان، هەروەها جەنابی وەزیریش لەگەڵ ئەوە بوون، کە ئەمە بەم شێوەیە نەیەت بۆ وەزیر هەیە بانگهێشتی نوێنەرانیان بکات، بەڵکو بڵێین

نوێنەری ئەوان لەناو ئەم مەجلیسە دەبێت، لەڕاستیدا حیکمەتەکە، یان مەبەست لە ئامادە بوونی ئەوان لەناو ئەم مەجلیسە، لەوە نییە ئەوە دەرەجەی وەزیفییان هەیە، یان نا، بەڵکو بەشداری کردنە لە بڕیاردان لە مەجلیسێك کە پەیوەندی بە چارەنووسی ئەوانەوە هەیە، ئایا مەجلیسێکی لەم بابەتە چۆن دەکرێت نوێنەری ئەوان تێیدا ئامادە نەبێت لە بڕیاردان و لە دارشتنی سیاسەت و ستراتیجیەت، کە بۆ ئەوان دادەنرێت، بۆیە لەڕاستیدا پێویستە ئەم.....

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس گەیشت، کاك دکتۆر صباح فەرموو.

بەڕێز د.صباح محمد نجیب:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

ئێمە لە مەرحەلەی صیاغەو دەنگدان داین، موناقەشەو شتی تیا نییە، بەس دوو مولاحەزەی بەسیتم هەیە لە صیاغەکەدا، ئەگەر لیژنەی یاسایی سەرنج بدەن، ئێمە کە لە ماددەی یەکەمدا گوتوومانە (المجلس) پێناسەمان بۆ کردووە، کەواتە لە ماددەی چوارەمدا پێویست ناکات دووبارەی بکەینەوە، (یشکل مجلس لرعایة.....) هەر بگوترێت (یشکل المجلس)، چونکە لەناونیشانەکەی فەسڵی دووەمیشدا هاتووە (مجلس رعایةوتأهیل العاقین)، ئەمە مولاحەزەیەك، یەعنی ئێمە بۆچی ئیستیلاحات دادەنێین، بۆچی ماددەی یەکەم دادەنێین؟ بۆ ئەوەی دووبارەو تەتویر لە ماددەکاندا نەبێت.لە پێنجەمیشدا کە دەڵێت (یتولی موظف حاصل علی شهادة جامعیة تنظیم اعمال المجلس وادارة اعمالها)، یەعنی ئەمە تیکرارێکی تیایە زۆر جوان نییە، (تنظیم اعمال المجلس) لەگەل (ادارة اعمال المجلس) فەرقی چیە، یەعنی وەکو تیکرار وایە، بکرێت بە (تنظیم اعمال المجلس وادارته)، ئەوە باشترە، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

بەڕێز سکرتێری پەرلەمان موداخەلەیەکی هەیە، کەرەم بکە.

بەڕێز فرست احمد عبدالله/سکرتێری پەرلەمان:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

دروست کردنی هەر دەزگایەك لەناو وەزارەت، مەفروزە ماددەیەك هەبێت دروستی بکات، ماددەی تەعریفی نابێتە بەدیلی ئەو ماددەیە، ئەسڵەن تەعریف بۆ دوو حاڵەتە، یان ئەگەر هاتو موستەڵەحێك زۆر درێژ بێت لە جارێك و دوو جارو سێ جار زیاتر تیکرار بوو، هەتاکو زۆر تیکرار نەبێت بەو درێژاییە تەعریف دەکەن جارێك و، بە موختەسەری لە ماددەکانی تر دێن، یانیش موستەڵەحێك هاتبێت لەناو قانون مانایەکەی زۆر وازیح نەبێت لەلای هاوواڵتیان، لەبەر ئەوە تەبسیتی دەکەن لە ماددەی تەعاریف، بۆ ئەو ماددەیە دروست کردنی مەجلیس زۆر زەروریە لێرە نەصەکە وا دەرباز بێت، کە بڕیارە مەجلیسێك تەشکیل بکرێت و ماددەی تەعریفی نابێتە بەدیلی ئەو ماددەیە، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

زۆر سوپاس، جەنابی وەزیر فەرموو.

بەڕێز ئاسۆس نجیب/ وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

سەبارەت بە ماددەی چوار، لێرە نووسراوە (یشکل مجلس لرعایة وتأهیل المعاقین)، لێرە نووسراوە (یتولى إقرار مایتعلق بشؤونهم)، ئەم مەجلیسە بۆ ئەوەیە تەوصیات و ستیراتیجیات دابنێت و، ئەگەر ئیقرار بێت ئێمە بە تەنیا ناتوانین ئیقراری بکەین، یەعنی لەوانەیە لە صیاغەکە ئەگەر وشەیەکی تر بێت باشترە، سەبارەت بە بڕگەی سێش لێرە (للوزیر)، من جەخت لەوە دەکەمەوە (على الوزیر) بێت، کە مولزەم بین لە وەزارەت نوێنەرێك لە کەمئەندامان هەبێت و مافی دەنگدانیشیان هەبێت، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، کاك نەریمان فەرموو.

بەڕێز نەریمان عبدالله قادر:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

ئێمە لە یاساکانی پێشوو، بەتایبەتی ئەو یاسایانەی کە خەدەمی بوون، لەهەر شوێنێك مەجلیسێك هەبوو بێت مودیر عامەکانی تێدا بووە بە محافەزات ئیدارەی گەرمیانیشی تێدا بووە، بەڕاستی لێرە ئیدارەی گەرمیان نەهاتووە، کەواتە گەرمیان بێ بەش دەکرێت لەو مەجلیسە، لەبەر ئەوەی مودیریەتیشیان هەیە، پێویست دەکات تێدا هەبێت، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، کاك دکتۆر احمد فەرموو.

بەڕێز د.احمد ابراهیم علی(وەرتی):

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

دیارە ئێمە ئێستا لە قۆناغی دەنگدان دایین، نەك موناقەشە کردنی، من پێم باشە لیژنەی بەڕێز ئەو رەئیانەی لەسەر هەر ماددەیەك بوونە، ئەگەر زیاتر لە دوو کەس پشتگیری لە رەئیەك کردووە بخرێتە دەنگدانەوە، بۆ نموونە، ماددەی چوارەم چەند رەئیەك هەیە داوای نوێنەری پارێزگاکانیان کردووە زیاتر لە دوو رەئی، هەندێك داوای نوێنەری وەزارەتی پلاندانان و هەندێکیش داوای نوێنەری وەزارەتی ئەوقافیان کردووە، ئەوەی لە دوو رەئی زیاترە.....

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

زۆر سوپاس، تەحدید کراوە، بەس ئەمەی ئێستا تەنها دوو کەس داوای کردووە، ئەوەی جەنابت دەڵێی یەك کەسە، من خۆم لەگەڵیان دانیشتوومەو سەیریانم کردووە، ئێستا کاك عبدالسلام ئەمەی کە دوو رەئیە بەو شێوەیە تەرتیبی بکەن، بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە.

بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

رەئیەك هەیە نوێنەری جەمعیاتی موعاقین ئەندام بێت لەو لیژنەیە وەکو موديير عامەکان، ئەوە دەبێت بخرێتە دەنگدانەوە ئایا ئەندام بێت، یان ئەو پێشنیارەی بەڕێز وەزیر کە (على الوزير دعوته)؟

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

ئێستا موناقەشە تەواو، دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ بەو شێوەیەی کە داوا کراوە، دوو ئەندامی پەرلەمان داوای کردووە، کە ئەندام بێتن لە مەجلیسەکە، نوێنەری کەمئەندام و خاوەن پێداویستیە تایبەتەکان، کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەندام بێت لەمەجلیسەکە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (36) بەڕێز لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (14) بەڕێز لەگەڵدا نییە، زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ پەسند کرا، واتا ئیزافە دەکرێت، تکایە صیاغەی بکەن و بیخوێننەوە، تکایە شتی هەڵە نەقلی ئێرە مەکەن، حەقیقەت چۆنە، موناقەشەی ئەندامان لەناو پەرلەمان بە چ شێوەیەك بووە، هیچ شتتان کردووە لەسەری و تەسبیتان کردووە؟ ئەوەمان پێ بڵێن، فەرموون.

بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

المادة الرابعة: يشكل مجلس لرعاية وتأهيل المعاقين في الإقليم ويتولى إقرار مايتعلق بشؤونهم ويترأسه الوزير ويكون بعضوية كل من:

أولاً/ مدير عام رعاية المعاقين والتنمية الإجتماعية في محافظات الإقليم.

ثانياً/ ممثلين عن الوزارات الآتية على ان لاتقل درجتهم عن درجة مدير عام:

1- التعليم العالي والبحث العلمي.

2- التربية.

3- الصحة.

4- الثقافة والشباب.

ثالثاً/ ممثل عن جمعيات المعاقين وذوي الاحتياجات الخاصة.....

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

لە صیاغەکە کاك فرسەت تێبینیەکی هەیە، کەرەم بکە.

بەڕێز فرست احمد عبدالله/سکرتێری پەرلەمان:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

مەهامی مەجلیس لە ماددە پێنج هاتووە، لە دێری ئەوەل (یتولی اقرار مایتعلق بشؤونم)، ئەوەش بەشێکە لە مەهام، نەصەکە لێرە وا بە موتلّەقی هاتووە، مانای ئەوەیە جەنابی وەزیر ناتوانێت هیچ بڕیارێك بدات، کەواتە سەلاّحیاتی وەزارەت هەموو بۆ مەجلیسەکە رۆیشت، سەلاحیاتی وەزارەت لە ماددە پێنج هاتووە، بە رەئی من ئەو چوار وشەیە حەزف بکرێت، (یتولی اقرار مایتعلق بشؤونهم)، چونکە تەفاسیل لە ماددەی پێنج هاتووە، ماددەی پێنج مولزەمە، نەوەك ئەو نەصەی لێرە هاتووە، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

لیژنەی یاسایی وەرتانگرت؟

بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

پێشنیارەکان وەرگیران، ئێستا ئەگەر رەزامەندی بفەرموون بیخوێنەوە، تاکو ئەندامانی پەرلەمان ئاگادار بن.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

فەرموو کەرەم بکە.

بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

الفصل الثاني

(مجلس رعاية وتأهيل المعاقين وذوي الاحتياجات الخاصة)

المادة الرابعة: يشكل مجلس لرعاية وتأهيل المعاقين وذوي الاحتياجات الخاصة في الإقليم، ويترأسه الوزير، ويكون بعضوية كل من:

أولاً: مدير عام الرعاية والتنمية الاجتماعية في محافظات الاقليم.

ثانياً: ممثلين عن الوزارات الآتية على ان لا تقل درجتهم عن درجة مدير عام:

1- التعليم العالي والبحث العلمي.

2- التربية.

3- الصحة.

4- الثقافة والشباب.

ثالثاً: ممثل عن جمعيات المعاقين وذوي الاحتياجات الخاصة.

رابعاً: للوزير دعوة اي خبير من داخل الوزارة او خارجها للمشاركة في اجتماعات المجلس.

خامساً: يتولى موظف حاصل على شهادة جامعية تنظيم أعمال المجلس وادارته.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

بەڕێزان، ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (2) بەڕێز لەگەڵدا نییە، زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ پەسند کرا، بۆ ماددەی پێنج تکایە.

بەڕێز تارا تحسین ئەسعەدی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

المادة الخامسة:

اولا: يتولى المجلس المهام الاتية:

1- مناقشة و وضع استراتيجيات واقرار السياسات النموذجية المتكاملة وتهيئة البيئة المناسبة للاشخاص المعاقين.

2- تحديد الاجراءات ووضع التوصيات لتوفير الرعاية والتأهيل للمعاقين.

3- اقرار برامج خاصة للتوعية الاجتماعية بالحقوق ومساواة الاشخاص المعاقين مع الاخرين.

ثانيا: يجتمع المجلس مرة واحدة في الاقل كل شهرين وللوزير دعوته للاجتماع عند الاقتضاء وبحضور اغلبية الاعضاء وتتخذ القرارات بموافقة اغلبية الحاضرين.

ثالثا: يتولى موظف حاصل على شهادة جامعية تنظيم اعمال المجلس ومتابعة اعمالها.

رابعا: تخصص ميزانية خاصة للمجلس، وتحدد ايراداتها بتخصيص مالي من ميزانية الوزارة وتضاف اليها التبرعات والاموال الموصى بها للمجلس، او اية ايرادات اخرى تقررها التعليمات التي تصدر من الوزارة بخصوص سير العمل في المجلس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

ڕێزدار عمر عبدالرحمن فەرموو.

بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

ئێمە پێشتر دەنگمان لەسەر راپۆرتەکەدا کە بکرێتە ئەساس، ئەم راپۆتە هاوبەشەی ئێستا کە نووسراوەتەوەو دوای هەموو موناقەشەکان ئەمە صیاغە کراوە، لەبەر ئەوە پێویست ناکات دیسان مەشروعە ئەسڵەکە بخوێندرێتەوە، دەبێت تەئکید تەنیا لەسەر ئەم راپۆرتە هاوبەشە بکرێت، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

نا، نا، عەفوەن، پرۆژەی حکومەت کە کرایە ئەساس وەکو راپۆرتی پرۆژەی ئەسڵی دەمێنێت لەو چوار پرۆژەی تریش ئیستیفادەی لێ کرا لەگەڵ ئەمە، راپۆرتی لیژنەی هاوبەشە بۆ تەعدیل، بۆیە لەوانەیە راپۆرتی هاوبەش دەنگ نەهێنێت، پرۆژەکەی حکومەت دەبێتە ئەساس، فەرموو لیژنەی هاوبەش بەردەوام بن.

بەڕێز عبدالسلام مصطفی صدیق:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

ئێمە گەیشتینە ئەم صیاغەیەی خوارەوە، چونکە فەرمانبەرەکە نەقل کراو لە تەسەلسولی (خامساً) دەبێتە چوار.

المادة الخامسة:

أولاً: يتولى المجلس المهام الآتية:

1- الاستراتيجيات وإقرار السياسات النموذجية المتكاملة وتهيئة البيئة المناسبة للأشخاص المعاقين وذوي الاحتياجات الخاصة.

2- تحديد الاجراءات ووضع التوصيات لتوفير الرعاية والتأهيل للمعاقين وذوي الاحتياجات الخاصة ومتابعة ومراقبة الايواء.

3- إقرار برامج خاصة للتوعية الاجتماعية بحقوق المعاقين وذوي الاحتياجات الخاصة ومساواتهم مع الآخرين، بالتنسيق مع الجهات ذات العلاقة.

ثانياً: يجتمع المجلس مرة واحدة في الأقل كل شهر وللوزير دعوته للاجتماع عند الاقتضاء.

ثالثا: يتم انشاء صندوق لرعاية وتأهيل الاشخاص المعاقين وذوي الاحتياجات الخاصة وتخصص له ميزانية ضمن ميزانية الوزارة، وتضاف اليها التبرعات والاموال الموصى بها او اية ايرادات اخرى ويدار الصندوق من قبل المجلس.

ئەگەر یەك ئیجازە هەبێت، لە ماددەی (27) هەیە باسی سندووق دەکات، بە مەسەلّەحەت زانرا بخرێتە ئەم (ثالثاً)، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

مولاحەزەت هەیە؟ فەرموو.

بەڕێز جلال على عبدالله:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

یەك کەلیمەیان لەبیر چووە، (وضع الاستراتيجيات)، (الاستراتيجيات) بە تەنیا لەوانەیە کامل نەبێت، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

فەرموو سیوەیل خان.

بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بەنیسبەت خاڵی دووەم حەقە صیاغەکەی بگۆڕن، چونکە صیاغەیەکی زۆر رەکیك و ناشیرینە، کەسیش تێی ناگات، ئەگەر حەز دەکەن با بەڕێزان بیخوێننەوە، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

زۆر سوپاس، جەنابی وەزیر فەرموو.

بەڕێز ئاسۆس نجیب/ وەزیری کارو کاروباری کۆمەلایەتی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

ئەگەر لێرە یەك تۆز تەوزیحی تـر هـەبێت سـەبارەت بـە بڕگـەی سـێ، چـونکە ئـەو سـندووقە ئەگـەر بڵێـت (ینظم بنظام)، بەشێوازێك بێت، چونکە ئەگەر قانون نەبێت، دەبێت نیزامی هەبێت، چونکە پێشتر قەرزی بچووکمان هەبووە، سندووقمان هەبووە، بەڵام بە نیزام رێکمان خستووە، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

ئاخیر صیاغە بخوێنـنەوە، بۆ ئەوەی بیدەینە دەنگدانەوە.

بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

دووبارە صیاغەی ماددەی پێنج دەخوێنمەوە:

المادة الخامسة:

أولاً: يتولى المجلس المهام الآتية:

1- مناقشة و وضع الاستراتيجيات وإقـرار السياسـات النموذجيـة المتكاملـة وتهيئـة البيئـة المناسـبة للأشـخاص المعاقين وذوي الاحتياجات الخاصة.

2- تحديد الاجراءات ووضع التوصيات لتوفير الرعاية والتأهيل للمعاقين وذوي الاحتياجات الخاصـة ومتابعـة ومراقبة التنفيذ.

3- إقـرار بـرامج خاصـة للتوعيـة الاجتماعيـة بحقـوق المعـاقين وذوي الاحتياجـات الخاصـة ومسـاواتهم مـع الآخرين، بالتنسيق مع الجهات ذات العلاقة.

ثانياً: يجتمع المجلس مرة واحدة في الأقل كل شهر وللوزير دعوته للاجتماع عند الاقتضاء.

ثالثا: يتم انشاء صندوق لرعاية وتأهيل الاشخاص المعاقين وذوي الاحتياجات الخاصة وتخصص لـه ميزانيـة ضمن ميزانية الوزارة، وتضاف اليها التبرعات والاموال الموصى بها او اية ايرادات اخـرى ويـدار الصـندوق مـن قبل المجلس وينظم شؤون وطريقة عمله بنظام.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

بەڕێزان، ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بـەرز بکاتـەوە؟ زۆر سـوپاس، کـێ لەگەڵدا نییـە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ پەسند کرا، بۆ ماددەی شەش بەردەوام بن، فەرموو.

بەڕێز د.ئاراس حسین محمود:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

الفصل الثالث

(الحقـــــوق)

الفرع الأول

" الحق في الحماية والرعاية الاجتماعية "

المادة (6): تتخذ الحكومة الاجراءات اللازمة لرعاية المعاقين داخل اسرهم، او توفير دور الايواء المناسبة لهم.

بەڕێز عونى كمال سعيد بەزاز:

بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.

سەبارەت بە ماددەى شەشەمى پرۆژەكە، هیچ ئەندام پەرلەمانێك تێبینى لەسەر نەبوو، لەبەر ئەوەى وەكو خۆى مایەوە، سوپاس.

بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان:

زۆر سوپاس، جەنابى وەزیر فەرموو.

بەڕێز ئاسۆس نجیب/ وەزیرى كارو كاروبارى كۆمەلایەتى:

بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.

سەبارەت بە ماددەى شەش، نازانم لێرە شتێك هاتووە (داخل اسرهم)، ئەى ئەوانەى لە دەرەوەى خێزانن چۆن، ئێمە رۆژانە كەمئەندامان هەیە، خاوەن پێداویستى تایبەتمان هەیە لە پەیمانگاكان چاودێریان دەكەین، (توفیر دور الایواء المناسبة لهم)، ئەوەیان جیایە، (الایواء) جیایە، مەراكیزى تەئهیل جیایە، لێرە داوا دەكەم تۆزێك تەفسیل هەبێت، (داخل اسرهم) شتێكى ترە، بۆیە داواى تەوزیح دەكەم، سوپاس.

بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان:

لە بەردەوام بوونى هاتووە، (او توفیر دور الایواء المناسبة لهم)، یەعنى عەینەن وەكو ئەوەى لە پرۆژەى حكومەتەوە هاتووە، بە هەمان شێوە دارێژراوە، فەرموو.

بەڕێز ئاسۆس نجیب/ وەزیرى كارو كاروبارى كۆمەلایەتى:

بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.

تەنها ئەو (داخل اسرهم) لابچێت، یاخود (داخل اسرهم) بەشێوەیەك بێت ئێمە بە هەموو شێوەیەك هاوكاریان دەكەین، ئەگەر لەناو خێزان بن، یاخود لە دەرەوەى خێزان بن، چونكە هەندێكمان هەیە خێزانیان نییە، بەلأم ئێمە هەر چاودێریمان كردووە بە هەموو شێوەیەك، سوپاس.

بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان:

بەس بەڕێز جەنابى وەزیر، هەردووكى هاتووە، یان لەناو مالْ، یان جێگایان بۆ دروست بكەین، پەیمان خان كەرەم بكە.

بەڕێز پەیمان عبدالكریم عبدالقادر:

بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.

دەكرێت لێرە (داخل اسرهم) لەبەردەمى ئەوە (متابعتهم داخل اسرهم)، یەعنى ئێمە مەبەستمان ئەوەیە موتابەعەیان بكەین، ئەگەر نەكرا، ئینجا (ایوائهم)، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

فەرموو ئاشتی خان.

بەڕێز ئاشتی عزیز صالح:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

سەبارەت بەوەی کە دەڵێت (توفير دور الايواء)، ئەوە ئەو مانایە ناگرێتەوە، مولاحەزەکەی جەنابی وەزیر لە شۆڕش خۆیەتی، لێرەدا تەنها تەئکید دەکاتەوە سەر دابین کردنی شۆڕشی نیشتەجێ بوون (الايواء) گرتنەخۆیان، بەڵام لێرەدا تەئکید ناکاتەوە سەر ئەوەی خەدەماتیان پێشکەش بکرێت لەو شۆڕشانەی کە ئیوائە، لەبەر ئەوەی بە تەنها نووسراوە (توفير دور الايواء المناسبة لهم)، بە تەنها هاوکاری کردنەکە بۆ ناوخێزان هاتووە، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

ئەو ئەگەر باش بکرێت (داخل اسرهم او في دور الايواء)، لە جیاتی (توفير)، (او في دور الايواء)، کاك عبدالسلام فەرموو.

بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

زۆر سوپاس، (ذوي الاحتياجات الخاصة) هەیە هەندێك حاجەتیان هەیە لەماڵ سەردانیشیان بکرێت، بۆیە (تتخذ الحكومة الاجراءات اللازمة) ئیتر ئەو ئیجرائاتە چ بێت، بابەتی ریعایە هەموو شت دەگرێتەوە، ئینجا لە ماڵ بێت، یان (توفير دور الايواء المناسبة لهم)، (داخل اسرهم، او توفير دور الايواء المناسبة لهم)، واتا مومكينە مەرکەز تەئهیل بێت، یان تەنها جێگای ئەو بێت، پێشنیارەکە من قەبوڵ دەکەم.....

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

زۆر سوپاس، جەنابی وەزیر فەرموو.

بەڕێز ئاسۆس نجیب/ وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

ئێمە پەیمانگامان هەیە نیزامی خۆی هەیە، بۆیە لێرە دەبێت باس بکرێت، مەراکیزی تەئهیل هەبێت، یەعنی دەبێت بەشێوەیەك بێت، چونکە ئێمە پەیمانگامان هەیە نیزامی خۆی هەیە، ئەگەر ئێمە بڵێین بەس تەنها (دور الايواء)، ئەی مەراکیزەکانی ترو نیزامە قانونیەکانی خۆی، یان دەتوانین مەراکیزی تەئهیل بەو شێوەیە بێت، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

فەرموو.

بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

صياغەی ماددەکە بەو شێوەیە:

الفصل الثالث

(الحقـــــوق)

الفرع الأول" الحق في الحماية والرعاية الاجتماعية "

المادة السادسة: " تتخذ الحكومة الاجراءات اللازمة لرعاية المعاقين وذوي الاحتياجات الخاصة داخل أسرهم، أو في دور الأيواء ومراكز التأهيل المناسبة لهم ".

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

بەڕێزان، ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ پەسند کرا، بۆ ماددەی حەوت بەردەوام بن، فەرموو.

بەڕێز تارا تحسين ئەسعەدی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

المادة (7):

تتكفل الحكومة بتخصيص راتب الحماية الاجتماعية لكل معاق ليس له مصدر كافي للدخل ويرتبط هذا الراتب بدرجة عجز المعاق وعلى ان النحو الاتي:

اولاً: المعاق الذي بلغت درجة عجزه (65٪) فأكثر يستحق راتب الحماية والذي يعادل الحد الادنى لراتب الموظف في الاقليم.

ثانياً: المعاق الذى تتراوح درجة عجزه بين (33٪ - 64٪) يستحق راتب الحماية ويحتسب كالاتي:

راتب الحد الادنى ×درجة العجز

65

ثالثاً: المعاق الذي تتراوح درجة عجزه بين (15٪ - 32٪) يستحق راتب الحماية ويحتسب كالاتي:

راتب الحد الادنى ×درجة العجز

65

رابعا: يعهد الى مديريات التنمية الاجتماعية تنفيذ احكام الفقرات السابقة.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

لیژنەی هاوبەش فەرموو.

بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

ئەمە یەکێکە لە ماددەکانی زۆر وەختان پێدا، من دەخوێنمەوە ئاخیر موقتەرەحمان چیە، پاشان تەسەور دەکەم تەعدیلەکە پێویستی بە چەند شەرح هەبێت، ئێمە ئیعادەی صیاغەمان کردووە بەو شێوەیە:

المادة السابعة:

اولا: يتم تحديد نسبة العجز من قبل لجنة طبية مختصة حسب معايير خاصة تصدرها الوزارة.

ثانيا: يستحق كل معاق بغض النظر عن مصدر دخله بدل اعاقة يعادل ثلثي اعانة الحماية الاجتماعية.

ثالثا: اضافة الى ما ورد في الفقرة (ثانيا) من هذه المادة يستحق كل معاق ليس الموظف اعانة اضافية بالشكل الآتي:- اعانة الحماية الاجتماعية X نسبة العجز.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

تەوزیحێکی زیاد بدەن لەسەر ئەو موعادەلەی هێناوتانە، کەرەم بکەن.

بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

نەصە ئەسڵیەکەی لە وەزارەت هاتووە تەحدیدی عەجزی کوڵی بە 65٪ی کردووە، لەسەر ئەساسی وەزیفە، تەعلیماتێك بەنیسبەت فەرمانبەر، هەروەها هەندێك نەسەبی داناوە، ئەگەر لەسەر ئەوە رۆیشتباین، ئەوەی ئێستاش سەرف دەکرا کەم دەبوو، ئیجحافێکیش دەبوو، بە ئامادە بوونی بەڕێز وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی و نوێنەرانی وەزارەتی دارایی و ئابووری و هەرسێ لیژنەی هاوبەش حیسابات و جەمع و تەرحمان کرد، دەبوایە چەند حاڵەتێك ڕەچاو بکەین، یەکێکیان/ ئێستا ئەوەی فەرمانبەرە سەد هەزار سەرف دەکرێت، دەبێت دەستی لێ نەدەین، دەبێت عیلاجێك بدۆزینەوە بۆ حەل کردنی ئەمە.

دوو/ هەموو ئەوانەی کە ئێستا یارمەتی حیمایەی ئیجتیماعی لە ژێر ناوی چ موعاق بێت، چ خاوەن پێداویستیە تایبەتەکان لە وەزارەت (150) هەزار دیناری مەقتوع وەردەگرن، دەبوایە ئەوەش دەست لێ نەدرێت.

سێیەم/ دەبوایە حەلی تەفاوز بکەین لە دەرەجەی عەجز، تا بگاتە دەرەجەی عەجزی کوڵی، واتا دەبوایە صیغەیەك بدۆزینەوە (100) هەزار دیناری وەزارەت بمێنێت، (150) هەزار دینارەکەش بمێنێت، بەپێی دەرەجەی عەجز، تۆزێك ئیزافەیان هەبێت لەسەر (150)، بۆیە ئەوەی ئێمە گوتوومانە (کل معاق بغض النظر عن مصدر دخله)، واتا موەزەف و غەیری موەزەف جارێ (ثلثي اعانة الحماية) وەردەگرن، ئەگەر قەڵەم و وەرق وەربگرن دەبێتە سەد، (محبذ) نییە لەقانون سەد بنووسی، یان نیسبە بنووسی.

دوو/ یەك کێشەمان هەبوو، بەڕێز جەنابی وەزیر پیشانی ئێمەیدا، کە ئەوان بەپێی ئەو تەعلیماتەی ئیشی لەسەر دەکرێت لە حاڵاتی (ذوي الاحتياجات الخاصة) هەیە عەجزەکەی لە شەست دەست پێ دەکات، هەیە لە پازدە، هەیە لە چل، هەیە لە حەفتاوە دەست پێ دەکات، بۆیە (محبذ) نەبوو، دووەمین جار ئێمە نیسەب لێرە دادەنێین چل، یان پەنجا، چونکە گوتوومانە نیسبەتی عەجز لە لای وەزارەت دادەنێین، بۆیە شتەکە وای لێهات، کە سەدەکە تەئمین دەبێت، بەبێ ئەوەی ناوی سەدەکە بڵێین، بیجگە لە سەد، ئەوانەی ئێستا لە دەرەوەی وەزیفەنە (150) وەردەگرن، سەدەکەی وەرگرتووە، چونکە گوتوومانە (کل من) ئیزافەیەکمان کردووە بەپێی (150) حیمایە (في نيسبة العجز)، چەند نموونەمان هێناوە، ئەوەی فەرمانبەرە گوتمان سەدەکەی بەردەوام دەبێت، ئەوەی فەرمانبەر نییە، ئەگەر دەرەجەی عەجزی چل بێت و هەبێت چل، سەد

زائیدەن (150) فی 40٪ دەکاتە (160) هەزار، ئەگەر دەرەجەی عەجزەکە گریمان 70٪ بێت، دەبێتە (185) هەزار وابزانم، ئەگەر دەرەجەی عەجزی 100٪ بێت دەبێتە (250) هەزار، واتا ئەهدافەکانی تەحقیق پێویست بوو ئەمە هەمووی شەرح بکرێت، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

زۆر سوپاس، جەنابی وەزیر فەرموو.

بەڕێز ئاسۆس نجیب/ وەزیری کارو کاروباری کۆمەلایەتی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

دیارە ئەم ماددەیە یەکێکە لە ماددە گرنگەکانی ئەم یاسایە، لەبەر ئەوەی مەسائیلی مالی تیایە، دیارە من پێشتر بە پێویستم زانی وەزیری مالیە ئامادە بێت، ئەو نەیتوانی، بەڵام بریکاری وەزیر ئامادە بوو لە یەکێك لە دانیشتەکان، بۆ ئەوە ئێمە پێشتر جەنابیشت راتان وا بوو کە ئێمە بتوانین ئەو مووچەیە زیاد بکەین و کەمی نەکەینەوە، پێشتر هاوکێشەیەکمان هێنا، بەڵام ئێمە ئێستا گەیشتینە هاوکێشەیەك، موعادەلەیەك، بەڵام وەکو ئەمە نییە کە ئێستا، بەڵێ باس کردنەکە وایە، بەڵام ئەمەی کە دەڵێت (یستحق کل معاق بغض النظر عن مصدر دخلە) ئەوەیان دەبێت ئێمە یەك تۆز چاکی بکەین، بەپێی ئەم هاوکێشەیە وای لێ دێت، ئەو فەرمانبەرەی کە پێشتر (100) هەزاری وەرگرتووە، ئەوە دەستی لێ نادرێت بەهیچ شێوەیەك، بەڵام ئێمە لێرە لەبەر ئەوەی سکاڵای کەمئەندامان بەردەوام هەبووە لەسەر ئەوەی کە تاکو ئێستا هیچ جیاوازییەك نەکراوە لەنێوان ئەوەی کە لە 40٪ە دەرەجەی عەجزەکەی، یاخود لە 100٪ە، ئێمە بەپێی ئەم هاوکێشەیە جیامان کردۆتەوە، تەنها ئەوەمان دەوێت صیاغەی بڕگەی دوو چاك بکرێت بەشێوەیەکی تر، بۆ ئەوەی ئەندامانی پەرلەمانی بەڕێزیش بتوانن لێی تێ بگەن، یەك، دوو نموونەش لێرە حیساب بکرێت، بۆ ئەوەی هیچ نارووونیەك نەمێنێت لەم هاوکێشەیە، چونکە ئەمە یەکێکە لە ماددە گرنگەکان و دەبێتە هۆی زیاد کردنی مووچەی کەمئەندامان، ئەوەی کە لە 40٪ تا 74٪ هاوکێشەیەك دەبێت، واتا ئەوەی لە 74٪ ئێستا دەرەجەی عەجزەکەی دەبێتە (110) هەزار، ئەوەی لە 75٪ بەرەو ژووری دەرەجە عەجزەکەی تاکو 100٪، ئەو کاتە دەبێتە (250) هەزار، ئێمە ئەو هاوکێشەیەشمان ئامادە کرد، بریکاری وەزیری دارایی خۆی ئامادە بوو، دوا راش لەلای بەڕێزتانە، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

زۆر سوپاس، کاك ڕێباز فەرموو.

بەڕێز ڕێباز فتاح محمود:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

من دوو تێبینیم هەیە، یەکیان/ ئەوەیە، نازانم وابزانم یەکلایی بۆوە، کە کورتە بالاکانیش لە زیمنی ئەو یاسایە دەبێت، بەڵام ئەو موعاق نییە، تاوەکو بەگوێرەی ئەو پێوەرە مووچەیەکی پێ بدرێت، لەبەر ئەوە ناوی نەهاتووە، ئەمە یەك.

دووەم/ لە (ثانیاً) دەڵێت (كل معاق)، یەعنی ئەگەر یەكێكیش لە 5٪ عەجزی هەبێت، خۆ هەر موعاقە، تۆ لێرە ناتوانیت بە یاسایەكی تر رێگە بگری لەمە، چونكە ئەمە دەڵێت (كل معاق)، یەعنی ئەگەر قەراریش بێت لە 40٪، یاخود لە 45٪ەوە دەست پێ بكات، یەعنی ئەم یاسایە رێگەی لێ دەگرێت، چونكە دیاری كردووە دەڵێت (كل معاق) یەعنی هەموو كەسێك، سوپاس.

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:

زۆر سوپاس، جەنابی وەزیر فەرموو.

بەڕێز ئاسۆس نجیب/ وەزیری كارو كاروباری كۆمەڵایەتی:

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.

لە ماددەی یەكدا ئەوە بوو رێگە نەدرا من قسە بكەم، بەڵام گرنگ ئەوەیە ئێمە لێرە بڵێین ئەگەر تازە ناوەكەی بوو بە كەمئەندامان و خاوەن پێداویستیە تایبەتەكان، من رێز لە ئەندامانی پەرلەمان دەگرم، بۆ كورتە باڵاكان بە پێویستی دەزانم بە بڕگەیەك لەم یاسایە باس بكرێت، ئەو مافانەی كە لێرەیە كورتە باڵاكانیش مەشمول دەبن، بەڵام تاكو ئەو كاتەی كە پرۆژە یاسایەكیان بۆ تەنزیم دەكرێت، یاخود پرۆژە یاسایەك تەقدیمی پەرلەمان دەكەن، واتا ئێمە لێرە بە هیچ شێوەیەك مافی كورتە باڵاكان ناخۆین، یاخود ئەو نەخۆشانەی ئێستا لەلایەن وەزارەتەوە هاوكاری دەكرێن، بۆیە داوا دەكەم بە بڕگەیەك دەسەڵات بدرێتە وەزارەتی كارو كاروباری كۆمەڵایەتی و وەزارەتی تەندروستی، كە بەنیزامێك، بە تەعلیماتێك ئەو نەخۆشانەش بگرێتەوە، چونكە هەندێك نەخۆشی هەیە دەرەجەی عەجزی نییە، وەكو تالاسیما، نەخۆشی تریش هەیە وەكو شیزۆفرینا، هیچ كاتێك دەرەجەی عەجزی بۆ دیاری ناكرێت، بەڵكو بە تەنها بە راپۆرتی پزیشكی دەبێت، سوپاس.

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:

سوپاس، بەعەمدی كەس رێی لە جەنابت نەگرتووە قسە نەكەیت، ئازادی، هەر وەختێك دەستت بەرز بكەیتەوە رێگات پێ دەدەین، بەڵام بۆ ناوەكە بە حەقیقەت بەشێوەیەك بوو وا دەرباز بوو، بەڵام عەمدی نەبوو دڵنیابە لەوەی كە جێگای رێزی لێرەو، حەقی خۆشتە دیفاع بكەیت لە پرۆژەكە، فەرموو.

بەڕێز شلێر محی الدین صالح:

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.

لێرە زۆر لە ئەندامانی پەرلەمان باسی ئەوە دەكەن، كەوا كورتە باڵا، ئەگەر بڵێی موعاق كورتە باڵا ناگرێتەوە، بەڵام ئەگەر لە بڕگەكە تەسنیف بكرا بوایە كەم توانای جەستەیی دەیانگرێتەوە، راستە ئەوان قاچیان هەیە، دەستیان هەیە، بەڵام لە رووی جەستەییەوە كەم تواناییان هەیە، ئەوە بۆتە كۆسپێك لەبەردەمیان.....

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:

تکایە، ئێستا رەئی مەدە، ئەو رەئیەی لە دانیشتنی رابردوو داوتانە، رەئیەکان هاتووە، ئا لەسەر ئەمەیە، ئەمە رەئی ئەو کەسانەیە کە داوایان کردووە چاك بکرێت، ئێستا تکایە بیخوێنەوە، بۆ ئەوەی بیدەینە دەنگدانەوە، لیژنەی هاوبەش ئاخیر صیاغەتان بخوێننەوە.

بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

ئەوەی ئێستا خوێندمەوە موعاق مەبەستمان ئەوە نەبوو، مەبەستمان ئەوە بوو ئەوەی لیژنەی تۆبی لەسەر ئەوە قەرار دەدات، ئەمە دەرەجەیەك، نیسبەیەك عەجزی هەیەو موستەحەقی ئیعانەیە، ئێستاش ئەم نەصە دەخوێنمەوە، ئەگەر سەلاحیەت بدرێت بە لیژنەی قانونی بۆ صیاغە کردنی، تاکو بیخوێنمەوە، چونکە راست دەکەن (کل معاق) نییە، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

لیژنەی هاوبەش ئاخیر صیاغەتان لەو بارەیەوە، بەپێی ئەو بۆچوونانەی دراون، فەرموو.

بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

صیاغە تازەکە، تاکو تەجاوزی ئەو ئیشکالیەتەو سوئفەهەمە بکەین، ئەمەی خوارەوەیە:

المادة السابعة:

اولا: يتم تحديد نسبة العجز من قبل لجنة طبية مختصة حسب معايير خاصة تصدرها الوزارة.

ثانيا: يستحق المشمولون باحكام الفقرة (أولاً) اعلاه بغض النظر عن مصدر دخله بدل اعاقة يعادل ثلثي اعانة الحماية الاجتماعية.

ثالثا: اضافة الى ما ورد في الفقرة (ثانيا) من هذه المادة يستحق المشمولون من احكام الفقرة (اولا) من هذه المادة من غير الموظفين اعانة اضافية بالشكل الآتي:-

اعانة الحماية الاجتماعية X نسبة العجز

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

بەڕێزان، ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ پەسند کرا، بۆ ماددەی هەشت بەردەوام بن، فەرموو.

بەڕێز تارا تحسين ئەسعەدی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

المادة (8): استثناء من احكام قانون الخدمة المدنية ونظام الاجازات تستحق الموظفة المعاقة اجازة خاصة براتب تام لا تحتسب من اجازاتها الاخرى اذا كانت حاملا واوصت اللجنة الطبية ان حالتها تتطلب ذلك.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

لیژنەی هاوبەش فەرموو.

بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

ماددەی هەشت هیچ مولاحەزەی لەسەر نەبوو، مواخەلەش نەبوو، واتا وەکو خۆی بمێنێتەوە.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

بەڕێزان، ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ پەسند کرا، بۆ ماددەی نۆیەم بەردەوام بن، فەرموو.

بەڕێز تارا تحسين ئەسعەدی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

المادة (9): التفرغ لرعاية المعاق: كل شخص تفرغ او قام أو التزم برعاية المعاق الذى لا يستطيع تلبية متطلبات حياته العادية والذى يحتاج لمن يلازمه لقضاء حاجاته ولرعايته بشكل مستمر يحق له الاستفادة من تعويض التفرغ وكالاتى:

اولا/ اذا كان للمتفرغ راتبا من الحكومة:

1ـ يمنح اجازة براتب تام ويستحق العلاوات والترفيعات وكافة الحقوق التى يستحقها اسوة بأقرانه من الموظفين.

2ـ اضافة لما وردت فى الفقرة السابقة يصرف له راتبا يعادل الحد الادنى لراتب الموظف في الاقليم لرعاية معاقين اثنين.

ثانيا/ اذا لم يكن للمتفرغ راتب من الحكومة يمنح راتبا يعادل الحد الادنى لراتب الموظف في الاقليم لرعاية معاق واحد، وراتبا يعادل نسبة 150 بالمئة للحد الادنى لراتب الموظف في الاقليم لرعاية معاقين اثنين.

ثالثا/ لايجوز ان يتفرغ اي شخص لرعاية اكثر من معاقين اثنين فى الوقت نفسه، وتتكفل الحكومة بضمان توفير الرعاية للمعاقين الذين ليس لهم من يرعاهم.

رابعا/ تجدد اجازة التفرغ سنويا.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

لیژنەی هاوبەش فەرموو.

بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

تەنها هەندێك داوایان كرد بوو موخەصەصاتی ختورەو ئەو شتانە بمێنن، وابزانم لە یەك بوو، یان دوو بوو، هەندێك.....

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

راپۆرتەکەتان بخوێنەوە.

بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

المادة الثامنة:

التفرغ لرعاية المعاق: كل شخص تفرغ لرعاية المعاق الذي لا يستطيع تلبية متطلبات حياته العادية والذي يحتاج لمن يلازمه لقضاء حاجاته ولرعايته بشكل مستمر، يحق له الاستفادة من تعويض التفرغ، وكالآتي:

أولاً: اذا كان للمتفرغ راتب من الحكومة:-

1- يمنح اجازة براتب تام مع المخصصات الثابتة كما يستحق العلاوات والترفيعات وكافة الحقوق التي يستحقها اسوة بأقرانه من الموظفين لرعاية معاق واحد.

2- إضافة لما ورد في الفقرة السابقة، يصرف له راتب يعادل الحد الادنى لراتب موظف في الإقليم، لرعاية معاقين اثنين.

ثانياً: اذا لم يكن للمتفرغ راتب من الحكومة:

1- يمنح راتباً يعادل الحد الادنى لراتب الموظف في الاقليم لرعاية معاق واحد.

2- يمنح راتباً يعادل نسبة (150٪) للحد لادنى لراتب موظف في الاقليم لرعاية معاقين إثنين.

ثالثاً:

1- لا يجوز ان يتفرغ أي شخص لرعاية أكثر من معاقين إثنين في الوقت نفسه.

2- تتكفل الحكومة ضمان توفير الرعاية للمعاقين الذين ليس لهم من يرعاهم.

رابعاً: تجدد إجازة التفرغ سنوياً.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

زۆر سوپاس، جەنابی وەزیر فەرموو.

بەڕێز ئاسۆس نجيب/ وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

لێرە لە عینوانی ماددەکە دەڵێین (التفرغ لرعايه المعاق)، بەڵام لێرە دەڵێین (كل شخص تفرغ او قام او التزم برعايه المعاق)، لێرە ئیجتیهاداتی زۆری تیا بێت تەحدید بکرێت بە تەفەروغ، بەشێوەیەك بێت ئیجتیهاداتی تیا نەبێت لەکاتی تەنفیز کردنی ماددەکەدا، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، سۆزان خان فەرموو.

بەڕێز سۆزان شهاب نوری:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

له ئەسڵی مەشروعەکەدا، لەیەکەمدا هاتووە (يمنح اجازة براتب تام مع المخصصات الثابتة كما يستحق العلاوات والترفيعات وكافة الحقوق التي يستحقها اسوة بأقرانه من الموظفين لرعاية معوق واحد)، چونکە لەدووەمدا هاتووە (إضافة لما ورد في الفقرة السابقة، يصرف له راتب يعادل الحد الادنى لراتب موظف في الإقليم، لرعاية معاقين اثنين).....

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

تکایە، ئێستا موناقەشەیە ئیزافە ناکەین، نیهائیەن، ئەوەی کە قسەتان کردووە لە جەلسەکانی رابردوو، ئێمە دەدەینە سەرەوە، کاك عبدالسلام بیخوێنەوە، واتا پێشنیاری ئەندامەکان بخوێنەوە.

بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

تەنها بەشێك لە ئەندامانی پەرلەمان داوایان کرد بوو موخەصەصاتی ختورە بۆ راتبی موتەفەرغین بمێنێت، هەروەك ئێمە مشوەرمان کرد لەگەڵ ئەوانەی وەزارەتی دارایی و ئەوانەی لە حکومەت، گوتیان معمول ئەوەیە موخەصەصاتی ختورە بۆ ئەو کەسانە سەرف دەکرێت ئەوانەی لە مەوقیعی خەتەر دەبن، هەر یەکێك هەتا لەناو دائیرەکەش ئەگەر وەزیفەکەی گۆڕا، چۆن بچێتە مالێ موخەصەصاتی ختورە سەرف نابێت، بە پێچەوانەوە وەزارەتی مالیە گوتی هەموو موخەصەصاتی غەیری دائیمە ئۆتۆماتیکیەن سەرف ناکرێت، ئەگەر هاتو تەبیعەتی موهیمەکەی گۆڕا، ئێمە لە ئیقتیراحی خۆمان ئیزافەکمان کردووە کە (المخصصات الثابتة) تێدا بێت، یەعنی ناچاریان دەکەین بۆیان سەرف بکرێت، بەڵام موخەصەصاتی ختورە وەکو ئێمە تێگەیندراین نابێت بەو حاڵەتە، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، سیوەیل خان فەرموو.

بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

ئەوەی کاك عبدالسلام گوتی تەعلیق نییە، بەس هەر مەبەستم شتێکی تر بوو، جاری وا هەیە کارمەندی تەندروستیە، موخەصەصاتی ختورەی نیوەی مەعاشەکەیەتی، واتا ئەگەر تۆ لێت بڕی، دەکات نیوەی مەعاشەکەت لێ بڕی، چ ئیستیفادەیەك دەکات، دەبێت بۆ خۆی موخەصەصاتی ختورەش وەرگرێت، ئەدی لەوێ معوەقێکی نییە؟ واتا شەلەل دەماغی هەیەو خزمەتی دەکات و موراعاتی دەکات، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، شلێر خان فەرموو.

بەڕێز شلێر محی الدین صالح:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

له خاڵی دووەم، ئەو پرسیارە ئاراستەی لیژنەی یاساییش دەکەم، ئەوە لە رووی یاساییەوە (اجازة براتب تام مع المخصصات الثابتة يستحق العلاوة والترفيع)، هەموو ئیجازەیەکی بدون راتب لە رووی یاساییەوە (يستحق العلاوه والترفيع) ئەمە تەحصیل حاصلە، ئیلا ئەگەر.....

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

ئێستا شتم بۆ ئیزافە مەکە، پێشتر ئەوانەی گوتراوە، رجائەن، ژیان خان فەرموو.

بەڕێز ژیان عمر شریف:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

منیش پشتگیری لە قسەکانی سیوەیل خان دەکەم، خۆ ئەمان ئینسانێکی ئیعتیادی نین، بۆی موتەفەریغن، یەکێك نییە لە ماڵەوە بۆ خۆشی دابنیشێت، ئەمانە منالەکانیان شەلەل دەماغیان هەیە، تا بەیانی هەموو تووشی نەخۆشی بوون، هەموو ئەم ژنانە تووشی شەقیقە بوون، با خۆمان بخەینە شوێنی ئەم دایکانە، تۆ یەك شەو منداڵەکەت ئەنفلۆنزایەتی تا بەیانی ناخەوی، خەریکە شێت دەبیت، ئینجا ئەمانەش شەلەل دەماغیان هەبێت و ئەم منداڵە دەزریکێنێ، ئەم دایکانە هەموو نەخۆشن، بۆیە ئێمە داوای ئەوەمان کردووە.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

ئەمە وازیح بوو، ئەمە بە عاتیفە نابێت، بە قانون دەڵێت کەی سەبەبەکە لاچوو، کەی چاك بوو، پێویست ناکاتن، کەی فەرمانبەرەکە لە ئیشەکە تەواو بوو، ئەو واجیبەی کە بۆی دانراوە، ئەو ئینسانە چاك بوو، ئینجا پێویست ناکات و پێویستی بە کەسێك نییە بەخێوی بکات، ئینجا لادەچێت، کاك عبدالسلام بەردەوام بن لە خوێندنەوەی، بۆ ئەوەی بیدەینە دەنگدانەوە.

بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

المادة الثامنة:

التفرغ لرعاية المعاق: كل شخص تفرغ لرعاية المعاق الذي لا يستطيع تلبية متطلبات حياته العادية والذي يحتاج لمن يلازمه لقضاء حاجاته ولرعايته بشكل مستمر، يحق له الاستفادة من تعويض التفرغ، وكالآتي:

أولاً: اذا كان للمتفرغ راتب من الحكومة:

1- يمنح اجازة براتب تام مع المخصصات الثابتة كما يستحق العلاوات والترفيعات وكافة الحقوق التي يستحقها اسوة بأقرانه من الموظفين لرعاية معاق واحد.

2- إضافة لما ورد في الفقرة السابقة، يصرف له راتب يعادل الحد الادنى لراتب موظف في الإقليم، لرعاية معاقين اثنين.

ثانياً: اذا لم يكن للمتفرغ راتب من الحكومة:

1- يمنح راتباً يعادل الحد الادنى لراتب الموظف في الاقليم لرعاية معاق واحد.

2- يمنح راتباً يعادل نسبة (150٪) للحد ألادنى لراتب موظف في الاقليم لرعاية معاقين إثنين.

ثالثاً:

1- لا يجوز ان يتفرغ أي شخص لرعاية أكثر من معاقين إثنين في الوقت نفسه.

2- تتكفل الحكومة ضمان توفير الرعاية للمعاقين الذين ليس لهم من يرعاهم.

رابعاً: تجدد إجازة التفرغ سنوياً.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

بەڕێزان، ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (3) بەڕێز لەگەڵدا نییە، زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ پەسند کرا، بۆ ماددەی دە بەردەوام بن، فەرموو.

بەڕێز تارا تحسین ئەسعەدی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

الفرع الثاني

حق المعاق في التربية والتعليم

المادة (10): لكل شخص معاق الحق في التعليم وذلك بضمان حصوله على فرص متكافئة للالتحاق بالمؤسسات التربوية والتعليمية بكافة مراحلها بما فيها الدراسات العليا وتسهيل استمراره بها، ولا يمكن ان تحول الاعاقة دون انتسابه او دخوله الى اية مؤسسة تربوية او تعليمية رسمية او خاصة.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

لیژنەی هاوبەش فەرموو.

بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

لێرە چەند رەئی هەبوو بە دەمج کردن و ئیعادەو تەرتیبی ئەو ئەفکارانەی لەناو ئەو ماددەیەدا هەیە، واتا ئەو صیاغەیەی کە ئێمە کردوومانە دەمجی ماددەی دەو یازدەیە، لەگەڵ رەچاو کردنی لادانی خاڵی دووەم لە ماددەی یازدە، کە لە راپۆرتی لیژنەی هاوبەشدا هاتبوو و موناقەشەشی لەسەر کراوە، تەقریبەن زۆربەی لەگەڵ لادانەکە بوون، هەر بۆ مەعلوماتتان.

الفرع الثاني

" الحق في التربية والتعليم "

المادة العاشرة:

اولا: لكل شخص معاق وذوي الاحتياجات الخاصة الحق في التعلم وذلك بضمان حصوله على فرص متكافئة للالتحاق بالمؤسسات التربوية والتعليمية بكافة مراحلها بما فيها الدراسات العليا وتسهيل استمراره بها ولا يمكن ان تحول الاعاقة دون انتسابه الى اية مؤسسة تربوية او تعليمية رسمية او خاصة.

ثانيا: على الحكومة تأمين سبل تعليمية مناسبة وخاصة للمعاق وذوي الاحتياجات الخاصة حسب نوعية العوق وحاجتها واعداد معلمين ومدرسين في هذا المجال وتوفير كافة المستلزمات الدراسية وتنظيم كافة الامور المتعلقة بتعليمهم والتي تسمح لكل تلميذ معاق او ذوي الاحتياجات الخاصة الالتحاق ومواكبة البرامج التعليمية اسوة باقرانه من التلاميذ.

ثالثا: الاهتمام بتربية الاطفال المعاقين وذوي الاحتياجات الخاصة في مرحلة الطفولة المبكرة.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

ئەمە چەند رەئیەك هەبوو لەسەری وەرتانگرتووە، بەڕێزان، ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ پەسند کرا، بۆ ماددەی یازدە بەردەوام بن، فەرموو.

بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

وابزانم پاش ئەوەی کە ئەو ماددەیە تەصدیق کرا، پێویست ناکات ماددەی یازدە لە ئەسڵی پرۆژەکە بخوێنینەوە، چونکە هەردوو ماددە دەمج کرا، ماددەی دەو یازدە، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

دەبێت بە دەنگدان بێت، ماددەی یازدە بخوێنەوە، پێشنیاری بکە، فەرموو.

بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بۆیە لە سەرەتاوە قسەم کرد، ئەم نەصەی خوێندمانەوە لە ژێر ناوی ماددەی دە، کۆکراوەو دەمج کردنی ماددەی دەو یازدە بوو، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

هەڵەتان کرد، دەبوو پێش وەخت ئیشارەتتان پێ کرد بوایە، کە ماددەی دەو یازدە دەمج دەکەن، ئینجا صیاغەکەتان بخوێندبایەوە، بەڵام مادام ئەندامە بەڕێزەکان بەکۆی دەنگ پەسندیان کرد، ئێستا بڕۆ بۆ ماددەی دوازدە.

بەڕێز تارا تحسين ئەسعەدی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

الفرع الثالث

حق المعاق في التأهيل والعمل

المادة (12): يكفل القانون للمعاق حقه في العمل كسائر افراد المجتمع وتأهيله ومساعدته للدخول في سوق العمل ضمن مبدأ المساواة وتكافؤ الفرص.

بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

من پێشنیار دەکەم ئەگەر جەنابتان رەئی بدەن کە ماددەی (12 و 13 و 14) دەمج بکرێت، چونکە هەموو ئەوانەی رەئیان داوەو لیژنەی هاوبەش صیاغەیەکی کردووە بە یەکخستنی هەر سێ ماددە، ئەمر بۆ جەنابتانە، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

فەرموو.

بەڕێز تارا تحسین ئەسعەدی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

المادة (13):

أولاً: تلتزم الحكومة بتخصيص وظائف في القطاع العام للمعاقين بنسبة لاتقل عن (5٪) من مجموع عدد الوظائف وذلك بعد تأهيلهم.

ثانياً: يلتزم اصحاب المشاريع الخاصة بتخصيص فرص عمل في القطاع الخاص للمعاقين بنسبة لاتقل عن (3٪) من مجموع عدد العاملين في كل مشروع، وذلك بعد تأهيلهم بما يتفق وحالة اعاقتهم.

المادة (14): تتولى الوزارة بالتنسيق مع الجهات المعنية تأهيل المعاقين والالتحاق بمراكز التأهيل المهني وفتح ورش محمية او مؤسسات تشغيلية ومتابعة عملهم ضمن الادارات التابعة لها.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

فەرموو لیژنەی هاوبەش بەردەوام بن.

بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

لە راپۆرتی پێشووش هی لیژنەی هاوبەش لەگەڵ رەئی بەڕێزانیش، ماددەی (12 و 13 و 14) دەمج بکرێت و بڕگەی دووی ماددەی سێزدەی ئەسڵی پرۆژە لابدرێت و لە رەئی بەڕێزانیش تێدایە، چونکە ئیلزامی ئەصحابی مەشاریعی خاصە بە هەندێك شت دەکات، کە بۆمان نییە، بۆیە ئێمە پێشنیاری ئەم دەقەی خوارەوە دەکەین، کە دەبێتە تەسەلسولی ماددەی یازدە:

الفرع الثالث

" الحق في التأهيل والعمل "

المادة الحادية عشرة:

اولاً: يكفل القانون للمعاقين وذوي الاحتياجات الخاصة حقهم في العمل كسائر أفراد المجتمع وتأهيلهم وتوفير فرص العمل بما يتناسب قابليتهم ومؤهلاتهم ضمن مبدأ المساواة وتكافؤ الفرص.

ثانياً: تتولى الوزارة بالتنسيق مع الجهات المعنية تأهيل المعاقين وذوي الاحتياجات الخاصة للالتحاق بمراكز التأهيل المهني وفتح ورش او مؤسسات تشغيلية ومتابعة عملهم ضمن الادارات التابعة لها.

ثالثاً: تلتزم الحكومة بتخصيص وظائف في القطاع العام للمعاقين وذوي الاحتياجات الخاصة بنسبة لاتقل عن (5٪) من مجموع عدد الوظائف وذلك بعد تأهيلهم.

رابعاً: تعمل الحكومة على تشجيع قيام اصحاب المشاريع الخاصة بتأمين فرص عمل لذوي الاحتياجات الخاصة وذلك بعد تأهيلهم بما يتفق ومتطلبات العمل، وتتحمل الحكومة نصف اجره الشهري لمدة (ثلاث سنوات) مع مراعاة احكام المادة (السابعة) من هذا القانون.

تەسەور دەکەم ئەمە تۆزێك شەرحی پێویستە، لە ئەسڵیەکە حکومەت ئیلزامی ئەصحابی مەشاریعی خاصە دەکرد، کە خەڵك وەربگرن، زۆربەی زۆری رەئیەکان ئەوە بوو کە نابێت، بەڵام لە زۆر دوەلیش هەیە، بۆ ئەوەی خەڵکەکە تەنها لە ماڵەوە دانەنیشێت و ئیعتیماد لەسەر پارەی حکومەت بکات دوو، سێ ساڵ تەئهیل دەکرێن و، دەنێردرێن بۆ کەرتی تایبەت وەکو هاندان بە کەرتی تایبەت، کە ئەوانە وەربگرێت، حکومەت سێ ساڵ نیوەی راتب وەربگرێت، ئەوە پێشنیاری ئێمە بوو و، پێشنیاری هەندێ بەرێزیش بوو لە جیاتی ئیلزامی حکومەت، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

بەڕێزان، لەبەر ئەوە نیصاب تەواو نییە، ناتوانین ئێستا بیخەینە دەنگدانەوە، چاوەڕێ دەکەین تا ئەو ئەندامە بەڕێزانەی لە دەرەوەن بێنەوە ژوور، بەس جەنابی وەزیر دەتوانێت رەئی خۆی بدات، کەرەم بکە.

بەڕێز ئاسۆس نجیب/ وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

سەبارەت بەم ماددەیە، بڕگەی دوو، کە دەڵێت (للالتحاق بمراكز التأهيل المهني وفتح ورش او مؤسسات تشغيلية)، ئێمە لە ئەسڵدا لە وەزارەت مەراکیزی تەدریبمان هەیە، ئێمە لەم پرۆژەیەش مەبەستمانە، کە کەمئەندامان و خاوەن پێداویستیە تایبەتەکان تێکەڵ بە کۆمەڵ بن، نابێت مەرکەزی تەدریبی تایبەت بە خۆیان هەبێت، بەڵکو ئێمە دەبێت هەوڵ بدەین ئەوان بەشدار بکەین لەو خولانەی کە لەلایەن مەراکیزی تەدریبی خۆمانمان هەیە، بەڵام بەشێوەیەك بێت مەرکەزەکان، واتا مەرکەزەکان بەشێوەیەك دروست بکرێت ئاسانکاری بۆ کەمئەندامان هەبێت، بەشێوەیەك دروست بکرێت لە وەسائیلی تەعلیمیە، بۆیە لێرە دەبێت ئەمانە چاك بکرێت، چونکە مەراکیزی تەئهیلمان نییە، بەڵکو تەدریبی میهەنیمان هەیە، (فتح ورش او مؤسسات تشغيلية) بە تایبەت نابێت بە کەمئەندامان، ئێمە دەمانەوێت دەمج بێت بە کۆمەڵگا، نەك جیایان بکەینەوە.

سەبارەت بە بڕگەی چوار، لێرە ئەگەر بەو شێوەیە بێت بۆ ماوەی سێ ساڵ، ئێمە لە ئێستاوە دەبێت بیر لەوە بکەینەوە بودجەیەك بۆ ئەمە تەرخان بکرێت، چونکە کە باسی ئەوە دەکەین کەمئەندامان هەلی کاریان بۆ بدۆزینەوەو رەچاوی ئەو بارە بکەین، لە هەمان کاتیش لە وەزارەتمان پرۆژەیەکی تر هەیە، تەنها بڕیاری ئەنجومەنی وەزیرانە، کراوەتە نیزام و ئێستا لەبەردەستدایە، تەعلیماتیشمان بۆ دەرکردووە، هەر

خاوەن کارێك بتوانێت بێ کارێك بخاتە سەر کارو و هەلی کاری بۆ بڕەخسێنێت، وەزارەتمان مانگانە (150) هەزار دینار هاوکاری ئەو خاوەن کارە دەکات، بۆ ئەوەی بیدات بە کرێکارەکە، بەلأم سەبارەت بە ئەمە دەبێت لە ئێستاوە بودجەی بۆ تەرخان بکەین، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، فەرموو کاك شێرزاد.

بەڕێز شێرزاد عبدالحافظ شریف:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

لەبەر ئەوەی ئێمە لە ئەوەلەوە نیصابمان تەواو بوو، ئێستا پێموا نییە ئەوەندە تەئسیر بکات، دەتوانین دەنگ بدەین، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

نا، نا، نا، لەکاتی دەنگدان دەبێت بەلای کەم (56) ئەندام لە ژوورەوە بن، لە ئیفتیتاحیش بە هەمان شێوە، بەلأم لە کاتی موناقەشە دەتوانێت کەمتر بێت، بۆیە ئێستا لە (56) کەمترە، بۆیە ناتوانرێت بخرێتە دەنگدانەوە، فەرموو کاك رێباز.

بەڕێز رێباز فتاح محمود:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

هەرچەندە وابزانم ئەو پێشنیارە نەکراوە، بەلأم هەروەکو روون کردنەوەیەك ئەگەر بەڕێز جەنابی وەزیر روون کردنەوە لەسەر ئەوە بدات لێرە ئیلزام کراوە کە لە هەر (100) کەس، (5) کەس کە دادەمەزرێت لە کەمئەندامان بێت، باشە رێژەی کەمئەندامانی کوردستان بەرامبەر بە خەڵکی ئاسایی کوردستان چەندە؟ ئەوە لەلایەك.

یەعنی ئەم یاسایە وا دەکات لەوانەیە سالّی وا هەیە پێنج مەقعەد لە هەر سەد کەس بە بۆشایی بمێنێتەوە، لەبەر ئەوەی کەمئەندامان نییە دایبمەزرێنین، هەموویان دادەمەزرێن، لایەنێکی تریش، ئەوەیە ئەسڵی ئەم یاسایە ئەوەیە کە (دیسکریمنیشن)، یان تەمیز نەبێت، یەعنی ئێمە لە هەموو بابەتێکدا کەمئەندامان جیا بکەینەوە، یەعنی ئەوە بۆ خۆی دیسان کارێکی نێگەتیف دەبێت، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، کەرەم بکە سۆزان خان.

بەڕێز سۆزان شهاب نوری:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

لێرەدا دەڵێت (من مجموع الوظائف)، یەعنی لە هەموو مەسەلەن مەجموعی وەزائیف ئەگەر ساڵی داهاتوو هەزار وەزیفە پێشنیار بکرێت، یەعنی دابنرێت بۆ تەعین بوون لە 5٪ ئەو موجموعەکە، زۆر بە وازیحی دیارە، (من مجموع الوظائف)، یەعنی کەی ئیعلانی وەزائیف کرا لە 5٪ی بۆ دادەنرێت، نەك لە سەد کەس، پێنج کەس، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

زۆر سوپاس، جەنابی وەزیر فەرموو.

بەڕێز ئاسۆس نجیب/ وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

سەبارەت بەو نیسبەیە، ئەوەی کە موعاناتی کەمئەندامانە رۆژانە دێن زۆربەی ئەوانەی دەرچووی کۆلیژن، دەرچووی پەیمانگان، ئامادەیین، پەیمانگاکانی خۆمانن، زۆر بە زەحمەتی دادەمەزرێن، یەعنی ئیجتیهاداتی شەخصی خۆمانە، ماندوو بوونە، کە دێنە وەزارەت داواکاری بەرز دەکەنەوە، بەڵام لێرە ئیلزام دەکرێت لەسەر حکومەت کە ڕێژەیەك لەو دامەزراوانە تەخصیص بکات، ئێستا لە (25) هەزار کەس، نازانم تاکو ئێستا ژمارەم بۆ نەهاتووە، ئەگەر کەمئەندامێك دابمەزرێ، بۆیە داوای ئەوە دەکەین ڕێژەیەکیان بۆ دیاری بکرێت، بەڵام نەك بۆ هەموو کەسێك، بەڵکو ئێمە لێرە باسی ئەوە دەکەین (وذلك بعد تأهیلهم)، کەمئەندامی زۆر بەتوانامان هەیە، کە دەرچووی کۆمپیوتەرن، دەرچووی ئینگلیزین، لە زۆربەی بوارەکان دەرچوومان هەیە، لێرە دەڵێن (لاتقل) لە 5٪ (بعد تأهیلیهم)، کەمئەندامان هەیە یەکەمی دوفعەکەیەتی، کەمئەندامان هەیە زۆربەیان لە یەکەمەکانن، بۆیە بەم بڕگەیە ئێمە دەتوانین بواریان بۆ بڕەخسێنین زیاتر بێنە پێشەوە، بتوانن وەزائیف لە حکومەت وەربگرن، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

زۆر سوپاس، لیژنەی هاوبەش ئاخیر صیاغەتان بخوێنەوە، بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە، پێش ئەوەی صیاغەکە بخوێننەوە، داوا کراوە لەلایەن ئەندامە بەڕێزەکانی پەرلەمان، ئەو سێ ماددەیەی ئیشارەتیان پێ کرد یەك بخرێن، ئەگەر دەنگتاندا یەکبخرێت، ئینجا صیاغەکە دەخەینە دەنگدانەوە، بەڕێزان، ئێستا دیارە ماددەی (12 و 13 و 14) داوای دەمج کراوە، صیاغەیەکی پێ حازر کراوە، ماددەی (15) داوای ئیلغا کراوە لەلایەن ئەندامە بەڕێزەکانەوە، بۆیە جیان لە یەکتری، ناکرێت، ئێستا صیاغەی سێ ماددەکە دەخوێندرێتەوە، ئەگەر موافیق بوون، ئەوە دەبێتە بە دیل بۆ ماددەی (12و 13و 14)، ئێستا ئاخیر جار بیخوێننەوە کاك عبدالسلام، فەرموو.

بەڕێز عبدالسلام مصطفی صدیق:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

الفرع الثالث

" الحق في التأهیـل والعمـــل "

المادة الحادية عشرة:

اولاً: يكفل القانون للمعاق وذوي الاحتياجات الخاصة حقه في العمل كسائر أفراد المجتمع وتأهيله وتوفير فرص العمل بما يتناسب قابليته ومؤهلاته ضمن مبدأ المساواة وتكافؤ الفرص.

ثانياً: تتولى الوزارة بالتنسيق مع الجهات المعنية تأهيل المعاقين وذوي الاحتياجات الخاصة للالتحاق بمراكز التدريب المهني وفتح ورش او مؤسسات تشغيلية ومتابعة عملهم ضمن الادارات التابعة لها.

ثالثاً: تلتزم الحكومة بتخصيص وظائف في القطاع العام للمعاقين وذوي الاحتياجات الخاصة بنسبة لاتقل عن (5٪) من مجموع عدد الوظائف وذلك بعد تأهيلهم.

رابعاً: تعمل الحكومة على تشجيع قيام اصحاب المشاريع الخاصة بتأمين فرص عمل لذوي الاحتياجات الخاصة وذلك بعد تأهيلهم بما يتفق ومتطلبات العمل، وتتحمل الحكومة نصف اجره الشهري لمدة (ثلاث سنوات) مع مراعاة احكام المادة (السادسة) من هذا القانون.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

بەڕێزان، ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (2) بەڕێز لەگەڵدا نییە، زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ پەسند کرا، ئێستا ئەم ماددەیە جێگای ماددەی (12 و 13 و 14) دەگرێتەوە، ماددەی (15) بخوێننەوە، داوا کراوە ئیلغا بکرێت، فەرموو.

بەڕێز تارا تحسین ئەسعەدی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

المادة (15): يمنح المعاق بدنياً الافضلية للاستفادة من القروض التي تمنحها الحكومة لتمويل المشاريع ويعفى من الرسوم والضرائب المترتبة على تأسيس هذه المشاريع.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

فەرموون بەردەوام بن.

بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

لێژنەی هاوبەش گەیشتۆتە ئەم قەناعەتە، بەپێی رەئیەکانیش نێوان موئەیدو هیچ ئیقتیراحی تر نییە، لەبەر یەك شت، چونکە ئەمە مەبدەئی موساوات و تەکافئو پێشێل دەکرێت و، تەعلیمات هەیە بۆ مەسەلەی قەرزو تەمویلی مەشاریع، بۆیە تەسەور دەکەین هەر بۆ بەرژەوەندی ئەوانیش ئەوەیە ئەوەی ئیندیماجیان لەناو موجتەمەع هەندێك جار تۆ نیەتی تەفزیلیان بدەیتێ و جیایان دەکەیت، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

بەڕێزان، ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە ئەو ماددەیە ئیلغا بکرێت دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (4) بەڕێز لەگەڵدا نییە، زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ پەسند کرا، ئەو ماددەیە ئیلغا کرا، بۆ ماددەی شازدە بەردەوام بن، فەرموو.

بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

الفرع الرابع

حق المعاق في التنقل وبيئة مؤهلة

المادة (16): للمعاق الحق بالتمتع بإمتيازات خاصة لتيسير تنقله وقضاء شؤونه اليومية وذلك حسب طبيعة عوقه ودرجته وتعمل الحكومة والقطاع الخاص على تهيئة البيئة المناسبة لتسهيل حركة المعاقين وتوفير التسهيلات اللازمة لتمكنهم من استخدام وسائل المواصلات العامة.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

لیژنەی هاوبەش فەرموو.

بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

ئەم دەقەی ئێستا دەخوێنینەوە لە ژێر ناوی تەبعەن ماددەی (12) پێشنیاری دەمج کردنی ماددەکانی (16 و 17 و 18 و 19)یە، ئەگەر ئیجازە هەبێت بیخوێنمەوە.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

فەرموو، کەرەم بکە.

بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

الفرع الرابع

" الحق في التنقــل والبـيـئـة المؤهـلــة "

المادة الثانية عشرة:

اولاً: للمعاق وذو الاحتياجات الخاصة الحق بالتمتع بإمتيازات خاصة لتيسير تنقله وقضاء شؤونه اليومية وذلك حسب طبيعة عوقه ودرجتها، وتعمل الحكومة والقطاع الخاص على تهيئة البيئة المناسبة لتسهيل حركة المعاقين وذوي الاحتياجات الخاصة وتوفير التسهيلات اللازمة لتمكنهم من استخدام وسائل المواصلات العامة.

ثانياً: لكل شخص معاق وذو الاحتياجات الخاصة حق التمتع ببيئة مؤهلة، والوصول الى اي مكان يستطيع غير المعاق الوصول اليه بحيث تؤمن له حرية الحركة والتنقل والاتصال بأستقلالية وسهولة الوصول الى الاماكن والحصول على الخدمات اللازمة.

ثالثاً: تعمل الحكومة على إلزام الجهات الرسمية وغير الرسمية بالتقيد بالشروط والمواصفات العالمية والفنية والهندسية والمعمارية الواجب توافرها في الابنية والمنشآت والملاعب العامة والمعابد والمرافق العامة والخاصة، القديمة منها والجديدة التي يحتاجها الاشخاص المعاقون وذو الاحتياجات الخاصة.

رابعاً: على دوائر المرور إدخال علامات الحركة والمرور للمعوقين ولذوي الاحتياجات الخاصة ضمن إمتحان منح الاجازة للسائقين.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

زۆر سوپاس، جەنابی وەزیر فەرموو.

بەڕێز ئاسۆس نجیب/ وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

دیارە ئێمە لەگەڵ لیژنەی پەیوەندیداردا صیاغەمان کردۆتەوەو پشتگیری لە ماددەکە دەکەین، دوا راش بۆ ئەندامانی پەرلەمانی بەڕێزە، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، سیوەیل خان فەرموو.

بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بەنیسبەت ئەو ماددەیە، ماددەی (16 و 17 و 18) داوایان کردووە دەمج بکرێت، بەس ماددەی (19) هیچ کەسێك تێبینی لەسەر نەبووەو ئەوەش تێبینیەکانی جەنابت لێرە نووسراوە، لەسەری نەبووە، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

لیژنەی هاوبەش فەرموو.

بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بەڵێ، ماددەی (19) هاتووە لە (رابعاً)، یەعنی هیچ مولاحەزەی لەسەر نەبووە لەلای من نووسراوە، نازانم.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

داخوازی هەبووە دەمج بکرێت، بکرێت بە فەقەرەی یەك، دوو، سێ، بەو شێوەیە، ئێستا ئاخیر صیاغە دووبارە بخوێنەوە، بۆ ئەوەی بیخەمە دەنگدانەوە، کەرەم بکە.

بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

ماددەی (12) کۆکراوەی ماددەکانی (16 و 17 و 18 و 19)یە:

الفرع الرابع

" الحق في التنقــل والبيئـة المؤهـلــة "

المادة الثانية عشرة:

اولاً: للمعاق وذو الاحتياجات الخاصة الحق بالتمتع بإمتيازات خاصة لتيسير تنقله وقضاء شؤونه اليومية وذلك حسب طبيعة عوقه ودرجتها، وتعمل الحكومة والقطاع الخاص على تهيئة البيئة المناسبة لتسهيل حركة المعاقين وذوي الاحتياجات الخاصة وتوفير التسهيلات اللازمة لتمكنهم من استخدام وسائل المواصلات العامة.

ثانياً: لكل شخص معاق وذو الاحتياجات الخاصة حق التمتع ببيئة مؤهلة، والوصول الى اي مكان يستطيع غيرهم الوصول اليه بحيث تؤمن له حرية الحركة والتنقل والاتصال بأستقلالية وسهولة الوصول الى الاماكن والحصول على الخدمات اللازمة.

ثالثاً: تعمل الحكومة على إلزام الجهات الرسمية وغير الرسمية بالتقيد بالشروط والمواصفات العالمية والفنية والهندسية والمعمارية الواجب توافرها في الابنية والمنشآت والملاعب العامة والمعابد والمرافق العامة والخاصة، القديمة منها والجديدة التي يحتاجها الاشخاص المعاقون وذو الاحتياجات الخاصة.

رابعاً: على دوائر المرور إدخال علامات الحركة والمرور للمعوقين ولذوي الاحتياجات الخاصة ضمن إمتحان منح الاجازة للسائقين.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

بەڕێزان، ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ پەسند کرا، بۆ ماددەی تر، فەرموو بەردەوام بن.

بەڕێز تارا تحسين ئەسعەدی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

الفرع الخامس

حق المعاق في الرعاية والخدمات الصحية

المادة (20): تتكفل الحكومة ضمان حصول المعاق على الخدمات الصحية مجانا وتقديم التسهيلات اللازمة له اذا ما تطلبت حالته الصحية معالجته خارج الاقليم.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

لێژنەی هاوبەش فەرموون.

بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

لێرەش داوا کراوە هەرسێ ماددەکانی (20 و 21 و 22) بکرێتە یەک ماددە، لەگەڵ گۆڕینی تەسەلسولەکە، رەئی شەخصی من لەگەڵدا نیمە، بەڵام رەئی ئەکسەریەتە دەیخوێنمەوە، واتا ماددەی (20 و 21 و 22) دەبنە یەک ماددە بە تەسەلسولی ماددەی (13):

الفرع الخامس

" الحق في الرعاية والخدمات الصحية "

المادة الثالثة عشرة:

اولاً: تتكفل الحكومة ضمان حصول المعاق وذو الاحتياجات الخاصة على الخدمات الصحية مجاناً وتقديم التسهيلات اللازمة له اذا ما تطلبت حالته الصحية معالجته خارج الاقليم.

ثانيا: تعمل الحكومة على:-

1- تقديم الخدمات الوقائية والعلاجية وتطوير خدمات الكشف المبكر والتي تهدف الى تقليل نسبة الاعاقة في المجتمع.

2- توفير الاجهزة التأهيلية والتعويضية والادوات الطبية اللازمة وتأمين التكنولوجيا الحديثة لمساعدة المعاقين وذوي الاحتياجات الخاصة.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

زۆر سوپاس، جەنابی وەزیر فەرموو.

بەڕێز ئاسۆس نجیب/ وەزیری کار و کاروباری کۆمەلایەتی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

دیارە لێرە هەندێك ئیلتیزامات دەخرێتە سەر وەزارەتی تەندروستی، بۆیە کاتێك کە بودجە دێتە ئێرە رەچاوی ئەوە بکرێت بۆ کەرتی وەزارەتی تەندروستی، لەبەر ئەوەی هەندێك شتی باس کردووە (تطوير خدمات)، یاخود (توفير الاجهزة التأهيلية والتعويضية)، هەندێ شتی هەیە دەڵێت (تقديم التسهيلات اللازمة له اذا ما تطلبت حالته الصحية معالجته خارج الاقليم)، دیارە پێویست بەوە دەکات، بۆ وەزارەتی تەندروستی رەچاوی ئەوە بکرێت، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

بەڕێز جەنابی سکرتێر مواخەلەی هەیە، فەرموو.

بەڕێز فرست احمد عبدالله/سکرتێری پەرلەمان:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

موقەدیمەکە دەڵێت (تعمل الحكومه على) هەموو وەزارەتەکان دەگرێتەوە، هەر یەك بەگوێرەی ئیختیصاصی خۆی دەتوانێت ئەرکی خۆی بەجێ بگەیەنێت، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

زۆر سوپاس، کاك ڕێباز فەرموو.

بەڕێز ڕێباز فتاح محمود:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

پێشتریش پێشنیارێك هەبوو کە ئەو لایەنە پەیوەندیدارانە دیاری بکرێت، راستە هاتووە دەڵێت حکومەت، بەڵام ئەو سندووقەی کە دروست دەکرێت هەر حکومەتە، وەزارەتی تەندروستیش هەر حکومەتە، بەڵام دوایی ئەوە دەبێتە موشکیلە لەنێوان وەزارەتی تەندروستی لەگەڵ وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەلایەتی، کە کامیان لەو حاڵەتە بەرپرسن؟ چونکە ئەگەر ئەوە بخرێتە سەر وەزارەتی تەندروستی دەبێت دیاری بکرێت لەکاتی بودجە، ئەگینا

جاری وا هەیە پێداویستی یەك كەمئەندام بودجەیەكی زۆر زەبەلاحە، ئەو كاتە یەعنی وەزارەتی تەندروستی دەبێت هەموو بودجەكەی بۆ ئەمە دیاری بكات، سوپاس.

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:

زۆر سوپاس، مونافەسە هەبێت باشترە، بۆ ئەوەی شتە باشەكە جێگیر بێت، ئەویش لە ئەنجومەنی وەزیران حەل دەكرێت، لەوێ ناكرێت، كاك شوان فەرموو.

بەڕێز شوان عبدالكریم جلال:

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.

لە ماددەی (29)دا لە راپۆرتی هاوبەشدا هەموو لایەكی ئیلزام كردووە، لەبەر ئەوە پێویست ناكات بە دیقەت ناوی وەزارەتێك بهێنرێت، دەڵێت (المادة (29): على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون)، (الجهات ذات العلاقة) وەزارەتی رۆشنبیریە، تەندروستیە.....، هەر وەزارەتێك بێت ئەم یاسایە ئیلزامی دەكات لە ئەحكامی عامە، لەبەر ئەوە هیچ پێویست ناكات بە دیقەت یەك وەزارەت ناوی بهێنرێت، سوپاس.

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:

زۆر سوپاس، هاژە خان فەرموو.

بەڕێز هاژە سلیمان مصطفی:

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.

ئێمە چەند ئەندامێكی پەرلەمان، سۆزان خانیش پشتگیری لێ كردم، ئەو تەكلیفەی لە نەخۆشخانە تایبەتەكان بۆ ئەو كەسانە دەكرێت كە خاوەن پێداویستی تایبەتین، حكومەت تەكلیف بكات، لێرە نەهاتووە، هەر بە هەمان شێوە هاتووە، چەند ئەندامێكی پەرلەمان داوای ئەوەمان كرد بوو، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:

زۆر سوپاس، لیژنەی هاوبەش فەرموو.

بەڕێز عبدالسلام مصطفی صدیق:

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.

وابزانم زۆر بە سەراحەت هاتووە، (تتكفل الحكومة ضمان حصول المعاق على الخدمات الصحية مجاناً)، نەمانگوتووە بەس حكومی، (وتقديم التسهيلات اللازمة له اذا ما تطلبت حالته الصحية معالجته خارج الاقليم)، ئێمە نەمانگوتووە عامە، گوتوومانە (حصوله) لە كوێ بێت، یەعنی (مجاناً)، وازیحە، سوپاس.

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:

زۆر سوپاس، ئاخیر صیاغە بخوێنەوە، بۆ ئەوەی بدەینە دەنگدانەوە، فەرموو.

بەڕێز عبدالسلام مصطفی صدیق:

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.

الفرع الخامس

" الحق في الرعاية والخدمات الصحية "

المادة الثالثة عشرة: اولاً: تتكفل الحكومة ضمان حصول المعاقين وذوي الاحتياجات الخاصة على الخدمات الصحية مجاناً وتقديم التسهيلات اللازمة لهم اذا ما تطلبت حالته الصحية معالجته خارج الاقليم.

ثانيا: تعمل الحكومة على:

1- تقديم الخدمات الوقائية والعلاجية وتطوير خدمات الكشف المبكر والتي تهدف الى تقليل نسبة الاعاقة في المجتمع.

2- توفير الاجهزة التأهيلية والتعويضية والادوات الطبية اللازمة وتأمين التكنولوجيا الحديثة لمساعدة المعاقين وذوي الاحتياجات الخاصة.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

بەڕێزان، ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ پەسند کرا، بۆ ماددەی تر، فەرموو بەردەوام بن.

بەڕێز تارا تحسين ئەسعەدی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

الفرع السادس

حق المعاق في الريـــاضة والترويح

المادة (23):تعمل الحكومة على توفير فرص الرياضة والترويح للمعاقين ومساعدتهم لممارسة الرياضات التي تلائمهم، وذلك بملائمة الملاعب والقاعات والمخيمات والنوادي ومرافقها لحالة المعاق، وتزويدها بالادوات والمستلزمات الضرورية.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

زۆر سوپاس، لیژنەی هاوبەش فەرموو.

بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

صیاغەی ئێمە بۆ دەمج کردنی ماددەکانی (23 و 24 و 25)، لەسەر داواکاری هەندێك لە ئەندام پەرلەمانە بەڕێزەکان بوو:

الفرع السادس

" الحق في الريـــاضة والترويح "

المادة الرابعة عشرة:

اولاً: على الحكومة توفير فرص الرياضة والترويح للمعاقين وذوي الاحتياجات ومساعدتهم لممارسة الرياضة التي تلائمهم، وذلك بملائمة الملاعب والقاعات والمخيمات والنوادي ومرافقها لحالة المعاقين وذوي الاحتياجات الخاصة، وتزويدها بالادوات والمستلزمات الضرورية.

ثانياً: على الحكومة دعم مشاركة المعاقين وذوي الاحتياجات الخاصة في البرامج الرياضية الوطنية والدولية.

ثالثاً: يُعفى المعاقون وذوي الاحتياجات الخاصة من اجور دخولهم الى الاماكن الرياضية والثقافية والترفيهية والاثرية الحكومية.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

زۆر سوپاس، فەرموو تەوزیح بدە.

بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

ئەگەر ئیجازە هەبێت تەوزیحێك بدەم، لێرە لە ئەوەلەن کە ماددەی (23)ی کۆن بوو بە وازیحی لەسەر داوای هەندێك (ملائمة الملاعب)، خۆی لە نەصەکە هەیە (ملائمة الملاعب والقاعات والمخيمات والنوادي لحالة المعاق وتزويدها بالادوات والمستلزمات الضرورية)، ئێمە لەگەڵ ئەوە نین بۆ ئەوان جیا بێت، چونکە یەك کەس داوای کرد بوو مەلاعب، یان قاعاتی تایبەت بۆ ئەوان بێت، ئێمە لەگەڵ ئەوە نین، ئەگەر بیانەوێت لە زاویەیەك لە قاعە گەورەکان داعی نییە لێرە، ئەوە یەك.

دوو/ یەك تەڵەب هاتبوو، من خۆم تێ نەگەیشتم، بەڕاستی هەرچەندە مەعلوماتی ریازیم هەیە (اضافة بارا اولبي الى المادة)، من نازانم ئەمە چیە؟ پارا ئۆلۆمپی ئەلعابن، چوار ساڵ جارێك دەکرێت بۆ کەمئەندامان، ئەلعابی ئۆلۆمپی بۆ ئەوانەی ترن، ئەلعابی ئۆلۆمپی حەدەسە، بە حەدەسەکە دەڵێن ئەلعابی پارا ئۆلۆمپی، بۆیە ئەگەر لیژنەی پارا ئۆلۆمپیش هەبێت، ئەوە تابعە، ماددەی (24)ی کۆن کە لەلای ئێمە (ثانية)لە (ثانياً: على الحكومة دعم مشاركة المعاقين في البرامج الرياضية الوطنية والدولية)، بەڕێزان، ئەوەی لە ریازە دەزانێت کەمئەندامان بۆیان نییە بەشدار بن لە ئەلعابی ریازی و وەتەنی و دوەلی بۆ غەیری کەمئەندامان، تەبعەن کە ئێمە دەعمیان دەکەین، یەعنی هانیان دەدەین بچن، ئەگەر بۆیان بکرێت بەشدار بن لە ئەلعابی پارا ئۆلۆمپی هی وەتەنی، هی دوەلی، هی ئیقلیمی، هی ناوچە، بۆیە زیمنیەن مەفهومە ئەوەی لە ریازە بزانێت پارا ئۆلۆمپیەکەی تێدایە، ئەگەر مەبەست شتێکی تر بێت تاکو ئێمە روونی بکەینەوە، ئەوە دوو.

سێ/ لە ماددەی (25)ی کۆن کە لەلای ئێمە سێیەمە، ئێمە لەگەڵ ئەوەینە (ثالثاً: يُعفى المعاقون وذوي الاحتياجات الخاصة من اجور دخولهم الى الاماكن الرياضية والثقافية والترفيهية والاثرية الحكومية)، حکومەتە بۆ خۆی قانونێك دەردەکات خۆی ئیعفایان دەکات، بەڵام نووسرا بوو لە نەصە کۆنەکە (وخصم نسبة 50٪ من اجور دخولهم الى الاماكن الخاصة)، حکومەت لە نیزامی ئیقتیصادی حور بۆی نییە، بەڵام دەتوانێت ئیتیفاق بکات و موبادەرات هەبێت، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

زۆر سوپاس، کاك شێردڵ فەرموو.

بەڕێز شێردڵ تحسين محمد:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

تەبیعی من لە 100٪ لەگەڵ کاك عبدالسلامم لە دەوڵەتەکانی ئەوروپی لیژنەی ئۆلۆمپی هەیە، چوار ساڵ جارێك بتولآت دەکاتەوە، ئەویش بۆ ئۆلۆمپیات، ئیتیحادات جیایە لە ئۆلۆمپیات، ئەوروپا ئیتیحاداتی هەیە، قەدەمە، سەلەیە، تائیرەیە، یدە، عیلاقەی بە ئۆلۆمپیات نییە، لە مەنتیقەی ئێمە شەرقی ئەوسەت لیژنەی ئۆلۆمپی سەرپەرشتی هەموو ریازەیەك دەکات، یەعنی لیژنەی ئۆلۆمپی عێراقی سەرپەرشتی هەموو ریازەیەکی عێراقی دەکات لە کوردستان قەدەم، سەلە، دائیرە، یەد، لە ئەوروپا وا نییە. دووەمین/ شت لە هەموو دەوڵەتەکان، ئێستا لیژنەی پارا ئۆلۆمپی هەیە، هەر چوار ساڵ جارێك پارا ئۆلۆمپی کەمئەندامانە، نابینانە، نابیستانە، هەمووی بتولآت دەکاتەوە، پاش ئۆلۆمپی لە نەفسی مەکان دەکرێتەوە، ئەو پارا ئۆلۆمپیەی ئێستا لە کوردستانیش هەیە سەرپەرشتی هەموو ریازەیەك دەکات، هیچ ریازەیەك ناکرێت ئەگەر پارا ئۆلۆمپی لەگەڵدا نەبێت، بتوڵەی سیباحە دەکرێت هی پارا ئۆلۆمپی هەموو ساڵ دەکرێت، کەمئەندامان و نابینان و نابیستان و هەمووی، هەتا بەو دواییە بتوڵەی عەرەب کرا لە قەتەر کرا کورەت قەدەمی نابینان کرا، یەعنی تۆپەکە هەندێك شتی لەناوە وەکو زەنگولەیە لەناویان داناوە بەدوای ئەو تۆپە دەکەون، ئەوانە هەر چوار ساڵ جارێك دەکرێت، هەموو سالێکیش بتوڵەی عێراق دەکرێت، بتوڵەی عەرەبی دەکرێتن، بتوڵەی لەوانەیە ئەوروپی بکرێتن، لیژنەی پارا ئۆلۆمپی جیایە.....

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

تکایە چی بکەین، شەرح مەکە، مەتلوب چیە؟

بەڕێز شێردڵ تحسین محمد:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بەخۆیان شتێکیان نووسیوە (على الحكومة للجنة بارا الاولمبية مشاركة المعاقين في البرامج الرياضية الوطنية والدولية)، کەمئەندامیش زیمنی پارا ئۆلۆمپیە، یەعنی بەس لیژنەی پارا ئۆلۆمپی، نەشاتاتی هەمووی لە پارا ئۆلۆمپی موشارەکە دەکات، بۆیە پارا ئۆلۆمپی بە تەنیا لەوێ بێتن دەعمەکەش لە حکومەت بکرێت، دەڵێت (على الحكومة للجنة بارا الاولمبية لمشاركة المعاقين في البرامج الرياضية الوطنية والدولية)، ئەگەر (لمشاركه المعاقين) هەر بەخۆی موشارەکە لە پارا ئۆلۆمپی دەکاتن، ئێستا ئەگەر موشارەکەی دوەلی بکاتن کتاب بە پارا ئۆلۆمپی وەردەگرێتن دەچێت موشارەکە دەکاتن، بە تەنیا ناتوانێت موشارەکە بکات، بۆیە دەبێت ناوی پارا ئۆلۆمپی تێدا بێت، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

زۆر سوپاس، کاك شوان فەرموو.

بەڕێز شوان عبدالکریم جلال:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بۆ پشتگیری لە پێشنیارەکەی کاك شێردڵ و هاوکاری برایان و خوشکانم لە لیژنەی هاوبەش دەکەم، پێشنیاری ئەم صیاغەیە دەکەم، کە دەڵێت (ثانياً: على الحكومة تسهيل مشاركة المعاقين .....)، دوای (الدولية وذلك عن طريق دعم لجنة البارا اولمبيك)، ئەوە حەلی دەکات بە رەئی من، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

زۆر سوپاس، کاك عبدالسلام فەرموو.

بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

لیژنەی پارا ئۆلۆمپی وەکو (ngo)، وەکو ئیتیحادێکە بەپێی ئەنزیمە لە کوردستان، زۆر لیژنەو زۆر ئیتیحادات هەیە، ئەمە ناکرێت ناوی بینین، ئەمە یەك. دوو/ ئەگەر مەبەستی کاك شێردڵ من تەعاتوفی لەگەڵ ئەوان تێدەگەم، (على الحكومة دعم مشاركة المعاقين وذوي الاحتياجات الخاصة في البرامج الرياضية الوطنية والدولية) لەلای من عەرەبیەکەی زۆر زۆر وازیحە، ئەوەی لە ریازەش دەزانێت، دەزانێت ئەمانە غەیری رێگای پارا ئۆلۆمپی ناتوانێت ئیشتیراك بکەن، بۆیە لەلای ئێمە ئەم نەصە وازیح بوو غەرەزەکە تەحقیق دەکات، ئەگەر بتانەوێت ناوی ئەو ئیتیحادە، ئەو جەمعیە لێرە بێنین، ئەمر بۆ ئێوەیە، بەڵام من تەسەور دەکەم لەگەڵ ئوسولی تەشریع ناگونجێت، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

زۆر سوپاس، سۆزان خان فەرموو.

بەڕێز سۆزان شهاب نوری:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

سوپاسی کاك عبدالسلام دەکەم بۆ ئەو روون کردنەوەیە، ئێمە لەهیچ یاسایەکدا، تەنانەت لە خودی ئەم یاسایە نەمانگوتووە وەزارەت نوێنەرێك لەناو مەجلیسەکە دابنێت لە فلاّن جەمعیدا باسمان نەکردووە، گوتوومانە لە نوێنەرێك، مادام پارا ئۆلۆمپی تەمسیلی ریازەی کەمئەندامان و خاوەن پێداویستیە تایبەتەکان دەکات، پێویست ناکات لە رێگەی دەعم کردنی نەشاتاتەکانەوە ئەوە دەهێنێت، چونکە ناوهێنانی یەك دانە جەمعیەیە، یان ئیتیحادێك خەلەلێکی گەورە دروست دەکات لە یاساکەدا، چونکە ئیتر ئیلتیزامێکی زیاد لە حەد، ئەوانی تریش داوا دەکەن، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

زۆر سوپاس، وازیحە، کاك عبدالسلام بخوێنەوە، بۆ ئەوەی بیدەینە دەنگدانەوە، فەرموو.

بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

الفرع السادس

" الحق في الريـــاضة والترويح "

المادة الرابعة عشرة:

اولا: على الحكومة توفير فرص الرياضة والترويح للمعاقين وذوي الاحتياجات الخاصة ومساعدتهم لممارسة الرياضة التي تلائمهم، وذلك بملائمة الملاعب والقاعات والمخيمات والنوادي ومرافقها لحالة المعاقين وذوي الاحتياجات الخاصة، وتزويدها بالادوات والمستلزمات الضرورية.

ثانياً: على الحكومة دعم مشاركة المعاقين وذوي الاحتياجات الخاصة في البرامج الرياضية الوطنية والدولية.

ثالثاً: يعفى المعاقون وذوي الاحتياجات الخاصة من اجور دخولهم الى الاماكن الرياضية والثقافية والترفيهية والاثرية الحكومية.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

بەڕێزان، ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (4) کەس لەگەڵدا نییە، زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ پەسند کرا، بۆ ماددەی تر بەردەوام بن، فەرموو.

بەڕێز تارا تحسين ئەسعەدی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

الفرع السابع

احكام ضريبية خاصة بالمعاق

المادة (26): تعفى جميع تجهيزات المواد التعليمية والطبية و وسائل المساعدة والآلات والأدوات الخاصة بالمعاقين وقطعها و وسائل النقل الفردية والجماعية الخاصة بالمعاقين المستوردة من جميع الرسوم الجمركية والضرائب، على ان تعود منفعة الأعفاء لصالح المعاق وان لا تستغل للمتاجرة بها.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

زۆر سوپاس، لیژنەی هاوبەش فەرموو.

بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

سەبارەت بە ماددەی (27) داعی نەبوو، چونکە ئەو ئیعادەی صیاغەی چوارەم لە ماددەی پێنجەمان دانا، ئەو ماددەیە نەما، ئەوە وازیحە، ماددەی (26) ئێمە موناقەشەیەکی دوورو درێژمان کرد لە لیژنەو لەوێش، ئەمە لەلایەکەوە وەکو زانیمان ئەگەر تاکێک جیهازێک، شتێک بۆ خۆی بێنێت حکومەت تەسهیلاتی بۆ دەکات و موراعاتی هەیە، مەنعەن بۆ ئەوەی ئیستیغلال بکرێت و خەڵکێک بەناوی کەمئەندام تیجارەتی پێ بکات، ئەم ماددەیە بە تەسەوری ئێمە زیادە، چونکە ئەگەر خۆی بۆ خۆی بێت لە هەموو حاڵەتەکان تیجارەتی پێ ناکات، ئەوەی تر بێنن، ئێمە خۆمان دەڵێین بۆ تیجارەت نییە، ئەوەی تر کە کەمئەندام نینەو ئەجهیزە دەهێنێت، تەبعەن بۆ تیجارە دەیکەن، بۆیە تەسەورمان کرد ئەم ماددەیە نەبێت، یەعنی ماددەی (26 و 27) هەردووکیان ئیلغا بکرێت، رەئیەکانی ناو پەرلەمان و لیژنەی هاوبەشیش هەر بەو شێوەیە بوو، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

بەڕێزان، بۆ پێشنیاری لیژنەی هاوبەش و چەند لە ئەندامە بەڕێزەکانی پەرلەمان بۆ ئیلغای ئەو دوو ماددەیە، ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ پەسند کرا، بۆ ماددەی تر بەردەوام بن، فەرموو.

بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

الفصل الرابع

احكام عقابية

المادة (28): مع عدم الاخلال بأية عقوبة اشد ينص عليها قانون العقوبات أو أي قانون اخر يعاقب بغرامة لاتزيد عن (500,000) خمسمائة الف دينار كل شخص يرفض دون عذر مقبول تشغيل المعاق الذى ترشحه الجهة المختصة للعمل لديه وفقا لاحكام هذا القانون مع عدم الاخلال بحق المعاق بمراجعة المحاكم المختصة للمطالبة بالتعويض.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

زۆر سوپاس، لیژنەی هاوبەش فەرموو.

بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

ئەمە بەڕاستی عیقابە لەسەر ماددەی پێشوو، کە ئیلزامی ئەصحابی مەشاریعی قیتاعی خاص دەکات نیسبەیەك تەعین بکەن، ئێمە ئەو ماددەیەمان ئیلغا کرد، چونکە تەحصیل حاصلە ئەم ماددەیە حەزف بکرێت، چونکە مەفعولی نەما، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

زۆر سوپاس، جەنابی وەزیر فەرموو.

بەڕێز ئاسۆس نجیب/ وەزیری کارو کاروباری کۆمەلایەتی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

دیارە بە یەکەوە گفتوگۆمان کردووەو بە پێویستیمان زانی ئەو سزایە لابچێت، لەبەر ئەوەی عقوبە لەسەر چیە؟ زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

بەڕێزان، پێشنیاری لادانی ئەو ماددەیە دەخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (1) کەس لەگەڵدا نییە، زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ پەسند کرا، بۆ ماددەی تر بەردەوام بن، فەرموو.

بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

المادة (29):يعاقب بالحبس مدة لاتزيد على (3) ثلاثة اشهر وبغرامة لا تتجاوز (250,000) مئتان وخمسون الف دينار أو باحدى هاتين العقوبتين كل شخص يلزم برعاية المعاق ايأ كان مصدر هذا الالتزام، ويهمل في القيام بواجباته أو في اتخاذ مايلزم لتنفيذ هذه الواجبات وتكون العقوبة الحبس مدة لاتزيد على سنة وبغرامة لاتتجاوز (1,000,000) مليون دينار او بأحدى هاتين العقوبتين اذا ترتب على هذا الاهمال الحاق ضرر بالمعاق.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

زۆر سوپاس، لیژنەی هاوبەش فەرموو.

بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

تۆزێك صیاغەی ئەو ماددەیەمان گۆڕیوە بەبێ ئەوەی دەستکاری بکەین، بەڵکو غەرامەکەمان زیاد کردووە، ئەوە یەك. دوو/ ئەگەر لەبیرمان بێت لەو ماددەیە تایبەت بە ئیلزامی ئەصحابی مەشاریع ذوي ئیعاقەو ذوي ئیحتیاجاتی خاصە رەچاو بکەین لە بینایەك، یان داوا کرا سزایەك دابنرێت، هەروەها ئەو زیادەیەی کە کردوومانە لەسەر ئەوەی لە ماددەی (29) هاتووە، پێشنیاری چەند ئەندامی پەرلەمان بوو، بۆیە ماددەیەکی تازە بە ژمارە (15) بەو شێوەیە پێشنیارمان کردووە:

الفصل الرابع

" أحكـــام عقـابيـــة "

المادة الخامسة عشرة:

اولاً: يعاقب بغرامة لا تقل عن (500.000) خمسمائة الف دينار و لاتزيد على (1.000.000) مليون دينار، كل شخص يلتزم برعاية المعاق وذو الاحتياجات الخاصة ايا كان مصدر هذا الالتزام، ويهمل في القيام بواجباته او في إتخاذ ما يلزم لتنفيذ هذه الواجبات اضافة الى قطع تعويض التفرغ عنه).

ئەمە صیاغە تازەکەی ماددەی (29)یە لەسەر پێشنیاری بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.

دووەمیان تەسبیت کردنی ئەو سزایە لەسەر ئەو خاوەن پرۆژانەیە کە ئیلتیزام ناکەن، ئەو مەرجەمان داناوە لە ماددەیەکی پێشوو.

ثانياً: مع عدم الاخلال بالقوانين والانظمة والتعليمات النافذة في الاقليم يعاقب بغرامة لا تقل عن (5,000,000) خمسة ملايين دينار ولا تزيد على (15,000,000) خمسة عشر مليون دينار صاحب المشروع الذي لا يلتزم بالشروط والمواصفات العالمية والفنية والهندسية والمعمارية الواجب توافرها في الابنية والمنشآت التي يقوم بتشيدها بالشكل الذي لا يتلائم مع حالة الاشخاص المعاقين او ذوي الاحتياجات الخاصة.

ئەمە یەك ئیزافە بکەم (اضافة الى) ئەو (عدم الاخلال بالقوانين والانظمة الصادرة)، چونکە لەوێش سزای هەیە، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

زۆر سوپاس، جەنابی وەزیر فەرموو.

بەڕێز ئاسۆس نجیب/ وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

سەبارەت بە ماددەی (15)، ئەوەی بڕگەی یەك پێشتر باسمان کرد، گوتمان با ئیلتیـزام و ئەوانـە نـەمێنێت، بۆ ئەوەی ئیجتیهاد نەبێت، بڵێین (کل شخص یتفرغ لرعایه المعاق)، بەو شێوەیە بێت، نەك تـەنها ئیلتیـزام بێت. سەبارەت بە بڕگەی دووەم، کـە ئێمـە غەرامـە لـە خـاوەن پرۆژەکـە وەردەگـرین یـەك صیاغە بکرێت بڵێین چۆن ئێمە بتوانین و بەشێوەیەك بێت موتابەعـەی چاك کردنـی ئـەو کەموکوڕیـە بێـت، نـەك تـەنها بەس غەرامە وەرگرتن بێت، بەشێوەیەك بێت، ئەو پرۆژەیە بەشێوازێك چاك بکرێت بگونجێت لەگەڵ باری کەمئەندامان، دوا راش لای ئەندامانی بەڕێزە، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

زۆر سوپاس، کاك عەونی فەرموو.

بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

له صیاغەی موقەدیمە ماددەکە ئەو مەبەستە دەگاتە جێ، کە دەڵێت (مع عدم الاخلال بـالقوانين والانظمـة والتعليمـات النافـذة في الاقلـيم)، واتـا دەگەینـە هەدەفەکـەی بـەو شـێوەیە، جگـە لـەوەش دەتـوانین ئەگـەر مەبەستتانە، دەتوانین بڵێین (بعد انذار صاحب المشروع بمراعـاة التوجيهـات الصـادرة مـن الـوزارة او الجهـات المعنية)، ئەوەش دەکرێت، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

زۆر سوپاس، جەنابی وەزیر فەرموو.

بەڕێز ئاسۆس نجیب/ وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

خـۆی گـرنگ ئەوەیـە بتـوانین هـەر صـیاغەیەك بێـت کـە تۆزێـك تـەوزیحی زیـاتر بێـت، جگـە لـە سـزاکە بەشێوەیەك پرۆژەکە چاك بکرێت، لەگـەڵ بـاری کەمئەنـدامان بگونجێـت، ئـیتر هـەر صـیاغەیەك بێـت مـن پشتگیری دەکەم، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

زۆر سوپاس، کاك اسماعیل فەرموو.

بەڕێز اسماعیل سعید محمود:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

ئوسولی خانوو کردن، بینا کردن لەم ولاتەدا بەلەدیە ئیجازە دەدات، بەلەدیە تەعلیماتی هەیە، هەر وەختێك تۆ دەچیت ئیجازە وەردەگری پێش هەموو شتێك مەرجەکانت دەداتێ، بە مەراحیلیش دێت تەماشا دەکات، یەعنی بە مەراحیل، بە چەند مەرحەلەیەك موهندسی بەلەدیە دێت بزانێت تۆ ئەو مەرجانەی کە لە شەرتی ئەساسی ئیجازەکەدا هەیە دەداتێ، دەبێت جێ بەجێی بکەیت، یەعنی ئەم عقوبەیە.....

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

کاك اسماعیل شەرح مەکە، ئێستا ئەو موناقەشەیەی لێرە کرا پێشتر، تۆ گوێ لەبرای خۆت بگرە، ئەو موناقەشانەی کە کرا شتێکی تازەی ئیزافە کردنمان ناوێت، ئەو رەئیانە بۆ دەنگدانە، بۆ لابردنە، لەوە دەرناچین، تکایە، کاك عبدالسلام بەردەوام بە، فەرموو.

بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

الفصل الرابع

" أحكـــام عقـابيـــة "

المادة الخامسة عشرة:

اولاً: يعاقب بغرامة لا تقل عن (500.000) خمسمائة الف دينار ولاتزيد على (1.000.000) مليون دينار، كل شخص يتفرغ لرعاية شخص معاق او ذو الاحتياجات الخاصة، و يهمل في القيام بواجباته او في إتخاذ ما يلزم لتنفيذ هذه الواجبات اضافة الى قطع تعويض التفرغ عنه.

ثانياً: مع عدم الاخلال بالقوانين والانظمة والتعليمات النافذة في الاقليم يعاقب بغرامة لا تقل عن (5,000,000) خمسة ملايين دينار ولا تزيد على (15,000,000) خمسة عشر مليون دينار صاحب المشروع الذي لا يلتزم بالشروط والمواصفات العالمية والفنية والهندسية والمعمارية الواجب توافرها في الابنية والمنشآت التي يقوم بتشيدها بالشكل الذي لا يتلائم مع حالة الاشخاص المعاقين وذوي الاحتياجات الخاصة.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

بەڕێزان، ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (1) کەس لەگەڵدا نییە، زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ پەسند کرا، بۆ ماددەی تر بەردەوام بن، فەرموو.

بەڕێز تارا تحسين ئەسعەدی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

الفصل الخامس

احكام ختامية

المادة (30):

اولاً: على الوزارة توعية المواطنين بحقوق المعاقين والعمل على تقديم العون اللازم لهم وحسن معاملتهم واندماجهم فى المجتمع.

ثانياً: للوزارة وبالتنسيق مع الوزارات المختصة تقديم الخدمات والتسهيلات والحوافز للمعاقين.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

زۆر سوپاس، لیژنەی هاوبەش فەرموو.

بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

لیژنەی هاوبەش و ئەندامانی پەرلەمان هیچ تێبینیان لەسەر ئەو ماددەیە نییە، بۆیە پێشنیار دەکەین دەقی ئەسڵیەکە بخرێتە دەنگدانەوە، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

زۆر سوپاس، كاك عەونی فەرموو.

بەڕێز عونى كمال سعيد بەزاز:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

من پێشنیار دەکەم بابەتی کورتەبالاکانیش لێرە چارەسەر بکرێت، پێش ئەوەی بگەینە ئەحکامی خیتامی، صیاغەیەك ئامادە کراوە، ئەگەر جەنابتان موافەقەتان کرد بیخوێنمەوە، ئەگەر ئەندامانی پەرلەمان قەبوڵیان کردن بخرێتە دەنگدانەوە، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

صیاغەکە بەچ شێوەیەکە؟

بەڕێز عونى كمال سعيد بەزاز:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

المادة المضافة: تسرى احكام هذا القانون على قصيري القامة وبالشكل الذي لا يؤدي الى الانتقاص من حقوقهم ولحين تشريع قانون خاص بهم.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، كاك عبدالسلام فەرموو.

بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

مـن لەگـەڵ تـەعاتوفم و ڕێـزو خۆشەویستیم بـۆ (قصـاری القامـة) هەیـە، بـەڵام مـن بـەوە نـازانم هـیچ ئیزافەیەکمان نییە، چونکە (قصاری القامة) معەوەق نین، بەڵام (ذوي الاحتياجات الخاصة)ن، ئەم یاسایە بۆ هـەموو (ذوي الاحتياجات الخاصة) دەرچووە، یەعنی بۆچی بڵێین (تسری احکام هذا القانون علیهم)، ئەوە یەك.

دوو/ ئەم نەصە دەڵێت (ولحین تشریع قانون خاص بهم)، واتا قـانونێکی خـاص دەردەچـێت، بـۆ ئـیتر ئێمـە ئەوە ئیزافە بکەین؟ لەو مینبەرەوە حەز دەکەم هەموو ئەو خوشك و برا بەڕێزانە ئەو حەقیقەتە تێ بگەن، ئەگەر نیاز بێت یاسایەکی خاص بۆ ئەوان بکەین بەبێ ئەوەی ئیلزام بکەینە نەصێك لە قانونێکی تر.

سێیەم/ ئەحکامەکان لەسەریان تەتبیق دەبێت، چونکە ئەوان موعاق نین، رەنگە لەبـەر خـاتری ئـەوان زۆر فیئەتی تر ئەو خوشك و برایانەی کە داوایان دەکرد (ذوي الاحتياجات الخاصة)ی تێـدا بێـت، بۆیـە مـن بـە زەروری نـازانم، یـەعنی نـەك لـە کـەمی قیمـەتیان و، نـەك گـوێ نـەدان بـە پێداویـستیەکانیان، یـان بـە تایبەتمەندیەکانیان، بەڵام من تەسەور دەکەم پێویست نییە، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، کاك برهان فەرموو.

بەڕێز برهان رشید حسن:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

کورتە باڵکان خۆیان نە بە کەمئەندام دەزانن، نە خۆیان بە خاوەن پێداویستی تایبەت دەزانن، کە قسـەیان لەگەڵ منداً کرد، چونکە دوو مانگە لەگەڵ من قسە دەکەن بە تەلەفۆن و بینین، داوای یاسایەکی تایبەت بە خۆیان دەکەن، ئێمە (70) مەشروعمان هەیە، بەڵام دەتوانین بەم ماددەیە موشکیلەی کورتـەباڵکان عـیلاج بکەین، بۆیە من رەئیم لەگەڵ ئەوەیەو بە زەرورەتی دەزانم بۆ عەمەلی تەشریعی ئەندامان.....

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، تەواو، فەرموو.

بەڕێز سۆزان شهاب نوری:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

هەر بەپێی تەعریفی نەتـەوە یـەکگرتووەکان کورتـەباڵکان خـاوەن پێداویستی تایبـەتن، لـەناو ئـەم یاسـایە جێگایان دەبێتەوە، بەڵام بۆچی ئێمە دەڵێین بەماددەیەك، ئەم شەرحە بۆ کاك عبدالسلامە، بۆچـی دەڵـێین ئەمە بە ماددەیـەك بێـت، لەبـەر ئـەوەی لـەکاتی موناقەشـە کردنـی ئـەم یاسـایە بەیاننامەیـەکی نارەزاییـان هێناوە گوتیان ئێمە ناومان بێنن وەکو تەتمینێکە، ئەگینا من دەزانم لە رووی قانونییەوە نابێت، کـە گوتـت خاوەن پێداویستی تایبەت ئەوانیش دەگرێتەوە، بەڵام بۆ تەتمینێك و، فیعلەن ئەوان پێویستیان بـە یاسـای خۆیان هەیەو داوای دەکەن، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، یەك/ بۆ تەتمین قانون دەرناکەین، حەقیقەت چۆنە وا تەعامول دەکەین دوور لە تەعاتوف رجائەن، موجامەلە نەکرێت، ئەمە یەك.

دوو/ ئەگەر ئەوەش بێت دەکەوێتە دوای ماددەی (17)، لە راپۆرتی لیژنەی هاوبەش، ئێستا کاك عبدالسلام ئەوەی ئەخیر بدەینە دەنگدان، پاشان دوای ئەم ماددەیە تەواو بوو، پاشان دێینەوە سەری، کەرەم بکە، فەرموو.

بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

ماددەی (30 و 31) کرا بە یەك ماددە، ماددەی (16):

الفصل الخامس

" أحكـام ختـامية "

المادة السادسة عشرة:

اولاً: على الوزارات توعية المواطنين بحقوق المعاقين وذوي الاحتياجات الخاصة والعمل على تقديم العون اللازم لهم وحسن معاملتهم واندماجهم في المجتمع.

ثانياً: للوزارة وبالتنسيق مع الجهات ذات العلاقة تقديم الخدمات والتسهيلات والحوافز للمعاقين ولذوي الاحتياجات الخاصة.

واتا وەکو خۆی دەمێنێتەوە، برادەرانیش هیچ تێبینیان لەسەر نەبوو، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

بەڕێزان، ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ پەسند کرا، ئێستا پێشنیاری کاك عەونی، جەنابی وەزیر قسە بکات، پاشان پەرلەمانتارە بەڕێزەکان دەنگی لەسەر دەدەن، ببوورن، پاش ماددەی (17)، پێشتریش ئیعلانمان کرد گوتمان دوای ماددەی (17)، فەرموو بۆ ماددەی (17).

بەڕێز عونى كمال سعيد بەزاز:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

المادة (31): تمثل الحقوق والامتيازات الواردة في هذا القانون الحد الادنى لما يتمتع به المعاقين من حقوق في الاقليم.

بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

هیچ مولاحەزەی لەسەر نەبوو، جگە لەوەی کە ناوی یاساکە گۆڕاوە بەم شێوەیەی خوارەوە:

المادة السابعة عشرة:تمثل الحقوق والامتيازات الواردة في هذا القانون، الحد الادنى لما يجب ان يتمتع به المعاقون وذو الاحتياجات الخاصة من حقوق في الاقليم.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

بەڕێزان، ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ پەسند کرا، ئێستا کاك عەونی پێشنیاری جەنابت فەرموو.

بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

المادة المضافة:تسرى احكام هذا القانون على قصيري القامة وبالشكل الذي لا يؤدي الى الانتقاص من حقوقهم ولحين تشريع قانون خاص بهم.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

زۆر سوپاس، جەنابی وەزیر فەرموو.

بەڕێز ئاسۆس نجیب/ وەزیری کارو کاروباری کۆمەلایەتی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

لەبەر ئەوەی کورتەباڵاکان پێشتر پرۆژەی تایبەت بە خۆیان پێشکەش بە پەرلەمان کردووە، لێرەش بەشێوەیەك عینوانەکەی وا نەبوو کە بڵێین کەمئەندام و کورتەباڵاکان، بۆیە پشتگیری لەو ماددەیە دەکەین، لە زۆربەی ولاتانیش کورتەباڵاکان خاوەن پرۆژە یاسای خۆیانن، دوا راش بۆ ئەندامانی پەرلەمانی بەڕێزە، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، بەڕێز کاك عمر عبدالرحمن فەرموو.

بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

ئەم ماددەیە لە ئەسڵدا هەر پێویست ناکات لەم یاسایە هەبێت، ئەگەر کورتەباڵاکان لە (ذوي الاحتياجات الخاصة)ن، ئەوە دەقاودەق هەموو یاساکان بەسەردا تەتبیق دەبێت، ئەگەر مەشمول نین بە (ذوي الاحتياجات الخاصة)، ناکرێت بڵێی لەم فیئەیە ئەوانە موستەفید دەبن هەتا یاسایان بۆ دەردەکرێت، ئەگەر وا بێت، دەبێت یاسایەکی تایبەتی بە خۆیان بکرێت، مادام ئەمە بە (ذوي الاحتياجات الخاصة) بە تەعریفە دەولیەکە هاتووە، پێویست بەو ماددە ئیزافیە ناکات، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، دەستخۆش راستە، لیژنەی هاوبەش فەرموو.

بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

ئێمە وەکو لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی بە سەریحی وەکو سەرۆکی لیژنە قسە دەکەم، شتەکە تازەیە من سەرۆکی لیژنەو جێگرەکە لێرەینە، من لەگەڵ ئەو مەنتیقەمە بەبێ ئەوەی من بڵێم (تسرى على.....) ئەوان (ذوي الاحتياجات الخاصة)ن، بۆیە تەحصیل حاصلە. دوو/ مادام هەر نیازم هەیە یاسایەك بۆ ئەوان دەربکەم، من ئەو تەقلیدە یاساییەم نەدیوە تەشریع لە یاسایەك دیعایە بکەیت بۆ یاسایەکی تر، بۆیە جارێکی تر دەڵێم رێزم بۆیان و گرنگیان و پێویستی رەچاو کردنی تایبەتمەندییەکانیان من پشتگیری یاسایەکی تایبەتیان دەکەم، داعی ئەم ماددەیە نییە، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، بەڕێزان، داوا کراوە، ئاخیر صیاغە کاك عەونی بخوێنەوە دەیخەینە دەنگدانەوە، رەئیتان لەسەر هەبوو دەنگی بۆ بدەن، نەبوو دەنگی بۆ مەدەن، کاك کاردۆ فەرموو.

بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بۆ تەئکید کردنەوە، ئێمە یاسا دەردەکەین بۆ کێ دەردەکەین؟ بۆ تۆێژێك دەردەکەین کە مافەکانیان رێك دەخات، بڵێین تۆێژێك داوای ئەوە دەکات، بۆ تەئکید کردنەوە ئەم دەقە دادەنێین، بەڵام تا یاسایەکیان بۆ دەردەچێت، ئەگەر پێویست بێت ئەمە پرۆژە تەقدیم دەکەن و، پێویست ناکات لێرە لە قانون ئیشارەت بکرێت بڵێی قانونێکی تریان بۆ دەردەکەین، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، راستە، بەڕێز کاك عەونی بخوێنەوە، فەرموو.

بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

المادة المضافة: تسرى احكام هذا القانون على قصيري القامة وبالشكل الذي لا يؤدي الى الانتقاص من حقوقهم.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

بەڕێزان، ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (48) بەڕێز لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ پەسند کرا ئیزافە بکرێت، بۆ ماددەی تر بەردەوام بن، فەرموو.

بەڕێز تارا تحسین ئەسعەدی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

المادة (32): اولاً: تصدر الوزارة التعليمات االلازمة فيما يتعلق بدعم تاهيل المعاقين وتشكيل المجلس ومراكز التاهيل وبيان كيفية سير العمل فيها وفقاً للمواصفات الملائمة بما يضمن حسن تمتع جميع المعاقين في الاقليم بحقوقهم.

ثانياً: على الوزير اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ هذا القانون.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، لیژنەی هاوبەش فەرموو.

بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

ئێمە لەسەر رۆشنایی گتفوگۆیەکانی لیژنەی هاوبەش و چەند مولاحەزەیەك ئیعادەی صیاغەمان کردۆتەوە بە یەك نەص، بەم شێوەیە:

المادة التاسعة عشرة: على وزارتي العمل والشؤون الاجتماعية والصحة إصدار التعليمات اللازمة لتحديد المشمولين باحكام هذا القانون من المعاقين وذوي الاحتياجات الخاصة.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

بەڕێزان، ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ پەسند کرا، بۆ ماددەی دواتر بەردەوام بن، فەرموو.

بەڕێز تارا تحسين ئەسعەدی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

المادة (33): على الوزارات المختصة كل فيما يخصه تنفيذ أحكام هذا القانون.

بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

تەنها ئەو ماددەیە صیاغەکەمان گۆڕیوە بەو شێوەیەی خوارەوە:

المادة العشرون: على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ أحكام هذا القانون.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

بەڕێزان، ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ پەسند کرا، بۆ ماددەی دواتر بەردەوام بن، فەرموو.

بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

المادة (34): لايعمل بأي نص يتعارض مع مبادیء وأحكام هذا القانون.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، لیژنەی هاوبەش فەرموو.

بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

هیچ مولاحەزەمان لەسەر نییە، بەڵام لەژێر تەسەلسولێکی تازە:

المادة الحادية والعشرون:لايعمل بأي نص يتعارض مع أحكام هذا القانون.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

بەڕێزان، ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ پەسند کرا، بۆ ماددەی دواتر بەردەوام بن، فەرموو.

بەڕێز د.ئاراس حسین محمود:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

المادة (35): ينفذ هذا القانون من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية.

بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

ئەو ماددەیە تەنها صیاغەکەیە، پێشنیار کراوەو تەسەلسولەکەی گۆڕا دەبێتە ماددەی (22) بەم شێوەیەی خوارەوە:

المادة الثانية والعشرون:ينفذ هذا القانون اعتباراً من تأريخ نشره في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

بەڕێزان، ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ پەسند کرا، ئێستا بۆ ئەسباب موجیبە فەرموون.

بەڕێز د.ئاراس حسین محمود:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

"الاسباب الموجبة"

نظراً لوجود أعداد كبيرة من المعاقين في الإقليم وإنخفاض مستواهم المعاشي ولعدم وجود تشريع إقليمي خاص بهم، وإن بعض النصوص الواردة في التشريعات والقوانين الخاصة بحقوق المعاقين وأوضاعهم لم تجد طريقها إلى التطبيق إلا في نطاق محدود للغاية، ولإنخفاض نسبة المستفيدين من البرامج الخاصة برعايتهم وتأهيلهم وتشغيلهم ومن أجل النهوض بهذا المستوى وإتخاذ التدابير اللازمة لمساعدتهم على التكيف النفسي والبيئي في المجتمع وتوفير فرص الرعاية والحماية والتدريب والعمل لإزالة الحواجز الجسدية والإجتماعية والتي أدت إلى تقليص فرص العمل أمام المعاقين نتيجة التنافس اللامتكافيء من غير المعاقين على فرص العمل المحدود أمام الجميع ولإزدياد عدد المعاقين في الإقليم بشكل مضطرد نتيجة للظروف التي مرت بها الإقليم والتي نجمت من السياسات غير الحكيمة واللاإنسانية للسلطة الحاكمة في حينها في العراق، وإنسجاماً مع التشريعات الخاصة بحقوق المعاقين الصادرة عن الجمعية العامة للأمم المتحدة، ولتعديل المفاهيم والنظرة إلى المعاقين من منظار القدرة وعدم النظر إليهم من منظار العجز، والنظر إليهم ضمن معيار الإنسان العادي من حيث الحقوق والواجبات ومن حيث ضرورة إتاحة كافة الفرص له، وللإستفادة من كافة البرامج والخدمات التربوية والتعليمية وشأنهم شأن أي إنسان عادي، بحيث تحفظ كرامتهم وتمكنهم من تجاوز الحالات السلبية بما يضمن بقائهم مندمجين في بيئة الأفراد العاديين وعدم عزلهم في مؤسسات خاصة من أقرانهم العاديين، فقد شرع هذا القانون.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، لیژنەی هاوبەش فەرموو.

بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

ئەم نەصە دوورو درێژ بوو، ئەم نەصە هەندێك نصوصی تێدا هەبوو ئەسڵەن (دیس کریمنیشن)ی تێدا هەبوو، یەعنی کەم کردن لە قیمەتییان، بۆیە لیژنەی هاوبەش لەگەڵ وەرگرتنی تێبینیەکانی بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان گەیشتە نەصێکی گونجاوتر، فەرموو تارا خان بخوێنەوە.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

فەرموو تارا خان بخوێنەوە.

بەڕێز تارا تحسين ئەسعەدی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

" الاسباب الموجبة "

لأتخاذ التدابير اللازمة لمساعدة المعاقين وذوي الاحتياجات الخاصة للاندماج النفسي والبيئي في المجتمع وتوفير فرص الرعاية والحماية والتدريب والتأهيل والعمل على ازالة الحواجز الجسدية والاجتماعية والتي ادت الى حرمانهم من الحقوق والحريات. ومنحهم امتيازات مادية ومعنوية اضافية وانسجاماً مع المبادىء الرئيسية للقانون الدولي الانساني والاتفاقيات والمعاهدات الخاصة الصادرة عن الجمعية العامة للأمم المتحدة، فقد شرع هذا القانون.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

بەڕێزان، ئێستا ئەسباب موجیبەو گشت پرۆژە یاساکە، گشت ماددەکانی دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ پەسند کرا، لێرە پیرۆزبایی لە کەمئەندام و خاوەن پێداویستیە تایبەتەکان دەکەین، هەروەها کورتەبالاکانیش، سەربەرزین ئەمڕۆ لە پەرلەمانی کوردستان، چونکە توانیمان یاسایەکیان بۆ دەربکەین، هیوادارین ئەم یاسایە خزمەتیان بکات و ئەگەر کەموکورتیشی تیا هەبێت، لە داهاتوو ئێمە ئامادەین خزمەتی ئەم شەریحەیە بکەین، ئەم بەڕێزانە خەڵکی ئەم هەرێمەن، لەناو ئەم هەرێمەن تووشی کەمئەندامی بوونە، هەندێکیش بالای کورتە لە تەبیعەتەوە، بەڵام ئینسانی سالمن و عاقڵن، عالیشیان لێ دەردەچێت، حەقی خۆیانە خزمەت بکرێن و واجیبی ئێمەیە لێرە لە پەرلەمان بە دوادواچوونی جێ بەجێ کردنی ئەم یاسایە بکەین، ئەگەر لە مومارەسە کەموکورتی تیا هەبوو، پاشان چاکتری بکەین بۆیان و یارمەتی باشتریان بدەین، بۆیە دەستخۆشی لە ئێوەی پەرلەمانتاران دەکەین و پیرۆزبایی لە خەڵکی کوردستان و سەرۆکایەتی هەرێم و حکومەت و پەرلەمانی کوردستانیش دەکەین، کە ئەمڕۆ ئەم یاسایە بۆ